٣

# تەفسیری نامی

## بۆ قورئانی پیرۆز


دانراوی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس

ئامادەکردنی: موحەممەد عەلی قەرەداغی

سەرپەرشتی چاپی نوێ: ڕەئووف مەحموودی



www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى ,عربي ,فارسي )

www.iqra.ahlamontada.com

بسم الله الرحمن الرحيم

# تەفسیری نامی

## بۆ قورئانی پیرۆز

www.iqra.ahlamontada.com

| | | |
|---|---|---|
| سرشناسه | : | مدرس، عبدالکریم، ۱۹۰۵ - ۲۰۰۵م. Mudarris, Abd al - karim |
| عنوان و نام پدیدآور | : | دەقی تەفسیری نامی/دانراوی عبدالکریمی مودەرریس. |
| مشخصات نشر | : | سنندج: انتشارات کردستان، ۱۳۸۹. |
| مشخصات ظاهری | : | ۶ ج. |
| شابک | : | دوره: 9649800363؛ ج.۱: 9649800370؛ ج.۲: 9649800387؛ ج.۳: 9649800394؛ ج.۴: 9649800400؛ ج.۵: 9649800417؛ ج.۶: 9649800424؛ |
| وضعیت فهرست نویسی | : | فیپا |
| یادداشت | : | کردی. |
| عنوان دیگر | : | تەفسیری نامی بوقورئانی پیروز. |
| موضوع | : | تفاسیر اهل سنت -- قرن ۱۴ق. |
| رده بندی کنگره | : | ۱۳۸۶ ۹ت۳۸م/BP۹۸ |
| رده بندی دیویی | : | ۱۷۹/۲۹۷ |
| شماره کتابشناسی ملی | : | ۷۲۵۶۱۱۱ |


www.iqra.ahlamontada.com

# تەفسیری نامی

## بۆ قورئانی پیرۆز

نووسینی:

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس

بەرگی سێهەم

(ئەنعام، ئەعراف، ئەنفال، تەوبە، یوونس و هوود)

بڵاوکردنەوەی کوردستان

سنە

www.iqra.ahlamontada.com

ئەم نوسخە لە سەر ئیزنی بەڕێز »محمدی مەلا کەریم« لە چاپ دراوە
و مافی لە چاپ دانەوەی ئەم نوسخە پارێزراوە بۆ بڵاوکردنەوەی کوردستان

انتشارات کردستان
Kurdistan Publication

سنە - پاساژی عیززەتی - تەلەفوون - ٢٢٦٥٣٨٢

## تەفسیری نامی

| | |
|---|---|
| ✓ ناوی کتێب (نام کتاب): | تەفسیری نامی (بەرگی سێهەم) |
| ✓ دانراوی (تألیف): | مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس |
| ✓ کەڕەتی چاپ (نوبت چاپ): | یەکەم (اول)؛ ١٣٨٩ |
| ✓ ژمارەی چاپکراو (تیراژ): | ٣٠٠٠ دەورەی شەش بەرگی (دورەی شش جلدی) |
| ✓ ژمارەی لاپەڕەو قەوارە (تعداد صفحه و قطع): | ٥٦٠ صفحەی وزیری<br>(شش جلد ٣٣٦٠ صحفه) |
| ✓ بڵاوکەرەوە (ناشر): | بڵاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات کردستان) |

نرخی دەورەی شەش بەرگی:
٦٢,٠٠٠ تمەنە

شابک دوره: ٣ - ٠٣٦ - ٩٨٠ - ٩٦٤ - ٩٧٨
شابک ج ٣: ٤ - ٠٣٩ - ٩٨٠ - ٩٦٤ - ٩٧٨

www.iqra.ahlamontada.com

## سورة «الأنعام» مكية وهي مائة وخمس وستون آية
## [سووره‌تی ئه‌نعام، مه‌ككه‌ییيه و "١٦٥" ئایه‌ته]

ئیبنوعه‌باس ﵁ فه‌رموویه‌تی: ئه‌م سووره‌ته هه‌مووی مه‌ككییه شه‌ش ئایه‌ت نه‌بێ، ئایه‌تی: ﴿قل تعالوا أتل ما حرم ربكم عليكم﴾ تا ئاخری سێ ئایه‌ت و ئایه‌تی: ﴿وما قدروا اللّٰه حق قدره﴾ و ئایه‌تی: ﴿ومن أظلم ممن افترى على اللّٰه كذباً﴾.

وه ریوایه‌ت كراوه له ئیبنوعه‌باسه‌وه له ئه‌نه‌سی كوڕی مالیكه‌وه ﵁ كه حه‌زره‌ت ﷺ فه‌رموویه‌تی: هیچ سووره‌تێ نه‌هاتووه‌ته خواره‌وه بۆ سه‌رم به جارێ له‌م سووره‌ته گه‌ورانه سووره‌تی «ئه‌نعام» نه‌بێ، وه خودای ته‌عالا ئه‌م سووره‌ته‌ی بۆ ناردم له‌گه‌ڵ جوبره‌ئیلدا له‌گه‌ڵ په‌نجا مه‌لائیكه‌دا به شادی و شه‌وق هه‌تا له دڵما ئارامی گرت و باش له‌به‌رم كرد.

وه خودای ته‌عالا عیززه‌تی دا به من به هۆی ئه‌م سووره‌ته‌وه به عیززه‌تێكی وه‌ها كه زه‌لیلی و داماوی به دوایا نه‌هات. به‌م سووره‌ته قسه‌ی كافره موشریكه‌كان به ته‌واوی به‌تاڵ كرایه‌وه و ئه‌م سووره‌ته دارای ده‌لائیلی ته‌وحید و عه‌دڵ و نوبووه‌ت و مه‌عاده و مه‌زهه‌بی ئه‌وانه به‌تاڵ ئه‌كاته‌وه كه له لایان وایه جیهان بێ‌خاوه‌نه و ئه‌وانه كه هیچ دین و ئایینێكیان نییه و گه‌لێ ئه‌حكامی خودا له‌م سووره‌ته‌دا هه‌یه.

www.iqra.ahlamontada.com

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ﴾

هەرچی سەنا و ستایشە بۆ زاتی پەروەردگاری وایە کە ئاسمانەکانی لە نەبوون دروستکردووە و عەرزی دروستکردووە.

﴿وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ وَٱلنُّورَ﴾

وە خەلقی تاریکی و رووناکی کردووە، تاریکی شەو بۆ ئارامی و ئاسایش کردن و رووناکی رۆژ بۆ رۆزی پەیدا کردن و کەسبی زانست و پیشەسازی بۆ ئەوە کە گیانلەبەرێکی بە قیمەتی وەکوو ئادەمیزاد خودای خۆیان بناسن و ژیوار بکەن و خاك و نیشتمانی خۆیان بپارێزن. وە یا تاریکی گومڕاهی دروستکردووە و رووناکی ئیمان و بیر و باوەڕیشی دروستکردووە.

﴿ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ ﴿١﴾﴾

کەچی لە پاش ئەم هەموو ئاسارە گەورە کە دەلیلن لە سەر خودا و لەسەر سیفاتی خودا، ئەو کەسانە کە کافرن و کوفری خودای خۆیان ئەکەن لە فەرمانی خودا لائەدەن وە یا بت و دار و بەردی تاشراو یا ئاگری هەڵکراو لەگەڵ خوادا وەك یەك تەماشا ئەکەن و لەم رێگە راستە لائەدەن بۆ ئەو رێگە لارە نابارە.

﴿هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن طِينٍ ثُمَّ قَضَىٰٓ أَجَلًا ۖ وَأَجَلٌ مُّسَمًّى عِندَهُۥ ۖ ثُمَّ أَنتُمْ تَمْتَرُونَ ﴿٢﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

گوێیانەوە بارێکی قورسی وەها کە مانیع بێ لە بیستنیان بۆ ئەو قورئانە بە سافی و ڕەوانی.

﴿وَإِن يَرَوْا۟ كُلَّ ءَايَةٍ لَّا يُؤْمِنُوا۟ بِهَا ۚ﴾

وە نەك تەنیا ئەم قورئانە بەڵکوو ئەگەر هەرچی ئایات و نیشانەی ڕاستی تۆ هەیە هەموویان چاوپێبکەوێ هێشتا هەر ئیمانی پێ ناهێنن.

﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوكَ يُجَٰدِلُونَكَ يَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٢٥﴾﴾

وەها کوفر لە دڵیانا خۆی گرتووە کاتێ کە دێن بۆ لای تۆ موجادەلەت لەگەڵدا ئەکەن و ئەوانەی کە کافرن ئەڵێن: ئەم قورئانە کە تۆ ئەیخوێنیتەوە هەر حیکایاتی ئەفسانە و هەڵبەسراوی کۆنەکانە.

ڕیوایەت کراوە: کۆمەڵێ لە کافرەکانی مەککە وەکوو ئەوانەی کە ناومان نووسین کاتێ کە حەزرەت ﷺ قورئانی ئەخوێند گوێیان لێ ئەگرت، جا پرسیاریان کرد لە «نضر»: ئەم شەخسە چی ئەڵێ؟ ئەویش وتی: قەسەم بەو کەسە ئەم کەعبەی دروستکردووە من نازانم چی ئەڵێ، ئەوەندە هەیە زمانی ئەجووڵێنێتەوە و ئەفسانەی پێشینان ئەخوێنێتەوە وەکوو چۆن من حیکایەتی پێشینانتان بۆ ئەگێڕمەوە، لەوێدا ئەبووسوفیان وتی: حاشا وە کەللا.

**فەرموودەی خودا: ﴿وَهُمْ يَنْهَوْنَ عَنْهُ﴾ الآية.**

ڕیوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە مامۆکانی پێغەمبەرا ﷺ ئەمانە لە ناو کۆمەڵا لە هەموو کەس زیاتر کۆمەکییان ئەکرد و لەگەڵ ئەمەیشا خۆیان دوور ئەخستەوە لە دینەکەی و باوەڕپێکردنی.

www.iqra.ahlamontada.com

وە بازێ وتوویانە: نازڵ بووە لە کافرەکانی مەککەدا؛ بە زاهیر مەنعی خەڵکیان ئەکرد لە ئازاردانی موسوڵمانەکان و خۆیشیان دوور ئەکەوتنەوە لە ئیمان هێنان. جا خودا فەرمووی:

﴿وَهُمْ يَنْهَوْنَ عَنْهُ وَيَنْـَٔوْنَ عَنْهُ﴾

ئەو کافرانە مەنعی خەڵك ئەکەن لە ئازاردانی حەزرەت ﷺ و لەگەڵ ئەوەدا دووریش ئەکەونەوە لێی. یاخود ئەوان مەنعی خەڵك ئەکەن لە دەربڕینی بێباوەڕی بە قورئان وەکوو ئەبووسوفیان کە مەنعی ئەو رەفیقانەی ئەکرد لە نیسبەتدانی هەڵە لە قورئان، لەگەڵ ئەوەیشدا خۆیشی نەئەکەوتە شوێنی.

﴿وَإِن يُهْلِكُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿٢٦﴾﴾

وە ئەم کافرانە بەم حاڵە ناشیرینە هەر خۆیان خەسارەتمەند ئەکەن و بە خۆیان نازانن و شوعووریان ناشکێ بەوە کە ئەم حاڵە زیانە بۆ ئەوان.

﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ فَقَالُوا۟ يَـٰلَيْتَنَا نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِـَٔايَـٰتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢٧﴾﴾

ئەگەر تەماشای ئەوە بکەی لەو کاتەدا کە رائەگیرێن بەسەر ئاگری جەهەننەما و ئەوان ئەڵێن: کاشکی بیانگێڕاینایەتەوە بۆ دنیا و ئیمانمان بهێنایێ بە خودای تەنیا و بە پێغەمبەر و بێباوەڕیمان نیشان نەدایە پێیان و لە موسوڵمانان بووینایێ، ئەوە وەزعێکی زۆر ناهەموارتان ئەهاتە بەرچاو کە بۆ باس ناشێ.

﴿بَلْ بَدَا لَهُم مَّا كَانُوا۟ يُخْفُونَ مِن قَبْلُ﴾

ئەی خۆشەویست باوەڕ مەکە بەوە کە ئەو داوای گەڕانەوە و وەعدە بە ئیمان هێنانەیان لە رووی راستییەوە بێ بەڵکوو ئەو واتەیان لەبەر بێتەوانایییە لەسەر

www.iqra.ahlamontada.com

عەزابی دۆزەخ؛ چونکی بۆ ئەوان دەرکەوتووە تۆڵەی ئەو نیفاقە کە لە دڵیانا بوو لە خەڵکیان ئەشاردەوە یا تۆڵەی ئەو کردەوە نابارانە کە بە دزییەوە ئەیانکرد لە پێش هاتنی رۆژی قیامەتا ئەگەرنا درۆ ئەکەن لە گەڕانەوەیان بۆ ئیسلام.

﴿وَلَوْ رُدُّواْ لَعَادُواْ لِمَا نُهُواْ عَنْهُ﴾

ئەگەر بگێڕرایەنەوە بۆ دنیا هەر ئەگەڕانەوە سەر ئەو کوفر و نامەردییە کە لێی مەنع کران.

﴿وَإِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿٢٨﴾﴾

وە بە راستی ئەمانە درۆزنن.

﴿وَقَالُوٓاْ إِنْ هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ ﴿٢٩﴾﴾

وە ئەو کافرانە دەوامیان بوو لەسەر ئەوە کە بۆ دەربڕینی بەرابەرکێ لەگەڵ حەزرەتا ﷺ ئەیانوت زیندەگی نییە زیندەگی دنیا نەبێ کە وا لەبەر چاوا، وە بە قەتعی ئێمە لە پاش ئەوە کە مردین زیندوو ناکرێینەوە.

وە لەسەر ئەم ئینکارە و ئەم بەرابەرکێ لەگەڵ دینی ئیسلاما و لەسەر ئازاردانی موسوڵمانان و پەیڕەوانی دین بەردەوام بوون.

﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُواْ عَلَىٰ رَبِّهِمْ ۚ قَالَ أَلَيْسَ هَٰذَا بِٱلْحَقِّ ۚ قَالُواْ بَلَىٰ وَرَبِّنَا ۚ﴾

ئەگەر تۆ تەماشای حاڵیان بکەی لەو کاتەدا کە رائەگیرێن لە لای خودای خۆیان خودا پێیان ئەڵێت: ئایا ئەم حاڵەت و زیندوو کردنەوەتانە حەق نییە؟ ئەوانیش ئەڵێن: بەرێ وەڵڵا خودایە، راستە و حەقە و ئێمە بە هەڵەدا چووبووین.

﴿قَالَ فَذُوقُواْ ٱلْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴿٣٠﴾﴾

جا خودا ئەفەرموێت: دەی عەزابی ئەم رۆژە وەربگرن بە هۆی ئەو کوفرەوە کە کردتان بەرابەر بە ئەحواڵی ئیمرۆتان. یانی ئەگەر بڕوانی وەزعێ نابار ئەبینی.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قَدۡ خَسِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِلِقَآءِ ٱللَّهِۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَتۡهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغۡتَةٗ قَالُواْ يَٰحَسۡرَتَنَا عَلَىٰ مَا فَرَّطۡنَا فِيهَا﴾

یانی بە راستی کەوتنە زیانەوە و زیانیان کرد ئەو کەسانە کە تەکزیبی گەیشتن بە خودایان ئەکرد هەتا کە قیامەت لە ناکاوا هات بەسەریانا ئەڵێن: ئەی حەسرەت و نەدامەتی ئێمە لەسەر ئەو قوسوورەی کە بەرابەر بە هاتنی قیامەت کردمان.

﴿وَهُمۡ يَحۡمِلُونَ أَوۡزَارَهُمۡ عَلَىٰ ظُهُورِهِمۡۚ﴾

وە ئەوان گوناهەکانیان لە سەر پشتیان هەڵئەگرن.

﴿أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ ٣١﴾

بێدارەوەبن کە زۆر خراپە ئەو بارەی ئەوان هەڵی ئەگرن.

﴿وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا لَعِبٞ وَلَهۡوٞۖ﴾

وە ئەم ژیانی دنیایە بریتییە لە گاڵتە کردن و رابواردن.

﴿وَلَلدَّارُ ٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَۚ﴾

وە بە راستی ماڵی پاشەڕۆژ کە مەشهوورە بە «قیامەت» زۆر چاترە لە ماڵی دنیا بۆ ئەو کەسانە کە لە خودا ئەترسن.

﴿أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ٣٢﴾

ئایا ئێوە هێشتا عەقڵ ناگرن تا رێگەی باش لە خراپ و کردەوەی باش لە خراپ جیابکەنەوە؟

www.iqra.ahlamontada.com

**فەرموودەی خودا:** ﴿قَدۡ نَعۡلَمُ إِنَّهُۥ لَيَحۡزُنُكَ﴾ **الآية.**

ترمزی و حاکم ریوایەتیان کردووە لە ئیمامی عەلییەوە رضي الله عنه کە ئەبووجەهل وتی بە حەزرەت ﷺ: ئێمە تەکزیبت ناکەین و تۆ لە لای ئێمەدا راستگۆی بەڵام باوەڕ بە قورئانەکەت ناکەین! جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە.

﴿قَدۡ نَعۡلَمُ إِنَّهُۥ لَيَحۡزُنُكَ ٱلَّذِي يَقُولُونَۖ﴾

بە راستی ئێمە ئەزانین ئەو قسەیە ئەو کافرانە ئەیکەن دڵگرانت ئەکەن بەڵام تۆ زۆر ئەهمییەت مەدە بەو قسانە و ئەو شێوەیش ئەوان وان لە سەری؛ چونکی بە راستی ئەو کافرانە دوژمنی تۆ ناکەن.

﴿فَإِنَّهُمۡ لَا يُكَذِّبُونَكَ وَلَٰكِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجۡحَدُونَ ٣٣﴾

چونکی هەرچەن بە زاهیر بە گژ تۆدا ئەچن و تەکزیبت ئەکەن بەڵام لە حەقیقەتا ئەو زاڵمانە ئینکاری ئایاتی خودای تەعالا ئەکەن.

﴿وَلَقَدۡ كُذِّبَتۡ رُسُلٞ مِّن قَبۡلِكَ فَصَبَرُواْ عَلَىٰ مَا كُذِّبُواْ وَأُوذُواْ حَتَّىٰٓ أَتَىٰهُمۡ نَصۡرُنَاۚ﴾

بە راستی لە پێش هاتنی تۆدا و لە پێش زەمانی تۆدا چەند رەهبەرێکی رەوانەکراو لە لایەنی ئێمەوە بۆ ئادەمیزاد، تەکزیب کران و بێباوەڕییان پێ نیشان درا و چەن بێشەرمی بەرابەریان کرا و ئەوان خۆیان گرت لەبەر باری خوادا لەسەر ئەو تەکزیب و ئازاردان و بێشەرمییانە هەتا کاتێ خواستی ئێمە هات و یارمەتییان بۆ هات و قەومەکەیان فەوتان. وە ئەم یاسای رەوانە کردنی رەهبەران و راگەیاندنی ئەوان و بێشەرمی ئادەمیزادە و سەبری ئەوان و فریاکەوتنی ئێمە بۆیان، کەلیماتی خودایە و فەرمانی ئەوە هاتووە ئەڕوا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَلَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَـٰتِ ٱللَّهِ ۚ﴾

وە هیچ شتێ نییە کە فەرمانی خودا و یاسای ئەو بگۆڕێ.

﴿وَلَقَدْ جَآءَكَ مِن نَّبَإِى۟ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٣٤﴾﴾

وە بە راستی لەو ئایەتانەدا کە لە پێش ئەم ئایەتەدا نازڵ بوون پێتگەیشتووە بازێ ئەخباری پێغەمبەرەکان کە حاڵیان لەگەڵ ئوممەتەکەیانا وەها بووە.

﴿وَإِن كَانَ كَبُرَ عَلَيْكَ إِعْرَاضُهُمْ فَإِنِ ٱسْتَطَعْتَ أَن تَبْتَغِىَ نَفَقًا فِى ٱلْأَرْضِ أَوْ سُلَّمًا فِى ٱلسَّمَآءِ فَتَأْتِيَهُم بِـَٔايَةٍ ۚ﴾

وە ئەگەر زۆر گەورە و گران و دشوار و نابارە لەسەر دڵتا لادانی ئەوان لە ئیمانهێنان و تۆ زۆر موشتاقی بۆ ئیمانهێنانیان دەی ئەگەر ئەتوانی دەرگا و کونێ بدۆزیتەوە و پیایا برۆیتە ناو عەرزەوە لە داخی ئیمان نەهێنانیان وە یاخود دەلیلێکی بە هێزت دەستکەوێ بۆیان تا ئیمان بێنن، وە یا پلەکانێ و پەیژەیەکت دەستکەوێ سەرکەوی بۆ ئاسمانەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان و بێیتەوە بۆ لایان لەگەڵ ئایەت و بورهانێ و کارێکی وەها ببێ بە هۆی ئەوە ئیمان بێنن، فەرموو تێکۆشە بزانم شتێکت بۆ ئەکرێ؟! حاشا بە بێ خواستی خودا و بە بێ یارمەتی ئەو هیچت بۆ ناکرێ.

﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَمَعَهُمْ عَلَى ٱلْهُدَىٰ ۚ﴾

وە ئەگەر خودا بیویستایە گردیان بکاتەوە لەسەر هیدایەت و ئیمانهێنان ئەیتوانی گردیان بکاتەوە، بەڵام خواستی خودا لەسەر یاسای تایبەتی خۆیەتی و ئەو خواستەی ناخاتە کار بۆ کۆمەڵێ کە زۆر نامەرد و ناهەموار بن و دەستەڵاتی خۆیان هەر لە عەناد و دژایەتی لەگەڵ رەهبەرانا بێنن و بەرابەر بە فەرمانی خودا سەرکێشی بکەن. مادام وایە ئیتر،

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿٣٥﴾﴾

تۆ لەوانە مەبە کە بە یاسای خودا نازانن و داوای شتێ ئەکەن لەگەڵ یاسای خودادا رێ ناکەوێ.

﴿إِنَّمَا يَسْتَجِيبُ ٱلَّذِينَ يَسْمَعُونَ﴾

نەوەك فەرمانی خودا و پێغەمبەری خودا وەرئەگرێ مەگەر ئەو کەسانە کە لەگەڵ دڵێکی هۆشیار و بیرێکی ساغدا وتاری خودا و پێغەمبەر ئەبیسن؛ چونکی ئەم نەوعە کەسانە وەکوو تینووی رۆژی گەرم تاسوقن بە ئاوی زەلاڵی ئامۆژگاری پەروەردگار.

﴿وَٱلْمَوْتَىٰ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ﴾

بەڵام مردووەکان لە گۆڕا خودای تەعالا زیندوویان ئەکاتەوە لە رۆژی قیامەتا ئەوسا قسە وەرئەگرن و قسە ئەبیسن و لەو کاتەیشدا قسە بیستن سوودی نییە بۆیان و ئەم کافرانەیش وان بە دەوری تۆدا وەکوو ئەو مردوانەن.

﴿ثُمَّ إِلَيْهِ يُرْجَعُونَ ﴿٣٦﴾﴾

جا لە پاش ماوەی ژیانی ئەم جیهانە هەمووتان، موسوڵمان و کافر، ئەگەڕێنرێنەوە بۆ لای خودا بۆ حسێب و سەرپەرستی بیرو باوەڕ و کردەوەی چاك و خراپ و هەرکەس بە جەزای خۆی ئەگات.

﴿وَقَالُوا۟ لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ ءَايَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ﴾

کافرەکان وتیان: ئەوە بۆچی ئایەت و نیشانەیەکی گەورەی وای بۆ نایەتە خوارەوە؛ وەکوو قسە کردنی کێوەکان و، رامکردنی گیانلەبەرە هەردییەکان، لە لای خوای خۆیەوە هەتا لە نیشاندانی ئەوانا کەس مەیدانی ئینکاری نەمێنێ!

﴿قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ قَادِرٌ عَلَىٰٓ أَن يُنَزِّلَ ءَايَةً﴾

www.iqra.ahlamontada.com

تۆ ئەی خۆشەویست پێیان بڵێ: خودای تەعالا تەواناى هەیە ئەتوانێ ئایەتێکی وا دروست بکا کە ئەوان داوای ئەکەن و فەرمانەکەی رەوانە بکا بۆم و ئەم جۆرە کارە گەورە و خاوەن نرخانە زۆر بوون لە لایەنی خوداوە ئەوەتا ئادەمی لە گڵ دروست کرد و، وشتری لە بەرد دەرهێنا بۆ ساڵح و، تۆفانی هەڵکرد بۆ قەومی نووح و، وڵاتی «سەموود»ی بەردەباران کرد و قەومی «عاد»ی بە رەشەبا بەرباد کرد و ئیبراهیمی لە ناو ئاگرا پاراست و فیرعەونی لە ئاوی نیلدا خنکاند و بەنیئیسرائیلی رزگار کرد و، عیسای بە بێ باوك دروست کرد و، قورئان، کە یاسای پیرۆزی ئادەمیزادە، ناردیە خوارەوە بە نەوعێ کە کەس ناتوانێ بەرهەڵستی بکا، بەڵام بە زۆر ئیمان پێ هێنان قیمەتی نییە.

﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٧﴾﴾

بەڵام زۆربەی ئادەمی لە شێوەی ئەوان نازانن بەم حەقیقەتانە.

﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا طَٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم﴾

وە هیچ گیانلەبەرێ نییە کە بەسەر عەرزا برِوا یا پەلەوەرێ نییە کە بە ئاسمانا بفرِێ مەگەر ئوممەتێك و کۆمەڵە دروستکراوێکە وەکوو ئێوە، هەموو دروستکراون، هەستی پێویستی خۆیانیان پێ دراوە و چەن شتی نهێنی وا خراوەتە دڵیانەوە بۆ چلۆنی ژین و ژیوار و شوێنەوار و چار کردنی نەخۆشی و خۆپاراستن لە دوژمنی خۆیان کە ئەگەر ئینسان باش ئاگادار ببێ لێیان زۆر لە قودرەت و تەوانایی خودا سەری سورِئەمێنێ و ئەزانێ پەروەردگاری جیهان هەموو شتێکی لە عالەمی ئیمکاندا پێ ئەکرێ چ جای ئایەتێ کە بۆ تۆی رەوانە بکا.

﴿مَّا فَرَّطْنَا فِي ٱلْكِتَٰبِ مِن شَيْءٍ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

تەرکی هیچ شتێکمان نەکردووە لە نووسراوی «لوح المحفوظ»دا یا لە ئایاتی ئەم کتێبەدا کە نازڵمان کردووە بۆ سەر عەرز بۆ تۆ وە ئەوەی کە لە عالەما بووە و ئەبێ هەمووی تێدایە و لە جوملەی ئەوانەیە تەوانایی خودا بەسەر هەموو مومکینێکدا.

﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ ﴿٣٨﴾﴾

وە لە پاش بڕانەوەی ئەم جیهانەیش هەموو ئوممەت و هەموو سینف و فەردێکیان گردئەکرێنەوە لە حوزووری خودادا و هەرکەس بە پایە و مایەی خۆی و بە گەنج و ڕەنجی خۆی ئەگات.

﴿وَٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا صُمٌّ وَبُكْمٌ فِى ٱلظُّلُمَـٰتِ﴾

وە ئەو کەسانەیش کە بێباوەڕییان نیشان داوە بە دینی حەق ئەوانە کەڕن لە بیستنی ئامۆژگاری و لاڵ و بێزمانن لە وتاری ڕاست و لە ناو چەن تاریکیدان؛ تاریکی جەهل و نەزانی و تاریکی گومڕایی و بێئیمانی.

﴿مَن يَشَإِ ٱللَّهُ يُضْلِلْهُ وَمَن يَشَأْ يَجْعَلْهُ عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٣٩﴾﴾

خودای تەعالا خواستی لەسەر گومڕاکردنی هەرکەسێ هەبێ گومڕای ئەکا و خواستی لەسەر هیدایەتی هەرکەسێ ببێ هیدایەتی ئەدا و ئەیخاتە سەر ڕێگەی ڕاست.

بزانن! ئەم مەسەلە بە نیسبەت بۆ لای تەوانایی خودا واقیعی و ڕاستە؛ چونکی خودا ئەتوانێ هەرچی کافر هەیە لە دنیادا هەموویان هیدایەت بدا و بیانکا بە پیاوچاك وەکوو ئەتوانێ هەرچەن ئەولیا هەن لە دنیادا دڵیان تێك بدا و بیانکا بە کافر، ئەمە بۆ موسوڵمان جێگەی گومان نییە.

بەڵام ئەم ئایەتانە لەسەر ئەم وەزعە نەهاتوون، بەڵکوو لە مەقامی دەربڕینی زویری و عاجزبوون لە ئەوزاعی کافرەکان و ملکێشییان لە ئەمری خودا هاتوون،

www.iqra.ahlamontada.com

وە بە کورتی ئەفەرموێت: ئەو کەسانە کە لە پاش ناردنی پێغەمبەری خۆشەویست دەستیان کرد بە عەناد و سەرکێشی و نافەرمانی و روویان کردە ئارەزووی نەفس و بێشەرمی کردن لەگەڵ رەهبەرا و بێباوەڕی لەگەڵ دین و ئایاتی خودادا ئەوە لەو حاڵەدا وا دائەنرێ کە کەڕە لە بیستنی حەق و، کوێرە لە چاوپێکەوتنی ئایات و، گیرخواردووە لە تاریکستانا و، خودایش لە تۆڵەی ئەو هەموو نامەردییەی کابرادا سەرکوێری ئەکا و گومڕای ئەکا ئەمجار بۆ ئیعلانی ئەوە کە ئەو کەسە موستەحەقی ئەو دەردەیە خودا ئەڵێت: هەرکەس خواستی گومڕایی بکات گومڕای ئەکا وە هەرکەس بیەوێ هیدایەتی بدا هیدایەتی ئەدا و ئەیخاتە سەر رێگەی راست. جا خودای تەعالا بۆ ئیلزامدانی ئەو کافرانە ئەفەرموێت:

﴿قُلْ أَرَءَيْتَكُمْ إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُ ٱللَّهِ أَوْ أَتَتْكُمُ ٱلسَّاعَةُ أَغَيْرَ ٱللَّهِ تَدْعُونَ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٤٠﴾﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ بەو کافرانە: خەبەرم بدەنێ ئەگەر عەزابێ لە لایەنی خودای تەعالاوە حەواڵە بکرێ بۆ سەرتان وەکوو هارێ، یا مارێ یا زۆرداری یا ناساغییەکی نابار و ناهەموار، وە یاخود کاتێ قیامەتی مەعلووم کە ئاخری ماوەی ئەم جیهانەیە بێت بۆتان ئێوە لەو حاڵە تاڵەدا کەس هەیە غەیری خودا پەناتان بدا و هاواری بۆ ببەن؟ جوابی ئەم پرسیارەم بدەنەوە ئەگەر راست ئەکەن، دیارە وەڵامیان ئەوەیە بە راستی کە بڵێن غەیری خودا کەس نییە پەنای بۆ ببەین، جا خودایش ئەفەرموێت: مادام وایە چۆن وەها مل بائەدەن لە ئەمری خودا و پێغەمبەر وە بۆچی موسوڵمان نابن؟ وەکوو خودا تەقریری ئەو جوابە ئەکا و ئەفەرموێت:

﴿بَلْ إِيَّاهُ تَدْعُونَ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

واز لەوە بێنن کە بانگی غەیری خودا بکرێ و هەر بانگ لە خودا ئەکەن؛ چونکی دڵ خۆی ئاگادارە ئەگەر نەفس وازی لێ بێنێ.

﴿فَيَكۡشِفُ مَا تَدۡعُونَ إِلَيۡهِ إِن شَآءَ﴾

وە خودای تەعالا دەفعی ئەو بەڵا ئەکا کە هاوار ئەکەن بۆی [ئەگەر ئارەزووی لێ بێ].

﴿وَتَنسَوۡنَ مَا تُشۡرِكُونَ ٤١﴾

وە فەرامۆش ئەکەن ئەو بتانە کە ئەتان کردن بە شەریکی پەروەردگار.

﴿وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٖ مِّن قَبۡلِكَ فَأَخَذۡنَٰهُم بِٱلۡبَأۡسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ لَعَلَّهُمۡ يَتَضَرَّعُونَ ٤٢﴾

بە راستی پێغەمبەرانمان رەوانە کرد بۆ سەر چەن ئوممەتێ لە پێش زەمانی تۆدا و ئەو ئوممەتانە یەکە یەکە سەرکێشییان کرد لە فەرمانی ئێمە و کوفریان بەرابەر بە پێغەمبەران دەربڕی ئێمەیش لە جەزای ئەوەدا ئەو ئوممەتانەمان دوچاری فەقیری و لاتی و بێفامی و بەڵای ناکاو کرد بەڵکوو بپاڕێنەوە لە خودا بۆ چاری ئەو کارەساتانە بە سەریانا هات، کەچی هەر لەسەر ناباری خۆیان مانەوە و لە خودا نەپاڕانەوە.

﴿فَلَوۡلَآ إِذۡ جَآءَهُم بَأۡسُنَا تَضَرَّعُواْ﴾

ئەوە بۆچی لەو کاتەدا کە بەڵاکانیان لە لایەنی ئێمەوە پێ گەیشت لێمان نەپاڕانەوە هەتا رزگاریان بکەین؟!

﴿وَلَٰكِن قَسَتۡ قُلُوبُهُمۡ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٤٣﴾

www.iqra.ahlamontada.com

بەڵام دڵیان رەش بووەوە و رووناکی تێدا نەما هەتا رێگەی رزگاری خۆیان ببینن وە شەیتان جوانی کرد لەبەر چاویانا ئەو کردەوە ناپەسەندانە کە ئەوان ئەیان کردن.

﴿فَلَمَّا نَسُوا۟ مَا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَٰبَ كُلِّ شَىْءٍ﴾

جا کاتێ ئەوان هەر ئامۆژگاری و پەندێ کە ئێمە بۆ ئەوانمان ئامادە و حازر کرد و رەهبەرەکان پێیانیان ئەگەیاند لە بیری خۆیانیان بردەوە و موبالاتیان پێ نەکرد، دەرگای هەموو زیانێکمان کردەوە بەسەریانا لە گرانی قووت و ژیوار و لە ئاشووبی رۆزگار و بێ‌سامانی وڵات.

﴿حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُوا۟ بِمَآ أُوتُوٓا۟ أَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ ﴿٤٤﴾﴾

هەتا حاڵیان بە هۆی هەوابازی و رابواردن لە ئارەزووی نەفسا وای پێ هات کە بە وەزع و حاڵی خۆیان کەیف خۆش بوون و دڵشاد بوون بەو نازو نیعمەتە کە پێیان دراوە و بە خەیاڵی خۆیان وایان ئەزانی لە هەموو شتێ رزگارن، ئەوانمان گرت و داگیرمان کردن لە کوتوپڕدا، وە یا بە داگیر کردنێکی کوتوپڕ، جا تەماشات ئەکردن لە کوتوپڕدا کەوتنە حەسرەت و غەمباری و هەناسە هەڵکێشان.

﴿فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ۚ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٥﴾﴾

جا بڕایەوە ئاخری ئەو قەومە یانی دواییان هات وە یا نەسڵ و نەتەوەیان نەما، وە هەموو حەمد و سەنا و ستایشێ بۆ خودایە کە پەروەردگاری عالەمە هەمووی لەسەر نیعمەتی فەوتاندنی ئەو زاڵمانە.

﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَخَذَ ٱللَّهُ سَمْعَكُمْ وَأَبْصَٰرَكُمْ وَخَتَمَ عَلَىٰ قُلُوبِكُم مَّنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِهِ ۗ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست پێیان بڵێ: ئەگەر خودا چاو و گوێتان لێ وەربگرێتەوە و دڵیشتان بە مۆری غەیبی مۆر بکات بە نەوعێ کە ببێ بە مانیع لەوە رووناك ببێتەوە بە شوعوور و فامێکی بە سوود، ئەوە کێیە ئەو خودایە غەیری خودای عالەم کە ئەو گوێ و چاو و دڵە باشەی بە سوودەتان بۆ بێنێ و لە ناو ئادەمیزادا سەریان بەرز بکاتەوە؟

﴿ٱنظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ ٱلْـَٔايَـٰتِ ثُمَّ هُمْ يَصْدِفُونَ ﴿٤٦﴾﴾

جا تۆ تێفکرە ئەی رەهبەری خۆشەویست چلۆن ئایات و بەڵگەی راست و هۆی تەرغیب و تەرهیب هەڵئەسوورێنین بۆ ئەم نامەردانە کەچی لە پاش ئەو هەموو رەهبەریی کردنیانە هەر ئیعراز ئەنێن و لە رێگەی راست لائەدەن.

﴿قُلْ أَرَءَيْتَكُمْ إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُ ٱللَّهِ بَغْتَةً أَوْ جَهْرَةً هَلْ يُهْلَكُ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴿٤٧﴾﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری رەهبەر بەو سەرکێشانە بڵێ: ئەگەر عەزابی خوداتان بۆ هات لە ناکاو و لە پەنامەکی تاریکە شەودا کە کەس پێتان نەزانێ وە یاخود بە رۆژی رووناك و بە ئاشکرا، ئایا کەس بە هیلاکدا ئەچێ لە ئادەمیزاد بە هیلاکەتێکی زیاندار بۆ دنیا و بۆ قیامەت غەیری ئەو کەسانە و ئەو قەومانە کە ستەمکار و غەددارن؟ تەبعەن کەس نافەوتێ بەو شێوە ستەمکاران نەبێ؛ چونکی موسوڵمانان هەرچەن لە دنیادا بفەوتێن لە پاشەڕۆژا بەختیار و سەرفرازن.

﴿وَمَا نُرْسِلُ ٱلْمُرْسَلِينَ إِلَّا مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ﴾

ئێمە هەرگیز پێغەمبەرەکان نانێرین بۆ سەر ئادەمیزاد وە یا بۆ سەر جین و ئینسان بۆ ئەوە نەبێ کە ئەمر و فەرمانەکانی خودا لە لایەنی ئێمەوە بگەیەنن بەوانە و موژدەیان

www.iqra.ahlamontada.com

پێ بدەن بە بەهەشت لە سوورەتی فەرمانداریدا و بیان‌ترسێنن بە سزای دۆزەخ لە سوورەتی نافەرمانیدا. ئیتر بۆ ئەوەمان نەناردوون کە خەڵکی گاڵتەیان پێ بکەن، وە یاخود بۆ ئەوەمان نەناردوون کە هەرچی تەسەڕوفاتی جیهانە بیدەین بەوان هەتا بتوانن هەرچی دڵخوازی کافرەکان بێ جێ‌بەجێی بکەن.

﴿فَمَنْ ءَامَنَ وَأَصْلَحَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٤٨﴾﴾

جا هەرکەسێ ئیمان بێنێ بە خودا لەسەر دەستی ئەو پێغەمبەرانەدا و فەرمانی خودا بگرێتە گەردن ئەوە نە ترس و بیمیان ئەبێ لە پاشەڕۆژیان و نە زویری و دڵگرانییان ئەبێ لە کاتی حازر و رابوردوویان.

﴿وَالَّذِينَ كَذَّبُوا بِـَٔايَـٰتِنَا يَمَسُّهُمُ الْعَذَابُ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ ﴿٤٩﴾﴾

وە ئەو کەسانەیش تەکزیبی ئایاتی ئێمە بکەن و باوەڕ نەکەن بە خودا و پێغەمبەر ئەوانیش عەزاب لێیان ئەدا بە هۆی ئەوەوە کە لە فەرمانی خودا دەرچوون.

﴿قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمْ عِندِى خَزَآئِنُ اللَّهِ وَلَآ أَعْلَمُ الْغَيْبَ وَلَآ أَقُولُ لَكُمْ إِنِّى مَلَكٌ﴾

تۆ ئەی خۆشەویست بڵێ بەو کافرانە من ئینسانێکم راست‌کار و واقیعی و لە ئەندازەی ئیمکانیاتی خۆم نارۆمە دەرەوە، کەوابوو پێتان ناڵێم کە خەزێنەکانی رەحمەتی خودا لە دارایی و تەوانایی هەموو لە لای منن هەتا ئێوە بهاومە ناو تەماع و تەقالای دنیا، وە غەیب و شتی پەنامەکی لە ئێوە نازانم هەتا بە ئومێدی ئەوە بێن بۆ لام کە لە شتی غەیبی ئاگادار ببن و نایشڵێم کە من فریشتەم و خواردن و خواردنەوەم ناوێ، وە یاخود هێزم ئەشکێ بە گەلێ کاری گران کە خاریج بن لە حەدی تەوانای ئینسان.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿إِنۡ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّۚ﴾

وە تابیع نابم ئیللا بەو ئایەتانە کە بە وەحی دێن بۆ لام، وە بە چ نەوعێ فەرمانم پێ درا هەڵئەسوورِێم بۆ رزگار کردنی ئادەمیزاد لە بیر و باوەڕی نابار و لە کردەوەی ناهەموار.

﴿قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلۡأَعۡمَىٰ وَٱلۡبَصِيرُۚ أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ ۝٥٠﴾

تۆ بڵێ ئەی خۆشەویست: سوپاس بۆ خودا من چاوی سەرم هەیە و ئەبینێ، وە چاوی دڵم رووناکەو بە قەی خواستی خودا دەرکی حەقایق ئەکا، وە ئەو کەسانە کە لە رێگەی تەمێ و تەربییەمان دەر ئەچن کوێرن و هەرگیز چاودار و بێچاو بە یەك نابن، ئایا پاش ئەم هەموو دەرسە تێنافکرن هەتا رێگەی راست لە رێگەی لار جیا بکەنەوە؟

﴿وَأَنذِرۡ بِهِ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحۡشَرُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ لَيۡسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِيّٞ وَلَا شَفِيعٞ﴾

وە بترسێنە بەو کەلامە کە بە وەحی بۆت دێ ئەو موسوڵمانانە وە یا ئەو دڵبێدارانە و ئەو هۆشیارانە کە ئەترسن لەوە بانگ بکرێن بۆ لای خودای خۆیان و گردبکرێنەوە لە حوزووری ئەوا بۆ حسێب لە حاڵێکدا کە لە غەیری خودا نە دۆستێ و نە یارمەتیدەرێ و نە هاوڕێ و نە تکاکارێکیان نییە.

﴿لَّعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ۝٥١﴾

بەڵکوو ئەوانە لە خودای خۆیان بترسن و بگەڕێنەوە بۆ لای خودا.

www.iqra.ahlamontada.com

**فەرمموودەی خودا: ﴿وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ﴾ الآية.**

ئیبنوحیببان و موسلیم و نەسائی و حاکم ریوایەتیان کردووە لە سەعدی کوڕی ئەبیوەقاسەوە ئەڵێ: ئایەتی: ﴿ولا تطرد الذين﴾ هاتە خوارەوە لە شەش کەسدا: لە من و عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود و بیلال و عەممار و میقداد و سوهەیبدا، وتی: موشریکەکان وتیان بە حەزرەت ﷺ کە ئێمە دەربکا لە دەوری خۆیا. وتیان: ئێمە شەرم ئەکەین، تا ئەمانە لە دەوری تۆدا بن ئامشۆت بکەین! لەم هۆوە شتێ کەوتە دڵی حەزرەتەوە، جا خودای تەعالا ئایەتی: ﴿ولا تطرد الذين﴾ ی نازڵ کرد هەتا: ﴿أليس الله بأعلم بالشاكرين؟﴾

وە تەبەرانی و ئیبنوئەبیحاتەم و ئەحمەد ریوایەتیان کردووە لە ئیبنومەسعوودەوە ئەڵێ: کۆمەڵێ لە قورەیش رابوردن بە لای حەزرەتا ﷺ و لەو کاتەدا خەبابی کوڕی ئەرەت و سوهەیب و عەممار و بیلال و غەیری ئەوانیش لە موسوڵمانە نەداراکان لای حەزرەت بوون، وتیان: ئەی موحەممەد تۆ بەم کۆمەڵە بێدەست و بێنەوایە دەسبەرداری قەومەکەی خۆت بوویت؟ ئایا ئەمانە خودا گەورەی کردوون و قەومەکەت هەموو مەهتووکن و دوورن لە تۆ؟ چۆن ئەبێ؟ ئایا ئێمە ئەبین بە تابیعی ئەو گەدا و لاتانە؟! دەی ئەگەر ئەتەوێ ئێمە بکەوینە شوێن تۆ ئەمانە دەربکە هەتا ئێمە بێین بۆ خزمەتی تۆ! جا خودا ئایەتی: ﴿و أنذر به الذين يخافون﴾ هەتا: ﴿ولتستبين سبيل المجرمين﴾ ی نازڵ کرد.

وە ئیبنوجەریر ریوایەتی کردووە لە عەکرەمەوە ئەڵێ عوتبەی کوڕی رەبیعە و شەیبەی برای و موتعەمی کوڕی عەدی و حارسی کوڕی نەوفل لەگەڵ چەن کەسێ لە ئەشرافی «بەنیعەبدولمەناف» لە ئەهلی کوفر چوون بۆ لای ئەبووتالیب پێیان

www.iqra.ahlamontada.com

وت: ئەگەر ئەم برازایەت ئەم لات و هەژاری دەوری خۆیە دەربکا ئەوە ئێمە دڵمان پێی خۆش ئەبێ و ئەبێ بە هۆی ئەوە ئێمە شوێنی بکەوین! جا بەم بۆنەوە ئەبووتالیب قسەی لەگەڵ حەزرەتا کرد و عومەری کوڕی خەتتاب عەرزی حەزرەتی کرد: ئەگەر بە گوێی مامت بکەی لەم بارەوە باشە تا بزانین چۆن ئەبێ. جا خودای تەعالا ئەم ئایەتی: ﴿وأنذر به الذین یخافون﴾یە نازڵ کرد هەتا: ﴿ألیس الله بأعلم بالشاکرین﴾ وە لەو کاتەدا بیلال و عەمماری کوڕی یاسیر و سالمی مەولای ئەبووحوزەیفە و ئیبنومەسعوود لەگەڵ کۆمەڵێ‌ترا بوون، جا کاتێ ئەو ئایەتە هاتە خوارەوە عومەری کوڕی خەتاب ﷺ هات بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ و عوزری بۆ هێناوە جا ئایەتی: ﴿و إذا جاءك الذین یؤمنون﴾ نازڵ بوو.

﴿وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِىِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست ئەو موسوڵمانانە دەرمەکە کە عیبادەتی خودای بێ‌شەریك ئەکەن لە بەیانی و ئێوارەدا و خواستیان هەر ڕەزامەندی خودایە.

﴿مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَىْءٍ وَمَا مِنْ حِسَابِكَ عَلَيْهِم مِّن شَىْءٍ﴾

حسێبی ئیمانی ئەو فەقیرانە لەسەر تۆ نییە و لە لای تۆ نییە مومکینە ئیمانی یەکێ لەوانە موقابیلی ئیمانی چەند کەس بێ لەم کافرانی قوڕەیشە کاتێ موسوڵمان ببن و حسێبی ئیمان و ڕازی دڵی تۆیش لەسەر ئەوان نییە.

﴿فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٢﴾﴾

هەتا تۆ ئەوانە دەربکەی لەبەر داوای ئەو کافرانە و ئەوسا لە ستەمکاران حسێب بکرێیت.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لِّيَقُولُوٓاْ أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنۢ بَيْنِنَآ ۗ﴾

بازێ لەم خەڵکە بە هۆی بازێکیانەوە گیرۆدە ئەکەم و خەیاڵات ئەخەمە دڵیانەوە هەتا بڵێن: ئایا ئەم گەلە هەژارە بە تەنیا خودا منەتی ناوەتە سەریان بە ئیمان و ئەبێ هەر ئەوان بگەن بەم پایە؟!

﴿أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٥٣﴾﴾

جا خودایش بۆ رەدی ئەوان ئەفەرموێت: ئایا خودا لەوان چاتر ئاگادار نییە لە ئەحواڵی سوپاس‌گوزاران و زاناتر نییە بەو کەسە کە شیاوی نیعمەت و رەحمەتە؟! (بەڵێ)

﴿وَإِذَا جَآءَكَ ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِـَٔايَٰتِنَا فَقُلْ سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ ۖ﴾

کاتێ کە ئەو کەسانە ئیمانیان هێنا بە ئایاتی ئێمە و هاتن بۆ لاتان تۆ پێیان بڵێ: سەلامتان لێ بێ.

﴿كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَىٰ نَفْسِهِ ٱلرَّحْمَةَ ۖ﴾

خودا لەبەر فەزڵ و رەحمەتی عامی خۆی بڕیاری داوە بۆ خۆی.

﴿أَنَّهُۥ مَنْ عَمِلَ مِنكُمْ سُوٓءًۢا بِجَهَٰلَةٍ ثُمَّ تَابَ مِنۢ بَعْدِهِۦ وَأَصْلَحَ فَأَنَّهُۥ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٥٤﴾﴾

وە ئەو رەحمەتە بڕیاری داوە ئەمەی لێ پەیدا ئەبێ هەرکەسێ لە ئێوە گوناحێ بکا لە بەر نەفامی و لە پاشان تۆبە بکا و پەشیمان ببێتەوە لەو کردەوە نابارە و پاش ئەوەیش نەگەڕێتەوە بۆ سەری و لەوەوپاش ئیشی چاك بکا، واتە ئەگەر حەقی

www.iqra.ahlamontada.com

کەسێکی لە سەربوو بە قەی ئیمکان بیداتەوە و نەگەڕێتەوە بۆ ئەو تاوانانە کە کردوونی جا خودای تەعالا تاوانبەخش و میهرەبانە.

ریوایەت کراوە: کۆمەڵێ هاتن بۆ حوزووری پێغەمبەر ﷺ عەرزیان کرد: ئێمە گیرۆدەی گەلێ گوناه بووین و حەزرەت ﷺ جوابی نەدانەوە و ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە.

﴿وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ﴾

بەو جۆرە کە وەرتان گرت ئایاتی قورئانی پیرۆز نازڵ ئەکەم بۆ باسی موسوڵمان و کافر و تاوانبار و بێتاوان و تاوانبارێ کە تەوبە ئەکا و روو ئەکاتەوە بارەگای رەحمەتی خودا هەتا پایە و مایەی موسوڵمانە فەرمانبەرەکان دەربکەوێ.

﴿وَلِتَسۡتَبِينَ سَبِيلُ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ۝٥٥﴾

وە رێگەی تاوانبارەکانیش رووناك ببێتەوە لێتان.

﴿قُلۡ إِنِّي نُهِيتُ أَنۡ أَعۡبُدَ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِۚ﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ بەو کافرانە: کە بە راستی لە لایەنی خوداوە مەنع کراوم لەوە کە عیبادەت بکەم بۆ ئەو بتانە کە ئێوە ئەیانپەرستن.

﴿قُل لَّآ أَتَّبِعُ أَهۡوَآءَكُمۡ﴾

پێیان بڵێ: بە هیچ جۆرێ من ناکەومە دوای هەواو ئارەزووی نەفسی بەدکێشی ئێوە و شتێ کە لەسەر رێگەی دینی حەق نەبێ نایکەم.

﴿قَدۡ ضَلَلۡتُ إِذٗا وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُهۡتَدِينَ ۝٥٦﴾

من ئەگەر شوێن هەوای ئێوە بکەوم گومڕا ئەبم و لەو کەسانە نابم کە هیدایەت وەرگرن لە لایەنی خوداوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قُلۡ إِنِّي عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّي وَكَذَّبۡتُم بِهِۦۚ﴾

تۆ بفەرمووو بەو کافرانە: کە من وام لەسەر ڕێگەیەکی ڕووناکی ڕاست و کیتابێکی وا ئەبێ بە دەلیل لەسەر ئیسلامییەت بەڵام ئێوە ئەوەندە بەدبەخت و سەرسەختن موبالات بە دەلیلی ڕاست ناکەن و عەقڵی خۆتان ناخەنە بیر کردنەوە هەتا ڕاست و لار لە یەك جیابکەنەوە و لەبەر ئەمە بێباوەڕیتان دەربڕی بەرابەر بەم دینی منە و ئەم دەعوا و دەلیلە ڕاستە کە لە لایەنی خوداوە بۆم هاتووە. وە بە ڕاستی بزانن ئەگەر خودا سەرفی نەزەرتان لێ نەکا لە تۆڵەی ئەم ئینکارەدا عەزابی خوداتان بۆ دێت بەڵام.

﴿مَا عِندِي مَا تَسۡتَعۡجِلُونَ بِهِۦٓۚ﴾

لە لای من نییە هێز بۆ ناردنی ئەو سزایە کە ئێوە پەلەپەلی بۆ ئەکەن بە شێوەی گاڵتەوە.

﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۖ يَقُصُّ ٱلۡحَقَّۖ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلۡفَٰصِلِينَ ٥٧﴾

حوکم لە زووهاتنی سزادا یا لە دێر کەوتنیا هەر بۆ خودایە ئەو حەق جێبەجێ ئەکا و ئەو باشتر فەرمانداریکە کە حەق و ناحەق لەیەك جیا ئەکاتەوە.

﴿قُل لَّوۡ أَنَّ عِندِي مَا تَسۡتَعۡجِلُونَ بِهِۦ لَقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ بَيۡنِي وَبَيۡنَكُمۡۗ﴾

تۆ بڵێ: ئەگەر ئەوەی ئێوە پەلەی بۆ ئەکەن بە من بکرایە و لە لای من بوایە زوو ئیش ئەبڕایەوە و نیزاع نەدەما لە بەینی ئێمە و ئێوەدا.

﴿وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِٱلظَّٰلِمِينَ ٥٨﴾

بەڵام هەموو کارێ لە لای خودایە و خودا لە هەموو کەس زاناترە بەوانە کە ستەمکارن و لە دەستی خودا دەرناچن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَآ إِلَّا هُوَ ۚ وَيَعْلَمُ مَا فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ۚ وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ ﴿٥٩﴾﴾

بزانن! «مفاتح» یا کۆی «مِفتح»ە بە کەسرەی میم، یا کۆی «مَفتح»ە بە سەری میم، جا لەسەر یەکەم شێوە «مفاتح» بە مانا کلیلەکانە، واتە کلیلەکانی ئەو شتانە کە غەیب و پەنهانن لە لای خودان و ئەو کلیلانە عیبارەتن لە عیلم و زانستی خودا، یانی عیلم بە ئەشیای پەنهان هەر لە لای خودایە. وە لەسەر شێوەی دووەم «مفاتح» بە مانای «خزائن»ە واتە خەزێنەکانی شتە پەنهانییەکان هەموو لە لای خودای تەعالان. بە هەرحاڵ مەبەست ئەمەیە کە عیلمی غەیب هەر خاسەی خودایە و کەس غەیبزان نییە؛ چونکی زانینی غەیب یانی سیفەتێکی زاتی کە لەگەڵ خاوەنەکەیا بێ بە دەوامی زاتەکەی وە بەم شێوە هەر خودایە غەیبزان و دارای زانستی شتی پەنهانە، وە هەرکەسێ لە پێغەمبەران علیهم السلام کە زانینی غەیب دەست بدا بۆیان ئەوە بەوە ئەبێ کە خودا بە هێزی وەحی یانی بە هۆی فریشتەوە کە جیبریلی ئەمینە لەو غەیبە ئاگاداریان ئەکات.

وە یا بە ئیلهام یانی ئەو زانستە ئەخاتە ناو دڵیانەوە. هەروا هەر یەکێ لە ئەولیا و پیاوە دڵ سافەکان شتێ لە غەیبییات بزانن ئەوەیش بە ئیلهام و فێر کردنی خودایە یاخود خودای تەعالا پەردە لە بەینی ئەو عەبدە و ئەو شتەدا لائەبا تا ئەو شتە ئەزانێ، وە ئەمەیش بۆ چەن کاتێکە و دەوامدار نییە. کەوابێ عیلمی ئەنبیا و ئەولیا بە غەیبییات داخڵی عیلمی غەیب نییە بەڵکوو داخڵی خەبەردار کردنە لە لایەنی خوداوە بۆ ئەو کەسانە بە بازە شتێکی پەنهان، خوا ڕووداوی پاشەڕۆژ بێ یا ئەو شتانە بێ کە زوو رابوردوون، وە یا بەعزێ شوێن بێ کە دێتە بەرچاویان وەکوو جێگەی ئەو سوپایە کە هاتە بەرچاوی حەزرەتی عومەر کاتێ مەشغووڵی موحازەرەی ئەسحابەکان بوو.

www.iqra.ahlamontada.com

بەڵام ئەو کەسانە کە بە هۆی حیسابگەرییەوە خەبەر ئەدەن بە بازێ شتی وا روو ئەدا وەکوو باو باران و سەرما و گەرما، یا بازێ ماڵی دزراو ـ مەسەلا ـ ئەوە هیچیان عیلم و زانستی قەتعی نین بەڵکوو بریتین لە بیر و باوەڕ و عەقیدەیەکی وا کە لە پایەی زەن بەرز نەبووەتەوە بە دەلیلی ئەوە گەلێ جار هەواڵی گەلێ شت ئەدەن و کەچی دوایی وا دەرناچێت.

وە ئەگەر لە سوورەتێکا بە شێوەی یەقین بەو شتە بزانێ ئەوە یەقینەکەی لە خۆیەوە نییە بەڵکوو بە هۆی دەلیلەوە بووە ئەوجار ئەڵێن خۆی عیلمی نەبوو بە غەیب بەڵکوو بە هۆی ئەو دەلیلەوە غەیبی بۆ پەیدا بوو. وەکوو ئەوە بە جیهازی «ئەشیعە» ناو سکی ژنێ دەربکەوێ و کابرا بزانێ سکەکەی کوڕە یا کچە ئەمانە بە هیچ شێوەیێ جێگەی گومان و دوو دڵی نین لەم جێگەدا؛ چونکی وەکوو وتمان عیلمی غەیب زانستی یەقینی دەوامدارە لەگەڵ خاوەنەکەیا «بالذات» نەك بە هۆی ئەسبابی خاریجەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە بازێ شتی پەنهانی وا هەیە کە غەیری خودا کەس نایزانێ، وەکوو کاتی هاتنی قیامەت و کونهی زاتی خودای تەعالا و سیفاتی ئەو، وە ئەم شتانە ناوئەبرێن بە غەیبی موتڵەق. وە ئەو شتانە کە بە ئەسباب ئەزانرێن غەیبی موزافن، واتە بە ئیزافە و نیسبەت بۆ ئەو کەسانە کە وەسیلەی دەرخستنی ئەو شتانەیان نییە غەیب و پەنهانە وە نیسبەت بەوانە کە وەسیلەیان هەیە زاهیر و ئاشکرایە ـ مەسەلا ـ بۆ کەسێ کە جیهازی کەشفی ناوسکی ژنی هەیە و ئەزانێ بەو منداڵە وا لە سکیا منداڵەکە ئاشکرایە و غەیب نییە، وە نیسبەت بەو کەسە جیهازەکەی نییە غەیبە و داپۆشراوە وە ئەم جۆرە شتە زانستەکەی تایبەتی خودا نییە.

وە خودای تەعالا وەکوو غەیبییات ئەزانێ کە وان لە ماوەرای عەرز و ئاسمانا هەروەها زانایە بەو غەیبییاتەیش کە وان لە سەر عەرزی وشکدا و وان لە ناو قووڵی دەریادا، وە ئەم غەیبییاتەیش لە غەیبییاتی «موزافە»ن چونکی ئەوشتە وا لە عەرزێ

www.iqra.ahlamontada.com

لە ولاّتی مەغریبا لە لای ئەو کەسەدا وا لە نزیکیا ئاشکرایە، بەلاّم بۆ خەلّکی مەشریق داخلّی غەیبە و نامەعلوومە، عەکسی ئەمەیش هەروایە.

وە هیچ گەلاّیێ لە دارێ ناکەوێتە خوارەوە خودا ئاگای لێ نەبێ و نەیزانێ. وە هیچ دانەیێ نییە کە کەوتبێ لە تاریکستانی عەرزا یانی لە قووڵی چالاّ و لە ناو کونا وە هیچ تەڕ و وشکێ نییە ئیللا وا لە کیتابی مەکشووفدا کە «لوح المحفوظ»ە وە یاخود وا لە ناو عیلمی زاتی خوادا کە زاهیر و مەکشووفە لە لای خۆی.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيۡلِ وَيَعۡلَمُ مَا جَرَحۡتُم بِٱلنَّهَارِ﴾

خودا ئەو خودایە کە ئەرواحی ئێوە وەرئەگرێ لە شەوا لە کاتی نوستنتانا و مەنعی ئەکا لە کەسبی ئەو مەعلووماتە کە لە کاتی خەبەرداریدا ئەیکرد. وە ئەیشزانێ بەوەی کە ئێوە کەسبی ئەکەن بە ڕۆژا.

﴿ثُمَّ يَبۡعَثُكُمۡ فِيهِ﴾

وە لە پاش نوستنی شەو خەبەردارتان ئەکات و هەلّتان ئەسێنێ لە ڕۆژا.

﴿لِيُقۡضَىٰٓ أَجَلٞ مُّسَمّٗى﴾

وە لەبەر ئەوە بە شەوا ڕۆحتان وەرئەگرێ و بە ڕۆژا هەلّتان ئەسێنێ هەتا بە تیکراری ئەو شەو و ڕۆژە ئەو وادەیە کە دیاری کراوە بۆ ژیان تەواو ببێ.

﴿ثُمَّ إِلَيۡهِ مَرۡجِعُكُمۡ ثُمَّ يُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ٦٠﴾

جا لە پاشان گەڕانەوەتان بۆ لای خودایە و دوای ئەوە ئاگادارتان ئەکاتەوە لە کردەوەکانتان و خەبەردارتان ئەکا بەوەی لە ژیانتانا کردووتانە.

﴿وَهُوَ ٱلۡقَاهِرُ فَوۡقَ عِبَادِهِۦ﴾

خودا ئەو خودایە کە خاوەن دەسەلاّتە بەسەر عەبدەکانی خۆیدا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَيُرْسِلُ عَلَيْكُمْ حَفَظَةً﴾

وە چەن پاسەوان و نیگابانێ رەوانە ئەکا بۆ سەرتان و ئەو پاسەوانانە لە ئادەمیزادن لەوانە کە ئاسایشی دنیا رائەگرن، وە لە فریشتەن ئەوانەیان کە مەئموورن بە پاسی ئادەمیزاد.

﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا﴾

هەتا کاتێ کە ئاکام دێت بۆ یەکێ لە ئێوە جا مەئموورە فرستادەکانمان بە جارێ رۆحتان وەرئەگرن.

﴿وَهُمْ لَا يُفَرِّطُونَ ﴿٦١﴾﴾

وە ئەو نێرراوانەیش زیاد و کەم ناکەن لەو ئیشی گیانکێشانەدا نە بە بەرو دوا لە کاتا و نە بە ئازاردان، واتە لەو ئەندازە بڕیاردراوە زیاتر نییە.

﴿ثُمَّ رُدُّوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ مَوْلَىٰهُمُ ٱلْحَقِّ﴾

جا پاش گیانکێشان رەوانە ئەکرێن بۆ لای خودا کە گەورەی راستەقینەی ئەوانە.

﴿أَلَا لَهُ ٱلْحُكْمُ وَهُوَ أَسْرَعُ ٱلْحَـٰسِبِينَ ﴿٦٢﴾﴾

بێدار و ئاگادار بەرەوە ئەی بەنیئادەم، هەر بۆ خودایە حوکم و فەرماندان بە گیانکێشان و گیان بە بەرداکردن، وە خودای تەعالا زۆرتر لە هەموو موحاسیبێ و باشتر لە هەموویان موحاسەبەی بەندەکان ئەکا.

﴿قُلْ مَن يُنَجِّيكُم مِّن ظُلُمَـٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ تَدْعُونَهُۥ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ بەو کافرە ملبادەرانە: کێ ئێوە رزگار ئەکا لە تاریکییەکانی شەوەزەنگی سەرعەرز بە تایبەتی لە ناو قوڕ و ئاو و گەناوی ناهەموارا لە کاتی رێبواریدا وە یا لە کاتی گەڕانتان بە شوێنی شتێکدا وە لە تاریکییەکانی دەریادا

www.iqra.ahlamontada.com

لە کاتی کەشتیڕانیدا و لەو گێژانەدا کە کەشتییەکان سوورِ ئەدەن و لە ڕێگەی مەقسوود دووری ئەخەنەوە؟ کە حاڵتان وایە بانگ ئەکەن لە خودا بە زەلیلی و داماوییەوە و لە پەنامەکیدا لەو کاتەدا کە ئەڵێن:

﴿لَئِنْ أَنجَىٰنَا مِنْ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٦٣﴾﴾

بە ڕاستی ئەگەر ڕزگارمان بکەی لەم تاریکستانەدا ئیتر لەو کەسانە ئەبین کە سوپاس و ستایشی زاتی تۆ بەجێ دێنن.

﴿قُلِ ٱللَّهُ يُنَجِّيكُم مِّنْهَا وَمِن كُلِّ كَرْبٍ ثُمَّ أَنتُمْ تُشْرِكُونَ ﴿٦٤﴾﴾

تۆ پێیان بڵێ: خودا ڕزگارتان ئەکا لەم تاریکییانە و لە هەموو زەحمەتێکی تریش کەچی لە پاشانا ئێوە هەر شەریك بڕیار ئەدەن بۆ خودای عالەم.

﴿قُلْ هُوَ ٱلْقَادِرُ عَلَىٰٓ أَن يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عَذَابًا مِّن فَوْقِكُمْ أَوْ مِن تَحْتِ أَرْجُلِكُمْ﴾

تۆ ئەی خۆشەویست بڵێ پێیان: هەر خودایە قادرە و تەوانایە لەسەر ئەوە کە عەزابێکتان بۆ بنێرێ لە ژوورتانەوە بە گەرمای هەوای هاوین یا بە سەرمای هەوای زستان وە یا بە بەفر و بارانی خوڕەم و بروسکەی زیاندەر لە گیان و لە ماڵ و لە کشتوکاڵ و بە تەرزەی وا شپرزەتان بکا، یا بە بەردەبارانی ئاسمان وە یا بۆمبارانی نامیهرەبانی دەستەڵاتدارانی جیهان لە ئینسانی سیاسەتکاری زۆردار. یاخود عەزابتان بۆ بنێرێ لە ژێر پێتانەوە بە هۆی بورکانی عەرزەوە یا بە ژێراوژوور کردنی وڵاتەکەتان یا بە هێرشی مشك و مارو دووپشك و حەشەراتی زەوی و، یاخود بە زەرعکردنی ئەڵغام و مەوادی تەقینەوە.

﴿أَوْ يَلْبِسَكُمْ شِيَعًا وَيُذِيقَ بَعْضَكُم بَأْسَ بَعْضٍ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

یاخود تێکەڵتان بکا بە یەکا بە چەن کۆمەڵێکی جیاواز کە هەر یەکە بە ئاوازێ بن و قسەتان یەك نەکەوێت هەرکام چەقۆ لەوی‌تر بسوێ و تاڵاوی دووبەرەکی لە دەستی یەك بچەژن.

﴿انظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ الْآيَاتِ﴾

جا تەماشا بکە بزانە چۆن ئەنواعی سزای خۆمان ئەگۆڕین بەسەر ئەو کەسانەدا کە لە فەرمان دەرئەچن. وە یاخود بڕوانە چۆن ئایاتی قورئان ئەگۆڕین بە وەعد و وەعید و موژدەدان و ترساندن بۆ گێڕانەوەی سەر گوزەشتەی ئەهلی دنیا و لادانیان لە ئەمری خودا و مەحوبوونەوەیان لە قیامەتا بە رەحمەت و کەرەمی خۆمان بۆ تێگەیاندنی هۆشیاران.

﴿لَعَلَّهُمْ يَفْقَهُونَ ﴿٦٥﴾﴾

بە ئومێد و هیوای ئەوە کە لە حەق حاڵی ببن و حەق لە بەتاڵ جیا بکەنەوە.

﴿وَكَذَّبَ بِهِ قَوْمُكَ وَهُوَ الْحَقُّ﴾

وە لەگەڵ ئەم هەموو روونکردنەوەی حەقەدا قەومەکەت ئینکاری و بێباوەڕییان دەربڕی بەو عەزابەی کە حەواڵە ئەکرێ بۆ نالەباران، یا بەو قورئانە کە رەوانە کراوە بۆ بەیانی رێگەی دین، لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو سزایە حەقە و ئەو قورئانە راستە و رەهنومایە بۆ رێگەی راست.

﴿قُل لَّسْتُ عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ ﴿٦٦﴾﴾

جا تۆ پێیان بڵێ: من حەق‌گەیێنم و رەهنومای رێگەم ئیتر زاڵ نیم بەسەرتانا بۆ ئیمانهێنانتان وە یاخود دەستم ناڕوا سزاتان بدەم یا سزاتان لێ لادەم وە یا هیدایەتتان بدەم.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿لِّكُلِّ نَبَإٍ مُّسْتَقَرٌّ وَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٦٧﴾﴾

بۆ هەموو خەبەرێ کە لە لایەنی خوداوە بێ واقیعێ هەیە و دامەزرانێ هەیە، واتە خەبەری خودا وەکوو خەبەری عادەتی ناو ئادەمیزاد نییە کە بازێکیان راستن و بازێکیان پێچەوانەی راستین، خەبەری خودا هەمووی راستە و لەمەولا ئاگادار ئەبن و بە راستی خەبەرەکانی خودا و ئەزانن ئەو جەزایە کە بڕیاری داوە دێتە جێ.

﴿وَإِذَا رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا۟ فِى حَدِيثٍ غَيْرِهِۦ﴾

هەرکاتێ چاوت کەوت بەو کافرە موشریکانەی وا کە رۆئەچن لە بەدرۆخستنەوەی ئایەتەکانی ئێمەدا، ئەوە دوور بکەوەرەوە لێیان و مەچۆرە کۆمەڵیانەوە هەتا لەو باسە لائەدەن و دەست ئەکەن بە باسێکی‌تر؛ چونکی بیستنی واتەی نابار دڵ زامار ئەکا و موجادەلە و شۆڕیش لەگەڵیانا ئینسان ئەخاتە ناو کاری ناهەموارەوە.

﴿وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ ٱلشَّيْطَٰنُ فَلَا تَقْعُدْ بَعْدَ ٱلذِّكْرَىٰ مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٦٨﴾﴾

وە ئەگەر جارێ شەیتان ئەم مەنع و نەهیی ئێمەی لە بیر بردیتەوە و رۆیشتی بۆ ناو ئەو کافرانە کە گاڵتە بە ئایین ئەکەن ئەوە هەر کاتێ مەنعەکەت کەوتەوە بیر گورج هەستە لەو مەجلیسە و لە پاش ئەو بیر کەوتنەوە ئیتر دامەنیشە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە کافرە نابارە ستەمکارەدا.

﴿وَمَا عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَّقُونَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَىْءٍ﴾

نییە لەسەر ئەهلی تەقوا و پارێز هیچ حسێبێ لە حسێبی تاوانباری ئەوان.

﴿وَلَٰكِن ذِكْرَىٰ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿٦٩﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

بەڵام هەر ئەوەنەیان لەسەرە کە ئامۆژگارییان بکەن و خودایان بخەنەوە بیر، بەڵکوو لە خودا بترسن.

﴿وَذَرِ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمۡ لَعِبٗا وَلَهۡوٗا وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۚ﴾

واز بێنن لەو کافرانە کە بە خەیاڵی خۆیان وا ئەزانن دینەکەیان عیبادەتکردنە بۆ بتەکان و مەنعی سەربڕینی بازە وشترێکە و ماڵ بەشکردنە بە یاسای ئەزلام، وە ئەم جۆرە کارانە شتێکن لە بەرچاوی هۆشیارا بە گاڵتە و گەپ حسێب ئەکرێن. وە یا ئەو کەسانە کە ئەم دینە بەرزە وەکوو ئیسلام بێ کە دانراوە بۆیان بە گاڵتەی ئەزانن و موبالاتی پێ ناکەن. یا ئەو کەسانە کە باوەڕیان بە هیچ دینێ نییە و وا ئەزانن دین بۆ ئادەمیزاد گاڵتە کردن و رابواردنە. وە تەرکی ئەم نامەردانە بکەن کە ژیانی دنیا بایی کردوون بە تایبەتی دەوامی ساڵ و دارایی و ماڵ و زۆری خزم و ئەولاد و منداڵ.

﴿وَذَكِّرۡ بِهِۦٓ أَن تُبۡسَلَ نَفۡسُۢ بِمَا كَسَبَتۡ﴾

وە ئامۆژگارییان بکە بە هۆی قورئانەوە نەکا هەر نەفسێ بگیرێ و مەنع بکرێ لە رێگەی رزگاری بە هۆی ئەو کردەوانەوە کە کردوونی.

﴿لَيۡسَ لَهَا مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيّٞ وَلَا شَفِيعٞ﴾

لە حاڵێکا نییە بۆ هیچ کەسێ و هیچ نەفسێ لە غەیری خودا یارمەتیدەرێ وە یا تکاکارێ.

﴿وَإِن تَعۡدِلۡ كُلَّ عَدۡلٖ لَّا يُؤۡخَذۡ مِنۡهَآۗ﴾

وە ئەگەر هەر فیدیەیێ بدا لێی وەرناگیرێ.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ أُبۡسِلُواْ بِمَا كَسَبُواْۖ﴾

ئەوانە کۆمەڵێکن کە مەنع کراون لە هەموو خێرێ بە هۆی ئەو کردەوە خراپانەوە کە کردوویانن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿لَهُمْ شَرَابٌ مِّنْ حَمِيمٍ وَعَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْفُرُونَ ﴿٧٠﴾﴾

ئەوانە بۆیان بڕیاردراوە خواردنەوەیەك لە ئاوی گەرمی کوڵاو و سزایەکی سەخت بە هۆی کوفر کردنەکەیانەوە.

﴿قُلْ أَنَدْعُوا مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنفَعُنَا وَلَا يَضُرُّنَا﴾

تۆ بڵێ بەو کافرانە: ئایا ئێمە بانگ ئەکەین لە غەیری خودا ئەو بتانەی کە قابیلیەتی ئەوەیان نییە سوودمان پێ بدەن یا زیانمان لێ بدەن؟

﴿وَنُرَدُّ عَلَىٰ أَعْقَابِنَا بَعْدَ إِذْ هَدَانَا اللَّهُ﴾

وە ئەگێڕێینەوە پاشە و پاش لەسەر پاژنەکانمان لە پاش ئەوە کە خودا هیدایەتی ئێمەی دا و ئێمەی گەیاند بە دینی ئیسلام!

﴿كَالَّذِي اسْتَهْوَتْهُ الشَّيَاطِينُ فِي الْأَرْضِ حَيْرَانَ﴾

وەکوو ئەو ئادەمیزادە کە شەیتان لەسەر هەوای نەفس بردوویەتی بە زەویدا بە گێژی و سەرگەردانی.

﴿لَهُ أَصْحَابٌ يَدْعُونَهُ إِلَى الْهُدَى ائْتِنَا﴾

کە ئەو گومڕایەش چەن رەفیقێکی هەبێ بانگی لێ ئەکەن لە دوورەوە پێی ئەڵێن: بێ بۆ لامان بۆ وەرگرتنی رێگەی راست بە هۆی ئێمەوە.

﴿قُلْ إِنَّ هُدَى اللَّهِ هُوَ الْهُدَىٰ وَأُمِرْنَا لِنُسْلِمَ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿٧١﴾﴾

تۆ پێیان بڵێ: بە راستی هیدایەت هەر هیدایەتی خودابیە و ئێمە فەرمانمان پێدراوە کە ملکەچ ببین بۆ خودایێ کە پەروەردگاری عالەمە.

خۆلاسە ئەفەرموێت: ئەی خۆشەویست تۆ خۆت بگرە لەسەر حاڵی خۆت و تۆ خەڵك رابکێشە بۆ لای دین و مەبە بەو کەسانە کە بانگ ئەکرێن بۆ شتی بەتاڵ.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَأَنْ أَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّقُوهُ ۚ﴾

وە فەرمانمان پێ دان کە: دەوام بکەن لەسەر بەجێهێنانی نوێژ و لە خودا بترسن.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِىٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٧٢﴾﴾

وە خودای تەعالا ئەو خودایە کە بۆ لای ئەو بانگ ئەکرێن.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ۖ﴾

وە ئەو خودایەکە ئاسمان و زەوی لە نەبوون دروستکردووە لەسەر شێوەی حیکمەت و دروستکاری.

﴿وَيَوْمَ يَقُولُ كُن فَيَكُونُ ۚ قَوْلُهُ ٱلْحَقُّ ۚ﴾

وە قسەی ئەو لەسەر حەق و حیکمەتە لەو رۆژەدا کە بە شتێك ئەڵێ: ببە! ئەویش ئەبێ. واتە هەر شتێ کە خودا خواستی لەسەر بێ و پێی بفەرموێ ببە و ئەویش ببێ ئەو فەرموودەیە لەگەڵ حیکمەتدایە.

﴿وَلَهُ ٱلْمُلْكُ يَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ ۚ﴾

وە هەر بۆ ئەوە ریاسەت و سەرداری لەو رۆژەدا کە فوو ئەکرێ بە «صور»ا بۆ تێکدانی ئەم زەوی و ئاسمانە وە لەو رۆژەیشا کە فوو ئەکرێ بە سوورا بۆ زیندوو کردنەوەی گیانلەبەرانی مردوو لە جیننی و ئادەمیزاد.

﴿عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ۚ﴾

زانایە بە هەر شتێ کە پەنهان بێ لە ئێمە وە یاخود بەدەرەوە بێ لە لای ئێمە.

﴿وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْخَبِيرُ ﴿٧٣﴾﴾ ۞

وە ئەو خودا لە کردەوەدا بە حیکمەتە و ئاگادارە لەسەر هەموو شتێ.

www.iqra.ahlamontada.com

جا بە موناسەبەی ئەوەوە کە موشریکەکانی مەککە گەلێ ئازاری دڵی پێغەمبەریان ﷺ ئەدا خودای تەعالا بۆ دڵخۆشی دانەوەی ئەو باسی باپیرە گەورەی خۆی کە ئیبراهیمە عليه السلام وە باسی گیرۆدە بوونی بە دەستی قەومەکەی و باسی گەلێ لە پێغەمبەرانی خاوەن پایەی بۆ کرد و ئەمری پێ کرد: پێویستە بۆ تۆ کە بەقەی هەموو ئەم زاتانە دەروونت گەورە بێ؛ چونکی ریسالەتەکەت بۆ هەموو ئوممەتێ و بۆ هەموو زەمانێکە هەتا هەتایە. وە فەرمووی:

﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ لِأَبِيهِ ءَازَرَ أَتَتَّخِذُ أَصْنَامًا ءَالِهَةً إِنِّيٓ أَرَىٰكَ وَقَوْمَكَ فِي ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ٧٤﴾

واتە ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بیر بکەرەوە لەو کات و چەرخەدا کە تاریکی ئیشراك و بتپەرستی جیهانی داگیر کردبوو، وە نەمروودی بابلی ستەمکاری نامەرد دەستی گرتبوو بە سەر ئادەمیزادی «بین النهرین» و خوارو ژووریشیا، جا ئیبراهیمی کوڕی ئازەر ـ کە لەسەر واتەی مێژوونووسەکان یا لە «کوثی» لە خاکی بابلدا یا لە «شەرقات»، یا لە «سوس» لە نزیکی هەولێردا لە دایك بووە ـ خودا ویستی بیکا بە رەهبەر و باوکی پێغەمبەران و لەگەڵ ئەوەدا کە ئازەری باوکی سەرۆکی بتپەرستەکان بوو، رووی کردە بیر کردنەوە لە رێگەی راست و دۆزینەوەی پەروەردگارا وە بە دڵ حاڵی بوو کە پەرستیاری دار و بەرد سوودی نییە و شتێکی هیچ و پووچە، بە سەرسوڕمانەوە وتی بە ئازەری باوکی: ئایا پیاوی زیرەکی وەکوو تۆ ئەم بتە تاشراوانە بڕیار ئەدەی بە خودا یانێ کە پەرستیاری بکرێن؟! بە راستی مادام لەسەر ئەم بیر و باوەڕەن من عەقیدەم وایە تۆ و کۆمەڵەکەت وان لە گومڕاهییەکی ئاشکرادا.

﴿وَكَذَٰلِكَ نُرِيٓ إِبْرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلْمُوقِنِينَ ٧٥﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە هەر وەکوو دڵی ئیبراهیممان نوورانی کرد و هێزمان پێدا بۆ ئەو پرسیارە لە باوکی، نیشانمان دا بە ئیبراهیم ئاساری ریاسەت و دەستەڵاتی خۆمان لە ئاسمانەکان و لە زەویدا بۆ ئەوە ئەوانە بکا بە دەلیل لەسەر بوون و یەکیەتی پەروەردگاری «واجب الوجود» وە بۆ ئەوە ببێ بەوانە کە خاوەن یەقین و زانستی راستن.

﴿فَلَمَّا جَنَّ عَلَيْهِ ٱلَّيْلُ رَءَا كَوْكَبًا قَالَ هَٰذَا رَبِّى﴾

جا هەر لەسەر ئەو بیر و باوەڕە کە دار و بەرد بۆ خودایی ناشێن کەوتە گەڕان و بیر کردنەوە بۆ دۆزینەوەی پەروەردگار، وە کاتێ کە شەو تاریکی هێنا بەسەرا چاوی گێڕا چاوی کەوت بە ئەستێرەیەکی بە پرتەو ـ ئەڵێن زوهرە یا موشتەری بوو ـ وە وتی: ئەمە خودای منە کە بە دەستکاری ئادەمیزاد نییە و دەستی پێ ناگا و رووناکیشە.

﴿فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَآ أُحِبُّ ٱلْءَافِلِينَ ۝٧٦﴾

بەڵام کاتێ لە شوێنی خۆی جووڵاو ئاوا بوو وتی: من شتی بێ‌دەوامی زوولاچووم ناوێ و خۆشم ناوێ.

﴿فَلَمَّا رَءَا ٱلْقَمَرَ بَازِغًا قَالَ هَٰذَا رَبِّى﴾

جا کاتێ مانگی چاو پێکەوت وتی: ئەمە پەروەردگاری منە.

﴿فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَئِن لَّمْ يَهْدِنِى رَبِّى لَأَكُونَنَّ مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلضَّآلِّينَ ۝٧٧﴾

جا کاتێ مانگ ئاوا بوو فەرمووی: بە راستی ئەگەر خودا هیدایەتم نەدا ئەبم بە یەکێ لە گومڕاهەکان.

﴿فَلَمَّا رَءَا ٱلشَّمْسَ بَازِغَةً قَالَ هَٰذَا رَبِّى هَٰذَآ أَكْبَرُ﴾

جا لە پاش ئاوابوونی مانگ کاتێ چاوی کەوت بە رۆژ بەرزەوە بوو لە کەناری ئاسمان وتی: ئەمە خودای منە و ئەمە گەورەترە لە مانگ و ئەستێرە و رووناکترە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَلَمَّآ أَفَلَتۡ قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ ٧٨﴾

کاتێ کە رۆژیش ئاوابوو ئیبراهیم فەرمووی: ئەی کۆمەڵی ولاتی من، بە راستی من دوورم لەو شتانە کە ئێوە ئەیکەن بە هاوڕێی لە خوداییدا و پاکم لە بیر و باوەڕی ئیشراك و هاوڕێ بڕیاردان.

﴿إِنِّي وَجَّهۡتُ وَجۡهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ حَنِيفٗاۖ﴾

من وا بە راستی و بە یەك دڵی رووی خۆم هەڵسووڕان بۆ بەندەیی و عیبادەت بۆ ئەو پەروەردگارە کە ئاسمانەکانی دروستکردووە بە رۆژ و مانگ و ئەستێرەکانەوە و زەوی ـ بە دەشت و هەردە و کۆسارانەوە ـ دروستکردووە، وە ئەمانە هەموو رامن بۆ خودای جیهان و هەریەکێ لەمانە سەرگەردانە بۆ کارێ پێی سپێرراوە، وە حاڵم وایە لامدا لە هەموو ئایین و دین و بیر و باوەڕێکی بەتاڵ بۆ لای خودای خاوەن کەماڵ.

﴿وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٧٩﴾

وە من بە قەتعی لەو کەسانە نیم کە شەریك و هاوڕێ بۆ خودای عالەم بڕیار ئەدەن.

﴿وَحَآجَّهُۥ قَوۡمُهُۥۚ﴾

جا کە ئیبراهیم بانگەوازی کرد لەسەر بیر و باوەڕی تەوحید و خودا بە یەکناسین، قەومەکەی یا لەبەر نەفامی و نەزانی وە یا لەبەر تەقلیدی خەڵك، وە یا لەبەر ترسی نەمانی پایە و مایەی جیهانی دەستیان کرد بە موجادەلە لەگەڵیا.

﴿قَالَ أَتُحَٰٓجُّوٓنِّي فِي ٱللَّهِ وَقَدۡ هَدَىٰنِۚ﴾

ئیبراهیم لە جەوابیاندا فەرمووی: ئایا تازە ئێوە موجادەلە ئەکەن لەگەڵما لە هۆی خوداوە بۆ ئەوە من وەرگەڕێم لە تەوحید وەلحاڵ خودا هیدایەتی داوم بۆ دەسکەوتی زانستی بێ گومان بە بوون و یەکیەتی خودا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَلَآ أَخَافُ مَا تُشْرِكُونَ بِهِۦٓ إِلَّآ أَن يَشَآءَ رَبِّى شَيْـًٔاۗ﴾

وە هەر وەکوو لە ناحیەی عیلم و زانست و باوەڕ بە خودا ئێوە سوودێ وەرناگرن لە موجادەلەکەتان لەگەڵ مندا لە ناحیەی ترساندنیشەوە ئیستیفادە ناکەن؛ چونکی من ناترسم لەو بتانە کە ئێوە بڕیاریان ئەدەن بە شەریك بۆ خودا؛ چونکی ئەزانم ئەوانە ناشێن بۆ زیانگەیاندن بە کەس مەگەر خودا خواستی زیانێکی ببێ بۆ ئێمە بە هۆی ئەوانەوە بەم جۆرە کە ستەمکارێ تەعەسوب بکا و لە تۆڵەی تەحقیری ئەوانا زیانێکمان پێ بگەیەنێ.

﴿وَسِعَ رَبِّى كُلَّ شَىْءٍ عِلْمًاۗ﴾

خودا هەموو شتێکی ئیستیعاب کردووە و داگیری کردووە لە هۆی عیلم و زانستەوە. واتە زانایە بە هەر سوود و زیانێ.

﴿أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ ﴿٨٠﴾﴾

ئایا ئێوە بیر ناکەنەوە هەتا بزانن کە بتەکان خۆیان هیچیان پێ ناکرێ؟

﴿وَكَيْفَ أَخَافُ مَآ أَشْرَكْتُمْ وَلَا تَخَافُونَ أَنَّكُمْ أَشْرَكْتُم بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ عَلَيْكُمْ سُلْطَٰنًاۚ﴾

من چۆن ئەترسم لەو دار و بەردە کە ئێوە کردووتانن بە شەریك بۆ خودا وە ئێوە ناترسن لەوە کە کردووتانە بە شەریکی خودا شتێکی وەها کە خودا دەلیلێکی نەناردووە لەسەر ئەوە کە ئیعتیباری پێ بکرێ بەڵکوو دەلیلی قەتعی و یەقینی داناوە لەسەر ئەوە کە قابیل نییە خودای عالەم هیچ شەریکێکی ببێ چ جای ئەو دار و بەردە؟!

﴿فَأَىُّ ٱلْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِٱلْأَمْنِۖ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨١﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

جا کام لەم دوو بەشە لایەقتر و قابیلترە بە ئەمن و ئاسایش؛ بەشی خودا بەیەکناس یا بەشی بتپەرستی موشریکی ناپاس ئەگەر ئێوە خاوەن عیلم و زانستن؟

**فەرموودەی خودا ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَلَمْ يَلْبِسُوٓا۟﴾ الآية.**

ترمزی و موسلیم و بوخاری ریوایەتیان کردووە لە عەبدوڵڵاوە رضي الله عنه کاتێ کە ئایەتی: «الذين آمنوا ولم يلبسوا أيمانهم بظلم» نازڵ بوو زۆر بوو بە هۆی ئازاری دڵی موسوڵمانەکان، وتیان: ئەبێ کێ بێ لە ئێمە کە زوڵمی نەکردبێ لە نەفسی خۆی؟ ئەویش فەرمووی: مەعنای ئەوە نییە کە ئێوە تێ‌گەیشتوون، مەبەست لەو زوڵمە ئیشراکە، ئایا نەتان بیستووە فەرموودەی لوقمان بە کوڕی خۆی: «يا بني لا تشرك بالله إن الشرك لظلم عظيم»[١]؟ جا خودا فەرمووی:

﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَلَمْ يَلْبِسُوٓا۟ إِيمَـٰنَهُم بِظُلْمٍ أُو۟لَـٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٨٢﴾﴾

بە ئوسووڵی دەلیلی راست و رەوان ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە خودا و ئیمانەکەیان تێکەڵ نەکردووە بە ستەمی هاوڕێ بڕیاردان بۆ خودا ئەوانەن ئەمن و ئاسایشیان هەیە و ئەوانەن شارەزا کراو بۆ رێگەی راست و ئەوانەن گەیشتوون بە مەقسوود.

﴿وَتِلْكَ حُجَّتُنَآ ءَاتَيْنَـٰهَآ إِبْرَٰهِيمَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ﴾

ئەوانەی کە بەیانمان کردن لە ئەحواڵی ئیبراهیم و تەماشا کردنی ئاسمان و ئەستێرە و مانگ و رۆژ و گەیشتنی بەو ئەنجامە کە شتی ناپایەدار و بێ‌دەوام و رامکراو بۆ

١. لقمان؛ ١٣.

www.iqra.ahlamontada.com

هاتوچۆ بە درێژەی کات بۆ خودایی ناشێ، هەموومان کرد بە دەلیلی قەتعی بۆ ئیبراهیم لە نەفسی خۆیا و لەسەر قەومەکەیشی، خۆی گەیشت بە حەقیقەتی خودا ناسی و قەومەکەیشی بێدەنگ کرد لە موجادەلە کردن.

﴿نَرْفَعُ دَرَجَٰتٍ مَّن نَّشَآءُ﴾

وەکوو پلە پلە پایەی ئیدراکی ئیبراهیممان بەرز کردەوە لە مەقامی ئادەمیزادێکی عادەتییەوە بەرزمان کردەوە بۆ نوبووەت و ریسالەت و کردمان بە «شیخ الموحدین» و «ابوالأنبیاء» هەروا هەرکەسێ خواستمان لەسەر ببێ بە چەن پلە بەرزی ئەکەینەوە.

﴿إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴿٨٣﴾﴾

بە راستی خودای تۆ ـ ئەی پێغەمبەری رەهبەر ـ خاوەن حیکمەتە لە کردارەکانیا و زانایە بە زاهیر و باتینی هەموو کارێ و هەموو کەسێ لەوانە کە هەڵیان ئەبژێرێ و لە غەیری ئەوانیش.

﴿وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ إِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ﴾

وە لە پاداشی ئەو سزا و جەفایە کە تووشی بوو لەسەر بانگکردنی ئادەمیزاد بۆ دین ئیسحاقمان پێ بەخشی لە کاتێکدا هیوای پەیدابوونی منداڵی نەبوو، وە یەعقووبیشمان پێ بەخشی چونکی کوڕی کوڕیش کوڕە.

﴿كُلًّا هَدَيْنَا﴾

وە هەردوکیانمان هیدایەت دا و شارەزامان کردن بۆ ئەخلاقی بەرز و خوو و رەوشتی پەسەند هەتا پایەی رەهبەریم پێدان.

﴿وَنُوحًا هَدَيْنَا مِن قَبْلُ﴾

وە نووحیشمان لە پێش ئیبراهیمدا هیدایەت دا بۆ خزمەتی حەقیقەت و پایەی رەهبەریشمان پێدا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَمِن ذُرِّيَّتِهِۦ دَاوُۥدَ وَسُلَيْمَٰنَ﴾

وە بازێ لە نەتەوەکانی نووحیشمان هیدایەت دا بۆ پایەی رەهبەری وەکوو داوود و سولەیمان کە باوك و کوڕێ بوون خاوەن پایەی رەهبەری و خاوەن مایەی ئەفسەری و پادشایی و سەروەری.

﴿وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ﴾

دوو پێغەمبەری گیرۆدە بە ئازار و زەحمەت و گەیشتوو بە پادشایی عیززەت و سەروەت و رەحمەت.

﴿وَمُوسَىٰ وَهَٰرُونَ﴾

دوو پێغەمبەری ناودار و دوو برای خۆش رەفتار.

﴿وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي ٱلْمُحْسِنِينَ ٨٤﴾

هەر وەکوو چۆن جەزای ئەم پێغەمبەرانەمان داوە جەزای هەموو خاوەن ئیحسان و کردەوە چاکیش ئەدەینەوە.

﴿وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَىٰ﴾

وە لەو بازە نەتەوەی نووحەیە زەکەریا و یەحیا ئەم باوك و کوڕە کە لە رێگەی دینا بوون بە فیدایی.

﴿وَعِيسَىٰ وَإِلْيَاسَ﴾

دوو رەهبەری دوور لە پەیوەندی دنیای دوون.

﴿كُلٌّ مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ٨٥﴾

هەموو فەردێ لەمانە لەوانە بوون کە بۆ خودا سوڵحا بوون و رەفتار و ئاساریان پاك و چاك بوو.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَإِسۡمَٰعِيلَ وَٱلۡيَسَعَ﴾

لەو بازە نەتەوەیە ئیسماعیل و ئەلیەسەع کە دوو پێغەمبەری ئارامکار و خاوەن ئیعتیبار بوون.

﴿وَيُونُسَ وَلُوطٗاۚ﴾

وە ئەم دوو زاتەیش کە رەهبەرێکی رەوانە کراون بۆ سەر قەومێکی سەرسەخت بەڵام ئوممەتی یوونس لە ئەنجاما گەیشتن بە پایەی ئیمان و ئوممەتی «لوط» هەر لەسەر نافەرمانی مانەوە هەتا خودا فەوتاندنی.

﴿وَكُلّٗا فَضَّلۡنَا عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ ٨٦﴾

وە هەموو فەردێك لەم رەهبەرانەمان فەزڵ دا بەسەر ئەهلی عالەمی زەمانی خۆیاندا و بە ئیستیقامەت خزمەتی تەوحیدی خودایان کرد ـ دروودی خودا لەسەر ئەرواحی خۆیان و ئەتباعیان بێ هەتا کاتی گەیشتن بە خودای تەعالا ـ.

﴿وَمِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡ وَإِخۡوَٰنِهِمۡۖ﴾

وە هیدایەتی بازێکمان دا لە باوك و نەتەوە و برای ئەم کۆمەڵە رەهبەرە ناوبراوانە.

﴿وَٱجۡتَبَيۡنَٰهُمۡ وَهَدَيۡنَٰهُمۡ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٨٧﴾

وە هەڵمان بژاردن بۆ خزمەت و عیبادەت و شارەزامان کردن بۆ رێگەی راست.

﴿ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهۡدِي بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦۚ﴾

ئەم پایەی عیبادەت و خوداناسی و رەهبەرییە بە هیدایەتی خودا و عینایەت و ریعایەتی ئەوە کە تەعبیریان لێ ئەدرێتەوە بە تەوفیق، هیدایەتی ئەوانەی پێ ئەدا کە خواستی لەسەر هیدایەتیان بێ لە بەندەکانی.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَلَوْ أَشْرَكُوا۟ لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٨٨﴾﴾

ئەگەر، فەرزەن، پاش ئەو پایە بەرزەیش لە تەوحید وەرگەڕانایەتەوە و شەریکیان بۆ خودا قەرار بدایە ـ پەنا بە خودا ـ هەر کردەوەیەکی چاکەیان هەبوو دائەکەوت و نرخی نەدەما.

﴿أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَـٰهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ۚ﴾

ئەم کۆمەڵە رەهبەرە گەورە کەسانێکن کە لە لایەنی خۆمەوە کیتابم پێداون جا هەر یەکێ کتێبێکی سەربەخۆ یا بە دوو کەس یا چەن کەس هەر لەسەر کتێبێ مابنەوە وەکوو پێغەمبەرانی بەنیئیسرائیل هەتا هاتنی حەزرەتی عیسا هەموو رەفتاریان کردووە بە تەورات و هەروا حیکمەت و رەهبەریم پێداون.

﴿فَإِن يَكْفُرْ بِهَا هَـٰٓؤُلَآءِ فَقَدْ وَكَّلْنَا بِهَا قَوْمًا لَّيْسُوا۟ بِهَا بِكَـٰفِرِينَ ﴿٨٩﴾﴾

جا ئەگەر ئەو کۆمەڵی قوڕەیشە کوفر ئەکەن و ئینکاری پێغەمبەرایەتی ئەوانە ئەکەن ئەوە ئامادەمان کردووە بۆ ئیمان و باوەڕ بەوانە قەومێ کە باوەڕیان بەوانە هەیە وە کافر نین پێیان، وەکوو کۆمەڵی ئەسحابە لە موهاجیرین و ئەنسار و باقی ئەسحابە و تابیعین بە شێوەی کرداری پاك تا رۆژی قیامەت.

﴿أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُ ۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقْتَدِهْ ۗ﴾

ئەو کۆمەڵە پایەبەرزانە کەسانێکی ئەوتۆن کە خودا هیدایەتی داون بۆ رێگەی راستی، خۆیان بەو رێگەدا رۆیشتوون و عیبادی خودایشیان بانگ کردووە بۆ سەر ئەو رێگە، جا لەبەر ئەوە تۆ رەوانەکراوی بۆ تەواو کردنی دینی حەق و ئەخلاقی بەرز و رووناککردنەوەی ئاسمان و زەوی، تۆ ئیقتیدا بکە بە هەموویان، واتە بەقەی هەموویان ئەخلاقت بەرز بێ، واتە هەر رەوشتێکی بەرز لە لای هەرکەسێ لەوان بێ پێویستە تۆ ببی بە خاوەنی و بەو رەوشتە سلووك بکەی لە جیهانا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًاۖ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرَىٰ لِلۡعَٰلَمِينَ ۝٩٠﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ بەو کافرانە: من داوای مزدو تۆڵەتان لێ ناکەم لەسەر گەیاندنی کیتاب و ئامۆژگاریتان. ئەم قورئانە کە بۆ من هاتووە و بە ئێوەی رائەگەیەنم هەر وەعز و ئامۆژگاری و بیر کردنەوەیە لە گەورەیی خودادا و هاتووە بۆ رێنومایی هەموو عالەم، وە ئێمە بەس تەبلیغ ئەکەین، وە پاداشی تەبلیغیش لە لای خودایە.

**فەرموودەی خودا:** ﴿وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦٓ﴾.

ئیبنوئەبیحاتەم و ئیبنولمونزیر ریوایەتیان کردووە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە رضي الله عنه ئەڵێ: پیاوێ هات بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ ناوی مالیکی کوڕی سەیف بوو، دەستی کرد بە واتەی ناڕێك لە خزمەتیا، جا حەزرەت فەرمووی: سوێندت ئەدەم بە خودا خوێندووتەتەوە لە تەوراتدا خودا ئینسانی قەڵەوی خۆش ناوێ؟ وە کابرایش قەڵەو بوو جا رقی داهات و سوێندی خوارد کە خودا قەت ئایەتی نەناردووەتە خوارەوە بۆ سەر ئادەمیزاد! لەویا رەفیقەکانی لە جوولەکە وتیان: خودا بتگرێ! ئەی خودا تەوراتی نەناردووە بۆ مووسا؟ ئەویش سوێندە پێشووەکەی دووبارە کردەوە. جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە و فەرمووی:

﴿وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦٓ إِذۡ قَالُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٖ مِّن شَيۡءٖۗ﴾

ئەو جوولەکە و وێنەی ئەو خودایان نەناسیوە بە ناسینێکی راست لەو کاتەدا کە وتیان: خودا هیچ ئایەتێکی نازڵ نەکردووە بۆ سەر ئادەمیزاد.

﴿قُلۡ مَنۡ أَنزَلَ ٱلۡكِتَٰبَ ٱلَّذِي جَآءَ بِهِۦ مُوسَىٰ نُورٗا وَهُدٗى لِّلنَّاسِۖ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

تۆ ئەی خۆشەویست پێی بڵێ: ئەی ئەوە کێ ئەو کتێبەی نازڵ کردووە کە مووسا ﷺ هێنای بۆ لای ئێوە کە حاڵی وایە بووە بە رووناکی بۆ دڵ و دەروونتان و بووە بە هۆی هیدایەت و شارەزاییتان بۆ ئادەمیزادی بەنیئیسرائیل؟

﴿تَجۡعَلُونَهُۥ قَرَاطِيسَ تُبۡدُونَهَا وَتُخۡفُونَ كَثِيرٗاۖ﴾

کە ئێستە ئێوە ئەیکەن بە چەن بەشێ و هەر بەشێکی بتانەوێ دەری بخەن و زیانی نەبێ بۆ دڵخوازی ئێوە ئەینووسنەوە لە ناو چەن پارچە کاغەزێکداو بڵاوی ئەکەنەوە بە ناو بەنیئیسرائیلدا وە بەشێکیشی کە حەز ناکەن بڵاوی بکەنەوە ئەیشارنەوە وەکوو ئەو ئەحکامە کە ناتانەوێ تەتبیقی بکەن و ئەو نیشانانەی حەزرەتی موحەممەد و پەیڕەوانی کە ناتانەوێ مەشهووری بکەن.

﴿وَعُلِّمۡتُم مَّا لَمۡ تَعۡلَمُوٓاْ أَنتُمۡ وَلَآ ءَابَآؤُكُمۡۖ﴾

وە بەو کتێبە تەعلیمتان کرا و نیشانتان درا ئەو ئەحکامانە کە نە ئێوە و نە باوك و باپیرەتان نەتان ئەزانی، جا تەبعەن ئەوان جوابی ئەم پرسیارەت نادەنەوە؛ چونکی زیانی هەیە بۆ کیانی موزەییەفی خۆیان، کەوابێ تۆ خۆت جوابی پرسیارەکەت بدەرەوە.

﴿قُلِ ٱللَّهُۖ ثُمَّ ذَرۡهُمۡ فِي خَوۡضِهِمۡ يَلۡعَبُونَ ٩١﴾

خۆت بڵێ: زاتی «اللّٰه» خودای «واجب الوجود» ئەو کتێبەی ناردە خوارەوە لە پاش ئەو جوابە ئیتر جیدالیان لەگەڵا مەکە و وازیان لێ بهێنە با لە ناو بیر و باوەڕی پووچی بەتاڵی خۆیانا گاڵتە بکەن بە ژیانی خۆیان. جا کە جوابی پرسیارەکەت دایەوە دەرئەکەوێ کە خودا تەوراتی نازڵ کردووە بۆ سەر حەزرەتی مووسا ﷺ وە کاتێ ئەوە موسەللەم بوو ئەمجار دیارە خودا عەینی خودایە و بەشەریش هەر بەشەرە و وەحی لە لای خوداوە بۆ تۆیش قابیلە و ئەم ئایەتەیشمان بۆ ناردی کە ئەڵێم.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ مُبَارَكٌ مُّصَدِّقُ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ﴾

وە ئەم قورئانەیش ناردوومانەتە خوارەوە بۆ سەر تۆ خاوەن فەڕ و پیرۆزییە؛ چونکی هۆشیاران شارەزا ئەکا بۆ بەختەوەری ئەم جیهانە و جیهانی پاشەڕۆژیش وە باوەڕ دەرئەبڕێ بەو کتێبانە کە لە پێش خۆیا هاتوونەتە خوارەوە.

﴿وَلِتُنذِرَ أُمَّ ٱلْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا﴾

وە ناردوومانە بۆ ئەوەیش کە ئەهلی مەککە ـ کە دایکانەی شار و دێهاتەکانی حیجازە ـ وە ئەهلی ئەو وڵاتانەیش وان بە ئەترافی مەککەدا لە خۆرهەڵات و خۆرنشین و شیمال و جەنووب بترسێنێ.

﴿وَٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ يُؤْمِنُونَ بِهِۦ﴾

وە ئەو کەسانە کە بە ویژدانی خۆیان شوعوور بە مەسئوولییەت ئەکەن و دڵیان دامەزراوە لەسەر ئەوە کردەوەی چاك و خراپ تۆڵەی هەیە لە پاش مردنا باوەڕ ئەکەن بەو قورئانە، چونکی کەسێ ئەوەندە ویژدانی پاك بێ، شوعوور بکا بەوە کە ئادەمیزادی چاك ئەبێ چاکەی بێتە ڕێ و ئادەمیزادی خراپیش ئەبێ تۆڵەی خۆی وەربگرێ ئاسان ئەبێ لەسەر دڵی کە باوەڕ بکا بە کتێبی سەماوی و دەستووری خودایی، یاخود مەبەست لە «موئمینین بە ئاخیرە» ئەوانەن کە ئیمانیان بە حەزرەت ﷺ هێناوە، واتە ئەو کەسانە کە لەسەر ئیمان و باوەڕ بە تۆ باوەڕیان هەیە بە قیامەت وەکوو ئەسحابەکانت بن ئەوانە ئیمانیان هەیە بە قورئان، وە هەر ئەو کۆمەڵەیشە باقی ئەحکام بەجێ دێنن، وە خودا عیبادەتە گەورەکەی جیا کردووەتەوە و فەرموویەتی:

﴿وَهُمْ عَلَىٰ صَلَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ ۝٩٢﴾

وە ئەوانە موحافەزەی نوێژەکەیان ئەکەن و هەمیشە دەوامی لەسەر ئەکەن.

www.iqra.ahlamontada.com

**فەرموودەی خودا:** ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ﴾.

ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە شانی موسەیلەمەی کەززابدا کە لە هۆزی بەنی‌حەنیفە بوو و داوای پێغەمبەرایەتی ئەکرد و ئەیوت: وەحی دێت بۆ لام، جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو.

﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا﴾

کێیە کە زاڵمتر و غەددارتر بێ لەو کەسە کە درۆ هەڵئەبەستێ بە زمانی خوداوە لە هەر بابەتێ ببێ.

﴿أَوْ قَالَ أُوحِىَ إِلَىَّ وَلَمْ يُوحَ إِلَيْهِ شَىْءٌ﴾

یاخود بڵێ: بە تایبەتی وەحی کراوە بۆ لام کەچی هیچ وەحی نەکرابێ بۆ لای!

وە فەرموودەی خودا: ﴿و من قال: سأنزل مثل ما أنزل اللّٰه﴾ نازڵ بووە لە شانی عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی کوڕی سەرحدا، ئەیوت: منیش ئەتوانم ئایەت نازڵ بکەم وەکوو خودا ئایەت نازڵ ئەکا. جا خودا فەرمووی:

﴿وَمَن قَالَ سَأُنزِلُ مِثْلَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾

کێیە زاڵمتر بێ لەو کەسە بڵێت: منیش لەمەولا ئایەت ئەڵێم و نازڵی ئەکەم وەکوو ئەو ئایەتانە کە خودا نازڵی کردوون.

﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِى غَمَرَٰتِ ٱلْمَوْتِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ بَاسِطُوٓا۟ أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوٓا۟ أَنفُسَكُمُ ۖ ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ ٱلْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ غَيْرَ ٱلْحَقِّ وَكُنتُمْ عَنْ ءَايَٰتِهِۦ تَسْتَكْبِرُونَ ﴿٩٣﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەگەر چاوت لێ بوایە لەو کاتەدا کە غەددارەکان وان لە گێژی ناهەمواری مردنا و فریشتەی گیانکێشان دەستیان درێژ کردووە بۆ گیانیان کە وەری بگرن (وە ئەمە کینایەیە لە تەحقیقی قەبزی رۆحەکەیان) وە لەو کاتەدا فریشتەکان ئەڵێن: گیانی خۆتان دەربکەن، ئەمڕۆ جەزاتان ئەدرێتەوە بە جەزای تەحقیر بە هۆی ئەوەوە قسەی ناحەقتان لەسەر خودا هەڵئەبەست و فیز و دەمارتان ئەکرد لە وەرگرتنی ئایاتی خودای تەعالا، ئەوە لەو کاتەدا شتێکی بە هەیبەت و سامناکت دەبینی.

**فەرموودەی خودا:** ﴿وَلَقَدۡ جِئۡتُمُونَا فُرَٰدَىٰ﴾ **الآية.**

ئیبنولمونزیر و ئیبنوئەبی حاتەم ریوایەتیان کردووە لە عەکرەمەوە ئەڵێ: ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لە شانی نەزری کوڕی حارسدا کە ئەیوت: لە قیامەتا «لات» و «عوززا» تکام بۆ ئەکەن لە لای خودادا. جا خودا فەرمووی:

﴿وَلَقَدۡ جِئۡتُمُونَا فُرَٰدَىٰ كَمَا خَلَقۡنَٰكُمۡ أَوَّلَ مَرَّةٖ﴾

واتە خودا لە رۆژی قیامەتا ئەفەرموێت بەو کافرە و بەهاووێنەی ئەو: بە راستی وا ئێوە هاتن بۆ لامان بە تاقی تەنیا یەکەیەکە بۆ مەیدانی حیساب و بۆ وەرگرتنی جەزای بیر و باوەڕ و کردەوەی دنیاتان بە بێ ئەوە کەستان لەگەڵدا بێ، وەکوو چۆن یەکەمجار دروستم کردن کە هاتن بۆ دنیا.

﴿وَتَرَكۡتُم مَّا خَوَّلۡنَٰكُمۡ وَرَآءَ ظُهُورِكُمۡۖ﴾

وە ئەوەی کە پێمدابوون لە دارایی و ئەولاد و خزمەکانتان بەجێتانهێشت و هاویشتتانە پشتی خۆتانەوە بە بێ ئەوە سوودیان لێ وەربگرن.

﴿وَمَا نَرَىٰ مَعَكُمۡ شُفَعَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ زَعَمۡتُمۡ أَنَّهُمۡ فِيكُمۡ شُرَكَٰٓؤُاْۚ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە نابینین لەگەڵتانا ئەو تکاکارانە کە گومانتان وا پێ‌ئەبردن ئەوان هاوبەشی خودای تەعالان لە عیبادەتکردنی ئێوەدا و عیبادەتەکەتان بۆ ئەوانیشە و بۆ خودایشە.

﴿لَقَد تَّقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنكُم مَّا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴿٩٤﴾﴾

وە بە راستی بچڕا و نەما ئەو رشتەی پەیوەندە کە لە ناو ئێوەدا بوو. وە زایە بوو و ون بوو لە ئێوە ئەو بتانە کە بڕواتان وابوو سوودیان هەیە بۆتان.

﴿إِنَّ اللَّهَ فَالِقُ الْحَبِّ وَالنَّوَىٰ﴾

چۆن ئێوە تۆزێ بیر ناکەنەوە لە کاری خودا و لە تەسەڕوفاتی لە ئاسمان و زەویدا هەتا وا جەسارەت نەکەن کە دارو بەرد بکەن بە شەریکی؟ بە راستی خودا ئەو خودایەتە کە هێزێکی دروست کردووە لە دانەی وەشێنراو لە ناوکی خورمای داپۆشراوا کە بڕوێن و نەش و نما بکەن بە تەوانایی و پەروەردگاری خۆی.

﴿يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَمُخْرِجُ الْمَيِّتِ مِنَ الْحَيِّ﴾

وە گیانلەبەر دروست ئەکا و دەری ئەکا لە مادەیێ کە مردووە و جموجووڵی تێدا نییە وە مادەی بێ‌گیانیش دەر ئەکا لە مادەی زیندوو.

﴿ذَٰلِكُمُ اللَّهُ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴿٩٥﴾﴾

ئەم ئیشە وردە سەرنج‌کێشە ئیشی خودایە، ئیتر چۆن ئێوە لە مولاحەزە و تەماشای تەوانایی ئەو لا ئەدرێن بۆ لای غەیری ئەو.

﴿فَالِقُ الْإِصْبَاحِ﴾

خودا خودایەکی وایە کە رووناکی سبەینێ لە بەرەبەیاندا دەرئەکا لە پێستی رەشی بێ‌رووناکی شەو بۆ ئەوە کە گیانلەبەران هەوڵ بدەن رزقی خۆیان پەیدا بکەن.

﴿وَجَعَلَ اللَّيْلَ سَكَنًا﴾

وە خودا خودایەکی وایە کاتی شەوی کردووە بە کاتی ئارامی و ئاسایش بۆتان.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ حُسۡبَانٗاۚ﴾

وە خودا ئەو خودایەتە کە رۆژ و مانگی لە دەرکەوتن و ئاوابوونا و لە گۆڕانی مەدارو شێوەدا کردووە بە هۆی حسێب کردن و حیسابڕاگرتنی ئادەمیزاد لە ماوەی ژیانا بۆ زانست و زانیاری و بۆ پیشەوەری و سنعەتکاری و بۆ دەرکەوتنی وادەی قەرز و قۆڵەی مامەڵە و بازرگانی و کاتڕاگرتن بۆ کشتوکاڵ و هاتوچۆ لەسەر پانایی عەرزا و لەسەر رووی دەریادا.

﴿ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ٩٦﴾

ئەم رێکخستنی پێویستی ئادەمیزادە بە هۆی گۆڕانی رۆژ و مانگەوە تەدبیر و رێکخستنە لە لایەنی ئەو خوداوە کە تەوانایە و زاڵە بەسەر بەجێهێنانی خواستی خۆیا و زانایە بە سەرەتاو ئەنجامی هەموو کار و کردەوەیەك.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلنُّجُومَ لِتَهۡتَدُواْ بِهَا فِي ظُلُمَٰتِ ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِۗ﴾

وە ئەو خودا خودایەکە کە ئەستێرەکانی ئاسمانی رێکخستووە بۆ ئێوە لەسەر شێوەی تایبەتی خۆیان لە کاتی دەرکەوتن و ئاوابووندا بۆ ئەوە کە بە هۆی ئەوانەوە شارەزای کارو بار و رێگە و رێگوزاری خۆتان ببن لە سارا و بیابان و لە کەشتیرانی سەر رووی دەریای بێسامانداا.

﴿قَدۡ فَصَّلۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ٩٧﴾

ئێمە ئەم ئایات و نیشانانەمان تەفسیل داوە بۆ کۆمەڵێ کە زانان و فامی ئامۆژگاری خودای جیهان ئەکەن.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنشَأَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ فَمُسۡتَقَرّٞ وَمُسۡتَوۡدَعٞۗ﴾

ئەو خودایە خودایەکە کە هەموو ئێوەی لە هەموو وڵاتێ و لە خاوەنی هەموو زمانێ و لە هەموو خاوەن شێوە و رەنگ و عەلامەتێ دروست کردووە لە یەك ئینسان

www.iqra.ahlamontada.com

که ئادەمە ﷺ وە لە پاش ئەوە کە پەرەتان سەند و زۆر بوون و چەن لقتان لیٚ پەیدا بوو بلاوبوونەوە بە جیهانا و بازە شوێنێکتان کرد بە جێگەی مانەوە و ئارامگرتن، واتە کردنتان بە شار و دێهات و ئارامتان گرت تیایانا لەبەر ئەوە کە لەگەڵ ژیوارتانا ریٚ ئەکەوت و بازیٚ شوێنیشتان کرد بە شوێنی ئەمانەتی وە چەن کات و ساتیٚ تا دێنەوە جووڵە بۆ جێگەیێ موناسبتر و بە سوودتر.

﴿قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْـَٔايَـٰتِ لِقَوْمٍ يَفْقَهُونَ ﴿٩٨﴾﴾

بە راستی ئایاتی رووناکی خۆمان درێژە پێدا بۆتان بۆ تێگەیاندنی کۆمەڵیٚ کە فامیدەن و لە مانای ژیان و ژیوار حاڵی ئەبن.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ نَبَاتَ كُلِّ شَىْءٍ﴾

وە خودا ئەو خودایەتە کە بارانی لە ئاسمانەوە نازڵ کرد بۆ سەر عەرز و بە هۆی ئەو ئاویٚ بارانەوە رواندمان بۆتان هەموو جۆرە گیاییٚ لەوەی بۆ خواردنی ئینسان وە یا باقی گیانلەبەران ئەشیٚ و لەوانەی ئەبیٚ بە دەرمان بۆ تیماری بریندار و دەردەدار وە لەوەی کە رووی زەوی ئەکا بە گوڵزار.

﴿فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ خَضِرًا نُّخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُّتَرَاكِبًا﴾

وە رواندمان لە گیا نەوعە گیایەکی سەوزی وا کە لە کاتی پێگەیشتنا چەن دانەیەکی یەك لەسەر یەکی بە سوودی لیٚ دەرئەکەین بۆ ژیواری ئادەمیزاد و باقی گیانلەبەران.

﴿وَمِنَ ٱلنَّخْلِ مِن طَلْعِهَا قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ﴾

وە سەوز ئەکەین و دەرئەکەین لە عەرزا لە جینسی دارخورما دارخورمایەکی وا کە لە گوڵووکەکەیەوە بۆ سەر هووشە دەرئەچیٚ و ئەو هووشە دانەی خورمای لیٚ پەیدا ئەبیٚ و هووشەکانیش شۆڕ بوونەتەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَجَنَّٰتٍ مِّنْ أَعْنَابٍ وَٱلزَّيْتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُشْتَبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَٰبِهٍ﴾

هەروا چەن باخێك ئەڕوێنین و داری زەیتوون و داری هەنار ئەڕوێنین کە ئەو هەنارانە لەو دارانە پەیدا ئەبن بازێکیان لە ئەندازەدا لە یەك ئەچن و موشابەهەیان بە یەك زۆرە، وە بازێکیان لە یەك ناچن، واتە بازێکیان ئەوەندە پووچ و بێ گۆشت و بێ مەغزە لەو نەوعە ناچێ و کەس نایەوێ، ئەم نەوعە بەرە بێ قیمەتە لە باخەکانا زۆرە، جا خودا بۆ ئیسباتی ئەم وەزعە ئەفەرموێت:

﴿ٱنظُرُوٓا۟ إِلَىٰ ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثْمَرَ وَيَنْعِهِۦٓ﴾

کەلیمەی «ینع» بە فەتحەی «ی» و کەسرەی «ع» مەسدەرە بە مانا پێ گەیشتنە. واتە لە کاتی بەرپەیدابوونی ئەو دارەدا بڕوانن بۆ گەیینەکەی هەتا باش حاڵی ببن کە بازێ لەو بەرانە باشن و بازێکیان زۆر پووچ و بێ نرخن.

﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكُمْ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٩٩﴾﴾

بە راستی هەیە لەم جۆرە تەسەڕوفات و تەئسیراتە لە جیهانا و لە زەوی و ئاسمانا چەن دەلیلێکی بە قیمەت لەسەر وجوودی زاتی پەروەردگاری «واجب الوجود» و لەسەر یەکێتی ئەو و لەسەر عیلم و حیکمەتی لە هەموو کارێکدا بۆ ئەو کەسانە کە ئیمان دێنن، ئەنا ئینسانی بێ ئیمان لە هیچ ئایەتێ دەرس وەرناگرێ بە دەرسێ کە سوودی هەبێ.

﴿وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ شُرَكَآءَ ٱلْجِنَّ وَخَلَقَهُمْ﴾

لەگەڵ ئەم هەموو ئاساری وجوودی خودای تاك و تەنیادا ئەو کافرانە هاتوون شەیاتینیان کردووە بە شەریك بۆ خودا وەلحاڵ ئەیشزانن بەوە کە خودا دروستی کردوون نەك ئەو شەیاتینە.

﴿وَخَرَقُوا۟ لَهُۥ بَنِينَ وَبَنَٰتٍۭ بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە هەڵیان بەستووە بۆ خودای تەعالا چەن کوڕ و کچێ وەکوو ئەوە کە یەهوود ئەڵێن: «عوزەیر» کوڕی خودایە ـ پەنا بە خودا ـ و گاورەکان ئەڵێن: عیسای مەسیح کوڕی خودایە و باقی کافرەکان ئەڵێن: مەلائیکەکان کچی خودای تەعالان، وە ئەم ئەخلاقە ناپەسەندەیشیان لەگەڵ عیلم و زانستا نییە و بەس بە تەقلیدی بازێ ئینسانی نەزان لە باوك و باپیرەی خۆیان ئەم قسانە ئەکەن.

﴿سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يَصِفُونَ ١٠٠﴾

پاکی و بێعەیبی بۆ خودایە لەو عەیبانە کە ئەوان نیسبەتیان لە زاتی خودا ئەدەن.

﴿بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ﴾

ئەو خودایە خالیق و دروستکەری ئاسمانەکان و زەوییە لە نەبوونەوە بە بێوێنە.

﴿أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُۥ وَلَدٞ وَلَمۡ تَكُن لَّهُۥ صَٰحِبَةٞۖ﴾

چلۆن زاتی وەها خاوەن تەوانایی و بێنیاز، نەتەوەی ئەبێ وەلحاڵ ژنی نییە و پەیوەندی لەگەڵ عالەمی موحتاج بە نەتەوە نییە و هەر بووە و هەر ئەبێ و پێویستی بە پاراستنی نەوع نییە؟

﴿وَخَلَقَ كُلَّ شَيۡءٖۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ١٠١﴾

وە هەموو شتێکی دروست کردووە لە نەبوونەوە و بە هەموو شتێکیش زانایە.

﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ فَٱعۡبُدُوهُۚ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٞ ١٠٢﴾

ئەو زاتە باسمان کرد ناوی «اللّٰه»یە و، هیچ خودایە نییە ئەو نەبێ دروستکەری هەموو شتێکە، دەی عیبادەت و بەندەیی بۆ بکەن، ئەو نیگابان و چاودێری هەموو شتێکە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿لَّا تُدْرِكُهُ ٱلْأَبْصَٰرُ وَهُوَ يُدْرِكُ ٱلْأَبْصَٰرَ ۖ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١٠٣﴾﴾

چاوانی سەر کە مادە بینن ئیحاتە نادەن بەودا ئەو دەرکی چاوان و خاوەن چاوان ئەکا، لە بەر ئەوە چاو دەرکی ناکا کە لەتیف و نازکە و، لەبەر ئەوەیش چاوان و خاوەن چاوان دەرك ئەکا کە خەبیر و ئاگادارە بە هەموو شتێك.

بزانن! مەسرووق رضي الله عنه ئەڵێ: پاڵم دابووەوە لە لای «أم المؤمنين» عائیشەدا رضي الله عنها فەرمووی: سێ شت هەن هەرکەس زمانی هەڵسوورێ بە یەکێ لەوانە ئەوە درۆیەکی گەورەی کردووە لەسەر خودای تەعالا:

یەکەم: کەسێ باوەڕی وابێ کە موحەممەد لە دنیادا خودای چاوپێکەوتووە ئەوە درۆی هەڵبەستووە، خودا فەرموویەتی: ﴿لا تدركه الأبصار وهو يدرك الأبصار﴾، ﴿وما كان لبشر أن يكلمه اللّٰه إلا وحياً أو من وراء حجاب﴾[1] ئەڵێ منیش دانیشتم وتم: ئەی دایکی موسوڵمانان مۆڵەتم بدە و پەلەم لێ مەکە! ئەی ئەوە نییە خودا فەرموویەتی: ﴿و لقد رآه نزلة أخرى﴾[2] ئەی نەیفەمووە: ﴿ولقد رآه بالأفق المبين﴾؟[3] ئەویش فەرمووی: من خۆم یەکەم کەس بووم کە ئەم پرسیارەم لە حەزرەت کرد، فەرمووی: ئەوەی کە من چاوم پێکەوتووە جوبرەئیل بووە کە لە سوورەتی خۆیا نەمدیوە ئەو دوو جارە نەبێ.

دووهەم: کەسێ باوەڕی وەهابێ کە موحەممەد کەتمی شتێکی لە وەحی کردووە ئەوە درۆی هەڵبەستووە لەسەر خودا، خودا فەرموویەتی: ﴿يا أيها الرسول بلغ ما أنزل إليك من ربك و إن لم تفعل فما بلغت رسالته﴾[4]

---

١. الشورى؛ ٥١.

٢. النجم؛ ١٣.

٣. التكوير؛ ٢٣.

٤. المائدة؛ ٦٧.

www.iqra.ahlamontada.com

سێهەم: هەرکەسێ باوەڕی وابێ کە موحەممەد عیلمی غەیبی بووە و لە خۆیەوە بە ڕووداوی داهاتووی زانیوە ئەوە درۆی هەڵبەستووە، خودا فەرموویەتی: ﴿قل: لا یعلم من في السموات و الأرض الغیب إلا الله﴾[1] ئەمە تا ئێرە ریوایەتی ترمزی و موسلیم و بوخاری بوو.

پێویستە بزانن کە بڕیار دراوە لە دینی ئیسلاما کە عیلمی غەیب بە مانای ئەو سیفەتە زاتییە کە لەگەڵ زاتا هەیە «مادام الذات» هەر بۆ زاتی خودایە و خودا فەرموویەتی: ﴿ولله غیب السموات و الأرض﴾.[2] وە ئەوە کە پێغەمبەران ﷺ ئەیزانن «اظهار الغیب»ە نەك «علم الغیب» خودا فەرموویەتی: ﴿فلا یظهر علی غیبه أحداً ۝ إلا لمن ارتضی من رسول﴾[3] وە ئەم «اظهار الغیب»ە کە لە بۆ پێغەمبەران و «اولیاء الله» هەیە ئەمەیە خودای تەعالا لە کاتی تایبەتیدا دڵی ئەو ئینسانە وەها نوورانی ئەکا وەکوو بەرقی بەهێز کە پەردە ئەدڕێ بۆ دوور و نزیك و بۆ زەوی و ئاسمان و بۆ مردوو و زیندوو و کەشفی ئەوەی بۆ ئەکرێ کە خودا بڕیاری داوە، وە ئەم حاڵەتە کە «اظهار الغیب»ە بۆ خودا و «ظهور الغیب»ە بۆ ئەو پێغەمبەرە یا ئەو وەلییە ئەوەندە مەعلووم و قەتعییە هەموو موسوڵمانێکی ساغ ئەیزانێ و باوەڕی پێ ئەکا و شوێنی گومان نییە.

بەڵام بینینی خودای تەعالا لە دنیادا ئەوە لەسەر زاهیری ئەو حەدیسە کە بە مەعنا ریوایەتمان کرد لە دنیادا بۆ کەس ڕێك نەکەوتووە بەڵام گەلێ لە عالمانی دین و ئیبنوعەباس لەسەر ئەوەن کە حەزرەت لە شەوی میعراجدا دوو جار زاتی خودای

---

١. النمل؛ ٦٥.

[ ٢. النحل؛ ٧٧. ئەم ئایەتەمان لە جێگەی «لایعلم الغیب إلا الله»دا دانا؛ چونکە ئەم ڕستەیە فەرموودەی خودا نەبوو ـ بڵاوکردنەوەی کوردستان ].

٣. الجن؛ ٢٧_٢٦.

www.iqra.ahlamontada.com

دیوه به دیتنێ که شیاوی ئەو بێ. وه ئەنەس ـ وەك ئیبنوخوزەیمه ریوایەتی کردووه ـ فەرمویەتی: موحەممەد خودای بینی. وه ریوایەت کراوه له ئیبنوعەباسەوه ﵁ له تەفسیری: ﴿ما كذب الفؤاد ما رأى و لقد رآه نزلة أخرى عند سدرة المنتهى﴾دا فەرموویەتی: دوو جار به دڵی خودای دیوه. بەڵام دیاره مەبەستی چاوی دڵه نەك چاوی سەر.

وه ریوایەت کراوه له ئەبووزەڕەوه ئەڵێ: له پێغەمبەرم پرسی: خودات بینی؟ فەرمووی: ئەو نوورێکه چۆن ئەبینرێ! ئەمەیش موسلیم و ترمزی ریوایەتیان کردووه. ئەم حەدیسەیش تەئییدی ئەوه ئەکا که چاوپێکەوتنی به دڵ بووه.

﴿قَدْ جَآءَكُم بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمْ فَمَنْ أَبْصَرَ فَلِنَفْسِهِۦ وَمَنْ عَمِىَ فَعَلَيْهَا وَمَآ أَنَا۠ عَلَيْكُم بِحَفِيظٍ ﴿١٠٤﴾﴾

ئەی هۆشیاران به راستی گەلێ هۆی تێگەیشتنتان له لای پەروەردگاری خۆتانەوه بۆ هات له ئایاتی رووناك و موعجیزات و کارەساتی گەوره دەی هەرکەسێ رێگەی راست ببینێ ئەوه بۆ سوودی خۆی ئەیبینێ، وه هەرکەسێ کوێر ببێ و چاوی دڵی راستی نەبینێ ئەوه لەسەر زیانی خۆی کوێر ئەبێ و من لەسەر ئێوه نەکراوم به نیگاباان بەس تەبلیغم لەسەره.

﴿وَكَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ ٱلْأَيَٰتِ وَلِيَقُولُوا۟ دَرَسْتَ﴾

وه هەر بەو جۆره که خۆت ئەیزانی ئایاتم گۆڕیوه و باسی وەعد و وەعید و سەرگوزەشتەی قەدیمەم بۆ کردوون و مەیدانی ئەوه ئەدەم بڵێن به تۆ: که ئەم قورئانەت به دەرس خوێندووه و له زانایانی رووداوی قەدیمەوه وەرت گرتووه؛ چونکی له هەموو عەهد و چەرخێکدا له کاتی هاتنی رەهبەرانا کۆمەڵێ بوون که نامەرد بوون و بەرانگاری ئەو تەمێی ئەوانه بوون هەروا کۆمەڵێکیش بوون که له راستی حاڵی بوون و ئایەتەکانیان به تەواوی وەرگرتووه، وەکوو ئەفەرموێت:

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَلِنُبَيِّنَهُۥ لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ١٠٥﴾

وە تا حوکمی خۆمان و مانای ئایەتەکان رووناك بکەینەوە بۆ کۆمەڵێ لە ئوممەتی فامیدەی زانای هۆشیار.

﴿ٱتَّبِعۡ مَآ أُوحِيَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ١٠٦﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ بکەوەرە شوێنی ئەو قورئانە کە لە لایەنی خودای خۆتەوە هاتووە بۆت و غەیری ئەو خودای تۆیە هیچ خودایە نییە، وە روو هەڵسوورێنە لەو کافرە موشریکانە و باوەڕ بە قسەیان مەکە و لە ئازاریان تێك مەچۆ.

﴿وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشۡرَكُواْۗ﴾

ئەگەر خودا خواستی بوایە ئەم کافرانە ئیشراکیان نەدەکرد.

﴿وَمَا جَعَلۡنَٰكَ عَلَيۡهِمۡ حَفِيظٗاۖ﴾

ئێمە تۆمان نەگێڕاوە بە موراقیب بەسەر ئەوانەوە و تۆ لێپرسراوی حاڵی ئەوان نیت.

﴿وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم بِوَكِيلٖ ١٠٧﴾

وە تۆ لەسەر ئەوانە وەکیل و موهەیمین نیت.

**فەرموودەی خودا:** ﴿وَلَا تَسُبُّواْ ٱلَّذِينَ﴾.

ریوایەت کراوە لە قەتادەوە ئەڵێ: موسوڵمانەکان جنێویان ئەدا بە بتەکان جا کافرەکانیش لە داخا ئەهاتن جنێویان ئەدا بە خودا ـ پەنا بە خوا ـ .

www.iqra.ahlamontada.com

وە ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە ئەڵێت: موشریکەکان وتیان بە حەزرەت: تۆ دەسبەرداری بتەکانی ئێمە ببە و جنێویان پێ مەدە ئەگەرنا ئێمەیش جنێو ئەدەین بە خودای تۆ. جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە و فەرمووی:

﴿وَلَا تَسُبُّوا۟ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَسُبُّوا۟ ٱللَّهَ عَدْوًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾

جنێو مەدەن بەو بتانە کە کافرەکان بانگیان ئەکەن و بێجگە لە خوا ئەیان پەرستن تا ئەوانیش جنێو بدەن بە خودا بە ستەم و بە نەزانی و نەفامی.

﴿كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ﴾

وەکوو ئەم کافرانە و وەزعی ئەم کافرانە چۆنە لە حەز کردن لە بیر و باوەڕی خۆیان و لە کردەوەکانیان و جوان بوونی لە پێش چاویان، جوانمان کردووە بۆ هەموو ئوممەتێ کردەوەیان.

﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِم مَّرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ١٠٨﴾

لە پاش تەواو بوونی چەرخی ئەم ژیانەیان گەڕانەوەیان هەر بۆ لای خودایە، جا خودا خەبەرداریان ئەکا بەو کارانە کە ئەوان کردوویانن.

**فەرموودەی خودا: ﴿وَأَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ﴾ وە ئایەتی دوای ئەو.**

ئیبنوجەریر ریوایەتی کردووە لە موحەممەدی کوڕی کەعبی قەرەزییەوە ئەڵێ: قوڕەیش هاتن قسەیان کرد لەگەڵ حەزرەتا ﷺ وتیان: تۆ ئەزانی و ئاگادارمان ئەکەی کە حەزرەتی مووسا بە عاساکەی دای لە بەردێ و دوازدە سەرچاوەی ئاوی لێ پەیدا بوو، وە عیسا مردووی زیندوو ئەکردەوە، وە ساڵح وشترێکی هێنا بۆ

www.iqra.ahlamontada.com

«سەموود». دەی تۆیش نیشانەیەکی وەها بێنە لەسەر ریسالەتی خۆت هەتا ئیمانت پێ بهێنین! جا حەزرەت فەرمووی: حەز ئەکەن چیتان بۆ بێنم؟ ئەوانیش وتیان: تەپۆڵکەی «سەفا»مان بۆ بکە بە ئاڵتوون جا باوەڕت پێ ئەکەین! لەویا حەزرەت ﷺ فەرمووی: یا رەببی فریامان بکەوە! جا جوبرەئیل هات بۆ لای فەرمووی: ئەگەر ئەتەوێ سەفا ئەکەم بە ئاڵتوون و ئەگەر ئیمانیان نەهێنا ئەوسا عەزابیان ئەدەم، جا ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە و فەرمووی:

﴿وَأَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَـٰنِهِمْ لَئِن جَآءَتْهُمْ ءَايَةٌ لَّيُؤْمِنُنَّ بِهَا ۚ﴾

واتە ئەو کافرانە سوێند ئەخۆن بە خودا بە سوێندێکی بە دڵ ئەگەر لە لایەنی خوداوە موعجیزەیەکیان بۆ بێت ئیتر ئیمان دێنن بە حەزرەت و موعجیزەکەی.

﴿قُلْ إِنَّمَا ٱلْـَٔايَـٰتُ عِندَ ٱللَّهِ ۖ وَمَا يُشْعِرُكُمْ أَنَّهَآ إِذَا جَآءَتْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٠٩﴾﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ بەو موشریکانە: بە راستی ئایات و موعجیزات هەموو وان لە قەبزەی قودرەتی خودادا هەر کاتێ خواستی هەبێ ئەتوانێ هەموو موعجیزەیێ دروست بکا، بەڵام چی ئێوەی حاڵی کردووە ئەو ئایەتانە کە هاتن ئێوە ئیمان نایەنن؟ واتە ئێوە بەوە نازانن بەڵام من ئەزانم ئەو ئایەتانەیش دەربخەین هەر ئیمان ناهێنن و ناردنی ئایات بۆ قەومی ئینکار سوودی نییە.

﴿وَنُقَلِّبُ أَفْـِٔدَتَهُمْ وَأَبْصَـٰرَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُوا۟ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾

وە چی ئێوەی حاڵی کردووە لەوە کاتێ کە ئەو ئایەتانە بنێرین هەروا وەکوو پێشان دڵیان وەرئەگێڕین لە وەرگرتنی راستی و چاویان ئەبڵەق ئەکەین و نە بیر ئەکەنەوە لە موعجیزاتی مەعنەوییەدا وەکوو ئەسراری قورئان و نە تەماشای شتی

www.iqra.ahlamontada.com

بەرچاوی ئەکەن و لەسەر حاڵەتی نەزانی و دڵڕەقی پێشوویان ئەمێننەوە وەکوو ئەوەڵ جار کە ئایاتیان بۆ نەهاتبوو و ئایەتیان نەدیبوو.

﴿وَنَذَرُهُمْ فِي طُغْيَٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ١١٠﴾

وە ئەیانهێڵینەوە لەو حاڵی توغیان و لە حەق لادانیانەدا بە سەرگەردانی و بە حەیرانی.

﴿وَلَوْ أَنَّنَا نَزَّلْنَآ إِلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ ٱلْمَوْتَىٰ وَحَشَرْنَا عَلَيْهِمْ كُلَّ شَيْءٍ قُبُلًا مَّا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوٓا۟ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ يَجْهَلُونَ ١١١﴾

وە ئەگەر ئێمە بە خیلافی عادەت فریشتەکان بنێرینە خوارەوە بۆ لایان و مردووەکان قسەیان لەگەڵدا بکەن و هەموو دڵخواز و داواکراوێکی ئەوان گردبکەینەوە بە چین چین و کۆمەڵ کۆمەڵ، ئەوان لەوانە نین ئیمان بێنن مەگەر خودا خواستی هەبێ، بەڵام گەلێ لەم کافرانە نەفامن و نازانن بە حەقیقەتی حاڵ.

﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا شَيَٰطِينَ ٱلْإِنسِ وَٱلْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ ٱلْقَوْلِ غُرُورًا﴾

وە تۆ ئەی ڕەهبەر دڵت لە خۆت دانەمێنێ؛ چونکی شێوەی ئادەمیزاد بەرابەر بە ڕەهبەران لە هەموو زەمانێکدا وا بووە، وە لە هەموو کاتێکا قەرارمان داوە بۆ هەر ڕەهبەرێ گەلێ لە ئیبلیسە مەلعوونە دوور لە ڕەحمەتەکان لە ئادەمیزاد و لە دێوان، وە بازێکیان ئەخەنە دڵی بازێکیانەوە لە وتاری بێسەرو پێ و بێبناغە لەبەر بایی بوونیان و لادانیان لە ڕێگەی ڕاست.

﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ ١١٢﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە ئەم کارانە هەرچەند خودا حەزیان پێ ناکا بەڵام ئەگەر خواستی نەبوایە لەسەریان ئەوانیش ئەوەیان نەدەکرد وە خواستەکەیش لەسەر یاسای سوننەتوڵڵا و حیکمەت و بەدکاری ئەو کافرانەیە کە مۆڵەت دراون لەسەر کردەوەی خێر و شەڕ، دەی وازیان لێ بێنن با لەسەر فیتنە و ئاشووبی خۆیان و هەڵبەستنی شتی درۆ دەوام بکەن تا کاتی خۆی.

﴿وَلِتَصْغَىٰٓ إِلَيْهِ أَفْـِٔدَةُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ وَلِيَرْضَوْهُ وَلِيَقْتَرِفُوا۟ مَا هُم مُّقْتَرِفُونَ ﴿١١٣﴾﴾

وازیان لێ بێنە با ئەوانەیش کە ئیمانیان نییە گوێ بگرن لەو شەیتانە بەدبەختانە وە رازی ببن بە قسەکانیان و کەسبی ئەوە بکەن کە دڵخوازیانە تا کاتی ئەوە دێ کە هەقی ئەوەڵ و ئاخریان لێ ئەستێنم.

﴿أَفَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْتَغِى حَكَمًا وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ إِلَيْكُمُ ٱلْكِتَٰبَ مُفَصَّلًا ۚ﴾

تۆ بڵێ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست: ئایا من داوای حەکەمێ و فەرماندارێکی غەیری خودا ئەکەم وەلحاڵ خودا ئەوە بە تەنیا کە ئەم کتێبە گەورە بە نرخەی ناردووەتە خوارەوە بۆ لاتان بە رەسایی و رووناکی؟

﴿وَٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَعْلَمُونَ أَنَّهُۥ مُنَزَّلٌ مِّن رَّبِّكَ بِٱلْحَقِّ ۖ﴾

وە ئەو کۆمەڵەیش کە کیتابمان پێداون لە یەهوود و نەسارا بە راستی ئەزانن ئەم کتێبە کە قورئانی پیرۆزە لە لایەنی خوداوە هاتووەتە خوارەوە بە شێوەی راستی بۆ ئامۆژگاری ئادەمیزاد و دوورخستنیان لە ناڕەوایی بیر و باوەڕ و کردەوە، وە ئێستە لە بەر عەناد و نامەردی دانی پیا نانێن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ ﴿١١٤﴾﴾

دە تۆ قەت لەوانە مەبە کە خاوەن وەسوەسە و دوو دڵن لەوەدا کە ئەهلی کیتاب ئەزانن ئەم قورئانە لە لایەنی خوداوە هاتووەتە خوارەوە.

﴿وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا ۚ لَّا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿١١٥﴾﴾

وە بزانە کە ئایاتی خودا و کەلامی خودا کە نازڵ بووە بۆ لای تۆ گەیشتووەتە سەر بەرزی باڵا لە راستیدا و لە ئیعتیدالا و لە میانەکاریدا وە کەس ناتوانێ یەکێ لەو حوکمانە بگۆڕێ بە چاکتر لەوە؛ چونکی کەلامی کەسێکە کە هەموو عیلم و حیکمەتێ لەوەوە ئەگات بە عالەم وە یاخود کەس ناتوانێ کەلیماتی ئەو کەلامە بگۆڕێ، چونکی خودا خۆی حافیز و نیگابانی ئەو کەلامەیە و خودا هەموو شتێ ئەبیسێ و بە هەموو شتێ ئەزانێ.

﴿وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِى ٱلْأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست ئەگەر فەرمانداری زۆربەی ئەهلی عەرز بکەی گومڕات ئەکەن و دوورت ئەخەنەوە لە رێگەی خودا.

﴿إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ ﴿١١٦﴾﴾

چونکی ئەوانە هەر بە شێوەی گومان و تەخمین رەفتار ئەکەن و تابیعی گومانی خۆیان ئەبن و گومانکاری هیچ سوودی نییە.

﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ مَن يَضِلُّ عَن سَبِيلِهِۦ ۖ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ ﴿١١٧﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

بە راستی پەروەردگاری تۆ عالمترە لە تۆ بەو کەسانە کە گومڕا بوون و دوور کەوتوونەتەوە لە ڕێگەی خودا کە مەنهەجی حەقیقەتی ئیسلامە و ئەو عالمترە بەوانە کە شارەزای ڕێگەی راستن.

**فەرموودەی خودا:** ﴿فَكُلُوا مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ﴾.

ئەم ئایەتە لە شانی جەماعەتێ لە جوولەکەدا هاتووەتە خوارەوە کە هاتنە لای حەزرەت ﷺ وتیان: ئەی موحەممەد ئێمە گۆشتی ئەو حەیوانانە ئەخۆین کە خۆمان ئەیان کوژین، ئەی چ عەجەب گۆشتی ئەو حەیوانانە ناخۆین کە خودا ئەیان کوژێ؟ واتە مردارەوەبووەکان، جا خودا فەرمووی:

﴿فَكُلُوا مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ إِن كُنتُم بِآيَاتِهِ مُؤْمِنِينَ ﴿١١٨﴾﴾

بخۆن لە گۆشتی ئەو حەیوانانە کە ناوی خودایان لەسەر ئەبرێ لە کاتی سەربڕینیاندا ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە ئایەتەکانی خودا هەیە.

﴿وَمَا لَكُمْ أَلَّا تَأْكُلُوا مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَقَدْ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلَّا مَا اضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ﴾

چیتان دەست ئەکەوێ ئەگەر نەخۆن لە گۆشتی ئەو حەیوانانە کە ناوی خودایان لەسەر براوە لە کاتی سەربڕینیانا وەلحاڵ خودای تەعالا تەفسیلی داوە بۆتان ئەو حەیوانانە کە حەرام کراون لەسەرتان مەگەر لە کاتی ناچاریتانا بۆ ئەوانە؟

﴿وَإِنَّ كَثِيرًا لَّيُضِلُّونَ بِأَهْوَائِهِم بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾

وە بە راستی زۆر لە ئادەمیزاد گومڕا ئەبن بە هۆی ئارەزووبازی خۆیانەوە بە بێ ئەمە کە بە گوێرەی زانست بڕۆن بە ڕێدا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُعْتَدِينَ ۝١١٩﴾

بە راستی خودای تۆ زاناترە لە هەموو کەسێ بەوانە کە لە سنووری دین دەرئەچن.

﴿وَذَرُوا۟ ظَٰهِرَ ٱلْإِثْمِ وَبَاطِنَهُۥٓ﴾

ئەی هۆشیاران تەرکی هەموو گوناهێکی دیاری بکەن لەوانە کە بە بەدەن ئەکرێ بە دەست و پێ و دەم و چاو و گوێچکە و زمان و دەم و عەورات، وە هەموو گوناهێکی پەنامەکی لەوانەی کە وان لە دڵدا وەکوو بیر و باوەڕی خراپ و رەزیلە لە وێنەی کینە و ئارەزووی خراپ و رق گرتن و خەڵك بە سووك زانین.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْسِبُونَ ٱلْإِثْمَ سَيُجْزَوْنَ بِمَا كَانُوا۟ يَقْتَرِفُونَ ۝١٢٠﴾

بە راستی ئەو کەسانە کە کەسبی تاوانی دیاری یا نادیاری ئەکەن لە پاشەکاتی نزیکدا تۆڵەیان لێ ئەکرێتەوە لەسەر ئەو تاوانانە کە کردوونیان.

**فەرموودەی خودا:** ﴿وَلَا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ﴾.

تەبەرانی و ئیبنوجەریر ریوایەتیان کردووە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنه ئەڵێ: کاتێ ئایەتی: «ولا تأكلوا مما لم يذكر اسم الله عليه» هاتە خوارەوە قەومی فارس جوابیان نارد بۆ لای عەرەبی قورەیش کە: بڕۆن موجادەلە بکەن لەگەڵ موحەممەددا و پێی بڵێن: چۆن ئەوەی کە تۆ بە دەستی خۆت سەری ببڕی حەڵاڵە و ئەوەی کە خودا سەری ببڕێ (واتە مردارەوەبوو) حەرامە؟

جا خودا ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە. وە ئیبنوعەباس فەرموویەتی: «الشياطين» فارسە و «ئەولیاکان»یان قورەیشە جا خودای تەعالا ئەفەرموێت:

﴿وَلَا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُۥ لَفِسْقٌ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

واتە مەخۆن ئەی موسوڵمانەکان گۆشتی ئەو حەیوانە سەربڕاوە کە ناوی خودا نەبرابێ لە کاتی سەربڕینیا و خواردنی گۆشتی حەیوانی وەها دەرچوونە لە سنووری دین.

﴿وَإِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰٓ أَوۡلِيَآئِهِمۡ لِيُجَٰدِلُوكُمۡۖ﴾

وە ئەو شەیتانانە ئەگەیەنن بە دۆستانی خۆیان لە کافرانی قورەیش بازە واتەیەکی پووچی بێسەر و پێ بۆ ئەوە کە موجادەلەتان لەگەڵدا بکەن و ئازاری دڵتان بدەن.

﴿وَإِنۡ أَطَعۡتُمُوهُمۡ إِنَّكُمۡ لَمُشۡرِكُونَ ١٢١﴾

وە ئەگەر ئێوەیش لەسەر فەرمانی ئەوان رەفتار بکەن ئێوەیش لە موشریکەکان ئەژمێررێن.

جا لە حەیوانێکی سەربڕاوا یا لە نەچیرێکدا کە ناوی خودای لەسەر نەبرابێ ئیمامە موجتەهیدەکان گەلێ را و بیریان دەربڕیوە:

یەکەم: ئەگەر بە عەمدی تەرکی ناوی خودای کرد لەسەریان ئەوە حەرامن، وە ئەمە بیری ئیمامی حەنەفی و ئەسحابەکانیەتی، وە ئیمامی مالیك و ئیبنولقاسمی شاگردی لەسەر ئەم بیرەن، وە ئەگەر بە سەهو ناوی خودای نەبردبێ ئەوە گۆشتیان ئەخورێ.

دووهەم: ئەگەر بە عەمدی یا بە سەهو تەرکی ناوی خودای لەسەر کردبێ هەر گۆشتیان ئەخورێ و مەبەست لە ناو نەبردنی خودا ئەوەیە کە ناوی بتەکانیان لەسەر برابێ، وە ئەمە بیروڕای ئیمامی شافیعی و حەسەنی بەسرییە. وە ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباس و عەتا و ئەبووهورەیرە و سەعیدی کوڕی موسەییب و جابیری کوڕی زەید و عەکرەمە و ئەبووعەیاز و ئەبوورافیع و تاوس و ئیبراهیمی نەخەعی و عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبوولەیلا و قەتادەوە، وە ریوایەتیش کراوە لە ئیمامی مالیکەوە رحمهم الله.

www.iqra.ahlamontada.com

سێهەم: ئەمەیە کە بە عەمدی تەرکی ناوی خودا بکا یا بە سەهو هەر حەرامە.

چوارم: ئەمەیە کە بە عەمدی تەرکی ناوی خودا بکا گۆشتەکەی حەرام نابێ بەڵام مەکرووهە.

پێنجەم: ئەمەیە کە تەرکی ناوی خودا بە عەمدی گۆشتەکەی حەرام ناکا مادام ئەو تەرکە لەسەر گاڵتە کردن نەبێ.

**فەرموودەی خودا:** ﴿أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَـٰهُ﴾.

ئیبنولمونزیر و ئیبنوئەبیحاتەم ریوایەتیان کردووە لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە ئەڵێ ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە لە شانی عومەری کوڕی خەتاب و عەمری کوڕی هیشامدا کە مەشهوورە بە ئەبووجەهل ئەمانە لەبەر گومڕایی وەکوو مردوو وا بوون، وە بە بارانی میهرەبانی ئیمان، عومەری کوڕی خەتابی زیندوو کردەوە و فەرمووی:

﴿أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَـٰهُ وَجَعَلْنَا لَهُۥ نُورًا يَمْشِى بِهِۦ فِى ٱلنَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِى ٱلظُّلُمَـٰتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا﴾

ئایا ئەو کەسە کە مردووە بە گومڕاهی جا ئێمە بە تەوفیق و یارمەتی غەیبی و هیدایەت زیندوومان کردەوە و بە پڕتەوی ئیمان و باوەڕی راست، رووناکی و چرایەکی پڕ لە زەیتی مەعریفەتم بۆ هەڵگیرساند کە بە هۆی ئەوەوە بڕوا بە ناو ئادەمیزادا لە خۆشی و ناخۆشی و تاریکی رۆژگاردا وەکوو یەکێ ئەبێ کە وێنەی ئەو لە تاریکستانا بێ و تاریکی دڵ و کوێری و تاریکی شەو و تاریکی چەرخی بەسەرا هاتبێ بە نەوعێ کە نەتوانێ لەو تاریکییانە دەرچێ؟ ـ حاشا وە کەللا ـ ئەم دوو ئادەمیزادە وەکوو یەك نین.

﴿كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلْكَـٰفِرِينَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٢٢﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وەکوو چۆن جوانکراوە لەبەر چاوی موسوڵمانانا ئیمان و بیر و باوەڕی جوان و کردەوەی پەسەندی ئینسانانە و موسوڵمانانە، وەها جوانکراوە لەبەر چاوی کافرەکانا ئەوەی کە ئەوان ئەیکەن لە رەفتاری ناشیرین و کردەوەی ناهەموار کە سەرەنجامی بیر و باوەڕی ناهەموارە.

﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ أَكَٰبِرَ مُجْرِمِيهَا لِيَمْكُرُوا۟ فِيهَا ۖ﴾

هەروا لە هەموو ئاوەدانییەکدا پیاوە گەورە دەست رۆیشتووە تاوانبارەکانم کردووە بە کەسانێ کە ناشیرینی کردەوەی خۆیان لە بەرچاوا جوانە لەبەر ئەوە کە لەسەر یاسای هەوای ژیانی جیهانی خۆیانە وە ئێمەیش لەسەر یاسای مۆڵەتدانی خۆمان بەرەڵڵامان کردوون تا ماوەیێ با بە هەموو جۆرێ هاتوچۆ بکەن لە جیهانا و مەکر و حیلە بکەن لەگەڵ موسوڵمانانا و لەگەڵ ئەوانەدا کە هاوبیریان نین.

﴿وَمَا يَمْكُرُونَ إِلَّا بِأَنفُسِهِمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿١٢٣﴾﴾

بەڵام ئەوانە هەر مەکرێ بکەن هەر مەکر بە نەفسی خۆیان ئەکەن نەك بە کەسیتر؛ چونکی هەرچەن بە زاهیر زیان ئەدەن لە فەقیر و هەژار و داماوان، بەڵام ئەنجامەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ سەر خۆیان و زیانی دنیا و قیامەت لە خۆیان ئەدەن، ئەمما لە دنیادا لەبەر ئەوە زاڵ بوون بەسەر حاڵ و ماڵ و پایەدا وەختی و بێدەوامە، وە ئەمما بۆ دواییش خودا ئاگادارە و تۆڵەی لێ ئەکاتەوە.

**فەرموودەی خودا:** ﴿وَإِذَا جَآءَتْهُمْ ءَايَةٌ﴾ **الآية.**

ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە شانی ئەبوجەهل و بازێ لە قورەیشدا؛ وتیان: ئێمە مونافەسەمان کرد لەگەڵ بەنو عەبدیمەنافدا هەتا ئێمە و ئەوان بووین بە دوو

www.iqra.ahlamontada.com

ویڵداش و ئێستە ئەوان داوای سەرۆکایەتی مەعنەوی ئەکەن و کەسێکیان تیا پەیدا بووە داوای ریسالەت ئەکا و ئێمە باوەڕمان نییە بەوان هەتا ئەو فریشتە دێتە لای ئەوان بێتە لای ئێمەیش و خەلاتی ریسالەت نازڵ ببێتە سەر ئێمەیش! جا خودا فەرمووی:

﴿وَإِذَا جَآءَتۡهُمۡ ءَايَةٞ قَالُواْ لَن نُّؤۡمِنَ حَتَّىٰ نُؤۡتَىٰ مِثۡلَ مَآ أُوتِيَ رُسُلُ ٱللَّهِۘ﴾

وە هەر کاتێ ئایەتێ لە لایەنی خوداوە نازڵ ببێ و بگا بەو قورەیشانە ئەڵێن: ئێمە باوەڕ ناکەین بەم ئایەتە هەتا وێنەی ئەوە کە هاتووە بۆ ئەوان بێتە خوارەوە بۆ سەر ئێمەیش.

﴿ٱللَّهُ أَعۡلَمُ حَيۡثُ يَجۡعَلُ رِسَالَتَهُۥۗ﴾

بەڵام ئەو کافرانە بێشوعوورن لەو داوادا کە ئەیکەن، پێغەمبەرایەتی بە تایفە و قەرەباڵغی نییە و بە دەست رۆیین نییە، هەروا بە کەسب و هەوڵدانیش نییە، بەڵکوو بە رەحمەت و میهرەبانی خودایە و خۆی کێ هەڵبژێرێ بۆ ئەم خەلاتە هەڵی ئەبژێرێ، وەکوو ئەفەرموێت لە ئایەتەکەدا.

﴿سَيُصِيبُ ٱلَّذِينَ أَجۡرَمُواْ صَغَارٌ عِندَ ٱللَّهِ وَعَذَابٞ شَدِيدُۢ بِمَا كَانُواْ يَمۡكُرُونَ ١٢٤﴾

لە پاشەڕۆژی نزیکدا ئەگات لە لایەنی ئێمەوە بەو کەسانە کە تاوانبارن و لەسەر تاوانباری دەوام ئەکەن، داماوی و رسوایی و سووکی لە لای خودادا لە رۆژی قیامەتا و عەزابێکی سەخت و دشوار بە هۆی ئەو فرو فێڵەوە کە لەگەڵ بێدەستان و موسوڵمانانا ئەیکەن. ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ دڵگران مەبە لە حاڵی ناباری ئەو کافرانە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهْدِيَهُۥ يَشْرَحْ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ﴾

ئەو کەسەی کە خودا بە عینایەتی خۆی بیەوێ هیدایەتی بدا و رووی بکات لە خێر و پیرۆزی سینەی گوشاد ئەکاتەوە بۆ وەرگرتنی بیرو باوەڕی ئیسلام و بۆ بەجێهێنانی بەندەکانی و خوو و رەوشتی بەرزی پێ ئەدا.

﴿وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُۥ يَجْعَلْ صَدْرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِى ٱلسَّمَآءِ﴾

وە ئەو کەسەیش کە بیەوێ گومڕای بکا سینەی تەنگ و تاریك ئەکا و پڕی ئەکا لە ئازار و بێزاری کاتێ ئەیەوێ لەو حاڵەتەدا باری گران ئەبێ وەك ئەوە وایە بەرزببێتەوە بۆ ئاسمان بە بێ باڵ و بێ چوونە ناو باڵدان.

﴿كَذَٰلِكَ يَجْعَلُ ٱللَّهُ ٱلرِّجْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ۝١٢٥﴾

ئاوەها خودا باری ئازارو بێزاری دڵ ئەهاوێتە سەرشانی ئەو کەسانە کە بەرابەر بە پەیامی خودا و پەیامهێنەرەکان عەناد ئەکەن و مل با نەدەن و ئیمان نایەنن. واتە من کە ئادەمیزادم دروست کردووە عەقڵ و هۆشم پێداوە هەروا بە حەواس و شوعوور و هێزی دەماخ رازاندوومەتەوە و شتێکم پێداوە لە دەستەڵات کە بتوانێ رووبەڕووی پیرۆزی و بەختیاری بجووڵێتەوە و ئەگەر تێکۆشێ لەسەر ئەمرو فەرمانی من هیدایەتی ئەدەم و بڕیارم داوە و وتوومە: ﴿والذين جاهدوا فينا لنهدينهم سبلنا﴾[1] بەڵام ئەگەر دەست بکا بە ئارەزووبازی و رێگەی ناسازی و فرو فێڵ بگرێتە بەر ئەوە منیش باری ئەو ئەگۆڕم و لەگەڵ دەوامی ئەو حاڵە نابارەدا یارمەتی نادەم و هیدایەتی نادەم هەتا ئەگەڕێتەوە بۆ لامان.

---

١. العنكبوت؛ ٦٩.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَهَٰذَا صِرَٰطُ رَبِّكَ مُسۡتَقِيمٗاۗ﴾

وە ئەم ئەحکامی عەقیدە و بیر و باوەڕە رووناکە و ئەم ئەحکامی ئەعمال و کردەوەی چاکە و ئەم ئەخلاق و خوو و رەوشتی بەرزە رێگەی خودای تۆیە و حاڵی وایە رێگەیەکی راستە هەرکەسێ پیا بڕوا ئەگات بە شاری مرادی خۆی.

﴿قَدۡ فَصَّلۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَذَّكَّرُونَ ١٢٦﴾ ۞

وە بەیانی ئەحکامی خۆمان کردووە بە ئایاتی قورئان بۆ کۆمەڵە ئادەمیزادی وەها کە بیر ئەکەنەوە لە سەرەتا و ئەنجامی ئیش و کاردا.

﴿لَهُمۡ دَارُ ٱلسَّلَٰمِ عِندَ رَبِّهِمۡۖ وَهُوَ وَلِيُّهُم بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٢٧﴾

وە بۆ ئەو موسوڵمانانەیە بەهەشت کە «دار السلام»ە و خانووی ئاسایش و جێگەی رەحمەتە، وە ئەم خانووەیشیان لە لای خودای خۆیانەوە دەست کەوتووە بە رەحمەتی ئەو، وە خودا سەردار و دۆست و یارمەتیدەریانە بە هۆی ئەو کردەوانەوە کە کردوویانە لە رەفتاری چاك.

﴿وَيَوۡمَ يَحۡشُرُهُمۡ جَمِيعٗا يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ قَدِ ٱسۡتَكۡثَرۡتُم مِّنَ ٱلۡإِنسِۖ﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست باسی ئەو رۆژە بکە کە خودای تەعالا هەموو ئادەمیزاد و پەری زیندوو ئەکاتەوە و گردیان ئەکاتەوە لە مەیدانی قیامەتا بۆ کیتاب و حیساب و خودای تەعالا ئەڵێت: ئەی کۆمەڵی پەری ئێوە بەشی زۆرتان وەرگرتووە لە ئادەمیزاد بۆ گومڕاهی و هاوبیری خۆتان.

﴿وَقَالَ أَوۡلِيَآؤُهُم مِّنَ ٱلۡإِنسِ رَبَّنَا ٱسۡتَمۡتَعَ بَعۡضُنَا بِبَعۡضٖ وَبَلَغۡنَآ أَجَلَنَا ٱلَّذِيٓ أَجَّلۡتَ لَنَاۚ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە لەو مەیدانەدا کە خودا روو ئەکاتە ئادەمیزادەکانیش و پێیان ئەڵێ: بۆچی کەوتنە دوای بیر و باوەڕی ناباری پەرییەکان؟ ئەڵێن ئەوانەی کە دۆستی جیننی بوون لە ئادەمیزادەکان: ئەی پەروەردگاری ئێمە بازێکمان لە بازێکمان ئیستیفادەی خۆشی و رابواردنی ئەکرد، واتە هۆی کەوتنە شوێنمان بۆ ئەوان ئەوە بوو کە ئەوان بازێ خەیاڵاتی ئارەزووبازی و ناباریان ئەخستە دڵمانەوە و ئێمەیش ئەکەوتینە شوێنیان وەکوو ئەوانیش ئەکەوتنە شوێن ئێمە و لە ژیانی دنیادا رامان بوارد و گەیشتین بەو وادە و سەعاتە کە تۆ بڕیارت دابوو بۆمان و ئێستە واین لە بەر بارەگای تۆدا واین لە مەیدانی حسێبا.

﴿قَالَ ٱلنَّارُ مَثۡوَىٰكُمۡ خَٰلِدِينَ فِيهَآ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ١٢٨﴾

خودایش ئەفەرموێ تازە ئێستە مەجالی عوزرهێنانەوە نییە و پاڕانەوە سوودی نییە و لەسەر بڕیاری خۆم ئاگری دۆزەخ ماوا و مەڵبەندی ئێوەیە هەتا هەتایە مەگەر ئەوەی کە خودا خواستی لەسەر رزگارکردنی بێ وەکوو ئەوانەیان کە ئیمانیان بووە بە خودا و پێغەمبەری خودا و بەس تاوانبار بوون. بە راستی خودا خاوەن حیکمەت و دروستکارییە لە جەزادانەوەی بەندەکانی خۆیدا و زانایشە بە بیر و باوەڕ و کردەوەیان.

﴿وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعۡضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعۡضَۢا بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ١٢٩﴾

هەروەها بازێ لەوانە کە ستەمیان لە خۆیان کرد بە دەرچوون لە یاسای ئایین و ستەمیشیان لە خەڵکی کرد بە دەست بردن بۆ نەفس و ناموسیان ئەیانکەین بە دۆست و هاوڕێی بازێکیان لە ئاگری دۆزەخا بە هۆی ئەو کەسبە ناشیرینانەوە کە کردوویانن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي وَيُنذِرُونَكُمۡ لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ هَٰذَاۚ﴾

جا خودا بانگ ئەکا لە هەموو جین و ئینس و ئەڵێ: ئایا چەن رەهبەرێ لە لایەنی ئێمەوە نەهاتووە بۆ لاتان هەتا لەم ئەحکامی ئیسلام و دینەتان بۆ باس بکەن و ئایاتی منتان بۆ بەیان بکەن و بتانترسێنن لە گەیشتن بەم رۆژە؟

﴿قَالُواْ شَهِدۡنَا عَلَىٰٓ أَنفُسِنَاۖ﴾

ئەوانیش ئەڵێن: ئێمە شەهادەت ئەدەین لەسەر نەفسی خۆمان کە بیرو باوەڕ و کردەوەمان باش نەبووە.

﴿وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا﴾

وە ئەوانە ژیانی دنیا بایی کردبوون و ترسی ئەم رۆژەیان لەلا نەما بوو.

﴿وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰفِرِينَ ١٣٠﴾

وە شایەتییان دا لەسەر نەفسی خۆیان کە بە راستی کافر بوون.

﴿ذَٰلِكَ أَن لَّمۡ يَكُن رَّبُّكَ مُهۡلِكَ ٱلۡقُرَىٰ بِظُلۡمٖ وَأَهۡلُهَا غَٰفِلُونَ ١٣١﴾

ئەمە کە لە رۆژی قیامەتا پرسیار ئەکەم لە ئادەمیزاد و پەری و بە قەی حسێبی خۆیان جەزایان ئەدەمەوە لەبەر ئەوەیە کە من پێغەمبەرانم رەوانە کردووە بۆ لایان و تەمێی کردوون و قەت نەبووە ولاتێ و ئەهلی ولاتێ بفەوتێنێ و ئازاریان بدا بە ستەم و ناحەق و ئەهلی ئەو دێهاتە ئاگادار نەبووبن لە ئەحکامی خودا، بەڵکوو لە پێشا رەهبەرم ناردووە و تەمێی کردوون جا هەرکەسێ ملکێشی کردووە فەوتاندوومە و لە قیامەتیشدا جەزام لێ سەندووە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَلِكُلٍّ دَرَجَٰتٌ مِّمَّا عَمِلُواْۚ﴾

وە بۆ هەرکەسێ لە ئەهلی تەکلیف چەن پایەیێ هەیە لە خوسووسی کردەوە و جەزای کردەوەوە.

﴿وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا يَعۡمَلُونَ ١٣٢﴾

وە بە قەتعی خودای تۆ غافڵ نییە لەوەی کە ئەوان ئەیکەن.

﴿وَرَبُّكَ ٱلۡغَنِيُّ ذُو ٱلرَّحۡمَةِۚ﴾

وە خودای تۆ دەوڵەمەند و بێنیازە لە ئادەمیزاد و پەری و لە غەیری ئەوانیش و لەگەڵ ئەوەیشدا میهرەبانە و خاوەن رەحمەتە کە بە هۆی تاوانەوە بە تەواوی بەربادتان ناکا.

﴿إِن يَشَأۡ يُذۡهِبۡكُمۡ وَيَسۡتَخۡلِفۡ مِنۢ بَعۡدِكُم مَّا يَشَآءُ كَمَآ أَنشَأَكُم مِّن ذُرِّيَّةِ قَوۡمٍ ءَاخَرِينَ ١٣٣﴾

ئەگەرنا ئەگەر خودا خواستی ببێ لاتان ئەبا و ئەتانمرێنێ و بەربادتان ئەکا و لە پاش ئێوە قەومێتر بە دوای ئێوەدا دێنێ لەوانەی کە خۆی خواستی لەسەر بێ وەکوو چۆن ئێوەی دروست کردووە لە تۆوی چەن باوکێکیتر و قەومێکی غەیری ئێوە.

﴿إِنَّ مَا تُوعَدُونَ لَأٓتٖۖ وَمَآ أَنتُم بِمُعۡجِزِينَ ١٣٤﴾

بە راستی ئەوەی کە خودا وەعدەتان پێ ئەدا لە خێر و شەڕ و لە فەوتاندنی ئەهلی ئیفساد و ستەم و لە جەزادانەوەی هەموو خاوەن تەکلیفەکان لەسەر کردەوەی خۆیان لە زۆر و لە کەم هەمووی دێت و دێتەجێ و ئێوە ناتوانن بەرانگاری کاری خودا ببن و یەکێ لەو ئیشانە مەنع بکەن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قُلْ يَٰقَوْمِ ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّى عَامِلٌ﴾

تۆ ئەی رەهبەری خۆشەویست بڵێ پێیان: ئەی قەومی من ئەی کەسانێ کە من لە لایەنی خوداوە رەوانە کراوم بۆ تەمێ و تەربییەت و ئامۆژگاریتان، چیتان لە دەست دێت لە بەرانبەرکێ و موعارەزەی من بیکەن، وە منیش لەسەر ئەو یاسایە خودا ئەمری پێ کردووم کار ئەکەم، واتە تەبلیغی ئەحکامی خودا ئەکەم وە ئەگەر قەومەکەم وەریان‌گرت ئەوە زۆر باشە وە ئەگەر وەریان نەگرت و ئازاری منیان دا من خۆم ئەگرم لەبەر باری خودادا.

﴿فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن تَكُونُ لَهُۥ عَٰقِبَةُ ٱلدَّارِ﴾

وە لەمەولا ئێوە ئەزانن و حاڵی ئەبن کێ لە ئاخرا ئەنجامی خێری ئەبێ لە خانووی دنیادا وە یا لە مەنزڵی رۆژی قیامەتا کام لامان لە ئاگرا ئەبین و کام لامان لە بەهەشتا ئەبین.

﴿إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ١٣٥﴾

بە راستی رووداوی گرنگ ئەمەیە کە ستەمکاران رزگار نابن. جا خودای تەعالا بۆ هەڵچەرخاندنی دڵی هۆشیاران لە بیر و باوەڕی بتپەرستەکان بازێ لە ئاساری باوەڕی بێ‌فەڕیان بەیان ئەکات و ئەفەرموێت:

﴿وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنَ ٱلْحَرْثِ وَٱلْأَنْعَٰمِ نَصِيبًا فَقَالُوا۟ هَٰذَا لِلَّهِ بِزَعْمِهِمْ وَهَٰذَا لِشُرَكَآئِنَا﴾

واتە لە نەفامی بتپەرستەکانە ئەمە کە ئەهاتن ئەوە کە خودای تەعالا دروستی کردووە لە بەرامەی کشتوکاڵ و لە ماڵیاتی زیندوو بەشێکیان دائەنا بۆ خودا، لەگەڵ ئەوەدا ئەگەر تەماشای دروستکردن بکرێ هەموو ئەم جیهانە هەر بۆ خودایە و

www.iqra.ahlamontada.com

کەس بەشی تێدا نییە. وە ئەیانوت: ئەم بەشە بۆ خودایە و پێویستە لە ڕێگەی ڕەزای ئەوا سەرف بکرێ، ئەمەیشیان بە درۆ ئەوت و بە خیلافی نیەتی دڵیان بوو، وە ئەم بەشەیش بۆ ئەوانەیە کە ئێمە دامان ناون بە هاوڕێی خودا.

﴿فَمَا كَانَ لِشُرَكَآئِهِمْ فَلَا يَصِلُ إِلَى ٱللَّهِ ۖ وَمَا كَانَ لِلَّهِ فَهُوَ يَصِلُ إِلَىٰ شُرَكَآئِهِمْ ۗ﴾

وە لە پاش سەرفکردنی بازێ لەو ماڵانە ئەگەر بەشەکەی خودا ببڕایەتەوە ئەوە لە بەشی هاوڕێکان هیچ نەئەخرایە لای خوداوە و ئیتر بێبەش ئەمایەوە، وە ئەگەر بەشی شەریکەکان تەواو ببوایە و سەرف بکرایە لە دەست و پەیوەندی بتەکاندا ئەهاتن لە بەشەکەی خودا پینەیان ئەکرد، واتە لەو بەشی خودایانە ئەخستە سەر بەشی شەریکەکان، کەوابوو گەلێ جار بەشەکەی خودا نەدەما بەڵام بەشی شەریکەکان قەت بنەبڕ نەدەبوو.

﴿سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿١٣٦﴾﴾

زۆر ناشیرینە ئەمەی ئەوان بڕیاریان ئەدا.

﴿وَكَذَٰلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٍ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ قَتْلَ أَوْلَـٰدِهِمْ شُرَكَآؤُهُمْ لِيُرْدُوهُمْ وَلِيَلْبِسُواْ عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ ۖ﴾

واتە هەر وەکوو ئەو کافرانە گۆمڕا بووبوون و ماڵیان بەش ئەکرد لە بەینی خودای تەعالا و بتەکانا هەروەها گومڕاهییەکی تریان بەسەرا هاتبوو کە بریتییە لەمە: ئەو بتانە، واتە ئەو شەیاتینی جین و ئینسە کە ئەوانی فێری بتپەرستی کردبوو و جوانی کردبوو لە پێش چاوی کافرە موشریکەکانا کە نەتەوەکانیان ـ هەرکام کچ بن ـ بیانکوژن و زیندەبەچاڵیان بکەن لەبەر هەندێ شوبهەی بێسەرو پێ، وەکوو ترسی

www.iqra.ahlamontada.com

عار یا هێرشی دوژمنی بەدکار، ئەو شەیتانانەیش ئەم بیرە نابارانەیان بۆیە خستبووە دڵی کافرەکانەوە هەتا زۆرتر هیلاك و ماڵوێرانیان بکەن و دووریان بخەنەوە لە دین، وە بۆ ئەوە کە ئەسڵی دینە راستەکەی ئیبراهیمی خەلیل عليه السلام کە تەوحید بوو بیگۆڕن لەسەریان.

﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ ۝١٣٧﴾

وە ئەگەر خودا خواستی لەسەر بوایە کە ئەو کافرانە مەنع بکا لەو کارە نابارە نەیانئەکرد، بەڵام لە ئەساسا مەجبوور نییە بە زۆر ئەو خەڵکە بێنێت بۆ سەر باری راستی، بە تایبەتی کە ئەوانە عەقڵ و هۆشی خۆیان زایە ئەکرد بۆ شتی پڕوپووچ، دە وازیان لێ بینن لەگەڵ ئەو ئیفتیرا و درۆ و دەلەسە با دەوام بکەن.

﴿وَقَالُواْ هَٰذِهِۦٓ أَنْعَٰمٌ وَحَرْثٌ حِجْرٌ لَّا يَطْعَمُهَآ إِلَّا مَن نَّشَآءُ بِزَعْمِهِمْ وَأَنْعَٰمٌ حُرِّمَتْ ظُهُورُهَا وَأَنْعَٰمٌ لَّا يَذْكُرُونَ ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَيْهَا ٱفْتِرَآءً عَلَيْهِۚ﴾

وە لە جوملەی بیر و باوەڕە هەڵە نابارەکەیانە ئەمە کە ئەیانوت: ئەم بەشی شەریکانە بریتییە لە مەڕو وشتر و گاو بزنێ کە مەمنووعن لە هەموو کەسێ و لێیان ناچەژێ ـ لە سەریان و لە بەریان ـ ئەو کەسانە نەبێ کە ئێمە خواستمان لەسەری بێ وەکوو خزمەتکاری پەیوەندەی دەربارەی بتەکان، ئەمەیش هەر زەعم و درۆ و دەلەسە بوو ئەگەرنا لە ژێرەوە چۆن ئارەزوویان بکردایە سەرفیان ئەکردن. وە ئەیانوت بازێ‌تر لە وشتر وماڵیاتمان پشتیان حەرام کراوە کەس سواریان نابێ و باریان پێ نابەن، وە بازێ وشتری وەهایش کە لە کاتی سەربڕینیانا ناوی خودایان لەسەر نابەن و بەس ناوی بتەکان ئەبرێ، وە ئەمەیش بە هۆی درۆ هەڵبەستنەوە لەسەر خودای عالەم، ئەنا خودا بەم شتە پووچانە رازی نییە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿سَيَجْزِيهِم بِمَا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ۝١٣٨﴾

خودا لەمەولا تۆڵە لەو کافرانە ئەستێنێ بە هۆی ئەوەوە کە ئەم درۆ و دەلەسە هەڵئەبەستن.

﴿وَقَالُوا۟ مَا فِى بُطُونِ هَـٰذِهِ ٱلْأَنْعَـٰمِ خَالِصَةٌ لِّذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ عَلَىٰٓ أَزْوَٰجِنَا ۖ وَإِن يَكُن مَّيْتَةً فَهُمْ فِيهِ شُرَكَآءُ ۚ﴾

وە لە جوملەی ئاساری بیرو باوەڕی ناباری ئەوانە ئەمە کە ئەیانوت: ئەوەی وا لە سکی ئەم وشترانەدا کە «بەحیرە» و «سائیبە»ن خاسە بە ئەولادی نێرینەی ئێمەوە و حەرامە لەسەر کچەکانمان، بەڵام ئەگەر بە مردوویی داکەوت ئەوە هەردوو بەشە نەوەکانمان، چ کچ چ کوڕ، شەریکن تیایا و گۆشتەکەی بخۆن، واتە ئەوانە مردارەوەبوویان ئەخوارد.

﴿سَيَجْزِيهِمْ وَصْفَهُمْ ۚ إِنَّهُۥ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ۝١٣٩﴾

خودا لەمەولا جەزایان ئەداتەوە لەسەر ئەم وەسف و بەیانە درۆیانە بەڵام خودا کاتی بۆ داناوە؛ چونکی بە راستی خودا لە کردەوەی خۆیا خاوەن حیکمەتە و زانایە بە بیر و باوەڕ و خودا زەڕەی لێ ون نابێ.

﴿قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓا۟ أَوْلَـٰدَهُمْ سَفَهًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ وَحَرَّمُوا۟ مَا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُ ٱفْتِرَآءً عَلَى ٱللَّهِ ۚ﴾

بە راستی زیانمەند بوون ئەو کافرانە کە ئەولادی خۆیان کوشتووە وە یا ئەیکوژن بە بێهۆشی بە بێعیلم و زانست و ئەوانەیش کە حەرامیان کردووە لەسەر خۆیان ئەوەی کە خودا کردوویەتی بە رۆزی ئەوان بە شێوەی ئیفتیرا لەسەر خودا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قَدْ ضَلُّوا وَمَا كَانُوا مُهْتَدِينَ ﴿١٤٠﴾﴾

بە راستی ئەمانە گومڕا بوون و ئەمانە شارەزا نەبوون و نابن بۆ ڕێگەی راست.

﴿وَهُوَ الَّذِي أَنشَأَ جَنَّاتٍ مَّعْرُوشَاتٍ وَغَيْرَ مَعْرُوشَاتٍ وَالنَّخْلَ وَالزَّرْعَ مُخْتَلِفًا أُكُلُهُ وَالزَّيْتُونَ وَالرُّمَّانَ مُتَشَابِهًا وَغَيْرَ مُتَشَابِهٍ﴾

خودا ئەو خودایە کە دروستی کردووە بۆ ئێوە باخ و داری بڵند لە سەر کەپر و نزمی عەرزی بێکەپر و دارخورما و کشتوکاڵتان کە لە ئەنواعی خواردەمەنی لێ پەیدا ئەبێ و زەیتوون و هەناری وا کە بازێکیان لە یەك ئەچن و بازێکیان لە یەك ناچن و جیاوازن.

﴿كُلُوا مِن ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ﴾

وە خودا بە زمانی غەیبی بانگیان لێ ئەکا: بخۆن لەو بەرانە کاتێ کە پێگەیشتن.

﴿وَآتُوا حَقَّهُ يَوْمَ حَصَادِهِ﴾

وە حەقی واجبی خودای لێ بدەن لەو ڕۆژەدا کە درەو ئەکرێن و دەرامەیان وەرئەگیرێ.

﴿وَلَا تُسْرِفُوا﴾

بەڵام زیادەڕەوی مەکەن لە سەرفا و هەمیشە ئیعتیدال و میانەکاری رابگرن ئەمە بۆ ژین و دین بەسوودە.

﴿إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ ﴿١٤١﴾﴾

بە راستی خودای تەعالا زیادەڕەوانی خۆش ناوێ؛ چونکی زیادەڕەوی ئەبێ بە هۆی زیانی دین و دونیا.

www.iqra.ahlamontada.com

بزانن! زانایانی ئایین لەسەر مەعنای: ﴿وآتوا حقه يوم حصاده﴾ چەن بیر و رایەکیان دەربڕیوە:

[بیری یەکەم:] ئەنەسی کوڕی مالیك و ئیبنوعەباس و تاووس و حەسەنی بەسری و ئیبنوزەید و ئیبنولحەنەفییە و زەحاك و سەعیدی کوڕی موسەییب فەرموویانە: ئەم حەقە زەکاتە و دە یەك تا بیست یەکە و لەسەر ئەم بیرەیە ئەسحابی ئیمامی شافعی رحمه الله. وە وتراوە کە ئەم ئایەتە لە مەدینەی مونەوەرەدا نازڵ بووە؛ چونکی زەکات لەوێ فەرز کراوە.

[بیری] دووەم: بیری عەلی کوڕی ئیمامی حسەین و عەتا و حەکەم و حەماد و سەعیدی کوڕی جوبەیر و موجاهیدە، ئەمانە فەرموویانە: ئەم حەقە غیری زەکاتە و خودا ئەمری کردووە بدرێ، بەڵام بە شێوەی سونەت نەك فەرز، وە ئەمە ریوایەت کراوە لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و موحەممەدی کوڕی حەنەفییەوە، وە ئەبووسەعیدی خدری ریوایەتی کردووە لە حەزرەتەوە ﷺ.

بیری سێهەم ئەمەیە: کە ئەمە حەقێ بووە لە شاری مەککەدا بەڵام مەنسووخە بە حەقی زەکات؛ چونکە ئەم ئایەتە مەکییە و زەکات لە مەدینەدا فەرز کراوە بە ئایاتی زەکات و بە ئایەتی: ﴿خذ من أموالهم صدقة﴾[١] و ئەمسالی ئەمانە.

ئەمجار بزانن بینا لەسەر ئەوە کە ئەم ئایەتە بۆ زەکات بێ، ئیمامی ئەبوحەنیفە رحمه الله ئیستیدلالی کردووە بە عومومی ئایاتی زەکات و بە زاهیری حەدیسی: «فيما سقت السماء العشر، و فيما سقي بنضح أو دالية نصف العشر» کە زەکات واجبە لە هەر شتێ لەوەدا کە زەوی بیڕوێنێ خواردەمەنی یا غەیری خواردەمەنی، هەروا بەو حەدیسەیش کە ریوایەت کراوە لە حەزرەتی عائیشەوە رضي الله عنها کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «فيما

١. التوبة: ١٠٣.

www.iqra.ahlamontada.com

أنبتت الأرض من الخضر زكاة»، بەڵام موحەدیسەکان فەرموویانە: لە باوەڕپێکراوانی ئەسحابی مەنسوور ـ کە لە عائیشەوە ریوایەتی کردووە ـ کەسیان بەم جۆرە ریوایەتیان نەکردووە و ئەم لەفزە قەوڵی ئیبراهیمە و بەس.

وە کۆمەڵەی زاناکان تەحقیقی عوموومی ئایەت و حەدیسەکەیان کردووە بە فەرمودەی حەزرەت ﷺ: «لیس في ما دون خمسة أوسق من تمر أو حب صدقة» وە ئیمامی شافیعی ﵀ لەسەر ئەم بیرەیە.

وە ئیرشادی ئینسان ئەکا بۆ حەقیقەتی حاڵ کە خودای تەعالا لە پێش وەفاتی حەزرەتا دینی ئیسلامی بە تەواوی دامەزراند و فەرموویەتی: ﴿الیوم أكملت لكم دينكم و أتممت عليكم نعمتي﴾[1] هەروا موحەققەقە کە حەزرەت هیچ حوکمێ لە ئەحکامی دینی کەتم نەکردووە بە تایبەتی ئوسووڵی ئەحکام، وە خودا فەرموویەتی: ﴿يا أيها الرسول بلغ ما أنزل إليك من ربك و إن لم تفعل فما بلغت رسالته﴾،[2] وە خەڵکی ئەترافی مەدینەی مونەووەرە و مەککە و نەفسی ئەو شوێنانە ئەزانن کە لە «طائف» و بازێ شوێنیترا هەنار و قۆخ و پرتەقاڵ و کاڵەك و شووتی و خەیار بووە و کەس نەیبیستووە کە حەزرەت ﷺ باسی زەکاتیان بکا.

«بناء علیه» بیری جومهوور دامەزراوە لەسەر ئەمە کە ئەوەی لە عەرز دەرئەچێ ئەبێ لە قووت بێ، واتە لەوانە کە ژیواریان پێ ئەکرێ لە ئیختیارا وەکوو گەنم و جۆ و برنج و زەڕات و خورما و ترێ و مێوژ. نەك لە باقی شتەکانا کە ژیواریان پێ ناکرێ. هەروا ئەبێ میقدارەکەیشیان بگات بە پێنج ویسق، وەکوو لە شەرعا باس کراوە. وە «جوهری» ئەڵێ: ویسق عبارەتە لە: شەست ساع، وە خەلیل ئەڵێ: ویسق باری وشترە یانی پێنج ویسق ئەکاتە پێنج بار.

---

١. المائدة؛ ٣.

٢. المائدة؛ ٦٧.

www.iqra.ahlamontada.com

وە ئێمە تاقیقمان کرد لە پێنج ویسقەکە بە تەنەکەی نەوت چل و پێنج تەنەکەی دارماڵە، وە بە کیلۆ حەوسەد و بیست کیلۆیە. جا باش لەم باسە ئاگادار بن.

﴿وَمِنَ ٱلْأَنْعَٰمِ حَمُولَةً وَفَرْشًاۚ﴾

وە خودا دروستی کردووە بۆتان لە «أنعام»دا بارەبەر وەکوو وشتر و گا، وە فەرش کە لە لای بازێ مەعنای ئەوەیە لە خوری و مووەکەیان فەرش دروست ئەکرێ. وە بازێ فەرموویانە: مانای فەرش ئەوەیە بدرێ بە زەویدا و سەری ببڕن.

﴿كُلُوا۟ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِۚ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿١٤٢﴾﴾

دەی بخۆن لە هەموو ئەم شتانە کە خودا کردوویە بە رزقتان چ لەوەی لە عەرز دەرچووە چ لە گۆشتی گیانلەبەرانی حەڵاڵ وە مەکەونە شوێن ڕەفتاری شەیتان و لە خۆتانەوە گۆشتی بازە حەیوانێ حەرام مەکەن؛ چونکی شەیتان دوژمنێکی دیارییە بۆ ئێوە.

﴿ثَمَٰنِيَةَ أَزْوَٰجٍۖ﴾

ئەم «حەموولە» و «فەرشە» کە حەیوانی زبرە و وردەیە هەشت جینسن:

﴿مِّنَ ٱلضَّأْنِ ٱثْنَيْنِ وَمِنَ ٱلْمَعْزِ ٱثْنَيْنِۗ﴾

لە نەوعی مەڕدا دوان: نێر و مێیەك. مەڕ و بەرانێك. وە لە بزنیشا دوان: بزنێك و سابرێنێ.

﴿قُلْ ءَآلذَّكَرَيْنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلْأُنثَيَيْنِ أَمَّا ٱشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ أَرْحَامُ ٱلْأُنثَيَيْنِۖ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ بەوکافرانە: ئایا خودا ئەو دوو نێرەی حەرام کرد؟ یا ئەو دوو مێیە، یا ئەو بەچکە کە ئەرحام و منداڵدانی مێچکەکان داگیری کردبوو؟

﴿نَبِّـُٔونِي بِعِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ١٤٣﴾

خەبەرم بدەنێ بە خەبەرێ کە لە عیلم و زانستی راستەوە پەیدا ببێ ئەگەر ئێوە راست ئەکەن.

﴿وَمِنَ ٱلْإِبِلِ ٱثْنَيْنِ وَمِنَ ٱلْبَقَرِ ٱثْنَيْنِ ۗ﴾

وە لە نەوعی وشتر دوان، نێر و مێیەك. وە لە نەوعی رەشە ولاخ دوان، گایەك و مانگایەك.

﴿قُلْ ءَآلذَّكَرَيْنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلْأُنثَيَيْنِ أَمَّا ٱشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ أَرْحَامُ ٱلْأُنثَيَيْنِ ۖ﴾

تۆ بڵێ بەو کافرانە: ئایا خودا ئەو دوو نێرەی لەو دوو نەوعە راکێشاوە و حەرامی کردوون لە سەرتان گۆشتیان بخۆن؟ یا ئەو دوو مێچکەیە وە یاخود ئەو دوو بەچکەیە کە منداڵدانی ئەو مێچکانە داگیری کردووە؟

﴿أَمْ كُنتُمْ شُهَدَآءَ إِذْ وَصَّىٰكُمُ ٱللَّهُ بِهَٰذَا ۚ﴾

یا خەیر ئەم حوکمانە بە هۆی مواجەهە و رووبەڕووەوە وەرتان گرتووە و خۆتان لەو کاتەدا حازر بوون کە خودا ئامۆژگاری کردوون پێی؟

﴿فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا لِّيُضِلَّ ٱلنَّاسَ بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ﴾

دەی کێ زاڵمترە لەو کەسە کە درۆ هەڵئەبەستێ لەسەر خودا بۆ ئەوە کە خەڵکی وەها گومڕا بکا بە بێ عیلم و زانست؟

www.iqra.ahlamontada.com

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ١٤٤﴾

بە راستی خودای تەعالا ڕێنومایی زاڵمان و زۆرداران ناکا و یارمەتییان نادا.

﴿قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٖ يَطۡعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيۡتَةً أَوۡ دَمٗا مَّسۡفُوحًا أَوۡ لَحۡمَ خِنزِيرٖ فَإِنَّهُۥ رِجۡسٌ أَوۡ فِسۡقًا أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦۚ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ١٤٥﴾

جا تۆ ـ ئەی پێغەمبەر ـ بۆ دەفعی شوبهەی خەڵك ئیعلان بکە و بڵێ: من لەو کەلامی خودادا کە بە وەحی ئەگات بە من نابینم حەرام لەسەر تەعام خۆرێ مەگەر ئەو مردارەوەبووە بێ یاخود خوێنێکی ڕژاو بێ یا گۆشتی بەراز؛ چونکی بە راستی ئەوە پیسە؛ یا حەیوانێکی سەربڕاوی خاریج لە یاسای ئیسلام بێ بەم ڕەنگە لە کاتی سەربڕینیا ناوی غەیری خودای لەسەر برابێ، جا هەرکەس ناچار ببێ بۆ خواردنی ئەم جۆرە شتانە ئەگەر تەجاوز نەکا بەسەر بەشی کەسا ـ وەکوو دوو ناچار یەکێکیان بەشی خۆی و ڕەفیقەکەی بخوات ـ و لا نەدا لە ئەندازەی خۆیشی بە زۆر خواردن، ئەوە بزانن خودای تەعلا بەرابەر بەو کەسە تاوانپۆش و میهرەبانە. ئەم یاسا کە باسمان کرد بۆ ئوممەتی ئیسلامە.

﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمۡنَا كُلَّ ذِي ظُفُرٖۖ﴾

وە لە وەختی خۆیا لەسەر ئەو کەسانە کە دینی یەهوودیان بوو حەراممان کرد لەسەریان خواردنی گۆشتی هەر گیانلەبەرێ کە پەنجەی پێی لکابێ بە یەکەوە جا لە گیانلەبەری زبرەدا وەکوو وشتر و وشترمرغ کە پارچەی پێیان یەك جیلمەیە و پارچە پارچە نییە، وە لە وردەدا وەکوو سۆنە و قاز.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَمِنَ ٱلْبَقَرِ وَٱلْغَنَمِ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ شُحُومَهُمَآ إِلَّا مَا حَمَلَتْ ظُهُورُهُمَآ أَوِ ٱلْحَوَايَآ أَوْ مَا ٱخْتَلَطَ بِعَظْمٍ﴾

وە لە گا و مانگا لە هەر سنفێ ببن و لە مەڕ حەرامیمان کرد لەسەر جوولەکە پیوەکەیان جگە لەوەی پەیوەندی هەبێ بە پشتیانەوە یا ئەوەی کە ناوسکی حەیوانەکان پەیوەندی هەبێ پێیەوە یا ئەوەی کە تێکەڵی ئێسقان بێ.

﴿ذَٰلِكَ جَزَيْنَٰهُم بِبَغْيِهِمْ﴾

بەم جۆرە حەرامکردنی گۆشتە جەزای ئەو جوولەکانەم دایەوە لەبەر ناباری و لادانیان لە یاسای ئەحکامی من.

﴿وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ١٤٦﴾

وە بە راستی ئێمە راستین لە ئەخبار و گێڕانەوەی ئەحکامدا.

جابیر ریوایەتی کردووە لە پێغەمبەرەوە ﷺ فەرموویەتی: خودا جوولەکە بکوژێ و غەزەبیان لێ بگرێ کاتێ خودا پیوی مەڕ و گا و مانگای لەسەر حەرامکردن هەستان پیوەکەیان توانەوە و فرۆشتیان و پارەکەیان خوارد.

﴿فَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل رَّبُّكُمْ ذُو رَحْمَةٍ وَٰسِعَةٍ﴾

جا ئەگەر ئەو جوولەکانە باوەڕیان پێ نەکردیت لە گێڕانەوەی ئەم ئەحکامانەدا تۆ پێیان بڵێ: خودای ئێوە خاوەن میهرەبانییەکی گوشادە. لەوانەیە مۆڵەتتان بدا و تۆڵەتان دوا بخات.

﴿وَلَا يُرَدُّ بَأْسُهُۥ عَنِ ٱلْقَوْمِ ٱلْمُجْرِمِينَ ١٤٧﴾

بەڵام مانای وا نییە کە تۆڵەکەی دوا خست ئیتر وازیان لێ بێنێ، تۆڵەی خودا لە تاوانباران ناگەڕێتەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكْنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن شَىْءٍ ۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ حَتَّىٰ ذَاقُوا۟ بَأْسَنَا ۗ﴾

به راستی ئەو موشریکانە قسەیەکی پووچ و دەلیلێکی بێبناغە دێننەوە و ئەڵێن: ئێمە کە موشریکین نابین بە جێگەی تۆڵە؛ چونکی لەسەر خواستی خودا بووە ئەو ئیشراکی ئێمە و شتێ کە لەسەر خواستی ئەو بێ چاوپۆشی لێ کراوە! لە واقیعدا ئەگەر خودا مەیلی لەسەر ئەوە بوایە کە ئێمە شەریکی بۆ قەرار نەدەین نە ئێمە و نە باوك و باپیرانمان شتی وامان نەدەکرد و هیچ گۆشتێکیشمان حەرام نەدەکرد! جا خودا بە درۆیان ئەخاتەوە نەك لەبەر ئەوە کە قسەکەیان درۆیە، بەڵکوو لەبەر ئەوە ئەو قسە لەگەڵ ئەوەدا کە راستە دەرمانی دەردی ئەوان ناکا لەبەر ئەوە لە کاتی ئەوەدا کە ئێمە کردەوەیێ ئەکەین ئاگامان لەوە نییە کە خودا ئەو شتەی ئیرادە کردووە هەتا ئەیکەین وە لەو کاتەدا دەست ئەکەن بە کارەکە لەسەر خیلافی ئەمری خودا و پێغەمبەرە و ئەوان بە ئارەزوو و بە ئینکاری ئەیکەن و لە یاسای ئەمری خودا و پێغەمبەری خودا دەرئەچن.

وە لە لایەکیترەوە موافەقە لەگەڵ خواستی خودادا نابێ بە هۆی ئەوە کە ئەو شتە پەسەند بێ لە لای خودا؛ چونکی خودا ئیرادەی غەیری مەحەبەتە و هەرچی روو بدا لە دنیادا لە کردەوەی نابار وەکوو کوشتنی بێتاوان و دەست بردن بۆ ماڵ و ناموسی خەڵك، هەمووی لەسەر ئیرادەیە هەموویشی تاوانبارییە.

بە کورتی ئەوان لە پێشا کە دەست ئەکەن بە ئیشراکەکەیان نازانن کە موافیقی ئیرادەیانە هەتا رابوردووە، وە لەسەر فەرزی زانستیشیان بەو ئیرادە موافەقەی ئیرادە وەختێ ئەبێ بە عوزر کە لەگەڵ موافەقەی ئەمردا بێ وە مادام خودا بە شەریك قەراردان رازی نییە و ئەمریشی پێ نەکردووە ئەبێ بە تاوانی نابار لە سەریان، هەروا

www.iqra.ahlamontada.com

حەرامکردنی بەحیرە و سائیبە و باقی ئەو شتانە کە بە خیلافی ئەمری خودا کردوویانە. وە خودا ئەفەرموێت کافرە پێشووەکانیش هەر ئەم دەلیلە نەخۆشەیان ئەهێنایەوە بۆ کوفر و لادانیان.

﴿قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَآ﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست پێیان بڵێ: ئایا لە لاتان هەیە عیلم بە دەلیلێکی وا بشێ بۆ دەلیل لەسەر ئەم ئیشراکەتان هەتا دەری‌ببڕن بۆمان، وە یا بەڵگەیەکتان لە لایە لە خوسووسی عیلمتان بە ئیرادەی خودا لە پێش موباشەرەکەتانا هەتا دەری‌بخەن بۆمان؟ حاشا عیلمیان نییە و بەڵگەی عیلمییان نییە. ئەم کافرانە لەم شەریك قەراردان و حەلاڵ بە حەرام زانینەدا هەر لەسەر گومان ئەڕۆن وەکوو خودا ئەفەرموێت:

﴿إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ ﴿١٤٨﴾﴾

واتە ئێوە لەم داوادا کە ئەیکەن و لە پاش ئەوە کە لاتان دا لە ڕێگە، ئیستیدلال ئەکەن بە ئیرادە و لە پێش ڕووداوەکەدا ئامادەیی خۆتان ڕوو ئەکەنە تاوانباری و هەر شوێنی گومان و بیر و باوەڕی ناتەواو ئەکەون و درۆ هەڵئەبەستن بە دەمی خوداوە لەمەدا کە ئەڵێن خودا ئەم وەزعی ئێمەیە پێ خۆشە.

﴿قُلْ فَلِلَّهِ ٱلْحُجَّةُ ٱلْبَٰلِغَةُ فَلَوْ شَآءَ لَهَدَىٰكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿١٤٩﴾﴾

یانی: ئەی خۆشەویست بڵێ بەو کافرە موشریکانە: مادام ئێوە لەسەر ئەو ئەساسە ئەڵێن: «لو شاء الله ما أشركنا...» ئەگەر خودا خواستی وابوایە بە زۆر ئێوە موسوڵمان بکا ئێوە موسوڵمان ئەبوون ئەم جارە بزانن کە حوججەت و دەلیلی بەهێز هەر بۆ خودایە؛ چونکی ڕاستە ئەگەر خودا خواستی وابوایە بە زۆر ئێوە موسوڵمان بکا ئەیتوانی هەمووتان موسوڵمان بکا، وە ئێمە ئینکاری ئەوە ناکەین، بەڵام خودا نایەوێ

www.iqra.ahlamontada.com

بە زۆر کەس موسوڵمان بکا و ئەیەوێ ئێوە و غەیری ئێوەیش بە ئارەزووی خۆتان و خواستی خۆتان ڕێگەی تەوحید و ئیسلامییەت بگرن بۆ ئەوە هەرکەسێ ئیتاعەی نەکرد جەزای بداتەوە بە دۆزەخ و باس لەسەر ڕەغبەتە نەك زۆرکاری.

﴿قُلْ هَلُمَّ شُهَدَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ يَشْهَدُونَ أَنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَ هَٰذَا ۖ﴾

ئەی پێغەمبەری ڕەهبەر بڵێ بەوانە کە ئەڵێن ئەم تەحریم و تەحلیلە کە ئێمە ئەیکەین هەمووی لە لایەنی خوداوەیە و خودا پێیان ڕازییە، حازر بکەن ئەو شاهیدانە کە شایەتیتان بۆ ئەدەن بەوەی کە ئەوەی ئێوە حەرامی ئەکەن خودا حەرامی کردووە و ئێوە لەسەر ڕەزای خودا ئەم تەشریعانە ئەکەن؛ چونکی ئینسان هەر داوایێ بکا یا ئەبێ داواکەی ئاشکرا بێ وە یا ئەبێ بە بەڵگەیێ ئیسباتی بکا.

﴿فَإِن شَهِدُوا۟ فَلَا تَشْهَدْ مَعَهُمْ ۚ﴾

جا ئەگەر چەن کەسێکیان هێنا کە شایەتی بدەن لەسەر ئەو داوای ئەوانە ئەوە تۆ شایەتییان لەگەڵدا مەدە.

﴿وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ﴾

وە مەکەوە شوێن ئارەزووی ئەو کەسانە کە ئایاتی ئێمە بە درۆ ئەخەنەوە و ئەو کەسانە کە ئیمان نایەنن بە ڕۆژی قیامەت.

﴿وَهُم بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ ١٥٠﴾ ❁

وە ئەوانە هاوێنە بۆ خودای خۆیان بڕیار ئەدەن.

﴿قُلْ تَعَالَوْا۟ أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ ۖ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

تۆ ئەی پێغەمبەری رەهبەر بڵێ بە ئادەمیزادی رۆژی خۆت: وەرن بۆ لام هەتا بخوێنمەوە بە سەرتانا ئەوەی کە خودای گەورە بە روونی و گرنگی لە بابەتی بیر و باوەڕەوە حەرامی کردووە لەسەرتان.

﴿أَلَّا تُشْرِكُوا۟ بِهِۦ شَيْـًٔا ۖ﴾

ئەمەیە بە هیچ جۆرێ شەریك و هاوڕێ بۆ خودای خۆتان بڕیار نەدەن و کەس غەیری ئەو بە «واجب الوجود» و پەروەردگار نەزانن و کەس بە شیاوی ئەوە نەزانن کە عیبادەتی بۆ بکرێ غەیری ئەو.

وە لە بابەتی شەرم و حەیا و خزمەتی باوك و دایکتانا بە هیچ جۆرێ ئازاری دڵ رەوا مەبینن بۆ دایك و باوکتان.

﴿وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَـٰنًا ۖ﴾

وە چاکە بکەن لەگەڵ باوك و دایکتانا لە مەسرەف کێشانیاندا و لە ملکەچ‌کردندا بۆیان و بە وەرگرتنی فەرمانیان و بە گوێ راگرتن بۆ ئامۆژگارییان.

﴿وَلَا تَقْتُلُوٓا۟ أَوْلَـٰدَكُم مِّنْ إِمْلَـٰقٍ ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ ۖ﴾

وە ئەولادی خۆتان مەکوژن لە هۆی نەبوونی دارایی و ماڵەوە ئێمە رزقی ئێوە و ئەوانیش ئەدەین.

﴿وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ ۖ﴾

وە نزیکی گوناهی گەورە مەکەون ئەوەی کە وا بەدەرەوە و خەڵك پێی ئەزانێ وەکوو ماڵ تاڵان کردن و سووککردنی موسوڵمانان و شەرابخواردن، وە ئەوەی خەڵك پێی نازانێ وەکوو دەست بردن بۆ ناموسی خەڵك و بۆ ماڵیان بە دزییەوە.

﴿وَلَا تَقْتُلُوا۟ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ۚ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە ئەو نەفسانە کە خودا حەرامی کردوون لەسەرتان مەیانکوژن بە هۆی ئەمری خوداوە نەبێ وەکوو قیساس لە پیاو کوژ، وە یا سەنگەسار کردنی ئەهلی زینا وە یا بە هۆی وەرگەڕانیەوە لە دینی ئیسلام.

﴿ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ١٥١﴾

ئەمانە خودای تەعالا ئامۆژگاریتانی پێ کردووە و ئەیکا و ئەم ئامۆژگارییەیشی بۆیە ئەکا بەڵکوو ئێوە عەقڵ بخەنە کار بۆ کەسبی بەختیاری و پیرۆزی دنیا و قیامەت بۆ خۆتان.

﴿وَلَا تَقۡرَبُواْ مَالَ ٱلۡيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ﴾

وە قەت نزیکی ماڵی هەتیو مەکەون مەگەر بە شێوەیێ کە جوانترین شێوەی عادەتی بێ وەکوو خزمەتکردنی و پاراستنی و زیادکردنی بە شێوەی ڕەوای ئایینی.

﴿حَتَّىٰ يَبۡلُغَ أَشُدَّهُۥۖ﴾

هەتا ئەگاتە حاڵی هێز و تەوانایی لەش و هۆشیاری ئەو کە کاتی بلووغە.

﴿وَأَوۡفُواْ ٱلۡكَيۡلَ وَٱلۡمِيزَانَ بِٱلۡقِسۡطِۖ﴾

وە پێوانە و کێشانەتان لە مامەڵەدا تەواو بکەن بۆ ماڵسێن بە شێوەی ڕاساڵی شەرعی.

﴿لَا نُكَلِّفُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَاۖ﴾

وە ئێمە لەم داواکردنی ڕاساڵیتانە لە مامەڵەدا هیچ کەسێ تەکلیف ناکەین لەوە زیاتر کە لە هێز و تەوانایا هەیە ئەگەر غەرامێ یا چەن غەرامێ کەم و زیاد هەڵکەوت ئەوە چاوپۆشی لێ ئەکرێ.

﴿وَإِذَا قُلۡتُمۡ فَٱعۡدِلُواْ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە هەر کاتێ قسەیەکتان وت لە شایەتیدا یا لە ریوایەتا وە یا لە حوکم و فەسڵی خوسوومەتا وە یا لە گێڕانەوەی وتارا لە عادەتا راست بڕۆن لەو وتارەدا.

﴿وَلَوۡ كَانَ ذَا قُرۡبَىٰۖ﴾

هەرچەن ئەو کەسەیش کە دەربارەی ئەو قسەکە ئەکەن خزمتان بێ.

﴿وَبِعَهۡدِ ٱللَّهِ أَوۡفُواْۚ﴾

وە وەفا بکەن بە هەر عەهدێ کە لەگەڵ خودادا کردتان؛ بەم جۆرە نەزرێکتان کردبێ لەسەر خۆتان یا بە شایەتی خودا تەوبەتان کردبێ لە تاوانێ وە یا هەر شتێ کە خودا بڕیاری داوە لە سەرتان بە وێنەی عەهدێ کە لە بەینی دوو کەسا رابوردبێ وەکوو عەهدی نوێژ و رۆژوو و زەکات و حەج و جیهاد و ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە بە راستی و تەواوی بە جێی بێنن. وە یاخود بە هەر عەهدێکی شەرعی کە لەگەڵ موسوڵمانێکدا کردبێتتان وەکوو عەهدی موسالەحە و پەیمانی دۆستی لە نێوان دوو تایفەدا ئەکرێ وە خودای تێدا ئەکرێ بە شایەت وەفا بکەن و مەیشکێنن. یاخود هەر وەعدەیەکتان دا بە یەکێ لە کارێکی حەڵاڵدا رایبوێرن و بەجێی بێنن و خیلافی وەعدە مەکەن.

﴿ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ١٥٢﴾

ئەمانە کە بۆتان خوێنرایەوە شتێکن خودای تەعالا وەسیەتی بۆ کردوون جا رجا وایە ئێوە باسی ئەوە بکەن کە عەهدی خودای تەعالا واجبە چاودێری بکرێ.

﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ﴾

وە ئەمانەی کە لەم سوورەتەدا نازڵمان کردوون ئەمانە رێگەی ئایینی منن و حاڵیان وایە کە راستن و پێویستە ئێوە پەیڕەوییان بکەن.

﴿وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە مەکەونە شوێنی هەواو ئەدیانی جیا جیا و مەکەونە دوای بیر و رای عالمانی بێعینایەت و ریعایەت وە مەکەونە دووی بیرو باوەڕی کۆمەڵە کۆمەڵەکانی ئادەمیزاد لەو بەندانەی کە بە هەوای خۆیان دروستی ئەکەن هەتا ئەو حاڵە ئێوە بڵاوە پێ بکا و دوورتان بخاتەوە لە رێگەی راستی خودای تەعالا.

﴿ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾﴾

ئەم ئامۆژگارییە جوانانە خودای تەعالا وەسیەت و ئامۆژگاری ئێوەی پێ کردووە بەڵکوو خۆتان بپارێزن لە سزای خودا و لە دنیادا لە مەینەت و لە دوارۆژدا لە تۆڵە رزگار ببن.

ریوایەت کراوە لە عەبدوڵڵاوە فەرموویەتی: کەسێ حەز ئەکا تەماشای نامەیێ بکا کە مۆری موحەممەدی پێوەیە با ئەم سێ ئایەتە بخوێنێتەوە؛ لە «قل تعالوا...» هەتا «تتقون». واتە ئەم ئایەتانە لەبەر ئەوە لە موحکەماتن و بیرو باوەڕی بەرز و ئەحکامی خوو و رەوشتی بڵندی ئیسلامییان تێدایە و هەرچیان تێدایە لە دینا بە حورمەتن هەموو نووسرابوونەوە لە نامەیەکدا و بە مۆری حەزرەت ﷺ مۆر کرابوون.

وە لە واقیعدا سەری هەموو باوەڕێ، باوەڕە بە خودای تەنیا و سەری هەموو حەیا و شەرمێ، حەیایە لە باوك و دایك و بناغەی نووری دڵ، خۆپاراستنە لە گوناهی گەورە و هۆی سەربەرزی، زیان نەگەیاندنە بە نەفس و نامووس و ماڵ و حاڵی خەڵك بە تایبەتی ئەوانەی کە زەعیف و داماون وەکوو هەتیو. وە پاکی ئینسان لەسەر دەستپاکییەتی لە موعامەلەدا و هۆی باوەڕ بە ئینسان راستوتارییە. وە مایەی بەرزی ئوممەت ئەمەیە رێگەیان یەك رێ بێ و راست و بەجێ بێ. وە هەموو ئەمانە لەم چەند ئایەتەدا هەن.

﴿ثُمَّ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ تَمَامًا عَلَى ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

پاش ئەوە کە ئەم باسانەم بۆ کردن بزانن تەوراتمان دا بە مووسا بۆ تەواو کردنی نیعمەتەکانم لەسەر ئەو و لەسەر بەنیئیسرائیل ئەوانەیان کردەوەیان باش بوو وە عیبادەتیان بە باشی ئەکرد.

﴿وَتَفْصِيلًا لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً﴾

وە بۆ رووناك کردنەوەی هەموو ئاداب و ئەحکامی دین لە هەموو بابەتێکەوە و بۆ شارەزا کردنی بەنیئیسرائیل بۆ رێگەی خودا پەرستی و بۆ دەربڕینی میهرەبانی خۆم لەسەریان.

﴿لَّعَلَّهُم بِلِقَاءِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ ﴿١٥٤﴾﴾

وە لەم هەموو میهرەبانییەدا مەبەست ئەوە بوو بەڵکوو ئەو بەنیئیسرائیلیانە ئیمان بێنن بە رۆژی قیامەت و بە لیقای خودای خۆیان.

﴿وَهَٰذَا كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ فَاتَّبِعُوهُ وَاتَّقُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿١٥٥﴾﴾

وە ئەم قورئانەیش کە ناردوومە بۆ سەر حەزرەتی موحەممەد ﷺ کتێبێکی پیرۆزە؛ دەی بکەونە شوێنی و لە خودا بترسن لە چاودێری عیبارەت و ئیشارەت و دەلالەت و ئەنوار و ئەسراری ئەم کتێبە بە هیوای ئەوە کە لە لایەنی خوداوە میهرەبانیتان لەگەڵا بکرێ.

﴿أَن تَقُولُوا إِنَّمَا أُنزِلَ الْكِتَابُ عَلَىٰ طَائِفَتَيْنِ مِن قَبْلِنَا وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمْ لَغَافِلِينَ ﴿١٥٦﴾﴾

مەبادا بڵێن: کتێبێ نەهاتووەتە خوارەوە ئیللا بۆ سەر دوو تایفە لە پێش زەمانی ئێمەدا کە بریتین لە جوولەکە و گاور و بە راستی ئێمەیش لە خوێندن و خوێندەواری وێنەی ئەوان بێئاگا بووین و مادام کتێب بۆ ئێمە نەهاتووە ئێمە عەلاقەمان نییە بە شەریعەتی ئەوانەوە و لە لایەنی خوداوە موکەللەف نین.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿أَوْ تَقُولُوا۟ لَوْ أَنَّآ أُنزِلَ عَلَيْنَا ٱلْكِتَـٰبُ لَكُنَّآ أَهْدَىٰ مِنْهُمْ ۚ﴾

یاخود بڵێن: ئەی قەومی حیجاز ئەگەر کتێبێ نازڵ ببوایە بۆ سەر ئێمە ئەوە ئێمە شارەزاتر ئەبووین لە بەنیئیسرائیلیەکان بە ئەحکامی دین و چالاکتریش ئەبووین لە رەفتاردا.

﴿فَقَدْ جَآءَكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ ۚ﴾

ئەوە بە راستی هات بۆتان دەلیل و بورهانێکی قەتعی لە لایەنی خودای خۆتانەوە و هات بۆتان کتێبێ کە هۆی شارەزا بوونتانە بۆ رێگەی دین و ئەو کتێبە میهرەبانی و نیعمەتی خودایە بۆ ئێوە.

﴿فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَّبَ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ وَصَدَفَ عَنْهَا ۗ﴾

جا ئەوە کێیە زاڵمتر بێ لەو کەسە کە ئایاتی خودا بە درۆ بخاتەوە و پشتی لێ هەڵبکا؟

﴿سَنَجْزِى ٱلَّذِينَ يَصْدِفُونَ عَنْ ءَايَـٰتِنَا سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ بِمَا كَانُوا۟ يَصْدِفُونَ ١٥٧﴾

لەمەولا سزای ئەو کەسانە ئەدەین کە لا ئەدەن لە ئایەتەکانی ئێمە بە سزادانێکی سەخت و ناهەموار بە هۆی ئەوەوە کە لە ئایاتی ئێمە لایان ئەدا.

﴿هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأْتِيَهُمُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ أَوْ يَأْتِىَ رَبُّكَ أَوْ يَأْتِىَ بَعْضُ ءَايَـٰتِ رَبِّكَ ۗ﴾

ئەم کافرانی مەککە ئەوەندە سەرسەخت و بەدبەختن چاوەڕوانی ناکەن بۆ فریشتەی گیانکێشان نەبێ بۆ سەریان یا بۆ هاتنی ئەمری خودا بە فەوتانی گشتی یا بۆ هاتنی بازێ لە ئایاتی هاتنی رۆژی قیامەت وەکوو دەرچوونی رۆژ لە خۆرنشینەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿يَوۡمَ يَأۡتِي بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفۡسًا إِيمَٰنُهَا لَمۡ تَكُنۡ ءَامَنَتۡ مِن قَبۡلُ أَوۡ كَسَبَتۡ فِيٓ إِيمَٰنِهَا خَيۡرًاۗ﴾

وە لەو ڕۆژەدا کە ئەو بازە ئایەتی نیشانەی هەڵسانی قیامەتە بێت سوود نادا ئیمانهێنان و موسوڵمان بوونی هیچ کەسێ کە لە پێش ئەو ڕۆژەدا ئیمانی نەهێنابێ وە یا ئیمان و کردەوەی چاکەی نەبووبێ. واتە سوودوەرگر لە ئیمان کەسێکە یا هەر تەنیا ئیمانەکەی بووبێ لە پێشا یاخود ئیمان و کردەوەی باشیشی بووبێ ئەگەرنا یەکێ لە پاش ئەو ئایەتە ئیمان بێنێ ئەوە ئیمانەکەی بێسوودە و تۆبە کردنیشی نابوود و نامەقبووڵ و نارەوایە.

﴿قُلِ ٱنتَظِرُوٓاْ إِنَّا مُنتَظِرُونَ ١٥٨﴾

ئەی پێغەمبەری ڕەهبەر بڵێ بەو کافرانە: مادام ئێوە حاڵتان وەهایە چاوەڕێ بن بۆ یەکێ لەوانە وە ئێمەیش چاوەڕێ ئەبین.

بزانن! ئەم ئایەتە هاتووە لە مەقامی نائومێدی دەربڕین لە ئیمانی ئەو کافرە ملهوڕانە و لە عەینی کاتا هەڕەشەیشە لەوانە کە تووشی یەکێ لەم مسیبەتانە ئەبن یا یەکە یەکە بە کافری ئەمرن، وە یا سزای گشتییان لە لایەنی خوداوە بۆ دێت، وە یا خود هەروا دەوام ئەکەن هەتا دەرگای تۆبەیان لێ دائەخرێ، ئەگەرنا لە واقیعدا ئەوانە چاوەڕێی ئەم شتانەیان نەکردووە هەر ئەوەندە بووە باوەڕیان بە دین و ڕەهبەری پێغەمبەر نەبووە و بە مەغرووری ژیاون هەتا لە جیهانا ماون.

ئەبووهورەیرە ریوایەتی کردووە لە پێغەمبەرەوە ئەفەرموێت: ڕۆژی قیامەت نایەت هەتا ڕۆژ نەگەڕێتەوە، کاتێ کە ڕۆژ گەڕایەوە خەڵك هەموو ئیمان دێنن، بەڵام ئەو ئیمانەیان کاتێکە هیچ سوودێ نابەخشێ.

www.iqra.ahlamontada.com

هەروا ئەبووهورەیرە ریوایەتی کردووە لە پێغەمبەرەوە کە فەرموویەتی: سێ شت دەرئەکەون کە ئەوانە دەرکەوتن ئیتر ئیمانهێنان سوودی نییە: دەجال هەڵسان، پەیدابوونی «دابة الأرض»، گەڕانەوەی رۆژ لە خۆرئاواوە بۆ خۆرهەڵات.

جا لەبەر ئەوە کە موشریکەکانی حیجاز لایان دا بوو لە ئایینی ئیبراهیمی خەلیل و بتپەرستییان وەرگرتبوو و هەر کۆمەڵێ لەسەر بتێ و لەسەر ئەخلاقێ بوون هەروا گاور و جوولەکەیش هەموو جیاجیا و بەش بەش بووبوون لە ئادابا و ئەم بڵاوەبوونی ئادەمیزادە لە بیر و باوەڕدا لەگەڵ یاسای دینا رێ ناکەوێ خودای تەعالا حەزرەتی موحەممەدی ﷺ ئاگادار کردەوە لە راستی کە یەکیەتی دڵ و مەبدەء و ئامانجە و فەرموی:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍۚ﴾

بە راستی ئەو کەسانە کە دینی خۆیان بڵاو کردووەتەوە بە چەن بەش و هەر کۆمەڵێ بەشێ لەوەیان وەرگرتووە و بوون بە چەن تیرە و تایفە ئەوە بزانە تۆ لەوانە نیت، وە یا تۆ حەقت نییە بە سەر بڵاوی و جیاوازی ئەوانەوە.

﴿إِنَّمَآ أَمْرُهُمْ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ ١٥٩﴾

کاری ئەوانە و پاداشی بیر و باوەڕ و کردەوەیان حەواڵەی خودایە، جا لە رۆژی خۆیا خودا ئاگاداریان ئەکا بە جەزای ئەوەی کە ئەوان لەمەوپێش کردوویانە.

**لێرەدا چەن باسێ هەیە:**

یەکەم: هیچ ئوممەتێ لە جیهانا ژیواری بەختیاری و کامەرانی نەبووە و نابێ بێیاسا و مەبدەء، وە کۆمەڵی بێمەبدەء ئەبێ بە شۆڕش و ئاژاوە بژی و ئاژاوەیش جگە لە بەدبەختی ئەنجامی نابێ.

www.iqra.ahlamontada.com

دووەم: مەبدەء هێزێکی ئەوێ بۆ ئەوەی پێی تەتبیق بکرێ ئەگەرنا یاسایێ هەر نووسراو بێ و کەس نەیبا بە رێوە ئەنجامی هەر بێ‌ئەنجامییە، وە ئەم هێزەیش بریتییە لە فەرمانداریێ کە هەڵبژێرریێ بۆ ئیدارەی ئەو ئوممەتە و بۆ تەتبیقی ئەو مەبدەء و یاسایە. وە ئەم هەڵبژاردنەیش پێویستە لە هۆشیارانی ئەو ئوممەتەوە بێ و بە ئازادی بە بێ‌زۆر و روو ئەو فەرماندارە هەڵبژێرن و ئەویش بەجێ‌هێنانی مەبدەئەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی.

سێهەم: هیچ ئوممەتێ نەبووە و نابێ لە کاتی دەربڕینی عەقیدە و بیرو باوەڕا ئیختیلافیان نەبێ چونکە ئەفکار جیاجیان، کەوابێ چاری دەفعی ئەم ئیختیلافە ئەمەیە کە دەقەکانی ئەو دەستوور و مەبدەئە کە هەیانە بکرێ بە حاکم لەسەر هەموو خاوەن بیرەکان و تا ئەتوانن لەو دەقانە دەرنەچن.

کە ئەم قسانە دامەزران بزانن پێویستە ئەو ئوممەتە هەمیشە لە کاتی جیاوازیدا لای زۆربە بگرن و هەر بیرێ پاڵپشتی زۆر بوو لە هۆشیارانی ئەهلی نیزام ئەو بیرە بکرێ بە یاسای رەفتاری رۆژ.

جا کاتێ ئێمە تەماشای ئەم قسانەمان کرد ئەزانین لە عالەمی دینی ئیسلاما کە مەبدەئەکەی قورئانی پیرۆزە قەت ئوممەتێ نەبووە بە قەدەری ئوممەتی ئیسلام دەقی مەبدەء رابگرێ، وە ئەو جیاوازییانە کە لە بەینی زانایانی دیندا بووە و هەیە لە ئەسڵی دیندا نییە بەڵکوو لە بازێ مادەدا هەیە کە لە فورووع و لە ئەحکامی عەمەلییەن و دوورکەوتنەوەی ئوممەت بە تەواوی لە جیاوازی لە فورووعدا وەکوو مەحاڵ وایە و ئەم جۆرە جیاوازییە زیان لە کیانی دین نادا.

﴿مَن جَآءَ بِٱلۡحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشۡرُ أَمۡثَالِهَاۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا يُجۡزَىٰٓ إِلَّا مِثۡلَهَا وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ١٦٠﴾

www.iqra.ahlamontada.com

هەرکەسێ کردەوەیەکی باش و موافیقی حەق بکا، ئەوە دە قاتی کردەوەکەی پاداشی باشی هەیە، وە هەرکەسێ کردەوەیەکی خراپ بکا هەر بە قەی ئەوە تۆڵەی هەیە و زیادەی نییە؛ چونکی ستەم ڕەوا نادرێ بۆ کەس بە تایبەتی بۆ ئەوانە کە وان لە مەیدانی فەرمانی خودادا.

ئەبووهورەیرە ریوایەتی کردووە لە پێغەمبەرەوە کە خودا فەرموویەتی: هەر کاتێ بەندەی من ویستی چاکەیەك بکا و نەیکرد پاداشی یەك چاکەی بۆ بنووسن وە ئەگەر کردی پاداشی دە چاکەی بۆ بنووسن. وە ئەگەر ویستی خراپەیەك بکا و نەیکرد هیچی لەسەر مەنووسن، وە ئەگەر کردی تۆڵەی یەك خراپەکەی لەسەر بنووسن و دوایی ئەم ئایەتەی خوێندەوە:

﴿من جاء بالحسنة فله عشر أمثالها و من جاء بالسيئة فلا يجزى إلا مثلها وهم لا يظلمون﴾.

﴿قُلْ إِنَّنِي هَدَىٰنِي رَبِّيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ دِينًا قِيَمًا مِّلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا ۚ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٦١﴾﴾

تۆ ئەی ڕەهبەری خۆشەویست لە مەقامی باسی نازو نیعمەتی خوادا بڵێ: بە ڕاستی خودا منی شارەزا کردووە بۆ ڕێگەی ڕاست کە بریتییە لە دین و ئایینێکی ڕاوەستاوی دامەزراو کە بریتییە لە دینی تەوحید کە دینی ئیبراهیمی خەلیلە و ئیبراهیم حاڵی وابوو لای دابوو لە هەموو شێوەیەکی نابار و لە هەموو ئایینێکی ناهەموار بۆ لای دینی پاکی ئیسلام و لە موشریکەکان نەبوو.

﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦٢﴾﴾

تۆ بڵێ: بە ڕاستی نوێژی من و ئادابی حەجکردنم و ژیان و مردنم هەر بۆ خودایە و بە دەستی ئەوە و پاداشم لای ئەوە، ئەو خودایە کە پەروەردگاری هەموو عالەمە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿لَا شَرِيكَ لَهُۥ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُسْلِمِينَ ١٦٣﴾

هیچ شەریك و هاوڕێ نییە بۆ ئەو خودایە و من ئەمرم بەمە پێ کراوە وا بڵێم و من لە ئەووەڵ موسوڵمانەکانم بە نیسبەتی ئەم ئوممەتەوە کە من ڕەهبەری ئەوانم.

﴿قُلْ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْغِى رَبًّا وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَىْءٍ﴾

تۆ بڵێ: چۆن ئەبێ من بێجگە لە خودای عالەم بۆ خودایەکی‌تر بگەڕێم و داخوازی بەندەیی ئەو بکەم کەچی خودای من خودای هەموو شتێکە؟!

﴿وَلَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ إِلَّا عَلَيْهَا وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾

وە بڕیاری ئەوەی داوە کە هەر نەفسێ کاسبی ناکا لەسەر خۆی نەبێ، وە هیچ کەسێکی تاوانبار باری کەس هەڵناگرێ و تاوانی کەسێکی‌تر ناخرێتە سەرشانی.

﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ١٦٤﴾

جا پاش ئەم ژیانە و لە دوای چەرخی ئەم جیهانە گەڕانەوەتان بۆ لای خودای خۆتانە جا خودا خەبەرتان پێ ئەدا بە حەق لەو شتانەدا کە جیاوازیتان هەبووە تیایانا.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَكُمْ خَلَٰٓئِفَ ٱلْأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ﴾

خودا ئەو خودایەیە کە ئێوەی ڕیزکردووە لە عالەمی وجوودا بازێکتان بە شوێن بازێکتاندا دائەنیشێ لە عەرزا وە بازێکتانی بەرز کردووەتەوە بەسەر بازێکتانا بە چەن پایە و پلەیێ.

﴿لِّيَبْلُوَكُمْ فِى مَآ ءَاتَىٰكُمْ﴾

بۆ ئەوە کە تاقیتان بکاتەوە لەو پایەدا کە پێی داون.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ ٱلْعِقَابِ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌۢ ﴿١٦٥﴾﴾

جا بزانن خودا کە خواستی لەسەر تۆڵە سەندن بێ بە گورجی تۆڵە ئەستێنێ وە بە راستی خودا تاوانپۆش و میهرەبانە.

www.iqra.ahlamontada.com

**سورة الأعراف مكية إلا من آية "١٦٣" إلى "١٧٠" فمدنية، و آياتها "٢٠٨" نزلت بعد سورة ص.**

**[سووره‌تی ئه‌عراف، مه‌ککه‌ییییه، مه‌گه‌ر له‌ ئایه‌تی "١٦٣" تا "١٧٠" نه‌بێ که‌ مه‌دینه‌ییییه، له‌دوای سووره‌تی "ص" هاتووه‌ته‌ خواره‌وه‌ و "٢٠٨" ئایه‌ته‌]**

ئه‌م سووره‌ته‌ ناوبراوه‌ به‌ سووره‌تی «ئه‌عراف» له‌ به‌ر ناوبردنی «أعراف» له‌ ئایه‌تی: ﴿وعلى الأعراف رجال...﴾ و ئایه‌تی: ﴿ونادى أصحاب الأعراف رجالاً﴾ دا.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿الٓمٓصٓ ﴿١﴾﴾

خودای ته‌عالا خۆی ئه‌زانێ مه‌به‌ستی چی بووه‌ به‌م که‌لیمه‌.

﴿كِتَٰبٌ أُنزِلَ إِلَيْكَ فَلَا يَكُن فِى صَدْرِكَ حَرَجٌ مِّنْهُ لِتُنذِرَ بِهِۦ وَذِكْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢﴾﴾

واته‌ ئه‌مه‌ کتێبێکه‌ نازڵکراوه‌ بۆ لای تۆ و پێویسته‌ تۆ بیگه‌یه‌نی به‌ خاوه‌ن هۆشان و هه‌موویان بترسێنی له‌ سزای رۆژی قیامه‌ت له‌ کاتی نافه‌رمانی خودادا. وه‌ ئه‌وانه‌ که‌ موسوڵمان و خاوه‌ن ئیمانن به‌م کتێبه‌ بیریان تازه‌ بکه‌یته‌وه‌ و حه‌ق بخه‌یته‌ به‌رچاویان

www.iqra.ahlamontada.com

و بە یاسای عادەت لەم گەیاندنی کیتابەدا ئازارت تووش ئەبێ و گیرۆدەی ئینسانی دوور لە ماریفەت ئەبی دەی با دڵت تەنگ نەبێ و لە سینەتا ئازار نەبێ لەم هۆوە؛ چونکی ئەمە یاسای رەهبەرانە لە جیهانا.

﴿ ٱتَّبِعُوا۟ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ ﴾

بکەونە دوای ئەوەی لە لای خوداوە بۆتان نازڵکراوە و مەکەونە دووی ئەوانەی کە کردوونتان بە دۆستی خۆتان بێجگە لە خودای تەعالا.

﴿ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٣﴾ ﴾

وە لە کەمێ جارا ئێوە بیر لە حاڵی خۆتان ئەکەنەوە و لە ئەنجامی ژیانتان تێدەفکرن ئەگەرنا کردەوەتان وا نەدەبوو.

﴿ وَكَم مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَٰهَا فَجَآءَهَا بَأْسُنَا بَيَٰتًا أَوْ هُمْ قَآئِلُونَ ﴿٤﴾ ﴾

وە زۆر ئاواییمان وێران کرد و ئەهلەکەیمان لە ناو برد لەبەر بەدکردەوەیی خۆیان و ئەوسزا کە بۆم حەواڵە کردبوون هات بۆیان لە کاتی شەودا لە گەرمە خەودا وە یاخود لەکاتی نوستنی نیوەڕۆدا و لەو کاتەدا کە ئەوان نوستبوون!

﴿ فَمَا كَانَ دَعْوَىٰهُمْ إِذْ جَآءَهُم بَأْسُنَآ إِلَّآ أَن قَالُوٓا۟ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٥﴾ ﴾

وە لە کاتی هاتنی سزاکەماندا هیچ قسە و باسێکیان بۆ نەمابووەوە ئەوە نەبێ کە ئەیانوت: بە راستی ئێمە ستەمکار بووین و لە فەرمانی خودا دەرچووین.

﴿ فَلَنَسْـَٔلَنَّ ٱلَّذِينَ أُرْسِلَ إِلَيْهِمْ وَلَنَسْـَٔلَنَّ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٦﴾ ﴾

وە بە راستی بێگومان و بێشوبهە لە رۆژی قیامەتا پرسیار ئەکەین لەو کافرانە: کە پێغەمبەرەکانمان رەوانە کردبوو بۆ لایان بۆچی بە گوێی رەهبەرەکانیان نەکرد؟ وە پرسیاریش ئەکەین لەو پێغەمبەرانە کە رەوانەکراون بۆ لای ئەوان: کە ئەو کافرانە

www.iqra.ahlamontada.com

چۆن وەڵامی ئێوەیان دایەوە؟ لە بەرچی ملەجرِەیان کرد لە وەرگرتنی دەستووری ئێوە؟

﴿فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِم بِعِلْمٍ وَمَا كُنَّا غَآئِبِينَ ﴿٧﴾﴾

وە لەو کاتەدا کە پێغەمبەرەکان ئەڵێن ئێمە باش ئاگادار نین لە وەڵامی کافرەکان ئێمە هەموو ماجەرایان بۆ ئەگێرِینەوە لە رووی زانستەوە؛ چونکی ئێمە لەو رەهبەرانە و لە ئوممەتەکەیان غائیب نەبووین هەتا شتێکمان لە هەواڵیان لێ گوم ببێ.

﴿وَٱلْوَزْنُ يَوْمَئِذٍ ٱلْحَقُّ﴾

جا کێشانی کردەوەی خاوەن تەکلیفەکان لەو رۆژەدا لە ئادەمیزاد و پەری گەورە و بچووك دارا و نەدارا هەموو راستە.

﴿فَمَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٨﴾ وَمَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُم بِمَا كَانُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا يَظْلِمُونَ ﴿٩﴾﴾

جا هەرکەس کێشانەی کردەوەی چاکەی گران بێ ئەوە ئەوانە رزگارن لە سزا و ئازار، وە هەر کەسێکیش کێشانەی کردەوەی سووك بێ ئەوە زەرەرمەند و رەنج لەکیس چووە بە هۆی ئەوەوە کە لە خوسووسی ئایەتەکانی ئێمەوە غەدریان کردووە و ئینکاریان کردووە.

﴿وَلَقَدْ مَكَّنَّـٰكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَـٰيِشَ﴾

وە بە راستی من ئێوەم دامەزراندووە لە زەویدا و ئەسبابی ژین و ژیوارمان بۆ دانان و مەیدانی کاسبیمان پێدان.

﴿قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ ﴿١٠﴾﴾

بەڵام ئێوە کەم جار سوپاسی نیعمەتی خودا ئەکەن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَـٰكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَـٰكُمْ﴾

بە راستی باوکی ئێوە ئادەممان دروست کرد و ئەمرمان کرد کە بازێ گڵیان هێنا و شێلایان و کردیان بە قوڕێکی ساف، پاش ئەوە شێوە و پەیکەرمان بۆ دروست کردن تا بوو بە ئادەمیزادێکی باش.

﴿ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلَـٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِـَٔادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ لَمْ يَكُن مِّنَ ٱلسَّـٰجِدِينَ ﴿١١﴾﴾

ئەمرمان کرد بە فریشتەکان پێمان وتن: کە سوجدە ببەنە بەر حەزرەتی ئادەم جا هەموویان سوجدەیان برد بۆ ئادەم شەیتان نەبێ ئەو موبالاتی نەکرد و لە کۆمەڵی سوجدەبەرەکان نەبوو.

﴿قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ ۖ قَالَ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِى مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُۥ مِن طِينٍ ﴿١٢﴾﴾

خودا فەرمووی: ئەی ئیبلیس ئەوە چی تۆی مەنع کرد و بوو بە هۆی ئەوە کە سوجدە نەبەی بۆ ئادەم لەو کاتەدا کە من ئەمرم پێ کردیت؟ ئیبلیس لە وەڵاما وتی: من زاتێکی باشتر و عونسورێکی بەرێزترم لە ئادەم؛ تۆ منت دروستکردووە لە ئاگری رووناك و ئادەمت دروستکردووە لە گڵ.

﴿قَالَ فَٱهْبِطْ مِنْهَا فَمَا يَكُونُ لَكَ أَن تَتَكَبَّرَ فِيهَا﴾

خودایش فەرمووی: دەی داپەڕە خوارەوە لە بەهەشت و بۆ تۆ رەوا نییە کە فیز و دەمار بکەی لە بەهەشت؛ چونکە بەهەشت جێگای چاکانە و جێی خراپکاری تێدا نابێتەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَٱخۡرُجۡ إِنَّكَ مِنَ ٱلصَّٰغِرِينَ ١٣﴾

دەی دەرچۆ لە جێگای ڕێز بە راستی تۆ لەوانەی کە قەدریان ناگیرێ.

﴿قَالَ أَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ١٤﴾

ئەویش وتی: خودایا مادام لەسەر سوجدە نەبردن بۆ ئادەم منت دەرکرد مۆڵەتم بدە تا رۆژی قیامەت دادێ و مەیدانی وەسوەسە نامێنێ، هەتا بە ئارەزووی خۆم نەوەی ئادەم گومڕا بکەم.

﴿قَالَ إِنَّكَ مِنَ ٱلۡمُنظَرِينَ ١٥﴾

خودایش فەرمووی: بە راستی تۆ لەوانەی کە مۆڵەتیان دراوە تا ئەو کاتەی داوات کرد.

﴿قَالَ فَبِمَآ أَغۡوَيۡتَنِي لَأَقۡعُدَنَّ لَهُمۡ صِرَٰطَكَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ١٦﴾

شەیتانیش وتی: مادام تۆ گومڕات کردم ئەبێ من دابنیشم لەسەر ڕێگەی راستی تۆ کە دینی ئیسلامە بۆیان بۆ ئەوە کە بە ئارەزووی دنیا و پایەی و مایە تەفرەیان بدەم هەتا لە ڕێگە دەربچن.

﴿ثُمَّ لَأٓتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ وَعَنۡ أَيۡمَٰنِهِمۡ وَعَن شَمَآئِلِهِمۡۖ﴾

وە لە پاش ئەوە کە ڕێگەی دینی ئیسلامم لێ گرتن دێم بۆیان لە بەردەمەوە و لە پشتەوە و لە چەپ و راستەوە، واتە بە هەموو جۆرێ کە بکرێ موحاوەلە ئەکەم بۆ ئەوە لە دین لایان‌دەم و گومڕایان بکەم و بیان‌کەم بە پەیڕەوی خۆم.

بازێ فەرموویانە: یانی دێم بۆ ئەو موسوڵمانانە لە ڕێگەی قیامەتەوە بە ئینکاری بوونی یا بە ئینکاری سزاکەی وە لە ڕێگەی دنیاوە بە جوانکردنی لە پێش چاویان، وە لە ڕێگەی خەیراتەوە بۆ خودا کە نەکەین یاخود عوجبی پێ پەیدا بکەن و لە خۆیان بایی ببن، وە لە ڕێگەی کردەوەی خراپەوە بەم جۆرە وایان لێ ئەکەم کە زۆر

www.iqra.ahlamontada.com

کردەوەی شەڕ بکەن وە یا بە حەلاڵی بزانن وە یا تەوبەی لێ نەکەن، وە بەم جۆرانە مەشغووڵیان ئەبم هەتا زاڵ ئەبم بە سەریانا و لە دین لایان ئەدەم.

﴿وَلَا تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَٰكِرِينَ ﴿١٧﴾﴾

وە لە ئەنجاما دەرئەکەوێ کە زۆربەی ئەو عیبادانە فەرمانی تۆ نابەن بەڕێوە و ئیتاعەت ناکەن.

﴿قَالَ ٱخْرُجْ مِنْهَا مَذْءُومًا مَّدْحُورًا ۖ لَّمَن تَبِعَكَ مِنْهُمْ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿١٨﴾﴾

جا خودای تەعالا فەرمووی بە شەیتان: دە دەرچۆ لە بەهەشت بە بەدناوی و دەرکراوی سوێند ئەخۆم هەرکەس لەوان شوێنی تۆ بکەوێ و پەیڕەوی تۆ بکا ئەوە دۆزەختان لێ پڕ ئەکەم، واتە دۆزەخ پڕ ئەکەم لە شەیتان و پەیڕەوەکانی لە ئادەمیزاد و پەری.

﴿وَيَٰٓـَٔادَمُ ٱسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ ٱلْجَنَّةَ﴾

ئەی ئادەم نیشتەجێ ببە تۆ و ژنەکەت و دامەزرێن لە بەهەشتا بە ئازادی و دڵشادی.

﴿فَكُلَا مِنْ حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٩﴾﴾

وە خواردەمەنی بخۆن لەم بەهەشتەدا لە هەر شوێنێکەوە ئارەزووتان لێ هەیە؛ چونکی بەهەشت وەکوو باخی سەرزەوی نییە لە بازێ کاتا خاوەن میوە و خاوەن بەر بێ و لە بازێ کاتا بێبەرگ و بێسەمەر بێ، وە نیعمەتەکانی و میوەی دارەکانی لە هەموو کاتێکدا هەن و نابڕێنەوە. بەڵام نزیکی ئەم دارە مەکەونەوە کە داری گەنمە هەتاکوو نەبن بە خاوەن ئارەزووی فاسید و داخڵی کۆمەڵی ستەمکاران ببن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَوَسۡوَسَ لَهُمَا ٱلشَّيۡطَٰنُ﴾

جا شەیتان لەبەر ئەو دوژمنایەتییە کە بووی لەگەڵ ئادەما بە هۆی ئەوەوە بوو بە هۆی دەرچوونی لە بارەگای رەحمەتی خودا و لەسەر ئەو مۆڵەتەی کە پێی درابوو لە لایەنی خوداوە بۆ تەفرەدانی ئادەم و ئادەمیزاد، دەستی کرد بە فرەدانی وەسوەسە و خەیاڵاتی پووچ بۆ دەماخی ئادەم و حەوا بۆ ئەوە کە لەو دارە نەهی لێ کراوە بخۆن.

﴿لِيُبۡدِيَ لَهُمَا مَا وُۥرِيَ عَنۡهُمَا مِن سَوۡءَٰتِهِمَا﴾

هەتا بە هۆی خواردنەکەوە موحتاجی سەراو ببن و ئەو عەورەتەیان کە لەوەپێش بە پەردەی کەرەمی خودایی داپۆشراوە دەربکەوێ و ئەو یاسای ژیانە کە خودا بۆی داناون تێك بچێ؛ چونکی خودا نیعمەتێ دای بە هەرکەسێ هەڵی ناگرێ هەتا خاوەن نیعمەتەکە ئەبێ بە هۆی لابردنی.

﴿وَقَالَ مَا نَهَىٰكُمَا رَبُّكُمَا عَنۡ هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةِ إِلَّآ أَن تَكُونَا مَلَكَيۡنِ أَوۡ تَكُونَا مِنَ ٱلۡخَٰلِدِينَ ٢٠﴾

وە شەیتانی نەفرین لێکراو وەسوەسەی خستە دڵیانەوە و وتی: لەو دارە بخۆن، ئەوانیش وتیان: ناتوانین لێی بخۆین خودا نەهی کردووین لە خواردنی ئەوە، ئەویش وتی: گوێم لێ بگرن پێتان ئەڵێم: ئێوە بەراوردی جیهانتان نەکردووە و سەرتان نەبردووەتە ناو کارەوە، راستە خودا نەهی کردووە لێتان بەڵام ئەو نەهیەی لەبەر ئەوە لێ نەکردوون کە حەز ناکا بە خواردنی ئەو گەنمە هێزتان زۆر ببێ لەسەر عیبادەت و ببن بە فریشتە وە یا لەشتان ئەستوور و خۆگر ببێ و موقاوەمەی دەرد و بەڵا بکا و هەتا هەتایە بژین. وەرن لێی بخۆن هەتا دڵتان بەهێز ئەبێ و لەشتان خۆی ئەگرێ

www.iqra.ahlamontada.com

لەسەر عیبادەت و بەرانبەرکێی پێ ئەکرێ بۆ دەرد و بەڵا. ئەوسا وەکوو فریشتە عیبادەت ئەکەن بە وێنەی نزیکەکانی بارەگا و دەوام ئەکەن هەتا هەتایە.

﴿ وَقَاسَمَهُمَآ إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ ٱلنَّٰصِحِينَ ﴿٢١﴾ ﴾

وە لەبەر ئەوە کە ئادەم و حەوا لە ئەووەڵەوە دوودڵ بوون و قسەکەی ئیبلیسیان باش وەرنەگرت هات سوێندی بۆ خواردن بە دڵ و رۆیشتە ژێر سوێندەکەی و پێی وتن: بە خودا من لەو دڵسۆزانەم کە سوودی ئێوەم ئەوێ.

﴿ فَدَلَّىٰهُمَا بِغُرُورٍۚ ﴾

جا ئادەم و حەوای هێنایە خوارەوە بۆ سەر ئارەزووە دوژمنانە نامەردانەکەی خۆی لەبەر بایی بوونیان بەم سوێندە وە وایان زانی کە کەس سوێندی درۆ ناخوا نەیانزانی کە فرو فێڵ و دەست برین یەکێ لە هۆکانی دراوە و یەکێکیان سوێندی درۆیە و یەکێکیان پێش چاو خستنی شان و پایەی رووی دنیایە.

﴿ فَلَمَّا ذَاقَا ٱلشَّجَرَةَ بَدَتۡ لَهُمَا سَوۡءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا يَخۡصِفَانِ عَلَيۡهِمَا مِن وَرَقِ ٱلۡجَنَّةِۖ ﴾

جا لە کاتێدا لە بەری ئەو دارگەنمەیان خوارد و بێفەرمانی خودایان کرد لە نەگبەتی ئەو تاوانەوە ئەو پەردەیە بەسەر عەورەتیانەوە بوو نەما و هەڵماڵراو عەورەتیان دەرکەوت، ئەوانیش لەم رووداوە نائاساییەیان کەوتنە پەلە پەل بۆ داپۆشینی عەورەتیان و گەڕان هەتا گەڵای هەنجیریان دەسکەوت، کە لە حاڵی ئێستە گەڵێ پانتر بوون، ئەو گەڵا هەنجیرەیان لکاند بەسەر عەورەتیانا کە لەگەڵا داری بەهەشت بوو.

﴿ وَنَادَىٰهُمَا رَبُّهُمَآ أَلَمۡ أَنۡهَكُمَا عَن تِلۡكُمَا ٱلشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَآ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لَكُمَا عَدُوّٞ مُّبِينٞ ﴿٢٢﴾ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

خودا لە پشت پەردەوە بانگی لێ کردن: بۆچی واتان کرد بە خۆتان؟ ئایا من نەهیم لێ نەکردن لە نزیك کەوتنەوەی ئەو دارە و لە خواردنی بەرەکەی؟ ئایا پێم نەگوتن بە گوێ شەیتان مەکەن شەیتان دوژمنێکی دیاری ئێوەیە؟!

﴿قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٢٣﴾﴾

جا ئادەم و حەوا پاڕانەوە لە بارەگای بێهاوتای پەروەردگار و وتیان: ئەی پەروەردگاری ئێمە بە راستی ئێمە ستەممان لە خۆمان کرد بە دەرچوون لە فەرمانی تۆ و ئێستە شیاوی تۆڵەین وە ئەگەر عەفومان نەکەی و میهرەبانی نەکەی لەگەڵمانا لە زیانکاران ئەبین.

﴿قَالَ ٱهْبِطُوا۟ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ۖ وَلَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴿٢٤﴾﴾

جا خودا پێی فەرموون، بە خیتابی کۆمەڵ لەبەر ئیحتیرام یا تەماشای موستەقبەل: داپەڕن لە بەهەشت لە ژووری ئاسمانەکانەوە ـ بە هێزی غەیبی خۆم بە شێوەی چاودێری میزانی ژیان ـ بۆ سەر زەوی، ئەو زەوییەی کە بڕیارم داوە بۆتان و بە تەبیعەتی حاڵ بازێکتان دوژمنی بازێکتان ئەبن؛ چونکی مادام کەوتنە هەوای ژیان و پاراستنی کەرامەت ئەکەونە کەشان کەشان بۆ پەیدا کردنی سوود و بۆ دەفعی زیان و لێرەدا غاڵب و مەغلووب پەیدا ئەبێ و بازێکتان ئەبێ بە دوژمنی بازێکتان. وە بۆ ئێوەیە لە زەویدا ئارامگرتن و مانەوە و لەزەت وەرگرتن لە ژیوار و لە پایە و مایە هەتا کاتێ کە بڕیاردراوە بۆتان.

﴿قَالَ فِيهَا تَحْيَوْنَ وَفِيهَا تَمُوتُونَ وَمِنْهَا تُخْرَجُونَ ﴿٢٥﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

خودا پێی فەرموون لە زەویدا ئەژین و لە زەویدا ئەمرن و هەر لە زەویش دێنەوە دەرەوە و ئەچن بۆ حەشر و حسێب و جێگە گرتنی بە دەوام لە کاتی قیامەتا.

﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ قَدۡ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكُمۡ لِبَاسٗا يُوَٰرِي سَوۡءَٰتِكُمۡ وَرِيشٗاۖ ﴾

بە موناسەبەی ئەوەوە کە حەزرەتی ئادەم لە بەهەشتا لەگەڵ حەوادا گەڵای هەنجیریان ئەلکان بە عەورەتیانەوە هەتا دەرنەکەوێ و ئەمەیش ئەوەی لێ دەرئەکەوێ کە دەرخستنی عەورەت بە تەبیعەت موخالیفە بۆ کەرامەتی ئینسان، خودای تەعالا بۆ منەت دانان لەسەر نەتەوەی ئادەم فەرمووی: ئەی ئادەمیزادا! بە راستی ئێمە لە ئاسمانەوە بارانێکمان باران هەتا گیای پەموو سەوز ببێ و لەو پەمووە بەرگ دروست بکرێ و ئێوەیش بیکەنە بەر، هەروا لە ئاسمانەوە بارانمان باراند بۆ ئەوە کە گیای هەمەجۆرە بڕوێت و مەڕ و بزن و گا و مانگا و وشتر بیخۆن و لەو حەیوانانە خوری و مەرەز پەیدا ببێ و ئادەمیزاد بیکەن بە بەرگ و بیکەنە بەر و پێی جوان ببن.

﴿ وَلِبَاسُ ٱلتَّقۡوَىٰ ذَٰلِكَ خَيۡرٞۚ ﴾

بەڵام بەرگی پارێزکاری و خۆلادان لە هۆی سزای خودا باشترە لەم کراسە زاهیرە کە ئەیکەنە بەر.

﴿ ذَٰلِكَ مِنۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ لَعَلَّهُمۡ يَذَّكَّرُونَ ٢٦ ﴾

وە ئەم دروستکردنی لیباسە بناغەی لەسەر پەنددادانە و لە نیشانەی گەورەیی خودایە و ناردوویەتی بە هیوای ئەوە کە ئادەمیزاد بیر بکەنەوە لە ڕێگەی خودادا با دڵیان بە یادی ئەو ئاوەدان ببێ.

﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ لَا يَفۡتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ كَمَآ أَخۡرَجَ أَبَوَيۡكُم مِّنَ ٱلۡجَنَّةِ يَنزِعُ عَنۡهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوۡءَٰتِهِمَآۚ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەی ئادەمیزاد ئاگادار بن کە شەیتان دڵتان تێك نەدا و لاتان نەدا لە خودا پەرستی و حورمەت راگرتنی ئینسانی خاوەن عیلم وەکوو لەمەوپێش کە بە فرو فێڵ باوك و دایکی دەرکردن لە بەهەشت و گەنمی دایە دەرخواردیان بۆ ئەوە کە ئەو ئاساری کەرەمە کە وا لە لایان نەمێنێ و عەورەتیان دەرکەوێ هەتا عەورەتیانیان پیشان بدا.

﴿إِنَّهُۥ يَرَىٰكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُۥ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ﴾

ئەو شەیتانە بەو بیرە بەدئەندیشە خۆی و دەست و پەیوەندی ئێوە ئەبینێ بە جۆرێ کە ئێوە ئەوان نەبینن.

﴿إِنَّا جَعَلْنَا ٱلشَّيَٰطِينَ أَوْلِيَآءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٢٧﴾﴾

بە راستی ئێمە شەیاتینمان کردووە بە دۆست بۆ ئەو کەسانە کە باوەڕیان نییە بە خودای عالەم.

﴿وَإِذَا فَعَلُوا۟ فَٰحِشَةً﴾

وە ئەوانە کە باوەڕیان بە خودای عالەم نییە لە کاتێکا گوناهێکی ناباری ناهەمواریان کرد وەکوو بتپەرستی، وەکوو عەورەت دەرخستن، وەکوو تاوانێکی شەرم ئاوەر و.. یەکێ رەخنەی لێ گرتن یا وتی: بۆچی وا ئەکەن؟

﴿قَالُوا۟ وَجَدْنَا عَلَيْهَآ ءَابَآءَنَا وَٱللَّهُ أَمَرَنَا بِهَا﴾

لە وەڵاما ئەڵێن: ئێمە باوك و دایکی خۆمانمان لەسەر ئەم شێوە دیوە و خودا فەرمانی پێ داوین وەها رەفتار بکەین.

﴿قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَأْمُرُ بِٱلْفَحْشَآءِ أَتَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٢٨﴾﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست پێیان بڵێ: خودای تەعالا ئەمری پێ نەکردوون بە شتی وا؛ چونکی خودای تەعالا هیچ کاتێ ئەمر ناکا بە کارێ کە ناشیرین و ناڕەوا

www.iqra.ahlamontada.com

بێ. ئایا ئێوە ئەوەندە بێشەرمن کە درۆی وا بە دەم خوداوە هەڵئەبەستن کە لە واقیعدا نییە و لە خەیاڵاتی خۆتانەوە دەرئەچێ؟

﴿قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ وَأَقِيمُوا وُجُوهَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ ﴿٢٩﴾﴾

تۆ پێیان بڵێ: خودا ئەمر بە خراپە ناکا بەڵکوو ئەمر بە چاکە ئەکا و بە کورتی بۆ چەن شتێکی گرنگ ئەمری پێ کردوون؛ خودای من ئەمری کردووە بە میانەکاری لە حوکم کردن *لە* بەینی خەڵکا، *میانەکاری لە عیبادەتکردنا*، *میانەکاری لە* خۆشەویستی و ناخۆشەویستیدا، میانەکاری لە هەموو خوو و رەوشتێکا کە مەجالی خواست و ئیختیاری ئینسانی تێدا هەبێ، وە ئەمری کردووە بەوە کە رووی خۆتان راست وەرچەرخێنن بەرەو قیبلە، وە ئەمری کردووە بەوە کە لە خودا بپارێنەوە و دوعا بکەن و حاڵتان وابێ کە دین و کردەوەتان ساغ بۆ خودا بێ وە ئەو رەفتارەتان لەبەر بەجێهێنانی فەرمانی ئەو بێ. وە ئەوەیش بزانن وەکوو چۆن لە ئەووەڵەوە دروستی کردوون وەها دوایی ئەگەڕێنەوە بۆ لای ئەو.

﴿فَرِيقًا هَدَىٰ وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلَالَةُ﴾

وە خودا هیدایەتی کۆمەڵێکی داوە و دینی لە لا جوان کردوون، وە گومڕاییشی زاڵ کردووە بەسەر کۆمەڵێکدا.

﴿إِنَّهُمُ اتَّخَذُوا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ مِن دُونِ اللَّهِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٣٠﴾﴾

لەبەر ئەوە گومڕاهی داگیری کردوون چونکی شەیاتینیان گرتووە بە دۆست بۆ خۆیان نەك خودای عالەم وە لەگەڵ ئەوەیشدا گومانیان وایە خاوەن هیدایەتن.

www.iqra.ahlamontada.com

**فەرمووده‌ی خودا: ﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ﴾ الآية.**

موسلیم ریوایەتی کردووە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما ئەڵێ: وا ئەوبوو ژن تەوافی ئەکرد بە دەوری کەعبەدا بە رووتی و هاواری ئەکرد لە ژنێ کە بەرگێکی پێ بدات عەورەتی داپۆشێ، جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە و فەرمووی:

﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ﴾

ئەی بەنیئادەم بەرگی باشی جوان لەبەر بکەن بۆ داپۆشینی عەورەت لە لای هەموو مزگەوتێکدا چ بۆ تەواف برۆن یا بۆ نوێژ کردن.

﴿وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ٣١﴾

بخۆن و بخۆنەوە بەڵام زیادەڕەوی مەکەن بە حەرام کردنی حەڵاڵ و تەجاوز مەکەن بۆ لای حەرام؛ چونکی بە راستی خودا خۆشی نایێ لەو کەسانە کە زیادەڕەون.

﴿قُلۡ مَنۡ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِيٓ أَخۡرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزۡقِۚ﴾

تۆ بڵێ: کێ حەرامی کردووە لە سەرتان ئەو زینەت و جوانی و زێبایی بەرگ و پۆشاك و خواردەمەنییە کە خودا ئیجادی کردوون و لە نەبوون دەری‌کردوون بۆ بوون لەبەر خاتری بەندەکانی و بۆ ئاسایشی ئەوان، واتە مادام لە واقیعدا ئەمانە لەپاکەکانن سوود لێ‌وەرگرتنیان بە یاسای دین رەوایە لە دنیادا.

﴿قُلۡ هِيَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا خَالِصَةٗ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ﴾

تۆ بڵێ: ئەمانە هەموو بۆ ئەوانەن کە لە دنیادا بە ئیمانەوە رایان بواردووە لە رۆژی قیامەتا هەر مەخسووسی ئەوانە بە تایبەتی.

﴿كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ٣٢﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئاوا ئایاتی خۆمان تەفسیل ئەدەین بۆ خاتری تێگەیشتنی ئەو قەومە کە زانان بە ئومووری وردەکاری.

**فەرموودەی خودا: ﴿قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ﴾**

بوخاری و موسلیم و ترمزی ریوایەتیان کردووە لە عەبدوڵلاوە ﷺ لە حەزرەتەوە ﷺ فەرموویەتی: کەس لە خودا بە غیرەتتر نییە بۆیە هەرچی کارێ فاحیشە و شەرمئاوەرە حەرامی کردووە ئەوەی بە دەرەوە بێ وە ئەوەی بە پەنامەکی بێ، وە کەس نییە بە قەی خودا مەدح و سەنای پێ خۆش بێ بۆیە خودا لەگەڵێ ئایاتی قورئاندا مەدحی خۆی کردووە. جا خودا ئەفەرموێت:

﴿قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالْإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ﴾

تۆ ئەی رەهبەر بڵێ: خودای تەعالا هەرکاری فاحیشەی حەرام کردووە، واتە: دەستبردن بۆ ناموسی خەڵکی ئەوەی بە دەرەوە بێ وەکوو ئەو تاوانانە کە لە رەسمیاتا مەجالیان‌داوە بە خەڵك، وە ئەوەی پەنامەکی بێ وەکوو ئەو ئارەزووبازییە کە ئینسانی خاوەن دەستەڵات لە خانەدانی خۆیدا بۆی هەڵئەسوورێ، وە خواردنی موسکیراتی حەرام کردووە کە ئەبێ بە هۆی تاوانباری و جینایەت لەسەر نەفس و ماڵ و عەقڵی خۆی و خەڵك، وە خودا دەستدرێژی حەرام کردووە بۆ سەر خەڵکی بێ‌تاوان بە بێ ئەوە کە ببێ بە تۆڵەی تاوانێ لەو جینسە. ئەمانە هەموو لە بابەتی کردەوەن، وە لە بابەتی بیر و باوەڕیشەوە ئەوەی حەرام کردووە کە وا لە فەرموودەی خۆیا.

﴿وَأَن تُشْرِكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَأَن تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٣﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەمە کە شەریك و هاوڕێ بۆ خودا قەرار بدەن بە نەوعێ کە خودا هیچ دەلیل و هیچ بورهانێکی لەسەر نەناردبێتە خوارەوە و درۆ بە دەم خوداوە بکەن کە بە ئارەزوو بڵێن خودای تەعالا ئەو خواردەمەنییەی لەسەر ئێمە حەرام کردووە بە بێ ئەوە کە عیلمتان پێی ببێ و بەڵگەیەکی شەرعیتان بە دەستەوە بێ لە سەری.

﴿وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ﴿٣٤﴾﴾

بزانن! لەفزی «أجل» هاتووە بە مەعنای ماوەی بوونی شت، وە بە مەعنا دواکاتی بوونەکەی و... بە هەر مەعنایێ تەماشا بکەی مەعنای ئایەتەکە وەهایە: ماوەی بوون بۆ هەرکەسێ و بۆ هەر کۆمەڵێ بڕاوەتەوە کەمکردن و زیاد کردنی، وە مەعنای ئایەتەکە بەم مەعنایە موفیدە بۆ ئەوە «أجل» یەکێکە و قسەی موخالیف بایەخی نییە؛ چونکی لەسەر یاسای باوەڕ کردن بە خودا دیارە کە خودا خەبەرداره و عیلمی رابوردووە بە ماوەی بوونی هەر بوویێ و کەم و زیاد لەوەدا نییە. وە لەسەر یاسای تەماشای دژی مان وەکوو عەواریزی ژیان ئەویش هەر کامیان بوو بە هۆی تەواوبوونی ماوەی بوون هەر ئەوەیە، وە تەماشا کردنی ئەوە ئەگەر ئەو ئینسانە جوانە مار پێیەوە نەدایە پەنجا ساڵی‌تر ئەما ئەمە مەحزی تەماشای خەیاڵاتە و لە واقیعدا سوودی نییە.

ئەمجار ئەگەر کەسێ بڵێ: ئەی چی ئەکەی لەو حەدیسانەی کە ئەوە ئەگەیەنن سیلەی رەحم یا خێر و چاکە تەمەن درێژ ئەکەن؟ جوابی ئەوەیە لە عیلمی خودادا رابوردووە ئەو کەسە ئەو خێرە ئەکا یا ئەو سیلەی رەحمە بەجێ دێنێ و لەسەر ئەو بناغەیە تەمەنی بە زیاد نووسیوە، وە مانای وا نییە تەمەنەکە لە عیلمی خودادا هەشتا بوو بەڵام بە هۆی ئەو خێرەوە بوو بە سەد.

www.iqra.ahlamontada.com

وە ئەم مەوزووعە وەکوو تەئسیری دەرمانخواردن و دەرزی لێدان و عەمەلیات کردنی نەخۆشە بۆ تیمار و چارەی ئازار و هەموویان بە سوودن و ئەبن بە هۆی مانەوەی یارۆی گیرۆدە، بەڵام ئەمانەیش لە عیلمی خودادا رابوردووە کابرا بە هۆی ئەو دەرمانانەوە نەمرد و نامرێ و تەمەنی ئەگاتە ئەو پایە.

ئەمجار بزانن رەخنە گیراوە: ئەوە داوای دواکەوتنی ئەجەل مەعقوولە بەڵام پێشکەوتنی مەعقوول نییە! وەڵامەکەی بە سێ شتە:

یەکەم: ﴿ولا یستقدمون﴾ عەتف نییە لەسەر ﴿لا یستأخرون﴾ هەتا شەرتەکەی بەسەرا بێتەوە بەڵکوو عەتفە لەسەر تەواوی جوملە شەرتییەکە.

دووەم: مەعنای ئەوەیە کە لە کاتی تەوابوونی ئەجەل‌دا هەر وەکوو داوای پێشخستنی ئەجەل مەعقوول نییە، چونکە کاتێ شتێ هات ناگەڕێتەوە بۆ پێشەوە، وەها داوای دواکەوتنیشی بێ‌کەڵکە و لەبەر بێ‌کەڵکی کابرای ئەجەل‌هاتوو داوای ناکا.

سێهەم: ئەم دوو جوملە فیعلییە وان لە مانای یەك جوملەدا کە بریتییە لە «لا مجال للتغییر» وەکوو چۆن «هذا الرمان حلو حامض» وا لە شوێنی «هذا مزّ»دا.

ئەمجار خودای تەعالا دەستی کردەوە بە ئامۆژگاری گشتی و ئەفەرموێت:

﴿یَٰبَنِیٓ ءَادَمَ إِمَّا یَأۡتِیَنَّكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ یَقُصُّونَ عَلَیۡكُمۡ ءَایَٰتِی﴾

ئەی ئادەمیزاد هەر کاتێ رەهبەران لە لایەنی ئێمەوە هاتن بۆ لاتان و ئایاتی ئێمەیان بۆ گێڕانەوە،

﴿فَمَنِ ٱتَّقَىٰ وَأَصۡلَحَ فَلَا خَوۡفٌ عَلَیۡهِمۡ وَلَا هُمۡ یَحۡزَنُونَ ٣٥﴾

هەرکەسێ لە ئێوە کە لە خودا ترسا و کاری خۆی بە چاکی و پاکی برد بەڕێوە و بەینی خۆی و خودای چاك کرد بە بیر و باوەڕی راست و کردەوەی دروست و میانەی خۆی و خەڵکی چاك کرد بەوە کە لەسەر رێگەی حەق رابورد ئەوە ئەوانە ترس و بیمیان نابێ لە پاشەڕۆژ و دڵزویریش نابن لەسەر ئەوەی رابوردووە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا وَٱسْتَكْبَرُوا۟ عَنْهَآ أُو۟لَـٰٓئِكَ أَصْحَـٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَـٰلِدُونَ ﴿٣٦﴾﴾

وە ئەو کەسانەیش باوەڕ ناکەن بە ئایاتی ئێمە و بە درۆیان ئەزانن و فیز و دەمار ئەکەن بەرابەریان، ئەوانەیش وان لە ناو ئاگری دۆزەخدا و ئەوانە لەو ئاگرەدا ئەمێننەوە هەتا هەتایە.

﴿فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِـَٔايَـٰتِهِۦٓ ۚ﴾

ئەوە کێیە زاڵمتر و ستەمکارتر بێ لەو کەسە کە درۆ بە دەم خوداوە هەڵئەبەستێ یا ئایاتی ئەو بە درۆ ئەخاتەوە؟

﴿أُو۟لَـٰٓئِكَ يَنَالُهُمْ نَصِيبُهُم مِّنَ ٱلْكِتَـٰبِ ۖ﴾

ئەمانەیش هەرچەن کافرن بەڵام بەشی خۆیان پێ ئەگا لە رزق و رۆزی بە پێی ئەوە لە «لوح المحفوظ»دا بۆیان نووسراوە.

﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَتْهُمْ رُسُلُنَا يَتَوَفَّوْنَهُمْ قَالُوٓا۟ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ قَالُوا۟ ضَلُّوا۟ عَنَّا﴾

هەتا کاتێ کە مەلائیکە مەئموورەکانمان دێنە سەریان بۆ گیانکێشانیان و رۆحیان وەرئەگرن پێیان ئەڵێن: ئەوە ئەو مەعبوودانەتان لە کوێن کە ئێوە بێجگە لە خودا بانگتان ئەکردن؟ ئەوانیش ئەڵێن: لە دەستمان دەرچوون و لێمان ون بوون.

﴿وَشَهِدُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُوا۟ كَـٰفِرِينَ ﴿٣٧﴾﴾

وە شایەتی ئەدەن لەسەر نەفسی خۆیان کە وەختی خۆی کافر بوون و حەقیان نەپەرستووە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قَالَ ٱدۡخُلُواْ فِيٓ أُمَمٖ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِكُم مِّنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ فِي ٱلنَّارِۖ﴾

جا خودای تەعالا پێیان ئەفەرموێت: بڕۆن بۆ ناو ئەو کۆمەڵە خەڵکە کە لە پێش ئێوەدا رابوردوون لە پەری و لە ئادەمیزاد کە وان لە ئاگری دۆزەخدا.

﴿كُلَّمَا دَخَلَتۡ أُمَّةٞ لَّعَنَتۡ أُخۡتَهَاۖ﴾

هەر کاتێ بە دەوام بڕواتە ناو ئەو ئاگرەوە کۆمەڵەیێ نەفرین ئەکا لە وێنەکەی خۆی و لەو قەومە پێشوانە کە بوون بە هۆی گومڕا بوونی ئەوان.

﴿حَتَّىٰٓ إِذَا ٱدَّارَكُواْ فِيهَا جَمِيعٗا قَالَتۡ أُخۡرَىٰهُمۡ لِأُولَىٰهُمۡ رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ أَضَلُّونَا فَـَٔاتِهِمۡ عَذَابٗا ضِعۡفٗا مِّنَ ٱلنَّارِۖ﴾

هەتا ئەو کاتەی کە ئەو ئەهلی دۆزەخە ئەڕۆن بە گژی یەکتردا لەو کاتەدا تاقمی دوایی بە تاقمی پێشوو ئەڵێن: خودایە ئەو تاقمە بوون کە ئێمەیان گومڕا کرد دەی خودایە دووقاتی ئێمە سزایان بدەرێ لە دۆزەخا؛ بەشێکی لەسەر گوناهەکەی خۆیان و بەشێکی لەسەر ئەوە کە بوون بە هۆی گومڕا بوونی ئێمەیش.

﴿قَالَ لِكُلّٖ ضِعۡفٞ وَلَٰكِن لَّا تَعۡلَمُونَ ٣٨﴾

خودایش ئەڵێ: نە وە نەبێ بۆ پێشووەکان دوو قات و بۆ دواییەکان قاتێ بێ، بەڵکوو بۆ هەردوولا یەکی دوو قات سزا بڕیار دراوە؛ پێشووەکان لەبەر کوفرەکەیان و لەبەر ئەوە کە چینی دواییان گومڕا کردووە وە بۆ دواییەکان لەبەر کوفرەکەیان و لەبەر ئەوە کە بیریان نەکردەوە لە حاڵی خۆیان و لەبەر چی ئەبێ لەسەر ئەو تەقلید و چاولێکردنە رووتە بڕۆن، بەڵام ئێوە ئێستە نازانن بەوە کە سزای هەردوو لا دووقاتە هەتا تووشی ئەبن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَقَالَتْ أُولَىٰهُمْ لِأُخْرَىٰهُمْ فَمَا كَانَ لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ فَذُوقُوا۟ ٱلْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ ﴿٣٩﴾﴾

جا لە پاش وەرگرتنی کەلامی خودا تاقمی پێشوو بە تاقمی دوایی ئەڵێن: وا دەرکەوت کە ئێوە هیچ نەوعە بەشێ و ئاسانکارییەکتان دەس نەکەوت بەسەر ئێمەدا و هەردوو لامان لە سزادا هاوپایەین، دەی جا سزا بچەژن بە هۆی ئەو کردەوە و رەفتارەوە کە کردتان.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا وَٱسْتَكْبَرُوا۟ عَنْهَا لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَٰبُ ٱلسَّمَآءِ وَلَا يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ حَتَّىٰ يَلِجَ ٱلْجَمَلُ فِى سَمِّ ٱلْخِيَاطِ ۚ﴾

بە راستی ئەو کەسانە کە تەکزیبی ئایاتی منیان کرد و فیزیان کرد و خۆیان بردە پایەیێ کە دان نەنێن بە ئایاتی خودادا ئەوە دەرگاکانی ئاسمانیان بۆ ناکرێتەوە و نارۆنە ناو بەهەشتەوە هەتا گوریسی ئەستوور ئەڕوا بە کونی دەرزیدا.

﴿وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٤٠﴾﴾

خاوەن تاوانی کوفر وەها جەزا ئەدەینەوە.

﴿لَهُم مِّن جَهَنَّمَ مِهَادٌ وَمِن فَوْقِهِمْ غَوَاشٍ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٤١﴾﴾

واتە ئەوانە کە خرانە ناو دۆزەخەوە رایەخێکی ئاگریان لە نەفسی دۆزەخ هەیە و لە سەریشیانەوە پەردەیێ لە دۆزەخ هەیە و وەك ئەوە وایە کە ئینسانێك بخرێتە ناو تەنوورێکی قەپاتەوە کە هەموو لایەکی وەکوو ئاگری سوور وایە و بەم شێوە جەزای ستەمکارانی کوفر ئەدەینەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٤٢﴾﴾

وە ئەو کەسانە ئیمانیان هێناوە بە خودا و پێغەمبەر و قەبووڵی دینی ئیسلامیان کردووە و بە کردەوەی شەرعی، تەتبیقی واجبات و تەرکی موحەڕڕەماتیان کردووە بە قەی حاڵ؛ چونکی ئێمە تەکلیف ناکەین لە هیچ نەفسێ بە قەی تەوانای خۆی نەبێ، ئەوانە ئەهلی بەهەشتن و ئەوان لە بەهەشتان هەتا هەتایە.

**فەرموودەی خودا:** ﴿وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ﴾ **الآية.**

ئەبووهورەیرە ریوایەتی کردووە لە پێغەمبەرەوە ﷺ فەرموویەتی: لە رۆژی قیامەتا جارچێش جارِ ئەدا لە ناو ئەهلی سەعادەتا: بە راستی بۆ ئێوەیە ئەمە کە لەشتان ساغ بێ و نەخۆش نەکەون هەرگیز، وە بۆ ئێوەیە ئەمە کە زیندووبن و هەرگیز نەمرن، وە بۆ ئێوەیە ئەمە کە جوان بن و هەرگیز پیر نەبن، وە بۆ ئێوەیە ئەمە کە هەمیشە لە خۆشی و رابواردنا بن و هەرگیز تووشی ناخۆشی و دڵ ئازاری نەبن. جا ئەفەرموێت:

﴿وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ﴾

وە لا ئەبەین لە بەهەشتا ئەوەی وا لە سینەی ئەوانا لە گرێ و گەرد و دڵیان پاك ئەبێتەوە لەوەی تیادا بووە.

﴿تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ ٱلْأَنْهَٰرُ﴾

جۆبارە گەورەکان لە ژێر ئەوانەوە، یانی لە ژێر کورسییەکانیانەوە، رەوان ئەبێ.

﴿وَقَالُواْ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي هَدَىٰنَا لِهَٰذَا وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِيَ لَوْلَآ أَنْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە لە مەقامی سوپاس‌گوزاری خودادا ئەڵێن: هەرچی سەناو ستایشە بۆ ئەو خودایە کە ئێمەی شارەزا کرد بۆ ڕێگەی دینی ئیسلام و ئێمە خۆمان لەوانە نەبووین کە شارەزا بین بۆ ئەم ڕێگە ئەگەر خودا شارەزای نەکردینایە.

﴿لَقَدْ جَاءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ﴾

بە ڕاستی پێغەمبەرەکانی خودای ئێمە بە ڕاستی هاتن و بە حەق و حەقیقەت یاسای خودا پەرستییان گەیاند.

﴿وَنُودُوا أَنْ تِلْكُمُ الْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٤٣﴾﴾

وە بانگ ئەکرێن لە لایەنی فریشتەکانەوە ئەو بەهەشتە ئەو بەهەشتەیە کە پێتان دراوە و کراوە بەماڵی غەیرە ئیختیاریتان وەکوو میراتی باوکتان بە هۆی ئەو کردەوە باشانەوە کە ئەتان‌کردن.

﴿وَنَادَى أَصْحَابُ الْجَنَّةِ أَصْحَابَ النَّارِ أَنْ قَدْ وَجَدْنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقًّا فَهَلْ وَجَدْتُمْ مَا وَعَدَ رَبُّكُمْ حَقًّا قَالُوا نَعَمْ﴾

وە لەو کاتەدا و لەو مەقامی بەهەشتەدا لەگەڵ ئەوەدا کە مەسافەی بەینی بەهەشت و دۆزەخ زۆرە بە ئەندازەیێ مەگەر عیلمی خودا پیایا بگات بەڵام خودای تەعالا ئەهلی دۆزەخ لە بەرچاوی ئەهلی بەهەشتا دەرئەخا بۆ ئەوە کە زۆر زۆر سوپاسی خودا بکەن لەسەر ئەو نیعمەتی بەراتی بەهەشتە وە ئەهلی بەهەشتیش لە بەرچاوی ئەهلی دۆزەخ دەرئەخا لەبەر زیادە حەسرەت، وە ئەهلی بەهەشت بازێکیان بانگ ئەکەن لە ئەهلی دۆزەخ و پێیان ئەڵێن: ئێمە بە بێ‌گومان دەسمان کەوت ئەو خێراتە و ئەو بەهەشتە کە خودای ئێمە وادەی پێدابووین، ئایا ئێوەش دەستان کەوتووە ئەوەی کە خودا وادەی پێداون لە ئازار و سزا؟ بە ڕاستی ئەوانیش وتیان: بەڵێ دەسمان کەوت.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَأَذَّنَ مُؤَذِّنٌۢ بَيْنَهُمْ أَن لَّعْنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٤﴾﴾

جا پاش دامەزرانی ئەهلی بەهەشت و دۆزەخ هەرکام لە شوێنی خۆیا و تەواوبوونی ئەو پرسیار و وەڵامە لە بەینیانا بانگدەرێ بانگ ئەکا: لەعنەتی خودا و نەفرینی و دوورخستنەوەی لە سەر ستەمکاران بێ بە هۆی کوفر و دوورخستنەوەی خۆیان و هاوڕێیان لە دین.

﴿ٱلَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا وَهُم بِٱلْءَاخِرَةِ كَٰفِرُونَ ﴿٤٥﴾﴾

ئەو ستەمکارانە خوو و ڕەوشتیان وایە مەنعی خەڵکی ئەکەن لە ڕۆیشتن بە ڕێگەی ڕاستی خودادا کە ئایینی ئیسلامە و بە لارو نابار و ناهەمواری دائەنێن، وە یا بە لار نیشانی ئەو خەڵکە نەزانەی ئەدەن، وە لە بەر ئەوەیش وا ئەکەن کە باوەڕیان بە پاشەڕۆژ و حسێبی ڕۆژی قیامەت نییە.

﴿وَبَيْنَهُمَا حِجَابٌ﴾

وە لە بەینی ئەهلی بەهەشت و ئەهلی دۆزەخا، وە یا خود لە بەینی نەفسی بەهەشت و دۆزەخدا پەردەیێ هەیە، یانی مادەیێ هەیە کە نایەڵێ ئەهلی ئەو دوو شوێنە تێکەڵ بن بە یەك، یا سنووری ئەو دوو شوێنە جیا ئەکاتەوە لە یەك. وە زاهیر وایە کە ئەو پەردە ئەو شوورابێ کە هەڵئەدرێ لە بەینی ئەو دوو جێگەدا وەك خودا ئەفەرموێت: ﴿فضرب بينهما بسور له باب﴾.[1]

﴿وَعَلَى ٱلْأَعْرَافِ رِجَالٌ يَعْرِفُونَ كُلًّۢا بِسِيمَىٰهُمْ﴾

وە لەسەر بەرزی و پۆپەی ئەو شوورای بەینی دۆزەخ و بەهەشتەدا چەن پیاوێ هەیە کە هەموو ئەهلی بەهەشت و دۆزەخ ئەناسن بە دیمەن و نیشانەکانیاندا.

---

١. الحديد؛ ١٣.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَنَادَوْا۟ أَصْحَٰبَ ٱلْجَنَّةِ أَن سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ ۚ لَمْ يَدْخُلُوهَا وَهُمْ يَطْمَعُونَ ﴿٤٦﴾﴾

ئەو پیاوانە کە وان لەسەر بەرزییەکان بانگ ئەکەن لە ئەهلی بەهەشت ئەڵێن: دورروودتان لێ بێ، و رێزیان لێ ئەگرن و لەو کاتەدا ئەوان نەچوونەتە بەهەشت بەڵام بە تەمان کە بڕۆنە ناوی.

﴿وَإِذَا صُرِفَتْ أَبْصَٰرُهُمْ تِلْقَآءَ أَصْحَٰبِ ٱلنَّارِ قَالُوا۟ رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٧﴾﴾

وە کاتێ کە ئەهلی ئەعراف چاویان وەرئەگێڕرێ بەرەو ئەهلی دۆزەخ بە جۆشی دڵ و بە سۆزی سینە ئەپاڕێنەوە لە خودا و ئەڵێن: ئەی پەروەردگاری ئێمە مەمانکە بە هاوڕێی ئەو کۆمەڵە ستەمکارە بیر و باوەڕ نابارە بەدبەختە و بمانخە بەهەشتەوە.

﴿وَنَادَىٰٓ أَصْحَٰبُ ٱلْأَعْرَافِ رِجَالًا يَعْرِفُونَهُم بِسِيمَىٰهُمْ قَالُوا۟ مَآ أَغْنَىٰ عَنكُمْ جَمْعُكُمْ وَمَا كُنتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ ﴿٤٨﴾﴾

وە بانگ ئەکەن ئەهلی ئەعراف لە چەن پیاوێ کە ئەیانناسن بە شێوە و نیشانەیاندا: ئەڵێن: بە داخەوە هەرچەن کە ئێوە ئەنازین بە کۆمەڵە و قەرەباڵغەکەتانا و خۆتان بە گەورە تەماشا ئەکرد، کەچی قازانجی نەدا بە ئێوە و بە کاری ئێوە نەهات کۆمەڵەکەتان و خۆ بە زل تەماشا کردنەکەتان.

﴿أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقْسَمْتُمْ لَا يَنَالُهُمُ ٱللَّهُ بِرَحْمَةٍ ۚ ٱدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ لَا خَوْفٌ عَلَيْكُمْ وَلَآ أَنتُمْ تَحْزَنُونَ ﴿٤٩﴾﴾

ئایا ئەم جەماعەتە موسوڵمانە هەژارانە بوون کە ئێوە لە دنیادا سوێندتان ئەخوارد ئەتانوت: خودای تەعالا بەشی ئەمانە نادا لە رەحمەت؟ کە وا ئێستە خودا بەهەشتی بۆ ئامادە کردوون، جا لا ئەکەنەوە بە لای ئەو موسوڵمانانەدا کە بە گومانی کافرەکان

www.iqra.ahlamontada.com

وابوو نارۆنە بەهەشت و پێیان ئەڵێن: فەرموون برۆنە ناو ئەو بەهەشتە کە بۆتان ئامادە کراوە و هیچ ترس و بیمتان لەسەر نییە و دڵگرانیش نابن لە هۆی هیچ شتێکەوە.

﴿ وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ أَنۡ أَفِيضُواْ عَلَيۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ أَوۡ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُۚ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٥٠﴾ ﴾

جا خودای تەعالا بۆ ئەوە کە بە چاوی سەر ئەهلی دۆزەخ ئەهلی بەهەشت ببینن و ئازار و بێزاری خۆیان و کامەرانی ئەهلی بەهەشت ببینن، پەردە لە بەینی بەشێ لە ئەهلی دۆزەخ و بەشێ لە ئەهلی بەهەشتدا لائەبا و لە حاڵی تینوێتی خۆیانا چاویان ئەکەوێ بە ئاوی ساف و زەلاڵ و شەرابی پاکی حەلاڵ و باقی ناز و نیعمەت جا لەبەر ئەوە (ناچار چاوی نییە لە عار) ئەو ئەهلی دۆزەخە سووتاوە داوا ئەکەن لە بەهەشتییەکان: کە بازێ لەو [ئاوە] زەلاڵە برێژن بەسەرمانا یا بیرێژنە پیاڵە بۆمان یا لەو نیعمەتانە کە وا لە لاتان بەشمان بدەن، ئەوانیش لە وەڵاما ئەڵێن: ئەم داوای ئێوە لە دەستی ئێمەدا نییە و خودا ئەمانەی لە کافران حەرام کردووە.

﴿ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمۡ لَهۡوٗا وَلَعِبٗا وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۚ ﴾

ئەو کافرانە کە دینی خۆیان کردووە بە هەوابازی و گاڵتەکاری و بە ئارەزووی خۆیان یاسا دائەمەزرێنن و ناوی ئەنێن بە یاسای دینی وەکوو بتپەرستن و تۆران لە بازە بتێ و حەرامکردنی گۆشتی بازێ حەیوان و تەوافی بەیت لەسەر مەیلی خۆیان بە رووتی، وە ئەو کافرانە کە ژیانی دنیایی ئەوانی بایی کردووە بە هۆی پەیدابوونی ماڵ و منداڵ و ئاژەڵ و کۆمەڵەی خزم و خوێش و دارایی بەسەر بازە کارێکدا وە وا ئەزانن ئەوانە بە دەوام بۆیان ئەمێننەوە، لەگەڵ ئەوەدا کاتێ کە نەهاتیان بۆ هات وەها سەرگەردان و مات ئەبن مەیدانی ئەوەیان نامێنێ بەسەر خۆیانا بگرین؛ چونکی گریانیش دڵێکی خاڵی ئەوێ.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَٱلْيَوْمَ نَنسَىٰهُمْ كَمَا نَسُوا۟ لِقَآءَ يَوْمِهِمْ هَـٰذَا﴾

جا ئێمەیش ئیمڕۆ کە قیامەتە و ڕۆژی تۆڵەی کردەوەیە ئەوان فەرامۆش ئەکەین و هەزار هاوار بکەن لا ناکەینەوە بە لایانا وەکوو ئەوان لە دنیادا ئەم حاڵە و گەیشتن بەم ڕۆژە و بەم حسێبە و بەم موحاسەبەیان لە بیر چووبووەوە.

﴿وَمَا كَانُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا يَجْحَدُونَ ﴿٥١﴾﴾

وە وەکوو حسێبی ئێمەیان بیر چووەوە و ئینکاری ئایاتی ئێمەیان کرد (ئاوا لە بیریان ئەبەینەوە).

**لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە:**

یەکەم: بە شێوەیێ کە ببێ بە بەڵگەی تەواو بۆ ئێمە دەرنەکەوتووە ئەم بانگکردنی ئەهلی بەهەشت لە ئەهلی دۆزەخ و بانگکردنی ئەهلی دۆزەخ لە ئەهلی بەهەشتە بە چ شێوەیێ بووە، بەس ئەم باسانە جێگای گومان و خەیاڵات نییە، بەڵام ئەوەندە هەیە کە عالەمی قیامەت وەکوو عالەمی دنیا نییە و بینین و بانگکردنی قیامەت وەکوو دنیا نییە، زۆر نزیکە کە خودای تەعالا بۆ دەربڕینی هێزی خۆی و بۆ زیادە نیعمەت لەسەر ئەهلی بەهەشت و بۆ زیادە حەسرەت لەسەر ئەهلی دۆزەخ، هەتا ماوەیێ عالەمی بەهەشت دەربخا بۆ ئەهلی دۆزەخ، وە یا دۆزەخ دەر بخا بۆ ئەهلی بەهەشت.

ئێستە لەم دنیادا ئەم پەڕەوپەڕی کورەی زەوی بووە بە مەیدانی شتی عەجایب و خەڵکی مەغریب قسە لەگەڵ خەڵکی مەشریقدا ئەکا وەکوو لەگەڵ هاوڕێی مەجلیسدا تەنانەت وا ئەبێ کە قسەکەی لەگەڵدا ئەکا چاویشی لێی ئەبێ و ئەویش چاوی لەم ئەبێ تا قسەکەیان تەواو ئەکەن.

www.iqra.ahlamontada.com

دووەم: ئەعراف عیبارەتە لەسەر ملە و بەرزی ئەو حیجابە کە لە بەینی ئەهلی بەهەشت و ئەهلی دۆزەخ وە یا لە بەینی بەهەشت و دۆزەخدایە. وە لەو پیاوانە کە بەسەر ئەو بەرزییەوەن دە قسە هەیە و گەلێ لە زاناکان تەرجیحی ئەو قەوڵەیان داوە کە ئەوانە کەسانێکن میزانی چاکە و خراپەیان وەکوو یەك وایە و هیچیان لەسەر ئەویان زیاد نییە، وە ئەمانە گەلێ کەس لە هاوچەرخی خۆیان ئەناسن لە موسوڵمانان و کافران و تا ماوەیێ لەو سەر بەرزییە ئەبن پاش ئەوە خودا ئەمر ئەکا ئەیانبەن بۆ بەهەشت.

وە هەڵئەگرێ ئەم ئەهلی ئەعرافە چەن کەسانێ بن لە هەموو ئوممەتەکانی پێغەمبەران علیهم السلام یا هەر لە ئوممەتی پێغەمبەری ئاخرزەمان بن، وە هەموو ئەم وەزعانە گونجاون. وە ئەوەی کە مەشهوورە «ئەعراف» جێگەی منالْی کافرانە یا جێگەی ئەهلی «فەترە»تە یانی ئەوانە کە بەعسەتیان پێ نەگەیشتووە، راست نییە؛ چونکی بە ئوسوولی ئەهلی سوننەت و جەماعەت نە جێگەیێ هەیە لە قیامەتا لە بەهەشت و دۆزەخ بەدەرو نە ئینسانێ هەیە نە کافر و نە موسوڵمان، بەڵکوو ئەوانە کە موکەللەف نەبوون وەکوو منداڵانی ئەهلی کوفر یا منداڵی موسوڵمانان ئەوە هەموو بەهەشتین، وە ئەوانەیش لە ماوەی فەترەتدا بوون هەر موکەللەف نین و جێگەیان بەهەشتە، بەڵام ئەو پایە بەرزانە کە بۆ موسوڵمانی خاوەن کردەوە و بیر و باوەڕی باشە بۆ ئەوان نییە. وە هەرچی موکەللەفەکانیشە یا وان لە دۆزەخا بە ئەبەدی وەکوو کافران، یا بە قەی ماوەی سزا وەکوو موسوڵمانی کردەوە خراپ، وە یا وان لە بەهەشتا وەکوو موسوڵمانی بێ‌تاوان لە پێغەمبەران و شەهیدان و پیاوچاکان.

سێهەم: داوا کردنی ئەهلی دۆزەخ لە ئەهلی بەهەشت بۆ ئاو یا باقی خواردەمەنی وەکوو وتمان ئێستە لەسەر ئەو یاسایە کە عالەمی قیامەت لە هەست و شوعوورا وەکوو ئەهلی دنیا نین؛ چونکی ئەهلی بەهەشت ئەمێننەوە هەتا هەتایە و ناساغی و

www.iqra.ahlamontada.com

سیفاتی خراپەیان نییە و میوەی بەهەشت بڕانەوەی نییە و هەمیشە بەردەوامە، وە هەموو ئەهلی دۆزەخیش هەر دەوامدارن و لەوانەیە هەستان و دانیشتنیان و ئەحواڵی تریشیان لەسەر یاسای تایبەتی بێ کە لەگەڵ زاهیری ئەم ئایەتەدا بگونجێ.

﴿وَلَقَدْ جِئْنَاهُم بِكِتَابٍ فَصَّلْنَاهُ عَلَىٰ عِلْمٍ هُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٥٢﴾﴾

بە ڕاستی هاتین بۆ لای ئەم هۆشیارانە بە کتێبێکی پیرۆزی وەهاوە کە درێژەمان پێدا لەسەر عیلم و زانایی لە هەموو هۆیەکەوە بۆ بیر و باوەڕ و کردەوە و خوو و ڕەوشت، وە حاڵی ئەو کتێبە وایە کە هۆی شارەزایی و ئاگادارییە بۆ دین و دونیا و هۆی میهرەبانی خودایە بۆ قەومێ کە ئیمان و باوەڕیان هەیە بە دینی حەق.

﴿هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا تَأْوِيلَهُ﴾

جا ئەم قەومە کە ئەم کتێبەیان بۆ هاتووە و بەم شێوە تەمەڵی ئەکەن لە ڕەفتار پێ کردنیا ئایا هەر چاوەڕێی ئەنجامەکەی ئەکەن کە سزای ڕۆژی قیامەتە؟

﴿يَوْمَ يَأْتِي تَأْوِيلُهُ يَقُولُ الَّذِينَ نَسُوهُ مِن قَبْلُ قَدْ جَاءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ﴾

جا لەو ڕۆژەدا ئەنجامی کتێبی خودا دێتە پێشەوە ئەو کافرانە کە ئەو کتێبەیان فەرامۆش کرد لەمەوپێش لە دنیادا ئەڵێن: بە ڕاستی پێغەمبەرانی خودای ئێمە بە حەق هاتن و بە دڵسۆزی ئامۆژگارییان کردین بەڵام ئێمە بێشوعوور بووین و موبالاتمان بە فەرمانی خودا نەکرد.

﴿فَهَل لَّنَا مِن شُفَعَاءَ فَيَشْفَعُوا لَنَا أَوْ نُرَدُّ فَنَعْمَلَ غَيْرَ الَّذِي كُنَّا نَعْمَلُ﴾

ئایا تکاکارانمان دەست ئەکەوێ هەتا تکامان بۆ بکەن، یاخود ئەگەڕێنرێینەوە بۆ دنیا و ژیانی پێشوو هەتا بە شێوەیەکی شەرعی لەسەر ڕەزای خودا کارمان بکردایە غەیری ئەو کردەوانە کە لە دنیادا کردمان.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قَدْ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿٥٣﴾﴾

ئەمانە لەو رۆژەدا بیر ئەکەنەوە بە راستی نەفسی خۆیان زایە کردووە و خۆیان لە دەس داوە و زایە و بێسوود دەرچووە هەرچی بوو لەو شتانە کە ئەوان بە ناحەق بە دەمی خوداوە هەڵیان ئەبەست.

﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ﴾

بە راستی پەروەردگاری ئێوە هەمووتان، ئەو زاتەیە کە ناوی «اللّٰه»یە و خودایەکی وایە کە هەموو ئاسمانەکان و عەرزی دروستکردووە لە شەش رۆژا لە پاش ئەوە فەرمانداری کرد بەسەر عەرشا.

﴿يُغْشِى ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا﴾

وە شەو ئەکا بە پەردە بۆ رۆژ بۆ ئەوە شەو دابێ و ئادەمیزاد ئاسایش بگرن و هەمیشە شەو داوای داگرتنی رۆژ ئەکا بە پەلە و بە تالووکە.

﴿وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتٍۭ بِأَمْرِهِۦٓ﴾

وە خەلقی رۆژ و مانگ و ئەستێرەی کردووە کە حاڵی ئەمانە وایە هەموو رام کراون بۆ کار و هەر یەکێ بۆ نەوعە وەزیفەیێ کە ببێ بە هۆی ژیانی گیانلەبەران و پێگەیشتنی کان و روانی گیا و پشکووتنی گوڵ و دەسکەوتنی بەرامەد.

﴿أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ ۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٥٤﴾﴾

بێدار بن کە هەر بۆ خودایە ئیجاد و دروستکردنی ئەوەی کە خواستی هەبێ لە نەبوونەوە، هەر بۆ ئەوە ئەمر و فەرمان و تەسەڕوفکردن لە جیهانا، زۆر زۆر گەورەیە پەروەردگاری هەموو عالەمەکان و پاکە لە هەموو شتێ کە بۆ زاتی ئەو نەشێ.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ٱدْعُوا۟ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٥٥﴾﴾

بانگ بکەن لە خودای خۆتان بە سەرکزی و پەنامەکی لێی بپاڕێنەوە؛ چونکی خودا حەز ناکا بەوانە کە تەجاوز ئەکەن لە کاتی دوعا کردندا لە یاسای عادەت و دەنگ بەرز ئەکەنەوە زیاد لە ئەندازە.

﴿وَلَا تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَـٰحِهَا وَٱدْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا ۚ﴾

خراپە و بەدکاری مەکەن لە زەویدا، پاش ئەوەی کە زەوی چاك و پاك کرایەوە، وە بانگ بکەن لە خودا و پەنای پێ ببەن و حاڵتان وەها بێ خاوەنی بیم و ترس بن لە سزای خودا و خاوەن تەماع بن لە نیعمەت و رەحمەت و سەوابیا.

﴿إِنَّ رَحْمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٥٦﴾﴾

بەخششی خودا و کەرەمی ئەو نزیکە لەوانەوە کە ئەهلی ئیحسانن و بە دڵسۆزی بەندەیی خودا دەکەن.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يُرْسِلُ ٱلرِّيَـٰحَ بُشْرًۢا بَيْنَ يَدَىْ رَحْمَتِهِۦ ۖ﴾

خودا ئەو خودایە کە «با»کان ئەنێرێ بە موژدەدەر بە باران لە پێش بارینیا.

﴿حَتَّىٰٓ إِذَآ أَقَلَّتْ سَحَابًا ثِقَالًا سُقْنَـٰهُ لِبَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَنزَلْنَا بِهِ ٱلْمَآءَ فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ ۚ﴾

تا کاتێ ئەو بایانە هەوری قورس بەرز ئەکەنەوە بەرەو ئاسمان جا ئەو هەورە لێ ئەخوڕین بۆ ئاوەدانییەك کە لەبەر وشکی مردووە و ئاوی باران ئەڕژێنینە خوار بۆ سەری و بەو ئاوە دەر ئەکەین لە ژێر زەوییەوە لە هەموو جۆرە بەش و بارەیێ بە هۆی رواندنی گیاوە، وە نەفسی ئەو گیایە ئەبێ بە خۆراکی ئادەمیزاد و باقی

www.iqra.ahlamontada.com

گیانلەبەران یا تەنیا بۆ یەکێکیان یاخود گیایەکە ناخورێ و بەرەکەی ئەخورێ و بەشێ لەو بەرە قووتە و قنیاتی پێ ئەکرێ و بەشێکی بۆ رابواردن ئەخورێ.

﴿كَذَٰلِكَ نُخْرِجُ ٱلْمَوْتَىٰ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿٥٧﴾﴾

وە هەر وەکوو بە بارانی ئاسمانی لە ژێر توێی زەویدا لەسەر تۆم و ریشە وە یا بێ‌تۆم و بێ‌ریشە گیا دەرئەکەین و وڵاتەکە زیندوو ئەکەینەوە، بەو جۆرە مردووەکانیش لە ژێر زەوی دەرئەکەین و زیندوویان ئەکەینەوە بۆ ئەوە بڕۆن بۆ مەیدانی حسێب و هەر یەکێ بە تۆڵەی بیر و باوەڕ و کردەوەی خێر و شەڕ بگات و مانای دادگەری خودا بێتە جێ جا رجایە بەم وردەکارانە بیر بکەنەوە و باوەڕتان بە تەوانایی خودا تەواو ببێ.

﴿وَٱلْبَلَدُ ٱلطَّيِّبُ يَخْرُجُ نَبَاتُهُۥ بِإِذْنِ رَبِّهِۦ﴾

وڵاتێ زەوییەکەی بە پیت و بەرامەد بێ گیای دەرئەچێ بە ئیزنی پەروەردگاری خۆی بە بەش و بارەی باشەوە.

﴿وَٱلَّذِى خَبُثَ لَا يَخْرُجُ إِلَّا نَكِدًا﴾

وەزەوییەکی وا کە پیس و بێ‌فەڕ بێ گیای لێ دەرناچێ و گیا ناڕوێنێ مەگەر بە بێ‌سوودی و بێ‌خێری.

﴿كَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ ٱلْـَٔايَٰتِ لِقَوْمٍ يَشْكُرُونَ ﴿٥٨﴾﴾

ئاوەها نیشانەی تەوانایی خۆمان ئەگۆڕین و بە پێی پێویست بەرەکەت و بەر دەرئەکەین و ئەمە ئەکەین بۆ گەلێ کە سوپاسی خودا ئەکەن.

﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦ فَقَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

بە راستی نووحمان رەوانە کرد بۆ لای گەلەکەی بۆ ئامۆژگاری کردنیان ئەویش رۆیی و پێی وتن: ئەی گەلی خۆم بەندەیی خودا بکەن ئێوە هیچ مەعبوودێکتان نییە ئەو نەبێ.

﴿إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ ٥٩﴾

من لەوە ئەترسم کە ئێوە تووشی سزایەکی گەورە ببن.

﴿قَالَ ٱلۡمَلَأُ مِن قَوۡمِهِۦٓ إِنَّا لَنَرَىٰكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ٦٠﴾

جا پاش ئەوە کە نووح تەبلیغاتی کرد کۆمەڵەی پیاوی خاوەن شانی گەلەکەی پێیانوت: بە ڕاستی ئێمە تۆ لە ناو گومڕاهییەکی ئاشکرادا دەبینین.

﴿قَالَ يَٰقَوۡمِ لَيۡسَ بِي ضَلَٰلَةٞ وَلَٰكِنِّي رَسُولٞ مِّن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٦١﴾

نووح بە گەلەکەی فەرموو: ئەی گەلی من من گومڕا نیم بەڵام من پێغەمبەرم لە لایەنی پەروەردگاری جیهانەوە.

﴿أُبَلِّغُكُمۡ رِسَٰلَٰتِ رَبِّي وَأَنصَحُ لَكُمۡ وَأَعۡلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٦٢﴾

وە مادام من پێغەمبەری خودام لەسەر بەجێهێنانی واجبی خۆم ئەو بیر و باوەڕە و ئەو ئادابی دینە کە رەوانە کراوم پێیان لە لای خوداوە ئەیانگەیەنم پێتان و خزمەتتان ئەکەم بە ساغی و تەمێتان ئەکەم بە یاسای دین بۆ دوورکردنەوەی رەوشتی خراپ و وەرگرتنی رەوشتی باش و دڵسۆزیتان بۆ ئەکەم بە ئاشکرا و پەنامەکی و چی بۆ خۆم بە باشی بزانم بۆ ئێوەیش بە باشی ئەزانم و هەرچی حەز بکەم خۆم دەستم بکەوێ حەز ئەکەم ئێوەیش دەستان بکەوێ و بە هۆی وەحیەوە لە لایەنی خوداوە بازە شتێ ئەزانم کە ئێوە نایان زانن، جا ئەگەر لە ئەحکامی تەبلیغە بن پێویستە بیان گەیەنم بە ئێوە و ئەگەر لە بەخشیشی تایبەتی بێ ئەوە تەبلیغی پێویست نییە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَآءَكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْ وَلِتَتَّقُوا۟﴾

ئایا سەرتان سوڕئەمێنێ لەوە کە لە لای خوداوە ئامۆژگارییەکتان بۆ بێت و هۆی رزگاریتان لەسەر دەستی پیاوێ لە رشتەی باوك و باپیرەی خۆتان بۆ بێت، بۆ ئەوە کە بەو ئامۆژگارییە بتانترسێنێ لە سزای رۆژی قیامەت وە بۆ ئەوە کە ئێوەیش فەرمانی بەجێ بێنن و لە خودای خۆتان بترسن؟

﴿وَلَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿٦٣﴾﴾

بەڵکوو ئێوە بکەونە بەر میهرەبانی خودای میهرەبان.

﴿فَكَذَّبُوهُ فَأَنجَيْنَٰهُ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥ فِى ٱلْفُلْكِ وَأَغْرَقْنَا ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَآ ۚ﴾

ئەوانیش هەرچەن نووح تێکۆشا بۆ تەربییەتیان هەر باوەڕیان پێ نەکرد و بە درۆیان ئەخستەوە، وە ئێمەیش لەسەر پاڕانەوەی ئەو فەرمانی دروستکردنی کەشتیمان دا بە نووح و کەشتی دروست کرد و خۆی و گەلێ پەیڕەوانی رۆیشتنە ناوی و تۆفانی ئاومان هەڵکرد و جیهانمان غەرقی ئاو کرد. جا نووح و ئەوانە لەگەڵ ئەوا بوون رزگارمان کردن لە ناو کەشتییەکەدا و ئەو کەسانە کە باوەڕیان نەکرد بە ئایاتی ئێمە غەرقمان کردن لە ئاوا.

﴿إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمًا عَمِينَ ﴿٦٤﴾﴾ ۞

بە راستی ئەو گەلی نووحە کۆمەڵێکی کوێر بوون لە دەرك و هۆشا هەرچەن چاویان ئەیبینی.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا﴾

وە ڕەوانەمان کرد بۆ لای گەلی عاد، لە ئەحقافدا لە وڵاتی یەمەن، هوودی برای خۆیان.

﴿قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ ۚ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٦٥﴾﴾

وە هوود فەرمووی: ئەی گەلی من، بەندەیی خودا بکەن و عیبادەتەکەتان بۆ خودا بێ بە تەنیا و هاوڕێی بۆ بڕیار مەدەن و نییە بۆ ئێوە و بۆ هەموو گیاندار و بێ گیان لە جیهانا خودایێ بێجگە لەو زاتە کە ناوی «اللّٰه»یە، ئایا پاش ئەم تێگەیاندنە ئیتر ئێوە خۆتان لە نافەرمانی خودا ناپارێزن و خۆتان لە تاوانباری لانادەن و خۆتان لە ڕەزای خودا نزیك ناکەنەوە بە پەرستیاری و ڕاستی و ئیخلاس کاری؟

وە هوود کە بە برای گەلی عاد ناوبراوە لەبەر ئەوەیە کە لەو کۆمەڵە بووە؛ چونکی هوود کوڕی عەبدوڵلای کوڕی ڕەباحی کوڕی خولوود لە نەوەی سامی کوڕی نووح بووە و لە نەوەی عاد نەبووە بەڵام ناوبراوە بە برای گەلی عاد لەبەر ئەوە کە تێکەڵیان بووە و لە ئاداب و ئەفکاریان شارەزا بووە و ئەوانیش لە وتاری ئەو حاڵی بوون، بەڵام لەبەر ئەوە کە دژی بتپەرستی بووە بوون بە دوژمنی و باوەڕیان تێك‌چوو لەگەڵیا، وەکوو خودا فەرموویەتی:

﴿قَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوْمِهِۦٓ إِنَّا لَنَرَىٰكَ فِى سَفَاهَةٍ وَإِنَّا لَنَظُنُّكَ مِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٦٦﴾﴾

جا ئەو کۆمەڵە کە کافر بوون لە گەلی هوود پێیان‌وت: ئێمە وا ئەزانین کە تۆ بێ‌عەقڵ و عەقڵ سووکی و باوەڕمان وایە کە درۆ ئەکەی لەم وتارانەدا کە بە ئێمەی ئەڵێیت: غەیری خودا ئیتر خودایێ‌ترتان نییە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قَالَ يَٰقَوْمِ لَيْسَ بِي سَفَاهَةٌ وَلَٰكِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ٦٧﴾

ئەویش لە وەڵامیانا فەرمووی: ئەی گەلی من هیچ سەفاهەت و عەقڵ سووکییەك لە مێشکما نییە، بەڵام من فرستادە و پێغەمبەرم لە لایەنی پەروەردگاری جیهانەوە.

﴿أُبَلِّغُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّي وَأَنَا۠ لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ ٦٨﴾

وە ئەحکامی خوداتان پێ ئەگەیەنم و من بەرابەر بە ئێوە دڵپاك و هێمنم.

﴿أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَآءَكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْ﴾

ئایا سەرتان سوڕئەمێنێ لەوە کە لای خوداوە زیکر و پەندێکتان بۆ بێت لەسەر دەستی پیاوێك لە خۆتان بۆ ئەوە بتانترسێنێ لە سزای رۆژی قیامەت؟

﴿وَٱذْكُرُوٓاْ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعْدِ قَوْمِ نُوحٍ وَزَادَكُمْ فِي ٱلْخَلْقِ بَصْۜطَةً فَٱذْكُرُوٓاْ ءَالَآءَ ٱللَّهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ٦٩﴾

وە یادی ئەوە بکەنەوە کە ئێوە بێدەستەڵات بوون و خودای تەعالا ئەسبابی بەرزەوە بوونی پێدان و لە پاش نووح بوون بە جێگەنشینی پیاوەگەورەکانی وڵات و شەدادی کوڕی عاد بوو بە پاشای جەزیرە کە یەکێ بوو لە ئێوە و خودا لە باقی ئادەمیزادی جیا کردنەوە و لە لەش و قەوارەدا ئیمتیازی پێدان و هەیکەلی گەورە کردن بە جۆرێ کە خەڵك شەرمی لێ ئەکردن، دەی یادی نیعمەتەکانی خودا بکەنەوە بەڵکوو هێزی عیبادەتتان پێ بدا و رزگار ببن.

﴿قَالُوٓاْ أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ ٱللَّهَ وَحْدَهُۥ وَنَذَرَ مَا كَانَ يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ٧٠﴾

وتیان: ئایا تۆ هاتووی بۆ لای ئێمە لەسەر ئەساسی ئەوە کە هەر بەندەیی بۆ خودا بکەین بە تاقی تەنیا و تەرکی ئەو بتانە بکەین کە باوك و باپیرەی ئێمە پەرستوونیان؟

www.iqra.ahlamontada.com

دەی ئەگەر راست ئەکەیت و لە راستگۆیانی ئەو سزا کە ئەیلێیت و ئێمەی پێ ئەترسێنی بۆمانی بێنە.

﴿قَالَ قَدْ وَقَعَ عَلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ رِجْسٌ وَغَضَبٌ﴾

جا هوود عليه السلام کە حاڵی بوو ئەو گەلە هەر لەسەر گومڕاهی ئەمێننەوە و دڵنیا بوو کە خودا ئەیانفەوتێنێ پێی فەرموون: بە راستی بڕیاردرا و دامەزرا لەسەرتان لە لای پەروەردگاری ئێوەوە سزایەکی ناباری وا کە ئەتانگەێنێ بەسەر یەکا و ئەبارێ بەسەرتانا غەزەبی خودا لەسەر خواستی تۆڵە سەندنەوەی ئەووەڵ و ئاخر لێتان.

﴿أَتُجَادِلُونَنِي فِي أَسْمَاءٍ سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَاؤُكُم﴾

ئایا ئێوە موجادەلە و شۆڕئەنگێزی لەگەڵ منا ئەکەن بۆ خاتری دامەزراندنی بەندەیی بۆ چەن بتێکی تاشراوی خاوەن شۆرەتی درۆ و خاوەن ناوی بێناوك کە ئەوانە بەس ئێوە و باوك و باپیرەکانتان ناوتان بۆ داناون و حەقیقەت و ئەسڵ و ئەساس بۆ پیرۆزی ئەوانە نییە.

﴿مَّا نَزَّلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ﴾

خودا هیچ دەلیل و بورهانێکی عەقڵی یا نەقڵی نەناردووە لەسەر گەورەیی ئەوانە، واتە نە بە وەحی ئاسمان بڕیاری داوە ئەوانە قیمەتیان هەیە و نە بیرێکی ساغی داپەڕانووە بۆ دەماخی هۆشیاران لەسەر ئەوە کە ئەو بتانە جێگەی ئیعتیبارن.

﴿فَانتَظِرُوا إِنِّي مَعَكُم مِّنَ الْمُنتَظِرِينَ ﴿٧١﴾﴾

چاوەڕێ بکەن بۆ گەیشتنی ئەو سزای خودایە و منیش لەگەڵ ئێوەدا چاوەڕوانم هەتا بزانین چیتان پێ ئەکا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَأَنجَيْنَٰهُ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَقَطَعْنَا دَابِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا ۖ وَمَا كَانُوا۟ مُؤْمِنِينَ ﴿٧٢﴾﴾

جا تەنیا هوود خۆی و ئەو کەسانە کە لەگەڵیا بوون و ئیمانیان هێنا بوو رزگارم کردن و ریشەی ئەو کەسانەمان بڕی کە تەکزیبی ئایاتی ئێمەیان کرد وە ئەوەندە سەرسەخت بوون لەوانە نەبوون کە ئیمان بێنن.

ریوایەت کراوە پاش ئەم هەڕەشەی حەزرەتی هوودە خودا سێ ساڵ بارانی لێ گرتنەوە لە پاشان هەورێکی رەشی گەورەی ناردە راسەریان گومانیان وابوو ئەبێ بە هۆی بارانێکی ئارامی وەها کە دنیا بژێنێتەوە کەچی بوو بە بایەکی توندی سامناکی بێ‌ئامان و وڵاتەکەی وێرانکردن و رووخاندی بەسەریانا و کەللە و دەماخی ئادەمیزادەکەیشی زایەکرد و بەم جۆرە ئەو گەلە بایییە بەرباد بوون و بوون بە پەند بۆ هۆشیاران.

﴿وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًا ۗ﴾

وە رەوانەمان کرد بۆ سەر قەبیلەی «سەموود» (کە مەشهوور بوون بە ناوی باپیرەگەورەیانەوە سەموودی کوڕی «عابر»ی کوڕی «ارم» کوڕی «سام»ی کوڕی نووح عليه السلام )، ساڵحی کوڕی «عبید»ی کوڕی «آسف»ی کوڕی «ماسح»ی کوڕی «عبید»ی کوڕی «حازر»ی کوڕی سەموود لە وڵاتی «حجر»دا دائەنیشتن لە ناوبەینی حیجاز و شامدا.

﴿قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ ۖ﴾

فەرمووی: ئەی گەلی من بەندەیی بکەن بۆ ئەو خودایە کە پەروەردگارە و ئاسمان و زەوی و دار و بەرد و گیا و گیانلەبەری لە نەبوونەوە دروست کردووە و هەر ئەو زاتەیە بەندەیی بۆ ئەکرێ و هیچ خوایەکی‌ترتان نییە جگە لەو.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قَدْ جَآءَتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ﴾

بە راستی وا هات بۆ لاتان بەو جۆرە کە داواتان کرد شاهیدێ لە لایەنی خودای خۆتانەوە.

﴿هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمْ ءَايَةً فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِىٓ أَرْضِ ٱللَّهِ﴾

ئا ئەوەی کە لە پێش چاوتانایە وشترێکە بەس بە هێزی تەوانایی خودا دروست کراوە و لەو بەردە دەرچووە و حاڵی وایە بۆتان بووە بە نیشانەی گەورەیی خودا وازی لێ بێنن با بلەوەڕێ لە گژ و گیای زەوی خودا.

﴿وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٧٣﴾﴾

وە دەخیلتان بم قەت دەستی لێ مەدەن بە خەیاڵی زیان پێگەیاندنی نەوەك سزایەکی سەخت و بە ئازارتان تووش ببێ.

ریوایەت کراوە حەزرەتی ساڵح گەلێ ئامۆژگاری کردن سوودی نەبوو هەتا رۆژێ لە رۆژان سەرۆکی قەبیلەی سەموود «جندع»ی کوڕی «عەمر» ئیشارەتی کرد بۆ بەردێکی گەورە لە وڵاتەکەیاندا بوو وتی: داوا بکە لە خودا لەم بەردە وشترێکی زەلامی تووکن دروست بکا و دەری بکا بۆمان. حەزرەتی سناڵح داوای ئەوەی کرد لە خودا و بە فەرمانی خودا وشترێ لە بەردەکە هاتەدەرەوە و «جندع» و کۆمەڵێ لەگەڵیا ئیمانیان هێنا بە ساڵح و «ذواب»ی کوڕی عەمر و «جبار»ی سادینی بتەکان و «رباب»ی کوڕی «صخر» کە کاهین بوون ئیمانیان نەهێنا.

﴿وَٱذْكُرُوٓاْ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعْدِ عَادٍ وَبَوَّأَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ تَتَّخِذُونَ مِن سُهُولِهَا قُصُورًا وَتَنْحِتُونَ ٱلْجِبَالَ بُيُوتًا﴾

وە یادی نیعمەتی خودا بکەنەوە لە سەرتان لەبەر ئەوە کە ئێوەی کرد بە جێگەنشینی گەورەکانی وڵات لە پاش لە ناوچوونی قەبیلەی عاد لە یەمەنا و دایمەزراندن لە

www.iqra.ahlamontada.com

زەویدا و خاوەن هێزی کردن و لە شوێنی ئارام و دەشتا قەسر و باڵاخانەی جوان ئەکەنەوە و لە کەژ و کێوی سەخت و بەرداویدا هۆدە و ماوای دامەزراوی باش دەتاشن.

﴿فَاذْكُرُوٓاْ ءَالَآءَ ٱللَّهِ وَلَا تَعْثَوْاْ فِى ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ ﴿٧٤﴾﴾

باسی ئەو هەموو نیعمەتانی خودایە بکەن کە داویەتی پێتان و ئیشی خراپ و نابار مەکەن لە زەویدا و بە بەدخوویی مەژین.

﴿قَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُواْ مِن قَوْمِهِۦ لِلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُواْ لِمَنْ ءَامَنَ مِنْهُمْ أَتَعْلَمُونَ أَنَّ صَٰلِحًا مُّرْسَلٌ مِّن رَّبِّهِۦ ۚ قَالُوٓاْ إِنَّا بِمَآ أُرْسِلَ بِهِۦ مُؤْمِنُونَ ﴿٧٥﴾﴾

جا ئەو کۆمەڵە ناودارەی وەها کە خاوەن دەمار بوون لە گەلی ساڵح علیه السلام وتیان بە کۆمەڵەیێ لەوانە کە بێدەستەڵاتن بە تایبەتی بەوانەیان کە ئیمانیان هێناوە بە ساڵح: ئایا ئێوە ئەزانن و باوەڕتان هەیە بەوە کە ساڵح رەوانە کراوە لە لایەنی خوداوە و کراوە بە پێغەمبەری خودای خۆی بۆ سەر ئێمە؟ ئەوانیش لە وەڵاما وتیان: ئێمە ئیمانمان هەیە بەوەی کە ساڵح پێی رەوانە کراوە و باوەڕمان هەیە پێغەمبەری خودای تەعالایە.

﴿قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓاْ إِنَّا بِٱلَّذِىٓ ءَامَنتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿٧٦﴾﴾

جا ئەوانە کە خاوەن دەمار بوون و فیزیان ئەکرد وتیان: بە راستی ئێمە باوەڕ ناکەین بەوەی کە ئێوە ئیمانتان پێ هێنا.

﴿فَعَقَرُواْ ٱلنَّاقَةَ وَعَتَوْاْ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِمْ وَقَالُواْ يَٰصَٰلِحُ ٱئْتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٧٧﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

جا وشترەکەی حەزرەتی ساڵحیان پەی کرد، واتە وتیان بە پیاوێکی ناپیاو لە گەلەکەدا: بڕۆ دەست و پێی ئەو وشترە ببڕە، ئەویش ڕۆیشت چوارپەلی وشترەکەی بڕی. وە لە فەرمانی خودا لایان دا کە ئەمری کردبوو بەوە دەست نەبەن بۆ ئەو وشترە. پاش ئەوە بانگیان کرد لە ساڵح عليه السلام و وتیان: فەرموو ئەگەر تۆ پێغەمبەری ئەو ئازار و بەڵایەمان بۆ بێنە کە ئێمەت لێ دەترساند.

﴿فَأَخَذَتْهُمُ ٱلرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُوا۟ فِى دَارِهِمْ جَـٰثِمِينَ ﴿٧٨﴾﴾

جا لەو سەردەمەدا کوتوپڕ بوومەلەرزە گرتنی و داگیری کردن و هەر لە ناو ماڵەکانی خۆیانا کەوتن و مردن.

﴿فَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ وَقَالَ يَـٰقَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالَةَ رَبِّى وَنَصَحْتُ لَكُمْ وَلَـٰكِن لَّا تُحِبُّونَ ٱلنَّـٰصِحِينَ ﴿٧٩﴾﴾

جا ئەم کارەساتە هات و ئەم نەهاتە ڕووی دا حەزرەتی ساڵح پشتی هەڵکرد لەو شوێنە کە بوومەلەرزەکە لێیداوە و لە شوێنێکی تایبەتیدا دانیشت و لە خەم و پەژارەی خۆیدا بەرابەر بە گەلە مردووەکەی فەرمووی: ئەی گەلی من! بە ڕاستی من پەیامی خودای خۆمم پێ گەیاندن و ئامۆژگاریم کردن و دڵسۆزیم بۆ دەربڕین بەڵام ئێوە ئەو کەسانەتان خۆش ناوێ کە دڵسۆزن. وە دەگونجێ ئەم قسەی حەزرەتی ساڵحە عليه السلام هەر لە پێش کارەساتەکەدا بووبێ لەو کاتەدا کە ئەوان وشترەکەیان پەی کرد و وتیان بە ساڵح چی ئەکەی بیکە.

﴿وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ أَتَأْتُونَ ٱلْفَـٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٨٠﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە باسی رووداوی زەمانی «لووت»ی کوڕی «هاران»ی برای ئیبراهیمی خەلیل بکە لەو کاتەدا کە بە گەلەکەی لە ئەهلی «سەوم» لە وڵاتی «اردن»دا فەرموو: ئایا ئێوە پیاوگەلێکی ئەوەندە بێشەرمن کە کردەوەی ناهەمواری فاحیشە ئەکەن و لە دواوە سواری نێرینە ئەبن؟ کە حاڵی ئەم فەرمانە ناهەموارە وایە کەس لە سەرسەری و تاوانبارانی جیهان نەکەوتووەتە پێشی ئێوەوە تیایا؟ واتە ئەم رەفتارە نابارە لە ئێوەوە رووی داوە لە پێش ئادەمیزادانا بۆ ئەوە کە لە پاش ئێوەیش هەرکەسێ بیکا ئێوە شەریکی تاوانەکەی بن.

﴿إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ النِّسَاءِ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ ﴿٨١﴾﴾

بە راستی ئێوە ئەچنە لای پیاوان نەك ژنان لەبەر بەجێهێنانی ئارەزووی نەفسی خۆتان و دەرکردنی گەرمی لەشتان. ئێوە نەك هەر لەم بابەتەوە بەڵکوو لە گەلێ بابەتی ترەوە لە حەق لاتان داوە، ئەگەرنا بەم شێوە حەیای خۆتان و عالەمتان نەدەبرد و بە یاسای باش دەسبەردار ئەبوون.

﴿وَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِ إِلَّا أَن قَالُوا أَخْرِجُوهُم مِّن قَرْيَتِكُمْ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ ﴿٨٢﴾﴾

وە لە بەرابەری ئەم ئامۆژگاری لووتەوە وەڵامی گەلەکەی هەر ئەوە بوو کە وتیان: ئەم خانەدانی لووتە لە ئاوەدانی و دێی خۆتان دەرکەن؛ چونکی ئەمانە ئادەمیزادێکن خۆیان دوور ئەگرن لەم ئیشانە کە ئێمە ئەیانکەین.

﴿فَأَنجَيْنَاهُ وَأَهْلَهُ إِلَّا امْرَأَتَهُ كَانَتْ مِنَ الْغَابِرِينَ ﴿٨٣﴾﴾

جا ئێمە لەو کاتەدا کە ویستمان ئەو گەلە لە ناو بەرین لووت و ئەهلی لووتمان رزگار کرد ژنەکەی نەبێ لە ریزی ئەوانەدا دانرا کە سزا ئەدرێن و لە سزادا ئەمێننەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًا فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُجْرِمِينَ ﴿٨٤﴾﴾

وە بارانێکی نائاساییمان باراند بەسەریانا جا بڕوانە کە ئەنجامی بەدبیری و بەدکاری تاوانبارەکان چۆن بوو تا حاڵی ببی و بە چاو بڕوانی و ببینی ئەو گەلە هەموو بەردەباران ئەکەین و وڵاتەکەیان دائەپۆشین.

﴿وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا﴾

روانەمان کرد بۆ وڵاتی مەدیەن ـ کە وڵاتێکە مەدیەن ناوی کوڕی حەزرەتی ئیبراهیمی تێدایە ـ برای خۆیان «شوعەیب» کوڕی «میکائیل» کوڕی «یسجر» کوڕی مەدیەن کوڕی ئیبراهیمعليه السلام وە ئەم زاتە پێیان ئەوت «خطيب الأنبيا» لەبەر ئامۆژگاری کردنی گەلەکەی بە زۆری.

﴿قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ ۖ قَدْ جَاءَتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ ۖ﴾

فەرمووی بە گەلەکەی: ئەی گەلی خۆم بەندەیی بکەن بۆ خودای عالەم کە ناوی «اللّٰه»یە و نییە بۆ ئێوە خودایەکی‌تر و بە راستی هات بۆ لاتان شاهیدێ و بورهانێ بۆ ریسالەتی من لە لایەنی خوداوە.

موفەسیرەکان فەرموویانە: ئەو موعجیزەی حەزرەتی شوعەیبەعليه السلام لە قورئانا بەیان نەکراوە وەکوو گەلێ موعجیزەی پێغەمبەران باس نەکراوە لە قورئانا، وە ئەڵێن: ئەوموعجیزەی شوعەیبە ئەو عاسایە بووە کە داویە بە مووساعليه السلام و شەڕی کردووە لەگەڵ ماری گەورەدا.

www.iqra.ahlamontada.com

بازێ فەرموویانە: مەبەست لە «بَیِّنة» لەو ئایەتەدا هەر ریسالەتی شوعەیبە و قەسدی ئەوە بووە کە ئەو ریسالەتە و ئەو نووری نوبووەت و حیکمەتە کە کراوە بە خەلات بۆ من لەگەڵ ئەوەدا ئێوە ئەزانن کە من لە پێش ریسالەتا هیچم نەزانیوە ئەوە ئەبێ بە شان و شەرەف بۆ من و بە شایەت بۆ ئێوە لەسەر ئەوە کە قسەی من راستە.

﴿فَأَوۡفُواْ ٱلۡكَيۡلَ وَٱلۡمِيزَانَ وَلَا تَبۡخَسُواْ ٱلنَّاسَ أَشۡيَآءَهُمۡ﴾

جا پێوانە و کێشانە تەواو بکەن بۆ ئەو کەسانە ماڵتان لێ ئەکڕن و هەقی خەڵك کەم مەکەنەوە و بەشی کەس زایە مەکەن.

﴿وَلَا تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ بَعۡدَ إِصۡلَٰحِهَاۚ﴾

وە خراپە و زیانکاری مەکەن لە زەویدا پاش ئەوە کە خودا ـ بە ناردنی پێغەمبەران بۆ تەمێی ئادەمیزاد ـ ئیسلاحی کردووە.

﴿ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ٨٥﴾

ئەم پیاوەتی و راساڵی و یارمەتی رەهبەرانە باشترە لەوە کە ببن بە دژ ئامۆژگاری ئەوان ئەگەر باوەڕتان بە خودا هەیە.

﴿وَلَا تَقۡعُدُواْ بِكُلِّ صِرَٰطٖ تُوعِدُونَ وَتَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ مَنۡ ءَامَنَ بِهِۦ وَتَبۡغُونَهَا عِوَجٗاۚ﴾

ئەی گەلی من ناپیاو مەبن و دامەنیشن لە هەموو رێگەیێ لە رێگەی ئەو ئادەمیزادە پاکانەدا کە خەڵکی بانگ ئەکەن بۆ ئیمان هێنان بۆ ئەوە کە هەڕەشەیان لێ بکەن و بیانترسێنن و مەنعیان بکەن لە تەمێ کردنی نەزانەکان و بۆ ئەوە کە مەنعی ئەوانە بکەن کە ئیمانیان هێناوە بە خودا لە رۆیشتن بە رێگەی راستی خودادا و گومانی

www.iqra.ahlamontada.com

ناهەموار بخەنە دڵیانەوە بۆ ئەوە کە تەرکی ئەو ڕێگە بکەن و ڕێگەی ڕاست بە لار نیشان بدەن.

﴿وَاذْكُرُوا إِذْ كُنتُمْ قَلِيلًا فَكَثَّرَكُمْ﴾

وە بیری ئەو کاتە بکەنەوە کە ئێوە کەم بوون لە ژمارە و لە ئەسبابی جەنگدا وە خودا بە ماوەیەکی کەم زۆری کردن لە ژمارە و هێزدا.

﴿وَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ ﴿٨٦﴾﴾

وە تەماشا بکەن کە ئەنجامی ناپیاوە بەدکارەکان چۆن بوو لەسەر ستەمکاری و ناهەمواری ئەوان چلۆن خودا قاری لێ گرتن و بەربادی کردن ئێوەیش بەوان تەمێ خوار ببن.

﴿وَإِن كَانَ طَائِفَةٌ مِّنكُمْ آمَنُوا بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ وَطَائِفَةٌ لَّمْ يُؤْمِنُوا فَاصْبِرُوا حَتَّىٰ يَحْكُمَ اللَّهُ بَيْنَنَا ۚ وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ ﴿٨٧﴾﴾ ۞

وە ئەگەر تایفە و کۆمەڵێ لە ئێوە ئیمانتان هێنا بەو دینەی من پێی ڕەوانە کراوم وە کۆمەڵێ ئیمانیان نەهێنا و لەسەر کوفری خۆیان ماونەتەوە، دە چاوەڕێ بکەن هەتا خودا فەرمانی خۆی دیاری بکا لە ناومانا بە یارمەتی‌دانی موسوڵمانەکان بەسەر کافرەکانا، وە ڕاستە کە خودا چاکترین فەرماندەری جیهانە لە ئاشکراو پەنهانا.

﴿قَالَ الْمَلَأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا مِن قَوْمِهِ لَنُخْرِجَنَّكَ يَا شُعَيْبُ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَكَ مِن قَرْيَتِنَا أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا ۚ﴾

جا پیاو ماقووڵەکانی گەلی شوعەیب عليه السلام ئەوانەیان کە خاوەن فیز و دەمار بوون ئیمانیان نەهێنا و هەڕەشەیان کرد لە شوعەیب و وتیان: بە ڕاستی تۆ و ئەوانە کە

www.iqra.ahlamontada.com

ئیمانیان هێناوە بە خودا لەگەڵ تۆدا، دەرتان ئەکەین لەم ئاوەدانی خۆمانە یا ئەبێ بگەڕێنەوە بۆ سەر میللەت و دینی ئێمە.

﴿قَالَ أَوَلَوْ كُنَّا كَٰرِهِينَ ﴿٨٨﴾﴾

شوعەیبیش فەرمووی: ئایا ئەگەر حەزیش نەکەین و پێمان ناخۆش بێ هەر ئەمان گێڕنەوە بۆ میللەت و دینی خۆتان؟ ئەم جوملە دوو مانا هەڵدەگرێ: یەکەم: مادام ئێمە بە دڵ عاجزین لە دینەکەتان قابیل نییە بگەڕێینەوە بۆ سەری؛ چونکی دین بە بێ خۆشویستن دین نییە. دووەم: مادام ئێمە حەز بە دینەکەتان ناکەین ئەگەر بە زۆری ئێوەیش بگەڕێینەوە ئەوە هەر نەگەڕاوینەتەوە چونکی دین ئەبێ ئیختیاری بێ نەك بە زۆرداری.

﴿قَدِ ٱفْتَرَيْنَا عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا إِنْ عُدْنَا فِى مِلَّتِكُم بَعْدَ إِذْ نَجَّىٰنَا ٱللَّهُ مِنْهَا﴾

ئەگەر ئێمە لە پاش ئەوە خودا رزگاری کردین لەو دینە نارەوایە کە بتپەرستییە و گەیشتین بە تەوحید، بگەڕێینەوە بۆ لای بتپەرستی و هاوڕێ بۆ خودا دابنێین ئەوە دیارە درۆمان لەسەر خوا کردووە و بە درۆ وتوومانە خودا شەریکی هەیە.

﴿وَمَا يَكُونُ لَنَآ أَن نَّعُودَ فِيهَآ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّنَا﴾

وە قەت نابێ و بە عادەت مەحاڵە بۆ ئێمە بگەڕێینەوە بۆ میللەتێ کە خۆمان ئەزانین درۆیە و بێ‌ئەساسە مەگەر خودا خواستی وابێ نائومێدمان بکا لە رەحمەتی خۆی و دڵمان بگۆڕێ ـ پەنا بەخودا ـ .

﴿وَسِعَ رَبُّنَا كُلَّ شَىْءٍ عِلْمًا عَلَى ٱللَّهِ تَوَكَّلْنَا﴾

خودای ئێمە زانستی گوشادە جێگەی هەموو شتێکی تێدا ئەبێتەوە و هەر شتێکیش مومکین بێ بۆ ئەو ئاسانە و هەر پشت بە خودا ئەبەستین و داوای ئەوە ئەکەین دڵمان دامەزرێنێ لەسەر دین و لە رێگەی حەق لامان نەدا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿رَبَّنَا ٱفْتَحْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ قَوْمِنَا بِٱلْحَقِّ وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْفَٰتِحِينَ ﴿٨٩﴾﴾

پەروەردگارا بە کەرەم و رەحمەتی خۆت حوکم بدە لە بەینی ئێمە و گەلەکەمانا بە حەق، واتە یارمەتی ئێمە بدە زاڵ ببین بەسەر هێزی کوفر و گومڕاییدا هەتا هەردوولا بە راستی بناسرێن، وە تۆ ئەی خودا باشترین حاکم و فەرماندەری لە جیهانا.

﴿وَقَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦ لَئِنِ ٱتَّبَعْتُمْ شُعَيْبًا إِنَّكُمْ إِذًا لَّخَٰسِرُونَ ﴿٩٠﴾﴾

جا ئەو کۆمەڵە کە کافر بوون لە گەلی شوعەیب، وتیان بە ئەفرادی گەلەکەیان بە هەڕەشەی دنیایی و بە ئامۆژگاری ئایینی: ئەی گەل! وەڵڵاهی ئەگەر بکەونە دوای بیر و باوەڕی شوعەیب و ئیمانی پێ بێنن بە راستی ئێوە زیان ئەکەن لە دنیادا؛ چونکی ئێمە لێتان قەبووڵ ناکەین و بۆ دینیشتان زەرەرە؛ چونکی ئایینی شوعەیب باش نییە ـ دیارە بە گومانی ئەوان ـ.

﴿فَأَخَذَتْهُمُ ٱلرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُوا۟ فِى دَارِهِمْ جَٰثِمِينَ ﴿٩١﴾﴾

جا لە کوتوپڕا بوومەلەرزە وڵاتەکەی گرتن و لە خانووەکانی خۆیانا مردن و کەوتن بەسەر یەکا. وە ئەم جۆرە کارەساتانە کە دێ بەسەر نافەرمانەکانا سوپایەکی پەنامەکی خودایە.

﴿ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ شُعَيْبًا كَأَن لَّمْ يَغْنَوْا۟ فِيهَا ۚ﴾

ئەو کەسانە کە شوعەیبیان بە درۆ خستەوە وایان بە سەرهات و لەناوچوون و شوێنەواریان بڕاوە وەك هەر نەبووبن و ناویان نەبووبێ.

﴿ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ شُعَيْبًا كَانُوا۟ هُمُ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٩٢﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەو کەسانە کە شوعەیبیان بەدرۆ خستەوە هەر ئەوان زیانیان پێ گەیشت نەك ئەوانە کە باوەڕیان پێ کرد و ئیمانیان پێ هێنا.

﴿ فَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ وَقَالَ يَٰقَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّى وَنَصَحْتُ لَكُمْ ﴾

ئەویش بە ئێش و ئازارێکی دڵەوە پشتی هەڵکرد و دوور کەوتەوە لەوان و بانگی کرد لە کۆمەڵە لەناوچووەکە و بانگی کردن وەکوو بانگ لە زیندوو بکا، وتی: بە راستی من پەیامی خودای خۆمم پێ گەیاندن و بە دڵسۆزی تێکۆشیم لەگەڵتانا بەڵام ناتوانم هیچ غەمێ هەڵبگرم بۆ کۆمەڵی بێباوەڕ و کافر.

﴿ فَكَيْفَ ءَاسَىٰ عَلَىٰ قَوْمٍ كَٰفِرِينَ ﴿٩٣﴾ ﴾

چۆن خەم بخۆم لەسەر فەوتانی گەلێ کە بۆ خەمخواردن نەشێن؟

﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَا فِى قَرْيَةٍ مِّن نَّبِىٍّ إِلَّآ أَخَذْنَآ أَهْلَهَا بِٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ لَعَلَّهُمْ يَضَّرَّعُونَ ﴿٩٤﴾ ﴾

هەرگیز رەوانەمان نەکردووە هیچ پێغەمبەرێ لە هیچ ئاوەدانییەکدا ئیللا پاش سەرکێشی ئەوانە خەڵکەکەمان دوچاری فەقیری و لاتی و نەخۆشی خراپ کردووە بەڵکوو بیر بکەنەوە و روو بکەنە خودا و تۆبە بکەن.

﴿ ثُمَّ بَدَّلْنَا مَكَانَ ٱلسَّيِّئَةِ ٱلْحَسَنَةَ حَتَّىٰ عَفَوا۟ ﴾

لە پاشا لە جێگەی ئەو لاتی و نەخۆشییەدا دەوڵەمەندی و لەشساغیمان پێدان هەتا زۆر بوون لە ماڵ و منداڵ و لە حورمەت و ئاسایشدا بەڵکوو لایێ بکەنەوە بە لای خاوەنی ئەم کارەساتانە و ئەم حاڵە پیرۆزانەدا و لە ئەنجاما خودا بناسن.

﴿ وَقَالُوا۟ قَدْ مَسَّ ءَابَآءَنَا ٱلضَّرَّآءُ وَٱلسَّرَّآءُ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

کەچی وتیان: ئەم خۆشحاڵی و بەدحاڵییە شتێکە ئەبێ ببێ لە دنیادا، وە باوك و باپیرەی ئێمەیش ئەم نەخۆشی و دەوڵەمەندی و نەدارابیانە بەسەرا هاتووە، ئیتر نەبوو بە هۆی بیر کردنەوەیان لە وجوودی خودادا و لە پەیڕەوی پێغەمبەرانا.

﴿فَأَخَذۡنَٰهُم بَغۡتَةٗ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ٩٥﴾

دەی کوتوپڕ ئەوانەمان گرت و تووشمان کردن وەلحاڵ ئاگایان لە خۆیان نەبوو لە هاتنی ئەو نەهاتییەدا.

﴿وَلَوۡ أَنَّ أَهۡلَ ٱلۡقُرَىٰٓ ءَامَنُواْ وَٱتَّقَوۡاْ لَفَتَحۡنَا عَلَيۡهِم بَرَكَٰتٖ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾

وە ئەگەر ئەهلی دێهاتی ڕەهبەران ئیمانیان پێبهێنایەن و لە خودا بترسایەن و شوێن ڕەهبەران بکەوتنایێ و شوێن ئەسبابی دین و ژین بکەوتنایە و فەرمانی خودایان لە خۆ بگرتایە و کاسبی ڕەوایشیان بکردایە، دەرگای پیت و بارەی باشمان لێ ئەکردنەوە لە ئاسمان و زەوییەوە بباریێ بە سەریانا.

﴿وَلَٰكِن كَذَّبُواْ فَأَخَذۡنَٰهُم بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ٩٦﴾

بەڵام ئەوان درۆیان کرد بەرابەر بە پێغەمبەرەکان جا ئێمەیش ئەوانمان گرت بە هۆی ئەو کردەوە نابارانەوە کە لە تەکزیبەکەیانەوە پەیدا بوو کردیان.

﴿أَفَأَمِنَ أَهۡلُ ٱلۡقُرَىٰٓ أَن يَأۡتِيَهُم بَأۡسُنَا بَيَٰتٗا وَهُمۡ نَآئِمُونَ ٩٧﴾

ئایا پاش ئەم هەموو کارەساتە ناهەموارە کە بەسەر جیهانا هاتووە هێشتا خەڵکی دێهاتی ڕەهبەرەکان بە هێمنی و بێخەم ڕائەبوێرن و لەوە ناترسن کە هێزی قاری من لە شەوا کاتێ کە نوستوون و ئاگایان لە هیچ نییە داگیریان بکا وەکوو ئەو دێهاتانە کە لە شەوا بە بوومەلەرزە و لافاو و باران و تەرزە و بروسکە و هێرشی دوژمن... لەناوبران؟

www.iqra.ahlamontada.com

﴿أَوَأَمِنَ أَهْلُ ٱلْقُرَىٰٓ أَن يَأْتِيَهُم بَأْسُنَا ضُحًى وَهُمْ يَلْعَبُونَ ﴿٩٨﴾﴾

یاخود ئەمین ئەبن خەڵکی دێهاتی پێغەمبەران لەوە کە سزا و ئازاری من بێتە سەریان لە کاتی چاشتا لە حاڵێکدا ئەوان فەرامۆشن لە دەرد و کارەسات و گاڵتە ئەکەن؟ واتە خودای تەعالا زۆربەی لە کاتی ناکاوا و لە وەختی بایی بوونا قاری ئەڕژێنێ بەسەر ئەوانەدا کە خواستی لەسەر نەهێشتنیانە.

﴿أَفَأَمِنُوا۟ مَكْرَ ٱللَّهِ ۚ فَلَا يَأْمَنُ مَكْرَ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْخَـٰسِرُونَ ﴿٩٩﴾﴾

ئایا ئەم ئادەمیزادە بێ‌هۆشە خودافەرامۆشکردووە، ئەمین ئەبن لەو کردەوە سەختە ماڵوێرانکەرانەی خودایە بە وێنەی دوژمنێ کە فێڵ لە دوژمنی خۆی بکا؟ نابێ ئەمین بن، قەت لە مەکری خودا ئەمین نابێ ئەو کۆمەڵە نەبێ کە زیانکار و ئەنجام نابارن.

﴿أَوَلَمْ يَهْدِ لِلَّذِينَ يَرِثُونَ ٱلْأَرْضَ مِنۢ بَعْدِ أَهْلِهَآ أَن لَّوْ نَشَآءُ أَصَبْنَـٰهُم بِذُنُوبِهِمْ ۚ وَنَطْبَعُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ ﴿١٠٠﴾﴾

ئایا دەرنەکەوتووە و ڕۆشن نەبووەتەوە بۆ ئەو کەسانە کە وڵات و دارایی وەرئەگرن لە پاش مردنی چینی پێشوو ئەمێننەوە بە غافڵی و بێ‌بایی لە قاری خودا؟ ئایا دەرنەکەوتووە بۆیان ئەگەر خواستمان ببێ بە ئانێ لە تۆڵەی تاوانەکانیانا ئەیانگرین، بەڵێ ئەبێ بزانن لەسەر حیکمەتی خۆم کاتێ سزایان دوا ئەخەم هەتا وەختی دێ، بەڵام حاڵی حازر لەبەر ئەوە کە زۆر دوورکەتوونەتەوە لە ئەحکامی خودا مۆرم ناوە بە دڵیانا و خێری تێ ناچێ جا بەو هۆوە پەند و ئامۆژگاری نابیێن.

﴿تِلْكَ ٱلْقُرَىٰ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنۢبَآئِهَا ۚ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەهلی ئەو دێهاتی پێغەمبەرانە وەکوو ئەهلی دێهاتی نووح و هوود و ساڵح و لووت بازێ لە ئەخبار و بەسەرهاتیان بۆ تۆ ئەگێڕمەوە بۆ دڵدانەوەی تۆ.

﴿وَلَقَدْ جَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَمَا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوا۟ بِمَا كَذَّبُوا۟ مِن قَبْلُ﴾

وە بە راستی پێغەمبەرانیان هاتن بۆ لایان بەڵام ئەوان لەوانە نەبوون کە ئیمان بێنن لەبەر ئەوە کە دڵیان رەشەوە بووبوو لەبەر تاوانباری و باوەڕ نەکردنیان بە پێغەمبەرەکان لە پێش هاتنی پێغەمبەرانی تازەدا، واتە لە پێش هاتنی پێغەمبەرە تازەکانا دوژمنایەتییان کردبوو لەگەڵ چینێکی پێش ئەوان جا هەر شوومی ئەو بێباوەڕییە نەیهێشت باوەڕ بکەن بە پێغەمبەرە تازەکانیش.

﴿كَذَٰلِكَ يَطْبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿١٠١﴾﴾

بەم جۆرە مۆرکردنە کە لە ئەنجامی بەدئەندیشەیی و بەدکردەوەییدایە خودا دڵی کافرەکان مۆر ئەکا، واتە کافرەکان ئەکەونە دوای بیری تاریك و کردەوەی ناهەموار و ئێمەیش رەهبەران رەوانە ئەکەین کە ئامۆژگارییان ئەکەن ئەوانیش بە قەتعی موبالات ناکەن جا خودایش قاریان لێ ئەگرێت و دڵیان مۆر ئەکات.

﴿وَمَا وَجَدْنَا لِأَكْثَرِهِم مِّنْ عَهْدٍ﴾

وە دەستمان نەکەوت لە لایەنی زۆربەی ئەوانەوە وەفا بە پەیمان، واتە گەلێ لەو ئوممەتە گومڕاهانە گیرۆدەی دەرد بوون و عەهدیان کرد ئەگەر رزگار ببن ئیتر فەرمانبەرداری خودا بن کەچی کاتێ کە رزگار بوون وەفایان نەکرد و فەرمانی خودایان بەرێوە نەبرد.

﴿وَإِن وَجَدْنَآ أَكْثَرَهُمْ لَفَٰسِقِينَ ﴿١٠٢﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە زۆربەی ئەوانم وا دەس‌کەوت کە فاسق بوون و لە یاسای ئیسلام و ئیمان دەرچوون و دەوامیان نەکرد.

﴿ثُمَّ بَعَثْنَا مِنۢ بَعْدِهِم مُّوسَىٰ بِـَٔايَـٰتِنَآ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِي۟هِۦ فَظَلَمُوا۟ بِهَا ۖ﴾

لە پاش زەمانی ئەو پێغەمبەرانە مووسای کوڕی عیمرانمان ڕەوانە کرد لەگەڵ ئایات و موعجیزاتدا بۆ لای فیرعەون و کۆمەڵەی پەیڕەوانی کەچی ئەوانە ئینکاریان کرد و تەئویلیان کرد بە تەئویلاتی فاسید.

﴿فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿١٠٣﴾﴾

جا بڕوانە کە ئەنجامی ئەو بەدکارانە چۆن بوو و چییان بەسەرهات.

﴿وَقَالَ مُوسَىٰ يَـٰفِرْعَوْنُ إِنِّى رَسُولٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿١٠٤﴾ حَقِيقٌ عَلَىٰٓ أَن لَّآ أَقُولَ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْحَقَّ ۚ﴾

وە مووسا فەرمووی: ئەی فیرعەون بە ڕاستی من ڕەوانە کراوم لە لایەنی پەروەردگاری عالەمەوە بۆ لای ئێوە و زۆر سوورم لەسەر ئەوە دەربارەی خودا و ئەوەی خودا پێی ڕەوانە کردووم ڕاست نەبێ هیچ نەڵێم.

﴿قَدْ جِئْتُكُم بِبَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ فَأَرْسِلْ مَعِىَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿١٠٥﴾﴾

وە بە ڕاستی هاتووم بۆ لای ئێوە بە موعجیزەوە وە بەنی‌ئیسرائیلیەکانمان لەگەڵ بنێرە بۆ ئەو زەوییە کە باوك و باپیرەیان لەوێدا بووە و مەیانکە بە سوخرە بۆ ئیش و کاری نابار و زەحمەت.

﴿قَالَ إِن كُنتَ جِئْتَ بِـَٔايَةٍ فَأْتِ بِهَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّـٰدِقِينَ ﴿١٠٦﴾﴾

فیرعەون وتی ئەگەر ڕاست ئەکەیت و موعجیزەت هێناوە دەی ئاشکرای بکە و بۆمانی دەربخە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ فَأَلْقَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ ﴿١٠٧﴾ ﴾

جا حەزرەتی مووسا کوتوپڕ عاساکەی فڕەدا بۆ سەر زەوییەکە تەماشایان کرد بوو بە مارێکی زلی نابار.

﴿ وَنَزَعَ يَدَهُۥ فَإِذَا هِيَ بَيْضَآءُ لِلنَّٰظِرِينَ ﴿١٠٨﴾ ﴾

وە دەستی لە باخەڵی دەرهێنا دەرکەوت سپی بوو پڕتەوی ئەدا بۆ ئەوانە کە تەماشایان ئەکرد، ئەڵێن پڕتەوی ئەو دەستەی وەکوو پڕتەوی چرای رووناك شەوقی ئەدایەوە.

﴿ قَالَ ٱلْمَلَأُ مِن قَوْمِ فِرْعَوْنَ إِنَّ هَٰذَا لَسَٰحِرٌ عَلِيمٌ ﴿١٠٩﴾ ﴾

وە لەم کاتەدا کۆمەڵێ لە گەلی فیرعەون وتیان: بە راستی ئەم مووسا جادووگەرێکە زانا لە پیشەی جادووبازیدا.

﴿ يُرِيدُ أَن يُخْرِجَكُم مِّنْ أَرْضِكُمْ ۖ فَمَاذَا تَأْمُرُونَ ﴿١١٠﴾ ﴾

ئەیەوێ بە هێزی جادوو ئێوە دەربکا لە زەوی و خاکی خۆتان، جا فەرمانتان چییە و چۆن چاری بکەین؟

﴿ قَالُوٓاْ أَرْجِهْ وَأَخَاهُ وَأَرْسِلْ فِى ٱلْمَدَآئِنِ حَٰشِرِينَ ﴿١١١﴾ ﴾

ئەو کۆمەڵە خاوەن را و تەگبیرە وتیان بە فیرعەون: ئەم زاتە و براکەی کە هاروونە ئیشەکەیان دوا بخە هەتا ماوەیێ و چەن مەئموورێ بنێرە کە جادووگەرەکان گرد بکەنەوە و بیانهێنن بۆ لات.

﴿ يَأْتُوكَ بِكُلِّ سَٰحِرٍ عَلِيمٍ ﴿١١٢﴾ ﴾

هەتا هەر جادووگەرێ کە زانایە لە فەنی جادووگەریدا بیانهێنن بۆ لات.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ وَجَآءَ ٱلسَّحَرَةُ فِرۡعَوۡنَ قَالُوٓاْ إِنَّ لَنَا لَأَجۡرًا إِن كُنَّا نَحۡنُ ٱلۡغَٰلِبِينَ ١١٣ ﴾

وە جادووگەرەکان هاتن بۆ لای فیرعەون و پێیان‌وت: ئایا بەش و بەراتێکمان ئەبێ ئەگەر ئێمە سەرکەوین بەسەر مووسا و براکەیا؟

﴿ قَالَ نَعَمۡ وَإِنَّكُمۡ لَمِنَ ٱلۡمُقَرَّبِينَ ١١٤ ﴾

ئەویش وتی: بەڵێ بەش و بارەتان ئەبێ و ئێوە لە نزیکان و سەربەرزانی بارەگا ئەبن.

﴿ قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِمَّآ أَن تُلۡقِيَ وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ نَحۡنُ ٱلۡمُلۡقِينَ ١١٥ ﴾

وتیان: ئەی مووسا تۆ لە پێشا ئەسبابی خۆت فڕە بدە یاخود ئێمە لە پێشا ئەسبابی خۆمان فڕە ئەدەین (ئەینوێنین).

﴿ قَالَ أَلۡقُواْۖ ﴾

مووسا فەرمووی: ئێوە لە پێشا ئەسبابی خۆتان بنوێنن.

﴿ فَلَمَّآ أَلۡقَوۡاْ سَحَرُوٓاْ أَعۡيُنَ ٱلنَّاسِ وَٱسۡتَرۡهَبُوهُمۡ وَجَآءُو بِسِحۡرٍ عَظِيمٖ ١١٦ ﴾

جا کاتێ جادووگەرەکان ئەسبابی جادووی خۆیان دەرخست چاوی خەڵکەکەیان هەڵسووڕاند بۆ لای خۆیان و جادوویەکی وایان کرد کە خەڵکەکە هەر تەماشای ئەویان ئەکرد و ترسیان لێ نیشت.

ریوایەت کراوە ئەو جادووگەرانە چەن گوریسێکی گەورە و درێژیان فڕەدا و چەن دارێکی درێژیان هێنایە مەیدانەوە هەموو لەبەر چاوی خەڵکەکەدا بوون بە ماری گەورە گەورەی وەها کە ئینسان لێیان بترسێ و لەبەریان هەڵبێ.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنْ أَلْقِ عَصَاكَ ۖ فَإِذَا هِىَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ ﴿١١٧﴾﴾

وە ئێمە وەحیمان نارد بۆ مووسا کە عاساکەت فڕە بدە ئەویش فڕەی دا کەچی کوتوپڕ بوو بە مارێکی گەورەی وەها کە هەموو درۆ و دەلەسەکەی ئەوانی پێچایەوە و قووتی دان.

﴿فَوَقَعَ ٱلْحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١١٨﴾﴾

جا حەق و راستی دەرکەوت و ئەوەی ئەوان کردبوویان پووچ بووە[وە].

﴿فَغُلِبُوا۟ هُنَالِكَ وَٱنقَلَبُوا۟ صَٰغِرِينَ ﴿١١٩﴾﴾

جا جادووگەرەکان ژێر کەوتن و سەرکز و داماو بوون.

﴿وَأُلْقِىَ ٱلسَّحَرَةُ سَٰجِدِينَ ﴿١٢٠﴾ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٢١﴾ رَبِّ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ﴿١٢٢﴾﴾

وە جادووگەرەکان لەپەوڕوو کەوتن و کڕنووشیان برد و وتیان: ئیمانمان هێنا بە پەروەردگاری عالەم ئەو پەروەردگاری عالەمە کە پەروەردگاری مووسای کوڕی عیمران و هاروونی برایەتی.

﴿قَالَ فِرْعَوْنُ ءَامَنتُم بِهِۦ قَبْلَ أَنْ ءَاذَنَ لَكُمْ ۖ﴾

فیرعەون وتی: ئیمانتان هێنا بە خودای مووسا لە پێش ئەوەدا خەبەرتان پێ بدەم؟

﴿إِنَّ هَٰذَا لَمَكْرٌ مَّكَرْتُمُوهُ فِى ٱلْمَدِينَةِ لِتُخْرِجُوا۟ مِنْهَآ أَهْلَهَا ۖ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿١٢٣﴾﴾

بە راستی ئەم فڕەدانی جادووە و ئەم ئیتاعە و مل راکێشانە بۆ مووسا فێڵێ بوو بە تەگبیری هەموو لایەکتان بۆ ئەوە زاڵ ببن بە سەر ئێمەدا و ئەهلی ئەم شارە دەرکەن، جا لەمەولا تۆڵەی ئەم فڕو فێڵە ئەزانن!

www.iqra.ahlamontada.com

﴿لَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَافٍ ثُمَّ لَأُصَلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿١٢٤﴾﴾

وەڵڵاهی دەست و پێتان ڕاست و چەپ ئەبڕم لە پاش ئەوە هەڵتان ئەواسم هەتا عالەم تەماشای ئەو قەوارەتانە بکا و ببن بە عیبرەت بۆیان.

﴿قَالُوا إِنَّا إِلَىٰ رَبِّنَا مُنقَلِبُونَ ﴿١٢٥﴾﴾

وتیان: ئەم جۆرە سزا قیمەتی نییە؛ چونکی ئەنجامەکەی ئەوەیە کە ئێمە بمرین، وە بە هۆی مردنەوە ئەگەڕێینەوە بۆ لای خودای خۆمان و ئەگەین بە بارەی ڕەزامەندی ئەو کە لە هەموو نیعمەتێ گەورەترە.

﴿وَمَا تَنقِمُ مِنَّا إِلَّا أَنْ آمَنَّا بِآيَاتِ رَبِّنَا لَمَّا جَاءَتْنَا﴾

بەوەیشدا ئەزانین کە ئیمە ئەگەڕێینەوە بۆ لای خودا؛ چونکی ئەزانین کە تۆ هیچ شتێ ناکەی بە هۆی عەیبەو رقت لە ئێمە نییە ئەوە نەبێ کە ئێمە ئیمانمان هێناوە بە موعجیزاتی خودای خۆمان کاتێ هاتە پێش چاومان. جا دوای ئەوە کە بۆیان دەرکەوت فرمان دەرچووە لە سەر سزایان بە پاڕانەوەوە وتیان:

﴿رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَتَوَفَّنَا مُسْلِمِينَ ﴿١٢٦﴾﴾

خودایە سەبر بڕژێنە بەسەر دڵمانا وەکوو ئاوێکی ساردی ساف ئەڕژێنی بەسەر لەشێکدا پێویستی ئاو بێ و گیانەکەمان لێ وەربگرەوە بە موسوڵمانی. جا لە بازە ریوایەتێکا ئەڵێ ئەو ئەمرە تەنفیز کرا لە سەریان و شەهید کران، وە لە بازە ریوایەتێکا ئەڵێ دواخرا هەتاکوو فیرعەون و کۆمەڵەکەی خنکان و ئەوانیش رزگار بوون.

﴿وَقَالَ الْمَلَأُ مِن قَوْمِ فِرْعَوْنَ أَتَذَرُ مُوسَىٰ وَقَوْمَهُ لِيُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَيَذَرَكَ وَآلِهَتَكَ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە کۆمەڵی پیاو موناسبی فیرعەون وتیان بە فیرعەون: ئایا تۆ مووسا و گەلەکەی واز لیٚ دیٚنی هەتا ئەوان بیر و باوەڕی خەڵك تیٚکبدەن و خراپە بخەنە وڵاتەوە و دینی مووسا وەربگرن و واز لە خوداکانی تۆ بیٚنن؟

﴿قَالَ سَنُقَتِّلُ أَبْنَآءَهُمْ وَنَسْتَحْيِۦ نِسَآءَهُمْ وَإِنَّا فَوْقَهُمْ قَٰهِرُونَ ﴿١٢٧﴾﴾

ئەویش بە ملهوڕییەوە جوابی دانەوە و وتی: ئەمانە چین و چییان پیٚ ئەکریٚ؟ لەمەولایش وەکوو لەمەوپیٚش هەر منداڵیٚکی نیٚرینەیان ببیٚ سەری ئەبڕین هەرچی میٚیینەیان بیٚ ئەیهیٚڵینەوە بۆ کارەکەری و ئیٚمە دەسەڵاتدارین بەسەریانا.

﴿قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ ٱسْتَعِينُوا۟ بِٱللَّهِ وَٱصْبِرُوٓا۟ ۖ إِنَّ ٱلْأَرْضَ لِلَّهِ يُورِثُهَا مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۖ وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ﴿١٢٨﴾﴾

کاتیٚ بەنی ئیسرائیل قسەی فیرعەونیان بیست زۆر ترسیان لیٚ نیشت، جا حەزرەتی مووسا بۆ ئەوە دڵیان قایم بکا فەرمووی: داوای یارمەتی لە خودا بکەن و خۆتان بگرن لەبەر هەڕەشەی ئەو کافرەدا و قسە و هەڕەشەکانی بە گرنگ مەگرن؛ چونکی زەوی موڵکی خودایە بە هەرکەسیٚ خواستی بیٚ ئەیدا و ئەنجامی پیرۆز بۆ ئەوانەیە کە خاوەن تەقوا و تاعەتن، جا لە پاشەڕۆژا بۆ هەموو کەسیٚ و لە دنیادا بۆ ئەوانە کە خودا خواستی لەسەر سەرکەوتنیان بیٚ.

﴿قَالُوٓا۟ أُوذِينَا مِن قَبْلِ أَن تَأْتِيَنَا وَمِنۢ بَعْدِ مَا جِئْتَنَا ۚ﴾

جا بەنی ئیسرائیلیەکان وتیان بە مووسا: ئیٚمە گەلیٚ ئازار و ئەزیەتمان دراوە لە پیٚش ئەوەدا کە تۆ بیٚیت بۆ لامان و پاش ئەوەیش کە هاتی.

﴿قَالَ عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يُهْلِكَ عَدُوَّكُمْ وَيَسْتَخْلِفَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ ﴿١٢٩﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

حەزرەتی مووسا لەبەر ئەوە کە دڵی قایم بوو بە یارمەتی خودا فەرمووی بە گەلەکەی، رجا وایە کە خودا دوژمنەکانتان لە ناو ببا و ئێوە بکا بە فەرمانداری وڵات لە باتی ئەوان، جا ئەمجار تەماشا ئەکا ئێوە کردەوەتان چۆن ئەبێ؛ ئایا بۆ سوپاسی ئەو خودایە کە ئێوەی رزگار کرد لە ستەمکارەکان کردەوەتان باش ئەبێ؟ یاخود هەم ئەکەونەوە شوێن شەیتانی شووم و بەدبەخت و سەرگەردان ئەبن؟

﴿وَلَقَدْ أَخَذْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ بِٱلسِّنِينَ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴿١٣٠﴾﴾

وە بە راستی لەسەر ئەم نامەردی و کوفر و ئینکاری رەهبەر و ئازاردانی بەنیئیسرائیلە دەستە و بەستەی فیرعەونمان دوچاری گرانی و قاتی و کەم و کووڕی لە پیت و بارەی کشتوکاڵ و باخاتا کردن بەڵکوو بیر بکەنەوە کە ئەم وەزعە لەسەر بەدکرداری خۆیانە و بیر بکەنەوە لە خوداناسی و ناسینی حوقووقی ئادەمیزادا، کەچی رۆژ بە رۆژ خراپتر ئەبوون.

﴿فَإِذَا جَآءَتْهُمُ ٱلْحَسَنَةُ قَالُوا۟ لَنَا هَٰذِهِۦ ۖ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَطَّيَّرُوا۟ بِمُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُۥٓ ۗ﴾

ئەوەندە بێشعوور بوون هەر کاتێ چاکەیێ رووی تێبکردایەن ئەیانوت: ئەمە حەقی خۆمانە و ئێمە گەلی سەرزەوین. وە ئەگەر جارێ خراپەیێ رووی تێبکردایەن وەکوو گرانی و ناساغی تەشائومیان بە مووسا و دەستەی مووسا ئەکرد و ئەیانوت: ئەم بەڵایانە لە نەگبەتی ئەوانەوەیە.

﴿أَلَآ إِنَّمَا طَٰٓئِرُهُمْ عِندَ ٱللَّهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٣١﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

بێدارەوە بن! هۆی نەگبەتی ئەوانە تاوان و گوناحێکە کە وان لە لای خودا و دەفتەری خودادا و لە کردەوەکانیانا نووسراوە، ئیتر نە مووسا و دەستەی مووسایە؛ چونکی رەهبەرەکان ئیشیان بانگکردنی ئادەمیزادە بۆ بیر و باوەڕی راست و بۆ کردەوەی چاك و ئەمانە هۆی پیرۆزی و بەختیارین.

﴿ وَقَالُوا۟ مَهْمَا تَأْتِنَا بِهِۦ مِنْ ءَايَةٍ لِّتَسْحَرَنَا بِهَا فَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ ﴿١٣٢﴾ ﴾

وە لە باتی ئەوە ئەم کارەساتە نابارانە ببن بە هۆی عیبرەت وەرگرتن و گەڕانەوە لە گومڕاهی بۆ ئیمان ئەو قیبتییانە بە جەسارەتەوە روویان ئەکردە مووسا و پێیان ئەوت: تۆ بزانە هەر ئایەتێ و هەر موعجیزەیێ و هەر دەردێ لە تۆوە دەربکەوێ بەرابەر بە ئێمە و بتەوێ کە ئێمە رام بکەی و دڵمان هەڵسووڕێنی بە لای خۆتا ئێمە لەوانە نین کە ئیمان بێنین بە تۆ و بە ئایینی تۆ و لە وەزعی خۆمان دەرچین.

﴿ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ ٱلطُّوفَانَ وَٱلْجَرَادَ وَٱلْقُمَّلَ وَٱلضَّفَادِعَ وَٱلدَّمَ ءَايَٰتٍ مُّفَصَّلَٰتٍ ﴾

ئێمەیش بۆ سزای ئەوان و بۆ بەرانبەری سەرکێشییەکەیان هێرشی ئاومان ناردە سەر خانووەکانیان و کوللەمان نارد بۆ سەر کشتوکاڵیان و سپێمان نارد بۆ سەر لەشی خۆیان و حەیوانەکانیان و بۆقمان نارد بۆ سەر کاسە و کەوێڵیان و خوێنمان زاڵ کرد بەسەر دەماخیانا کە بە زۆری خوێنی لووتیان بەرئەبوو. کە ئەمانە چەن شتێکی دیاری و ماوەدار بوون.

﴿ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ وَكَانُوا۟ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ ﴿١٣٣﴾ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

کەچی هەر فیزیان کرد لە فەرمانی خودا و خۆیان بە گەلێکی تاوانبار نیشان دا و لە واقیعا بە دەوام کۆمەڵێکی سەرسەخت و بەدبەخت و تاوانبار و ناهەموار بوون.

﴿ وَلَمَّا وَقَعَ عَلَيْهِمُ ٱلرِّجْزُ قَالُواْ يَـٰمُوسَى ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ لَئِن كَشَفْتَ عَنَّا ٱلرِّجْزَ لَنُؤْمِنَنَّ لَكَ وَلَنُرْسِلَنَّ مَعَكَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿١٣٤﴾ ﴾

وە لە هەر کاتێکدا سزایەکی خودا داگیری ئەکردن و ئەکەوتنە ناو بەڵاوە ئەهاتن پەنایان ئەبرد بە مووسا عليه السلام و ئەیانوت: ئەی مووسا بپاڕێرەوە بۆمان لای خودای خۆت بەو شێوە کە مەعلوومە لە لای تۆ، واتە بەو ناوانی خودا کە لە کاتی پاڕانەوەدا بە زمانتا دێن، یا بەو شێوە کە لە پێش دوعاکە و لە کاتی دوعاکەدا ئەیکەی. وەکوو ڕۆژوو گرتن لە پێشا و دانیشتن بە ئەدەب. وەڵڵا ئەگەر ئەم سزامان لێ دوور بخەیتەوە ئیمانت پێ دێنین و کۆمەڵی بەنیئیسرائیل بەرەڵڵا ئەکین لەگەڵتا بێن بڕۆنەوە بۆ وڵاتی خۆتان.

﴿ فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُمُ ٱلرِّجْزَ إِلَىٰٓ أَجَلٍ هُم بَـٰلِغُوهُ إِذَا هُمْ يَنكُثُونَ ﴿١٣٥﴾ ﴾

جا لە کاتێکدا ئەو سزامان ـ تا ماوەیەکی دیاری ـ لەسەر لائەبردن ئیتر بە گورجی ئەو سوێند و ئاد و پەیمانەیان ئەشکاند.

﴿ فَٱنتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَـٰهُمْ فِى ٱلْيَمِّ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُواْ بِـَٔايَـٰتِنَا وَكَانُواْ عَنْهَا غَـٰفِلِينَ ﴿١٣٦﴾ ﴾

ئێمەیش لەسەر بڕیاری خۆمان تۆڵەمان لێ سەندن. ئەو گەلەمان لە نیلدا خنکاند بە هۆی ئەوەوە کە ئینکاری ئایاتی خودایان کرد.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَأَوْرَثْنَا ٱلْقَوْمَ ٱلَّذِينَ كَانُوا۟ يُسْتَضْعَفُونَ مَشَـٰرِقَ ٱلْأَرْضِ وَمَغَـٰرِبَهَا ٱلَّتِى بَـٰرَكْنَا فِيهَا ۖ وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ ٱلْحُسْنَىٰ عَلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ بِمَا صَبَرُوا۟ ۖ﴾

وە لە پاش ئەوە کە فیرعەون و دەستە و بەستەکەی لە ئاوی نیلدا خنکان و هێزی پاشایی پشتی شکا هێشتمانەوە بۆ گەلی بەنیئیسرائیل کە بە بێچارە و ناتەوان دائەنران لە لای فیرعەون و دەستەکەیا خۆرهەڵاتەکان و خۆرنشینەکان لەو زەوییەدا کە پیرۆزی و بەش و بارەمان تێدا داناوە لە کشتوکاڵی چەن جۆر و لە باخ و بێستانی رەنگامە و لە هەوای میانە و تەماشاگای جوان کە بریتییە لە سنووری وڵاتی میسر هەتا ئاخری وڵاتی شام، یانی مابەینی نیل و فورات. واتە کە هێزی فیرعەون و سوپاکەی شکان و بازاڕیان نەما ئەو وڵاتەمان هێشتەوە بۆ بەنیئیسرائیلیەکان کە بە درێژایی رۆژگار بە بازووی کار کردن و تێکۆشین داگیری بکەن و بە ئازادی تیایا بژین.

بزانن! حەقیقەتی تەفسیری ئەم ئایەتە گەلێ گرنگە و دیقەتی دڵ رائەکێشێ؛ چونکی زاهیری ئایەتی: ﴿و أورثنا القوم الذين كانوا يستضعفون...﴾ و هەروا زاهیری ئایەتی: ﴿فأراد أن يستفزهم من الأرض فأغرقناه..﴾ هەتا ئایەتی: ﴿وقلنا من بعده لبني إسرائيل اسكنوا الأرض﴾ لە سوورەتی «ئیسراء» ئایەتی (١٠٣) و زاهیری ئایەتی: ﴿فأخرجناهم من جنات وعيون وكنوز و مقام كريم كذلك و أورثناها بني إسرائيل﴾ ئایەتی پەنجا و نۆی سوورەتی «شوعەراء».. دەلالەت ئەکەن لەسەر ئەوە کە لە پاش ئەوە فیرعەون و ئەو سوپایە لەگەڵیا بوو هەموو لە «نیل»دا غەرق بوون حەزرەتی مووسا و بەنیئیسرائیل لە میسردا مانەوە؛ چونکی هەردوو بەری رووباری نیل هەر میسرە

www.iqra.ahlamontada.com

و ئاوەدانی نییە. وە زیاد لەوە بە عادەت قەرەباڵغی بەنیئیسرائیل لەگەڵ مووسادا لە ترسی فیرعەون لە میسر دەرچوون و بە ئەمری خودا لە ئاوی نیل رزگار بوون، وە مادام خودا دوژمنەکەیانی خنکاند خۆی و سوپاکەی ئیتر ئەبێ کێ مەنعی مووسا و بەنیئیسرائیل بکا لە مانەوە لەو وڵاتەدا؟

وە لە تەفسیری «منار»دا ئەڵێ: لە بازێ مێژووی کۆنی میسردا عیبارەتی وا هەیە کە دەلالەت ئەکا لەسەر راستی قسەی بازێ لە موفەسیرەکانی ئێمە کە فەرموویەتی لە پاش غەرقی فیرعەون و سوپاکەی حەزرەتی مووسا میسری داگیرکرد و خۆی و بەنیئیسرائیلیەکان ماوەیێ لەوێ خاوەنی دەسەڵات و فەرمانڕەوا بوون. وە لە بازێ نووسراوی بێگانەدا هەیە کە حەزرەتی مووسا سیازدە ساڵ لە میسردا فەرمانڕەوا بوو، پاش ئەم ماوەیە قیبتییەکان بە یارمەتی وڵاتی حەبەشە هاتنە سەر مووسا و بەنیئیسرائیل و لە شاری میسری دوور خستنەوە؛ چونکی بەرهەڵستی قیبتییەکانی پێ نەدەکرا. وە ئەم بەیانە خیلافی ئەوەیە کە مەشهوورە، یانی کە مووسا و بەنیئیسرائیل لە میسر دەرچوون و بەرەو وڵاتی فەلەستین بۆ خۆرهەڵات بەڕێ کەوتن هەتا گەیشتنە وڵاتێ کە بتپەرست بوون، کاتێ ئەو گەلەیان دی داوای بتیان لە مووسا کرد.

﴿وَدَمَّرْنَا مَا كَانَ يَصْنَعُ فِرْعَوْنُ وَقَوْمُهُۥ وَمَا كَانُوا۟ يَعْرِشُونَ ﴿١٣٧﴾﴾

وە لە پاش خنکاندنی فیرعەون و دەستەکەی و نەمانی هێزی فەرمانیان ئەوەی کە فیرعەون و دەستەکەی دروستیان کردبوو هەموومان وێران کرد و هەر باخێ دایان ئابوو وە یا هەر قەسرێ کە بەرزکرابووەوە هەموومان رووخاند و وێرانمان کردن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَجَٰوَزۡنَا بِبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱلۡبَحۡرَ فَأَتَوۡاْ عَلَىٰ قَوۡمٖ يَعۡكُفُونَ عَلَىٰٓ أَصۡنَامٖ لَّهُمۡۚ قَالُواْ يَٰمُوسَى ٱجۡعَل لَّنَآ إِلَٰهٗا كَمَا لَهُمۡ ءَالِهَةٞۚ قَالَ إِنَّكُمۡ قَوۡمٞ تَجۡهَلُونَ ١٣٨﴾

پاش غەرقکردنی فیرعەون و دەستەکەی لەسەر ئەو ئەمری هیجرەتە کە دابوومان بە مووسا. بەنیئیسرائیلیەکانمان دوورخستنەوە لە رووباری نیل و بەڕێم کردن تا گەیشتن بە گەلێ کە دامەزرابوون لەسەر وڵاتی خۆیان و نیشتەجێ بوون و پەرستیاری چەن بتێ بوون کە خۆیان دایاننابوون، وە لەوێدا بەنیئیسرائیلیەکان ـ واتە بازێ لە نەفامەکانیان ـ وتیان: ئەی مووسا تۆیش بتێ بۆ ئێمە قەرار بدە پەرستیاری بکەین وەکوو چۆن ئەم گەلە بتپەرستە چەن خودایەکی بتیان هەیە، ئەویش بە زویری جوابی دانەوە وتی: ئێوە گەلێکن نەزان و بێئاگا لە حەقیقەتی دین و لە مانای خوداپەرستی ئەگەرنا چۆن داوای شتی وا هەڵەتان لە من ئەکرد.

﴿إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ مُتَبَّرٞ مَّا هُمۡ فِيهِ وَبَٰطِلٞ مَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٣٩﴾

بە راستی ئەم گەلە بتپەرستە ئەو عیبادەتە ئەوانە پێی مەشغووڵن و دەوام ئەکەن تیایا بێمایە و پووچە و ئەو کردەوە ئەوان ئەیکەن و ناوی ئەبەن بە بەندەیی بەتاڵ و بێمایە و زایەیە.

﴿قَالَ أَغَيۡرَ ٱللَّهِ أَبۡغِيكُمۡ إِلَٰهٗا وَهُوَ فَضَّلَكُمۡ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٤٠﴾

وە لە پاش ئەو قسە کە پێی فەرموون فەرمووی: چۆن من رووم هەیە و ماوەم هەیە کە داوای خودایێ بکەم بۆ ئێوە غەیری خودای عالەم، وەلحاڵ خودای عالەم ئێوەی گەورە کردووە بەسەر عالەمی زەمانی خۆتانا؟ جا جوملەی ﴿إن هؤلاء متبر﴾

www.iqra.ahlamontada.com

بەیانی واقیعی حاڵی بتەکان و بتپەرستەکان بوو، وە ئەم جوملە یادی نیعمەتە گەورەکانی خودا بوو بۆ ئەوە کە بەنی‌ئیسرائیلیەکان شەرم بیانگرێ و قسەی زیاد نەکەن.

﴿وَإِذْ أَنجَيْنَاكُم مِّنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوءَ الْعَذَابِ يُقَتِّلُونَ أَبْنَاءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَاءَكُمْ وَفِي ذَٰلِكُم بَلَاءٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ ﴿١٤١﴾﴾

وە بیری ئەوە بکەنەوە کە رزگارمان کردن لە دەستەو بەستەی غەداری فیرعەون کە موعامەلەیان لەگەڵ ئەکردن بە خراپ و سزایان ئەدان بە سزای ناهەموار: نەتەوەی نێرینەیان ئەکوشتن و نەتەوەی مێیینەیان بە زیندوویی ئەهێشتنەوە بۆ کارەکەری و بارەبەری و لەم رەفتارە ناهەموارەدا بەڵایەکی یەجگار گەورەی تێدا بوو بۆ ئێوە.

﴿وَوَاعَدْنَا مُوسَىٰ ثَلَاثِينَ لَيْلَةً وَأَتْمَمْنَاهَا بِعَشْرٍ فَتَمَّ مِيقَاتُ رَبِّهِ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً﴾

وەعدەمان دا بە مووسا ماوەی چل رۆژ خۆی جیابکاتەوە بۆ حوزوور و موراقەبەی خودای تەعالا ماوەی سی (٣٠) رۆژ لەو چلە بۆ رۆژووگرتن بە رۆژا و تاعەت لە شەوا و ماوەی چل رۆژەکەمان تەواو کرد بە دە رۆژ بۆ باقی عیبادەت و ئەو کاتە خودا بڕیاری دابوو بۆ نازڵکردنی تەورات تەواو بوو کە بریتی بوو لە چل شەو.

﴿وَقَالَ مُوسَىٰ لِأَخِيهِ هَارُونَ اخْلُفْنِي فِي قَوْمِي وَأَصْلِحْ وَلَا تَتَّبِعْ سَبِيلَ الْمُفْسِدِينَ ﴿١٤٢﴾﴾

وە حەزرەتی مووسا کاتێ رۆیشت بۆ بەجێ‌هێنانی عیبادەتی چل رۆژە فەرمووی بە هاروونی برای: لە جێگەی مندا دابنیشە و ئیش و کاری دینی و دنیایی بەجێ

www.iqra.ahlamontada.com

بێنە لە ناو گەلەکەما و با تەربییەتت بە شێوەی خۆم بێ؛ خۆت بگرە و مدارایان لەگەڵا بکە و مەکەوە شوێن ئارەزووی بەدخوو و بەدکارەکان و بە قسە ئازاری کەس مەدە.

بزانن! ئیمامی رازی لە تەفسیری ئایەتی: ﴿وإذ واعدنا موسى أربعين ليلة﴾[1] لە سوورەتی «البقرە»دا ئەفەرموێت: خودا بە جارێ وادەی چل رۆژەکەی دا بە مووسا بەڵام سی (٣٠) رۆژی بۆ رۆژوو و دە رۆژی بۆ عیبادەتی‌تر وەکوو چۆن لە کەفارەتی حەج و عومرە بە شێوەی تەمەتوع بۆ ئینسانی نەدارا دە رۆژ رۆژووە، جا سێ رۆژی لە ماوەی حەجدا و حەوت رۆژی لە کاتی گەیشتنەوە بە وڵاتی خۆی، ئیتر مەعنای ئایەتی سوورەتی ئەعراف ئەمە نییە کە لە پێشا خودا وەعدەی سی رۆژی دا و لە پاش ئەوە دە رۆژی‌تری زیاد کرد؛ چونکی ئەم ئایەتی سوورەتی «البقرە» و جوملەی ﴿فتم ميقات ربه أربعين ليلة﴾ە دەلیلن لەسەر ئەوە کە وەعدەکە بە یەك جار بووە.

وە ئەم وەعدە کە خودا دای بە مووسا و مووسایش دای بە گەلەکەی هەر لە میسردا بوو پێش خنکاندنی فیرعەون، وە مووسا فەرمووی ئەگەر خودا رزگاری کردین لە دەستی فیرعەون ئەڕۆم بۆ موناجات لە لای خودا و کتێبێکتان بۆ دێنم بە کاری هەموو ئادابێکتان بێ، وە لەسەر ئەو وەعدەیە لە پاش دەرچوونیان لە میسر حەزرەتی مووسا رۆیشت بۆ موناجات و سی رۆژ بە رۆژوو بوو دە رۆژ عیبادەتی‌تری کرد تا وەعدەکە تەواو بوو ئەلواحی وەرگرت و لە لای خوداوە هاتەوە بۆ ناو گەلەکەی.

﴿وَلَمَّا جَآءَ مُوسَىٰ لِمِيقَٰتِنَا وَكَلَّمَهُۥ رَبُّهُۥ قَالَ رَبِّ أَرِنِىٓ أَنظُرْ إِلَيْكَ ۚ قَالَ لَن تَرَىٰنِى وَلَٰكِنِ ٱنظُرْ إِلَى ٱلْجَبَلِ فَإِنِ ٱسْتَقَرَّ مَكَانَهُۥ فَسَوْفَ

---

[1] البقرة: ٥١

www.iqra.ahlamontada.com

تَرَىٰنِيۚ فَلَمَّا تَجَلَّىٰ رَبُّهُۥ لِلۡجَبَلِ جَعَلَهُۥ دَكّٗا وَخَرَّ مُوسَىٰ صَعِقٗاۚ فَلَمَّآ أَفَاقَ قَالَ سُبۡحَٰنَكَ تُبۡتُ إِلَيۡكَ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿١٤٣﴾

وە کاتێ مووسا عليه السلام ڕۆیشت و گەیشت بە تەوفیقی خودا لە کاتی بڕیاردراوا بەو شوێنە خودا بۆی دیاری کردووە و خودای تەعالا گفتوگۆی لەگەڵا کرد بەو شێوە کە بۆ زاتی بێوێنەی ئەشێ و مووسا ئەوەی بیست لە هەموو لایەکەوە و نەفسی حەزرەتی مووسا عليه السلام هێمن بووەوە و ئولفەتی گرت بە خوداوە، کەوتە دڵیەوە کە وەکوو چۆن خودای تەعالا قسەی لەگەڵا کرد و ئەمیش بیستی وەها خۆیشی نیشان ئەدا و ئەمیش ئەیبینێ، وە عەرزی بارەگای بێنیازی کرد: پەروەردگارا خۆتم نیشان بدە با بۆت بڕوانم، وە خودای تەعالا فەرمووی: تۆ بە هیچ شێوەیێ لەم نەشئەدا من نابینی بەڵام ئەمەویێ بۆ ئەوە حاڵی ببی کە نەبینینەکەی تۆ بۆ من لەسەر بێلوتفی من نییە بەڵکوو لەسەر ئەوەیە کە تۆ و وێنەی تۆ لە مادەی مەخلووقاتی ئەم جیهانە تاقەتی ئەوەیان نییە، بڕوانە بۆ ئەو کێوە کە مەشهوورە بە «جبل زبیر» کە من پڕتەوی زاتی خۆمی بۆ ئەنوێنم جا ئەگەر لەبەر پڕتەوی ئەنواری زاتی مندا ئارامی گرت و مایەوە ئەوە تۆیش لە پاش ئەوە ئەمبینی. جا کاتێ خودا جیلوەی نووری خۆی دا بۆ کێوەکە کردی بە مادەیەکی هاڕراوی ورد و نەرم وەکوو سورمەی چاو، وە لە حاڵی بوونی ئەم وەزعە بە هەیبەتە مووسا بێهۆش کەوت، وە کاتێ هاتەوە سەرخۆی وتی: پەروەردگارا گەورە و بێباکی و پاکی لە هاو وێنە، وا من تەوبەم کرد لە تاوانی داوا کردنی تەماشای زاتی تۆ وە هیوای لێ بوردنم هەیە و من یەکەم کەسم لەم ئوممەتە کە ئیمان بێنم بەوە کە تۆ لە دنیادا نابینرێیت لەبەر بێتاقەتی و ناتەوانی ئێمە.

﴿قَالَ يَٰمُوسَىٰٓ إِنِّي ٱصۡطَفَيۡتُكَ عَلَى ٱلنَّاسِ بِرِسَٰلَٰتِي وَبِكَلَٰمِي

www.iqra.ahlamontada.com

خودا فەرمووی: ئەی مووسا بە راستی من تۆم هەڵبژارد و ئیختیارم کردی بەسەر غەیری خۆتا بە ناردنی تەورات بۆت و بەوە کە بە بێواسیتەی وەحی قسەت لەگەڵدا بکەم.

﴿فَخُذْ مَآ ءَاتَيْتُكَ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿١٤٤﴾﴾

دەی وەربگرە ئەوەی کە من پێت ئەدەم وە لەوانە بە کە سوپاسی نیعمەتی من ئەکەن.

ریوایەت کراوە: حەزرەتی مووسا مانگی «ذي القعدة» بەرۆژوو بووە و دەی ئەووەڵی «ذي الحجة»یش عیبادەتی کردووە وە لە رۆژی «عەرەفە»دا داوای دیتنی خودای کرد و بە پرتەوی زات بێهۆش کەوت، وە لەو رۆژەدا هۆشی بۆ هاتەوە، وە لە رۆژی دەهەما خودا ئەلواحی پێدا.

بازێ ئەڵێن: ئەو ئەلواحانە دە لەوح بوون و بازێ ئەڵێن حەوت لەوح بوون، وە بازێ ئەڵێن تەورات هەر ئەوەیە کە لەسەر ئەلواحەکان نووسراوە، وە بازێ ئەڵێن تەورات لە پاش وەرگرتنی ئەلواح هاتوونەتە خوار بۆ سەر مووسا.

وە من باوەڕم وایە مادام خودای تەعالا تاریفی «ئەلواحی» کردووە بەوە کە تەفسیلی هەموو شتێکیان تێدایە کە تەورات لە ناو ئەلواحەکانا نووسراوە وەکوو فەرموویەتی:

﴿وَكَتَبْنَا لَهُۥ فِى ٱلْأَلْوَاحِ مِن كُلِّ شَىْءٍ مَّوْعِظَةً وَتَفْصِيلًا لِّكُلِّ شَىْءٍ﴾

وە نووسیمان بۆ مووسا لە ئەلواحا لە بارەی هەموو شتێکەوە لە کار و باری دین و ئایین و دەرس و پەند و ئامۆژگارییەك، هەروا نووسیمان بۆ مووسا روونکردنەوە بۆ هەموو حوکمێ کە رەفتاری پێ بکرێ.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَخُذْهَا بِقُوَّةٍ وَأْمُرْ قَوْمَكَ يَأْخُذُواْ بِأَحْسَنِهَا﴾

ئهی مووسا تۆ ئهو ئهلواحه به هێزی دڵ و نیشاتی لهش وهربگره و ئهمر بکه به گهلهکهت که رهفتار بکهن بهو ئهلواحه کامیان کهوا ئیحتیاتی زۆرتر تیایه و دوورتره له خراپهی نهفس و نزیکتره بۆ راگرتنی یاسای دین.

﴿سَأُوْرِيكُمْ دَارَ الْفَاسِقِينَ ﴿١٤٥﴾﴾

لهمهولا خانوو و ماوای فاسقه له دین دهرچووهکانتان نیشان ئهدهم له قیامهتا، وه یا له دنیادا راتئهبوێرم بهسهر ماوا و جێگایانا ههتا بزانی چۆن وێران بووه.

﴿سَأَصْرِفُ عَنْ آيَاتِيَ الَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ﴾

لهمهو پاش دوورئهخهمهوه له سوودوهرگرتن لهو دهلیلانه که له جیهانا دروستم کردوون و له وجوودی ئینسانا دامناون ئهو کهسانه که خۆیان به گهوره تهماشا ئهکهن بهرابهر به فهرمانی ئێمه به ناحهق و ناڕاستی. واته من له ئافاقا و له نفووسدا گهلێ نیشانهم داناون که دهلالهت ئهکهن لهسهر بوونی خۆم و لهسهر تهوانایی و زانابیم به سوودن بۆ ئههلی ماریفهت بهڵام ئهو کهسانه که بهرابهر به من دهمار ئهفرۆشن و فیز ئهکهن لهو دهلیلانه بێبهش و بێبارهن.

﴿وَإِن يَرَوْاْ كُلَّ آيَةٍ لَّا يُؤْمِنُواْ بِهَا وَإِن يَرَوْاْ سَبِيلَ الرُّشْدِ لَا يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا وَإِن يَرَوْاْ سَبِيلَ الْغَيِّ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا﴾

وه ئهو خاوهن فیزانه ههموو ئایهتێ ببینن ئیمانی پێ ناهێنن، وه ئهگهر رێگهی راست ببینن نایکهن به رێگهی خۆیان و پیادا ناڕۆن، وه ئهگهر رێگهی گومڕایی ببینن ئهیکهن به رێگهی خۆیان.

﴿ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَكَانُواْ عَنْهَا غَافِلِينَ ﴿١٤٦﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەم نەگبەتی و بەدبەختییە هەمووی لەبەر ئەوەیە کە باوەڕیان نەکرد بە ئایەتی ئێمە و هەمیشە غافڵ بوون و دوور بوون لە وەرگرتنی ئەو ئایاتانە.

﴿ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَلِقَآءِ ٱلۡأٓخِرَةِ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡۚ ﴾

وە ئەو کەسانە باوەڕیان بە ئایاتی ئێمە نەکردووە و باوەڕیان نییە بە تۆڵە و پاداشی ڕۆژی قیامەت ئەوانە کردەوەی چاکەیان لە دنیادا هەمووی بێ‌قیمەت و پووچە و پاداشی چاکەی نابێ لە قیامەتا.

﴿هَلۡ يُجۡزَوۡنَ إِلَّا مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٤٧﴾

ئایا ئەو ئادەمیزادانە جەزایان ئەدرێتەوە بە غەیری ئەوەی کە کردوویانە و ئەیکەن؟ نەخەیر، واتە لە بێ‌سوودی کردەوەیاندا هەر لۆمە و سەرزەنشتی خۆیان ئەکرێ؛ چونکی خۆیان وایان بە خۆیان کرد.

﴿ وَٱتَّخَذَ قَوۡمُ مُوسَىٰ مِنۢ بَعۡدِهِۦ مِنۡ حُلِيِّهِمۡ عِجۡلٗا جَسَدٗا لَّهُۥ خُوَارٌۚ أَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّهُۥ لَا يُكَلِّمُهُمۡ وَلَا يَهۡدِيهِمۡ سَبِيلًاۘ ﴾

پاش ئەوە کە مووسا عليه السلام ڕۆیشت بۆ میقات، لەسەر ڕاوێژ و تەگبیری «سامری» لەو خشڵ و زێڕە کە بوویان گوێرەکەیەکیان داڕشت، ئەو گوێرەکە کە دایانڕشت لەشێ بوو دەنگ و قۆڕەی لێ پەیدا ئەبوو وەکوو گوێرەکەی ڕاستەقینە، جا خودا عیتابیان لێ ئەگرێ و ئەفەرموێ: ئایا نابینن ئەم گوێرەکە مادەیەکی بێ‌دەنگە و قسەیان لەگەڵدا ناکا و ناتوانێ شارەزایان بکا بۆ ڕێگایێ کە سوودی تێدا بێ و ئەفەرموێت: زۆر مایەی زیان و خەسارەتە بۆ ئەوانە ئەم کردەوە نابارەیان کرد.

﴿ٱتَّخَذُوهُ وَكَانُواْ ظَٰلِمِينَ ١٤٨﴾

ئەو قەومی مووسا ئەم گوێرەکەیانە هێنایە مەیدانی پەرستنەوە و لە واقیعدا ستەمکار بوون بەرابەر بە خۆیان.

www.iqra.ahlamontada.com

ریوایەت کراوە: کە بەنیئیسرائیلیەکان جەژنێکیان بوو لەو جەژنەدا خۆیان ئەڕازانەوە بە زێڕ و زیو، لەو جەژنەدا گەلێ خشڵیان بە خواستەمەنی وەرگرتبوو لە قیبتییەکان، کاتێ بە ئەمری خودا دەرچوون لە میسر و لە ئاوی نیل پەڕینەوە و فیرعەون و سوپاکەی خنکان ئەو خشڵە لە لای بەنیئیسرائیلیەکان مایەوە، کاتێ حەزرەتی مووسا رۆیشت بۆ بەجێهێنانی «میقات» واتە عیبادەتی چل رۆژە سامیری ناو کە ئینسانێکی نامەرد و مونافق بوو فرسەتی هێنا رۆیشت وتی بە قەومەکە: من ئەتوانم بتێ دروست بکەم بۆتان کە وەکوو بتی ئەو قەومە وابێ رابوردن بەسەریانا، ئێوە بێن ئەو خشڵی قیبتییانەم بۆ بێنن، ئەوانیش خشڵەکەیان هێنا و سامیری زەڕەنگەر بوو چوو قاڵبێکی دروست کرد بۆ هەیکەلی گوێرەکە و ئەو خشڵەی تواندەوە و رژاندیە ناو قاڵبەکەوە تا هەیکەلی گوێرەکەیەکی لێ پەیدا بوو، وە لە رێگەدا کاتێ کە لە میسر دەرچوون سوارێکی ئەبینی لە پێش دەمی مووساوە کە لە کاتی هەنگاودانانی ئەسپەکەیا ژێری پێکانی سەوز ئەبوون ئەویش زۆری بە لاوە عاجباتی بوو وە تێگەیی کە ئەو خۆڵی ژێر پێی ئەسپە نهێنییەکی تێدایە، وە بازێ لەو خۆڵەی هەڵگرت و لای خۆی هێشتیەوە، وە لەو کاتەدا کە ئەو گوێرەکەیە بە قاڵب دارِشت بازێ لەو خۆڵەی کردە ناو دەمی ئەو گوێرەکەوە و بە قودرەتی خودا گوێرەکە قاڵبەکە گیانی هات بە بەرا و بوو بە گوێرەکەیەکی راستەقینە و ئەیقۆڕاند، وەکوو لە ئایەتەکەدا ئەفەرموێت: «لَهُ خُوارٌ»

وە بازێ لە موفەسیران ئەڵێن: ئەو هەیکەلە هەر بێگیان بوو بەڵام سامیری وەهای دروست کردبوو کە لە بازێ کاتدا بە هێز بایێ ئەهاتە ناو دەمی ئەو گوێرەکەوە دەنگێکی لێ ئەهات وەکوو قۆڕەی گوێرەکە.

www.iqra.ahlamontada.com

بە هەر حاڵ فیتنەکەی خستە ناو بەنی‌ئیسرائیلیەکانەوە جا پاش ئەوە کە هۆشیارەکان حاڵی بوون ئەمە وەزعێکی موخالیفی حەقە و گیرۆدە بوون بە گوناح پەشیمان بوونەوە وەکوو ئەفەرموێت:

﴿ وَلَمَّا سُقِطَ فِىٓ أَيْدِيهِمْ وَرَأَوْا۟ أَنَّهُمْ قَدْ ضَلُّوا۟ ﴾

وە لە کاتێکدا پەشیمان بوونەوە و بۆیان دەرکەوت کە گومڕا بوون.

﴿قَالُوا۟ لَئِن لَّمْ يَرْحَمْنَا رَبُّنَا وَيَغْفِرْ لَنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ ﴿١٤٩﴾﴾

وتیان: وەڵڵاهی ئەگەر خودا رەحممان پێ نەکا بەوە کە کتێبەکەمان بۆ بنێرێ و تاوانی گوێرەکە پەرستیمان نەبەخشێ لەوانە ئەبین کە زیانکار و خەسارەت بارن.

﴿وَلَمَّا رَجَعَ مُوسَىٰٓ إِلَىٰ قَوْمِهِۦ غَضْبَـٰنَ أَسِفًا ﴾

جا کاتێ حەزرەتی مووسا لە کێوی توور گەڕایەوە بە غەمباری بۆ لای قەومەکەی؛ چونکی هەر لە میقاتا بوو خودای تەعالا خەبەری پێدا کە قەومەکەت دەستیان کردووە بە گوێرەکە پەرستی.

﴿قَالَ بِئْسَمَا خَلَفْتُمُونِى مِنۢ بَعْدِىٓ ۖ أَعَجِلْتُمْ أَمْرَ رَبِّكُمْ ۖ﴾

مووسا وتی: جێگرێکی خراپ بوون و کارێکی زۆر ناشیرینتان کرد کە من دیار نەبووم! ئایا تەرکی وەعدەی خودای خۆتان کرد و ئەو وەعدەیە کە درابوو پێتان بۆ مانەوەی چل رۆژی من لە میقاتا و خودا گرتنی، ئێوە لەسەر یاسا و شێوەی خۆتان لەسەر ئایینی خۆتان لە شوێنی خۆتانا بۆچی وا خۆتان بەدبەخت کرد و دڵی منتان بریندار کرد؟

﴿وَأَلْقَى ٱلْأَلْوَاحَ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە ئەو لەوحانە کە خودا دابوونی پێی و ئادابی دینیان تێدابوو بە عاجزییەوە پەرتی کردن نەك وەها بیانشکێنێ، وەکوو ئەوە ئەیگێڕنەوە بە بێ‌تەحقیق، حاشا کە رەهبەران ئایین و عەلاقەی ئایین بشکێنن، وە نەك بە بێ‌ئەدەبی سەد حاشا کە پێغەمبەران شێوەی بێ‌ئەدەبی بنوێنن، بەڵکوو بە زویری و دڵگرانی و پەرێشانی لەبەر نەزانی و نەفامی گەلەکەی کە بە فیتنەی سامیری خەڵەتان.

﴿وَأَخَذَ بِرَأْسِ أَخِيهِ يَجُرُّهُۥٓ إِلَيْهِ﴾

وە سەری هاروونی برای گرت و بە هێز رای کێشا بۆ لای خۆی لەسەر یاسای ئادەمیزادی بە حورمەت کە لەسەر پەیدا بوونی کاری ناهەموار لە برا و کەسی خۆی تووڕە ئەبێ.

﴿قَالَ ٱبْنَ أُمَّ إِنَّ ٱلْقَوْمَ ٱسْتَضْعَفُونِى وَكَادُوا۟ يَقْتُلُونَنِى﴾

هاروون عەرزی کرد: ئەی کوڕی دایکم من لەسەر فەرمانی تۆ چاودێریم کردن و مەنعم کردن لەوە کە شوێن بیر و باوەڕی سامیری بکەون بەڵام ئەو گەلە چەقاوەسووە موبالاتیان بە قسەی من نەکرد و پاپاییان بە هانا و هاواری من نەبوو بە بێ‌کەس و بێ‌دەسیان زانیم و بە هۆی کێشە کێشی منەوە نزیك بوو دەستم بۆ رادەن و بمکوژن و من لەبەر ناتەوانی خۆم دەست بەرداریان بووم.

﴿فَلَا تُشْمِتْ بِىَ ٱلْأَعْدَآءَ وَلَا تَجْعَلْنِى مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿١٥٠﴾﴾

ئیتر تۆ کارێکی وەها مەکە بە من کە دوژمن حەزی لێ بکا و دوژمنەکانم پێ شادکام مەکە و لە ریزی ستەمکاران و زۆردارانا حسێبم مەکە.

﴿قَالَ رَبِّ ٱغْفِرْ لِى وَلِأَخِى وَأَدْخِلْنَا فِى رَحْمَتِكَ ۖ وَأَنتَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿١٥١﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

جا کاتێ کە حەزرەتی مووساعليه‌السلام لە وەزعەکە حاڵی بوو گەڕایەوە بۆ سەر یاسای عادەتی و لە خودا پاڕایەوە فەرمووی: پەروەردگارا خۆت ئەزانی من لە میقاتا بووم لە حوزووری تۆدا و هاروونی برایشم بە قەی تەواناى خۆی هەوڵی لەگەڵ گەلەکەدا داوە و ئەوان موبالاتیان پێ نەکردووە، دەی خودایە تاوانی من ببەخشە لەو سەر ڕاکێشانی هاروونی برامەدا و تاوانی ئەویش ببەخشە ئەگەر کەم و کووڕییەکی بووبێ لە چاودێری ئەوانا. وە بمانخەرە ناو بارەگای میهرەبانی خۆتەوە و تۆ لە هەموو میهرەبانێ میهرەبانتری.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ ٱلْعِجْلَ سَيَنَالُهُمْ غَضَبٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَذِلَّةٌ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَاۚ ﴾

ئەو کەسانە کە گوێرەکەکەیان دروست کرد و یارمەتی سامیرییان دا لە قاڵبڕێژیدا و کەوتنە شوێنی لە پەرستنیا بە ڕاستی بەم زوانە قاری خودایان پێ ئەگا بەوە کە تۆبەیان کوشتنی خۆیانە و سووکی [و] ڕسواییان تووش ئەبێ لە ژینی مووەقەتیانا.

﴿ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي ٱلْمُفْتَرِينَ ﴿١٥٢﴾ ﴾

وە هەر بەمجۆرە جەزایە جەزای ئەوانە ئەدەینەوە کە درۆ بە دەم دینەوە ئەکەن و ئایینی ڕاست ئەگۆڕن و خەڵکی گومڕا ئەکەن.

﴿ وَٱلَّذِينَ عَمِلُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ثُمَّ تَابُواْ مِنۢ بَعْدِهَا وَءَامَنُوٓاْ إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعْدِهَا لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٥٣﴾ ﴾

وە ئەو کەسانەیش کە بە نەفامی و بەدبەختی کردەوەی ناشیرین و ناپەسەندی خراپ ئەکەن و لە پاشان تۆبە ئەکەن و ئیمان دێنن بە خودای خۆیان و ئەکەونە شوێنی ڕەهبەری ئەمین بە ڕاستی خودا لە پاش ئەو تەوبە و ئیمانە تاوانبەخش و میهرەبانە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَلَمَّا سَكَتَ عَن مُّوسَى ٱلْغَضَبُ أَخَذَ ٱلْأَلْوَاحَ﴾

وە کاتێ کە قار و قین بێدەنگ بوو لە دڵی حەزرەتی مووسادا و گەڕایەوە بۆ سەر واجبی خۆی کە ڕێنموویی ئادەمیزادە، ئەو ئەلواحانە کە لە لایەنی خوداوە هێنابووی هەڵی گرتن. وە زاهیری ئەم جوملەیشە دەلیلە لەسەر ئەوە کە ئەلواحەکان بە ساغی ماونەتەوە و نەشکاون.

﴿وَفِي نُسْخَتِهَا هُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلَّذِينَ هُمْ لِرَبِّهِمْ يَرْهَبُونَ ١٥٤﴾

وە لە نووسراوی سەری ئەو «ئەلواحە» لە لایەنی خوداوە، وە یا لە هەر نوسخەیەکدا لە بەر ئەو ئەلواحە بنووسرێتەوە، ڕێنومایی و شارەزا کردنی هۆشیاران بۆ ڕێگەی پیرۆزی هەردوو جیهان و دەرکەوتنی میهرەبانی خودا هەیە بۆ ئەو کەسانە کە بە دڵ لە خودای خۆیان ئەترسن و خۆیان ئەپارێزن لەو بیر و باوەڕانە و لەو کردەوە نابارانە کە خودا قەدەغەی کردوون لێیان.

﴿وَٱخْتَارَ مُوسَىٰ قَوْمَهُۥ سَبْعِينَ رَجُلًا لِّمِيقَٰتِنَا﴾

جا بە فەرمانی خودا پاش ئەوە تۆزێ ماندووی حەسایەوە حەفتا کەسی هەڵبژارد لە بەنیئیسرائیلیەکان لە هەر لقێ لە نەتەوەکانی یەعقووب علیه السلام شەش کەس، جا دوو کەس زیاد بوون لەو ژمارە و «کالب» و «یوشع» لە ناو خەڵکەکەدا بەجێمان، وە لەگەڵ حەفتا کەسەکەدا ڕۆیشت بۆ میقات بۆ عوزرهێنانەوە لە بارەگای خوادا لەسەر تاوانی گوێرەکە پەرستی، کاتێ کە نزیك بوونەوە لە شوێنەکە هەورێ پەیدا بوو ئەوانی داگرت و مووسا لەوان زۆرتر ڕۆیشتە ناو هەورەکەوە و خودا فەرمایشی لەگەڵا کرد و هەموو حەفتا کەسەکە فەرموودەکانی خودایان بیست لە ئەمر و نەهی و وەعد و وەعید، کاتێ کە هەورەکە بەرزەوە بوو مەحو بووەوە قەومەکە وتیان بە مووسا: بە خوا ئێمە ئیمان ناهێنین بەوەی ئەوە کە قسەی لەگەڵ تۆدا کرد خودا بوو

www.iqra.ahlamontada.com

هەتا ئێمەیش چاومان پێی نەکەوێ! مووسا زۆر هەوڵی دا کە لەم بیرە وەرگەڕێن سوودی نەبوو، لەو کاتەدا تریشقەیێ لە ئاسمانەوە داپەڕی بەسەریانا و هەر حەفتا کەسەکە هەموو مردن و حەزرەتی مووسا لەم کارەساتە زۆر مات و پەرێشان بوو.

﴿فَلَمَّآ أَخَذَتْهُمُ ٱلرَّجْفَةُ قَالَ رَبِّ لَوْ شِئْتَ أَهْلَكْتَهُم مِّن قَبْلُ وَإِيَّٰيَ﴾

کاتێ کە زەلزەلە یاخود تریشقە گرتنی حەزرەتی مووسا عەرزی بارەگای کرد: پەروەردگارا من ئەزانم ئەم هەموو عاجزی و قاری تۆیە قۆرتی نەگبەتی گوێرەکە پەرستییەکەیە دەی ئەگەر خواستت ببوایە ئەو قەومە و منیشت ئەکوشت لە پێش ئەوەدا بێن بۆ میقات و من گیرۆدەی ئەم رسواییە نەدەبووم، ئێستە من هەزار سوێند بخۆم ئەوان قەناعەت ناکەن و ئەڵێن مووسا بە پیلانێك ئەو حەفتا کەسەی لەناوبرد.

﴿أَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ ٱلسُّفَهَآءُ مِنَّآ﴾

ئایا تۆ ئێمە هەموو ئەفەوتێنی بە هۆی ئەوەوە کە بەنی ئادەمە عەقڵ سووکەکانی ئێمە کردیان؟

﴿إِنْ هِيَ إِلَّا فِتْنَتُكَ تُضِلُّ بِهَا مَن تَشَآءُ وَتَهْدِي مَن تَشَآءُ﴾

ئەم کارەساتانە هەر ئەوەیە رووداوێکی بەراوردی میحنەتسازییە لەسەر حیکمەتی خۆت لە لایەنی تۆوە، وە ئەو کەسەی خواستت لەسەر گومڕا کردنی بێ گومڕای ئەکەی بەم جۆرە کارە و ئەو کەسەیش خواستت لەسەر هیدایەتی بێ هیدایەتی ئەدەی و ئەڵێی ئەم رووداوانە سزای دنیان و سزای دنیا لە تۆڵەی قیامەت سووکترە.

﴿أَنتَ وَلِيُّنَا فَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَا وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْغَٰفِرِينَ ﴿١٥٥﴾﴾

پەروەردگارا تۆ ساحیب و خاوەن کاری ئێمەی، ئێمە داوای چاوپۆشی و میهرەبانیت لێ ئەکەین و بە رەحمی خۆت تاوانمان ببەخشە و میهرەبانیمان لەگەڵدا بکە تۆ باشتر تاوان پۆشێکی.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَٱكۡتُبۡ لَنَا فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِنَّا هُدۡنَآ إِلَيۡكَۚ﴾

ئەی خودا بنووسە بۆ ئێمە بە میهرەبانی خۆت لە جیهانی ژینا ژینێکی باش بە ئاسایش و سەربەرزی و فەرمانکاری خۆت وە لەو جیهانیشا گەڕانەوەیەکی باش بە عەفو و سەرفی نەزەر و شادبوونمان بە لیقای زاتی تۆ و بە ئارامگرتنمان لە بەهەشتی جاویدانیدا.

﴿قَالَ عَذَابِيٓ أُصِيبُ بِهِۦ مَنۡ أَشَآءُۖ وَرَحۡمَتِي وَسِعَتۡ كُلَّ شَيۡءٖۚ﴾

[خودا] لە وەڵامی دوعای مووسادا فەرمووی: ئەی مووسا سزای من پێی گیرۆدە ئەکەم ئەو کەسەی کە خواستم لێ بێ و میهرەبانیم گوشادە هەموو کەسێ و هەموو گیانلەبەرێ ئەگرێتەوە و کەم و کووڕی تێدا نییە.

جا بازێ لە موفەسیرەکان ئەڵێن: پاش ئەم سکاڵای مووسا خودای تەعالا ئەو حەفتا کەسە مردووەی زیندوو کردەوە و لەگەڵ مووسادا رۆیشتنەوە بۆ ناو گەلەکەیان. وە بازێکی‌تر ئەڵێن ئەو حەفتا کەسە نەمردبوون بەڵکوو بەو زەلزەلە یا بەو تریشقە کە دای بە کێوەکەدا کاس و شپرزە بوون و پاش ماوەیێ بە دوعای مووسا هاتنەوە سەر خۆیان و لەگەڵ ئەوا بە ساغی هاتنەوە بۆ ناو بەنی‌ئیسرائیل.

﴿فَسَأَكۡتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلَّذِينَ هُم بِـَٔايَٰتِنَا يُؤۡمِنُونَ ١٥٦﴾

وە خودا فەرمووی بە مووساعليه السلام ئەو رەحمەتەم کە هەموو شتێ و هەموو کەسێ دائەگرێ بە خوسووسی و تایبەتی ئەینووسم بە نووسینێ نەگۆڕێ بۆ ئەو بەنی‌ئیسرائیلیانە کە خۆیان ئەپارێزن لە کوفر و گوناح و نافەرمانی پێغەمبەر و سەدەقەی واجب لە ماڵی خۆیان دەرئەکەن و ئەیدەن بە موستەحەقەکان و بە تایبەتی ئەو رەحمەتە ئەنووسم بۆ ئەو کەسانە باوەڕ ئەکەن بە هەموو ئایاتی من لەوانە کە ئەبن

www.iqra.ahlamontada.com

بە دەلیل لەسەر بوونم و یەکیەتیم و دووریم لە کەم و کووڕی و داراییم بۆ هەموو کەمالات. وە ئەو بەنی‌ئیسرائیلیانە کە لەمەولا ئەم ڕەحمەتی خۆمەیان بۆ ئەنووسم.

﴿ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِيَّ ٱلْأُمِّيَّ ٱلَّذِي يَجِدُونَهُۥ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ يَأْمُرُهُم بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَىٰهُمْ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ ٱلْخَبَٰٓئِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَٱلْأَغْلَٰلَ ٱلَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ ۚ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَٱتَّبَعُوا۟ ٱلنُّورَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓ ۙ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿١٥٧﴾ ﴾

واتە ئەو کەسانەن کە پەیڕەوی ئەکەن لە کاتی خۆیا بۆ پێشەوا و ڕەهنومایێ کە دارای نۆ سیفەتە:

یەکەم: ڕەسوولە و فرستادەی خودایە بۆ سەر هۆشیارانی پەری و ئادەمیزاد بۆ گەیاندنی ئەحکامی ئیعتیقاد و عەمەل و نیشاندانی بیر و باوەڕی پەسەند بە خودا و فریشتەکانی و بە پێغەمبەرەکانی و بەو کتێبانە کە ناردوویەتی بۆیان، وە بەوە کە هەموو چاك و خراپێ خودا ئیجادی ئەکا و بە زیندووبوونەوە لە پاش مردن بۆ ئەوە کە حسێبی کردەوە بکرێ و تۆڵەی خۆی وەربگرێ.

**دووهەم:** ئەوەیە کە «نبی»یە یانی خاوەنی پایەی بەرزە لە لای خوداوە و پایەی بەرزترە لە هەموو ئادەمیزاد و پەری و فریشتە لە جیهانا.

سێهەم: ئەوە کە «أمی»یە وەکوو لە دایك بووە وەها ماوەتەوە و نەیخوێندووە و دانشخانەی نەدیوە، لە بەر دوو حیکمەت؛ یەکەم گومانی ئەوەی لێ نەکرێ ئەو زانیارییەی هەیەتی بە خوێندن فێری بووبێ و لە مامۆستایەکی وەرگرتبێ. دووەم

www.iqra.ahlamontada.com

ئەوە کە دەرکەوتنی ئەو ئاسارە گەورە و ئەو زانیارییە بەرزە [کە] لە لای ئەوە بێ بە بەڵگە لەسەر ریسالەتەکەی و لەسەر رێژەنی بارانی میهرەبانی خودا بەسەریا.

**چوارەم:** ئەوەیە کە نووسراوە بە ناو و نیشانە و رشتەی مەڵبەند لە تەوراتی حەزرەتی مووسادا؛ وەکوو ئەوە کە لە سیفری «شعیا»دا نووسراوە:

پڕتەوی نووری خودا وەکوو لە وڵاتی «ساعیر»دا شەوقی دایەوە و لە کێوی «سینا»دا دەرکەت وەها لە کێوی «فاران»دا دەرئەکەوێ، کە کێوی «فاران» ئەو کێوەیە لە نزیکی شاری مەککەدا کە حەزرەت ﷺ لەوێدا وەحی بۆ هات. هەروا لە «ئینجیل»دا حەزرەتی عیسا موژدەی داوە بەوە کە خودا رەهبەرێکی پیرۆز ئەنێرێ بۆ سەریان جیهان رووناك ئەکاتەوە وە ئەم نیشانانەی بۆ ئەوە بەیان کردووە کە بەنیئیسرائیلیەکان پاش هاتنی حەزرەت ﷺ بیانوویان نەمێنێ لە نافەرمانیدا.

**پێنجەم:** ئەوەیە کە ئەو پێغەمبەرە فەرمان ئەدا بە بیر و باوەڕی پاك و کردەوەی چاك کە گرد ئەبێتەوە لە فەرموودەی حەزرەتا ﷺ کە ئەفەرموێ: «**التعظيم لأمر الله والشفقة على عباد الله**» یانی ئینسانێ ئەمری خودا بە گەورە بگرێ و دڵسۆز بێ بۆ بەندەکانی خودا.

**شەشەم:** ئەوە کە نەهی ئەکا لە هەموو خراپەیێ لە بیر و باوەڕا وەکوو پەرستیاری غەیری خودا، وە لە کردەوەدا وەکوو ستەمکاری و بێناموسی و بێشەرمی لەگەڵ عیبادی خودادا لە پێغەمبەران و رەهبەرانەوە هەتا داماوان و کارکەران.

**حەوتەم:** ئەوەیە کە هەرچی تەبیعەتی میانە بە پاك و چاکی بزانێ ـ لە خواردەمەنی ـ حەڵاڵی ئەکا بۆیان.

**هەشتەم:** هەرچی تەبیعەتی میانە بە نابار و ناشیرینی بزانێ ـ لە خواردەمەنی ـ حەرامی ئەکا لەسەریان جا ئەو نابارییە لەبەر زیان بێ بە تەندروستی وە یا زیان بێ بە عەقڵ و هۆش وە یا زیان بێ بە ئابووری و ژیوار وەکوو زیادەڕەوی.

www.iqra.ahlamontada.com

نۆهەم: ئەوە کە ئەو گرانبارییە زوو لەسەریان بوو لە ئایینی کۆندا لەسەریانی لائەبا وەکوو خۆکوشتن بۆ تۆبە و بڕینی هەر پارچەیێ کە تاوانی پێ کردبێ و حەرامکردنی بازێ گۆشت و چەوری بێ لەسەریان، وە نەخواردنی چێشتی دەستی ژنی خاوەن عوزر و وەکوو کارنەکردن لە ڕۆژی شەممەدا و حەسری نوێژ لە کەنیسەدا.

جا ئەو کەسانە ئیمانیان هێنا بەو پێغەمبەرە کە جامیعی ئەم سیفەتانەیە و بە گەورە تەماشای ئەکەن و یارمەتی ئەدەن و پەیڕەوی ئەو ڕووناکییە ئەکەن و شوێنی ئەو کتێبە ئەکەون کە بۆی هاتووەتە خوارەوە و لەگەڵ ریسالەتی ئەوا نێرراوە، ئەو کەسانە ڕزگارن لە ئازاری ڕۆژی قیامەت.

بوخاری و موسلیم و ترمزی ریوایەتیان کردووە لە حەزرەتەوە ﷺ فەرموویەتی: کاتێ کە خودا خەڵکی دروست کرد لە کیتابا نووسی و لە ژووری عەرشەوە داینا «إن رحمتي غلبت غضبي» بە ڕاستی میهرەبانی من زاڵ بووە بە سەر قار و غەزەبما.

﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ لەسەر فەرمانی من: ئەی ئادەمیزاد من فرستادەی خودام بۆ لای ئێوە هەمووتان.

﴿ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾

ئەو خودایە کە پادشایی و سەرداری لە ئاسمانەکانا و لە زەویدا هەر بۆ ئەوە.

﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحْىِۦ وَيُمِيتُ﴾

هیچ کەس نییە بەندەیی بۆ بکرێ ئەو نەبێ، وە حاڵی وەهایە گیانلەبەر دروست ئەکا گیانیان بۆ دروست ئەکا و ئەیشیانمرێنێ بە خواستی خۆی.

﴿فَـَٔامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِ ٱلنَّبِىِّ ٱلْأُمِّىِّ ٱلَّذِى يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَكَلِمَٰتِهِۦ وَٱتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٥٨﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

دەی ئێوەیش ئیمان بێنن بەو خودا و بەو پێغەمبەرەی کە فرستادەی ئەوە و خاوەن پایە و شانە لەلای ئەو و نەخوێندەوارە کەچی لە غەیری خۆی زیاتر زانا و هۆشیارە، ئەو پێغەمبەرەی کە ئیمانی هێناوە بە خودای خۆی و بەو وتارانەی کە نازڵی کردوون بۆ سەر هەموو پێغەمبەرەکان و پەیڕەوی ئەو بکەن رجایە بگەن بە ئەنجامی پیرۆز و شارەزای رێگەی رزگاری هەردوو جیهان ببن.

﴿وَمِن قَوْمِ مُوسَىٰٓ أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِٱلْحَقِّ وَبِهِۦ يَعْدِلُونَ ﴿١٥٩﴾﴾

وە هەر وەکوو لە قەومی مووسادا کۆمەڵێ بوون لە دین لایان دا و گوێرەکە پەرستییان دامەزراند وە کۆمەڵێ بوون کە بۆ عوزر هێنانەوە لە سەفاهەتی ئەوانە رۆیشتن بۆ میقات، هەروا ئێستەیش کۆمەڵێکیان هەیە کە خەڵك شارەزا ئەکەن بە شێوەی حەق بۆ ئیمان هێنان بە حەزرەتی موحەممەد ﷺ وە لە ناو خۆیانا بە حەق حوکم ئەکەن وەکوو موسوڵمانانی ئەهلی کیتاب لە زەمانی حەزرەتا.

﴿وَقَطَّعْنَٰهُمُ ٱثْنَتَىْ عَشْرَةَ أَسْبَاطًا أُمَمًا ۚ﴾

جا پاش هاتنەوە لە میقات بۆ جاری دووهەم و پاش دامەزرانی گەلی بەنیئیسرائیل لە خاکی «فەلەستین»دا لە کەناری «بەحری ئەحمەر»دا بەنیئیسرائیلیەکانمان کرد بە دوازدە پارچە کە حاڵی ئەمانە وابوو لە نەتەوەی دوازدە کوڕەکەی «ئیسرائیل» بوون و هەریەکی ئوممەتێ بوون و لە ناو خۆیانا ئاداب و تەقالیدێکی تایبەتیان بوو، وە لەبەر ئەوە جیامان کردنەوە لە یەك هەتا بەرەی هەر کوڕێ لەوانە خزمەتی خۆیان بکەن و گەورە و بچووك بڕیار بدەن و نەبن بە هەرچی و پەرچی و فیتنە و ئاشووب لە ناویانا پەیدا نەبێ و بۆ ئەوەیش کە حەزرەتی مووسا لەسەر هەر قەبیلەیێ لەوانە پێشەوایێ دابنێ چاودێری یاسای دین و دنیایان بکا، وەکوو وتوویانە:

www.iqra.ahlamontada.com

ئـادەمی نـاژین بـێ یـاسا و ئـایین | بێ گەورە و بچووك لە رووی سەرزەمین
ئـارامـی بـەشەر بـۆ ژیـن و ژیـوار | بـێ یـاسا نـابێ، بـێ‌سەر و سـەردار
ئـاسکی بـیابان، مـەڕ و بـزنی کـێو | دەلیـلیان هـەیە بـۆ بـەرزی و نـشێو
ئـەوەی وەرنـەگرێ فـەرمان لە دەلیـل | بە کـزی ئـەژی، دەخیل سـەد دەخیل!
بـۆیە خـوداوەنـد بـۆ گـرۆی بـەشەر | رەهـبـەری هـەنارد یـانی پـێغەمبەر
رەهـبـەر بـۆ یـاسای دیـن و دنـیایە | بـۆ پـیشەی بـاش و خـولْکی رەسـایە
بـــۆ تـــێکۆشینە لە رێـــی ژیـــانا | هـــەتا بـــمێنی لە رووی جـــیهانا
یـــاسا نـــەتەوەی مـــەردی مـــردووە | بـــە خـــاوەن یـــاسا مـــەڵێن مـــردووە
یـــاسایە هـــۆیە لەبـــۆ ئـــاسایش | لەبـۆ سـەربەرزی و لەبـۆ نـومایش
ئـەو بـابە ئـەمرێ بـا کـوڕی نـەبێ | مـادام یـاساکەی رەسـا و بـەجێ بـێ
«إنـــا أعـــطینا» موژدەی رەهـــبەرە | مـــادام خـــاوەنی یـــاسای ئـــەنوەرە
«نـامی»یە هـەرکەس خـاوەن یـاسا بێ | نـامرێ یـاسایێ خـاوەن عـاسا بـێ

﴿وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ إِذِ ٱسۡتَسۡقَىٰهُ قَوۡمُهُۥٓ أَنِ ٱضۡرِب بِّعَصَاكَ ٱلۡحَجَرَۖ فَٱنۢبَجَسَتۡ مِنۡهُ ٱثۡنَتَا عَشۡرَةَ عَيۡنٗاۖ قَدۡ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٖ مَّشۡرَبَهُمۡۚ﴾

مووسامان خەبەردار کرد لەو کاتەدا کە قەومەکەی لەو دەشتی فەلەستینەدا لە کەناری دەریادا داوای ئاوی خۆشیان لێ کرد و پێمان وت: بە عاساکەت بدە لەو بەردە گەورە کە وا لە «جبل حوريب»دا کە لە شیوی «سینا»دایە. وە لە تەوراتا جێگەی ئەو بەردە گەورەیە دیاری کردووە، وە بازێ لە ئیسرائیلیەکان ئەڵێن: ئەو بەردە وا لە شوێنێکدا مەشهوورە بە «وادي اللجاء» و حەزرەتی مووسا لەسەر فەرمانی خودا دای لەو بەردە بە عاساکەی و دوازدە سەرچاوەی لێ دەرچوو وە هەر یەکێ لەوانەی

www.iqra.ahlamontada.com

دیاری کرد بۆ یەکێ لەو دوازدە تایفە بۆ ئەوە لەسەر ئاو نەگژێن و ئاشووب لە ناویانا پەیدا نەبێ. وە لە واقیعدا ئەو بەردە بەردێکی گەورەی وا بێ کە جێگەی دوازدە سەرچاوەی جیاوازی تێدا ببێتەوە و خەڵکی بتوانن راوەستن لە بەریانا و ئاو وەربگرن. ئەمە هەم موعجیزەیە کە بە لێدانی ئەو عاسا ئەم دوازدە سەرچاوە دەرچووە و هەم مەعقوولە، چونکە موناسبی هاتوچۆی قەرەباڵغی ئەو دوازدە بەشەیە لە بەنیئیسرائیل کە لەو سارای سینادا ژمارەیان گەیشتووە بە شەش‌سەد هەزار کەس، وە ئەوەی کە ئەڵێن بەردێکی بچووك بووە بە قەی کەللەی گایێ بووە، پاش لێکۆڵینەوە بەڵگەیێ بۆ ئیستیدلال بشێ دەستمان نەکەوت لەسەری.

﴿وَظَلَّلْنَا عَلَيْهِمُ ٱلْغَمَـٰمَ﴾

وە لەبەر ئەوە کە ئەو دەشتە گەرمیان بوو بەنیئیسرائیلیەکان لە میسرا جێگە و ماوایان خۆش بوو ئولفەتیان نەگرتبوو بە گەرماوە هەورمان کرد بە چەتر و سایە بە راسەریانا.

﴿وَأَنزَلْنَا عَلَيْهِمُ ٱلْمَنَّ وَٱلسَّلْوَىٰ﴾

وە بۆ ئەوە کە بێبەش نەبن لە شیرینی، گەزۆمان باراند بە سەریانا (وەکوو لە کێوانی خۆمانا [(کوردستان)] گەزۆ ئەبارێ بەسەر گەڵا دارا و «شۆکە» ئەبارێ بەسەر بەردا)، وە پەلەوەری (شەلاقە)مان لە لای جەنووبەوە بە ئاسمانا هێنا و ئەمانباران بەسەریانا و ئەوانیش ئەیانگرتن و سەریانئەبڕین و ئەیانخواردن. وە لەسەر زمانی مووسا وتمان:

﴿كُلُوا۟ مِن طَيِّبَـٰتِ مَا رَزَقْنَـٰكُمْ﴾

پێمان راگەیاندن کە بخۆن لەم خورادەمەنییە جوانانەی کردوومانن بە رۆزی بۆ ئێوە، کەچی لەگەڵ ئەم هەموو نیعمەتەدا کە پێمدان ئەو بەنیئیسرائیلیە بەدبەختانە

www.iqra.ahlamontada.com

کوفری نیعمەتیان کرد و دەستیان کرد بە نافەرمانی و سەرپێچی و لە ڕێگەی ڕاست لایان دا.

﴿وَمَا ظَلَمُونَا وَلَٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ١٦٠﴾

ئەوان بەو ستەمە کردیان ستەمیان لە من نەکرد بەڵام ستەمیان لە نەفسی خۆیان کرد.

موفەسیرەکان ئەم دەشتە کە بەنی‌ئیسرائیلی تێدا بوو بە سارای «تەین»ی ناو ئەبەن و بازێ ئەڵێن ئەمە لە پێش «تەین»دا بووە و ئەو سارا نەبووە. بەڵام لەسەر حەقیقەت سارا عەینی سارایە، ئەمما ڕووداوی عاجز بوونی بەنی‌ئیسرائیل لەو جۆرە خورادەمەنییە کە ئەیخۆن و موخالەفەیان بۆ حەزرەتی مووسا، پاش ئەم تەئریخە بوو؛ چونکی ئەمری پێ‌کردن کە لەو دەشتە دەرچن و بڕۆن بۆ «بیت المقدس» و داگیری بکەن ئەوانیش فەرمانەکەی مووسایان وەرنەگرت، جا خودا غەزەبی لێ گرتن و چل ساڵ لەو زەوییەدا هێشتنیەوە وەکوو لەم ئایەتەدا ئەفەرموێت:

﴿وَإِذْ قِيلَ لَهُمُ ٱسْكُنُوا۟ هَٰذِهِ ٱلْقَرْيَةَ وَكُلُوا۟ مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ وَقُولُوا۟ حِطَّةٌ وَٱدْخُلُوا۟ ٱلْبَابَ سُجَّدًا نَّغْفِرْ لَكُمْ خَطِيٓـَٔـٰتِكُمْ ۚ سَنَزِيدُ ٱلْمُحْسِنِينَ ١٦١﴾

وە باسی ئەوە بکە کە لە لایەنی مووساوە وترا بە بەنی‌ئیسرائیلیەکان بڕۆن نیشتەجێ بین لەو ئاوەدانییەدا کە شاری «بیت المقدس»ە، و مادام دامەزران و کەوتنە موعامەلە و کاسبییەوە ئەتوانن هەموو جۆرە خواردەمەنییەکی جوان بە ئارەزووی خۆتان بخۆن، وە بڕۆنە ناو دەرگای بارەگای ئەو شوێنە پیرۆزە بە کڕنووش بردن بۆ خودای خۆتان و بە جارێ لێی بپاڕێنەوە و بڵێن: پەروەردگارا مەبەستمان داکەوتنی باری تاوانە لەسەر شانمان؛ جا ئەگەر ئەم فەرمانە بەجێ‌بێنن، وە بە تەبیعەتی حاڵ پێویستە

www.iqra.ahlamontada.com

جیهاد بکەن و دەستبەرداری ئارەزووی نەفسی خۆتان ببن هەتا بگەن بە پایە و مایە و ولاتەکان وەربگرنەوە لە دوژمن، لە جەزای ئەو جیهادەدا هەر تاوانێکتان هەبێ ئەیبەخشم و زیاد لە تاوان بەخشین پایە زیاد ئەکەین بۆ ئەوانە کە خاوەن ئیخلاس و خاوەن چاکەن.

﴿فَبَدَّلَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ مِنْهُمْ قَوْلًا غَيْرَ ٱلَّذِى قِيلَ لَهُمْ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِجْزًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ بِمَا كَانُوا۟ يَظْلِمُونَ ﴿١٦٢﴾﴾

بەڵام ئەو گەلە کە ئەم ئەمرەیان پێ کرا و ستەمکار بوون لە خۆیان و موبالاتیان بە فەرمانەکە نەکرد و بێئەمری مووسایان کرد، جا لە ئاسمانەوە سزا و نەگبەتم بۆ ناردن و نەخۆشم خستن و کز و داماو و بێگوزەران و بێپایە و شانم کردن بە هۆی ئەو موخالەفە و بێئەمرییەوە کە ئەو ستەمکارانە کردیان.

وە حاسڵی ئەم دوو ئایەتە ئەمەیە بە کورتی کە حەزرەتی مووسا فەرمووی بە بەنیئیسرائیل مادام ئێوە ئەتانەوێ بە راستی بەندەیی خودای خۆتان بکەن و پایە و مەقامی کۆن وەربگرنەوە ئەبێ جیهاد بکەن و بڕۆن شاری قودس بگرن و «بیت المقدس» ئاوەدان بکەنەوە و کیانی دین و دنیای خۆتان ببەن بەرێوە ئەوسا خودایش تاوانتان ئەبەخشێ و زیادە پایەتان پێ ئەدا لە دنیا و دینا، وە ئەوانیش سەرپێچییان کرد و جیهادیان نەکرد و خودا غەزەبی لێ گرتن و گیرۆدەی کردن بە مانەوە لە سارا و دەشتی سینادا و سەرکز بوون هەتا پاش وەفاتی مووساعليه السلام دەستیان کرد بە جیهاد لەگەڵ نەبی یووشەعداعليه السلام و قودسیان گرت.

﴿وَسْـَٔلْهُمْ عَنِ ٱلْقَرْيَةِ ٱلَّتِى كَانَتْ حَاضِرَةَ ٱلْبَحْرِ إِذْ يَعْدُونَ فِى ٱلسَّبْتِ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست پرسیاریان لێ بکە بۆ شەرمەسار کردنیان لە وەزعی ئەهلی ئەو شارە کە لە قەراخی دەریای «قولزم» (بەحری ئەحمەر)دا بوو لەو کاتانەدا کە لایان‌ئەدا لە فەرمانی شەرعی خۆیان لە رۆژانی شەممەدا.

﴿إِذْ تَأْتِيهِمْ حِيتَانُهُمْ يَوْمَ سَبْتِهِمْ شُرَّعًا وَيَوْمَ لَا يَسْبِتُونَ لَا تَأْتِيهِمْ﴾

لەو کاتەدا کە لە جەزای سەرکێشییان لە فەرمانی شەرع گیرۆدەمان کردن بەو حاڵە کە لە رۆژانی شەممەدا کە رۆژی حورمەت گرتنە، ماسییە گەورەکانی دەریا ئەهاتن بۆ قەراخی دەریا بە جۆرێ کە لەسەر ئاوەکەدا دیار بوون، بەڵام لەو رۆژانەدا کە شەممە نییە و لەسەریان نییە حورمەتی رۆژەکە بگرن دەرناکەون و نایەن بۆ قەراخی ئاوەکە و خۆیان ون ئەکەن.

﴿كَذَٰلِكَ نَبْلُوهُم بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ ﴿١٦٣﴾﴾

ئا بەو جۆرە ئیمتیحانمان ئەکردن بە هۆی ئەوەوە کە ئەوان لە حوکمی خودا دەرئەچوون.

ئەو شارە لەم ئایەتەدا بە «قەریە» ناوی ئەبا موفەسیرەکان ئەڵێن شاری «ئەیلە» بووە لە بەینی «مەدیەن» و کێوی «توور»دا یا نەفسی شاری «مەدیەن» بووە یا شاری «تەبەرییە» بووە، وە بە «قەریە» ناوی ئەبا لەسەر یاسای قورئان کە ئەو شارانە وەها ناو ئەبا. موفەسیرەکان نەیان‌فەرمووە ئەو کارەساتە لە چ چەرخێکدا بووە، وە لەو چەرخەدا خودای تەعالا بڕیاری داوە رۆژی شەممە رۆژی بەندەیی و رێزی بەنی‌ئیسرائیل بێ، وە لەو رۆژەدا مەنعی کردوون لە راوەماسی کەچی بۆ فیتنەی دڵی ئەوان و بۆ ئەوەی ئادابی شەممە بشکێنن ماسییە گەورەکان لەو رۆژەدا بە کۆمەڵ ئەکەوتنە سەر ئاوەکە و لە رۆژەکانی‌تردا دەرنەدەکەوتن. ئەوانیش لە رۆژی شەممەدا

www.iqra.ahlamontada.com

تۆڕیان دائەخست لە ناو ئاوەکەدا و لە ڕۆژی یەك شەممەدا تۆڕەکەیان دەرئەهێنا و ماسییەکانیان ئەگرت و وایان مانا لێ ئەدایەوە کە ئەم موعامەلە ڕێکی شەرعە؛ چونکی لە ڕۆژی شەممەدا ماسییەکانیان لە تۆڕەکە دەرناهێنن لەگەڵ ئەوەدا ئەمە فێڵە و یاسای دینی پێ ئەشکێ؛ چونکە مەبەست لە فەرمانی دینەکە ئەوە بووە کە لەو ڕۆژەدا هەر مەشغوولی دینداری بن و نەڕۆن بۆ ڕاوەماسی.

﴿وَإِذْ قَالَتْ أُمَّةٌ مِّنْهُمْ لِمَ تَعِظُونَ قَوْمًا ٱللَّهُ مُهْلِكُهُمْ أَوْ مُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا قَالُوا۟ مَعْذِرَةً إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿١٦٤﴾﴾

وە باسی ئەوە بکە ئەی پێغەمبەری خۆشەویست کە ئەو قەومە لە بەنیئیسرائیل لەو شاری قەراخی دەریادا بووبوون بە سێ بەشەوە؛ بەشێکیان لە دین لایاندابوو لە ڕۆژی شەممەدا تۆڕداویان دائەنا لە دەریاکەدا و بەشێکیان لەسەر شێوەی زانایان و عالمان و ئامۆژگاران، ئامۆژگاری ئەو بەشە تاوانبارەیان ئەکرد و مەنعیان ئەکردن لەو تۆڕدانانە، هەرچەن ئەوان گوێیان لە ئامۆژگارییەکەیان نەبوو، بەشی سێهەمیان ئەیانوت بەو زانایانە: ئێوە بۆچی ئامۆژگاری قەومێکی وا دەکەن کە خودا بڕیاری داوە بیانفەوتێنێ وە یاخود سزایەکی ناهەمواریان بدا، ئەوانیش لە وەڵاما ئەیانوت لەبەر ئەوە ئەم ئامۆژگارییە ببێ بە عوزر بۆ ئێمە لە ڕۆژی قیامەتا لە حوزووری خودادا؛ چونکی هەرکەس چاوی کەوت بە کاری خراپ و گوناح واجبە لەسەری مەنعی بکا بە هێزی خۆی ئەگەر دەستی بڕوا، ئەنا بە زمان بە دەست ڕۆیشتوویێ [بلێ] تا ئەو مەنعی بکا، وە یاخود بە دڵ حەزی لێ نەکا، وە لەبەر هیوای ئەوەیش لە خودا بترسن و خۆیان لەو تاوانە بپارێزن.

﴿فَلَمَّا نَسُوا۟ مَا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦٓ أَنجَيْنَا ٱلَّذِينَ يَنْهَوْنَ عَنِ ٱلسُّوٓءِ وَأَخَذْنَا ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ بِعَذَابٍۭ بَـِٔيسٍۭ بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ ﴿١٦٥﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

جا لە کاتێکا ئەو بەشە تاوانبارە کە هەموو ئەو ئامۆژگارییانەیان خستە پشت گوێ و لە بیری خۆیانیان بردەوە ئەوانە کە مەنعی ئەوانی ئەکرد رزگارمان کردن لە سزا، وە ئەوانەیان کە ستەمیان لە خۆیان کرد گرتنمان بە سزایەکی نابار و ناهەموار بە هۆی ئەوەوە کە لە فەرمانی خودا دەرچوون.

وە ئەم سزا کە لەم ئایەتەدا دەربڕاوە غەیری ئەوەیە کە لە ئایەتی دواییدا دێ، ئەم سزا سووکە بە نیسبەت ئەوەوە؛ چونکی ئەمە تۆڵەی فەرامۆش کردنی ئامۆژگاری زاناکانە و بریتییە لە گرانی و نەخۆشی و ئیختیلاف و ئاشووبی ناوخۆ کە هەموو ئەمانە نابار و ناهەموارن و سزای دوایی زۆر گرانە وەکوو خودا ئەفەرموێت:

﴿فَلَمَّا عَتَوْا۟ عَن مَّا نُهُوا۟ عَنْهُ قُلْنَا لَهُمْ كُونُوا۟ قِرَدَةً خَـٰسِـِٔينَ ﴿١٦٦﴾﴾

جا لە کاتێکدا دەمار و فیز و توغیانیان نیشان دا بەرابەر بەو تەجاوزاتە کە نەهیان لێ کرابوو، وە لە پایەی یەکەمدا ئامۆژگارییەکەیان بەشەرمەوە فەرامۆش ئەکرد و لەم پایەدا ئەگەر یەکێ پەندی دادایێن ئەچوون بەگژیا و سووکیان ئەکرد، جا ئێمەیش غەزەب و قارمان لێ گرتن و فەرمانمان دا ببن بە مەیموونی سووکی گاڵتە پێ کراو، واتە خواستمان هاتە سەر ئەوە کە شێوەی ئادەمیزادم لەوانە گۆڕی بە شێوەی مەیموون کە گیانلەبەرێکی زۆر سووك و بێ‌نرخە؛ ئەوانەیان کێوین لە چینی گیانلەبەری زیانداری سووکدان، وە ئەوانەیشیان خانەکین منداڵان گاڵتەیان پێ ئەکەن و لە ئیشی سووکا بەکاریان دێنن.

وە جومهوور لەسەر ئەوەن کە ئەوانەیان سەرۆك بوون لە شکاندنی شەممەدا و لەو توغیانەدا خودا گۆڕینی و کردنی بە مەیموون، وە بازێکیان بە بەراز و لە پاش سێ رۆژ مردن. وە «مجاهد» بیری وایە ئەڵێ: مەسخی ئەوانە بریتی بووە لە مەسخ و گۆڕینی خوو و رەوشت، واتە خودا رەوشتی گۆڕیون بە رەوشتی مەیموون و بەراز.

www.iqra.ahlamontada.com

وە بە بیری من گۆڕانی ئەخلاق زۆرە و تایبەتی بەنی‌ئیسرائیل نەبووە و نییە و گەلێ کەس هەیە بە هۆی بێ‌دینی و بێ‌شەرمییەوە رەوشتیان چووەتە سەر رەوشتی رێوی و گورگ و مەیموون و بەراز و مار و دووپشك، بەڵکوو ئەمانە خراپترن؛ چونکی ئەم حەیوانانە زیانەکەیان کەمە و تەجاوز ناکا لە تەبیعەتی ئەو جۆرە، بەڵام زیانی ئادەمیزدای ناهەموار بە قەی زیانی چوار پێنج جۆر گیانلەبەری دڕندەیە: فێڵبازە وەکوو رێوی و، لان‌گیرە وەکوو سەگی هار و، بێ‌ناموسە وەکوو بەراز و، خائینە وەکوو گورگ ... ـ پەنا بە خودا! ـ وە هەموو ئەم دەردانە لەسەر تەماعی ماڵی دنیا و دارایی یا ئارەزووی شەهوەترانی یا پایە و شانی بەرز، وەکوو حەزرەت ﷺ فەرموویەتی خۆشویستنی دنیا سەری هەموو تاوانێکە. کە وابێ ئەو مەسخە وەکوو جومهوور فەرموویانە هەر مەسخی شێوە بووە هەتا ببن بە پەن بۆ تەماشاکەران.

﴿وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكَ لَيَبْعَثَنَّ عَلَيْهِمْ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ مَن يَسُومُهُمْ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ ۗ إِنَّ رَبَّكَ لَسَرِيعُ ٱلْعِقَابِ ۖ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٦٧﴾﴾

باسی ئەوە بکە کە خودا عەزمی ئەوەی کردووە کە لە هەموو ماوەیەکدا بنێرێ بۆ سەر بەنی‌ئیسرائیل کەسانێکی وا کە بە ناهەمواری موعامەلەیان لەگەڵدا بکەن و سزایان بدەن بە سزایەکی نابار و ماوەی ئەوە نەدا کە قەرار بگرن و ئارام ببن هەتا رۆژی قیامەت؛ چونکە بە راستی خودا بە بێ تەفرە ئەتوانێ سزای ئەوانە بدا خواستی وا لەسەر سزایان و خودا تاوان‌بەخش و میهرەبانە بۆ ئەوانە کە ئیمان دێنن، وە بڕیاری خودا تێك ناچێ.

**بزانن! لەم ئایەتەدا چەن قسەیێ هەیە:**

یەکەم: ئەم هەڕەشە کە خودای تەعالا کردوویە روو ئەکاتە ئەو جوولەکانە کە لە فەرمانی دین دەرچوون و بۆ ئەوانە نییە کە وەختی خۆی ئیمانیان هێناوە بە

www.iqra.ahlamontada.com

پێغەمبەرەکانی بەنیئیسرائیل و لەسەر ئیمان مردوون وە یا ئەوانە کە ئیمانیان هێناوە بە پێغەمبەری ئاخر زەمان وەکوو عەبدوڵڵای کوڕی سەلام و هاوڕێنەکانی.

دووهەم: مەبەست لەم ئایەتە ئەوە نییە کە هیچ کاتێ بەنیئیسرائیل پایە و شانیان نابێ؛ چونکی ئەوەتە لە پاش حەزرەتی مووسا بە سەرۆکی حەزرەتی یووشەع کوڕی نوون علیه السلام ڕۆیشتن شاری قودس و «بیت المقدس»یان داگیر کرد و لە زەمانی داوود و سولەیمانا بوون بە ئوممەتێکی بەرز لە خاکی فەلەستین‌دا تەنانەت سولەیمان «جزیرة العرب»یشی داگیر کرد، بەڵکوو مەبەست ئەمەیە کە ئەم ئوممەتە ئەوەندە ئوممەتێکی یاخی و سەرسەختن ئارام و دامەزراوییان نابێ وە ئەگەر لە ماوەیەکدا سەربەرزی وەربگرن ئەو سەربەرزییە دەوام ناکا و بە هۆی بشێوەی ناو خۆیانەوە یاخود بە هۆی بەدرەفتاری خۆیانەوە و تەماشاکردنی مافی دراوسێکانیانەوە تووشی مسیبەتی خراپ ئەبن وەکوو لە مێژوودا ئاشکرایە کە لە پێش لە دایك بوونی عیسادا بشێوە کەوتە ناویانەوە و حکوومەتەکەیان بوو بە دوو بەشی لاوازی بێ‌نرخی وەها کە هەمیشە لە لای دراوسێکانەوە دەستیان بۆ درێژ ئەکرا و کیانیان تێك‌ئەچوو، وە لە لایەنی بەختەنەسری بابلییەوە وڵاتەکەیان وێران کرا، وە بە هۆی ڕۆمییەکانەوە لە پاش لە دایك بوونی عیسا دووبارە تووشی وێرانی و پەرێشان‌حاڵی بوون بە جۆرێ وەزعیان تێك‌چوو.

وە ئەگەر یەکێ بڵێ: ئەی ئەوە نییە کە ئێستە لەم چەرخەدا یەهوودییەکان لە فەلەستینا کیانیان هەیە و دەست درێژ ئەکەن بۆ سەر دراوسێکانیان؟ ئەوە وەڵامەکەی ئەوەیە کە: ئەم حکوومەتە بە ناو حکوومەتی یەهوودە ئەگەرنا لە ڕاستییەکەیا مەرکەزێکی فیتنە و ئاشووبە کە بێگانەکان لەو عەرزەدا دروستیان کردووە و کردوویانە بە شێرپەنجە بۆ عالەمی عەرەبی و ئیسلامی وەکوو روونە لە لای ئەوانە کە هۆشیارن.

www.iqra.ahlamontada.com

زیاد لەمانە خودای تەعالا لە ئایەتی (١١٢)ی سوورەتی ئالیعیمراندا ئەم جۆرە مادەیە جیا کردووەتەوە و فەرموویە: ﴿وضربت عليهم الذلة أينما ثقفوا إلا بحبل من الله و حبل من الناس﴾ واتە داماوی وەکوو چەتر دراوە بەسەریانا لەهەر لایەکدا بن و لە هەموو حاڵێکدا مەگەر لە حاڵێکدا بەسرابن بە پەیمانی خوداوە کە ئیمان هێنانە، وە یا ئیلتیزامی سەرانە، وە یا بە پەیمانی ئادەمیزادەوە وەکوو پەیوەندی یەهوودی ئەم زەمانەیە بە حکوومەتە بێگانەکانەوە کە هەموو عاقڵێ ئاگای لە وەزعیانە.

لەگەڵ ئەوەیشدا لەو رۆژەوە کە ئەو یەهوودانە هاتوونەتەوە فەلەستین و ئیعلانی کیانیان کراوە کە مێژووی نۆسەد و چل و هەشتە هەتا ئیمرۆ کە نۆسەد و حەفتاو هەشتە هەرچەند لە زاهیرا ئەو یەهوودانە کیانیان هەیە بەڵام بە دەوام وان لە ژێر ئاگری فیدایی عەرەب و ئاشووبا و بە باوەڕی من ئەم وەزعە دەوام ناکا؛ چونکی خودای تەعالا لە سوورەتی ئیسرادا فەرموویەتی: ﴿و إن عدتم عدنا﴾ واتە ئەگەر ئێوە بگەڕێنەوە بۆ خراپە و ئاشووب دروستکردن و لادان لە یاسای حەق ئێمەیش ئەگەڕێینەوە بۆ لەناوبردنتان و تۆڵە لێ سەندنەوەتان.

﴿وَقَطَّعْنَاهُمْ فِي الْأَرْضِ أُمَمًا ۖ مِّنْهُمُ الصَّالِحُونَ وَمِنْهُمْ دُونَ ذَٰلِكَ ۖ﴾

وە ئەو بەنیئیسرائیلیانە پاش ئەوە گەلێکی تەنها بوون لە قیادەی مووسای کوڕی عیمران و یووشەعی کوڕی نوون و داوود و سولەیمانا دەستیان کرد بە ئاشووب نانەوە و لە بەینی خۆیانا بەش بەش بوون، وە بازێ لەوانە کردەوە چاك و دڵ پاك بوون و بازێکیان دڵ تاریك و سەرلێشێواو و کردەوە ناتەواو بوون.

﴿وَبَلَوْنَاهُم بِالْحَسَنَاتِ وَالسَّيِّئَاتِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿١٦٨﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە ئیمتیحانمان کردن بە رژاندنی نیعمەت و گیرۆدە کردن بە زەحمەت بە ئومێدی ئەوە کە بە یەکێ لەم دوو بارەدا بگەڕێنەوە بۆ لای خودا و وەرگرتنی فەرمانی و ژیانی بەختیاری بۆ خۆیان.

﴿فَخَلَفَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ خَلۡفٌ وَرِثُواْ ٱلۡكِتَٰبَ يَأۡخُذُونَ عَرَضَ هَٰذَا ٱلۡأَدۡنَىٰ﴾

وە لە نەتەوەی ئەوان بوو بە جێگەداریان کۆمەڵێ ئەولادی ناپیاو کە بە میرات لە باوك و باپیرەیانەوە تەوراتیان دەستکەوتبوو کەچی حاڵیان وایە ئەکەونە شوێن ئارەزووی نەفسی ناپاك و وەرئەگرن ماڵی ئەم دنیا پەستە لە بەرتیلا بۆ موافەقە کردنی گەورەکانیان لەسەر لادان لە دین و تەئویلی نارەسای تەورات و ئینکاری ریسالەتی پێغەمبەری ئاخر زەمان موحەممەد ﷺ.

﴿وَيَقُولُونَ سَيُغۡفَرُ لَنَا﴾

وە بۆ بیانوو لەسەر ئەو تاوانانە کە ئەیانکەن ئەڵێن: خودا لە رۆژی قیامەتا لە تاوانی ئێمە خۆش ئەبێ.

﴿وَإِن يَأۡتِهِمۡ عَرَضٞ مِّثۡلُهُۥ يَأۡخُذُوهُۚ﴾

وە لەو کاتەدا کە دان ئەنێن بە تاوانەکەی خۆیانا بە ئومێدی عەفوی خودا ئەگەر میقدارێکی تر لە ماڵی دنیا و بەرتیلیان بۆ بێت لە لایەنی گەورەکانیانەوە هەم وەری ئەگرن و هیچ گوێ نادەن بەوە کە دەوام لەسەر تاوانباری ئەبێ بە هۆی شەرمەساری.

﴿أَلَمۡ يُؤۡخَذۡ عَلَيۡهِم مِّيثَٰقُ ٱلۡكِتَٰبِ أَن لَّا يَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡحَقَّ وَدَرَسُواْ مَا فِيهِۗ﴾

ئایا ئەم نەتەوە زانا دینییە ناپیاوە ئاد و پەیمانیان لێ وەرنەگیرا لەسەر یاسای تەورات کە لەسەر حەق دەوام بکەن و رەفتار بە تەورات بکەن و هەرچی وا لە

www.iqra.ahlamontada.com

تەوراتا بیگرنە گەردنی خۆیان و ئەو نیشانانی پێغەمبەری ئاخر زەمانە بۆ خەڵك بەیان بکەن؟ خۆ ئەزانن و ئەوەی وا لە تەوراتا بە دەرس خوێندوویانە و باش لێی حاڵی بوون.

﴿وَٱلدَّارُ ٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ١٦٩﴾

وە مەعلوومە کە نیعمەت و رەزای خودا لە ماڵی پاشەڕۆژا باشترە لە هەرچی دارایی و پایە و مایەی دنیایە، ئایا هێشتا هەر عەقڵ ناگرن و راستی ئەنجام نافامن؟

﴿وَٱلَّذِينَ يُمَسِّكُونَ بِٱلۡكِتَٰبِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ إِنَّا لَا نُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُصۡلِحِينَ ١٧٠﴾ ۞

وە ئەو کەسانە کە دەستیان گرتووە بە دەستەبەندی کتێبی خوداوە و رەفتاری پێ ئەکەن و ئیمان دێنن بە پێغەمبەری ئاخر زەمان و نوێژەکانیان ئەکەن ئەوانە لە خێرخواهان و پیاوچاکان ئەناسرێن و ئێمە پاداشی چاکان زایە ناکەین.

﴿وَإِذۡ نَتَقۡنَا ٱلۡجَبَلَ فَوۡقَهُمۡ كَأَنَّهُۥ ظُلَّةٞ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُۥ وَاقِعُۢ بِهِمۡ خُذُواْ مَآ ءَاتَيۡنَٰكُم بِقُوَّةٖ وَٱذۡكُرُواْ مَا فِيهِ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٧١﴾

وە باسی ئەوەیشیان بۆ بکە و بیریان بخەرەوە کە ئەوان گەلێکی کەللە رەق و دڵ سەخت بوون و لە وەختی خۆیا بۆ ئەوە کە هێزی تەوانایی خۆمیان بۆ دەربخەم کێوی توورم لە بن هەڵکەند و وەکوو چەتر بەرزم کردەوە بە راسەریانا و گومانیان برد کە ئەو کێوە ئەکەوێ بەسەریانا و لە ناویان ئەبا، وە لە کاتی دەربڕینی ئەو تەوانایی خۆمانەدا لەسەر زمانی مووسا وتمان بە بەنیئیسرائیل: وەربگرن ئەو کیتابە کە بۆم ناردوون بە هەموو هێزی دڵتان و بە راساڵی رەفتاری پێ بکەن و ئەوەی وا لەو کتێبەدا لە بیر و باوەڕ و لە کردەوە و بەندەیی و لە خوو و رەوشت، وەریبگرن

www.iqra.ahlamontada.com

بە دەرس بیخوێنن و تالیمی وردە ساڵانی بکەن بەڵکوو گیان و دڵتان رووناك ببێتەوە بە ئیمان و کردەوەی باش و خۆتان بپارێزن لەو بیر و باوەڕە نابارانە و لەو کردەوە ناپەسەندانە و لەو خوو و رەوشتە ناشیرینانە کە ئەبن بە هۆی بەدبەختی و ببن بە کۆمەڵێکی بەختیار.

جا وەکوو لەم ئایەتانەدا خودای تەعالا باسی ئەوەی کرد کە گەلێ میهرەبانیم لەگەڵ بەنیئیسرائیلدا کرد بەوە کە رزگارمان کردن لە ستەمی فیرعەون و کوتوبی ئاسمانیمان نارد بۆ مووسا تا تەمێ و تەربییەتیان بکا کەچی ئەوان لە رێگەی راست لایان دا، وە سەرەڕای ئەوە من عەفوم کردن و لەو سارادا گەزۆم بەسەرا باراندن و شەلاقەم بۆ ناردن تا گۆشتی بخۆن. هەروا لەگەڵ هەموو ئادەمیزادیشدا میهرەبانیم کردووە بەمە کە لە پێش ئەوەدا بێنە مەیدانی تەکلیفەوە من قسەم لەگەڵ رۆحیانا کردووە و ئاد و پەیمانم لەگەڵا بەستوون و پێم وتوون: رەهبەرتان بۆ ئەنێرم ئاگاتان لە خۆتان بێ. بەم موناسەبەوە ئەفەرموێت:

﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِىٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست باسی ئەوە بکە بۆ ئادەمیزادانی حازر لە زەمانی خۆتا لە جوولەکە و گاور و غەیری ئەوان کە وەختی خۆی خودای تۆ وەری گرتووە لە پشتی ئادەمیزاد مادەی نەتەوەکانیان.

﴿وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ۖ قَالُوا۟ بَلَىٰ ۛ شَهِدْنَآ ۛ﴾

وە ئەوانی کردووە بە شاهید لەسەر خۆیان لە بەستنی عەهد و پەیمانا و فەرموویەتی بەوان: ئایا من پەروەردگاری ئێوەم و ئێوەم لە نەبوون دروست کردووە؟ وتیان: بەڵێ تۆ ئێمەت دروست کردووە و تۆ پەروەردگاری ئێمەی ئەم پەیمانەمان قەبووڵ کرد.

www.iqra.ahlamontada.com

وە ئەو پەیمانە درێژەکەی و مەعنا راستەکەی ئەوەیە خودای تەعالا پاش دەرکردنی ئەو نەتەوانە و موشەڕەف کردنیان بە عەقڵ، پێی فەرموون: من پەروەردگاری ئێوەم و لەسەر باری واقیع پەروەردگار ئەبێ پەروەردەکراوەکانی خۆی تەمێ و تەربییە بکا و ئامادەی بکا بۆ پیرۆزی و بەختیاری، یانی توانای چاکە و خراپەی ببێ و هێزی عەقڵ و کردەوە و عەزمی پێ بدا و هۆش و گۆش و تێگەیشتن و تەوانای تێکۆشینی ببێ، وە بێجگە لەمانە رەهبەرێکی پیرۆز و دڵسۆز و سەرگەرم و دڵنەرم رەوانە بکا بۆ سەری و بە قەی حاڵ یارمەتی بدا و ئاگاداری بکا لە حاڵی خۆی و لە گەورەیی خودا و یاسای ژین و دینی پێ بدا.

جا من ئەوەی شیاوی پەروەردگاری بێ ئەیکەم و ئەبێ ئەوەیش شیاوی بەندەیی و پەروەردەکراو بێ ئێوە بەجێی بێنن و فەرمانی رەهبەرەکە بەجێ بێنن و ئەگەر یەکێ مەنعتان بکا لە چاکە دەری بکەن و ئەگەر لە چینی پێشینیانیا یاسای ناحەق دامەزرابوو پاش راگەیاندنی فەرمانی رەهبەر موبالات نەکەن بەو یاسا ناپەسەندانە، ئەوانیش وتیان: باشە تۆ خودای ئێمەی و ئەم فەرموودەمانە وەرگرت و عەهد و پەیمانی قەبووڵی خودایی تۆ و ئیتاعە کردنی رەهبەرمان گرتە گەردن و بە وتاری رەوانی زمانی پاك و جوان ئەم پەیمانە رابورد.

﴿أَن تَقُولُواْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَٰذَا غَٰفِلِينَ ١٧٢﴾

وە من ئەم پەیمانەم لەبەر ئەوە لەگەڵیانا بەست مەبادا لە رۆژی قیامەتا لە کاتی پرسیار و حسێبی بیر و باوەڕ و کردەوەدا ئەو ئادەمیزادانە بڵێن: خودایا ئێمە لە یاسای دین و لە جەزای رۆژی قیامەت بێئاگا بووین؛ چونکی لە پاش پەیمانی قەدیم و لە پاش هاتنی پێغەمبەران و باسکردنی ئەم پەیمانە ئیتر مەجالی عوزر نامێنێ.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿أَوْ تَقُولُوٓاْ إِنَّمَآ أَشْرَكَ ءَابَآؤُنَا مِن قَبْلُ وَكُنَّا ذُرِّيَّةً مِّنۢ بَعْدِهِمْۖ أَفَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ ٱلْمُبْطِلُونَ ﴿١٧٣﴾﴾

یا خەیر مەبادا بڵێن: باوك و باپیرەمان وەختی خۆی هاوڕێیان بۆ خودا بڕیار دابوو وە ئێمەیش منداڵی ئەوان بووین و بە تەبیعەتی حاڵ کەوتینە سەر یاسای ئەوان، ئێمە خەتامان چییە! خودایە ئایا تۆ ئێمە سزا ئەدەی بە کردەوەی ئیشراك و یاسای خراپی ئەو بەتاڵ کارانە؟ واتە هەتا مەیدانی ئەم باسەتان نەمێنێ؛ چونکی وەختی خۆی پەیمانەکەم وا کرد هەرکەسێ مەسئوولی خۆیەتی و ڕەهبەرەکانیش خستیانەوە بیرتان، ئیتر مەیدانی قسەتان نییە.

بێدار بن! مەعنای ﴿ألست بربكم﴾ و تەقریری «ربوبیەت» وایە کە من لێرەدا نووسیم وەکوو زانا بەرزەکان فەرموویانە، ئەگەرنا تەنها بە پەیمان لەسەر خودایی خودا بە بێ بەیانی عەهد و ناردنی ڕەهبەران و تەئییدی عەهدی سابیق دوو جوملەی: ﴿أن تقولوا يوم القيامة﴾ و ﴿أو تقولوا إنما أشرك آباؤنا﴾ تەواو نابێ، وەکوو لە لای هۆشیاران دیارە.

**لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە:**

یەکەم: ئەم ئایەتە پیرۆزە زاهیرە لەوەدا کە خودای تەعالا نەتەوەکانی چین چین لە پشتی باوکی خۆیانەوە دەرکردووە و گەلێ حەدیسی وا هەیە کە نەتەوەکان لە پشتی نەفسی حەزرەتی ئادەمعليه السلام دەرکراون.

ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلرحمه الله ڕیوایەتی کردووە کە دەربارەی ئایەتی: ﴿و إذ أخذ ربك من بني آدم من ظهورهم ذريتهم و أشهدهم على أنفسهم﴾ الآية. پرسیار لە حەزرەتی عومەری کوڕی خەتاب کرا، ئەویش فەرمووی: لە پێغەمبەرمصلى الله عليه وسلم بیست

www.iqra.ahlamontada.com

کە پرسیاری ئەم ئایەتەی لێ کرا، فەرمووی: خودا ئادەمی خەلق کرد لە پاشان دەستی ڕاستی هێنا بە پشتیا و زورپیەتێکی لێ دەرهێنا و فەرمووی: ئەوانەم بۆ بەهەشت دروست کردووە و بە کردەوەی ئەهلی بەهەشت کار دەکەن. لە پاشان دەستی بە پشتیا هێنایەوە و زورپیەتێکی تری لێ دەرهێنا و، فەرمووی: ئەوانەم بۆ دۆزەخ دروست کردووە و بە کردەوەی ئەهلی دۆزەخ کار دەکەن. جا فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەمە چۆن کارێکە؟ فەرمووی: کاتێ خودا بەندەیەکی بۆ بەهەشت دروست کرد دەیخاتە سەر ڕێگەی ئەهلی بەهەشت تا لە سەر کردەوەی ئەهلی بەهەشت دەمرن و بەو کردەوە دەچنە بەهەشت. وە کاتێ بەندەیێ بۆ ئاگر دروست کرا دەکەوێتە سەر ڕێگەی ئەهلی دۆزەخ هەتا لەسەر ئەو کردەوە دەمرێ و بەو هۆوە دەکەوێتە دۆزەخ. جا هۆی ڕێکەوتنی ئەو ئایەتە پیرۆزە لەگەڵ ئەم حەدیسەدا ئەمەیە کە موراد لە «بەنیئادەم» لە ئایەتەکەدا حەزرەتی ئادەم و نەتەوەکەیەتی. بەڵام لە ئایەتەکەدا تەغلیبی جانیبی ئەولادەکانی کراوە بەسەر خۆیا؛ چونکی ئەوان زۆرن و ئادەم یەك کەسە. وە یا مەبەست لە «بەنی ئادەم»ی ناو ئایەتەکە ئینسانە کە دەست ئەدا بۆ نەفسی حەزرەتی ئادەم و بۆ نەتەوەکانیشی.

دووەم: لە حاشیەی «جەمەل» لە سەر تەفسیری «جەلالەین»دا عیبارەتێ هەیە ئەمە تەرجەمەکەیەتی: زاناکان لە فەرموودەی خودادا: ﴿و إذ أخذ ربك من بني آدم من ظهورهم ذريتهم﴾. الآية. دوازدە پرسیاریان هەیە:

[پرسیاری] یەکەم: خودا ئەم پەیمانەی لە کوێ لە بەنیئادەم وەرگرتووە؟ وەڵامەکەی: لە «بطن نعمان»دا کە شوێنێکە لە نزیکی خاکی عەرەفاتا لەسەر فەرموودەی ئیبنوعەباس وە بازێ فەرموویانە لە خاکی «سەرەندیب» لە هێندستانا ئەو شوێنە کە حەزرەتی ئادەمی تێکەوت کاتێ لە بەهەشت دەرکرا و هاتە خوارەوە. وە بازێ ئەڵێن: لە بەینی مەککە و تائیفدا. وە ئیمامی عەلی فەرموویەتی: لە بەهەشتا بووە.

www.iqra.ahlamontada.com

وە ئەم فەرموودانە هەموو ئیحتیمالیان هەیە و زیان نییە لە زانینی جێگەی واقیعیدا و عەلاقەی نییە بە بیر و باوەڕەوە.

**پرسیاری دووەم** ئەمەیە: چلۆن خودای تەعالا ئەو نەتەوەیە لە پشتی ئادەم دەرکردووە؟ وەڵامی ئەمە ئەوەیە: لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە کە خودای تەعالا بە قودرەتی خۆی ئەوانەی دەرکردووە وەکوو مێروولەی وردی زۆر ورد وەکوو عەرەق لە لەشی مرۆڤ دەربێ.

**پرسیاری سێهەم** ئەمەیە: چۆن ئەم مێرووڵە وردانە جوابی خودایان داوە بە کەلیمەی «بلی»؟ ئایا ئەمانە زیندوو بوون و عاقڵ بوون و بە زمان جوابیان دایەوە یاخود چۆن؟ وەڵامەکەی: زاهیر وایە زیندوو و هۆشیار بوون و بە زمان جوابیان داوەتەوە و ئەمە بە عەقڵ مومکینە.

**پرسیاری چوارەم**: مادام ئەوان هەموو بە «بلی» جوابیان دایەوە چۆن ئەبێ لە عالەمی «ظهور»دا بازێکیان بە موسوڵمان و بازێکیان بە کافر دەرچن؟ وەڵامی ئەمەیە: هەموو ئیقراریان کرد بەوە کە خودا پەروەردگاری ئەوانە لەبەر هێرشی هەیبەتی خودای تەعالا، بەڵام لە عالەمی زوهوورا کە نەفس و هەوا و مەوانیع پەیدا بوون بەشی زۆریان لەو پەیمانە پاشگەز بوونەوە وەکوو ئەو کەسانە کە زانای هەموو شتێکن و کەچی گوێ بە فەرمانی خودا نادەن.

**پرسیاری پێنجەم** ئەمەیە: ئەگەر ئەم عەهد و پەیمانە بەسراوە ئێستە ئێمە بۆچی بیرمان ناکەوێتەوە؟ وەڵامەکەی ئەمەیە: ئەو پەیمانە لە لای خاوەن سەفاکان مەعلوومە وەکوو ئەڵێن بیسراوە لە گەلێ پیاوە گەورەکان فەرموویەتی: من بیرم دێ ئەو پەیمانە چۆن بووە. وە باقی موسوڵمانەکان لەو پایەدا نین بە پەردەی گوناه یا بە هۆی غەفڵەتی نەفسەوە ئەو عەهد و پەیمانەیان لە بیر چووەتەوە. نابینن کە ئینسان بە بازێ کارەسات کە بە سەریا دێن گەلێ ئەحواڵ و مەعلووماتی خۆی لە بیر ئەچێتەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

**پرسیاری شەشەم:** ئەمەیە ئایا ئەو «زەڕاتە» لە شێوەی ئینساندا بوون یا نە؟ وەڵامی ئەمە ئەوەیە: لەم بابەتەوە دەلیلێ بە ئێمە نەگەیشتووە.

**پرسیاری حەوتەم** ئەمەیە: ئایا ئەو زەڕاتە لە پێش دەرچوونیانا گیانیان کراوە بەبەردا یاخود لە پاش دەرچوونیان؟ وەڵامەکەی ئەمەیە: فەرموویانە کە لە پێش دەرچوونیاندا زیندوو کراونەتەوە، وەکوو منداڵێ لە سکی دایکیدا گیان ئەکرێ بە بەریا.

**پرسیاری هەشتەم:** حیکمەت لەم عەهد و پەیمانەدا چییە؟ جوابەکەی ئەمەیە: حیکمەت دامەزرانی حوجەتە لەسەر ئەوانە کە وەفایان بەو پەیمانە نەکردووە.

**پرسیاری نۆهەم:** ئایا بە زیندوویی ئیعادە کرانەوە بۆ پشتی باوکیان یا لە پاش مردنیان؟ وەڵامەکەی ئەمەیە: زاهیر وایە لە پاش وەرگرتنەوەی گیانیان.

**پرسیاری دەهەم:** ئەرواحی زەڕات، پاش ئیعادەی ئەمانە بۆ پشتی باوکیان، بۆ کوێ چوون؟ وەڵامەکەی: دەلیلێکمان دەس نەکەوتووە لەسەر دیاری کردنی شوێنی ئەوانە.

**پرسیاری یازدەهەم:** لە حەدیسا ئەفەرموێت «ذرية»کان لە پشتی ئادەم دەرکران وە ئایەتەکەیش ئەفەرموێت لە پشتی باوکی خۆیان! وەڵامەکەی ئەمەیە: کە حەدیسەکە تەفسیرە لە بۆ ئایەتەکە، بەڵام ئیکتیفای تێدا کردووە بە باسی ئادەم لە باسی ئەولادەکانی.

**پرسیاری دوازدەهەم:** ئایا ئەو عەهدنامەیە وا لە کوێدا؟ وەڵامەکەی ئەمەیە: هاتووە لە حەدیسا کە ئەو نامەیە خراوەتە «حجر الأسود»ەوە، وە ئەمە هەرچەن بۆ ئێمە روون نییە بەڵام ئەتوانین ئیکتیفا بکەین بە ئیمان و تەماشای بکەین بە واقیع و ڕاست.

بە تایبەتی لەم باسەدا ئەڵێم: لە هەرلایێ شتێ لە ئومووری دینی دائیر بوو مادام موافیقی عەقڵ و عادەت بێ ئەوە جێگەی قسە و باس نییە، وە ئەگەر عەقڵ وەری گرت و بەڵام خیلافی عادەت بوو وەکوو ئەم باسە کە ئێستە قسەمان لێ کرد، ئەوە ئەگەر

www.iqra.ahlamontada.com

دەلیلێکی واقیعی لە کیتاب یا لە سوننەت لە سەری بوو ئەوە پێویستە موسوڵمان باوەڕی پێ بکا وەکوو «تەسبیح» کردنی وردە بەرد لە دەستی حەزرەتا ﷺ و تەسبیح کردنی پەلەوەر لەگەڵ حەزرەتی داووداعليه السلام و شەهادەتی دەست و پێی ئینسان لە رۆژی قیامەتا لەسەر ئینسان... وە وێنەی ئەمانە کە زۆرن لە دینا بە تایبەتی خودا ئەفەرموێت: ﴿سبح للّه ما في السموات و ما في الأرض وهو العزيز الحكيم﴾.[1]

سێهەم لە باسەکان ئەمەیە: موفەسیری مەشهوور بەیزاوی ـ رەحمەتی خودای لێ بێ ـ لە تەفسیری ﴿و إذ أخذ ربك من بني آدم..﴾ دا فەرموویەتی: یانی خودا بەڵگەی خوایەتی خۆی بۆ دانان و عەقڵ و بیریانی وا لێ کرد بڕوا بەو بەڵگانە بکەن و وایان لێهات چوونە جێگەی ئەوانەی کە خودا رووی خیتابیان بە ﴿ألست بربكم؟﴾ لێ بکات و ئەوانیش بڵێن «بلی» بەڵام عەللامە «طیبی» لە بەرابەری ئەم بیرەدا فەرموویەتی: ئەگەر لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا تەنیا حەدیسێ بوایە کە حەزرەتی عومەر رضي الله عنه ریوایەتی کردووە ئەوە لەوانە بوو لەسەر ئەو تەئویلە بڕۆین بەڵام لەم ئایەتەدا حەدیسی ئیبنوعەباس رضي الله عنه هەیە کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «أخذ اللّٰه الميثاق من ظهر آدم (بنعمان)، يعني: عرفة، فأخرج من صلبه كل ذرية ذرأها، فنثرهم بين يديه كالذر، ثم كلمهم قائلاً: ألست بربكم؟ قالوا: بلى شهدنا. و هذا الحديث مخرج في كتاب النسائي لا يحتمل من التأويل ما يحتمله حديث عمر رضي الله عنه، لظهور المراد منه. أقول: لإن قوله ﷺ (ثم كلمهم قائلاً) بإيراد التكليم والقول كالصريح في أن الإشهاد هو التكليم والقول والجواب أيضاً القول الحقيق، وإلا لما كان لإيراد التكليم و إيراد القول كبير وجه انتهى المقصود منه.»

وەلحاسڵ تەئویلی بەیزاوی بۆ ئەم ئایەتە رێك ناکەوێ لەگەڵ ئەو حەدیسانەدا کە لە بەیانی ئایەتەکەدا هاتوون بە تایبەتی حەدیسی ئیبنوعەباس کە نەسە لەوەدا

---

١. الصف؛ ١.

www.iqra.ahlamontada.com

ئەم واقیعە لە عەرزی «نعمان»دا لە عەرەفاتا بووە لە خاکی مەککەدا وە لەفزی تەکلیم و قەول لە حەدیسەکەدا زاهیرە لە مەعنای مەشهووردا، کە وابێ هەر لەسەر زاهیری ئایەت و حەدیسەکە بڕۆین جوانە و پێویست نییە بە بێ داعی تەئویلی ئەم ئایەت و حەدیسە بکەین.

**چوارەم:** بازێ لە زاناکان فەرموویانە کە خودای تەعالا ئەرواحی لە پێش ئەجسادا دروست‌کردووە و ئەم بیرە بیری جومهووری «متکلمین» و موحەممەدی کوڕی نەسری مروزی و ئیبنوحەزمی زاهیری ئەندەلووسی و غەیری ئەمانەیشە لە عولەما. وە لەم هۆوە ئیستیدلال ئەکەن بە حەدیسێ کە عەمری کوڕی عەبەسەی سەلەمی ریوایەتی کردووە و فەرموویەتی: «**سمعت رسول الله ﷺ يقول: إن الله خلق أرواح العباد بألفي عام فما تعارف منها ائتلف و ما تناكر منها اختلف**» وە ئەم زانایانە ئیستیدلالیان کردووە لەسەر قسەی خۆیان بە چەن ئایەت و ئاسارێ، لەوانە: ئایەتی: ﴿**و إذ أخذ ربك من بني آدم**﴾ وە فەرموویانە: ئەم ئیستیشهاد و ئیستینتاقە بۆ رۆح ئەبێ چونکە لەو کاتەدا ئەجسادەکان مەوجوود نەبوون.

جا من ئەڵێم: ئەگەر ئینسان بێتە سەر تەئویلی ئەو ئایەتە باش ئەوەیە کە تەئویلی بکا بە قسە کردنی زاتی خودا لەگەڵ نەفسی ئەرواحی ئەو بەنی ئادەمەدا؛ چونکی ئەرواح بۆ هەموو کەلام و خیتابێ قابیلن.

وە بازێ لە ئەهلی تەسەووف ئەفەرموون: عالەمی «مثال» هەیە کە عالەمێکی عەجیبە و لە بۆ هەموو یەکێ لە مەوجوودات لە زەوی و ئاسمانا وێنەیەکی تایبەتی هەیە نەك تەنیا تاقە وێنەیێ، بەڵکوو وێنەی هەموو حاڵێکی، مەسەلا وێنەیێ بۆ کاتێ لە دایك ئەبێ و وێنەیێ بۆ باقی حاڵەکانی کە بە سەریا دێت. واتە کاتی منداڵی و، موراهیقی و، باڵغی و، جوانی و، کامڵی و، پیری و.. هەر شتێ بەسەر ئەم

www.iqra.ahlamontada.com

مەوجووداتەدا بێ لەم جیهانەدا لە پێش ئەوەدا بەسەر ئەوا بێت لە عالەمی میسالدا هەیە. وە ئەو ئەسڵە و ئەم عالەمە فەرعە و لەو کاتەوە کە کائینات دروستکراوە ئەویش هەیە.

وە مەلا سەعد لە شەرحی مەقاسیدا ئەم باسە نەقڵ ئەکا بەڵام لە ئاخرا ئەڵێت: ئەهلی تەسەووف بۆ ئیسباتی ئەم میسالە شوبهەیەکیان نییە، چ جای ئەوە کە بەڵگەیان ببێ.

من ئەڵێم: ئەهلی تەسەووف فەرموودەکەیان لەسەر موکاشەفاتی ویجدانی و عیلمی قەلبی خۆیانە، وە هەرکەسێ لەوانە بگاتە ئەو پایە کەشفی عالەمەکە ئەکا و هەرکەسێك نەگات بەو حاڵەتە و تابیعی ئەوان بێ، باوەڕ ئەکا. وە هەرکەس باوەڕ نەکا با نەیکا، خۆ ئەم باسە باسێ نییە کە بناغەی باوەڕی موسوڵمانان بێ بەڵکوو لە بابی مولهەمات و مەکشووفاتە.

جا لەسەر باوەڕی ئەهلی تەسەووف ئەگەر تەئویلی ئایەتی: ﴿و إذ أخذ ربك﴾ بکرێ بە خیتابی خودا لەگەڵ ئادەم و ئادەمیزادا لە عالەمی میسالدا دوور نییە، بەڵکوو لە قسەکردن لەگەڵ رۆحی تەنیا جوانترە.

**گێڕراوەیەکی ناسك لە بابەتی عالەمی میسال:**

لەو چەرخەدا کە مودەڕڕیس بووم لە «بیارە» چەن جار لە خوا لێخۆشبوو شێخی بیارەم ـ عەلادین ـ رحمه الله بیستووە ئەیفەرموو: جارێ لە خزمەتی باوکمدا شێخ عومەر ـ ضیاءالدین ـ رحمه الله لەوبەری «سیروان» لە دێی «گومە»دا بووم کۆمەڵێ خەلیفە و مەنسووب لە سلێمانییەوە هاتن بۆ زیارەتی، رۆژێ لە کۆڕێکدا قسە لە عالەمی «میسال» کرا، باوکم فەرمووی: عالمەکان باوەڕ ئەکەن یا نایکەن مەقسوود نییە، من خۆم عالەمی میسالم بە شەخسی خۆم کەشف کردووە و بە حوزووری میسالی

www.iqra.ahlamontada.com

حەزرەتی پێغەمبەر گەیشتووم، میسالی کاتی منداڵی کە لای «حەلیمەی سەعدیە» بووە لەو دەشتەدا، وە میسالی ئەو کاتەی کە وەحی بۆ هاتووە و بووە بە پێغەمبەری خودا و میسالی کاتی میعراجی، وە ئەهلی مەجلیسەکە بە عەقیدە و باوەڕەوە یان لە بەر موجامەلە تەسدیقیان کرد.

سێ رۆژ پاش ئەو قسە و باسە چەن سوارێ لە لایەنی بەگزادەی «شەرەف بەیانی»یەوە هاتن بۆ خزمەتی باوکم کە خاڵۆ رۆستەم بەگ بە گوللە پێکراوە و لە کاتێکا ئاگای لە خۆی بووە داوای کردووە شێخ عومەر بێت بۆ سەری.

باوکم ئەمری کرد لەگەڵ چەن کەسێ لەو ئەهلی موزاکەرەی میسالەدا رۆیشتین بۆ لای خاڵۆ رۆستەم بەگ، کە رۆیشتین بۆ لای بێهۆش بوو وە راکشا بوو پاش ماوەیێ کەم باوکم فەرمووی: لەم رۆژانەدا ئێمە باسی عالەمی میسالمان کرد، وە ئێستە من مەشغووڵ ئەبم و تەماشای میسالی خاڵۆ رۆستەم بەگ ئەکەم لە عالەمی میسالدا. ئەگەر لەوانە بێ بەم کارەساتە نەمرێ من لەوێدا لەشی بەرز ئەکەمەوە تا رائەوەستێتە سەر پێ جا رای ئەکێشمەوە، وە ئەگەر وا حاڵی بووم ئەمرێ دەستی لێ نادەم، ئێوە موراقەبەی خاڵۆ رۆستەم بەگ بکەن! پاش ئەوە شێخ مەشغووڵ بوو بە نزیکەی چارەکێ تەماشامان کرد خاڵۆ رۆستەم بەگ لە خۆیەوە راستەوە بوو راکشاوە، وە لە پاش چەن دەقیقە باوکم سەری بەرزەوە کرد، فەرمووی: لە عالەمی میسالدا میسالی خاڵۆ رۆستەم بەگم چاو پێکەوت و حاڵی بووم بەم کارەساتە نامرێ و راستم کردەوە و رام کێشایەوە. ئێوە چیتان چاو پێکەوت؟ ئێمەیش عەرزمان کرد: کە چاومان کەوت بە خاڵۆ رۆستەم بەگ راستەوە بوو راکێشایەوە، وە زۆر باوەڕمان بە ئیدراکی باوکم زیاد کرد. وە لە واقیعا خاڵۆ رۆستەم بەگ پاش چەن رۆژێ شیفای بۆ هات و برینەکانی خۆش بوونەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

مەبەستم لەم حیکایەتە ئەمەیە کە عالەم گوشادە و عیلم بە ئیعتیبارە و هەرچی موخبیری سادق خەبەری پێداوە یا بە شێوەیەکی راست گەیشت بە ئێمە پێویستە باوەڕی پێ بکەین و حاڵی خۆمان نەکەین بە میزان. ﴿وما أوتيتم من العلم إلا قليلاً﴾[1].

﴿ وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْأَيَٰتِ وَلَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿١٧٤﴾ ﴾

ئا بەم تەفسیلە بەمەغزە و بەسوودە ئایات و دەلائیل نیشان ئەدەین بۆ ئوممەت بەڵکوو بگەڕێنەوە لە باتڵ و لە دواکەوتنی شتی پووچ بۆ سەر حەق و حەقیقەت و بۆ رەفتار کردن بە دینی ئیسلام.

جا بۆ ئەوە کە حەزرەتی پێغەمبەری خۆشەویست ئامۆژگاری جوولەکەکانی مەدینەی مونەووەرە بکا کە بە هۆی بازێ لە زانستی تەورات بایی نەبن لە خۆیان و لەسەر فەرمانی راستی خودا دەوام بکەن خودای تەعالا فەرمووی:

﴿ وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ٱلَّذِىٓ ءَاتَيْنَٰهُ ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ ٱلشَّيْطَٰنُ فَكَانَ مِنَ ٱلْغَاوِينَ ﴿١٧٥﴾ ﴾

واتە ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بخوێنەرەوە بەسەر جوولەکەکانی مەدینەدا وە یا بەسەر ئەهلی عیلم و ماریفەتی قەومەکەتا، دەنگوباسی ئەو زانایە کە عیلم و ماریفەتمان پێدابوو بە ئایەتەکانی خۆمان بۆ ئەوە رەفتاری پێ بکات و رێگەی خۆی پێ بگرێ کەچی لەو عیلم و زانستییە داڕنرا، واتە ئەو لیباسە پاکەی لەبەر داکەنرا لەبەر بەدبەختی خۆی و ئارەزووی نەفس جا بوو بە ئینسانێکی خراپی وا کە شەیتان کەوتە شوێنی، یانی ئەوەندە کاری ناباری ئەکرد یەکێ ئەیوت ئەم کابرا مامۆستای شەیتانە و دەرس بە شەیتان ئەڵێ! یاخود پاش ئەوە کە شەیتان کافری

---

[1]. الإسراء: ٨٥

www.iqra.ahlamontada.com

کرد شەیتان کەوتە شوێنی بە هەر لایەکدا بڕۆیشتایە شەیتان دەنگوباسێکی خراپی ئەخستە شوێنی و بە پیاوێکی گومڕا و نابار دەرئەچوو.

بازێ لە ئەهلی تەفسیر ئەڵێن ئەو شەخسە «بلعام» ناوی کوڕی (باعورا) بووە کە لە زانایانی بەنیئیسرائیل بووە لە زەمانی حەزرەتی مووسادا عليه السلام. ئیبنومونزیر و ئیبنوئەبیحاتەم ریوایەتیان کردووە لە مالیکی کوڕی دینارەوە ئەڵێت: حەزرەتی مووسای کوڕی عیمران عليه السلام بەلعامی کوڕی باعورای نارد بۆ لای پاشای «مەدیەن» بۆ ئەوە کە ئامۆژگاری بکات و دەعوەتی بکا بۆ دینی مووسا، کاتێ گەیشتە لای، کابرا زۆر حورمەتی بەلعامی گرت و گەلێ موڵك و ماڵی پێدا و رازی کرد کە لە عەرزی ئەوا بمێنێتەوە ئەویش رازی بوو لە لای پاشای مەدیەن مایەوە.

جا حەزرەتی مووسا بە ئەمری خودای تەعالا دەریکرد و لە ئەنجاما کابرا بوو بە یەکێ لە نامەردەکانی رۆژگار.

وە عەبدی کوڕی حەمید و نەسائی و ئیبنوجەریر و ئیبنولمونزیر و ئیبنوئەبیحاتەم و ئەبوو شێخ و تەبەرانی و ئیبنومەردەوەیهی ریوایەتیان کردووە لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە فەرموویەتی: مەبەست لە ﴿الذي آتيناه آياتنا﴾ ئومەییەی کوڕی ئەبوو سەلتی سەقەفییە.

وە ئیبنوعەساکیر ریوایەتی کردووە لە سەعیدی کوڕی موسەییبەوە ئەڵێت: فاریعەی خوشکی ئومەییە هات بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ لە پاش فەتحی مەککە، حەزرەت پێی فەرموو: هیچ شیعرت لە شیعرەکانی ئومەییەی برات لەبەرە؟ وتی: بەڵێ. لەوێدا حەزرەت ﷺ فەرمووی: «إن مثل أخيك كمثل الذي آتاه الله آياته فانسلخ منها».

وە ئومەییە لە پێش عەهدی ریسالەتی حەزرەتا ﷺ رۆیشت بۆ «بەحرەین» و حەزرەت ﷺ بوو بە پێغەمبەری خودا و ئومەییە هەشت ساڵ لە بەحرەین مایەوە،

www.iqra.ahlamontada.com

جا ئومەییە هات گەیشت بە پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ کۆمەڵێ لە ئەسحابەکانیا و حەزرەت بانگی کرد بۆ قەبووڵی دینی ئیسلام و سوورەتی یاسینی لە ئەووەڵەوە تا ئاخر بە سەردا خوێندەوە. جا ئومەییە هەستا و رۆیشت بۆ ناو «قورەیش» ئەوانیش لێیان پرسی: ئەی ئومەییە دەربارەی موحەمەد چی ئەڵێیت؟ وتی: شایەتی ئەدەم کە موحەممەد لەسەر حەقە. وتیان: تۆ شوێنی ئەکەوی؟ وتی: با بزانم چۆن ئەبێ و فکری حاڵی خۆم بکەم. وە لە پاش ئەمە ئومەییە رۆیشت بۆ شام و لە شام هاتەوە بە نیازی ئەوە موسوڵمان ببێ، کاتێ باسی کوژراوەکانی «بەدر»ی بیست تەرکی ئیسلامییەتی کرد، واتە موسوڵمان نەبوو رۆیشت بۆ «تائیف» و لە تائیفدا مرد. وە ئایەتی: ﴿واتل عليهم نبأ الذي آتيناه آياتنا فانسلخ منها...﴾ لە شانی ئەودا هاتە خوارەوە.

وە بازێ لە زاناکان فەرموویانە ئەم ئایەتە هاتووەتە خوارەوە دەرحەق بە هەرکەسێ کە خودای تەعالا عیلم و زانیارییەکی باشی پێ بدا و شانێکی ببێ کەچی ئەو کەسە ئەو پایە و مەقامی خۆیە زایە بکا و لەو زانیارییە سوود وەرنەگرێ، بەڵکوو سەرفی بکا لە رێگەی چەوت و نالەبارا، وەکوو زانایانی بێ‌دین و پێشەوایانی دین‌فرۆش و خاوەن حورمەت و شانەکانی ئارەزووباز و دنیاخواهـ.

﴿ وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَٰهُ بِهَا ﴾

ئەگەر خواستمان ببوایە ئەو شەخسەمان لە مەقامی دیندا بەرز ئەکردەوە بە هۆی ئەو ئایەتەوە کە پێمان داوە.

﴿ وَلَٰكِنَّهُۥٓ أَخْلَدَ إِلَى ٱلْأَرْضِ وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ ﴾

بەڵام ئەو شەخسە مەیلی لای زەوی کرد، واتە بۆ لای پەستی و سووکی و دنیا پەرستی، وە کەوتە شوێنی هەوای نەفسی خۆی.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ ٱلْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث﴾

جا حاڵ و وێنەی ئەو کەسە وەکوو سەگ وایە: ئەگەر هێرش ببەیتە سەری زمانی درێژ ئەکا و زمان لە دەمی دەردێنێ، وە ئەگەر وازیشی لێ بێنی هەر زمان دەردێنێ و خەریکی هاسکە هاسکی خۆی ئەبێ لەبەر حیرسی خۆی.

﴿ذَّٰلِكَ مَثَلُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا﴾

ئەوەی باسمان کرد لە حاڵی سەگ ئەوە وێنەیە بۆ حاڵی ئەوانە کە ئایات و موعجیزات و هەواڵی رەهبەرانی من بە درۆ ئەخەنەوە، ئەوانە هەموو حەریسن لەسەر تەماعی دنیا و ئارەزووی شان و پایە و مایەی دنیایی و بۆ هەموو حاڵێ وان لە تەنگە نەفەسی و زمانە ملاسکێ و هەنکە هەنکدا بە دووی هەوای خۆیانا.

﴿فَٱقْصُصِ ٱلْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٧٦﴾﴾

جا ئەم چیرۆکی بەلعامە بگێڕەوە بەسەر جوولەکەکاندا بەڵکوو وردببنەوە لە حاڵی ئەو و حاڵی خۆیاندا و بە هۆی ئەوەوە تەمێ‌خوار ببن.

﴿سَآءَ مَثَلًا ٱلْقَوْمُ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَأَنفُسَهُمْ كَانُوا۟ يَظْلِمُونَ ﴿١٧٧﴾﴾

زۆر خراپ و ناهەموارە لە هۆی حاڵەوە سیفەت و وێنەی ئەوانە کە ئایاتی ئێمەیان بە درۆ ئەخستەوە و ئەوانە بە هۆی ئەو بێ‌باوەڕی و بێ‌موبالاتی بە ئایاتە هەر ستەمیان لە نەفسی خۆیان کرد و خۆیان بەدبەخت کرد ئەنا ئێمە زیانمان لێ ناکەوێ و لە ئەحواڵی چاك و خراپی عالەم باکمان نییە.

﴿مَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَهُوَ ٱلْمُهْتَدِى﴾

www.iqra.ahlamontada.com

هەرکەسێ خودا هیدایەتی بدا و چاودێری بکا ـ وە ئەم هیدایەت و چاودێرییە لەسەر بەراورد بۆ ئەو کەسانەیە کە حاڵیان میانەیە بەرابەر بە فەرمانی خودا و بێ ئینساف نین ـ ئەوە هەر ئەوانەن کە هیدایەت وەرئەگرن و بە ئەنجامی چاك ئەگەن.

﴿وَمَن يُضْلِلْ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿١٧٨﴾﴾

وە هەرکەسێ کە خودا چەپۆکی سیاچارەیی بدا بەسەریا ـ وە بە بەراورد ئەمانەیش ئەو کەسانەن کە رێگەی ئارەزوو بازی ئەگرنەبەر و بە هۆی خۆپەرستی و بێ ئینسافییەوە دڵ نادەن بە ئامۆژگاری رەهبەران و خۆیان بە بێ لایەنی ورد نابنەوە لە نەفسی خۆیان و لە ئەحواڵی جیهاندا ـ جا هەر ئەوانەن زیانکار و خەسارەتبار و ئەنجامی بەد هەر بۆ خۆیانەو بەس.

﴿وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ ۖ﴾

وە بە راستی ئامادەمان کردووە بۆ چوونە دۆزەخ و بۆ ئازاردان گەلێ کەس لە پەری و لە ئادەمیزاد، ئەوەیش لەبەر ئەوە نییە کە خۆبەخۆ بە بێ هۆ وامان کردبێ، بەڵکوو لەسەر ئەوە بووە کە عیلم و ئیدراکمان ئیحاتەی داوە بە ئەحواڵی ناهەموار و بەدکاری و گوێ نەدانیاندا بە بەڵگە و ئایاتی ئێمە و لەبەر ئەوە.

﴿لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ ءَاذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَآ ۚ﴾

دڵێکیان هەیە کە راستی پێ وەرناگرن و گوێیان قسەی باش نابیسێ و بە چاوەکانیان شت نابینن بە جۆرێ بیکەن بە دەلیل لەسەر رۆیشتن بە رێگەی راستا.

لە واقیعدا حەواسی ئینسان مەئموور و خزمەتکاری دڵن، هەرچی کە دڵ فەرمان بدا ئەوان ئارەزووی ئەوە ئەکەن، دەی مادام دڵی کافران بە بیری بەد تاریك بووە

www.iqra.ahlamontada.com

حەواسیش لەسەر ئەو شێوەی تاریکییە ئەڕۆن و نە دڵ خێر لە حەواس ئەبینێ و نە حەواس روو ئەکەنە شتی بەسوود، جا لەسەر ئەم وەزعەیە خودا فەرموویەتی:

﴿أُوْلَٰٓئِكَ كَٱلۡأَنۡعَٰمِ بَلۡ هُمۡ أَضَلُّۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡغَٰفِلُونَ ١٧٩﴾

ئەو کافرانە کە پەیڕەوی رەهبەر ناکەن و سوود لە چاو و گوێ و دڵیان وەرناگرن وەکوو مەڕ و بزن وانە لەوەدا کە دڵێکی خاوەن سوودیان نییە، بەڵکوو ئەمانە گومڕاتر و دوورترن لە حەیوانات لەبەر ئەوە کە زۆر رۆچوون بە غەفڵەت و بێ‌ئاگاییدا، وەکوو ئینسانی سەرسام هەرچی هەوڵی لەگەڵا بدەی بێ‌سوودە، بەڵام حەیوانات بە زۆری شوانەکەیان گردئەبنەوە و لە زیان دوور ئەکەونەوە.

جا لەبەر ئەوە کافرانی مەککە بێ‌شەرمییان ئەکرد لە بەکارهێنانی ناوەکانی خودادا و ئینکاری بازێکیان ئەکرد، و بازێکیان ئەگۆڕی و ئەیانکرد بە ناو بۆ بتەکانیان، مەسەلا کەلیمەی «اللّٰه»یان ئەکرد بە «لات» و کەلیمەی «عزیز»یان ئەکرد بە «عزی» و «منان»یان ئەکرد بە «مناة»... خودا فەرمووی:

﴿وَلِلَّهِ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ فَٱدۡعُوهُ بِهَاۖ وَذَرُواْ ٱلَّذِينَ يُلۡحِدُونَ فِيٓ أَسۡمَٰٓئِهِۦۚ﴾

بۆ خودایە ناوە جوانەکان، بانگ بکەن لە خودا و بپاڕێنەوە لێی بەو ناوانە و بڵێن: «یا اللّٰه، یا رحمن، یا رحیم، یا عزیز، یا منان ...» واز لەو کافرانە بهێنن کە لە بەکارهێنانی ناوی خودادا لە رێگەی راست لائەدەن و ناوەکانی بە کەم و زیاد ئەگۆڕن و «اللّٰه» ئەکەن بە «لات» و بۆ بتەکانیانی بەکار دێنن.

﴿سَيُجۡزَوۡنَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٨٠﴾

لە داهاتوویەکی نزیکدا، لە دنیادا یا لە قیامەتا، جەزایان ئەدرێتەوە لەسەر ئەو کردەوە نابارانە کە ئەیانکەن.

www.iqra.ahlamontada.com

بزانن! خودای تەعالا لە چوار سوورەتی قورئانا جوملەی: ﴿له الأسماء الحسنی﴾ی فەرمووە: لەم سوورەتەدا، لە سوورەتی بەنی‌ئیسرائیلدا، لە سوورەتی تاهادا، لە سوورەتی حەشردا. وە ئەسمای حوسنا بۆ زاتی خودای تەعالا بریتین لەو ناوانە کە لە قورئانی پیرۆز و حەدیسی شەریفدا هاتوون، وەکوو باسیان ئەکەین، خواه ئیسمی زات بن وەکوو «اللّٰه» یا ئیسمی «صفة» بن وەکوو «خالق، رازق، هادي...» و غەیری ئەمانەیش.

وە زاناکان قسەیان کردووە لەوە ئایا دروستە ئینسان غەیری ئەو ناوانە کە وارید بوون لە کیتاب و سوننەتدا بەکاری بێنێ یانە؟ وە راجیح ئەوەیە کە دروست نییە غەیری ئەوانە ئیستیعمال بکا؛ چونکە ئەبێ بە ئیلحاد لە ئەسمادا بە تایبەتی ئەگەر بۆنی نوقسانی لێ بێ وەکوو «زارع، حارث، عارف، عاقل ...» وە لە «مواقف» و شەرحەکەیا ئەڵێ: ئەو ناوانە کە «توقیف» و ئیزنیان لەسەر هاتووە بینا لە مەشهووری عام نەوەد و نۆ ناون. لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە: خودا نەوەد و نۆ ناوی هەیە هەرکەسێ لەبەریان بکا و رەفتار بە حوقووقیان بکا ئەچێتە بەهەشت. وە لە بوخاری و موسلیمدا دیاری نەکراون، بەڵام ترمزی و بەیهەقی دیارییان کردوون، وەکوو لە کتێبی «دلائل الخیرات»دا نووسراون.

وە لە مەواقیفدا تەرجەمەی ئەم عیبارەتە هەیە ئەفەرموێت: لەبەر ئەوە فەرمووی «لەسەر مەشهوور نەوەد و نۆ ناون»؛ چونکی تەوقیف بە غەیری ئەوانەیش وارید بووە، هەرچی لە قورئاندا وەکوو «مولی و، نصیر و، غالب و، قاهر و، قریب و، رب و، ناصر و، أعلی و، أکرم و، أحسن الخالقین و أرحم الراحمین و، ذي الطول و، ذي القوة و، ذي المعارج و» لە حەدیسیشا وەکوو «حنان و، منان» وە لە ریوایەتی ئیبنوماجەدا چەن ناوێ هەن کە لە ریوایەتی مەشهوورەدا نین وەکوو «تام» و «قدیم» و «وتر» و «شدید» و «کافي». و غەیری ئەمانەیش.

www.iqra.ahlamontada.com

وە لەم جێگەدا موناسبە ئێمە هەموو ئەو ناوانە، لە مەشهوور و غەیرە مەشهوور، لەسەر ئاگاداری خۆمان بنووسین، وە لەسەر ریزی حورووفی هیجاء ئەڵێم ئەو ناوانە بریتین لەمانە کە دێن:

«اللّٰه، الأحد، الأول، الآخر، الأكرم، الأعلى، أحسن الخالقين، أرحم الراحمين، البر، البارىء، الباقي، الباسط، الباطن، الباعث، البصير، البديع، البرهان، التواب، التام، الجواد، الجميل، الجامع، الجبار، الحق، الحي، الحسيب، الحميد، الحاكم، الحكم، الحكيم، الحليم، الحافظ، الحفيظ، الحفي، الخبير، الخالق، الخلاق، الدائم، ذوالجلال والإكرام، ذوالطول والإنعام، ذو القوة المتين، ذو المعارج، الرفيع، القريب، الرؤف، الرزاق، الرحمن، الرحيم، رب المشرقين و المغربين، رب العالمين، الستار، السميع، السلام، الشاكر، الشكور، الشديد، الشهيد، الصمد، الصادق، الصبور، الظاهر، العلي، العالم، العلام، العليم، العفو، العزيز، الغفار، الغافر، الغالب، الغني، الغفور، الفاتح، الفتاح، الفاطر، الفرد، فالق الحب والنوى، القيوم، القدوس، القادر، القاهر، القهار، القدير، القديم، القريب، قابل التوب، الكريم، الكبير، الكفيل، الكافي، اللطيف، المولى، المالك الملك، المليك، المتكبر، المتعالي، المنان، المبين، المقتدر، المنتقم، المستعان، الماجد، المعز، المذل، المبدي، المعيد، المؤمن، المهيمن، المحي، المميت، المقيت، المجيب، المحيط، المصور، المعين، النور، الناصر، النصير، الولي، الوالي، الواحد، الواجد، الواسع، الوارث، الوتر، الودود، الوكيل، الوهاب، الهادي» وە بازێ لە زاناکان لەفزی «هو»ەی لە ناو ناوەکانا حسێب کردووە وەکوو لە تەفسیری «روح المعانی»دا لە تەفسیری سوورەتی «اخلاص»دا باسی کردووە.

﴿ وَمِمَّنْ خَلَقْنَآ أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِٱلْحَقِّ وَبِهِۦ يَعْدِلُونَ ﴿١٨١﴾ ﴾

وە هەر وەکوو لەم کۆمەڵە ئادەمیزادەدا گەلێ وا هەیە پەیڕەوی رەهبەران ناکەن و ئامادە بوون بۆ سزای دۆزەخ، هەروا لەوانەدا کە دروستمان کردوون لە هەموو چەرخێکا ئوممەتێ هەیە کە خۆیان پەیڕەوی رەهبەریان کردووە و رێگەی راستیان وەرگرتووە، هەروا باقی ئادەمیزادیش شارەزا ئەکەن بۆ فەرمانی خودا بە نیشاندانی

www.iqra.ahlamontada.com

ئەحکامی راستی واقیعی وە هەم بە تەتبیقکردنی حەق لە ناو ئادەمیزادا دادگەری بەجێ دێنن.

ئەم ئایەتە زۆر بە نرخە و ئەمەی وا تیا کە وەکوو لە هەر چەرخێکدا قەومێکی ناباری ئاشووبکار هەیە کە موبالات بە حەق ناکەن، هەروا لە بەرابەری ئەوانەوە قەومێکی راستی راساڵ هەیە خۆیان شارەزای حەقن و خەڵکیش شارەزا ئەکەن، واتە خۆیان بە نیسبەتی وەزعەوە کامڵ و رەسان، پاش ئەوە خەڵکیش تەربییە و تەمێ ئەکەن و لە خراپەوە لایان ئەدەن بۆ چاکە و رێگەی سەرفرازی. وە لەمەوە دەرئەکەوێ مادام ئەوانە ئیتتیفاق بکەن لەسەر هەر حوکمێکی دینی واجبە پەیڕەوی ئەوان بکرێ؛ چونکی قەومێ خودا شایەتییان بۆ بدا و تەزکییەیان بکا لە واقیعدا دڵپاك و کردووە چاکن و پەیڕەوی ئەوانە حەقە و لەسەر ئەم شێوە حەزرەت ﷺ فەرموویە: تا رۆژی قیامەت کۆمەڵێك لە ئوممەتی من لەسەر راستی ئەمێننەوە.

﴿ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا سَنَسْتَدْرِجُهُم مِّنْ حَيْثُ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨٢﴾ ﴾

وە لەبەر ئەوە لەم شوێنەدا گومانی ئەو پرسیارە هەیە: ئایا ئەگەر قەومە باشەکان وجوودیان بە سوودە بۆ عالەم و لە لای خوادا بە حورمەتن چلۆن خودای تەعالا مەجالی ئەو کەسانە ئەدات کە ئایاتی خودا بە درۆ ئەخەنەوە؟ جا لە وەڵاما خودای تەعالا ئەفەرموێت: ئەو کەسانە کەوا فەرمانی ئێمە بە درۆ ئەخەنەوە ئێمە بە چاوی رێز بۆیان ناڕوانین و هەر بەرزییەك و نیعمەتێك بدرێ بەوانە بۆ تەفرەدانیانە و بۆ فەوتاندنیانە و ئەوانە پلە پلە بەرزیان ئەکەینەوە بە شێوەیێ نازانن کە ئەنجامەکەی بەدبەختییە و دوایی ئەیانفەوتێنم.

﴿ وَأُمْلِى لَهُمْ ۚ إِنَّ كَيْدِى مَتِينٌ ﴿١٨٣﴾ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە ماوەیان پێ ئەدەم بۆ رابواردن بەڵام بۆ دەمار دەرهێنانیان؛ چونکی رێز گرتنی دوژمنی راستی لە لایەنی ئێمەوە نییە، وە ئەم شتە بەرچاوییە کە لەگەڵ ئەوانا ئەکرێ وەکوو فێڵ وایە بۆ فەوتاندنی دوژمن و بە راستی گرتنی ئەوانە زۆر توندە و بە جۆرێ داگیر ئەکرێن ماوەی هانا و هاواریان نامێنێ.

﴿أَوَلَمۡ يَتَفَكَّرُواْۗ مَا بِصَاحِبِهِم مِّن جِنَّةٍۚ إِنۡ هُوَ إِلَّا نَذِيرٞ مُّبِينٌ ﴿١٨٤﴾﴾

ئایا بیر ناکەنەوە لە حاڵی ئەم پێغەمبەرەدا کە لەگەڵ ئەوانا ژیاوە کە بە هیچ شێوەیێ شێتی و دێوانەیی و بیر و باوەڕی نابار و وتاری ناهەموار و کردەوەی ناڕێکی نەبووە و نییەتی؟ ئەو ئینسانێکە پێغەمبەرێکە ئادەمیزاد و پەری ئەترسێنێ لە ئەنجامی ناشیرینی نافەرمانی خودا.

﴿أَوَلَمۡ يَنظُرُواْ فِي مَلَكُوتِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا خَلَقَ ٱللَّهُ مِن شَيۡءٖ﴾

ئایا ناڕوانن بە چاو و بە دڵ بیر ناکەنەوە لەم ئاساری موڵك و سەرداری خودادا لە ئاسمانا و لە زەویدا لە نزمی و لە بەرزیدا لە وشکان و لە دەریادا هەتا بفامن کە ئەم کائیناتە کەوا رازاوەتەوە بە مادەی قووتی گیان و هۆی ژیان و بە رووناکی ئەستێرە بەرزەکان و بە بەرو بارەی کانی سەرعەرزەکان و لە هەر شتێك کە خودا دروستی کردوون هەتا ئەگەر شتێکی بە دیمەن بچووك بێ و بە نرخ سووك بێ لە حەقیقەتا چەن سوودی تێدایە؟ ئایا بیر ناکەنەوە لەمانەدا هەتا ئەم یاسا بکەن بە دەلیل لەسەر ئەوە کائینات خاوەنی هەیە و یاسای داناوە و رەهبەرانی ناردووە بۆ ئەوە کە هەموو کەسێ شوعوور بکا بە مەسئوولییەتی خۆی و بزانێ واجبە لەسەری حەق پەرستی بکا و بە سەربەستی نەمێنێتەوە خۆ بۆ ژیانی جاویدانی دروست نەکراوە!

﴿وَأَنۡ عَسَىٰٓ أَن يَكُونَ قَدِ ٱقۡتَرَبَ أَجَلُهُمۡۖ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە بە راستی واقیع ئەوەیە کە نزیکە ئاکام داوێنگیریان ببێ و مەیدانی کردەوەی باشیان نەمێنێ.

﴿فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُۥ يُؤْمِنُونَ ﴿١٨٥﴾﴾

ئەگەر باوەڕیان نەبێ بەم قورئانە بەرزە شیرین تەرزە کە بە یاسایەکی رەوان ئامۆژگارییان ئەکات ئیتر پاش قورئان باوەڕ بە چ کتێبێ ئەکەن؟

﴿مَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَلَا هَادِيَ لَهُۥ ۚ وَيَذَرُهُمْ فِى طُغْيَـٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿١٨٦﴾﴾

بە راستی ئەی پێغەمبەری خۆشەویست ئەم گەلە کافرە موشریکە بێدەماخە ئەوەندە سەرکێشی و نافەرمانییان کردووە خودا قاری لێ گرتوون و گومڕای کردوون، وە هەرکەسیش خودا گومڕای بکا ئیتر کەس نییە هیدایەتی بدا و بیگەیەنێ بە ئەنجامی خێر، وە بەرەڵایان ئەکا لە ناو ئەو هەوابازییەدا کە بووە بە هۆی توغیان و لادانیان لە حەق [با] هەر سەرگەردان بین.

خودا پەنامان بدا لەو شتانە کە ئەبن بە هۆی گومڕایی و سابتمان بکا لەسەر رێگەی راست.

﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا ۖ﴾

پرسیارت لێ ئەکەن ئەی پێغەمبەری خۆشەویست لە کاتی ئاکامی ئەم جیهانە جوانە کەی دێتە جێ، کەی ئەم وەزعە تەواو ئەبێ و ئەم ئاسمان و زەوییە کەی تێك ئەچێ؟

﴿قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّى ۖ لَا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَآ إِلَّا هُوَ ۚ﴾

تۆ لە وەڵامیانا بڵێ: زانستی کاتی نەمانی هەر لە لای خودایە ئەم کاتە تایبەتییە کە ئینسانی ژێر چاوەڕوانی ئەکا دەری ناخا لە وادەی خۆیا خودا خۆی نەبێ، وە هەر ئەو ئەتوانێ شیرازەی ئەم جیهانە تێك بدا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ثَقُلَتْ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ لَا تَأْتِيكُمْ إِلَّا بَغْتَةً ۗ﴾

زۆر قورسه ئەم کارەساتە لە ناو زانیارانا لە ئاسمانەکانا و لە زەویدا، لە واقیعدا هەر ئینسانی زانا حاڵی ئەبێ و ئەفامێ کە نرخی رووداوی جیهان چەندێکە. وە ئەو کارەساتە رووناداتت و نایەتە لاتان لە ناکاوا نەبێ و لە زەمانێکی زۆر کورتدا و کوت‌و پڕ.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویە: بە تایبەتی جیهان تێك ئەچێ لە کاتێکا پیاوێ وا لە ناو حەوزێ ئاوا پاکی ئەکاتەوە، وە پیاوێ سەرگەرمی ئاودانی مەڕ و ماڵاتیەتی، وە پیاوێ خەریکی فرۆشتنی قوماشی دووکانیەتی و، پیاوێ مەشغووڵی کێشانەی ئەو ماڵەیە ئەیفرۆشێ... وە لەم کاتانەدا بە ناکاو دێت بەسەریانا و کارەکەیان بۆ تەواو ناکرێ، خودای تەعالا تەوانایە بەسەر خواستی خۆیا کە بەجێی بێنێ لە کەمتر کاتا، وە فەرموویەتی: ئیشی هاتن و بەجێهاتنی قیامەت وەکوو چاوتروکاندنێکە.

﴿يَسْـَٔلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِيٌّ عَنْهَا ۖ قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ ٱللَّهِ﴾

پرسیارت لێ ئەکەن بە تایبەتی و بە جۆرێ وەك ئەوە تۆ زۆر ئاگاداری لەو شتەو تۆ ئەیزانی، بەڵام وا نییە و تۆ پێیان بڵێ؟: ئاگاداری لە تێکچوونی دنیا و هاتنی قیامەت هەر لە لای خودایە هەر ئەو لە نەبوون دروستی کردووە و هەر ئەو ئەتوانێ وێرانی بکا و هەر خۆی ئەزانێ کەی کۆتایی دنیا دێ.

﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨٧﴾﴾

بەڵام زۆربەی ئادەمیزاد ئەمە نازانن و گومانیان وایە کە غەیری خودایش ئاگادارە کەی دنیا تەواو ئەبێ، لەسەر گومانی ناڕاستی خۆیان.

﴿قُل لَّآ أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ۚ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ بڵێ بەو ئادەمیزادانە: من خۆم خاوەنی سوود و زیانی خۆم نیم و هیچم لە دەستا نییە شتێ نەبێ کە خودا خواستی وابێ بە من بکرێ، وەکوو ئەوەی کە خودا بیخاتە دڵمەوە داوای بکەم و ئەویش بۆم بکات. وە هەر وەکوو خاوەنی هیچ شتێ نیم لە راکێشانی سوود و دوورخستنەوەی زیان بە خواستی خودا نەبێ، هەروا لە خۆمەوە هیچ شتێکی پەنامەکی نازانم مەگەر بە هۆی ئەوەوە کە خودا تێم بگەیەنێ و پێم نیشان بدا.

﴿وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ لَٱسْتَكْثَرْتُ مِنَ ٱلْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ ٱلسُّوٓءُ﴾

وە ئەگەر من خۆم لە خۆمەوە شتی پەنامەکیم بزانیایێ و بمزانیایە چ شتێ بۆم بە سودە و چ شتێ زیانی هەیە بۆم زۆر شتی بە سوودم بۆ خۆم پەیدا دەکرد و هەرگیز زیانم پێ نەدەگەیشت، کەچی وایش نییە گەلێ سوودم لە کیس دەچێ و زۆر زیانیشم پێ دەگات.

﴿إِنْ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿١٨٨﴾﴾

من هەر ئەوەندەیە ئینسانێکم ترسێنەر و موژدەدەری بە سوودم بۆ گەلێ کە ئیمانیان پێم هەیە و باوەڕم پێ ئەکەن.

وەلحاسڵ ئەم جیهانە و هەرچی وا لەم جیهانەدا هەر خودا لە نەبوونەوە دروستی کردووە و ئەو جۆرەیش لە مەخلووقات کە بە نرخە وەکوو ئادەمیزاد هەر بوونیان بە زات و ئەحواڵ لە دەستی خودادایە و کەس هیچ شتێکی لە دەستا نییە دروستی بکا و کەس لە خۆیەوە هیچ کارێکی پەنامەکی نازانێ هەتا خودا نیشانی ئەدا، جا بۆ هەرکەسێ خواستی هەبێ بەرزی بکاتەوە ئیلهامی ئەسبابی بەرزەوەبوونی ئەکا و هێزی پێ ئەدا بەکاریان بێنێ و بگات بە ئامانجی خۆی و بیەوێ هەرکەسێ زانا بکا بە شتێ ئەسبابی زانیارییەکەی پێ ئەدا، جا ئەگەر لە ئومووری عادەتی بێ ئەوە

www.iqra.ahlamontada.com

ئەسبابی ئەوەی پێ ئەدا، بۆ وێنە: کەسێ ئەنێرێ حاڵی ئەکات، وە یا جیهازێکی بۆ ئەنێرێ تەماشای ئەعزای نەخۆش بکا، وە یا تەماشای ئەستێرەکانی ئاسمان بکا، وە یا تەماشای چین چینی قووڵی زەوی بکا، وە باش ئەوانە تێ ئەگات. وە ئەگەر شتەکە لە ئومووری غەیرە عادەتی بێ وەکوو ئەو پەنامەکییانە لە پاشەڕۆژا ئەبن خودای تەعالا شێوەی ئەوانە[ی] نیشان ئەدا. وە یا شتێ پەیوەندی بە دڵەوە بێ ئەوەی وا لە دڵا بە شێوەی ئیخبار بۆی دەرئەخا.

ئەبێ بزانن «علم الغیب» بریتییە لەوە بە بێواسیتەی خاریجی خاوەن عیلمەکە بە دەوام شتی پەنامەکی بزانێ و دەری بخات، وە ئەمە هەر بۆ خودایە و بەس و هەرگیز بۆ کەس نییە. وە ئەوەی کە فریشتەکان بیزانن وە یا پێغەمبەران بیزانن وە یا پیاوانی راساڵ واتە «اولیاء اللّه» بیزانن هەمووی بە ئاگادار کردنەوە و بە ئیلهامە لە لایەن خوداوە بۆ ناو دڵی ئەوانە، وە ئەوەندە هەیە کە زانیاری فریشتەکان و زانیاری پێغەمبەران علیهم السلام گومانی تێدا نییە و راستە، بەڵام زانیاری ئەولیا و پیاوچاکان دەگونجێ گومانی راست دەرنەچێ. وە پایەی ئەمانە جیاوازە: ﴿وفوق کل ذي علم علیم﴾[1]

﴿هُوَ ٱلَّذِی خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٍ وَٰحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا لِیَسۡكُنَ إِلَیۡهَاۖ﴾

خودا خودایەکی وایە کە هەمووتانی دروست کردووە لە نەفسێکی تەنیا و هاوسەری ئەو تاقە نەفسەیشی لە زاتی ئەو وە یا لە سینفی ئەو دروست کردووە تا لەگەڵیا ئارام بگرێ و ژین بەرنە سەر.

﴿فَلَمَّا تَغَشَّىٰهَا حَمَلَتۡ حَمۡلًا خَفِیفًا فَمَرَّتۡ بِهِۦۖ﴾

---

١. یوسف؛ ٧٦.

www.iqra.ahlamontada.com

وە لە کاتێکدا لەگەڵیا نوست لە نەتەوەی ئەوی هەڵگرت لە سکیا بە هەڵگرتنێکی سووك و هاتوچۆی پێوە کرد.

﴿فَلَمَّآ أَثْقَلَت دَّعَوَا ٱللَّهَ رَبَّهُمَا لَئِنْ ءَاتَيْتَنَا صَٰلِحًا لَّنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿١٨٩﴾﴾

وە لە کاتێکدا ئەو ژنە قورس بوو، واتە باری گران بوو سکەکەی گەورە بوو. خۆی و مێردەکەی لە خودا پاڕانەوە و عەرزیان کرد و وتیان: خودایە ئەگەر منداڵێکی باشمان پێ بدەی زۆر سوپاسی نیعمەت و میهرەبانیت ئەکەین.

﴿فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُمَا صَٰلِحًا جَعَلَا لَهُۥ شُرَكَآءَ فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَا﴾

کەچی کاتێ کە خودا ئەولادە ساڵحەکەی پێدان ئەمان هاوڕێ و شەریکیان بڕیاردا بۆ خودا، واتە لە ناودانانیا، وە ناویان بوو بە «عبدالعزى» و«عبدالمناف» و وێنەی ئەمانە، وە یا گومانی فاسیدی ئەوەیان وەرگرت کە غەیری خودا هۆیەکی‌تر لە پەیدابوونی ئەو کوڕەدا هەیە.

﴿فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿١٩٠﴾﴾

خودای تەعالا زۆر زۆر بەرز و دوورە لە پایەی ئەو شتانە کە ئەوانە ئەیکەن بە شەریکی، وە دوورە لەوەی شەریك وەربگرێ.

﴿أَيُشْرِكُونَ مَا لَا يَخْلُقُ شَيْـًٔا وَهُمْ يُخْلَقُونَ ﴿١٩١﴾﴾

ئایا ئەو ئینسانە بێ‌شوعوورانە دار و بەردێکی وا ئەکەن بە شەریکی خودا کە ناتوانن هیچ دروست بکەن، بەڵکوو خۆیان دروستکراون و بە دەست تاشراون و بە زۆر پەرستراون؟

﴿وَلَا يَسْتَطِيعُونَ لَهُمْ نَصْرًا وَلَآ أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ ﴿١٩٢﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وه ناتوانن یارمهتی ئهو بتپهرستانه بدهن و ههروا ناتوانن نهسرهتی خۆیان بدهن وه ئهگهر یهکێ برِوا بۆیان بیانشکێنێ ناتوانن دووری بخهنهوه.

﴿وَإِن تَدۡعُوهُمۡ إِلَى ٱلۡهُدَىٰ لَا يَتَّبِعُوكُمۡۚ سَوَآءٌ عَلَيۡكُمۡ أَدَعَوۡتُمُوهُمۡ أَمۡ أَنتُمۡ صَٰمِتُونَ ١٩٣﴾

وه ئهگهر بانگیان بکهن بۆ لای شارهزایی به ڕێگهی حهق، نابیسن و نافامن و لهبهر ئهم حاڵه پهیڕهوی ئێوه ناکهن و ڕووناکهنه هیدایهت و یهکسانه بۆ ئێوه بانگیان بکهن بۆ هیدایهت وه یاخود بێدهنگ ببن.

ئــهوهی نــافامێ بــه دڵ و دهروون — بێسووده بۆ ئهو دهرسی کامڵ بوون
هــهزار مــاریفهت بــکهی بــه گــوێیا — فــهرقێ نــابینێ له حــاڵی خــۆیا
داخــیشی بــکهی بــه خــۆی نــازانــێ — کهی لهشێ سڕ بێ به ئێش ئهزانێ؟!
ســا ئــهگهر گــیانی هــاتۆ بــه بــهرا — قــابیله بــڕوا بــه ڕێــی ڕههــبهرا
ڕســـوایـــی عـــالهم بـــتپهرستییه — بــناغهی ئــهوهیش خــۆ پــهرستییه
هــهتا لهم خــووه خــۆت نــهپارێزی — بــزانــه تــاقیق هــهر بــێتهمیزی
بــهڵکوو بــتپهرست کــه سهرگهردانه — بــه خــۆپهرستی ڕســوای جــیهانه

بزانن! له ئایهتی: ﴿هو الذي خلقكم من نفس واحدة﴾ الآية. دا ئیشکالێ ههیه که بریتییه لهمه زاهیرهکهی دهلالهت لهسهر ئهوه ئهکا که حهزرهتی ئادهم عليه السلام لهگهڵ حهوادا نیسبهتی ئیشراکیان لێ بدرێ، وه ئهمهیش له خانهدانی نوبووهتهوه دووره. له وهڵامی ئهمهدا دوو قسه ههیه:

یهکهم: ئهمهیه له «ضمیر»ی ﴿جعلا له شرکاء﴾دا تهئویلێ ههیه و مهعنای وایه «جعل أولادهما له شرکاء» واته: نهوهی ئادهم و حهوا زهلامی وایان تێدا پهیدا دهبێ شهریک بۆ خودا قهرار بدا.

www.iqra.ahlamontada.com

دووەم ئەمەیە کە: ئەم ئایەتە خیتابە لەگەڵ ئالی «قُصَيّ»دا؛ چونکی ئەمانە دروستکراون لە نەفسی «قُصَي» و ژنەکەیشی هەر لە خۆیان بوو لە قورەیش بوو وە لەو کاتەدا داوایان کرد لە خودا کە کوڕی باشیان بداتێ کاتێ کە کوڕەکانی پێدان لە باتی ناویان بنێن بە «عبداللّٰه» و «عبدالرحمن» ناویان نان بە «عبدالمناف» و «عبدالشمس» و «عبدقُصَيْ» و «عبدالدار»... ئەم تەئویلە زۆر جوانە «ضمیر»ی «أیشرکون ما لا یخلق...» ئەگەڕێتەوە بۆ سەر نەتەوەی ئەوان.

جا خودای تەعالا بۆ زیادە سەرزەنشتی بتپەرستەکان و بۆ گاڵتە کردن بە بتەکان ئەفەرموێت:

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ عِبَادٌ أَمۡثَالُكُمۡۖ ﴾

بە راستی ئەوانە کە ئێوە بانگیان ئەکەن و لێیان ئەپاڕێنەوە لە غەیری خودا چەن بەندەیەکی داماوی بێچارەن وەکوو ئێوە و لە ئێوەیش گەلێ کەمترن؛ چونکی بێ گیان و بێ هەستن.

﴿فَٱدۡعُوهُمۡ فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لَكُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ١٩٤﴾

جا ئەگەر باوەڕ بەم قسە ناکەن بانگ بکەن لە بتەکانتان دەبا وەڵامی ئێوە بدەنەوە ئەگەر راست ئەکەن کە ئەو بتانە خاوەن هێز و زانا و تەوانان!

﴿ أَلَهُمۡ أَرۡجُلٞ يَمۡشُونَ بِهَآۖ أَمۡ لَهُمۡ أَيۡدٖ يَبۡطِشُونَ بِهَآۖ أَمۡ لَهُمۡ أَعۡيُنٞ يُبۡصِرُونَ بِهَآۖ أَمۡ لَهُمۡ ءَاذَانٞ يَسۡمَعُونَ بِهَاۗ ﴾

بیر بکەنەوە کە بۆ خاوەنکار دەست پێویستە بۆ هەڵمەت بردن و پێ پێویستە بۆ بەرێگە رۆیشتندا و چاو پێویستە بۆ دیتن و گوێ بۆ بیستن، جا ئایا ئەو بتانە پێیان هەیە هەتا بتوانن پێیان بڕۆن بە رێدا؟ یاخود دەستیان هەیە کە هەڵمەتی پێ

www.iqra.ahlamontada.com

ببەن؟ یا چاویان هەیە کە خۆشەویست و نەتەویستی پێ جیابکرێتەوە؟ یا گوێچکەیان هەیە کە ئامۆژگاری پێ وەربگرن؟ وە یا خود شکاتی داماوێکی پێ ببیستن؟ حاشا هیچیان لەمانە نییە.

﴿قُلِ ٱدۡعُواْ شُرَكَآءَكُمۡ ثُمَّ كِيدُونِ فَلَا تُنظِرُونِ ١٩٥﴾

تۆ بڵێ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بەو بتپەرستانە: بانگ بکەن لەوانە کە کردووتانن بە شەریك و هاوڕێ بۆ خودای عالەم با ئامادە ببن بۆ دوژمنایەتی من و پاش ئەوە چیتان لە دەس دێ لە هەموو بەند و باو و فڕو فێڵێ بیکەن لەگەڵمدا و هیچ مۆڵەتم مەدەن بزانم ئەتوانن چی بکەن!

﴿إِنَّ وَلِـِّۧيَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلۡكِتَٰبَۖ وَهُوَ يَتَوَلَّى ٱلصَّٰلِحِينَ ١٩٦﴾

بە راستی دۆست و یارمەتیدەر و چاودێریکەری من و پارێزەرم ئەو خودایە کە قورئانی پڕ لە حیکمەت و دەرسی بیر و باوەڕی ساف و خوو و رەوشتی بەرز و ئاداب و یاسای عەدالەت و ئینسافی ناردووەتە خوارەوە بۆ سەر زەوی و هەر ئەو خودایەتە کە چاودێری ئەوانە ئەکا کە لەسەر رێگەی بیر و باوەڕ و کردەوەی موناسب ئەڕۆن بە رێدا.

﴿وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَسۡتَطِيعُونَ نَصۡرَكُمۡ﴾

وە ئەو بتانە کە ئێوە داوای یارمەتییان لێ ئەکەن و لە خودا دوور ئەکەونەوە بە هیچ جۆرێ ناتوانن یارمەتی ئێوە بدەن.

﴿وَلَآ أَنفُسَهُمۡ يَنصُرُونَ ١٩٧﴾

بەڵکوو ئەگەر یەکێ بڕوات بۆیان بیانشکێنێ ناتوانن چاری خۆیان بکەن و لە دەستی ئەو کەسە خۆیان رزگار بکەن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى ٱلْهُدَىٰ لَا يَسْمَعُوا۟ۖ﴾

نەك هەر ناتوانن یارمەتی ئێوە بدەن و ناتوانن چاری خۆیان بکەن و پایەی گەورەیی وەربگرن بەڵکوو ئەگەر وەکوو سەرگەردان و داماوێك تەماشایان بکەن و بتانەوێ بانگیان بکەن و رزگاریان بکەن لە گومڕاهی و رێگەی راستی مەبەستی حەقیان نیشان بدەن ئەو بانگی ئێوە نابیەن [(نابیسن)]؛ چونکی بەردی بێ‌گیان و داری وشکی کێوانن و دروست‌کراون لە مادەی بێ‌شوعوری بێ‌فامی نەزان.

﴿وَتَرَىٰهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ وَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ ﴿١٩٨﴾﴾

وە تەماشا ئەکەی و وەها دێنە بەرچاوت کە بۆ تۆ ئەڕوانن؛ چونکی بە قوڵەنگ و قەڵەم و کەرەسەی تاشین رەسمی سەر و روخسارێکی داکێشراو و چاوێکی زاقی نەقووچاویان بۆ کراوە و ئەوان هیچ شتێ نابینن، چونکی چاوی بێ تاو و قەوارەی بێ‌گیان نابێ بە خاوەنی هەست و شوعوور و دوورە لە نرخی ئادەمیزادی خاوەن فام و نوور. جا ئەی پێغەمبەری پایەدار.

﴿خُذِ ٱلْعَفْوَ وَأْمُرْ بِٱلْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿١٩٩﴾﴾

تۆ لە سەر یاسای رەسای خوِدا قەراردادوی خۆت بژی؛ هەر رێگەیێ کە ئاسانە بۆ دەوام خۆت برِۆ پیایا و خۆت ماندوو مەکە بە جۆرێ کارت پێ نەکرێ و بەرابەر بە پەیڕەوەکانت لێ بوردن و چاوپۆشی و سەرفی نەزەر بکە بە پیشە بۆ خۆت و هەر خزمەتێ کە ئاسانە و بۆ ئەوان ئەکرێ لێیان وەربگرە و داوای باری نابارِیان لێ مەکە و فەرمانیان پێ بدە بۆ هەر شتێ کە بۆ ئینسان جوانە لە جیهانا، لە بیر و باوەڕی چاك و کردەوەی بە سوودی پاك و خوو و رەوشتی کۆمەڵایەتی بەرز، وە ئەگەر گیرۆدەی ئادەمیزادی نەفامی بێ‌دەماخ بووی خۆتیان لێ دوور بگرە و سەر

www.iqra.ahlamontada.com

مەنێرە سەریان و خۆت ماندوو مەکە،لە بەریان هەتا بەسەرهاتی چەرخی گەردوون نەرمی ئەکا جا یا ئەمرێ و ئاشووبێ داوێنەت ناگرێ یا دەگەڕێتەوە بۆ مەیدانی فام و ویژدان و مل رائەکێشی بۆ فەرمانی یەزدان.

﴿وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ إِنَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٠٠﴾﴾

وە هەر کاتێ بە هۆی کارەساتی نابار وە یا گیرۆدە بوون بە ئینسانی ناهەموار وە یا دواکەوتن لە مەبەستی خۆت لەسەر قەزای خودا شەیتان فرسەتی هێنا و وەسوەسە و دالغە و دلگرانییەك لێی دایت، گورج پەنا داوا بکە لەو زاتە خاوەن کەماڵە کە ناوی «اللّٰه»یە؛ چونکی ئەو بڕیاری ئەوەی داوە فەریادڕەسی رەهبەرانی خۆی بکا و بە دڵ وا بزانە کە هەموو کاتێ بە واتەی سەرزمان و بە رازی نیهانی دڵان ئەزانێ؛ چونکی بە راستی خودایە هەموو رازێ ئەبیسێ و هەموو نیازێ دەزانێ و ئەم فەریادڕەسی خودایە تەنها بۆ تۆ نییە بەڵکوو ئەمە یاسای پەروەردگارە لە جیهانا و هەر وا بووە و هەروا ئەبێ.

﴿إِنَّ الَّذِينَ اتَّقَوْا إِذَا مَسَّهُمْ طَائِفٌ مِّنَ الشَّيْطَانِ تَذَكَّرُوا فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ ﴿٢٠١﴾﴾

بە راستی ئەوانە کە لە خودا ئەترسن و پەیوەندی راستیان لەگەڵیا هەیە هەر کاتێ کە خەیاڵێك لە لایەنی شەیتانەوە لێیان بدا و پاڵیان پێوە بنێ بۆ هەوادانیان گورج بیری خودای پەروەردگار ئەکەنەوە و پەنای بۆ ئەبەن و خودایش زوو حاڵیان لە پەرێشانییەوە دەگۆڕێ بۆ شادمانی و چاویان بۆ دیتنی رێگەی راست ئەکرێتەوە.

﴿وَإِخْوَانُهُمْ يَمُدُّونَهُمْ فِي الْغَيِّ ثُمَّ لَا يُقْصِرُونَ ﴿٢٠٢﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

بەڵام برا ناپاکەکانی کافرەکان و بتپەرستەکان نەك ئەوان رزگار ئەکەن لە گومڕایی بەڵکوو هێزیان زۆر ئەکەن لەو بیرە تاریکەدا و لەو رێگە لارە باریکەدا و پاش ئەوەیش کۆتایی ناکەن لە پاڵ پێوەنانیان هەتا بەدبەختیان ئەکەن.

رێـرەوانـی شـەو بـێ‌شووڵەی چـرا — بە زەحمەت ئەگەن لە دەشت و دەرا
چرا بەدەستی هۆشیاری سەربەست — زۆر بـــە ئـــاسانی دێـــتەوە ســـەرا

﴿وَإِذَا لَمْ تَأْتِهِم بِـَٔايَةٍ قَالُوا۟ لَوْلَا ٱجْتَبَيْتَهَا ۚ﴾

کاتێ کە ئەو کافرە موشریکانە داوای ئایەتێکت لێ بکەن لە وێنەی ئایاتی قورئان کە باسی شتێ بکا لە مەبەستەکانی ئەوان یاخود داوای دەربڕینی موعجیزەیەکت لێ بکەن و تۆیش بۆت نەکرێ و ماتڵ ببی ئەوانە ئەڵێن: ئەوە بۆچی خۆت رێکت نەخست؛ چونکی گومانیان وایە کە ئایەتەکانی قورئان لە وتاری خۆیەتی و ئەو شتانە کە بۆیان دەرئەبڕێ لە دروستکراوی خۆین! حاشا!

﴿قُلْ إِنَّمَآ أَتَّبِعُ مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ مِن رَّبِّى ۚ﴾

تۆ بڵێ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست: من هەر ئەکەومە شوێنی ئەو ئایەتانە کە خودا بە وەحی رەوانەیان ئەکا بۆم و ناتوانم لە خۆمەوە وتارێ دروست بکەم و هەرکارێ کە لە لایەنی منەوە روو بدا و ببێ بە دەلیل لەسەر پێغەمبەرایەتی من هەر لەوانەیە کە لە لایەنی خوداوە بۆم ئەکرێ.

﴿هَـٰذَا بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمْ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٢٠٣﴾﴾

وە جوملەی ئایاتی قورئانی پیرۆز کە وا ئێمە ئەیانخوێنینەوە و ئێوە ئەیانبیسن هەموو لە خوسووسی بیر و باوەڕ و کردەوە و خوو و رەوشتەوە هۆی چاوڕوونی و هۆی شارەزایین لە لایەنی خودای ئێوەوە و هەرکەسێ بکەوێتە دووی رووناکی

www.iqra.ahlamontada.com

ئەوانە گومڕا نابێ و ئەو ئایاتە هیدایەت و شارەزایی و میهرەبانی رەسان بۆ کۆمەڵێ کە ئیمانیان بە خودا و پێغەمبەری خودا بێ.

جا مادام ئەم قورئانە ئەوەندە پیرۆزە و هۆی بەختیارییە بۆ عالەمی خاوەن باوەڕ.

﴿ وَإِذَا قُرِئَ ٱلْقُرْءَانُ فَٱسْتَمِعُوا۟ لَهُۥ وَأَنصِتُوا۟ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿٢٠٤﴾ ﴾

کاتێ کە ئەو قورئانە خوێنرایەوە لە نزیکی ئێوەدا گوێی لێ رابگرن بۆ ئەوە کە لەفزەکانی وەربگرن، وە لەو کاتەدا بێدەنگ بن با هەموو کەسێ بە قەی حاڵ کەلیمەکانی لێ دەرکەوێ و بەقەی هێزی دڵ لە مانایان ئاگادار بن، ئومێد هەیە کە لە لایەنی خوداوە رەحمتان پێ بکرێ و یارمەتیتان بدرێ بۆ وەرگرتنی ئەلفاز و فامی مەعنایان و رەفتار پێکردنیان بۆ ئەوە ببێ بە هۆی بەختیاریتان.

**بزانن لە هۆی واریدبوونی ئەم ئایەتەوە گەلێ فەرموودە هەیە:**

**یەکەم:** کە فەرموودەی حەسەنی بەسری و زاهیرییە ئەمەیە کە ئەم ئایەتە لەسەر عومومی خۆی ئەڕوا، واتە هەر کاتێ و لە هەر شوێنێ قورئانی پیرۆز خوێنرایەوە واجبە لەسەر هەموو موسوڵمانێکی باڵغی عاقڵ کە بێدەنگ ببێ و گوێ بۆ قورئانەکە رابگرێ هەتا تەواو ئەبێ.

**دووهەم ئەمەیە:** نازڵ بووە لە حەرامکردنی قسە کردندا لە کاتی خوتبەی جومعەدا، واتە مەبەست لە قورئان ـ لێرەدا ـ خوتبەیە بە مەجاز.

**سێهەم ئەمەیە:** نازڵ بووە لە حەرامکردنی قسە لە ناو نوێژا، وەختی خۆی لە سەرەتای ئیسلامەوە لە نوێژا قسەیان ئەکرد، ئەیانوت: سەلام لەسەر فلان و سەلام لەسەر فلان، جا بەم ئایەتە مەنع کران.

**چوارەم ئەمەیە:** کە نازڵ بووە بۆ تەرکی جەهر بە قیرائەت. واتە دەنگ بەرز کردنەوە بە خوێندنی قورئان لە پشتی ئیمامەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

ریوایەت کراوە لە ئەبوو هورەیرەوە ﷺ فەرموویەتی: ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە بەرزکردنەوەی دەنگدا لە پشتی حەزرەتەوە ﷺ وە بۆ هێزدان بەم قسە ئەنووسم: موسلیم ریوایەتی کردووە لە عیمرانی کوڕی حسەینەوە ئەڵێ: حەزرەت ﷺ نوێژی نیوەڕۆی بۆ کردین یا نوێژی عەسر و لە پاش نوێژەکەی فەرمووی: کامتان بوو لە پشتی منەوە سوورەتی: ﴿سبح اسم ربك الأعلى...﴾ ی خوێند؟ پیاوێ عەرزی کرد: من خوێندم. جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: بە راستی زانیم کە بازێکتان دڵی خستمە خەتەرەوە بە خوێندنی ئەو سوورەتە. واتە بە هۆی دەنگ بەرز کردنەوەکەی ئەوەوە دڵم کەوتە داڵغەوە.

وە ریوایەت کراوە لە عوبادەی کوڕی سامیتەوە ئەڵێ: حەزرەت ﷺ نوێژی بەیانی کرد بەڵام قورئان خوێندنی بەلاوە گران بوو لەو نوێژەدا کاتێ تەواوی کرد فەرمووی: بە راستی من حاڵی بووم کە ئێوە لە پشتی ئیمامەوە قورئان ئەخوێنن، عەرزیان کرد بەڵێ ئەخوێنین یا رەسوولەڵڵا. فەرمووی: نەکەن هیچ مەخوێنن مەگەر تەنیا «أم الكتاب» واتە سوورەتی فاتیحە.

جا ئیمامی شافیعی ﷺ ئیستیدلالی کردووە بەم دوو حەدیسە و بەو حەدیسە کە فەرموویەتی: نوێژ دروست نییە بێ قورئان خوێندن و نوێژ دروست نییە بێ خوێندنی سوورەتی فاتیحە، وە بە فەرموودەی خودا کە فەرموویەتی: ﴿فاقرؤا ما تيسر منه﴾..[1] کە واجبە مەئمووم لە پشتی ئیمامەوە فاتیحە بخوێنێ بە پەنامەکی بە جۆرێ خۆی دەنگی خۆی ببیسێ و نەبێ بە هۆی سەرلێشێوانی باقی مەئموومەکان لەگەڵیا.

وە یاسای «شافیعی مەزهەب» وا هاتووە وەکوو لە «مەجمووعی ئیمامی نەوەوی»دا هەیە کە لە نوێژە ئاشکراکانا، وەکوو نوێژی بەیانی و مەغریب و عیشا، کاتێ کە

١. المزمل: ٢٠.

www.iqra.ahlamontada.com

ئیمام فاتیحە ئەخوێنێ مەئمووم گوێ رائەگرێ و بێدەنگ ئەبێ هەتا ئەگاتە «ئامین» لەوێدا مەئموومەکان لەگەڵ ئیماما ئامین ئەکەن، جا ئیمام بێدەنگ ئەبێ و لەو ماوەدا دوعایەکی تایبەتی هەیە ئەیخوێنێ، کە ئەم دوعایە: «اللّٰهم باعد بيني و بين خطاياي كما باعدت بين المشرق و المغرب، ونقني من خطاياي كما ينقي الثوب الأبيض من الدنس، واغسلني من خطاياي كما يغسل الثوب بالماء والثلج والبرد». وە لەم ماوەدا مەئموومەکانیش فاتیحە ئەخوێنن بەم جۆرە ئەتوانن گوێ لە خوێندنی ئیمام رابگرن بۆ ئەو سوورەتە یا ئەو ئایەتانە کە لە پاش فاتیحە ئەیانخوێنێ. وە لە نوێژی پەنامەکیدا مەئموومەکان لە پاش ئیمام نیەت دێنن و «تەکبیری تەحەڕوم» ئەکەن و دوعای «استفتاح» ئەخوێنن و سوورەتی فاتیحە ئەخوێنن لە هەموو رکاتەکانا، وە لە دوو رکاتی یەکەم و دووهەمدا سوورەتێ یا چەن ئایەتێ لە قورئان ئەخوێنن، بەم جۆرە لەگەڵ ئیمامدا ئەڕۆن تا سەلام ئەداتەوە.

وە لە تەفسیری ئەبوو سعوودا ئەڵێ: «و أما خارج الصلاة فعامة العلماء على استحبابها». وە لە تەفسیری جەلالەیندا ئەڵێ «نزلت في ترك الكلام في الخطبة وعبر عنها بالقرآن لاشتمالها عليه. وقيل : في قراءة القرآن مطلقاً».

وە لە حاشیەی «جمل»دا ئەڵێ: «وقوله: في قراءة القرآن مطلقاً . أي فالأمر للندب».

من ئەڵێم: ئەوەی دڵ لەسەری دامەزرێ ئەمەیە: ئەگەر ئەم ئایەتە بۆ ئیرشادی کافرەکان بێ بۆ گوێ راگرتن لە قورئانی پیرۆز و بێدەنگ بوونیان و بیر کردنەوەیان لە مەعناکەیا وەکوو گەلێ لە موفەسیرەکان فەرموویانە، ئەوە دیارە، وە ئەگەر خیتاب بێ بۆ موسوڵمانان کە لە کاتی بیستنی قورئانا گوێ رابگرن و بێدەنگ بن هەتا سوودی لێ وەربگرن ئەوە ئەو ئەمرە بۆ نەدبە، واتە: گوێ راگرتن لە قورئان و بێدەنگ بوون لە کاتی بیستنیا مەندووبە و سوننەتە بە قەرینەی ئەوە کە حەزرەت ﷺ

www.iqra.ahlamontada.com

ئەمری نەکرد بەو کەسانە کە لە پشتیەوە قورئانیان خوێند لە نوێژا نوێژەکەیان بکەنەوە وە عیبارەتی وای نەفەرموو کە بێنی هەڕەشەی لێ بێ و بەیانی گوناه بکا، ئەوەندەی فەرموو «خالجنيها» واتە کەلیمەکانی لە من تێك ئەدا. وە ئەمە بۆ گوێ راگرتنی ئەو مەئموومانەیە لە خوێندن لە نوێژا، وە ئەمما لە غەیری نوێژا، وەکوو ئەبوو سعوود فەرموویەتی، عامەی عالمەکان لەسەر ئەوەن کە بێدەنگ بوون و گوێ راگرتن لە قورئان سوننەتە.

بەڵێ لە کاتی خوێندنی قورئاندا دەنگ بەرزەوە کردن لە وتارا بە جۆرێ کە تەشویش بدا بە خەڵك لە بیستنی قورئانا ئەوە حەرامە مادام ئەو خوێندنە لەو کاتەدا مەشرووع بێ، واتە نەبێ بە هۆی تەشویش لەسەر نوێژکەر، یا هەراسکردنی نەخۆش و نوستوو، یا نەبێ بە مانیع لە فێربوونی حوکمێکی واجب یا مەندووب وەکوو لە کتێبە شەرعەکاندا بە درێژی باس کراوە.

﴿وَٱذۡكُر رَّبَّكَ فِي نَفۡسِكَ تَضَرُّعٗا وَخِيفَةٗ وَدُونَ ٱلۡجَهۡرِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ﴾

وە یادی خودای خۆت بکە لە نەفسی خۆتدا بە جۆرێ کەس پێی نەزانێ خودا نەبێ حاڵت وابێ زۆر خۆت کز بکە لە بەرابەری ئەو لەسەر کەمتەرخەمی و دواکەوتن لە یادی ئەو، وە زیکری خودا بکە و ناوی ببە و باسی بکە بە سەناخوانی وەکوو «الحمد للّٰه» و بە تەنزیه و دوورخستنەوەی لە نوقسان وەکوو «سبحان اللّٰه» و بە ـ تەوحید ـ بە یەکناسینی وەکوو «لا إله إلا اللّٰه» و بە داوای لێ خۆش بوون و لەش ساغی وەکوو: «اللّٰهم إني أسألك العفو والعافية» و بە داوای دامەزران لەسەر حەق وەکوو: «اللّٰهم ثبت قلبي على دينك» وە بە پەنا گرتن بە رەحمەتی لە غەزەبی وەکوو: «اللّٰهم إني أعوذ برضاك من سخطك و بمعافاتك من عقوبتك» وە بە داوای بەش و بارەی

www.iqra.ahlamontada.com

هەردوو جیهان وەکوو: ﴿ربنا آتنا في الدنيا حسنة و في الآخرة حسنة وقنا عذاب النار﴾[1] بەڵام ئەمانە هەموو بە پایەی نزمتر لە واتەی ئاشکرای وا کە خەڵکی لەم لاو لەولاوە ببیسن.

﴿بِٱلۡغُدُوِّ وَٱلۡأٓصَالِ﴾

وە ئەم یادی خودا و زیکری زاتە لە سبەینێکان لە پاش دەرهاتنی رۆژ وە لە ئێوارانا پاش عەسرەکان، وە ئیحتیمالی هەیە کە باسی بەیانی و ئێواران، کینایە بێ لە دەوامدان بە یاد و زیکری خودا بە قەرینەی ئەوەدا کە لە پاش ئەوانەوە ئەفەرموێت:

﴿وَلَا تَكُن مِّنَ ٱلۡغَٰفِلِينَ ٢٠٥﴾

کە نەهییە لە حەزرەت ﷺ لەسەر زاهیری سیاقی ئایەتەکان، لەوە کە لە کاتێ لە کاتەکانی ژیانیا خودا فەرامۆش بکا و بێئاگا بێ لە زیکری بە دڵ یا بە زمان، بە پەنامەکی یا بە ئاشکرا.

ئاگادار بن! لەسەر ئەم نووسراوی منە لەم ئایەتە پیرۆزەدا باسی دوو شت هەیە:

یەکەم: زیکر بە دڵ کە مەشهوورە بە «زیکری قەلبی» و ئەهلی تەسەووف زۆر بە گەرم ئەیگرن، خواه زیکری جەلالە بێ یا زیکری «لا إله إلا اللّٰه» وە هەرکام لەمانە یاسای تایبەتی خۆی هەیە و بە هیچ جۆر زمان پەیوەندی پێیانەوە نییە. وە مەعنای تەواوی ئەمە بۆ هەموو کەسێ دەوامە لەسەر یادی خودای تەعالا بە دڵ.

دووەم: زیکری زمان، وە یاسای مەشرووعی ئەمەیە کە کەمتر بێ لە جەهری عادەتی بە جۆرێ وەها خەڵك قەڵس بکا، وە ئەم زیکری زمانە دوو جۆرە زیکر ئەگرێتەوە، یەکەمیان زیکری نهێنی شەرعی وەها کابرا تەنیا خۆی ببیسێ، دووەمیان

---

١. البقرة؛ ٢٠١.

www.iqra.ahlamontada.com

زیکری ئاشکرا کە وەها بێ ئەو کەسانە وان لە پاڵیا ببیبسن و مەعنای: ﴿دون الجهر من القول﴾ ئەمەیە نەگا بە پایەیێ خەڵك قەڵس بکا، چونکی ئەو جۆرە لە زاتی خۆیا مەشرووع نییە و هەر کاتێك ببێتە هۆی ئیزعاجی خەڵك حەرامە.

بەڵام لە کتێبە تەفسیرەکانا وا بەیان کراوە کە مەبەست لەم ئایەتە هەر زیکرە بە زمان بەڵام بەو جۆرە بێ کە خۆی ببیسێ و نەگاتە پایەی ئاشکرا.

وە بازێکیان فەرموویانە: ئەم ئایەتە ئەمرە بە مەئموومین کە فاتیحە و سوورەتی قورئان لە پشتی ئیمامەوە بە پەنامەکی بخوێنن، وەها کە نەبێ بە تەشویش بۆ باقی نوێژکەرەکان. جا خودا بۆ تەئییدی ئەمری خۆی بە ئادەمیزاد کە زیکری خودا بکەن فەرمووی:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ لَا يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِۦ وَيُسَبِّحُونَهُۥ وَلَهُۥ يَسْجُدُونَ ۩ ﴿٢٠٦﴾﴾

ئەو کەسانەی کە خاوەن پایە و نزیکن لە خودای پەروەردگاری تۆوە وەکوو پێغەمبەرەکان علیهم السلام و فریشتەکانی بارەگای باری تەعالا و پیاوە خاوەن هەستەکان، قەت خۆیان بە زل ناگرن بە جۆرێ لابدەن لە عیبادەت و بەندەیی خودا و بە دەوام تەسبیحاتی ئەکەن و تەنزیهی لە کەمی و کورتی ئەکەن و هەر بۆ ئەو سوجدەی بەندەیی ئەبەن.

بزانن! هەر کاتێ یەکێ ئایەتێ لە ئایاتی سوجدەی تیلاوەتی خوێندەوە سوننەتە بۆ خۆی و بۆ هەرکەسێ گوێی لێ بێ سوجدەی تیلاوەت ببا و سوجدەی تیلاوەت چواردەیە:

www.iqra.ahlamontada.com

یەکەم: لە ئاخری سوورەتی «ئەعراف»دا.[١] دووەم: لە سوورەتی «رەعد» لە لای ﴿بالغدو والآصال﴾[٢]دا، سێهەم: سوورەتی «نەحل» لە لای ﴿ویفعلون ما یؤمرون﴾[٣]دا، چوارەم: لە سوورەتی «بەنیئیسرائیل» [ئیسراء] لە لای ﴿ویزیدهم خشوعاً﴾[٤]دا. پێنجەم: لە سوورەتی «مەریەم» لە لای ﴿خروا سجداً و بکیاً﴾[٥]دا. شەشەم و حەوتەم: لە سوورەتی «حەج» لە لای ﴿إن اللّٰه یفعل ما یشاء﴾[٦] و لە لای ﴿وافعلوا الخیر لعلکم تفلحون﴾[٧]دا. هەشتەم: لە «فورقان» لە لای ﴿وزادهم نفوراً﴾[٨]دا. نۆهەم: لە «نەمل» لە لای ﴿رب العرش العظیم﴾[٩]دا. دەهەم: لە «الم تەنزیل»دا [سەجدە] لە لای ﴿وهم لا یستکبرون﴾[١٠]دا. یازدەهەم: لە سوورەتی «حم السجده»دا [فصلت] لە لای ﴿وهم لا یسأمون﴾.[١١] دوازدەهەم: لە سوورەتی «النجم» لە لای ﴿فاسجدوا للّٰه واعبدوا﴾[١٢]دا. سیازدەهەم: لە سوورەتی «ئینشیقاق» لە لای ﴿و إذا قریء علیهم القرآن لا یسجدون﴾[١٣]دا. چواردەهەم: لە سوورەتی «عەلەق» لە لای ﴿واسجد و اقترب﴾[١٤]دا.

بەڵام سوجدەی سوورەتی «صاد» لە لای ئایەتی ﴿وخر راکعاً و أناب﴾[١٥]دا ئەوە سوجدەی شوکرە و سوجدەی تیلاوەت نییە.

وە سوجدەی تیلاوەت پێویستی بە تەهارەت و داپۆشینی عەورەت و رووکردنە قیبلە هەیە و ئەگەر لە ناو نوێژدا بوو ئەبێ «اللّٰه أکبر» بکا بە بێ بەرزەوە کردنی دەستەکان و دانەوێ بۆ سوجدە و سەربەرزەوە کا و دەست بکاتەوە بەو شوێنە کە

١. ئایەتی ٢٠٦. ٢. ئایەتی؛ ١٥. ٣. ئایەتی؛ ٥٠.
٤. ئایەتی؛ ١٠٩. ٥. ئایەتی؛ ٥٨. ٦. ئایەتی؛ ١٨.
٧. ئایەتی؛ ٧٧. ٨. ئایەتی؛ ٦٠. ٩. ئایەتی؛ ٢٦.
١٠. ئایەتی؛ ١٥. ١١. ئایەتی؛ ٣٨. ١٢. ئایەتی؛ ٦٢.
١٣. ئایەتی؛ ٢١. ١٤. ئایەتی؛ ١٩. ١٥. ئایەتی؛ ٢٤.

www.iqra.ahlamontada.com

هەیەتی لە نوێژەکەیا، وە ئەگەر سوجدەکە لە ئاخری سوورەتدا بوو ئەوە سونەتە کە ڕاستەوە بوو شتێ لەو سوورەتە یا سوورەتێکی تر بخوێنێ جا بڕوات بە روکووعدا.

وە ئەگەر لە غەیری نوێژا بوو «اللّٰه اکبر» بکا لەگەڵ نییەتی سوجدەکەدا و دەست بەرزەوە بکا، جا بۆ جاری دووەم «اللّٰه اکبر» بکا بۆ دانەوین و دەست بەرزەوە نەکات، جا سوجدە ببا و سەر بەرزەوە بکا لەگەڵ تەکبیردا و بە هەردوو لادا سەلام بداتەوە. وە سونەتە لە سوجدەکەدا بڵێت: «سجد وجهي للذي خلقه وصوره بحوله وقوته فتبارك اللّٰه أحسن الخالقين».

وە دەلیل لەسەر سوجدەی تیلاوەت ئەمەیە: ئیبنوعومەر ﵄ ئەڵێت: پێغەمبەر ﷺ قورئانی بەسەرا ئەخوێندینەوە و کاتێ کە ئەگەیشت بە ئایەتی سوجدە «اللّٰه اکبر»ی ئەکرد و سوجدەی ئەبرد و ئێمەیش سوجدەمان لەگەڵدا ئەبرد، وە ئەگەر قورئان خوێنەکە سوجدەی نەبرد با گوێگرەکە سوجدە ببا؛ چونکی ئەم سوجدە سونەتە بۆ هەردوویان و بەوە کە یەکێکیان تەرکی بکا لەسەر ئەویان لا ناچێ.

وە ئەگەر ماوەی سوجدە بردن نەبوو بڵێت: «سبحان اللّٰه والحمد للّٰه ولا إله إلا اللّٰه واللّٰه أكبر و لاحول ولا قوة إلا باللّٰه العلي العظيم» ئەمە جێگەی سوجدەکە ئەگرێتەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

**سورة الأنفال، مدنية إلّا من آية "٣٠" إلى "٣٦" مكية و آياتها خمس و سبعون، نزلت بعد سورة البقرة**

**[سووره‌تی ئه‌نفال، مه‌دینه‌ییيه، مه‌گه‌ر له ئايه‌تی "٣٠" تا "٣٦" نه‌بێ كه مه‌ككه‌ییيه، دوای سووره‌تی به‌قه‌ره هاتووه‌ته خواره‌وه و "٧٥" ئايه‌ته]**

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡأَنفَالِۖ﴾

پرسيارت لێ ئه‌كه‌ن ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خۆشه‌ويست له حوكمی غه‌نيمه‌ت ـ ئه‌و ماڵه‌ی به جه‌نگ وه‌رئه‌گيرێ له كافره‌كان ـ وه چۆن به‌ش ئه‌كرێ.

﴿قُلِ ٱلۡأَنفَالُ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِۖ﴾

تۆ له وه‌ڵاميانا بڵێ: كه حوكمی غه‌نائيم بۆ خودايه به ته‌شريع كردن و دامه‌زراندن، وه بۆ پێغه‌مبه‌ری خودايه كه شی بكاته‌وه به‌و جۆره كه خودا فه‌رمانی پێداوه، ئيتر كه‌س حه‌قی ئه‌وه‌ی نييه داوای هيچ بكا له‌و ماڵه به خيلافی ياسای خودا.

له‌فزی «ئه‌نفال» كۆی «نه‌فل»ه و بۆ ماڵی تالآنی كه له كافرانه‌وه ده‌ست بكه‌وێ به‌كار دێ؛ چونكی ئه‌وه زياده به‌شێكه له لايه‌نی خوداوه ده‌ستكه‌وتووه، وه به‌و ماڵه‌يش ئه‌وترێ كه سوپاسالار بڕياری بدا بۆ ئه‌و كه‌سانه ئه‌توانن ئيشێكی دياری

www.iqra.ahlamontada.com

بە نرخ بکەن وەکوو چوونە مەیدانی پاڵەوانێکی کافر، وە یا گرتنی قەڵایێ لە قەڵاکانی ئەوان، وە یا هێنانەوەی دەنگوباسێکیان.

ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە ﷺ کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: یەکێ یەکێ بکوژێ ئەوەندە و ئەوەندەی هەیە. یەکێ یەکێ بە دیل بگرێ ئەوەندە و ئەوەندەی هەیە. جا کوڕە گەنجەکان کەوتنە خۆیان و رۆیشتنە ناو کوڕەی جەنگی بەدرەوە و پیرەکان لە دەوری ئاڵاکەدا مابوونەوە و لە پاش زاڵبوون بەسەر کافرەکانا، جوانەکان ئەیانوت: ئێمە جەنگمان کردووە و تالانەکە بۆ ئێمەیە، وە پیرەکانیش وتیان: ئێمەیش پشتی ئێوەمان گرتبوو یارمەتیمان ئەدان و حەقی ئێمەیشی تیایە. جا حەزرەت ﷺ وەکوو یەك بەشی کرد بەسەریانا.

وە ریوایەت کراوە لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسەوە ﷺ ئەڵێ: لە رۆژی «بدر»ا عومەیری برام کوژرا منیش چووم لە تۆڵەی ئەوا سەعیدی کوڕی عاسم کوشت و شمشێرەکەیم هێنا بۆ لای حەزرەت و عەرزم کرد: ئەمە شیرەکەی سەعیدە من کوشتوومە بیدە بە خۆم. حەزرەت فەرمووی: نە ماڵی منە و نە ماڵی تۆیە بزانین خودا ئەمری چۆنە! برۆ بیخەرە ناو تالانەکە. منیش زۆر دڵگران بووم، ئەوەندەی پێ نەچوو ئەم ئایەتە نازڵ بوو، جا حەزرەت هات بۆ لام و فەرمووی: داوای ئەو شیرەی سەعیدت لێ کردم و نەمتوانی بتدەمێ ئێستە بوو بە حەقی تۆ برۆ وەریبگرە بۆ خۆت.

﴿فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَصْلِحُواْ ذَاتَ بَيْنِكُمْ﴾

لە خودا بترسن و لە ناو خۆتانا ئاشووب مەگێڕن و ئەو گرێ و گۆڵە و ئەو ئازار و بێزارە وا لە ناوتانا دووریان بخەنەوە لە خۆتان و دڵتان دەرحەق بە یەك باش بکەن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ۝١﴾

وە فەرمانی خودا و پێغەمبەری خودا وەربگرن ئەگەر بە راستی موسوڵمانن و ئیمانتان دامەزراوە.

﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ﴾

خاوەن ئیمانە راستەکان ئەو کەسانەن کە ناوی خودا برا لە لایانا دڵیان ئەلەرزێ و لە هەیبەتی خودا ئەترسێ.

﴿وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ۝٢﴾

وە کاتێ کە ئایاتی خودایان بەسەرا ئەخوێنرێتەوە ئەو ئایاتانە ئەبن بە هۆی زیاد بوونی ئیمان بۆ ئەوان و دڵیان دائەمەزرێ و سینەیان گوشاد ئەبێ و پەرێشانی لە دڵیانا نامێنێ و هەر پشت بە خودای خۆیان ئەبەستن بۆ پیرۆزی و بەختیاری لە دنیا و قیامەتا و نارِوانن بۆ دەسکەوتنی دنیا و ناکەونە شوێن کێشمانکێشی تەماعی تالاّن یا ماڵی موسوڵمانان.

﴿ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ۝٣﴾

وە ئەو کەسانەن کە بەڵگە دێننەوە لەسەر ئیمانەکەیان بە بەجێهێنانی ئەو نوێژە کە یەکێکە لە پایە خاوەن مایەکانی ئیسلام، وە بەوە کە ئەو ماڵەی داومانە پێیان بەشێکی سەرف ئەکەن بۆ باقی موسوڵمانان لە رێگەی خودادا واتە ماڵ و داراییەکەوا لە دەستیانا و نەچەقیوە بە دڵیانا.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُؤْمِنُونَ حَقًّا لَّهُمْ دَرَجَٰتٌ عِندَ رَبِّهِمْ وَمَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ۝٤﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەو کەسانە کە دارای ئەو سیفەتانە بوون ئەوان خاوەن ئیمانی راستین و بۆ ئەوانە هەیە چەن پایەی بەرز لە حورمەت و چەن باڵەخانەی خاوەن پلەیان هەیە لە بەهەشتا و چاوپۆشی خودایان بۆ دێ لەو تاوانانە کە بە پێی هەوای نەفس هاتووە بە سەریانا و رزق و رۆزییەکی بە کەرامەت و بە حورمەتیان هەیە لە بەهەشتا.

﴿كَمَآ أَخۡرَجَكَ رَبُّكَ مِنۢ بَيۡتِكَ بِٱلۡحَقِّ وَإِنَّ فَرِيقٗا مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ لَكَٰرِهُونَ ۝٥﴾

ئەم حاڵە کە جوانەکان بوویان لە هۆی ئەوەوە کە دەسکەوتی بەدر هەموو نەدرا بەوان و بەش‌کرا لە ناویانا وەکوو یەك و ئەو ئەنجامە خێرە بە سوودە کە لەو بەشەوە پەیدا ئەبێ و ئەوان نایزانن وەکوو ئەوەیە کە خودای تۆ تۆی دەرکرد لە خانە و جێگەی خۆت لە مەدینەدا بە حیکمەتی خۆی لەگەڵ هاورێکانتا لە موهاجیر و ئەنسار بۆ سەر کاروانی قورەیش کە لە شامەوە گەرِایەوە بۆ مەککە. وە لەو کاتەدا تاقمێ لە موسوڵمانەکان لەوە دڵگران بوون کە خەتی رۆیشتنتان لە کاروانەکەوە گۆڕی بەرە و سوپای ئەهلی مەککە، ئەوانە کە هاتبوون بۆ رزگار کردنی کاروانەکە و بۆ جەنگ کردن لەگەڵ ئێوەدا.

﴿يُجَٰدِلُونَكَ فِي ٱلۡحَقِّ بَعۡدَ مَا تَبَيَّنَ﴾

وە ئەو تاقمە دڵگرانە موجادەلەیان ئەکرد لە چوونە ناو ئەمرێ کە خودا بڕیاری دابوو لە پاش ئەوە دەرکەوت بۆ حەزرەت کە پێویستە ببێ، وەکوو جەنگ کردن لەگەڵ کافرەکانا وە ئەیانوت: ئێمە هەر بۆ بەرانگاری کاروان هاتووین و نارۆین بۆ جەنگ؛ چونکی بە خەیاڵی شەڕ نەهاتووین و چەکی باشمان پێ نییە و ئەم جەنگە زیانە بۆ ئێمە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿كَأَنَّمَا يُسَاقُونَ إِلَى ٱلْمَوْتِ وَهُمْ يَنظُرُونَ ﴿٦﴾﴾

وە لەو کاتی موجادەلەدا ئەوەندە ناحەز بوون لە ڕۆیشتنیان بۆ جەنگ وەك بۆ مردن ببرێن و گومانیان وابوو هەموو ئەفەوتێن و ئەوانیش ئەیان‌ڕوانی بۆ ئەسباب و نیشانەی مردن کە بریتی بوو لە کەمی خۆیان و زۆری دوژمن و لە بێ‌چەکی و خۆیان پڕچەکی دوژمن و لە بێ‌ئیستیعدادی و بێ‌مادەیی خۆیان و بۆ ئیستیعدادی دوژمنەکان.

وە درێژەی باسەکە ئەمەیە کە کاروانێکی قورەیش لە شامەوە هاتەوە ڕووبەڕووی مەککە و ماڵێکی زۆریان پێ بوو، چل سواریش پاسەوانی بوو کە ئەبوو سوفیان و عەمری کوڕی عاس و مەخرەمەی کوڕی نەوفەل و عەمری کوڕی هیشام لەو سوارانە بوون. جوبرەئیل هەواڵی گەڕانەوەی ئەم کاروانەی دا بە حەزرەت ﷺ و ئەویش هەواڵی دا بە ئەسحابەکان ئەوانیش پێیان خۆش بوو بڕۆن بۆ ئەو کاروانە؛ چونکی ماڵێکی زۆر و لەشکرێکی کەمی لەگەڵدا بوو، کاتێ دەرچوون لە مەدینەی مونەووەرە ئەم باسە گەیشت بە ئەهلی مەککە و ئەبوو جەهل ڕۆیشتە سەر بانی کەعبە و بانگی کرد: خەڵکی مەککە پەلە پەل بکەن و فریای ماڵ و داراییەکەتان بکەون بە سوارە و پیادەوە؛ چونکی ئەگەر موحەممەد ئەم کاروانە بگرێ ئیتر ئێوە دائەکەون و قەت ڕزگار نابن.

جا ئەبوو جەهل بە سوپای مەککەوە کەوتە ڕێ بەرەو سەرچاوەی بەدر کە ئاوێکە لە بەینی مەککە و مەدینەدا و ساڵێ ڕۆژێ عەرەبەکان لەو شوێنەدا گرد ئەبوونەوە.

وە لەو کاتەدا ئەوان گەیشتنە نزیکی بەدر پێغەمبەر ﷺ و هاوڕێکانی لە شیوی «دفران»دا بوون و جوبرەئیل هاتە خوارەوە بۆ لای و وەعدەی پێدا کە: یا کاروانەکەی دەسگیر ئەبێ، یا بە سەر سوپای کافرەکاندا زاڵ ئەبێ. جا حەزرەت ﷺ لەو شوێنەدا

www.iqra.ahlamontada.com

راوێژی کرد به هاوڕێکانی؛ بازێکیان لهم راوێژه دڵگران بوون و وتیان: تۆ بۆچی وهختی خۆی باسی جهنگی مهککهییت بۆ نهکردین تا خۆمان بۆ شهڕ ئاماده بکهین؟ ئێسته جهنگ بۆ ئێمه دهست نادا حهزرهت ﷺ فهرمووی: ئێمه له راستیدا بۆ کاروانهکه هاتین وا ئێسته کاروانهکه له رێگهی کهناری دهریاوه دهرچوون و ئهبوو جههل به سوپای ئههلی مهککهوه هاتووه بۆ نزیکی ئێمه با بڕۆین جهنگ بکهین لهگهڵیانا، ئهوانیش وتیان: نهخهیر ههر بڕۆین به شوێنی کاروانهکهدا، جا لهوێدا حهزرهت ﷺ رقی داهات و ئهبووبهکر و عومهر ههستان قسهیان کرد و قسهی باشیان کرد له بۆ ئهوه پێویسته به فهرمانی حهزرهت ﷺ رهفتار بکهین. جا میقدادی کوڕی عهمر وتی: ئهی پێغهمبهری خودا فهرموو بڕۆ بۆ ههر کارێ که خودا ئهمری پێ کردوویت ئێمه واین لهگهڵتا له ههر شوێنێك بێ و به وێنهی بهنیئیسرائیل ناڵێین: ﴿فاذهب أنت وربك فقاتلا إنا ههنا قاعدون﴾[1] وه ئهڵێین: «اذهب أنت وربك فقاتلا إنا معكما مقاتلون». حهزرهت لهوێدا زهردهخهنهیهکی کرد.

جا رووی کرده کۆمهڵی ئهنسار و فهرمووی: «أشيروا علي أيها الناس» لهویا سهعدی کوڕی مهعاز رضي الله عنه راستهوه بوو و عهرزی کرد: ئهی پێغهمبهری خودا مهبهستت ئێمهیه؟ فهرمووی: بهڵێ، ئهویش وتی: ئێمه ئیمانمان هێناوه پێت و باوهڕمان پێ کردووی شایهتیمان داوه که ئهو دینه تۆ هێناوته حهقه و راسته و لهسهر فهرمانوهرگرتن و ئیتاعهکردن پهیمانمان پێ داوی و عههدمان لهگهڵ کردووی، که وابێ بۆ کوێ ئهڕۆی فهرموو واین له خزمهتتا سوێند بهو کهسهی تۆی ناردووه به حهق ئهگهر بفهرمووی بڕۆنه ناو ئهو دهریاوه ئهڕۆینه ناوی و هیچ کهس له ئێمه دوا ناکهوێ و دڵگران نابین لهوه که لهگهڵ تۆدا بگهین به دوژمنهکهمان و جهنگ بکهین. وه

١. المائدة: ٢۴.

www.iqra.ahlamontada.com

ئێمە لە کاتی جەنگدا خۆگرین و بە راستی مەیدانداری ئەکەین کاتێ بگەینە دوژمن، وە هیوام وایە کە خودا چاوت روون بکاتەوە بە ئێمە و بەو کردەوەیە کە لە ئێمەوە ئەیبینی.

جا حەزرەت ﷺ گەلێ دڵشاد بوو فەرمووی: «سيروا على بركة الله فإن الله قد وعدني إحدى الطائفتين، و الله لكأني أنظر إلى مصارع القوم».

وە لەم باسەوە دەرکەوت کە بازێ لە ئەسحابەکان خواستیان لەسەر جەنگ نەبوو لەبەر بێئەسبابی و کەمی ژمارە وە زۆربەیان خواستیان لەسەر جەنگ بوو، وە لە واقیعا سوپای حەزرەت ﷺ سێسەد و سیازدە هەتا نۆزدە بوون وە تاقە دوو ئەسپ سواریان تێدا بوو: میقدادی کوڕی ئەسوەد و زوبەیری کوڕی عەوام. وە کافرەکان لە هەزار کەس زیاتر بوون و ئامادەیش بوون بۆ جەنگ بە هەموو جۆرێ، بەڵام یارمەتی لە لای خوداوەیە.

﴿وَإِذْ يَعِدُكُمُ ٱللَّهُ إِحْدَى ٱلطَّآئِفَتَيْنِ أَنَّهَا لَكُمْ وَتَوَدُّونَ أَنَّ غَيْرَ ذَاتِ ٱلشَّوْكَةِ تَكُونُ لَكُمْ﴾

واتە: ئەی پێغەمبەری خۆشەویست باسی ئەوە بکە کە خودای تەعالا وادەی دەسکەوتی یەکێ لەم دوو کۆمەڵەتان پێ ئەدا: یا کۆمەڵەی کاروانەکە بە هەموو ماڵ و داراییەوە، یا کۆمەڵەی شەڕکەرەکانیان بەم شێوە کە زاڵ ئەبن بەسەریانا و گەلێ لە پاڵەوانەکانیان ئەکوژن و گەلێکیان بە دیل ئەگرن، بەڵام خواستی ئێوە لەسەر ئەوەیە کە کۆمەڵە بێدڕکە ئارامەکە بۆ ئێوە بێ؛ چونکی بێجەنگ و داوا دەست ئەکەوت لە واقیعا کاروانەکە چل سواری تێدا بوو کە شیریان بە دەستەوە بێ و جەنگ بکەن وە ئەوانەیش بەرانبەر بە ئەسحابەکان قیمەتیان نەبوو.

﴿وَيُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُحِقَّ ٱلْحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦ وَيَقْطَعَ دَابِرَ ٱلْكَٰفِرِينَ ۝٧﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە خودای تەعالایش خواستی لەسەر ئەوەیە کە دینی ئیسلام دابمەزرێنێ و رەگوریشەی کافرەکان ببڕێ. بە کورتی ئێوە ئەتانویست ماڵتان دەست بکەوێ بە بێ‌جەنگ و ئێمەیش ویستمان کافر کز ببێ و ئیسلام بەرزەوە ببێ بە هۆی فەرمانی خۆیەوە.

﴿لِيُحِقَّ ٱلْحَقَّ وَيُبْطِلَ ٱلْبَٰطِلَ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُجْرِمُونَ ۝٨﴾

وە خودا بۆیە خواستی لەسەر ئەوە بوو، هەتا حەق دابمەرزێ و بەتاڵ نەمێنێ هەرچەند کافرەکان پێیان ناخۆش بێ.

﴿إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَٱسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّى مُمِدُّكُم بِأَلْفٍ مِّنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ مُرْدِفِينَ ۝٩﴾

وە ئەو دامەزرانی حەقە و بەرباد بوونی بەتاڵە لەو کاتەدا بوو کە ئێوە داوای پەنا و یارمەتیتان ئەکرد لە خودا و خودای تەعالایش قەبووڵی هانا و هاوارەکەی کردن بەوە کە فەرمووی ئەوا یارمەتیتان ئەدەم بە هەزار فریشتەی پیرۆز کە حاڵیان وایە ئەخرێنە شوێنی موسوڵمانەکان یا بازێکیان دائەبەزن بە شوێنی بازێکیانا، یاخود ئەمانە دوو هەزار فریشتەی‌تر بە شوێنی خۆیانا دێنن.

﴿وَمَا جَعَلَهُ ٱللَّهُ إِلَّا بُشْرَىٰ وَلِتَطْمَئِنَّ بِهِۦ قُلُوبُكُمْ ۚ وَمَا ٱلنَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ۝١٠﴾

وە خودای تەعالا ناردنی ئەو فریشتانەی کرد بە هۆی موژدە و شادمانی بۆ ئێوە لەسەر زمانی پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ وە بۆ ئەوە کە دڵتان دابمەزرێ و لە وەسوەسە بکەوێ، وە لە واقیعدا خودای تەعالا حەزرەتی لە ناردنی ئەو فریشتانە ئاگادار کردووە و ئەویش هەواڵی بە یارانی داوە ئەگەرنا ئەوان ئەو فریشتانەیان بە

www.iqra.ahlamontada.com

چاو نەدیوە، بەڵێ ریوایەت کراوە کە بازێ لەو ئەسحابانە فریشتەکانیان دیوە. وە ریوایەت کراوە لە «ابو اسید» کە یەکێ لەو ئەسحابانە کە حازری واقیعەی بەدر بووە فەرموویەتی ـ لە پاش ئەوە کوێر بووە ـ: ئەگەر ئیمڕۆ لە بەدرا لەگەڵتان بوایەم چاوم ببینایە ئەو جێگەم پیشان ئەدان کە مەلائیکەی لێ دەرچوو. وە یارمەتیش نییە و نەسرەت بە فریشتە و بە غەیری فریشتە هەر لە لایەنی خوداوەیە، [بە راستی خودا بەدەسەڵاتی کاربەجێیە].

﴿إِذۡ يُغَشِّيكُمُ ٱلنُّعَاسَ أَمَنَةٗ مِّنۡهُ﴾

وە باسی ئەو منەتی خودا بکەن لەسەرتان لەو کاتەدا کە خودای تەعالا خەوەنوچکەی نارد بۆ سەرتان و داگیری کردن لەبەر کێشانی بەرگی ئەمینی و هێمنی بەسەر دڵتانا و موبالات نەکردنتان بە وتوویژی ترسناکی ناوخۆ و بە کەمی و بێچەکی خۆتان و زۆری و پڕچەکی دوژمنەکەتان، وە زۆر باش خەوەنوچکە داگیری کردن و بە خۆشی نوستن.

﴿وَيُنَزِّلُ عَلَيۡكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ لِّيُطَهِّرَكُم بِهِۦ وَيُذۡهِبَ عَنكُمۡ رِجۡزَ ٱلشَّيۡطَٰنِ وَلِيَرۡبِطَ عَلَىٰ قُلُوبِكُمۡ وَيُثَبِّتَ بِهِ ٱلۡأَقۡدَامَ ١١﴾

وە باسی ئەو منەتانی خودا بکەن لە سەرتان کە لە شەوا نوستبوون دوور لە ئاوی «بەدر» خودا لە ئاسمانەوە بارانی باراند و ئاوی رژان بەسەرتانا بۆ ئەوە کە بەدەنتان پاك بکاتەوە بەو ئاوە لە بێدەسنوێژی و لەشپیسی و چڵك و عارەقی لەشتان و دڵتان پاك بکاتەوە لە وەسوەسەی شەیتان کە خستیە دڵتانەوە بە هۆی بێئاوی و دووریتان لە «بەدر»ەوە بۆ ئەوە کە باوەڕ ببەستێ بە دڵتانەوە و بۆ ئەوە کە راوەستاوتان بکا لە سەر جیهاد لە رێگەی خودادا، یا پێتان دابمەزرێنێ لەسەر ئەو عەرزە لمینە کە باران پتەوی کردبووەوە ئەمانە هەموو منەتی خودای تەعالان لەسەرتان.

www.iqra.ahlamontada.com

بزانن! لە باسی کاتی ئەم خەوەنوچکە و باران بارینەدا گەلێ قسە کراوە. بازێ ئەڵێ ئەمە لە ناوەڕاستی جەنگی «بەدر»دا بووە وەها خەو هاتووە بە سەریانا بە جارێ شمشێر لە دەستیان دابکەوێ بۆ ئەوە کە دڵیان بەو خەوەنوچکە ئارامی وەربگرێ، وە بازێ وتوویەتی لە پاش جەنگەکە بووە کە ئەمین بوونەوە لە شەڕی کافرەکان خەو بردنیەوە. بەڵام ئەمانە راست نین و موافیقی حەق ئەمەیە کە لە گەلێ تەفسیری باوەڕپێکراوا هەیە کە خەوەنوچکە شەوی پێش جەنگەکە بووە و حەزرەت ﷺ پاش ئەوە راوێژی کرد بە ئەسحابەکان و بڕیاری دا بێن بۆ جەنگ لەگەڵ کافرەکان، هاتن دابەزین لە شوێنێکی لمینی بێئاو لە نزیکی ئاوی «بەدر»ا کاتێ دابەزین کەوتنە دالغەوە کە ئەم شوێنە بێئاوە و ئێمە کەمین و دوژمن زۆرن، ئێمە کەم چەکین و ئەوان پڕ چەکن و ئاومان لێ دوورە بۆ غوسڵ و دەسنوێژ و چێشت و نان و خواردنەوە و گەلێ دالغە کەوتە دڵی بازێکیانەوە بە تایبەتی ئەوانە کە دڵیان بە جەنگەوە نەبوو. بەڵام میهرەبانی خودا زووبەزوو بە خەوەنوچکە داگیری کردن و خەویان لێ کەوت و باش نوستن و هەر لەو شەوەدا بارانێکی باش باری و سبەینێ گۆمەڵتەی زۆریان دروست کرد بۆ دەسنوێژ و غوسڵ و خواردنەوە و دڵی لە دالغە پاك کردنەوە و عەرزەکەیشی پتەو کردەوە بۆ هاتوچۆ بە ئاسانی، سبەینێ لەو شوێنە هەستان و رۆیشتن هەتا دابەزین لە عەرزی رەقی چەقانا لە لای ئاوێك کە لە خواری هەموو ئاوەکانی «بەدر»ا بوو لەویا «حەبابی کوڕی مونزیر» عەرزی حەزرەتی کرد: ئەم دابەزینە بە وەحیە یا لەسەر بیر و رایە؟

ئەویش فەرمووی: لەسەر بیر و رایە. جا عەرزی کرد: مادام وایە ئەمر بفەرموو با بڕۆین لە لای ئاوە ژووروووەکەدا دابەزین و هەموو ئاوەکان بکەونە دەستی ئێمە و کافرەکان لە ئاوەکان بێبەش ببن.

www.iqra.ahlamontada.com

فەرمووی: باشە و ئەمری فەرموو باریان کرد و لە لای ئاوی سەروودا کە ئێستە وا لە بەردەمی مزگەوتەکەدا دابەزین و هەموو ئاوەکان کەوتنە دەستی ئەسحابەکان.

جا سەعدی کوڕی مەعاز، لە ئەنسار ﷺ، داوای ئەوەی کرد کەپرێ ببەستن بۆ حەزرەت ﷺ لەسەر ئەو ئاوە و بازێ لە یاران لە خزمەتیا بن ئەگەر خودا سەری خستن بەسەر کافرەکانا ئەوە باشە ئەگەرنا با ئەو رزگار ببێ و نەکەوێتە دەستیان بەم جۆرە کەپرێکیان بۆ بەست.

جا هەر لەوێدا هەموو لایێ دڵیان دامەزرا و نیشاتیان زیاد بوو و حەزرەت ﷺ دەستی کرد بە دڵخۆشی دانەوەیان و موژدەی ئەدا بە یارمەتی خودا بۆیان، هەتا ئەیفەرموو: ئا ئەوە جێگەی فلان کافرە کە ئەکوژرێ و ئەوە جێگەی فلان کافرە تا ژمارەیێ. وە هێشتا کافرەکان هەر دوور بوون لەو شوێنانە، وە دوای شەڕەکە دەرکەوت کە لەو شوێنانەدا کوژران و ئەو رۆژە پێنج شەممەی شازدەی رەمەزانی پیرۆز بوو، هەر لەو شوێنەدا مانەوە و شەویش لەوێ بوون و سبەینێ رۆژی جومعەی حەڤدەی رەمەزانی موبارەك ئەسحابەکان دەرچوون بەرەوڕووی کافرەکان کە لێیان نزیک بووبونەوە و رۆیشتن بۆ ئەو باسکە درێژە وا لە رۆژئاوای بەدرا بۆ جەنگ کردن لەگەڵیانا و حەزرەت ﷺ دوو رکات نوێژی کرد و دەستی کرد بە دوعا و پاڕانەوە لە حوزووری خودادا یاخود بە ریوایەتێ دوعاکەی هەر لە ئێوارەی شەوی جومعەدا بوو «بە عورفی موسوڵمانان» فەرمووی:

**«اللّٰهم هذه قريش قد أقبلت بخيلائها و فخرها تحادك و تكذب رسولك، اللّٰهم فنصرك الذى و عدتنى، واللّٰهم أحنهم الغداة»**

هەروا ئەپاڕایەوە هەتا ئەبووبەکر باوەشی پێداکرد و عەرزی کرد: «يارسول اللّٰه أبشر فوالذي نفسي بيده لينجزن اللّٰه لك ما وعدك». هەروا موسوڵمانەکانیش هەر لەو

www.iqra.ahlamontada.com

شەوەدا لە خودا ئەپاڕانەوە بە ئیخلاس و دڵگەرمی بە هیوای یارمەتی، جا لە سبەینێی ڕۆژی جومعە لە حەڤدەی ڕەمەزانا لە پاش دوو ساڵ لە کۆچی حەزرەتﷺ بۆ مەدینە جەنگ دامەزرا لە بەینی ئەسحابە و کافرەکانا و حەزرەتﷺ مشتێ گڵی هەڵگرت و بەرەوڕووی کافرەکان فڕەی دا و فەرمووی: «شاهت الوجوه»: یا خودا ڕووی ئەو کافرانە ناشیرین ببێ، واتە بشکێن و ناوچاوانیان تاڵ ببێ بە هۆی ئەو شکاندنەوە، یاخود سەر و چاویان بەر شیر و تیر بکەوێ و عەیبدار ببن، وە یاخود بەرچاویان تاریك ببێ و بەر پێی خۆیان نەبینن هەتا نیشاتیان ببێ لە جەنگەکەدا. وە فیعلەن وایان بەسەرا هات.

﴿إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ﴾

واتە دڵتان دابمەزرێنێ لەو کاتەدا کە خودا وەحی کرد بۆ لای مەلائیکە کە من وام لەگەڵ ئێوەدا بە یارمەتی و کۆمەکی کردن بۆ موسوڵمانەکان.

﴿فَثَبِّتُوا۟ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾

ئێوەیش ئەی فریشتەکان مەئموور بن لە لایەنی منەوە بۆ ئەوە دڵی موسوڵمانەکان قایم بکەن و دای بمەزرێنن لەسەر جیهاد کردن و نەترسانن و مەڕوانن بۆ زۆری ژمارەی کافرەکان و پایە و مایە و شانیان وا مەزانن زاڵ ئەبن بە سەرتانا.

﴿سَأُلْقِى فِى قُلُوبِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلرُّعْبَ﴾

بە ڕاستی و تەئکید ترس و بیم ئەهاوێمە ناو دڵی کافرەکانەوە.

﴿فَٱضْرِبُوا۟ فَوْقَ ٱلْأَعْنَاقِ وَٱضْرِبُوا۟ مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ ﴿١٢﴾﴾

ئەی فریشتەکان بدەن لە لاژووڕووی گەردنی کافرەکان و لێیان دەن بە شیر لە هەموو پەنجە و ئەترافی لەشیان.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ شَآقُّوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ۚ وَمَن يُشَاقِقِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿١٣﴾ ﴾

ئەم کوشتن وبڕینە و ئەم زام و برینەم دا بە سەر ئەو کافرانەدا لە بەر ئەوە کە زۆر دوژمنایەتییان لەگەڵ خودا و پێغەمبەری خودادا کرد، وە هەرکەسێ دوژمنایەتی لەگەڵ خودا و پێغەمبەری خوادا بکا ئەوە خودا بەرابەر بەوانە سزای سەخت و بێسامانە. جا روو ئەکاتە کافرەکانیش پێیان ئەفەرموێت:

﴿ ذَٰلِكُمْ فَذُوقُوهُ وَأَنَّ لِلْكَٰفِرِينَ عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿١٤﴾ ﴾

ئەو سزایە بۆ ئێوەیە دەی بیچێژن و بزانن کە سزای سەختی نەبڕاوە بە ئاگری دۆزەخ لەبۆ کافرەکانە.

بێدار بن! لە سەر زاهیری ئایەتی: ﴿إذ یوحي ربك﴾ فریشتەکان جەنگیان کرد لەگەڵ کافرەکانا لە واقیعەی «بەدر»ا و لێیان کوشتوون و برینداریان کردوون بە گوێرەی فەرمانی خودا. واتە ئەوانەیان کە ئاکامیان هاتبوو بە فەرمانی خودا لەو سەعات و رۆژەدا کوژراون و بریندار کراون بە دەستی فریشتەکان یا بە دەستی موسوڵمانەکان. وە ئەو قسە کە وتراوە: بۆچی کەس چاوی نەکەوتووە بە فریشتەیێ؟ یان بۆچی هەموو کافرەکانیان نەکوشت؟ چونکی ئەیانتوانی هەموویان بکوژن بەڵکوو بە تاقە یەکێکیان وڵاتێ بەرباد ئەبێ،؟ واتەیەکی زۆر هەڵە و بێ سەر و بەرە چونکی فریشتە مەئمووری غەیبین چاوی هەموو کەس نایانبینێ و دەست وەشاندنی مەلائیکە لە هەرکەسێ لەسەر فەرمانی زاتی خودایە و جوبرەئیل ناتوانێ پەنجەی کەسێ ببڕێ هەتا خودا ئەمری پێ نەکا: ﴿لا یعصون الله ما أمرهم و یفعلون ما یؤمرون﴾[1]

---

١. التحریم: ٦.

www.iqra.ahlamontada.com

ئەوەندە دەستیان وەشاند کە ئەمریان پێدرابوو لەوە زیاتر نەیانتوانی. زیاد لەمە ئەگەر لە هەر جەنگێکدا فریشتە بێنە خوارەوە و دوژمنەکان بکوژن ئیتر قیمەت بۆ جیهادی ئەسحابە یا باقی موجاهیدان نامێنێ.

وەلحاسڵ هەر کاتێ خودا ویستی فریشتە نازڵ بکا ئەیانێرێ لەگەڵ ڕەوح و ڕەحمەت و پیرۆزی مەعنەویدا بە جۆرێ کە ئەفرادی سوپای موسوڵمان سەرمەست و سەربەست بکا و بە ڕاستی مەیدان بگرن و جیهاد بکەن. ئیتر شەرت نییە کاتێ فریشتە هاتە خوارەوە خودا لە سونەت و ڕێبازی بڕیاردراوی خۆی لابدا و بە جارێ جیهان وێران بکا. وە لادان لە زاهیری ئەم ئایەتە بە تەئویلات و قیل و قال ـ بە بیر و باوەڕی من ـ یا لە بێهێزی باوەڕە وە یا لە کەمی زانستە بە کرداری خودای تەعالا.

شیرێ لە کوورەی غەیبی ئاو بدرێ — یا فریشتەی غەیب لە دەستی بگرێ
میرێ کە تاجی خواستی خودا بێ — ئەبێ تەختەکەی پەنای مەولا بێ
دەمێ کە جێگەی نەفحەی قودسی بێ — پێویستە شیفای زامی نەفسی بێ
دەستێ کە عەسای مووسا هەڵبگرێ — بدا لە فیرعەون بێگومان ئەمرێ
تا مەیلی خودا یاری ئینسان بێ — ئەبێ مەرکەزی دەورەی ئیحسان بێ
وێنەی جیلوەی حەق جیلوەی هەتاوە — دای لە هەر دڵێ بە نوور و تاوە
کاتێ لا بدا لە هەر سەرایێ — ڕووناکی ناکا هەزار چرایێ
لەسەر حەقیقەت نووری تەوەکول — ڕۆحی ئینسانە ماباقی توێکڵ
ئەسباب لە بۆ کار یاسای خودایە — بەڵام بە بێ خواست بەندی یەك بایە
فەرزە تێکۆشین تاڵی بنۆشین — زرێ و تاس کڵاو بە حەق بپۆشین
بەڵام بە زرێ «داوود» سەرنەکەوت — بە تاقە بەردێ «جالووت»ی بۆ کەوت
«نامی» وا ئەڵێ تا لەسەر عەرزم — هەر تەوەکولە بناغەی دەرزم

www.iqra.ahlamontada.com

جا خودای تەعالا بۆ دڵقایمکردنی موسوڵمانەکان بە تایبەتی لەو کاتەدا کە هێشتا ژمارەیان زۆر نەبووبوو و پێویستیان بە خۆڕاگرتن و فیداکاری زۆر بوو پێی فەرموون:

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ زَحْفًا فَلَا تُوَلُّوهُمُ ٱلْأَدْبَارَ ﴿١٥﴾ ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە خودا و پێغەمبەر و بە راستی دینەکەتان و بە هاتنە جێگەی جەزاتان و خۆتان ئەناسن، کاتێ گەیشتن بەوانەی کافرن بە دینی ئێوە و حاڵیان وابوو کە بە زۆری هێرشیان ئەهێنا، قەت پشتیان لێ هەڵ مەکەن (هەزار مەن ئاو، بەردێ ناشکێنێ).

﴿ وَمَن يُوَلِّهِمْ يَوْمَئِذٍ دُبُرَهُۥٓ إِلَّا مُتَحَرِّفًا لِّقِتَالٍ أَوْ مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٍ فَقَدْ بَآءَ بِغَضَبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَمَأْوَىٰهُ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٦﴾ ﴾

وە هەرکەسێ لە رۆژی گەیشتن بە دوژمنەکانا پشتیان لێ هەڵ بکا و بگەڕێتە دواوە ـ ئیللا بە شێوەی فەنبازی بۆ جەنگ کردن ـ واتە بە فێڵ خۆی بشکێنێ بۆ دوژمنەکان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە سەریان یا بۆ ئەوە کە بگات بە جێگەی کۆمەڵێ لە هاورێکانی لە نزیکی ئەو رەزمگادا، ئەوە بە راستی گەڕاوەتەوە لەگەڵ غەزەبی خودادا و جێگەی ئەو دنیایشی دۆزەخە و خراپ شوێنێکە دۆزەخ.

**فەرموودەی خودا:** ﴿فَلَمْ تَقْتُلُوهُمْ وَلَـٰكِنَّ ٱللَّهَ قَتَلَهُمْ﴾ **الآية.**

بە هێزترینی قسەکان ئەمەیە کە ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە پاش رووداوی «بەدر» کاتێ کە ئەسحابەکان باسی هاتوچۆی خۆیانیان ئەکرد و ئەیانوت: فلاّنمان کوشت

www.iqra.ahlamontada.com

و فلانەکەسمان گرت. بە شێوەیەکی وەها کە بێنی تاریفی نەفسی لێ ئەهات. جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نارد بۆ دەربڕینی حەقیقەت و بۆ ئەوە کە ئەو زاڵبوونە لە خوداوە بزانن.

وە لەم ئایەتەدا پرسیار ئەکرێ: ئەگەر مەبەست لە نەفی کوشتن وە خۆڵ فڕەدان نەفی ئیجاد و خەلقە ئەوە بە یاسای ئیسلام شتێکی دیارییە و بۆ باسکردن ناشێ؛ چونکی مەعلوومە کە هەموو شتێ خودا دروستی ئەکا، وە ئەگەر مەبەست نەفی کەسب و موباشەرەیە ئەوە راست نییە؛ چونکی کەسبی کوشتنەکە و رەمیەکە لە موباشەرەکانەوە بووە!

وەڵامی ئەم پرسیارە ئەمەیە: کە مەبەست نەفی خەلق و ئیجاد نییە بەڵکوو مەبەست نەفی کەسب و موباشەرەیە بەڵام نەك بە ئیعتیباری ئەسڵی کەسبەکە بەڵکوو بە ئیعتیباری ئەو ئاسارە زۆرە کە لەو کردەوانە پەیدا بووە. یانی خودا ئەفەرموێت بە ئەسحابەکان.

﴿فَلَمْ تَقْتُلُوهُمْ﴾

ئێوە کە ئەو کافرانەتان کوشت زاهیرەن هەر بە هێزێ نەفسی خۆتان نەبوو.

﴿وَلَٰكِنَّ اللَّهَ قَتَلَهُمْ﴾

بەڵام خودا یارمەتی ئێوەی دا و هێزی فریشتەکانی نارد بۆ یارمەتیتان و بۆ دڵ گەرمکردنتان وەها کە ترس لە دڵتانا نەما. وە مادام ئەم نەوعە تەئییدە نەبوایە جوزئی ئاخر لە عیللەتی کوشتنەکەیان نەدەهاتەجێ و بە هۆی ئەوەوە عیللەت تەواو بوو ئەوە خودا ئەو کافرانەی کوشت، وەکوو یەکێ سەری کەسێ ببڕێ تا نیوە و کەسێکی‌تر چەقۆیێ تیژتر بێنێ و سەری کەسەکە جیا بکاتەوە لە لەشەکەی ئەڵێن ئەم ئینسانە دووەمە سەری فلانی بڕی. وە فەرموویشی بە حەزرەت ﷺ:

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ رَمَىٰ﴾

واتە خۆڵێکی وا کە بگا بە چاوی هەموو کافرەکان بە تۆ فڕە نەئەدرا لەو کاتەدا کە تۆ خۆڵەکەت فڕەدا بەرەوڕووی ئەوان، بەڵام خودای تەعالا ئەو بەرد و خۆڵەی فڕەدا بە جۆرێ بگا بە چاوی هەموو ئەو کافرانە و هەموو مەشغووڵ ببن بە چاویانەوە هەتا ئەسحابەکان فرسەتیان لێ بێنن و زاڵ ببن بە سەریانا.

﴿وَلِيُبْلِيَ ٱلْمُؤْمِنِينَ مِنْهُ بَلَآءً حَسَنًا ۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿١٧﴾﴾

وە خودای تەعالا ئەو میهرەبانییە گەورەیە کرد لەگەڵتانا بۆ ئەوە کە نیعمەت بڕژێنێ بە سەریانا بە شێوەیەکی جوانی وەها دەنگ بداتەوە لە دنیادا؛ چونکی بە راستی خودای تەعالا هاوار و لاڵە و پاڵە و پاڕانەوەی موسوڵمانەکانی بیست و زانایش بوو بە مەبەستی دڵیان و بۆ بەرزکردنەوەی دینی ئیسلام ئەو هات و هاواریانە ئەکرد.

﴿ذَٰلِكُمْ وَأَنَّ ٱللَّهَ مُوهِنُ كَيْدِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿١٨﴾﴾

ئەو نیعمەت رژانە بەسەر موسوڵمانەکانا جێگەی خۆی گرت وە بزانن کە خودا مەکر و فێڵی کافرەکان ئەشکێنێ. جا خودای تەعالا بە رووی سەرزەنش و تەحقیرەوە روو ئەکاتە کافرەکان و ئەفەرموێت:

﴿إِن تَسْتَفْتِحُوا۟ فَقَدْ جَآءَكُمُ ٱلْفَتْحُ﴾

ئەی ئەهلی مەککە، ئەگەر داوای فەتح و یارمەتی ئەکەن لە خودا بەسەر موسوڵمانەکانا وە لەو کاتەدا هاتن بەرەو رووی بەدر دەستتان گرت بە پەردەی خانووی کەعبەوە و پاڕانەوە لە خودا وا چاوتان کەوت بە فەتح و نەسرەت هات بۆتان بەڵام نەبوو بەماڵی ئێوە بەڵکوو بوو بە بەشی خودا پێداوەکان کە موسوڵمانەکانن.

﴿وَإِن تَنتَهُوا۟ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە ئەگەر دەست‌بەردار ببن لە هاوڕێ بۆ خودا دانان ئەوە باشە بۆ ئێوە چونکی ئەبێ بە هۆی سەلامەتی دنیا و قیامەتتان.

﴿وَإِن تَعُودُواْ نَعُدْ وَلَن تُغْنِيَ عَنكُمْ فِئَتُكُمْ شَيْـًٔا وَلَوْ كَثُرَتْ﴾

وە ئەگەر ئێوە بگەڕێنەوە بۆ سەر جەنگ کردن لەگەڵ موسوڵمانانا بۆ هێزدان بە کوفر ئێمەیش ئەگەڕێینەوە بۆ سەر یارمەتیدانی موسوڵمانەکان، وە هەتا هەتایە ئەو قەرەباڵغە و ئەو هەواخواهانی ئێوە قازانجێکی بە نرختان پێ نادەن هەرچەن زۆریش بن.

﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ١٩﴾

بزانن خودا وا لەگەڵ موسوڵمانەکانا و گەلێك کە خودا لەگەڵیانا بێ ئەگەر جار بە جارێکیش نزم ببن هەر بەرز ئەبنەوە مادام ڕاست بکەن.

جا خودا ڕوو ئەکاتەوە بە لای موسوڵمانەکانا و ئەفەرموێت:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَوَلَّوْاْ عَنْهُ وَأَنتُمْ تَسْمَعُونَ ٢٠﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام فەرمانبەری خودا و پێغەمبەری خودا بکەن و پشت هەڵمەکەن لە پێغەمبەری خودا وەلحاڵ ئێوە گوێتان وا لە کەلامی خوداوە کە بە سەرتانا ئەخوێنرێتەوە و گوێتان وا لە ئامۆژگاری پێغەمبەرەوە ﷺ.

﴿وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ قَالُواْ سَمِعْنَا وَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ ٢١ ۞ إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ ٱلصُّمُّ ٱلْبُكْمُ ٱلَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ ٢٢﴾

وە بە وێنەی ئەو کافرانە مەبن کە ئەڵێن: بیستمان، کەچی بە ڕاستی نابیسن، بە ڕاستی خراپترین و بێ‌فەڕترین و بێ‌سوودترین گیانلەبەرانی دنیا لە لای خودا ئەوانەن

www.iqra.ahlamontada.com

که کەڕن و ئامۆژگاری نابیێن وە ئەوانەن کە لاڵن و ناتوانن کە عوزری خۆیان بەیان بکەن وە ئەمانە ئەو حەیوانانە نین کە فیعلەن کەڕ و لاڵ بن بەڵکوو ئەوانەن کە عەقڵیان ناشکێ بە حەقدا؛ چونکا گیانلەبەر کە عەقڵی نەبوو و فەرقی سوود و زیانی راستەقینەی نەکرد ئەوە هەرچەن دەم و چاو و گوێی ببێ شتی بە نرخ وەرناگرێ.

ئیبنوعەباس فەرموویەتی: ئەم ئایەتە نازڵ بوو لە شانی چەن کەسێك لە «بنیعبدالدار»دا ئەیانوت: ئێمە کەڕ و لاڵ و کوێرین دەربارەی ئەوە کە موحەممەد هێناویەتی وە بە قەزای خودا هەموویان لە جەنگی بەدرا کوژران و کەسیان لێ رزگار نەبوو دوان نەبێ: «مەسعەبی کوڕی عومەیر» و «سویتی کوڕی حەرمەلە».

﴿ وَلَوْ عَلِمَ ٱللَّهُ فِيهِمْ خَيْرًا لَّأَسْمَعَهُمْ ﴾

ئەگەر ئەمانە حاڵیان وابوایە کە خودای تەعالا خێرێك و نیازێکی باشی لە دڵیانا دەرك بکردایە ئەوە ئامۆژگاری و ئایاتی خۆی ئەخستە گوێیانەوە بە نەوعێ کە سوودی هەردوو جیهانی لێ وەربگرن، وە مادام کە خێر نییە لە حاڵیانا و نیازیان باش نییە خودایش ئەو نەوعە دەرس و بیستنەیان فێر ناکا و پێ ناگەیەنێ وە تەنیا ـ ئەگەر بیکا ـ فێری بیستن و بیساندنێکی ئاساییان ئەکات.

﴿ وَلَوْ أَسْمَعَهُمْ لَتَوَلَّوا۟ وَّهُم مُّعْرِضُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾

جا لەم حاڵەتەدا کە نیازیان خێر نییە ئەگەر خودا دەرسێکی عادەتیشیان دابدا هەر پشت هەڵئەکەن و وەری ناگرن و بە دەوام ئەوانە پشتیان لە حەقە و موبالات ناکەن بەوانە کە راستییان نیشان ئەدەن.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱسْتَجِيبُوا۟ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ ۖ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ يَحُولُ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَقَلْبِهِۦ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام بە پەلە وەڵامی خودا و پێغەمبەری بدەنەوە و حازر بن بۆ فەرمان وەرگرتن کاتێ کە پێغەمبەر بانگی کردن بۆ وەرگرتنی دینێ کە وەکوو رۆحی ئینسان وایە و زیندووتان ئەکاتەوە بەو دینە، وە ئەو کاتی بانگکردن بۆ وەرگرتنی دینە بە فرسەت بزانن و زایەی مەکەن. بزانن کە خودای تەعالا زویر بوو لە کەسێ بە هۆی موبالات نەکردنیەوە بە بانگی ئیسلام ئەبێ بە حائیل و مانیع لە بەینی ئەو ئینسانە و دڵیا ئیتر نایەڵێ حەق بڕواتە ناوی و رووناك ببێتەوە بە نووری هیدایەت.

واتە بانگکردن بۆ دینی ئیسلام نیعمەتە مادام ئینسان پشتی لەو نیعمەتە هەڵکرد و زوو نەهات وەری‌بگرێ ئیتر لە دەستی دەرئەچێ.

**لەم ئایەتەدا چەن مەعنایێ‌تریان بەیان کردووە:**

**یەکەم:** ئەی موسوڵمانان ئیتاعەی رەهبەر بکەن؛ چونکی هەموو کاتێ دڵ زیندوو نابێ و ئینسان باوەڕی بە ژیان نابێ ببێ؛ چونکی خودا ئەبێ بە حائیل لە بەینی ئینسان و حەیاتی دڵیا، واتە ئینسان ئەمرێ و پاش مردن مەجالی خودا پەرستی و بەندەیی نییە، وە تا بەسەر زیندوون ئامادە بن بۆ ئیتاعەی پێغەمبەری خودا.

**دووهەم:** ئەمەیە کە مەبەست لە «قلب» عەقڵ و هۆشە، واتە هەموو کاتێ خاوەنی عەقڵ و هۆش نابن و وا ئەبێ خودا ئەبێ بە مانیع لە بەینی ئینسان و عەقڵدا، واتە عەقڵەکەی لێ ئەستێنێ و شێتی ئەکات و لە پاش شێتی مەجالی کردەوە نامێنێ.

**سێهەم:** ئەمەیە ئەم ئایەتە هەڕەشەیە بەمە کە خودا زۆر نزیکە لە دڵی ئینسانەوە و ئاگادارە لەسەر هەر شتێ وا لە دڵدا، واتە پەلە بکەن بۆ ئیتاعەی رەهبەر، وە ئەگەر بیری بێ‌ئیتاعەییتان ببێ خودا ئاگاداری ئەو بیرەیە؛ چونکی عالمە بە وەسوەسەی

www.iqra.ahlamontada.com

نەفس و خودا وا لە بەینی ئینسان و دڵیا و هەر خەیاڵێ بێ بە دڵیدا لە خودا ون نابێ.

﴿وَأَنَّهُۥٓ إِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ ٢٤﴾

وە بزانن بە راستی کە ئێوە بۆ لای خودا ئەگێڕرێنەوە و گردئەکرێنەوە لە لای ئەودا لە رۆژی قیامەتا بۆ پرسیار و موحاسەبەی بیر و باوەڕ و کردەوەکانتان.

﴿وَٱتَّقُواْ فِتۡنَةٗ لَّا تُصِيبَنَّ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمۡ خَآصَّةٗۖ﴾

لە پاش ئەوە کە خودای تەعالا ئەمری فەرموو بەوە کە موسوڵمانان بە قەی تەوانای خۆیان بچن بە دەم فەرمانی پێغەمبەرەوە و پەیڕەوی بکەن، ئەمری پێ فەرموون بە خۆپاراستن لە فیتنە و فەرمووی: خۆتان بپارێزن لە مسیبەتێ کە تاوانبار و بێتاوان ئەگرێتەوە؛ وەکوو ڕاگرتنی مونکەر و کاری نارەوا لە ناو گەل و کومەڵدا و موداهەنە و رووپامایی لە ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە لە ناوتانا. وە وەکوو ناکۆکی پەیدا بوون لە بەینی پیاوانی قسەڕەوای وڵاتا وەکوو ئەوە کە کۆمەڵێ فکرێکی نابار دەربڕن کە خیلافی مەسڵەحەتی گشتی بێ و ئەوانە کە خاوەن دەستەڵاتن نەچن بە گژیا؛ بۆ نموونە: وەکوو ئەوە کە بازێ لە «ئەسحابی بەدر» سوور بوون لەسەر ئەوە کە بڕۆن بە شوێن کاروانەکەدا و نەڕۆن بۆ جەنگ لەگەڵ کافرەکانا، ئەمە حەق وابوو کە باقی ئەسحابەکان بەرانگاری بکەن؛ چونکی ئەگەر لەسەر بیری ئەوانە موعامەلە بکرایە هەموو لایێ گیرۆدەی زەحمەت ئەبوون، وە پێویستە لە هەموو رۆژێکا بە قەی تاقەت تێکۆشێ بۆ چاری.

﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ٢٥﴾

بزانن بە راستی خودا تۆڵەی بە شیددەتە بەرابەر بەو کەسانە کە لە فەرمانی خودا دەرئەچن.

www.iqra.ahlamontada.com

جا لێرەدا پرسیارێ هەیە: کە چۆن خودای «أرحم الراحمین» ئەو فیتنەیە عام ئەکا بۆ تاوانبار و بێ‌تاوان؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەمەیە: خودای تەعالا موختارە لە هەموو کارێکدا، تەماشا ئەکەی منداڵ بە منداڵی ئەمرێنێ و، باوکی منداڵان ئەکوژێ و، ئینسان کەڕ و کوێر و لاڵ ئەکا و کەس ناتوانێ بەرابەر بەم کارەساتانە قسە بکا؛ چونکی ئەگەر خودا موحاسەبە بکرێ لە کردەوەیدا مەعنای خودایەتی خودا نامێنێ، بۆیە فەرموویە: ﴿لا یسئل عما یفعل وهم یسئلون﴾[١].

زیاد لەمەیش مەبەست لە زاڵمەکان لەم ئایەتەدا ئەوانەن کە خەریکی کارە ناهەموارەکەن و ئەو کەسانەیش کە بەرابەر بەو کارە ناهەموارە قسە ناکەن هەر تاوانبارن و مەحو کردنەوەی ئەوانیش لەسەر تاوانی بێ‌دەنگی و قسە نەکردنەکەیانە؛ چونکی کەسێ بێ‌دەنگ بێ لە سەر مونکەرات لە کاتی دەست ڕۆیشتنا ئەوەیش تاوانبارە و هاوبەشە لە گوناهی زاڵمانا، بەڵێ بێ‌دەستەڵات و غەیرە موکەللەف بێ‌تاوانن و پاداشیان ئەدرێتەوە.

﴿وَاذْكُرُوا إِذْ أَنتُمْ قَلِيلٌ مُّسْتَضْعَفُونَ فِي الْأَرْضِ﴾

ئەی موسوڵمانەکان بیری ئەوە بکەنەوە کە ئێوە ژمارەتان کەم بوو و بێ‌هێز بوون لە عەرزی مەککەدا.

﴿تَخَافُونَ أَن يَتَخَطَّفَكُمُ النَّاسُ فَآوَاكُمْ وَأَيَّدَكُم بِنَصْرِهِ﴾

بیمتان بوو کە کافرەکانی قوڕەیش لەو عەرزە هەڵتان بگرن و دوورتان بخەنەوە لە ئاوەدانی کەچی خودا بە میهرەبانی خۆی جێگەی کردنەوە لە شاری مەدینەی مونەووەرەدا و دامەزران بە هۆی هێزی خۆیەوە و خاوەن هێزی کردن بەوە کە نەسرەتی دان و زاڵی کردن بەسەر کافرەکانا لە ڕووداوی «بەدر»دا.

---

١. الأنبیاء: ٢٣.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ٢٦﴾

وە رزقی پێدان لە دارایی و ماڵێکی پەسەندی ماقووڵ کە ماڵی تالآنی کافرەکانی بەدر بوو بەڵکوو ئێوە سوپاسی نیعمەتی خودای خۆتان بکەن.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَخُونُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ وَتَخُونُوٓا۟ أَمَٰنَٰتِكُمْ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام خەیانەت مەکەن لەگەڵ پێغەمبەری خودا بە تەرکی ئەو واجبانە و ئەو سوننەتانە کە خودا بڕیاری داون لە سەرتان، وە خەیانەت مەکەن لە یەکتر بە تایبەتی لەو ماڵەدا کە ماڵی گشتییە وەکوو ماڵی غەنیمەت لە پێش دابەشکردنیا.

﴿وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ٢٧﴾

وەلحاڵ ئێوە ئەزانن کە ئەمانەت چۆنە و خەیانەت چۆنە.

﴿وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَآ أَمْوَٰلُكُمْ وَأَوْلَٰدُكُمْ فِتْنَةٌ وَأَنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥٓ أَجْرٌ عَظِيمٌ ٢٨﴾

وە بزانن بە ڕاستی دارایی و ئەولادتان هۆی فیتنە و ئیمتیحانن بۆ ئێوە، وە دەرچوون لەو فیتنە بە هەموو کەس ناکرێ وە دەسبەردار بوونیان گرانە وە بزانن کە خودای تەعالا هەیە لەلای بۆ ئێوە پاداشێکی گەورە ئەگەر ئینسان هەتا لە تەوانایا ببێ جانیبی خودا و پێغەمبەری خودا بە ڕاستی بگرێ وە لانەدا بە لای دوژمنانی دینی ئیسلاما لە بەر خزمەتی ئەولاد و داراییەکەی.

موفەسیرەکان فەرموویانە: ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە شانی ئەبوو لوبابەی کوڕی عەبدولمونزیری ئەنساریدا کاتێ کە حەزرەت ﷺ گەمارۆی یەهوودی «قریظە»ی دا بیست و یەك شەو. جا داوای سوڵحیان کرد لە حەزرەت بەو جۆرە کە سوڵحی

www.iqra.ahlamontada.com

کردووە لەگەڵ یەهوودی «بنی نضیر»ا لەسەر ئەم قەرارە بار بکەن بۆ «اذرعات» و «اریحا» لە وڵاتی شام، وە حەزرەت بەمە رازی نەبوو هەتا دێنە سەر ئەو حوکمە کە سەعدی کوڕی مەعاز رازی ئەبێ. ئەوانیش قەبووڵیان نەکرد و داوایان کرد لە حەزرەت ﷺ کە ئەبوو لوبابە بنێرێ بۆ لایان؛ چونکی تێکەڵی هەبوو لەگەڵیانا و ماڵ و منداڵی لە ناو ئەوانا بوو، وە حەزرەت ئەبوو لوبابەی نارد ئەوانیش وتیان: ئەی ئەبوو لوبابە تۆ بیر و رات لەم کارەدا چۆنە؟ ئەویش ئیشارەتی کرد بۆ لای گەردنی خۆی. واتە ئەگەر بە حوکمی سەعدی کوڕی مەعاز رازی ببن سەرتان ئەبڕن!!

ئەبوو لوبابە ئەڵێ وەڵڵاهی هەر لەو شوێنەدا حاڵی بووم کە ئەم ئیشارەتی منە خەیانەت بوو لەگەڵ خودا و پێغەمبەری خودادا. وە بە شوێنی ئەوەدا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە. کە ئایەتەکە هاتە خوارەوە ئەبوو لوبابە رۆیشت بە گوریسێ خۆی بەستەوە بە کۆڵەکەیێ لە کۆڵەکەکانی مزگەوتەوە و سوێندی خوارد وتی: وەڵڵاهی نان و ئاو ناچەژم هەتا خودا تەوبەم قەبووڵ ئەکا یا ئەمرم! وە حەوت رۆژ مایەوە و هیچ خواردنی نەخوارد هەتا بێهۆش کەوت! جا قەبووڵی تەوبەی نازڵ بوو و مژدەیان بۆ برد کە: خودا تەوبەی قەبووڵ کردی، ئەمجار سوێندی خوارد ئەم گوریسە ناکەمەوە لە خۆم هەتا حەزرەت ئەیکاتەوە، جا حەزرەت ﷺ هات و گوریسەکەی کردەوە.

جا ئەبوو لوبابە وتی: تەواوی تەوبەکەم ئەمەیە کە تەرکی ئەو شوێنە بکەم کە تووشی ئەم گوناهە بووم تیایا و لەو ماڵ و دارایی خۆمە دەستبەردار ببم. جا حەزرەت ﷺ هات فەرمووی: کیفایەت ئەکا سێیەکی ئەو دارایی خۆتە بکەی بە خێر، ئەویش کردی.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَتَّقُواْ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّكُمْ فُرْقَانًا وَيُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ ذُو ٱلْفَضْلِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٢٩﴾ ﴾

بزانن! «تقوى» بە مانا خۆپاراستنە، وە سێ پلەیە:

**یەکەم:** پارێزە لە گەورەترین گوناه کە کوفرە ـ پەنا بە خودا!ـ

**دووهەم:** پارێزە لە گوناهە گەورەکان غەیری کوفر.

**سێهەم:** پارێزە لە خۆشەویستی دنیای دوون و تێکەڵبوون بە کاری ناهەمواری ناموناسب.

جا لەسەر مەعنای یەکەمی تەقوا، مەعنای ئایەتەکە ئەمەیە ئەگەر خۆتان بپارێزن لە کوفر خودا رووناکییەکی وا ئەخاتە دڵتانەوە کە فەرقی حەق و باتڵ و ئیمان و کوفری پێ ئەکەن وە هەموو گوناهەکانی پێش ئیسلامبوونتان دائەپۆشێ و شێوەی عەیبەکەی لائەبا لەسەرتان لە دنیادا و عەفوتان ئەکا لە قیامەتا؛ چونکی خودا خاوەن فەزڵ و ئیحسانێکی گەورەیە.

بەڵام بازێکەس فەرموویانە: ئەم مەعنای یەکەمی تەقوا موناسب نییە لەم شوێنەدا؛ چونکی خودا قسە لەگەڵ ئەهلی «بەدر»دا ئەکا و ئەوانیش لە گەورە موسوڵمانەکان بوون. مەگەر بڵێین تەقوا لە کوفر نیسبەت بەوان بریتییە لە خۆپاراستن لە «ردّة» و وەرگەڕانەوە لە دین ئەمەیش موناسبی حاڵی ئەوان نییە.

وە ئەگەر «تقوى» لەسەر مەعنای دووهەم بێ ئەوە مەعنای ئایەتەکە وایە: ئەی کەسانێ ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام ئەگەر ئێوە خۆتان بپارێزن لە گوناهە گەورەکان کە یەکێ لەوانە موخالەفەی حەزرەتە ﷺ ئەوە لە جەزای ئەوەدا خودا نوورێ ئەخاتە دڵتانەوە کە فەرقی حەق و بەتاڵی پێ ئەکەن، وە گوناهە بچووکەکانتان

www.iqra.ahlamontada.com

دائهپۆشێ له دنیادا وه عهفووتان ئهکا له سزاکهیان له پاشهڕۆژا وه خودا خاوهن فهزڵ و ئیحسانه و ههموو شتێکی پێ ئهکرێ.

وه لهسهر مهعنای سێههم ئهڵێ: ئهی موسوڵمانهکان ئهگهر ئێوه خۆتان بپارێزن له رۆچوون له دنیادا و له خودا غافڵ نهبن و پایهی پاس‌خاترتان ببێ ئهوه خودای تهعالا به میهرهبانی خۆی ههر تاوانێکتان لێ پهیدا ببێ له غهیری حودوود و حوقووقی ئادهمیزاد له دنیا و قیامهتا دایان ئهپۆشێ و سهرفی نهزهرتان لێ ئهکات؛ چونکی خودا میهرهبانی زۆر گهورهی ههیه وه ئیحسانی بێ‌ئهندازهی ههیه وه ئهتوانێ ههموو نهوعه پیرۆزییهك بدا به بهندهی ساغی خوێ.

﴿وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ ۚ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ ٱللَّهُ ۖ وَٱللَّهُ خَيْرُ ٱلْمَٰكِرِينَ ﴿٣٠﴾﴾

واتهی ئهی پێغهمبهری خۆشهویست بیری ئهوه بکهرهوه که کافرهکانی مهککه کهوتنه موئامهره و فرو فێڵ له تۆ له «دارالندوة»دا بۆ ئهوه که حهپست بکهن و بهندت بکهن له خانوویهکدا ههتا ئهمری یا بتکوژن وه یا له وڵاتی مهککه دهرت بکهن بۆ شوێنێکی دوور و به وردی راوێژیان کرد لهسهر ئهم باسانه و فرو فێڵیان ئهخسته کارهوه، وه خودای تهعالایش که زانایه به ئهحواڵ و ههموو شتێکی پێ ئهکرێ کارێکی وای کرد که ههموو فێڵبازهکان پێیان ناکرێ وه تۆی رزگار کرد، وه بزانه خودا له ههموو خاوهن بیرێ وه خاوهن تهگبیرێ بۆ دوژمنان زاناتر و تهواناتره.

ئهبوو نهعیم و بهیههقی ریوایهتیان کردووه له ئیبنوعهباسهوه که کۆمهڵێ له قورهیش گردبوونهوه له «دارالندوة»دا پاش ئهوه له جاری دواییدا مهدینهییهکان بهیعهتیان کرد به حهزرهت ﷺ و بازێکیان وتیان: موحهممهد له خانوویهکدا حهبس بکهین تا ئهمرێ و، بازێکیان وتیان: له مهککه دهری کهین، وه ئیبلیس له شێوهی پیاوێکی

www.iqra.ahlamontada.com

«نەجد»یدا هاتە ناویان پێی وتن ئەم تەدبیرانە سوودیان نییە؛ چونکی ئەگەر حەبسی بکەن جەماعەتی بەنی‌هاشم و بەنی‌موتەلیب رەحمیان ئەجۆشێ و دێن رزگاری ئەکەن، وە ئەگەر دەری‌بکەن ئەڕوا لە دەرەوە دەستە و بەستەیێ پەیدا ئەکا و دێنەوە سەرتان... کە وابێ بیری رووناك ئەمەیە لە هەر تاقمێ لە قورەیش جوانێ حازر بێ و هەموو بە جارێ بیکوژن وە لەو کاتەدا خزمەکانی دەرەقەتی هەموو قورەیش نایەن و هەموو قورەیش ئەتوانن خوێنەکەی بدەن بە خوێن‌ڕەسەکانی، هەموو بە جارێ ئەم بیرەیان پەسەند کرد. جا حەزرەتی جوبرەئیل خەبەری دا بە حەزرەت ئەویش رۆیشت بۆ ماڵی حەزرەتی ئەبووبەکر و دەرچوون بۆ ئەشکەوتی «سەور» و لەوێوە کۆچیان کرد.

﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا قَالُوا۟ قَدْ سَمِعْنَا لَوْ نَشَآءُ لَقُلْنَا مِثْلَ هَٰذَآ ۙ إِنْ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٣١﴾﴾

واتە کاتێ کە ئایاتی قورئانی پیرۆز نازڵ بوو لە لایەنی ئێمەوە ئەخوێنرێتەوە بەسەر کافرەکانا، ئەو کافرانە ئەڵێن بە راستی ئێمە ئەو ئایەتانەمان بیست، وە ئەگەر خواستمان لەسەری بێ ئەتوانین وێنەی ئەوانە بڵێین، وە ئەم ئایەتانە ئەو قسانەن کە پێشینان نووسیویانە و ئەم زاتە بیستوویەتی و ئەویش دێ بە زمانیا.

خاوەنی ئەم وتە «نەزری کوڕی حارس» بوو کە زەلامێکی بە عەناد و دەماخ‌پووچ بوو، قسەکەی هەڵەیە لە چەن رووەوە:

**یەکەم:** ئەگەر «اسطورە»ی ناو عەرەب بوو بۆچی ئەو و وێنەی ئەو بەر لە حەزرەت ﷺ وە یا لە زەمانی حەزرەتا نەیان‌گێڕایەوە؟

**دووەم:** ئەگەر حەزرەت ﷺ بڕۆیشتایەتە شوێنێ کە ئەو قسە و باسەی تێدا بوایێ بە هەر حاڵ رێگەی گومان بوو بەڵام موحەممەد نە لە مەککە دەرچوو وە نە لە مەککەدا کەسێ بوو کە ئەو قسانە بگێڕێتەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

سێهەم: ئەگەر ئەیانتوانی ئەو جۆرە قسانە بکەن بۆچی لە ماوەی ژیانی حەزرەتا کەسێ نەبوو لەوان وێنەی ئەو ئایەتانە بڵێ و لە ناو خەڵکا دەری برێ؟

﴿وَإِذْ قَالُوا اللَّهُمَّ إِن كَانَ هَٰذَا هُوَ الْحَقَّ مِنْ عِندِكَ فَأَمْطِرْ عَلَيْنَا حِجَارَةً مِّنَ السَّمَاءِ أَوِ ائْتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣٢﴾﴾

واتە: باسی ئەوە بکە کە کافرەکان ئەیانوت: خودایا ئەگەر ئەم کەلامە موحەممەد ئەیخوێنێتەوە راستە و لە لایەنی تۆوە هاتووەتە خوار و ئێمە ئینکاری ئەکەین دەی بەرد ببارێنە بە سەرمانا لە تۆڵەی ئەو ئینکارەدا یاخود سزایەکی سەختمان بۆ بنێرە.

خاوەنی ئەم قسەیشە هەر نەزری کوڕی حارسە بەڵام بۆیە نیسبەت دراوە لە کافرەکان چونکی نەزر لە ناو ئەوانا بووە و ئەوانیش بەم واتەیە رازی بوون و پێیان خۆش بووە.

جا خودا لە جوابی ئەم دوعادا ئەفەرموێت:

﴿وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْ﴾

بە عیلمی خودادا رانەبوردووە کە سزای ئەم قەومە بدا هەتا تۆ وای لە ناویانا.

﴿وَمَا كَانَ اللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ ﴿٣٣﴾﴾

وە خودای تەعالا سزایان نادا و سزادەری ئەوان نییە مادام ئەوان لە کاتی هەڵسووڕانیان بە دەوری «کابە»دا داوای لێ خۆشبوون لە خودا بکەن و بڵێن «غفرانك اللّٰهم» وە یا مەبەست لەو جوملەی ﴿وهم یستغفرون﴾ ئەو موسوڵمانە زەعیفانەیە کە لە مەککەدا بوون واتە ئەگەر سزای بنەبڕکەر بێتە سەریان هەموویان ـ چاك و خراپ ـ تیا ئەچن، وە ئەمە رێك ناکەوێ لەگەڵ بوونی ئەو موسوڵمانانەدا کە وان لە مەککەدا لە پێش زەمانی کۆچکردن بۆ مەدینەی مونەووەرە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَمَا لَهُمْ أَلَّا يُعَذِّبَهُمُ ٱللَّهُ وَهُمْ يَصُدُّونَ عَنِ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ وَمَا كَانُوٓا۟ أَوْلِيَآءَهُۥٓ﴾

جا ئەگەر لە بەر وجوودی تۆ و موسوڵمانەکان نەبوایێ لە مەککەدا بۆچی سزای کافرەکانمان نەئەدا؟ وە چی هەبوو بۆ ئەوان ببێ بە هۆی ئەوە کە خودا سزایان نەدا وەلحاڵ ئەوان بێجگە لە فیتنەی کوفر و ئیشراك و نامەردی خۆیان ئەوەندە بەدڕەوشت بوون کە مەنعی تۆ و باقی موسوڵمانان ئەکەن لەوە کە لە کەعبەدا و لە دەوری کەعبەدا دابنیشن و بە ئازادی تەواف و عیبادەت بکەن وە لە راستیشدا ئەوان خاوەنکاری کەعبە نین.

﴿إِنْ أَوْلِيَآؤُهُۥٓ إِلَّا ٱلْمُتَّقُونَ﴾

وە خاوەنکاری کەعبە نییە ئیللا ئەو کەسانە کە خاوەن پارێزن لە کوفر و لە تاوانە گەورەکان و لە خووی ناشیرین.

﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ۝٣٤﴾

بەڵام زۆربەی ئەوانە وان بە دەوری کابەدا ئەوەندە نەزان و بێشوعوورن نازانن کە خاوەنکاری مەککە و کەعبە ئەبێ ئادەمیزادی موسوڵمانی ئەخلاق باش بن.

﴿وَمَا كَانَ صَلَاتُهُمْ عِندَ ٱلْبَيْتِ إِلَّا مُكَآءً وَتَصْدِيَةً﴾

وە قەت مەڕوانن بۆ ئەو کافرانە و بۆ هاتوچۆیان بە دەوری کەعبەدا و بۆ دوعا کردنیان لە کاتی تەواف و هەڵسووڕانا بە دەوری کابەدا؛ چونکی ئەو دوعایانە هەر بریتییە لە قیژەقیژ و قەرەباڵغ و چەپڵەلێدان و هۆسە و مەنعکردنی موسوڵمانان لە تاعەت و تەوحیدی خودای عالەم و نوێژ و عیبادەتی راستی راساڵ.

﴿فَذُوقُوا۟ ٱلْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ۝٣٥﴾

www.iqra.ahlamontada.com

دەی جا پاش کۆچی موحەممەدﷺ لە مەککە سزای خودا بچەژن بە هۆی ئەوەوە کە وەختی خۆی کافر بوون و لەسەر ئەو کوفرەیش دەوام ئەکەن.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ لِيَصُدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ ﴾

بە راستی دەوڵەمەندانی ئەو قەومە کە کافرن و موشریکن ماڵی خۆیان بەخت ئەکەن لە خەرجی جەنگدا بۆ ئەوە کە موسوڵمانان مەنع بکەن لە رەفتار کردن بە دینی خودا و بڵاو کردنەوەی ئایینی ئیسلام.

﴿فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ﴾

ئەوانە بە راستی ئەو ماڵی خۆیانە سەرف ئەکەن بەڵام ئەو ماڵ سەرف کردنە ئەبێ بە حەسرەت لەسەر دڵیان؛ چونکی ماڵەکەیان رۆیی لە جەنگی بەدرا و سەریشیان فەوتا وەکوو خودا ئەفەرموێت:

﴿ثُمَّ يُغْلَبُونَۗ ﴾

واتە لە پاش سەرفی دارایی و ماڵەکەیشیان ژێر ئەکەون.

﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ يُحْشَرُونَ ﴿٣٦﴾ ﴾

وە خودا بە سزای دنیا دەسبەردار نابێ لێیان؛ چونکە ئەوانە کە کوفری خودا ئەکەن بەرەو خانووی دۆزەخ گردئەکرێنەوە و ڕەوانە ئەکرێن.

﴿ لِيَمِيزَ ٱللَّهُ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ وَيَجْعَلَ ٱلْخَبِيثَ بَعْضَهُۥ عَلَىٰ بَعْضٍ فَيَرْكُمَهُۥ جَمِيعًا فَيَجْعَلَهُۥ فِي جَهَنَّمَۚ ﴾

وە خودای تەعالا بۆ ئەوە کافرەکان حەشر ئەکا بۆ دۆزەخ هەتا کافرەکان کە پیسن لە بیر و باوەڕ و رەوشتا جیایان بکاتەوە لە موسوڵمانەکان کە پاکن لەوانا وە پیسەکان بازێکیان بخاتە سەر بازێکیان لە بەر ئیزدیحام و دایانئەنێ لە دۆزەخا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿أُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَـٰسِرُونَ ﴿٣٧﴾﴾

ئەمانە هەر ئەوانن زیانکار و مایەپووچ لە پاشەڕۆژا.

موقاتیل فەرموویەتی: ئایەتی: ﴿إن الذين كفروا ينفقون أموالهم﴾ تا ئاخر نازڵ بووە لە شانی ئەوانەدا کە خواردنیان ئەدا بە سوپا لە ڕۆژی بەدرا و ئەمانە دوازدە کەس بوون، ئەبوو جەهلی کوڕی هیشام و «عتبة» و «شیبة»ی کوڕانی ڕەبیعە و «نبیة» و «منبه» کوڕانی «حجاج» و «ابوالبحتری» کوڕی هیشام و نەزری کوڕی حارس و حەکیمی کوڕی حەزام و ئوبەی کوڕی خەلەف و زەمعەی کوڕی «اسود» و حەرسی کوڕی عامیری کوڕی «نوفل» و عەباسی کوڕی «عبدالمطلب» و هەموو ئەمانە لە قوڕەیش بوون و هەریەکێ لەمانە ڕۆژێ دە وشتری ئەدا.

﴿قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِن يَنتَهُواْ يُغۡفَرۡ لَهُم مَّا قَدۡ سَلَفَ وَإِن يَعُودُواْ فَقَدۡ مَضَتۡ سُنَّتُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴿٣٨﴾﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ بەو کەسانە کە کافرن بە دینی ئیسلام و بەو قورئانە کە هاتووەتە خوارەوە بۆ تۆ: ئەگەر لەمەولا دەسبەردار ئەبن لەم عەناد و ئاشووب و فیتنەیە و ڕوو ئەکەن لە ئیسلام ئەوە هەرچی ڕابوردووە لە کەم و زۆر ئەبەخشرێن لێی و سزاتان لێ هەڵئەگیرێ، وە ئەگەر ئەگەڕێنەوە بۆ سەر ئاشووب و جەنگکردن ئەوە بزانن یاسای خودا ڕابوردووە لە پێشینانا و خودا چی کردووە بە کافرە پێشووەکان و چی کرد بە کافرەکان لە بەدرا ئەوەیش لەگەڵ ئێوەدا ئەکا، واتە ئەتانشکێنێ و بێدەستتان ئەکات. وە ئەم ئایەتە نازڵ بوو لە شانی ئەبووسوفیان و وێنەی ئەو لە کافرانی مەککە لە پاش ڕووداوی بەدر.

﴿وَقَـٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٌ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست و ئەی یارانی فیداکار، جەنگ بکەن لەگەڵ ئەو کافرانە کە دەسبەردار نابن لە ئاشووب نانەوە هەتا فیتنەی ئایین و لادان لە تەوحید نەمێنێ لە ولاتا و هەموو کردەوە و رەفتارێ ساغ ببێتەوە بۆ خودای تاق و تەنیا.

﴿فَإِنِ ٱنتَهَوْاْ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٣٩﴾﴾

جا ئەگەر دەستبەردار بوون لە ئاشووب ئەوجارە بزانن کە خودا بینایە و خەبەردارە لەوەی ئەیکەن.

﴿وَإِن تَوَلَّوْاْ فَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَوْلَىٰكُمْ ۚ نِعْمَ ٱلْمَوْلَىٰ وَنِعْمَ ٱلنَّصِيرُ ﴿٤٠﴾﴾

وە ئەگەر پشتیان هەڵکرد لە ئامۆژگاری و دەوامیان کرد لە سەر فیتنەجۆیی، جا بزانن کە خودا ناسر و یارمەتیدەرتانە و بە راستی خودا چاك یارمەتیدەرێکە و چاك هێزدەرێکە بە دۆستانی خۆی.

﴿وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَىْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ إِن كُنتُمْ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ وَمَآ أَنزَلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا يَوْمَ ٱلْفُرْقَانِ يَوْمَ ٱلْتَقَى ٱلْجَمْعَانِ ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٤١﴾﴾

بزانن ئەی موسوڵمانان ئەوەی کە وەری‌بگرن بە جەنگ لە کافرەکان چ کەم چ زۆر ئەوە پێویستە پێنج‌یەکی بەش بکەنەوە بەم یاسا کە دێت: بەشی یەکەمی بۆ خودا و پێغەمبەر، بەشی دووەم بۆ ئەوانە کە خزمایەتییان هەیە لەگەڵ پێغەمبەری خودادا بەو پێیە کە خۆی فەرموویەتی، واتە لە نەتەوەی هاشم و نەتەوەی موتەلیب، کە دوو کوڕی «عبدالمناف»ن، بەشی سێهەم بۆ منداڵانی بێ‌باوك ، وە بەشی چوارەم

www.iqra.ahlamontada.com

بۆ فەقیر و میسکین، بەشی پێنجەم بۆ ئەو موسافیرانە کە ماڵیان پێ نەماوە. ئەمە بەشکردنی ماڵی غەنیمەتە بە کورتی. وە لە درێژەکەیا گەلێ جیاوازی بیر و را هەیە کە لە شوێنی خۆیا باس کراوە.

بە گوێرەی مەزهەبی ئیمامی شافیعی رحمه الله بەم جۆرەیە: بەر لە هەموو شتێ ئەو بەرگ و پۆشاکە کە بە کافرانەوە بووە جیا ئەکرێتەوە بۆ ئەو کەسە کوشتوویەتی: مادام دیار بێ کێیە، ئەمجار مەسرەفی پاسی ئەو ماڵە و باقی نەفەقاتی لێ دەرئەکرێ بۆ خاوەنەکەی، جا هەرچی مایەوە ئەکرێ بە پێنج بەشی رێکەوە، چوار بەشی ئەدرێ بە شەرکەرەکان وەکوو یەك؛ بۆ سوار سێ بەش دائەنرێ و بۆ پیادە بەشێ.

وە بەشی پێنجەمی ئەکرێ بە پێنج بەشەوە:

**بەشی یەکەم** کە بۆ خودا و پێغەمبەری خودایە دائەنرێ بۆ مەسڵەحەتی موسوڵمانان و ئەدرێ بەوانە کە لە رێگەی خودادا لە سنووری وڵاتی ئیسلاما ئەمێننەوە بۆ جیهاد و چاودێری وڵات و پاراستنی لە کافران، وە بۆ ئەهلی عیلم ئەوانە کە مەشغووڵی فێربوونی ئەحکامی دینن لە هەموو نەوعە عیلمێ و ئەدرێ بە ئیمامانی نوێژ و بانگدەران هەرچەند دەوڵەمەند بن، وە هەرکەسێ سوودێکی گشتی دینی هەیە، وە بۆ قازی و موفتی و ئەوانە تەئلیف ئەکەن بۆ پاراستنی دین، وە ئەوانە کە ناتوانن کەسب و کار بکەن. وە ئەندازەی بەشی ئەمانە حەواڵەی بیری سەرۆکی موسوڵمانانە کە بە «خەلیفە» ناو ئەبرێ، وە ئەم بەشە ئەوەبوو کە ئەدرا بە حەزرەت ﷺ لە حەیاتی خۆیا وە مەسرەفی لێ ئەکرد بۆ خۆی و بۆ عائیلەی و لە ئاخری عومریدا بەشی ساڵێکی لێ هەڵئەگرت و باقییەکەی بۆ مەسڵەحەتی موسوڵمانان سەرف ئەکرد.

**بەشی دووهەم**: لەم پێنج بەشە ئەدرێ بە نەتەوەی هاشم کە باپیرەی دووهەمی حەزرەت بووە و نەتەوەی «موتەلیب» ـ بۆ نێرینە دوو بەش و مێینە بەشێ، وەکوو

www.iqra.ahlamontada.com

میرات ـ کە برای باوك و دایکی هاشم بووە، وە ئیعتیبار بە نەسەبی ئەمانەیە لە لایەنی باوکەوە ئیتر نادرێ بە نەتەوەی «عبدالشمس» هەرچەند ئەویش برای باوك و دایکی «هاشم» و «مطلب» بووە، وە بە نەتەوەی «نەوفل» کە برای باوکی ئەوان بووە لەسەر بڕیاری حەزرەت ﷺ؛ چونکی وەختی خۆی یارمەتی حەزرەتیان نەداوە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی دیندا. وە لە بەشی ئەم نەتەوانەدا فەرقی فەقیر و دەوڵەمەند نییە، بەڵام لە لای بازێ‌تر لە ئیمامەکان بە مەرجی فەقیری ئەیان درێتێ و بە دەوڵەمەند نادرێ.

**بەشی سێهەم:** بۆ هەتیوانی موسوڵمانان بە مەرجی ئەوە فەقیر بن.

**بەشی چوارەم:** بۆ فەقیر و هەژاری موسوڵمان.

**بەشی پێنجەم:** بۆ ئەو سەفەرییانەی کە دەستیان لە دارایی خۆیان بڕاوە.

بێدار بن! مەبەست لە مەساکین لە تەقسیمی غەنیمەدا مەعنای عامە بۆ فەقیر و میسکین لە زەکاتا و هەردوولایان بە یەکێ ئەژمێررێن.

وە ئەم تەقسیمە بڕیارمان داوە ڕەفتاری پێ بکەن، وە بە ڕاستی بزانن ئەگەر ئیمانتان هەیە بە خودا و بەوەی کە ناردمانە خوارەوە بۆ سەر عەبدی خۆمان موحەممەد ﷺ لە ڕۆژی جیا کردنەوەی حەق لە بەتاڵ و موسوڵمان لە کافر، واتە لە ڕۆژی «بەدر»ا بۆ تەئییدی دینی ئیسلام لە ئایات و لە فریشتەی خۆم و لە یارمەتی لەو ڕۆژەدا کە هەردوو کۆمەڵ گەیشتن بە یەك کۆمەڵی ژمارە کەمی مەنسوور و کۆمەڵی ژمارە زۆری لە خودا دوور. بە ڕاستی خودا بەسەر هەموو شتێکدا تەوانایە و ئەوەی بیەوێ ئەیکات.

زاناکان فەرموویانە: ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لە «بەدر»ا، وە بازێ فەرموویانە: بەشکردنی غەنائیم و دیاری‌کردنی خومس (پێنج یەك) هەمووی لە غەزای «بنی قینقاع»دا

www.iqra.ahlamontada.com

لە پاش رووداوی بەدر بە مانگێك و سێ رۆژ لە نیوەی مانگی شەوالدا لە سەر سەری بیست مانگ لە هیجرەت هاتە خوارەوە.

﴿إِذْ أَنتُم بِالْعُدْوَةِ الدُّنْيَا وَهُم بِالْعُدْوَةِ الْقُصْوَىٰ وَالرَّكْبُ أَسْفَلَ مِنكُمْ﴾

ئەو رۆژی فەرقی حەق و بەتاڵە ئەو رۆژە بوو کە ئێوە لەو قەراخە شیوەدا کە نزیکە لە مەدینەی مونەووەرەوە و کافرەکان لە قەراخە شیوی دوور لە مەدینەوە بوون و کاروانەکەی لە خوار ئێوەوە بوون بە مەسافەی سێ میل، واتە چوار کیلۆ مەتر و نیو.

﴿وَلَوْ تَوَاعَدتُّمْ لَاخْتَلَفْتُمْ فِي الْمِيعَادِ ۙ وَلَٰكِن لِّيَقْضِيَ اللَّهُ أَمْرًا كَانَ مَفْعُولًا﴾

واتە زۆر لە وەخت و وادەی موناسبدا هاتن کەم و زیادی تێدا نەبوو. وە ئەگەر لەسەر وادە و پەیمان بهاتنایێ بە عادەت وەهاتان بۆ رێ نەدەکەوت، بەڵام خودا رێکی خست بۆ ئەوە کارەساتێکی وا بەجێبێنێ کە بەجێ هات لە ناو ئێوەدا، یاخود بڕیاردراوە لە عیلمی خودادا.

﴿لِّيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَن بَيِّنَةٍ وَيَحْيَىٰ مَنْ حَيَّ عَن بَيِّنَةٍ﴾

هەتا بکوژرێ ئەوەی کوژرا لە کافرەکان لەگەڵ تێگەیشتنی حوجەت و دەلیل لەسەر حەقانیەتی دینی ئیسلام و بەتاڵی کوفر، وە بژیێ ئەوەی ژیا لەگەڵ ئەو حوجەتا، واتە: کە ئەو کۆمەڵە گەورە خاوەن چەك و ئامادەیە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە کەمە بێچەکە و بێمادە هاتن بەیەکا و لە کاتێکی کەمدا ئەو ژمارە کەمە سواری سەرشانی ئەو سوپا گەورە بوون و لێیان دان و سەریان بڕین و دیلیان لێ گرتن،

www.iqra.ahlamontada.com

دەرکەوت بۆ هەموو ژیرێ لە کافر و موسوڵمان کە دینی ئیسلام حەقە و خودا یارمەتی دان ئەنا بە عادەت مەحاڵ بوو ئەو رووداوە وەها بێتە جێ و ئەو کافرانە وەهایان بەسەرا بێ.

﴿وَإِنَّ اللَّهَ لَسَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٤٢﴾﴾

وە بە راستی خودای تەعالا گوێی لە واتە و پاڕانەوەی موسوڵمانەکانەوە[یە] و زانایە بە ئەحواڵیان و پیرۆزی دینەکەیان، وەکوو گوێی وا لە پاڕانەوەی کافرەکان کاتێ کە لە مەککەدا بە دەوری کەعبەدا ئەسووڕانەوە و داوای یارمەتییان ئەکرد، وە زانایە بە نیەتی دڵیان لەسەر کوفر و ئیشراك.

بزانن! «عُدوة» بە زەممە و فەتحەی ئەووەڵ بە مانا قەراخی شیوە، وە کەسێ بڕوا تەماشای شەڕگاکەی بەدر بکا ئەزانێ کە موسوڵمانەکان لە قەراخی ئەمبەری شیوەکەوە بوون کەوا لە لای مەدینەوە و کافرەکان لە قەراخی ئەوبەرەوە بوون کە دوورە لە مەدینەوە وە جەنگەکە لە شیوەکەدا کرا، «عدوة» بە زمانی کوردی «دانە» و بەرزی یا «ملە».

﴿إِذْ يُرِيكَهُمُ اللَّهُ فِي مَنَامِكَ قَلِيلًا وَلَوْ أَرَاكَهُمْ كَثِيرًا لَفَشِلْتُمْ وَلَتَنَازَعْتُمْ فِي الْأَمْرِ وَلَكِنَّ اللَّهَ سَلَّمَ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ ﴿٤٣﴾﴾

واتە باسی ئەوە بکە کە خودا کافرەکانی لە خەودا بە کەم نیشانی تۆ ئەدا و تۆ باسی ئەو خەوەت کرد بۆ ئەسحابەکانت بۆ ئەوە کە دڵیان ئەستوور بێ لەسەر جەنگکردن لەگەڵیانا وە ئەگەر بە زۆر نیشانی بدانایێ تۆ ئەوەت ئەگێڕایەوە بۆ یاران و ئەوان ئەترسان و شکست ئەبوون و لە دەستکردن بە جەنگدا ناکۆکی ئەکەوتە

www.iqra.ahlamontada.com

ناوتانەوە، بەڵام خودا لەو ئاشووبە پاراستنی لەو کاتە ناسکەدا. بە راستی خودا زانایە بەوەی وا لە دڵی ئادەمیزادا و هەموو شتێ لەو روونە.

﴿ وَإِذْ يُرِيكُمُوهُمْ إِذِ ٱلْتَقَيْتُمْ فِىٓ أَعْيُنِكُمْ قَلِيلًا وَيُقَلِّلُكُمْ فِىٓ أَعْيُنِهِمْ لِيَقْضِىَ ٱللَّهُ أَمْرًا كَانَ مَفْعُولًا ۗ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ ﴿٤٤﴾ ﴾

واتە: وەکوو چۆن خودای تەعالا لە خەودا کافرەکانی بە کەم پیشانی تۆدا هەتا موسوڵمانەکان دڵ ئەستوور ببن، باسی ئەوەیش بکەن کە خودای تەعالا لە عالەمی خەبەرداریشدا و لە کاتی بەرانبەری و دەستەویەخەدا خودای تەعالا کافرەکان ئەخاتە پێش چاوی ئێوە بە کەم بۆ ئەوە کە دڵتان نەترسێ و راوەستن بۆ جەنگ، وە ئێوەیش لە بەر چاوی ئەوان بە کەم نیشان ئەدا هەتا هێرش بێنن بۆ سەرتان و بێنە بەردەستتان بۆ ئەوە دەست بکەن بە کوشتنیان و نەتوانن رابکەن و هەڵ بێن، وە ئەوەی خودا بڕیاری داوە بێتە جێ. وە بزانن هەر بۆ لای خودا ئەگەڕێتەوە هەموو کارێ و هەموو فەرمانێ و ئەو ئەزانێ چی ئەکا و چلۆن دۆستەکانی زاڵ ئەکا و دوژمنەکانی بەر بای فەوتان ئەدا.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً فَٱثْبُتُوا۟ وَٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ كَثِيرًا لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٤٥﴾ ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام! کاتێ گەیشتن بە کۆمەڵی کافران بۆ جەنگکردن باش بە مەردانە و هێز دامەزرێن و خۆتان رابگرن بە جۆرێ کە ترس بخەنە دڵی دوژمنەکانەوە و دڵ و دەستیان شل ببێ، ئەمە بۆ لایەنی مادیتان. وە زۆر زیکری خودا بکەن بە زمان و «اللّٰهاکبر» بکەن و بە دڵ بیر بکەنەوە لەوەدا کە ئێوە بۆ بەرزکردنەوەی کەلیمەی «لا إله إلا اللّٰه» جەنگ ئەکەن و ئەگەر زاڵ ببن

www.iqra.ahlamontada.com

بەسەریانا بەختیارن و ئەگەر شەهید بکرێن لە بەهەشتا پایەدارن و ئەمەیش بۆ مەعنەویاتتان، جا وەها رەفتار بکەن بەڵکوو رزگار ببن.

﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ﴾

وە ئیتاعەی خودا و پێغەمبەری خودا بکەن بۆ ئەوە کە یارمەتی خوداتان لەگەڵدا بێ، وە لە ناو خۆیشتانا مەچن بە گژ یەکا بۆ ئەوە پووچ و سووك ببن و هێزتان بڕوا و ترستان لە دڵی دوژمنانا نەمێنێ.

﴿وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ ﴿٤٦﴾﴾

وە ئەگەر ئازارتان تووش بوو بە کوشتن یا بریندار بوون یا ماڵ رۆیشتن یا ماندوو بوون خۆتان رابگرن لەبەر رەزای خودا، بە راستی خودا بە هەموو بارێ کەرەمکاری ئەکا لەگەڵ خۆگرانا.

﴿وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ خَرَجُوا مِن دِيَارِهِم بَطَرًا وَرِئَاءَ النَّاسِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ وَاللَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ ﴿٤٧﴾﴾

ئەی موسوڵمانەکان ئێوە وەکوو ئەو کافرانی ئەهلی مەککە مەبن ئەوانەی کاتێ لەماڵی خۆیان دەرچوون بۆ دیفاع لە کاروانەکەیان دەرچوون بە کەشخە و دەمار و خۆنیشاندان بە خەڵك، وەلحاڵ کە بۆ ئەوەیش دەرئەچوون کە لە واقیعا مەنعی موسوڵمانان بکەن لە رۆیشتن بەو رێگادا خودا پێی خۆشە، بەڵکوو ئێوە بە نیازی رەزامەندی خودا و بە پارێزگاری و پاڕانەوە لە خودا و بۆ بەرزکردنەوەی دینی ئیسلام لە ماڵی خۆتان دەربچن هەتا خودا بە میهرەبانی خۆی بتانگەیەنێ بە یەکێ لەو دوو پایە بە مایە کە بەختیاری دنیا یا رزگاری قیامەتە، وە خودای تەعالا بە کردەوەی ئەوانە هەموو ئاگادارە و کردەوەکانیان وا لە دەستی زانیاری خودادا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَإِذْ زَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَعْمَٰلَهُمْ وَقَالَ لَا غَالِبَ لَكُمُ ٱلْيَوْمَ مِنَ ٱلنَّاسِ وَإِنِّى جَارٌ لَّكُمْ﴾

وە باسی ئەوە بکە کاتێ کافرەکان لە مەککە دەرچوون شەیتان لە شێوەی «سراقە»ی کوڕی مالیکی کەنانەییدا دەرکەوت بۆیان، وە دەستی کرد بە قسەی خۆشکردن لەگەڵیانا وە ئەو کردەوە ناپەسەندانەی ئەوانەی جوان کرد لە بەرچاویانا کە پێویستە بڕۆن بۆ پاراستنی داراییەکانتان کە ئەبێ بە هۆی پارێزی شەرەفتان، جەنگ بکەن لەگەڵ موحەممەد و یارانیا بەربادیان بکەن، ئێوە سوپایەکی گەورەن لەم رۆژەدا کەس زاڵ نابێ بەسەر ئێوەدا وە منیش وام لەگەڵتانا و پەنا و پشتم بۆتان.

﴿فَلَمَّا تَرَآءَتِ ٱلْفِئَتَانِ نَكَصَ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ وَقَالَ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّنكُمْ إِنِّىٓ أَرَىٰ مَا لَا تَرَوْنَ إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَ ۚ وَٱللَّهُ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٤٨﴾﴾

جا کاتێ کە هەردوو سوپاکە یەکتریان چاوپێکەوت و سوراقە تەماشای وەزعی ئەو موسوڵمانانەی کرد و ئاگادار بوو بە هۆی نیشانەی نەسرەتەوە کە خودا نەسرەتیان ئەدا گەڕایەوە لەسەر هەردوو پاژنەی خۆی وە وتی بە کافرەکان: بە راستی من دوورم لە ئێوە و خۆم تێکەڵتان ناکەم، وە بە راستی من شتی وەها ئەبینم کە ئێوە نایبینن، و من لە خودا ئەترسم، وە خودا سزای بۆ تاوانباران سەختە. ئەم تەفسیرە لەسەر زاهیری ئایەتەکە. وە بەیزاوی ئەڵێت: ئەو شەیتانە نیسبەت بە هەرکام لە کافرەکان لە خەیاڵی خۆیاندا بوو، واتە هەرکەسێ لە کافرەکان شەیتانەکەی خۆی ئەو بایی کردنەی ئەخستە دڵیەوە هەتا کاتی واقیعە ئەو شەیتانە لەو ئیلقائاتە کەوت و خەیاڵی پەشیمانی بە کافرەکان نیشان ئەدا.

وە لەسەر تەفسیری یەکەم لە بەیزاویدا ئەڵێ: شەیتان لە شێوەی سوراقەدا دەستی لە دەستی حەرسی کوڕی هیشامدا بوو کاتێ چاویان کەوت بە سوپای موسوڵمانەکان

www.iqra.ahlamontada.com

دەستی لە دەستی حەرس بەردا و دای بە سنگی حەرسا و رۆیشت و گەلیّ لەگەڵیانا بوون رۆیشتن، کاتیّ کافرەکان گەڕانەوە بۆ مەککە وتیان: ئەو سوپای ئێمە سوراقە بوو بە هۆی شکاندنی و سوراقە سوێندی خوارد وتی: من ئاگام نەبووە لێتان هەتا باسی شکان و گەڕانەوەتانم بیستووە، یانی وا دەرکەوت «یارۆ» شەیتان بووە و چووەتە شێوەی سوراقەوە.

﴿إِذْ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ غَرَّ هَٰؤُلَاءِ دِينُهُمْ﴾

باسی ئەوە بکە کە مونافقەکانی مەدینە وە ئەوانە کە لە دڵیانا نەخۆشی کوفر هەیە بە شێوەی گاڵتەپیّکردن ئەڵێن: ئەم موسوڵمانانە پیاوی مەیدانداری نین بەس ئەو هەوا چووەتە مێشکیانەوە بە ناوی دین ئەوانی مەغروور و بایی کردووە، بەڵام ئێوە نابیّ بەو تانە و تەوەرە دڵتان تێك بچیّ و هەرپشت ببەستن بە خودای خۆتان.

﴿وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَإِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٤٩﴾﴾

وە هەرکەس پاڵ بداتەوە لە سەر میهرەبانی خودای خۆی ئەوە بەسیەتی، چونکی بە راستی خودا خۆی خاوەن عیزەتە و خواستی لەسەر هەرکەسیّ و هەر کۆمەڵیّ بدا عیزەتی پیّ‌ئەدا و خاوەن حیکمەتە لە کارەکانیا.

﴿وَلَوْ تَرَىٰ إِذْ يَتَوَفَّى الَّذِينَ كَفَرُوا ۙ الْمَلَائِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَارَهُمْ وَذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ ﴿٥٠﴾﴾

ئەی خۆشەویست ئەگەر چاوت لێبیّ لەو کاتەدا کە فریشتەی گیانکێشان گیانی ئەو کەسانە ئەکێشیّ کە کوفریان کردووە بە ئایینی ئیسلام و حاڵی ئەو فریشتانە وایە ئەدەن لە دەم و چاو و پشتیان و پێیان ئەڵێن: سزای سووتان بچەژن. ئەگەر ئەمەت چاو پیّبکەوتایە شتێکی بە سامت ئەبینی.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيۡسَ بِظَلَّٰمٖ لِّلۡعَبِيدِ ٥١﴾

وە فریشتەکان ئەڵێن بەو کافرانە: ئەو سزای کە دێ بە سەرتانا بە هۆی ئەو کردەوە نابارانەوەیە کە خۆتان بە جێتان هێنا، وە بە قەتعی خودای تەعالا خاوەن ستەم نییە لەسەر بەندەکانی و نیسبەتی ستەمی لێ نادرێ.

﴿كَدَأۡبِ ءَالِ فِرۡعَوۡنَ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيّٞ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ٥٢﴾

ئەم سزای کافرانە لە جیهەتی فریشتەکانەوە لەسەر بازە خوو و ڕەوشتێکی ناپەسەندەوە بوو لە کوفر و کردەوەی نابار، وەکوو داب و خوو و ڕەوشتی دەستە و بەستەی فیرعەونی مووسا و، دەستەو بەستەی پاشا ناهەموارەکانی پێش فیرعەون کە کوفریان کرد و ئینکاری زاتی خودا و دەستووری پێغەمبەرانیان و ئایاتی هاتووەخوارەوە و موعجیزاتی نیشاندراوی ئەوانیان ئینکار کرد، جا خودایش ئەوانی بە هۆی ئەو تاوانانەوە گرت حەقی بەر و دوای لێ سەندن، وە بە ڕاستی خودای تەعالا «جبار» و «قهار»ە، تۆڵە و سزای سەختە، وەکوو ئەڵێن: «خودا درەنگ گیر و سەخت گیرە» پەنا بە خودا!

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ لَمۡ يَكُ مُغَيِّرٗا نِّعۡمَةً أَنۡعَمَهَا عَلَىٰ قَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ وَأَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ٥٣﴾

وە ئەو تۆڵەی ناهەموارە کە گەیشت بەو کۆمەڵە لەسەر ئەو ئەساسەیە کە خودای تەعالا هەر نان و نیعمەتێ و هەر ناز و ڕەحمەتێ دابێتی بە هەر قەومێ یاسای وا نەبووە تێکی بدا و لێیان بسێنێتەوە و بیگۆڕێ بە مەینەت و نەگبەت هەتا ئەو قەومە ئەو حاڵە پێشووە کە بوویانە لە سوپاسی خودا و خزمەتکردنی گشتی و قەناعەتی

www.iqra.ahlamontada.com

نەفسی، گۆڕیویانە بە ناسوپاسی و پشت هەڵکردن لە خەڵك و خەڵك تووڕە کردن و عالەم تۆراندن و بێ‌ئیتاعەیی خودا و لەسەر ئەم ئەساسەیە کە خودا شنەوا و زانایە بە هەموو سیفەتێ و بە هەموو حاڵێ.

﴿كَدَأْبِ ءَالِ فِرْعَوْنَ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمْ فَأَهْلَكْنَٰهُم بِذُنُوبِهِمْ وَأَغْرَقْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ وَكُلٌّ كَانُوا۟ ظَٰلِمِينَ ﴿٥٤﴾﴾

وەکوو سیرەت و رەوشت و کردەوەی ئالی فیرعەون و ئەوانەی رابوردن لە پێش ئەوانا کە لەگەڵ ئەوەدا خودای تەعالا دەستەڵاتی پێدابوون سوپاسی خودایان نەکرد و ئەو نیعمەتەیان لە خۆیان دوور کردەوە بە هۆی ئەوەوە کە تەکزیبی ئایاتی خودای خۆیانیان کرد و ستەمیان کرد لە بەنی‌ئیسرائیل و غەیری بەنی‌ئیسرائیلیش جا هەموومان فەوتاندن بە هۆی تاوانەکانیانەوە و، دەستەی فیرعەونمان خنکاند لە دەریای نیلدا و لە واقیعا هەموویان بەر و دوا ستەمکار بوون.

﴿إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٥٥﴾﴾

خراپتر و نابارترینی گیانلەبەرانێ بەسەر زەویدا بگەڕێن ئەو کەسانەن کە کافرن و ئینکاری تەنیایی خودا ئەکەن و ئەمانە ئیمان ناهێنن.

﴿ٱلَّذِينَ عَٰهَدتَّ مِنْهُمْ ثُمَّ يَنقُضُونَ عَهْدَهُمْ فِى كُلِّ مَرَّةٍ وَهُمْ لَا يَتَّقُونَ ﴿٥٦﴾﴾

ئەو کەسانە کە موعاهەدەت لەگەڵدا کردن و پەیمانت لێ وەرگرتن کە زیانکاری نەکەن بەرانبەر بە موسوڵمانان کەچی لە پاشانا ئەو پەیمانەیان تێك ئەدەن لە هەموو جارێکدا جار لە دوای جار و هەرگیز پارێز ناکەن و ناترسن لە ناپەیمانی و بێ‌وەفایی.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَإِمَّا تَثْقَفَنَّهُمْ فِي الْحَرْبِ فَشَرِّدْ بِهِم مَّنْ خَلْفَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴿٥٧﴾﴾

لە شەرتێکدا گەیشتی بەو کافرە پەیمان شکێنانە لە جەنگدا و زوو بە هۆی زاڵ بوون بەسەر ئەوانا و زیان پێگەیاندنیان ئەوانەیش وان لە پشتیانەوە لە کافرەکانی مەککە هەموویان بڵاو بکەرەوە بەڵکوو بیر بکەنەوە بزانن وەکوو دامان لەو پەیمان شکێنانە ئەدەین لەوانیش.

ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لە شانی جوولەکەی «بني قريظە»دا ئەمانە پەیمانیان بەست لەگەڵ حەزرەتاﷺ و ئەو پەیمانەیان هەڵوەشاندەوە بە ناردنی چەك بۆ کافرەکانی مەککە، وە کاتێ کە حەزرەتﷺ فەرمووی: بۆچی واتان کردووە؟ عوزریان هێنایەوە بەوە کە لە بیریان چووە، ئەمجارەیش کەعبی کوڕی ئەشرەف ڕۆیشت بۆ مەککە و پەیمانی بەست لەگەڵ ئەهلی مەککەدا و بوون بە پشتی مەککەیی لە شەڕی «خەندەق»دا، جا ئەمە بەیانی حوکمی خودا بوو نیسبەت بەو کافرانە کە بە ئاشکرا پەیمان ئەشکێنن، وە لەم ئایەتی دواییەیشدا بەیانی حوکمی ئەو کافرە پەیمان بەستوانە ئەکا کە نیشانەی پەیمان شکاندنیان دەرئەکەوێ و بە تەواوی دەرنەکەوتووە و خودا ئەفەرموێت:

﴿وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِن قَوْمٍ خِيَانَةً فَانبِذْ إِلَيْهِمْ عَلَىٰ سَوَاءٍ﴾

وە ئەگەر ترسای کە خیانەت لە قەومێکی هاوپەیمانەوە پەیدا ببێ بە هۆی دەرکەوتنی نیشانەی ئەو شکاندنی پەیمانەوە تۆ بێ لە پێش ئەوەدا جەنگیان لەگەڵدا بکەی عەهد و پەیمانەکەیان بۆ فڕە بدەرەوە با ئەوانیش وەکوو ئێوە موساوی و هاو پایە بن لە ئاگاداری لە سەر نەمانی پەیمان لە ناوتانا ئیتر بە بێعیلم و خەبەر مەچن بە گژیانا با نەبێ بە خەیانەت بۆتان.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْخَآئِنِينَ ﴿٥٨﴾﴾

چونكە بە راستی خودا خائینانی خۆش ناوێ؛ چونكی خیانەت كردن دەرگای بێباوەڕی ئەكاتەوە و ڕەوا نییە ئادەمیزاد خۆی سووك و خیانەتبار بكا لە بەرچاوی كەسا، نە دوژمن نە دۆست.

﴿وَلَا يَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ سَبَقُوٓاْۚ إِنَّهُمْ لَا يُعْجِزُونَ ﴿٥٩﴾﴾

با گومان نەبەن ئەوانە كە كافرن و رزگار بوون لە كوشتن و لە ئەسارەت لە رۆژی بەدرا، كە رزگار بوون و پێش كەوتوون لە كاروباری جەنگا، بە راستی ئەوانە خودا و پێغەمبەری خودا ماندوو ناكەن و عاجزیان ناكەن لەوە كە بیانگرن، بۆ كوێ دەرئەچن؟ جا ئەم ئایەتە یا عامە بۆ هەموو كافرێ وە یا خود نازڵ بووە لە شانی ئەوانەدا كە لە بەدرا دەرچوون.

جا خودای تەعالا موسوڵمانان ئاگادار ئەكا لە وەزعی دنیا و لە مەلاسی دوژمن بۆیان و بۆ ئەوە پێویستە بزانن دوژمنتان زۆرە و نابێ بێدەستە و بەستە داكەون، ئەمر ئەدا ئەفەرموێت:

﴿وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ ٱلْخَيْلِ﴾

ئەی موسوڵمانەكان حازر و ئامادە بن بۆ چاری دوژمنەكان ئەوەی كە ئەتوانن لە هێزی جەنگ لە چەك لە رزق و رۆزی و، لە فێربوونی فونوونی جەنگ، لە ئاگاداری لەسەر هێزی دوژمن و لە چاری جاسووس و خۆگرتن لە دەرنەبرینی ئەسراری جەنگ و لە ئەسپ و هێستری دابەستەی چوارناڵ، وە لە سەیارە و تەیارە و غەواسە و كەشتی سەر دەریا و جیهازی موخابەرە و باقی پێویستییەكان لە چەرخا.

﴿تُرْهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

بۆ ئەوە کە بەم کەرەسە و پێویستانە کە ئامادەتان کردووە بۆ جەنگ، دوژمنی خودا و دوژمنی خۆتان بترسێنن ئەوانەیان وان لە پەیمانا نەوێرن پەیمانەکە بشکێنن و ئەوانە کە لە پەیمانا نین بێن پەیمان ببەستن و جەنگ نەکەن لەگەڵ موسوڵمانانا، وە ئەوانە کە ئامادەن بۆ جەنگ بێ‌وورە ببن، وە ئەم دوژمنانە کە ئێستە هەن ئێوە ئەیانناسن بریتین لە جوولەکەکانی دەوری مەدینە و لە کافرەکانی مەککە.

﴿وَءَاخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ ٱللَّهُ يَعْلَمُهُمْ﴾

وە هەتا بترسێنن کۆمەڵێکی‌تر غەیری ئەمانە کە ئێوە نایانناسن و پێیان نازانن خودا پێیان ئەزانێ و ئەیانناسێ؛ وەکوو: عەرەبی هەوازین و، نەجد و، عەرەبی نزیکی غەسانییەکان و، باقی عەرەبی «جزيرة العرب» وە یا ئەو دوژمنانە کە لەمەولا پەیدا ئەبن بۆ عالەمی ئیسلامی لە ئەورووپا و باقی ئەترافی قارەکانەوە. وە ئەگەر موسوڵمانەکان لە هەموو چەرخێکدا بە راستی ئەم ئەمرەیان بەجێ بهێنایە بە زانیاری و کرێداری و پیشە و سنعەت و دارایی پێکەوەنان، حاڵیان بەم حاڵە نەدەگەیشت کە پێی گەیشتووە. هیوامان وایە کە موسوڵمانان بێدار ببنەوە بۆ باوەشکردن بە فەرمانی خودادا و بۆ ئامادە کردنی ئەسبابی بەرزەوە بوونی ئوممەتی ئیسلام لە جیهانا.

﴿وَمَا تُنفِقُوا۟ مِن شَىْءٍ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ ۝٦٠﴾

وە هەر شتێ سەرف بکەن لە کەم و زۆر لە رێگەی بەرزەوە کردنی دینی خودادا هەمووتان پێ ئەدرێتەوە و بە راستی ئێوە ستەمتان لێ ناکرێ و حەقتان نافەوتێ نە لە دنیا و نە لە قیامەتا مادام لەسەر یاسای فەرمانی خودا برۆن بە رێدا.

﴿وَإِن جَنَحُوا۟ لِلسَّلْمِ فَٱجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ۝٦١﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە ئەگەر کافرەکان لە موشریك و لە یەهوود و لە غەیری ئەوان مەیلیان کرد بۆ ئارامی و بۆ جەنگ نەکردن بە بەستنی عەهد و پەیمان یا بۆ قەبووڵ کردنی شوورووتی ئیسلام و دەوامیان لە جێگەی خۆیانا، تۆیش مەیل بکە بۆ ئەو سیلم و ئارامییە، لەوە مەترسە کە بە فێڵ وەها بکەن و ئیعتیماد بدەرە سەر خودا، وە ئەو دەستووری خۆئامادەکردنە کە خودا فەرموویەتی چاودێری بکە؛ چونکی مەعنای «توکل» بە راستی ئەوەیە ئەسباب ئامادە بکەی بەڵام پاڵ بە عینایەت و تەوفیقی خوداوە بدەی، مانای «توکل» تەمەڵی و غەفڵەت نییە، بە راستی خودای تەعالا قسەی ئەو کافرانە ئەبیسێ و زانایە بە حاڵیان و ئەگەر بیریان خراپ بێ تۆ ئاگادار ئەکا.

﴿وَإِن يُرِيدُوٓاْ أَن يَخْدَعُوكَ فَإِنَّ حَسْبَكَ ٱللَّهُۚ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِۦ وَبِٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٢﴾﴾

وە ئەگەر ئەمانە کە مەیلی ئارامی ئەکەن، یا غەیری ئەمانە، مەیلیان لە سەر ئەوە بێ کە فێڵت لێ بکەن مەترسە بە راستی خودا بەسە بۆ یارمەتی تۆ، هەر ئەو بوو یارمەتی دا بە یارمەتی پەنامەکی خۆی و بە یارمەتی ئاشکرا بە هۆی دەست و بازووی موسوڵمانەکانەوە.

﴿وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْۚ لَوْ أَنفَقْتَ مَا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مَّآ أَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْۚ إِنَّهُۥ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٦٣﴾﴾

وە خودای تەعالا بە میهرەبانی خۆی ئولفەتی دانا لە ناو دڵی ئەو موسوڵمانانەدا کەوان لەگەڵ تۆدا لە موهاجیرین و ئەنسار لە ئەوس و خەزرەج لە ئەنسارەکان لەگەڵ ئەوەدا کە چەن کینە و رقەبەری کۆن لە ناویان هەبوو ئەمانە بە جارێ وەکوو برای باوك و دایکی و خوشکی باوك و دایکیان پێ هات لە کاتی منداڵیدا لە پێش ئەوەدا کە ئارەزووی دنیا بکەوێتە بەینیانەوە، وە بە جازیبەی مەعنەوی ئەمانەی

www.iqra.ahlamontada.com

بەست بە یەکەوە لە حاڵێکدا ئەگەر هەرچی وا لە عەرزا لە عەین و لە نەخت لە ماڵ و دارایی خەرجت بکردایە لە ڕێگەی یەکیەتی ناو ئەواندا نەتئەتوانی ئولفەت دامەزرێنی لە ناوبەینی ئەوانا، چونکی ئەو دنیاتە ئەگەر بە فەرقی بەش بدایێ بەوان خاوەن بەشە کەمەکان ڕازی نەدەبوون، وە ئەگەر وەکوو یەك پێت بدانایێ هەر کامیان داوای زیادەی ئەکرد، وە فەرزەن بە زاهیر ڕازی بوونایێ کینەی دڵیان دەرنەدەچوو، بەڵام خودا بە میهرەبانی خۆی ئەو کینەیە گۆڕی بە خۆشەویستی و سەفای دڵ و ئولفەتی خستە بەینیانەوە کە بە ڕاستی خودا غاڵبە بەسەر خواستی خۆیا و خاوەن حیکمەتە لە کارەکانیا.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَسْبُكَ ٱللَّهُ وَمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٤﴾﴾

ئەم ئایەتە بازێ لە زاناکان فەرموویانە هاتووەتە خوارەوە پاش ڕووداوی بەدر لە «بەیداء»دا، واتە لە سارای نزیکی بەدرا، وە مەبەست ئەوەیە ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بەسە بۆ بەجێهێنانی مەبەستی تۆ لە بانگکردنی ئادەمیزادا بۆ دینی ئیسلام خودای تەعالا و ئەوانەی وان لەگەڵتا لە موسوڵمانان، واتە هەر ئەم ژمارە موسوڵمانە ریشەی پێگەیشتنتانە و بەرە بەرە زیاد ئەکەن و ئەگەن بە مەبەستی خۆتان.

وە بازێتر فەرموویانە: وەختی خۆی لە ئەووەڵی ئیسلامەوە (٣٣) پیاو و (٦) ژن موسوڵمان بوون و پاش ئەمانە عومەری کوڕی خەتاب موسوڵمان بوو ژمارەی موسوڵمان گەیشت بە چل کەس، وە ئەم ئایەتە نازڵ بوو لە سەر ئیعتیباری ئەوە کە ئەم ژمارە بناغەی بینای دینی ئیسلامە و لەسەر ئەمەوە موسوڵمان پەرە ئەستێنێ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَرِّضِ ٱلْمُؤْمِنِينَ عَلَى ٱلْقِتَالِ ۚ إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَٰبِرُونَ يَغْلِبُوا۟ مِا۟ئَتَيْنِ ۚ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّا۟ئَةٌ يَغْلِبُوٓا۟ أَلْفًا مِّنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ ﴿٦٥﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

پاش ئەوە کە خودا جاڕی ئەوەی دا خودا و موسوڵمانان بەسن بۆ یارمەتی پێغەمبەر ﷺ لە بەجێهێنانی دەعوەتا، خودا ڕێگەی نەسرەتی خۆی نیشان دا بەوە کە ئەمری کرد بە حەزرەت ﷺ: تەرغیبی موسوڵمانەکان بدە لەسەر جیهاد و تێیان بگەیەنە کە خودا ئامادەیە بۆ یارمەتیتان و ئێوەیش خۆتان ئامادە بکەن، وە ئەگەر (٢٠) کەسی سابیری خۆگر ببێ لە ئێوە زاڵ ئەبن بەسەر (٢٠٠) دووسەد کەسی کافردا ـ یەك بە دە ـ وە ئەگەر (١٠٠) کەسی خۆگر ببێ لە ئێوە زاڵ ئەبن بەسەر هەزار کەسی کافردا، وە ئەمەیش یەکەم: لەبەر ئەوەیە کە خودا ئەیەوێ دینی ئیسلام بڵاو بکاتەوە لە عالەما، وە خودای تەعالا کاتێ ویستی شتێ بکا ئەیکا. وە دووەم: لەسەر تەماشای هۆی زاهیری موسوڵمانان دڵیان بە هێزە؛ چونکی باوەڕیان وایە جەنگەکەیان لە بەر کەسبی سەعادەت و شەهادەتە لە دنیادا، وە سەرداری و سەرفەرازی لە قیامەتا، بەڵام کافرەکان قەومێکن کوێرن و فامیان نییە بە ئەساسێکی وا جەنگی لەسەر بکەن وە دڵیان بە ئیمان ڕووناك نییە و هەر بە چاولێکەری جەنگ ئەکەن.

ئەم ئایەتە لە هۆی ئەوەوە نازڵ بوو کە خودای تەعالا خستیە دڵی پێغەمبەرەوە ﷺ حەمزەی مامی لەگەڵ (٣٠) سوارا نارد وە گەیشتن بە ئەبوو جەهل لەگەڵ (٣٠٠) سوارا، وە بە یارمەتی خودا کە کەوتنە جەنگەوە ئەو تیپە کەمە ئەم سوپا گەورەی کە دە قات بوون، شکاند و ڕایان کرد. بەڵام ئەم یاسایە گران بوو لە سەرشانی موسوڵمانان؛ چونکی بە عادەت ڕاوەستانی یەکێ لە بەرابەری دە کەسەوە زەحمەتە، جا خودا لە پاش ماوەیێ ئەم ئایەتەیتری نازڵ کرد و فەرمووی:

﴿ ٱلْـَٔـٰنَ خَفَّفَ ٱللَّهُ عَنكُمْ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمْ ضَعْفًا ۚ فَإِن يَكُن مِّنكُم مِّا۟ئَةٌ صَابِرَةٌ يَغْلِبُوا۟ مِا۟ئَتَيْنِ ۚ وَإِن يَكُن مِّنكُمْ أَلْفٌ يَغْلِبُوٓا۟ أَلْفَيْنِ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّـٰبِرِينَ ﴿٦٦﴾ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

واتە: خودا ئێستە باری سووك كرد لەسەر ئێوە و عیلمی تەعەللوقی بەست بەو زەعیفییە عادەتییە كە هاتووە بە سەرتانا و بڕیاری ئەوەی دا: كە ئەگەر لە ئێوە سەد كەسی خۆگر ببێ زاڵ ئەبن بە سەر (٢٠٠) دووسەد كەسا، وە ئەگەر هەزار كەسی خۆگر لە ئێوەدا ببێ، زاڵ ئەبن بەسەر دوو هەزار كەسا بە ئیزنی خودا و فەرمانی خودا و خواستی خودا، وە خودا یارمەتیدەری ئەوانەیە كە دامەزراو و خۆگرن.

بزانن! یاسای ئایەتی پێشوو لەسەر یەك بە دە بوو وە یاسای ئایەتی دوایی لەسەر یەك بە دوو، وە ئیختیاری كەلیمەی «عشرون» وە كەلیمەی «مأة» لەسەر ئەو ئەساسە بوو كە «سرية» لە بیست كەس كەمتر نەدەبوو وە سوپایش لە سەد كەمتر نەدەبوو وە ئەم دوو ژمارەیە لە ناوا دائیر بوون.

وە ئەو زەعیفییە كە بوو بە هۆی ئەم بار سووككردنە زەعیفی ئیمان نییە و زەعیفی لەش نییە، بەڵكوو زەعیفی نیشات و خواستی ئادەمیزادە و شتێكی تەبیعییە و عادەتییە؛ تەماشا ئەكەی باوكێ كە مرد و چوار كوڕی بوو منداڵ بوون وە تاقە كوڕێكی گەورەی بوو، گەورەكە غیرەت ئەكێشی بە شەو و ڕۆژ حەول ئەدا و كاسبی ئەكا و براكانی و خوشكەكانی و دایكی بەخێو ئەكا و پێی‌خۆشە و ماندوو نابێ بەڵام كە براكانی پێگەیشتن ئەو نیشاتەی نامێنێ كە بە تەنیا حەول بدا، ئەگەر براكانی كاسبی نەكەن لەگەڵیا ئەمیش دێتە دواوە هەروا موسوڵمانان لە ئەووەڵەوە كەم بوون، بیست كەس پێیان خۆش بوو خۆیان بگرن لە بەرانبەری دووسەد كەسا، بەڵام پاش ئەوە كە موسوڵمانان زۆر بوون ئەو نیشاتە كز بوو لەوە هێشتا هەر باری یەك بە دە هەڵبگرن بۆیە خودا كردی بە یەك بە دو جا ئەگەر ئایەتی یەكەم لەسەر ئیجاب هاتبێ ئەوە ئایەتی دووهەم ئەبێ بە ناسیخ بۆ ئەو وە ئەگەر لەسەر تەرغیب بووبێ ئەوە ئایەتی دووهەم ناسیخ نییە، بەڵكوو ئێستەیش ئەگەر یەكێ لە بەرابەری دە كافرەوە دەوام بكا هەر بە موعامەلەیەكی مەشرووع و خێرومەندانەی دینی ئەژمێررێ و كەس

www.iqra.ahlamontada.com

ناڵێت کابرا ئیشێکی نامەشرووعی کرد و بە ناحەق خۆی دا بە کوشت، بەڵکوو کارەکەی ئەبێ بە هۆی مەدح و بە باش زانین لە لایەنی شەرعەوە.

﴿ مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسْرَىٰ حَتَّىٰ يُثْخِنَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنْيَا وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلْـَٔاخِرَةَ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٦٧﴾ ﴾

پاش ئەوە کە سوپای ئیسلام لە بەدرا حەفتا کەسیان لە کافرەکان کوشت و حەفتا کەسیشیان بە دیل گرت و حەزرەت ﷺ رازی بوو بەوە کە «فیدیە» لە دیلەکان وەربگرن ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە، خودا فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خۆشەویست، رەوا نەبوو وە نییە بۆ هیچ پێغەمبەرێ کە بکەوێتە جەنگەوە لەگەڵ کافرا دیل رابگرێ هەتا زۆر زۆر هێز وەرنەگرێ و جێگەی خۆی دائەمەزرێنێ لە عەرزا، بەڵکوو حەقیان هەر ئەوە بووە کە دیلەکان بکوژن بۆ ئەوە کە شافەی کافرەکان نەمێنێ و جارێکی‌تر نەتوانن ئامادە ببنەوە بۆ جەنگ کردن، بەڵام ئێستە ئێوە خواستتان لەسەر ماڵی دنیایە بۆیە فیدیەتان وەرگرت، وە خودای تەعالا خواستی لەسەر بەرزەوە بوونی ئیسلام و دەوامی جیهادە بۆ ئەوە بگەن بە پایە و مایەی رۆژی قیامەت. وە خودای تەعالا بە عیزەتە و غالبە بەسەر دوژمنەکانا و خاوەن حیکمەتە لە کارەکانیا، وە ئەگەر فیدیە و ماڵی دنیایشتان وەرنەگرتایێ هەر دەوڵەمەند ئەبوون.

﴿ لَّوْلَا كِتَٰبٌ مِّنَ ٱللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمْ فِيمَآ أَخَذْتُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿٦٨﴾ ﴾

ئەگەر حوکمێ لە لایەنی خوداوە رانەبوردایە بەوە کە کەس سزا نەدا هەتا نەڕوا بە گژ نەهیی سەریح و ئاشکرادا، وە یا بەوە کە ئەهلی جیهادی بەدر سزا نادرێن، بە راستی لەو فیدیەدا کە وەرتان‌گرت سزایەکی گەورەی تێدا ئەبوو وە سزایەکی گەورەی ئەدان.

www.iqra.ahlamontada.com

جا کاتێ کە ئەم ئایەتە نازڵ بوو حەزرەت ﷺ و ئەسحابەکان دڵیان کەوتە داڵغە لێدان و دەستیان نەبرد بۆ ئەو تالانەیش کە لە بەدرا دەستیان کەوتبوو هەتا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە.

﴿ فَكُلُوا مِمَّا غَنِمْتُمْ حَلَالًا طَيِّبًا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴿٦٩﴾ ﴾

واتە: دەی بخۆن لەوەی کە دەستان کەوت لە بەدرا کە حاڵی وایە ماڵێکی حەلاڵی پاکە، یەکەم لەبەر ئەوە لە جیهاد بۆ بەرزکردنەوەی دینی ئیسلام دا دەستتان کەوت، دووەم لەبەر ئەوە کە لە ئەندازەی ئەو دەسکەوتە ئێوەیش ماڵتان خورابوو لە لایەنی ئەو کافرانەوە، وە پارێز بکەن لە نافەرمانی خودا، وە یا ئەمجارە ئەو فیدیە وەرتان گرتووە لە دیلەکان بیخۆن و جارێ‌تر وا مەکەن و خۆتان بپارێزن لە نافەرمانی خودا، بە راستی خودا تاوانپۆش و گوناحبەخشە.

ریوایەت کراوە: لە رۆژی بەدرا حەفتا دیلیان هێنا بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ کە عەباسی مامی و عەقیلی ئامۆزاییان لە ناودا بوو، حەزرەت راوێژی کرد بە ئەسحابەکان: چی بکەین لەگەڵ ئەم دیلانەدا؟ کۆمەڵێ رایان هاتە سەر ئەوە کە حەزرەت فیدیەیان لێ وەربگرێ، وە ئەبووبەکر لەوانە بوو، وە عەرزی کرد: یا رەسوولەڵڵا ئەمانە قەومی خۆمانن و خزمن بیانهێڵەرەوە بەڵکوو موسوڵمان ببن و خودا لێیان خۆش ببێ، وە فیدیەیان لێ وەربگرە و ئەمە ئەبێ بە هێز و ژیوار بۆ ئەسحابەکان.

وە کۆمەڵێ رایان لەسەر کوشتنیان دا و عومەری کوڕی خەتاب لەمانە بوو عەرزی کرد: یا رەسوولەڵڵا ئەمر بکە بدەین لە گەردنیان من ئەدەم لە خزمەکەی خۆم (فلان) و حەمزە عەباس بکوژێ و، عەلی عەقیل بکوژێ. هەروا بەم شێوە! حەزرەت ﷺ فەرمووی: ئەی ئەبووبەکر تۆ لەسەر مەشرەبی ئیبراهیمی خەلیلی کە ئەیفەرموو:

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ومن تبعني فإنه مني و من عصاني فإنك غفور رحيم﴾[١]، وە تۆ ئەی عومەر لەسەر مەشرەبی نووحی کە ئەیفەرموو: ﴿رب لا تذر على الأرض من الكافرين دياراً﴾.[٢] حەزرەت ﷺ ئەسحابەکانی خاترخۆ کرد و رایان هاتە سەر وەرگرتنی فیدیە و ئەم ئایەتانە نازڵ بوون.

**لێرەدا چەن شتێ بزانن:**

یەکەم: ئەمەیە ئەم مادەی قەبووڵی فیدیە لە دیلەکانی بەدر بە ئیجتیهاد نەبووە لە لایەنی حەزرەتەوە ﷺ چونکی ئەم باسە خرایە راوێژەوە لە ناو ئەسحابەکانا و هەموو لایێ لە خاوەن راکان بیری خۆیان دەربڕی و حەزرەت لەسەر ئەساسی ئەوە کە خاوەن رەئیە و عوزوی رەئیسییە لە راوێژەکەدا ئەو رایە پەسەند کرد کە فیدیە وەربگرێ لەبەر چەن حیکمەت: یەکێکیان ئەمە بوو کە دەرکەوت ئەم دیلانە لە ئەنجاما بوون بە موسوڵمان و گەورەی ئەسحابە. دووەم لە کوشتنی ئەمانەدا غەیری ئازاری دڵی گشتی و قەتعی سیلەی رەحم و زۆر کردنی دەنگوباس سوودێ‌تر پەیدا نەدەبوو. سێهەم لەو کاتەدا ئەم کۆمەڵە ئەسحابە پێویستیان بە ماڵ و دارایی بوو وە ئەو فیدیە جێگەی بۆ گرتن.

دووهەم: ئەو کەسانە کە ئەڵێن ئیجتیهاد لە کارا بووە و ئیجتیهادەکە هەڵە بوو، بە هەڵەدا چوون؛ چونکە ئەگەر ئەو ئیجتیهادە هەڵە بوایە خودای تەعالا ئەمری ئەکرد بە گەڕانەوەی فیدیەکە بۆ خاوەنەکانیان و حوکمەکەی تێك ئەدا، کەچی نە ئەو حوکمەی تێکدا و نە فیدیەکەی گەڕانەوە بۆ خاوەنەکانیان، وە ئەو عیبارەتە کە

١. ابراهيم؛ ٣٦.

٢. نوح؛ ٢٦.

www.iqra.ahlamontada.com

ئەفەرموێت: ﴿ماكان لنبي... الآية﴾ عیبارەتە لە بەیانی ئەوە ئەم بیرەتان هەرچەن قەبووڵە بەڵام باشتر لەمە وەرنەگرتنی فیدیە بوو، بەڵام لەبەر خاتری ئەو میهرەبانییە کە لەگەڵ حەزرەت ﷺ و ئەسحابەکانا بووی وەزعەکەی بۆ ئیختیار کردن، وە ئەو واقیعە کە لە بازێ ریوایەتا هەیە گۆیا حەزرەت ﷺ لەگەڵ ئەبووبەکردا گریان پاش هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان، ئەوە مەعنای ئەوەیە کە حەزرەت ﷺ لە کەماڵی ئەدەب و بەندەییدا بووە لە حوزووری خودادا و لە بەر ئەوە دەرکی ئەوەی کردووە ئەو وەزعە بە «خلاف الأولى» دەرچووە خوشووع داگیری کردووە و گریاوە هەروا ئەبووبەکریش لەگەڵ ئەودا گریاوە.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّمَن فِيٓ أَيۡدِيكُم مِّنَ ٱلۡأَسۡرَىٰٓ إِن يَعۡلَمِ ٱللَّهُ فِي قُلُوبِكُمۡ خَيۡرٗا يُؤۡتِكُمۡ خَيۡرٗا مِّمَّآ أُخِذَ مِنكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٧٠﴾

واتە: ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بفەرموو بەو دیلانەی وان لەبەر دەستانا: ئەگەر ئێوە دڵتان خێری تێدا بێ دەربارەی ئیسلام و موسوڵمانان و عیلمی خودا تەعەلووق ببەستێ بە وجوودی قەسدی خێر لە دڵتانا خودا زۆرتر و چاکتر لەو ماڵەی وەرگیراوە لێتان بەرات ئەکا بۆتان و لە تاوانەکانی لەمەوبەریشتان خۆش ئەبێ و خودا تاوانبەخش و میهرەبانە.

﴿وَإِن يُرِيدُواْ خِيَانَتَكَ فَقَدۡ خَانُواْ ٱللَّهَ مِن قَبۡلُ فَأَمۡكَنَ مِنۡهُمۡۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ٧١﴾

وە ئەگەر خواستیان لەسەر خیانەت بێ لەگەڵ تۆدا ئەوە لێیان مەترسە و گوێیان پێ مەدە؛ چونکە لەمەوپێشیش خیانەتیان لەگەڵ خودادا کرد و تەبلیغاتی تۆیان

www.iqra.ahlamontada.com

وەرنەگرت وە خودا زاڵ بوو بەسەریانا وە بەم جۆرە داماوی کردن و خودا زانایە بە رازی نیهان و خاوەن حیکمەتە لە ئەوزاع و هەموو رووداوی جیهان.

ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە ﵁: فەرموویەتی: عەباسی باوکم فەرمووی: ئەم ئایەتە لە شانی مندا نازڵ بوو؛ چونکی من عەرزی حەزرەتم کرد: کە ئەو بیست هۆقە ئاڵتوونە بڕیار دراوە بۆ فیدیەی من لێم وەرنەگرێ، ئەویش قەبووڵی نەکرد، وە من حەقی خۆم دا و ئیخلاسم کرد بۆ خودای خۆم، لە پاشان خودا بیست بەندەی پێدام هەرکام لەوان بە جۆرێ تیجارەتی بۆ ئەکردم و خودا زیاتری پێدام لەوەی کە لە دەستم دەرچوو، وە زیاد لەوەیش رجای عەفوی خودام هەیە.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَهَاجَرُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَوا۟ وَّنَصَرُوٓا۟ أُو۟لَٰٓئِكَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ﴾

بە راستی ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە و لەبەر یارمەتی دینی ئیسلام کۆچیان کرد و دارایی و خانووی خۆیان بەجێهێشت و تێکۆشان لە رێگەی دینا بە سەرفی ماڵ و رۆح و گیان وە ئەو کەسانەیش لە مەدینەی مونەووەرەدا جێگەی ئەو کۆچەرییانەیان کردەوە و بە مادە و مەعنا یارمەتییان دان ئەوانە بازێکیان میراتگری بازێکیانن.

﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَلَمْ يُهَاجِرُوا۟ مَا لَكُم مِّن وَلَٰيَتِهِم مِّن شَىْءٍ حَتَّىٰ يُهَاجِرُوا۟ ﴾

وە ئەو کەسانە ئیمانیان هێناوە و کۆچیان نەکردووە ئەوە لە حوقووقی مەحەببەتی ساغی وا کە ببێ بە هۆی میراتگرتن لە یەکتر دوورن هەتا کۆچ ئەکەن.

﴿وَإِنِ ٱسْتَنصَرُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ فَعَلَيْكُمُ ٱلنَّصْرُ إِلَّا عَلَىٰ قَوْمٍۭ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَٰقٌ ۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٧٢﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە ئەگەر داوای یارمەتیتان لێ بکەن لە دینا، واتە دوژمنی دین لەبەر دین ئازاریان بدا و ئەوانیش هاوارتان بۆ بێنن، ئەبێ برۆن بە هاواریانەوە ئیللا مەگەر ئەو دوژمنانە لە تاقمێ بن کە لە بەینی ئەوان و ئێوەدا پەیمان ببێ ئەوە حەقتان نییە جەنگیان لەگەڵدا بکەن، وە خودای تەعالا بینایە بەوەی ئێوە ئەیکەن.

﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ ﴾

وە ئەو کەسانەیش کە کافرن بە دینی ئیسلام بازێکیان دۆستی بازێکیانن چونکی لە پاش ئیمان هەر کوفرە و کوفر هەمووی گومڕاهییە.

﴿ إِلَّا تَفْعَلُوهُ تَكُن فِتْنَةٌ فِى ٱلْأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ ﴿٧٣﴾ ﴾

ئەگەر رەفتار بەو یاسا نەکەن کە بۆم دانان و لە یەکتر بێعەلاقە ببن ئەوە خراپە و بشێوی زۆر لە عەرزا پەیدا ئەبێ و فەسادێکی گەورە ئەبێ.

﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَهَاجَرُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَوا۟ وَّنَصَرُوٓا۟ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُؤْمِنُونَ حَقًّا ۚ لَّهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴿٧٤﴾ ﴾

وە ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە و کۆچیان کردووە و جیهادیان کردووە لە رێگەی خودادا وە ئەو کەسانە کە جێگەی ئەوانیان کردووەتەوە یارمەتییان داون ئەوانە بە راستی خاوەن ئیمانن لە لای خودادا و لە جەزای ئەو بیر و باوەڕ و کردەوە باشانەدا کە بوویانە لە لای خودا عەفوی تاوان و رزق و رۆزییەکی خاوەن پایە و شەرافەتیان هەیە.

﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنۢ بَعْدُ وَهَاجَرُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ مَعَكُمْ فَأُو۟لَٰٓئِكَ مِنكُمْ ۚ ﴾

وە ئەو کەسانە کە ئیمان دێنن لە پاش زەمانی هیجرەت و کۆچ ئەکەن بۆ لای ئێوە و جیهاد ئەکەن لەگەڵتانا ئەوانەیش لە ئێوەن و لە ریزی موهاجیر و ئەنسارا حسێب ئەکرێن، هەرچەن پایەی پێشووەکان زۆرتر بێ و بەرزتر بێ.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَأُوْلُواْ ٱلْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَىٰ بِبَعْضٍ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمُۢ ٧٥﴾

ئەوانە کە عەلاقەی رەحمیان هەیە بە یەکەوە بازێکیان نزیکترن لە بازێکیانەوە لە بێگانەکان، واتە میرات بەوان ئەدرێ ئەگەر میراتگری پشتی نەبوو نەك بە بێگانەکان، وە خودا بە هەموو شتێ زانایە بۆیە ئەم یاسایە داناوە.

www.iqra.ahlamontada.com

## سوورەتی تەوبە، مەدینەییە، ١٢٩ ئایەتە

ئەم سوورەتە گەلێ ناوی هەیە لەوانە: «براءة» چونکە لە ئەووەڵەوە ئیعلانی بەرائەت و یەخەهەڵتەکاندنی پێغەمبەری خودای تیایە لە پەیمانداری لەگەڵ کافرەکانا، وە پێی دەوترێ سوورەتی «تەوبە» چونکی باسی قەبووڵی تەوبەی ئەو جەماعەتەی تێدایە کە لە غەزادا دواکەوتن لە سوپای حەزرەت ﷺ

پرسیار کراوە: بۆچی لە ئەووەڵی ئەم سوورەتەوە «بسم اللّٰه الرحمن الرحیم» نییە؟ وەڵام دراوەتەوە بە چەن وەڵامێ:

یەکەم: ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە ئەڵێ: پرسیم لە «عوسمان» بۆچی ئەم سوورەتە لە ئەووەڵەوە «بسم‌اللّٰه»ی تیا نییە؟ ئەویش فەرمووی: پێغەمبەر ﷺ خۆی جێگەی سوورەت و جێگەی ئایەتی دەرئەبڕی و دیاری ئەکرد، وە سوورەتی بەرائەت لە ئاخری سوورەتەکانی قورئانا بوو، وە لە پێش تەعیینی جێگەیا حەزرەت کۆچی دوایی کرد. جا لەبەر ئەوە کە مەعنا و ئەحکامەکانی موناسبی سوورەتی ئەنفال بوو هاتین لە پاش ئەنفالەوە دامان‌نا.

بەڵام قازی ئەفەرموێ: زۆر دوورە کە حەزرەت بەیانی جێگەی ئەم سوورەتەی نەکردبێ، وە حەق وایە کە حەزرەت ﷺ ئەمری فەرمووە لەم شوێنەدا دایبنێن و «بسم اللّٰه» لە ئەوەڵیەوە نەبێ لەبەر ئەوە سوورەتی دووری کردنە لە کافرەکان و مەجالی تەبەڕوک نییە بە «بسم اللّٰه الرحمن الرحیم».

www.iqra.ahlamontada.com

**دووەم:** ئەوەیە ریوایەت کراوە لە «ئوبەی کوڕی کەعب»ەوە: [ئەڵێ] تەماشامان کرد کە سوورەتی ئەنفال عەهد و پەیمانی تێدایە و سوورەتی بەرائەت باسی تێکدانی ئەوانە ئەکا، [بۆیە] لە پاش ئەنفالەوە نووسرا.

**سێهەم:** ئەمەیە ئەسحابەکان ئیختیلافیان بوو لەوەدا کە ئەنفال و بەرائەت یەك سوورەتن یا دوو سوورەت! هەر بازێ لەسەر بیرێ بوون، جا لەبەر ریعایەتی ئەوە کە یەك سوورەتن سوورەتی بەرائەت نووسرا لە پاش ئەنفال وە لەبەر ئەوە کە مەعلووم نییە یەك سوورەت بن «بسم اللّٰه الرحمن الرحیم» نە نووسرا.

**چوارەم:** ئەمەیە ئیبنوعەباس ئەڵێ پرسیارم کرد لە حەزرەتی عەلی: بۆچی «بسم اللّٰه الرحمن الرحیم» نەنووسرا لە ئەوەڵی ئەم سوورەتەوە؟ ئەویش فەرمووی: «بسم اللّٰه» شیعاری هێمنی و سەلامەتی و دۆستییە، وە سوورەتی بەرائەت بۆ ئەمر بە بەکاربردنی شیر هاتووە لەگەڵ کافرەکانا وە ناکەونە یەك.

**پێنجەم:** ئەمەیە رەنگە لەبەر ئەوە کە خودا زانیویەتی ئیختیلاف واقیع ئەبێ لەوا ئاخۆ «بسم اللّٰه الرحمن الرحیم» لە قورئانە یا نە، خودا ئەمری کردووە بە حەزرەت کە «بسم اللّٰه» نەنووسرێ لە ئەووەڵی ئەم سوورەتەوە بۆ تەنبیھ لەسەر ئەوە کە «بسم اللّٰه الرحمن الرحیم» بوو لە ئەوەڵی سوورەتەکانەوە داخڵی سوورەتەکانە وە لەم سوورەتەدا کە «بسم اللّٰه» نییە «بسم اللّٰه الرحمن الرحیم» داخڵی سوورەتەکە نییە و لە قورئانی پیرۆز نییە.

فەرموویانە هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە ئەمە بوو کاتێ کە حەزرەتﷺ رۆیی بۆ غەزای تەبووك مونافقەکانی شاری مەدینە نەرۆیشتن بۆ جیهاد و گەلێ دەبدەبە و قسەی پووچیان بڵاوکردەوە و کافرە موشریکەکانی عەرەبیش ئەو عەهد و پەیمانە کە کردبوویان لەگەڵ حەزرەتا تێکیان دا، جا حەزرەتﷺ بە فەرمانی

www.iqra.ahlamontada.com

خودا عەهدەکەی فڕەدایەوە بۆ کافرەکان و ئەم ئایەتە نازڵ بوو ئیعلانی بەرائەت و بێپەیمانی کرا.

ریوایەت کراوە: لە ساڵی هەشتی کۆچیدا حەزرەت ﷺ لەشکری برد و مەککەی گرت و «عتابی کوڕی ئوسەید»ی کرد بە کاربەدەستی ئیسلام لە مەککەدا، وە لە ساڵی نۆدا حەزرەت ﷺ ئەبووبەکری کرد بە ئەمیری حەج و ئەمری کرد کە ببێ بە رەئیس لە حەجدا، جا کاتێ ئەم سوورەتە نازڵ بوو حەزرەت ئەمری کرد بە عەلی کە بڕوات ئایەی بەرائەت بخوێنێتەوە بەسەر کافرەکانا، عەرزیان کرد: ئەمرت بکردایە بە ئەبووبەکر ئەیخوێندەوە. ئەویش فەرمووی: عەهد و پەیمان هەرکەسێ بیکا ئەبێ پووچکردنەوەی ئەو عەهدە یا ئەو کەسە بیکا کە عەهدەکەی کردووە یا کەسێ لە هاونەسەبی ئەو. جا حەزرەتی عەلی رۆیشت بۆ مەککە و لە رێگەی مەککەدا گەیشت بە ئەبووبەکر، ئەبووبەکر پاش بەخێر هاتنی فەرمووی: بە ئەمیری هاتووی یا بە مەئمووری؟ ئەویش فەرمووی: مەئموورم، جا حەزرەتی ئەبووبەکر لە رۆژی هەشتی «ذي‌الحجه»دا کە رۆژی «تروية»یە خوتبەی خوێندەوە بەسەر حەجاجدا و ئادابی حەجی نیشان‌دان و رۆژی جەژن حەزرەتی عەلی لە لای «جمرة العقبة» راوەستا و دەوری چل ئایەتی لە ئەوەڵی بەرائەتەوە خوێندەوە بەسەریانا و فەرمووی: من فرستادەی حەزرەتم و ئەمرم پێ‌کراوە بە چوار شت.

**یەکەم**: لە پاش ئەم ساڵە کافری موشریك نزیکی بەیتوڵڵای شەریف نەکەوێ.

**دووەم**: ئینسانی رووت تەوافی کەعبە نەکا.

**سێهەم**: داخڵی بەهەشت نابێ ئیللا نەفسێ کە ئیمانی ببێ.

**چوارەم**: عەهدی کافرەکان رەدبکرێتەوە بۆ سەریان و پەیمانیان نەمێنێ.

جا خەڵکەکەیش عەرزیان کرد: ئەی عەلی عەرزی ئامۆزات بکە (واتە پێغەمبەر):

www.iqra.ahlamontada.com

وا ئێمە هەمووومان پەیمانی کافرەکانمان بەتاڵ کردەوە و لە بەینی ئێمە و ئەوانا نییە مەگەر لێدان بە شیر و وەشاندنی رم.

خودا فەرموویەتی:

﴿بَرَآءَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ إِلَى ٱلَّذِينَ عَـٰهَدتُّم مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ۝١﴾

واتە: ئەم رۆژە رۆژی جیابوونەوە و بێ‌پەیمانییە لە لایەنی خودا و پێغەمبەری خوداوە لەگەڵ ئەوانە کە پەیمانتان لەگەڵدا کردوون لە کافرە موشریکەکان.

﴿فَسِيحُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ﴾

وە ماوەتان هەیە ئەی کافرە موشریکەکان چوار مانگ لە وڵاتا بگەڕێن بە ئەمینی و کەس دەست نابا بۆ خۆتان و بۆ دەستوپەیوەندتان، وە لەم ماوەدا ئەگەر دڵتان هاتە سەر ئیسلام ئەوە باشە ئەگەرنا قەبووڵ ناکرێ لێتان بە کافری بمێننەوە.

﴿وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِى ٱللَّهِ ۙ وَأَنَّ ٱللَّهَ مُخْزِى ٱلْكَـٰفِرِينَ ۝٢﴾

وە بزانن ئێوە ناتوانن خودا بێ‌دەست بکەن کە نەتوانێ بەرانبەری ئێوە بکا و یاخود نەتوانێ ئێوە بفەوتێنێ، بەڵکوو تەوانایی خودا دەرکەوت، وە بزانن کە خودا کافرەکان رسوا ئەکا.

وە بزانن! ئەو چوار مانگی ماوەی مۆڵەتە بۆ کافرەکان عیبارەت بوو لە «شەوال» و «ذي‌القعدة» و «ذي‌الحجة» و «محرم» چونکی ئەو ئایەتە لە مانگی شەوالدا نازڵ بووە.

وە بازێ فەرموویانە: ئەو ماوەیە بیست رۆژ بووە لە «ذیالحجە» و تەواوی «محرم» و «صفر» و «ربیع‌الأول» وە دوو رۆژ لە «ربیع‌الثاني» چونکی تەبلیغی ئەم حوکمە لە رۆژی جەژنی قوربانا بووە لە لایەنی حەزرەتی عەلییەوە ﵁ وە مۆڵەتەکە لە کاتی راگەیاندنەوە حسێب ئەکرێ.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ وَأَذَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ إِلَى ٱلنَّاسِ يَوْمَ ٱلْحَجِّ ٱلْأَكْبَرِ أَنَّ ٱللَّهَ بَرِيٓءٌ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ۙ وَرَسُولُهُۥ ۚ ﴾

واتە: ئەمە کە ئێستە بەیانی ئەکەین خەبەردان و جاڕدانە بە ناو کۆمەڵەی ئادەمیزادا لە لایەنی خودا و پێغەمبەری خوداوە لە ڕۆژی حەجی زۆر گەورەدا وە جاڕەکە ئەمەیە کە: خودا و پێغەمبەری خودا بەرین و دوورن و بێ‌مەحەبەتن و بێ‌پەیوەندن بە کافرە موشریکەکانەوە و بە هیچ جۆر میانەمان پێکەوە نییە.

﴿فَإِن تُبْتُمْ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِى ٱللَّهِ ۗ ﴾

جا ئەگەر تەوبەتان کرد لە کافرێتی و هاوڕێ قەراردان بۆ خودا و دینی تەوحیدتان گرتە ئەستۆی خۆتان ئەوە زۆر باشە بۆ دنیا و قیامەتتان، وە ئەگەر پشتتان هەڵکرد لە دینی تەوحید کە دینی ئیسلامە ئەوە بزانن ڕزگار نابن لە دەستمان و ئێوە ناتوانن خودا ماتڵ بکەن لە ئیش‌کردن و زاڵ‌بوون بەسەر ئێوەدا.

﴿وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣﴾﴾

وە موژدە بدەن بەوانە کە کافرن بە سزایەکی سەخت لە لایەنی خوداوە.

﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ثُمَّ لَمْ يَنقُصُوكُمْ شَيْـًٔا وَلَمْ يُظَٰهِرُوا۟ عَلَيْكُمْ أَحَدًا فَأَتِمُّوٓا۟ إِلَيْهِمْ عَهْدَهُمْ إِلَىٰ مُدَّتِهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٤﴾﴾

واتە: خودا و پێغەمبەری خودا لە ڕۆژی حەجی گەورەدا ئیعلانی بەرائەت و نەمانی پەیمان ئەکەن لەگەڵ موشریکەکانا ئەوانە نەبێ کە پەیمانتان لەگەڵدا کردوون

www.iqra.ahlamontada.com

و لە پاشا هیچ شەرتێ لە شەرتەکانیان نەفەوتان و تێکیان نەدا و نەیان دایە پاڵی کەس و هیچ دوژمنێکیان پشتقایم نەکرد لەسەرتان ئەوە ماوەی پەیمانەکەیان بۆ تەواو بکەن و زیانیان لێ مەدەن تا ماوەی ئەو پەیمانە تەواو ئەبێ، بە راستی خودا ئەو کەسانەی خۆش ئەوێ کە خۆیان ئەپارێزن لە پەیمانشکاندن.

﴿فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلْأَشْهُرُ ٱلْحُرُمُ فَٱقْتُلُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَٱحْصُرُوهُمْ وَٱقْعُدُوا۟ لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ﴾

جا کاتێ ئەو مانگانە کە شەڕکردن لەگەڵ کافرەکان حەرام کراوە تیایانا رابوردن، وەکوو باسمان کردن، ئەمجار موشریکەکان بکوژن لە هەر شوێنێکا دەستان بکەون وە بیان گرن بە دیل و حەسریان بکەن و مەیەڵن هاتوچۆ و ئاڵوویر بکەن وە یان مەنعیان بکەن لە چوون بۆ ناو مزگەوتی حەرام وە بۆیان دابنیشن لە هەموو رێبازێکدا وە لە هەموو شوێنێکی وەهادا کە مەزەنەی کوشتن و گرتنیان بێ.

﴿فَإِن تَابُوا۟ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ فَخَلُّوا۟ سَبِيلَهُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ۝٥﴾

جا ئەگەر تەوبەیان کرد لە کوفر و نوێژەکانیان کرد و زەکاتیان دا ئیتر رێگەیان بەرەڵا بکەن و لە جوملەی خۆتان تەماشایان بکەن؛ چونکی بە راستی خودا تاوانبەخش و میهرەبانە.

**لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە:**

**[باسی]** یەکەم: ئەمەیە بە زاهیر فەرق نییە لە بەینی ئایەتی یەکەم و دووەم لە مەعنادا؛ چونکی هەردوولایان ئیعلانی بەرائەت و جیابوونەوەیە لە پەیمانی موشریکەکان ئیتر سوودی ئەم تەکرارە لەم دوو ئایەتەدا چییە؟

www.iqra.ahlamontada.com

وەڵامەکەی ئەمەیە: [یەکەم] مەبەست لە ئایەتی یەکەم بەرائەتەکە بوو، وە مەبەست لە ئایەتی دووەم ئیعلانی ئەو بەرائەتەیە. دووهەم: مەبەست لە ئایەتی یەکەم بەرائەتە لە عەهد و پەیمان لەگەڵ موشریکەکانا. وە مەبەست لە ئایەتی دووهەم قەتعی مەحەبەت و دۆستییە لەگەڵ هەموو کافرەکاندا خواه موشریك بن یا ئەهلی کیتاب، وە لە ناو موشریکەکانا خواه پەیمانیان بووبێ یا پەیمانیان نەبووبێ. سێهەم: مەبەست لە ئایەتی یەکەم بەرائەتە لەو کافرە موشریکانە کە پەیمانیان هەڵوەشاندووەتەوە، بەڵام مەبەست لەم ئایەتە بەرائەتە لە موشریکەکان بە بێ‌قەید و سیفەت.

**باسی دوەم**: مەبەست لە حەجی ئەکبەر چییە؟ وەڵامەکەی ئەمەیە: ئیبنوعەباس و جەماعەتێ ئەڵێن رۆژی حەجی ئەکبەر رۆژی عەرەفەیە؛ چونکی حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «الحج عرفة» لەبەر ئەوە کە هەموو حاجییەکان لە یەك رۆژا واجبە لەو شوێنەدا گردببنەوە، واتە لە پاش زەوالی رۆژی نۆهەمی «ذي‌الحجه» هەتا تولووعی فەجری رۆژی جەژن بەڵام باقی رۆژەکان وەها نین.

وە حەزرەتی عەلی و ئیبنوعەباس لە ریوایەتێکی دووهەما وە گەلێ لە زاناکان فەرموویانە: رۆژی حەجی ئەکبەر رۆژی جەژنە؛ چونکی مەناسیکی حەج وەکوو رەمی جەمرەی گەورە و سەرتاشین و حەیوان سەربڕین و تەوافی روکن، هەموو لەم رۆژی جەژنەدا جێبەجێ ئەبێ.

وە بازێ فەرموویانە: حەجی ئەکبەر حەجە هەرچۆن بێ، وە حەجی ئەسغەر عومرەیە؛ چونکە پایەی وەکوو حەج نییە.

وە عامەی ناس ئەڵێن: حەجی ئەکبەر حەجێکە کە راوەستانی عەرەفەی لە رۆژی جومعەدا بێ، بەم ئیعتیبارە کە رۆژی جومعە رۆژی حەجی مەساکینە و راوەستانی ئەو عالەمە زۆرەیش لە خاکی عەرەفاتا ئەبێ بە دوو حەج.

www.iqra.ahlamontada.com

وە ئیبنوکەسیر ریوایەتی ئەکا کە حەزرەت ﷺ لە ساڵی «حجة الوداع»دا لە عەرەفاتا خوتبەی خوێندەوە بەسەر موسوڵمانانا فەرمووی: ئەم رۆژە رۆژی حەجی ئەکبەرە.

بەڵام لەم مەوزووعەدا حەدیسێکی سەحیح هەیە کە بوخاری ریوایەتی کردووە لە ئیبنوعومەرەوە رضي الله عنهما ئەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ لە رۆژی جەژنی قورباندا لە ساڵی «حجةالوداع»دا راوەستا لە بەینی کۆگا بەردەکانا و فەرمووی: ئەم رۆژە چ رۆژێکە؟ عەرزیان کرد: رۆژی جەژنی قوربانە. فەرمووی: ئەم رۆژە رۆژی حەجی ئەکبەرە. وە ئەم حەدیسە ریوایەت کراوە لە لایەنی ئەبوداوود و ئیبنوماجەوە بە «مەوسوولی». وە ئەم قسە ئیتر قسەی حەقە و نیزاع ئەبڕێتەوە لەوەدا کە رۆژی حەجی ئەکبەر رۆژی جەژنی قوربانە.

هەروا نەسی ئایەتی: ﴿وأذان من الله ورسوله إلى الناس يوم الحج الأكبر﴾ دەلیلی قەتعییە لەسەر ئەوە کە ئەو رۆژە حەزرەتی عەلی رضي الله عنه ئیعلانی بەرائەتی کرد رۆژی حەجی ئەکبەر بووە وە ئەو رۆژە جەژنی قوربان بوو، کەوابێ بە نەسی ئایەت رۆژی حەجی ئەکبەر رۆژی جەژنی قوربان بووە، وە بازێ کەس ئەڵێن لە دینی ئیسلاما دیارە حەج روکنێکە لە ئەرکانی خەمسەی ئیسلام، وە ئەم روکنە کاتێ موسوڵمان کەوتە ناویەوە لە کاتی ئیحرام بەستنەوە ئیتر رۆژەکانی هەموو رۆژی حەجن، بەڵام لەم رۆژانەدا رۆژی حەجی زۆر گەورە دەست نەدا رۆژی عەرەفە بێ لەبەر ئەوە کە قەرەباڵغی حەجاج هەمووی لە یەك عەرزا گردئەبێتەوە مەگەر بازێ دواکەوتوو، یانی بازێ کە نەگەیشتبن بە راوەستانی عەرەفەدا لەگەڵ کۆمەڵی موسوڵمانانا.

وە دەست نەدا رۆژی جەژن بێ؛ چونکی زۆربەی ئادابی حەج لەو رۆژەدا جێبەجێ ئەبێ کەوابێ بەیانی حەجی ئەکبەر بە هەرکام لەو دوو رۆژانە بکرێ دروستە.

www.iqra.ahlamontada.com

زیاد لەمانە زۆر نزیکە کە مەعنای «الحج الأکبر» لەسەر ئەوە بێ کە رۆژی حەجێکە سەرکەوتنی ئیسلامی تیا دەرکەوتووە بەسەر کوفرا و موسوڵمانەکان هەموو بە بێ ترس و بیم ئادابی حەج بەجێ دێنن و لەسەر ئەم مەعنایە ئەو حەجە کە ئەبووبەکری سدیق ئەمیر بوو تیایا لە ساڵی نۆدا رۆژی حەجی ئەکبەر بوو، لەبەر ئەوە ئیسلام سەرکەوتبوو و حەزرەتی عەلی توانی کە ئیعلانی بەرائەتی خودا و پێغەمبەر و موسوڵمانان بکا لە کافران، هەروا ئەو رۆژەیش کە حەزرەت ﷺ حەجی تێدا کرد لە ساڵی دەدا هەر «حج الأکبر» بوو لەبەر ئەوە کە سەرکەوتنی ئیسلام زیاتر و ژمارەی حەجاجی موسوڵمان زۆرتر بووە لە ساڵی نۆ، وە هەموو موسوڵمانانیش یەك دڵ بوون، وە پاش ئەم دوو حەجە ئیتر هیچ حەجێ نەبووە کە موسوڵمانان وەها یەك دڵ بووبن و سەرشاری پیرۆزی بووبن، چونکە لە حوزووری پێغەمبەرا ﷺ بوون.

**باسی سێهەم:** خاوەن تەفسیرەکان فەرموویانە: تەئجیلی ئەو چوار مانگە بەم یاسا بووە: ئەوانە کە عەهدیان شکاندووە و عەهدیان زیاد بووە لە چوار مانگ، بێنە خوارەوە بۆ چوار مانگ، وە ئەوانە کە عەهدیان نەبووە وە یا عەهدیان نەماوە چوار مانگیان بۆ دابنرێ، وە ئەوانەی کە عەهدیان کەمتر بووە لە چوار مانگ لەو تەئریخەوە چوار مانگیان بۆ بڕیار بدرێ، وە ئەوانە کە عەهدیان نەشکاندووە لەسەر ماوەی عەهدی خۆیان بمێنن.

وە مەبەست لەم جاڕدان و ئاگادارکردنەوە چەن شتێ بووە:

**یەکەم:** ئەو کافرانە لە ماوەی ئەو چوار مانگەدا باش تەماشای کاری خۆیان بکەن، وە بزانن کە پاش ئەو ماوە مەجالی سێ شتیان هەیە: یا جەنگ، وە یا موسوڵمان بوون، وە یا جیزیەدان ـ بۆ ئەوانەیان کە ئەهلی کیتابن ـ جا وەزعی وەها ئەبێ بە هۆی ئەوە کە دینی ئیسلام قەبووڵ بکەن.

www.iqra.ahlamontada.com

دووەم: هەتا موسوڵمانان نیسبەت نەدرێن بە هەڵوەشاندنەوەی عەهد و پەیمان.

سێهەم: خودا ویستی موشریکەکان دابگرێ بە جیهاد وە ماوە بۆ هەموویان دابنێ وەکوو یەك لەبەر نیشاندانی ئەوە کە ئیسلام بەهێز بووە وە کافران ئەبێ بترسن لەبەر ئەوە کە ماوە تەواو بوو ئەکەونە ئەمری واقیعەوە.

وە پێویستە بزانن کە لە بیری زۆری زانایاندا وە یا بە ئیجماع وەکوو وتراوە بەم ئایەتە راوەستانی جەنگ لە چوار مانگەی مەشهوور «ذیالقعده» و «ذي‌الحجه» و «محرم» و «رەجەب»دا نەسخ بووەوە، وە دەلیل لەسەر ئەمە ئەوەیە کە حەزرەت ﷺ لە مانگی شەوالدا ـ هەرچەن مەعلووم نەبوو ئەو جەنگە کەی تەواو ئەبێ ـ رۆیشتە سەر قەبیلەی هەوازین وە لە مانگی «ذي‌القعده»دا دەورەی تائیفی دا.

بەڵێ عەتا ئەڵێ حورمەتی ئەو مانگانە و حورمەتی شاری مەککە هەر ماوەتەوە وە دروست نییە جەنگیان تێدا بکرێ مەگەر کە ئەوان دەست پێ بکەن وە یا مەشغووڵی ئامادەبوون بن بۆ جەنگ وە ئەو جەنگەی هەوازین و تائیف بەم جۆرە تەئویل ئەکا.

﴿وَإِنۡ أَحَدٞ مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٱسۡتَجَارَكَ فَأَجِرۡهُ حَتَّىٰ يَسۡمَعَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ أَبۡلِغۡهُ مَأۡمَنَهُۥۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَعۡلَمُونَ ٦﴾

وە ئەگەر یەکێ لەو کافرانە کە فەرمان‌دراوە بۆ دەست بۆ بردنی، پەنای هێنا بە تۆ ئەوە تۆ تەئمینی بکە و ئەمانی پێ‌بدە بۆ ئەوە کەلامی خودا ببیسێ و فکر بکاتەوە لە حەقیقەتی ئیسلامدا، جا ئەگەر موسوڵمان بوو ئەوە باشە، وە ئەگەر موسوڵمان نەبوو بیگەیەنەوە بۆ جێگەی ئەمینی خۆی، کە ئەو شوێنەیە زوو تیایا بووە، وە ئەم تەئمین‌کردنەمان بۆ ئەوە قەرار داوە کە ئەو کافرانە کۆمەڵێکن نازانن ئیمان چییە و قورئان چۆنە و ئیسلامییەت چەندە بەسوودە، وە هیوایە لەو ماوەدا کە لە ناو ئێوەدا

www.iqra.ahlamontada.com

دەوام ئەکا سوحبەتی تۆ وە یاران وە بیستنی بازێ شتی بە قیمەت تەئسیر بکا لە دڵی کابرادا وە ئیمان بێنێ.

﴿كَيْفَ يَكُونُ لِلْمُشْرِكِينَ عَهْدٌ عِندَ ٱللَّهِ وَعِندَ رَسُولِهِۦٓ إِلَّا ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّمْ عِندَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ۖ فَمَا ٱسْتَقَٰمُوا۟ لَكُمْ فَٱسْتَقِيمُوا۟ لَهُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٧﴾﴾

واتە چلۆن و بە چ حاڵێکەوە ئەو کافرانە عەهد و پەیمانی راستی دامەزراویان ئەبێ کە لە لای خودا و پێغەمبەر جێگەی ئیعتیبار بێ جگە لەو کافرانە کە لە لای «مسجد الحرام»دا موعاهەدەتان لەگەڵدا کردن؟ کە ئەوانە بوون نەیانشکاند، ئەمانە مادام لەسەر ساغی و راساڵی مانەوە لەگەڵ ئێوەدا ئێوەیش لەگەڵ ئەواندا پەیمان راگربن؛ چونکی بە راستی خودا خۆشی دێ لەوانە کە لە نافەرمانی خودا خۆیان ئەپارێزن.

﴿كَيْفَ وَإِن يَظْهَرُوا۟ عَلَيْكُمْ لَا يَرْقُبُوا۟ فِيكُمْ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً ۚ يُرْضُونَكُم بِأَفْوَٰهِهِمْ وَتَأْبَىٰ قُلُوبُهُمْ وَأَكْثَرُهُمْ فَٰسِقُونَ ﴿٨﴾﴾

چلۆن عەهد و پەیمان ئەبێ بۆ موشریکەکان وەلحاڵ من ئەزانم کە حاڵی ئەوان وایە ئەگەر رۆژێ هەڵکەوێ دەستیان بڕوا بەسەرتانا موراعاتی هیچ پەیوەندی و موراعاتی سیلەی رەحم ناکەن و تەماشای مروەت و ویژدان ناکەن؟! ئەمانە لە کاتێکدا داماوبن بە زمان قسەی دۆستیتان بۆ ئەکەن و رازیتان ئەکەن بە وادەی ئیمان و ئیتاعە و وەفاکاری وە لە عەینی کاتا دڵیان مانیعە لە بەجێهێنانی ئەو شتانە کە ئەیڵێن وە زۆربەی ئەوانە فاسقن و دەرچوون لە یاسای ئەخلاقی بەرزی ئینسانانە. «إلّ» سوێندە، «ذمة» پەیمانە، یا ئەو پەیمان و ئەم ویجدانە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ٱشۡتَرَوۡاْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ ثَمَنٗا قَلِيلٗا﴾

وەریان گرتووە ـ لە باتی فەرمانبەرداری ئایاتی خودا بە ئیمان هێنان و کردەوەی پاك و چاك ـ تۆڵەیەكی كەم لە دنیا ئەوانەیان کە وا نەداران وە یا تۆڵەیەکی بێ‌نرخ لە ئارەزووبازی ئەوانەیان کە دارا و خاوەن دەسەڵاتن.

﴿فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِهِۦٓۚ﴾

جا هاتن مەنعی خەڵکیان کرد لە قەبووڵی سولووکی ڕێگەی خودا کە ئیمانە بە قورئان.

﴿إِنَّهُمۡ سَآءَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٩﴾

ئەمانە بە ڕاستی زۆر خراپە ئەوەی کە ئەوان ئەیکەن.

﴿لَا يَرۡقُبُونَ فِي مُؤۡمِنٍ إِلّٗا وَلَا ذِمَّةٗۚ﴾

چاودێری ناکەن بەرابەر بە موسوڵمانان نە عەهد و پەیمان و نە خزمایەتی و ویژدان.

﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُعۡتَدُونَ ١٠﴾

وە ئەوانە هەموو ئەهلی ستەمکاری و جەفابارین.

﴿فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ فَإِخۡوَٰنُكُمۡ فِي ٱلدِّينِۗ وَنُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ١١﴾

جا ئەگەر ئەو کافرە موشریکانە پەشیمان بوونەوە لە کوفر و ئیشراك و نوێژەکانیان بە دەوام کرد و زەکاتی ماڵی خۆیانیان دا بە موستەحەقان، ئەوە لەو کاتەدا ئەبن بە براتان لە دینی ئیسلاما و موساوی ئەبن لە حوقووقی دنیا و قیامەتا، وە ئێمە ئەم ئایاتە بە درێژی نازڵ ئەکەین بۆ قەومێ کەوا زانا بن بە حەقیقەت.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَإِن نَّكَثُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُم مِّنۢ بَعۡدِ عَهۡدِهِمۡ وَطَعَنُواْ فِي دِينِكُمۡ فَقَٰتِلُوٓاْ أَئِمَّةَ ٱلۡكُفۡرِ إِنَّهُمۡ لَآ أَيۡمَٰنَ لَهُمۡ لَعَلَّهُمۡ يَنتَهُونَ ١٢﴾

مادام ئەوان ئەو عەهدەیان شکاند کە لەگەڵ ئێوەدا بەستبوویان وە لە پێش ئەوەیشدا عەزمیان کرد لەسەر دەرکردنی پێغەمبەری خودا لە مەککە، دەی بزانن ئەوانە پێشەوای عالەمی کوفرن وە ئێوەیش چاوەڕێتان لێ دەکرێ کە جەنگ بکەن لەگەڵ پێشەوایانی کوفرا؛ چونکە بە راستی ئەوانە عەهد و پەیمانیان نییە، بەڵکوو بە هۆی ئەو جەنگی ئێوەوە دەسبەردار ببن لەم ناعەهدی و نامەردییە.

﴿أَلَا تُقَٰتِلُونَ قَوۡمٗا نَّكَثُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ وَهَمُّواْ بِإِخۡرَاجِ ٱلرَّسُولِ وَهُم بَدَءُوكُمۡ أَوَّلَ مَرَّةٍۚ﴾

ئایا جەنگ ناکەن لەگەڵ قەومێکدا کە عەهد و پەیمانی خۆیان شکاند و دایانە پاڵ هۆزی «بەنیبەکر» بۆ ئەوە بچن بە گژی «خەزاعە»دا کە هاوپەیمان بوون لەگەڵ ئێوەدا وە لەوە پێش قەسدی دەرکردنی پێغەمبەریان کرد لە مەککەدا وە ئەوان لە پێشا دەستیان کرد بە دەربڕینی عەداوەت و دوژمنایەتی لەگەڵتانا؟

﴿أَتَخۡشَوۡنَهُمۡۚ فَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخۡشَوۡهُ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ١٣﴾

ئایا ئێوە لەوانە ئەترسن لەگەڵ ئەوەدا قیمەتیان نییە لە لای شەوکەتی ئیسلاما ئیمرۆ؟ ئەگەر لەوانە ئەترسن بزانن ئەوە کارێکی باش نییە؛ چونکە خودای تەعالا شیاوترە بۆ ئەوە کە لێی بترسن ئەگەر بە راستی موسوڵمانن و خاوەن ئیمانن.

﴿قَٰتِلُوهُمۡ يُعَذِّبۡهُمُ ٱللَّهُ بِأَيۡدِيكُمۡ وَيُخۡزِهِمۡ وَيَنصُرۡكُمۡ عَلَيۡهِمۡ وَيَشۡفِ صُدُورَ قَوۡمٖ مُّؤۡمِنِينَ ١٤﴾

www.iqra.ahlamontada.com

برۆن بە گژیانا و جەنگیان لەگەڵدا بکەن، ئەگەر ئێوە ئەوە بکەن خودا بە دەستی ئێوە سزایان ئەدا و ئەیانکوژێ و رسوایان ئەکا و ئێوە زاڵ ئەکا بەسەریانا و شیفای ئێش و ئازاری دڵی ئەو موسوڵمانانە ئەدا کە بە دەستی ئەوان تووشی ئازار بوون.

﴿ وَيُذْهِبْ غَيْظَ قُلُوبِهِمْ ۗ وَيَتُوبُ ٱللَّهُ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٥﴾ ﴾

وە بە هۆی زاڵبوونی ئێوە بە سەر ئەوانا ئەو کینە و عەداوەتە کە لە دڵی موسوڵمانەکانا بووە ـ لە پێشدا ـ بە هۆی نامەردی ئەو کافرانەوە هەمووی لا ئەبا، وە ئەگەر کەسێ لەو کافرانە تەوبەی لە کوفر و نامەردی کرد و گەڕایەوە بۆ ئیسلام و کردەوەی چاکە، خودای تەعالا تەوبەی لێقەبووڵ ئەکا وە خودای تەعالا زانایە بە راز و نیازی هەموو کەسێ و خاوەن حیکمەتە لە زاڵکردنی هەرکەسێ وە یا هەر قەومێ بەسەر کەسێ یا قەومێ‌ترا.

﴿ أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تُتْرَكُوا۟ وَلَمَّا يَعْلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَٰهَدُوا۟ مِنكُمْ وَلَمْ يَتَّخِذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَا رَسُولِهِۦ وَلَا ٱلْمُؤْمِنِينَ وَلِيجَةً ۚ وَٱللَّهُ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿١٦﴾ ﴾

ئەم ئایەتە خیتابە لەگەڵ ئەو بازە موسوڵمانانە کە مەیلیان لەسەر جیهاد نەبووە، واتە، ئایا ئێوە گومانتان وایە هەروا بەرەڵا بکرێن وە داوای جیهاد و زەحمەت کێشانتان لێ نەکرێ وە هێشتا ئێوە لە رێگەی خودادا کارێکی واتان نەکردبێ خودا پێی خۆش بێ و جیهادێکتان نەکردبێ لەبەر بەرزکردنەوەی کەلیمەی حەقدا و عیلمی خودا تەعەللوقی نەبەستبێ بە کردەوەیەکی وەهاوە شیاوی تەقدیر بێ؟ وە بەو کەسانەوە کە ئەوەندە موخلیس و ساغن لە خزمەتی دینا کە غەیری خودا و پێغەمبەری خودا

www.iqra.ahlamontada.com

و موسوڵمانەکان کەسی نەکردبێ بە مەحرەمی ئەسراری خۆی بۆ ئەوە کە باسی حاڵی موسوڵمانەکان بگەیەنێ پێیان وە لە ئەسراری ناو ئیسلام ئاگادار بن، وە بزانن کە خودا ئاگادارە لەسەر ئەوەی ئێوە ئەیکەن.

مەبەست لەم ئایەتە ئەمەیە کە پێویستە ئینسانی موسوڵمان جیهاد بکا لە ڕێگەی خودادا وە نەفس و ماڵی خۆی بە ساغی بکا بە قوربانی دین، وە لەگەڵ ئەمەدا پێویستە زۆر وریا و مەرد و بە ئیدارە بێ، وە «وليجة» دروست نەکا، واتە نەبێ بە دۆستی بازێ ئینسانی دەغەڵ کە بە جاسووسی دێن قسەی لێ وەرئەگرن و ئەسراری موسوڵمانان ئەدزن، وە یاخود ئەم موسوڵمانە خۆی ئەوەندە بۆش و ناساغ و بێهۆش بێ بڕوا دۆستی بکا لەگەڵیانا وە ئەسراری موسوڵمانیان پێ بڵێت بەڵکوو ئەمانە وەکوو زۆڵەك وان و هەزار جیهاد بکەن نرخی پیازێکی نییە.

﴿مَا كَانَ لِلْمُشْرِكِينَ أَن يَعْمُرُوا مَسَاجِدَ اللَّهِ شَاهِدِينَ عَلَىٰ أَنفُسِهِم بِالْكُفْرِ ۚ أُولَٰئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ وَفِي النَّارِ هُمْ خَالِدُونَ ﴿١٧﴾﴾

دروست نییە و ڕەوا نییە بۆ کافرە موشریکەکان کە مزگەوت دروست بکەن یان مزگەوتەکان ئاوەدان بکەنەوە و خزمەتیان بکەن لەگەڵ ئەوەدا کە شەهادەت بدەن لەسەر نەفسی خۆیان بە کوفر و بیر و باوەڕی ئیشراکیان ببێ و کردەوەی کافرانە بکەن، ئەو جۆرە ئینسانانە مادام لەسەر ئەو حاڵە ناشیرینە بمرن ئەوە هەر کردەوەیەکی، بە دیمەن چاکیان، کردبێ پووچ و بێنرخ و بێبایەخە وە لە ئاگری دۆزەخدا ئەمێننەوە هەتا هەتایە.

﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللَّهِ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلَّا اللَّهَ ۖ فَعَسَىٰ أُولَٰئِكَ أَن يَكُونُوا مِنَ الْمُهْتَدِينَ ﴿١٨﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

نەوەك راستە و خاوەن قیمەتە كردنەوەی مزگەوتەكانی خودا مەگەر لەو كەسانەوە كە ئیمانیان هەیە بە خودای تاق و تەنیا، وە ئیمانیان هەیە بە رۆژی قیامەتی نەبڕاوە وە بە وەرگرتنی جەزای بیر و باوەڕ و كردەوەی چاك و خراپ، وە ئەو كەسانە كە دەوامیان كردووە لەسەر بەجێهێنانی نوێژەكانیان، وە ئەو كەسانە كە زەكاتی ماڵی خۆیانیان داوە بە خاوەن حەقەكان و لەگەڵ ئەم حاڵەتانەدا نەترسێ لە خودا نەبێ و ئیمان و باوەڕی وەها بێ خێر و شەڕ هەر لە لای خوداوە ئەبێ. جا ئەو كەسانە كە ئەم سیفەتانەیان تێدابێ هیوا وایە لەوانە بن شارەزا بن بۆ رێگەی رەزای خودا و بۆ پیرۆزی و بەختەوەری هەردوو دونیا.

﴿أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ ٱلْحَآجِّ وَعِمَارَةَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ كَمَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ وَجَـٰهَدَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ لَا يَسْتَوُۥنَ عِندَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿١٩﴾﴾

ئایا ئێوە قەراری ئەوەتان داوە كە ئاوەدانكردنەوە و دروستكردنی مزگەوتی حەرام و ئاودان بە حاجیانی ماڵی خودا وەكوو بیر و باوەڕ و كردەوەی چاك و غەزاكردنی ئەوانەیە كە ئیمانیان هێناوە بە دینی ئیسلام وە باوەڕی هەیە بە خودا و پێغەمبەری خودا و جیهادی كردووە لە رێگەی بەرزەوەكردنی كەلیمەی تەوحیدا؟ قەراری وەها مەدەن؛ چونكە ئەم دوو تاقمە ئینسانە وەك یەك نین، موسوڵمانەكان موهتەدین و جێگەی رێزن لای خودا و ئەوانی‌تر ستەمكارن و خودا ستەمكاران شارەزا ناكا بۆ خێر.

ریوایەت كراوە: كاتێ كە حەزرەتی عەباس گیرا بە دیل، حەزرەتی حەمزەی مامی پێغەمبەر ﷺ بازێ ناموناسبی لەگەڵدا كرد، ئەویش وتی: ئێمە وەكوو ئێوەین و خزمەتی كەعبەمان كردووە و ئاومان داوە بە حاجیان.

www.iqra.ahlamontada.com

جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو بۆ ئەوە بزانن کە ئەو جۆرە خەڵکە لە پێش ئیسلاما فەرقیان لەگەڵ موسوڵمانانا وەکوو بەینی عەرز و عاسمانە.

﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَهَاجَرُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ أَعْظَمُ دَرَجَةً عِندَ ٱللَّهِ ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ ﴿٢٠﴾﴾

ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە و کۆچیان کردووە لە مەککەوە بۆ مەدینە و ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ‌هێشتووە و جیهادیان کردووە لە ڕێگەی خودادا بە دارایی خۆیان و بە پێشکەش‌کردنی گیانی خۆیان ئەوانە زۆر گەورەترن لە پایەدا بەلای خوداوە، نەك هەر گەورەترن بەڵکوو هەر تەنیا ئەوانن سەرفراز و گەیشتوو بە کەرامەت لە لای خوداوە.

﴿يُبَشِّرُهُمْ رَبُّهُم بِرَحْمَةٍ مِّنْهُ وَرِضْوَٰنٍ وَجَنَّٰتٍ لَّهُمْ فِيهَا نَعِيمٌ مُّقِيمٌ ﴿٢١﴾﴾

خودا موژدەیان ئەداتێ لە ڕۆژی قیامەتا، لەسەر زمانی فریشتەکان یا بە بانگی خۆی وە یا لە دنیادا لە سەر زمانی پێغەمبەر ﷺ یا بە عیباراتی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، بەوە کە ڕەحمەت و نیعمەت و کەرەمی خۆی ئەگا پێیان و موژدەیان پێ ئەدا وەها بە چەن بەهەشتێ کە هەیە بۆ ئەوان لەو بەهەشتانەدا نیعمەتی دامەزراوی نەبڕاوە.

﴿خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۚ﴾

کە ئەم موسوڵمانانە ئەمێننەوە و نەمرن لەو بەهەشتانەدا هەتا هەتایە.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥٓ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿٢٢﴾﴾

بە ڕاستی خودای تەعالا پاداشی گەورە و بە نرخی لە لایە بۆ ئەوانە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوٓا۟ ءَابَآءَكُمْ وَإِخْوَٰنَكُمْ أَوْلِيَآءَ إِنِ ٱسْتَحَبُّوا۟ ٱلْكُفْرَ عَلَى ٱلْإِيمَـٰنِ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴿٢٣﴾﴾

ئەم ئایەتە لەو کاتەدا هاتە خوارەوە کە نۆ کەس لە عەرەبەکان کە ئیمانیان هێنا بوو پاشگەز بوونەوە و لە دین وەرگەڕانەوە و ڕۆیشتنەوە پاڵیان دا بە کافرەکانی مەککەوە وە ئەمە لە پێش فەتحی مەککەدا نازڵ بووە.

وە خودا ئەفەرموێت هەرکەسێ ئیختیاری کوفر بکا بەسەر ئیمانا با باوك و برای خۆیشتان بن ئەوانە ستەمکارن، وە پێویستە تەرکیان بکەن و وازیان لێ بێنن و دۆستییان لەگەڵدا مەکەن و پەیوەندیتان ببچڕێنن لەگەڵیانا.

وە بازێ فەرموویانە: ئەم ئایەتە هاتووەتە خوارەوە لەو کاتەدا کە حەزرەت ﷺ فەرمانی دا بە کۆچکردنی موسوڵمانەکان لە مەککەوە بۆ مەدینە، جا لەو کاتەدا باوك و برا و خزمەکانیان دەستیان ئەهێنایە ڕێگەیان و لێیان ئەپاڕانەوە و ئەیانوت: کۆچ مەکەن؛ چونکی ئەگەر ئێوە لە مەککەدا نەمێنن ئێمە ژیوارمان نامێنێ و تیجارەت و کاسبیمان بۆ ناکرێ، جا ئایەتەکە هاتە خوارەوە بۆ باسی ئەوە کە پێویستە ئینسان مەسەلەی ئیسلام و کۆچکردن لەبەر خزمەتی ئیسلام بخاتە پێش هەموو ئیعتیباراتێکی ترەوە و نابێ موسوڵمان موبالات بکا بەو برا و باوك و منداڵ و خزم و خوێشە لە کاتێکدا کە ئەمانە ببن بە مانیع لە خزمەتکردنی ئایینی ئیسلام.

وە بازێ فەرموویانە: کە ئەم ئایەتەیش پەیوەندی هەیە بە ئەوەڵی سوورەتەکەوە، واتە کاتێ کە خودا ئیعلانی ئەوەی کرد ئەبێ موسوڵمانان بەری بن لە کافران و پەیمان و پەیوەندییان پێکەوە نەبێ، بازێ لە موسوڵمانەکان وتیان: چۆن ئەبێ بەم

www.iqra.ahlamontada.com

جۆرە پەیوەندی ببڕین لەگەڵ ئەوەدا کە گەلێ کار و فەرمانمان بەسراوە بە یەکەوە، وە ئەوانە کە بەرائەتمان لێ داوا کردوون زۆر پەیوەندی خزمایەتی و ژیوارمان پێکەوەیە؟ جا خودا فەرمووی: ئەی موسوڵمانەکان ریعایەتی دینی ئیسلام وا لە ژووری هەموو ئیعتیباراتێکەوە و موسوڵمانی ساغ پێویستە ئیسلام بکا بە ئامانجی خۆی و لە هەموو ئیعتیباراتێکی‌تر دوور بکەوێتەوە.

واتە: ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام باوك و براکانی خۆتان مەگرن بە دۆست و هاوپەیوەند ئەگەر ئەوان ئیختیاری کوفریان کرد بە سەر ئیسلامدا وە هەرکەسێ لە ئێوە کە ئەوانە بکا بە دۆست، لەو کاتەدا کە ئەوان کافرن، ئەوە بە راستی ئەمانە ستەم ئەکەن لە خۆیان و خۆیان ئەهاونە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

﴿ قُلْ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَٰنُكُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَٰلٌ ٱقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرْضَوْنَهَآ أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٍ فِى سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٤﴾ ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بفەرموو بەو موسوڵمانانە کە وان لە نزیکتا: ئەگەر باوکەکانتان و کوڕەکانتان و براکانتان و ژنەکانتان و تیرەو قەبیلەکەتان و ئەو دارایی و ماڵە کە پەیداتان کردووە و ئەو ماڵی تیجارەتە کە ترستان هەیە نەفرۆشرێ و زیان بکا و ئەو خانوو بەرەیە کە دڵتان پێیان رازییە، ئەمانە خۆشەویسترن لە لای ئێوە لە خودا و پێغەمبەری خودا ﷺ و غەزاکردن لە رێگەی خودادا، دەی راوەستن هەتا خودا ئەو عوقووبەتە و ئەو ئازارە کە ئامادەی کردووە بۆ ئەو جۆرە کەسانە ببارێنێ بەسەرتانا، نەکەن قەت کارێکی وەها ببێ بە هۆی هاتنی سزای خودا بۆ سەرتان؛

www.iqra.ahlamontada.com

چونکی ئەگەر حاڵتان وەهابێ بە فاسق و خاریج لە ڕێگە ئەژمێررێن و قەت ئیتر شارەزای ڕێگەی ڕزگاری نابن؛ چونکی خودا هیدایەتی کۆمەڵەی فاسقەکان نادا.

﴿ لَقَدْ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ فِى مَوَاطِنَ كَثِيرَةٍ ۙ وَيَوْمَ حُنَيْنٍ ۙ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْـًٔا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ ﴿٢٥﴾ ﴾

ئەی موسوڵمانەکان پێویستە ئێوە هەموو کاتێ فەرمانی خوداتان لە هەموو شتێ زیاتر لەلا بە قیمەت بێ وە پێویستە ئێوە سوپاسی خودا بکەن لەسەر ئەوە کە لە کوفر و تاریکی گومڕاهی دەری‌کردن بۆ ڕووناکی ئیمان وە لە بێ‌دەستی بۆ دەسەڵات وە لە چەن کاتا خودا یارمەتی دان وە لە چەن ڕەزمگای ئاگریندا دەستی پێوە گرتن و زاڵی کردن بەسەر دوژمنەکاندا، وە بە تایبەتی یارمەتی دان لە ڕۆژی ڕووداوی «حونەین»دا لەو کاتەدا کە زۆری ژمارە و زۆری چەك و مایە ئێوەی بایی کرد و بڕیارتان وەها دا کە کەس زاڵ نابێ بەسەرتانا، کەچی ئەو زۆری ژمارە و داراییە بەکاری هیچ نەهات و ئێوەی بێ‌ئیحتیاج نەکرد بە هیچ جۆرێ و زەوی ڕووی دنیاتان ـ لەگەڵ ئەو گوشادی خۆیەدا ـ لێ تەنگ بوو، وە یا خاکی حونەینتان لەسەر تەنگ بوو جێگەتان نەدەبووەوە تیایا لەگەڵ ئەو گوشادییەیا کە بووی. وە پاش ئەو دڵ تەنگییە پشتتان هەڵکرد و ڕاتان کرد.

﴿ ثُمَّ أَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَعَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ وَأَنزَلَ جُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا ﴾

لە پاشان خودا خۆڕاگری و هێزی دڵی نازڵ کرد بۆ سەر پێغەمبەری خۆی وە بۆ سەر موسوڵمانەکان وە سوپایەکی فریشتەی نارده خوارەوە کە ئێوە ئەو سوپاتانە نەئەبینی.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَعَذَّبَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ۚ وَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٦﴾﴾

وە سزای ئەوانەی دا کافر بوون وە ئێوەی زاڵ کرد بەسەریانا وە ماڵ و دارایی و نەفسیان کەوتنە دەستان وە ئەو جەزایە شێوەی کافرانە.

﴿ثُمَّ يَتُوبُ ٱللَّهُ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٧﴾﴾

وە لە پاش ئەو کارەساتە خودا رەحمەتی خۆی لە قاڵبی قەبووڵی تەوبەدا ئەڕێژێ بەسەر ئەو کەسانەدا کە رایان کرد لە ئەووەڵی جەنگەوە وە بەسەر ئەوانەدا کە موسوڵمان بوون لە کافرەکان.

بزانن! رووداوی حونەین بەم جۆرە بوو: لە پاش ئەوە کە لە ساڵی هەشتی کۆچیدا حەزرەت ﷺ فەتحی شاری مەککەی کرد لە مانگی رەمەزانی پیرۆزا. لە مەککە مایەوە هەتا پاش جەژن، وە لە ئەووەڵی مانگی شەوالدا بیستی کە هۆزی «هوازن» کە مالیکی کوڕی عەوف سەرۆکیان بوو وە هۆزێکی زۆر گەورە و خاوەن دەست بوو زۆر دڵگران بوون لەو فەتحی مەککە و تەگبیریان کرد بێن جەنگی پاڵەوانانە و فیداکارانە بکەن لەگەڵ حەزرەتا، وە هەوازین و سەقیف هەموو سوپایان رێکخست و بەرەو مەککە هاتن هەتا گەیشتن بە حونەین ـ کە شوێنێکە لە بەینی تائیف و مەککەدا مەسافەی سێ مەنزڵ ـ .

کە حەزرەت ﷺ ئەمەی بیست بۆیان دەرچوو لە مەککەی موکەڕەمە لە رۆژی شەممەی شەشی مانگی شەوال بە سوپایەکی گەورەوە کە دوازدە هەزار کەس بوون لە موسوڵمانان دە هەزاریان ئەهلی شاری مەدینە بوون و دوو هەزاریان لەوانە بوون کە موسوڵمان بووبوون لە ئەهلی مەککە، وە حەزرەت عوتابی کوڕی ئوسەیدی کرد

www.iqra.ahlamontada.com

بە عامیل لەسەر مەککە، وە شەوی سێشەممەی دەی شەوال گەیشتە حونەین و لەوێدا جێ‌گیر بوو.

وە یەکێ لە سوپای موسوڵمانەکان هات بۆ ناویان و وتی: من دەرچووم لە ناوتانا و رۆیشتم بۆ ئەوە بزانم هەوازین و سەقیف چەندێکن و چۆنن، کە تەماشام کرد هەوازین بە پیاو و ژن و منداڵ وماڵیاتەوە، لە وشتر و مەڕ و حەیوانات هەموو وان لە فلانە شوێنا لە حونەین، حەزرەت ﷺ زەردەخەنەیێ گرتی و فەرمووی: هەموو سبەینێ بە غەنیمەتی موسوڵمانان ئەبن. لەوێدا پیاوێ وتی: ئێمە قەت مەغلووب نابین (واتە زۆرین)، حەزرەت قسەکەی پێ ناخۆش بوو؛ چونکی بێنی ئەنانییەتی ئەدا.

وە سبەینێ حەزرەت لە کاتی بەرەبەیانا دوو کراسی زرێی لەبەر کرد و خوودەی کردە سەر و سواری هێسترە سپیەکەی بوو کە ناوی «دوڵدوڵ» بوو وە رووی کردە سوپای هەوازین. کە سوپای موسوڵمانان چووە پێشەوە هەوازین لە هەموو شیوێك و لە هەموو دانەیەکەوە هێرشیان هێنا بۆ سەریان (مەکە ئەوان زوو خۆیان ئامادە کردووە) بە یەك جار هەڵمەتیان هێنا، لەویا سوارەی بەنی سولەیم لە مەککەیی رایان کرد و باقی ئەهلی مەککە بە شوێنیانا رایان کرد، وە باقی سوپای مەدینەییەکانیش بە شوێنیانا رایان کرد بە راکردنێکی بێ‌تفاق.

وە لەو کاتەدا لەگەڵ حەزرەتدا ﷺ نەمایەوە دە کەس نەبێ: عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیب و، عەلی کوڕی ئەبوتالب و، فەزڵی کوڕی عەباس و ئەبووسوفیانی کوڕی حاریسی کوڕی عەبدولموتەلیب و، ئەبووبەکری سدیق و، عومەری کوڕی خەتاب و، ئوسامەی کوڕی زەیدی کوڕی حاریسە و چەن کەسێ لە خزمانی حەزرەت ﷺ. وە لە بازێ ریوایەتا هەشتا کەس لە موهاجیرین و ئەنسار لەگەڵ

www.iqra.ahlamontada.com

حەزرەتا ﷺ مانەوە. عەباس لەو کاتەدا لەغاوی هێسترەکەی گرتبوو بۆ ئەوە کە حەزرەت ﷺ پەلە نەکا بڕواتە ناو دوژمنەکانەوە، وە ئەبووسوفیانی کوڕی حەرس وەرزەنگی هێسترەکەی گرتبوو، وە حەزرەت ﷺ ئەیفەرموو: «أنا النبي لاكذب، أنا ابن عبدالمطلب» وە کافرەکانیش تیریان رووبەڕوویان ئەهاویشت.

جا حەزرەت ﷺ فەرمووی بە عەباس: مامە بانگ بکە بڵێ: «يا معشر الأنصار يا أصحاب السمرة» واتە: ئەی کۆمەڵی ئەنساری مەدینە و ئەی ئەو کۆمەڵەی کە لە ژێر دار «سمرە» لە واقیعەی «حودەیبییە»دا بەیعەتتان کرد لەو بەیعەتەی مەشهوور بە «بيعة الرضوان»! ئەویش بانگی کردن، جارێ ئەیوت «يا أصحاب السمرة» وە جارێ «يا أصحاب سورة البقرة» لەبەر ئیشارەت بۆ ئایەتی: ﴿كم من فئة قليلة غلبت فئة كثيرة بإذن الله والله مع الصابرين﴾[1] وە عەباس دەنگی بەرز و تیژ بوو دەنگی زۆر ئەڕۆیشت.

کاتێ عەباس وەها بانگی کردن و ئەسحابەکان دەنگەکەیان ئەناسی، بە جارێ وتیان: «يا لبيك يا لبيك» بە جارێ گەڕانەوە بۆ لای حەزرەت ﷺ بە پەلە پەل هەتا بازێ لەوانە وڵاخەکانیان باش نەئەڕۆیشت خۆی لە وڵاخەکە فڕە ئەدا و رای ئەکرد ئەگەیشت بە حەزرەت و رژانە ناو هەوازین و جەنگ گەرم بوو لەوێدا حەزرەت فەرمووی: «الآن حمي الوطيس» واتە: وا ئێستە تەنووری جەنگ گەرم بوو، وە حەزرەت مشتێ لە خۆڵی ئەو عەرزەی هەڵگرت و فڕەی دا بە رووی کافرەکاندا وەکوو واقیعەی بەدر و فەرمووی «شاهت الوجوه» وە بازێ ئەڵێن حەزرەت ﷺ ئەمەی لە پێش گەڕانەوەی ئەسحابەکاندا کرد.

وە ئەوەندەی پێ نەچوو خودای تەعالا نەسرەتی موسوڵمانەکانی دا و هەوازین و سەقیف هەموو پشتیان هەڵکرد؛ هەرچی کوژرا کوژرا و باقی پیاو و ژن و ماڵ و

---

١. البقرة: ٢٤٩.

www.iqra.ahlamontada.com

منداڵ و حەیوانات هەمووی بەتاڵان و دیل گیران، وە خودای تەعالا لەم جەنگەیشدا سوپایەکی لە مەلائیکە ناردە خوارەوە وەکوو فەرموویەتی: ﴿وأنزل جنوداً لم تروها﴾ وە حەزرەت مەنعی ئەسحابەی کرد لە کوشتنی ژن و منداڵ و پیاوی بە زۆر هێنراو، وە باقی یا رایان کرد یا گیران یا کوژران وە ئەم حەشامە کەوتە دەستی ئەسحابەکان.

تەنانەت ریوایەت کراوە: کە ئەبووعامیری ئەشعەری مامی ئەبوومووسای ئەشعەری حەزرەت ناردی بە شوێن ئەوانەدا کە رایان کردبوو لە هەوازین و سەلمەی کوڕی ئەکوەعی لەگەڵا بوو وە گەیشتن بە کۆمەڵێ لە هەوازین، ئەبووعامیر نۆ کەسی لێ کوشتن بە شێوەی موبارەزە و مەیدانداری، پاش ئەوە کە بانگی ئەکردن بۆ دینی ئیسلام، وە ئەبووعامیر هەموو جارێ ئەیوت «اللّٰهم اشهد علیه» لەوانە یەکێکیان وتی: «اللّٰهم لا تشهد علي» وە دەرچوو لە پاشا موسوڵمان بوو بە ئیسلامییەتێکی زۆر ساغ، وە حەزرەت ﷺ هەر کاتێ چاوی پێی ئەکەوت ئەیفەرموو «هذا شرید أبي عامر» واتە: ئەمە رای کرد لە دەستی ئەبووعامیر و رزگار بوو. پاش ئەوە دوو کوڕی عەلا کوڕی حەرسی کوڕی جەشم تیریان هاویت بۆ ئەبووعامیر و شەهیدیان کرد. وە ئەبووعامیر لە پێش مردنا ئەبوومووسای ئەشعەری کە برازای خۆی بوو کردی بە جێگەداری خۆی و سریەکە قەبووڵیان کرد و ئەبوومووسا جەنگی کرد هەتا قاتڵەکانی ئەبووعامیری کوشت و سوپا راکردووەکەی هەوازینی پەرێشان کرد و هەرچی تاڵان لە لای ئەوانەدا بوو ئەویشیانە هەموو گرت، لە ناو ئەو تاڵانەدا شەیمای کچی حەرسی کوڕی «عبدالعزی»ی «سعدیة» خوشکی شیری حەزرەت بوو، وە لەم جەنگەدا نزیکەی حەفتا کەس لە کافرەکان کوژران، وە ئەم تاڵان و دیلانەیان هاوردەوە بۆ لای حەزرەت ﷺ وە لە رێگەدا هەرچەن شەیما ئەیوت: من خوشکی شیری گەورەکەتانم باوەڕیان پێ نەئەکرد هەتا هاتن بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ

www.iqra.ahlamontada.com

لەوێ شەیما عەرزی کرد: من خوشکی شیری تۆم بەو نیشانە: تۆ بە کۆڵمەوە بووی بە منداڵی گازێکت گرت لە ناوشانم ئێستەیش نیشانەی دیارە ، وە حەزرەت ناسییەوە و چاوی پڕ بوو لە ئاو و سەجادەیەکی راخست بۆ شەیما، وە حەزرەت فەرمووی: ئەتەوێ لای من دابنیشی ئەوە ئیکرامت ئەگرم، وە ئەتەوێ بگەڕێیتەوە و شتت بدەمێ هەر باشە، ئەویش عەرزی کرد: ئەمەوێ بگەڕێمەوە، وە لەوێدا شەیما موسوڵمان بوو، وە حەزرەت عەبدێك و جارییەیەکی پێدا و دوو وشتر و بازێ مەڕیشی پێدا و ناردیەوە بۆ شوێنی خۆی، وە جارییەکەی مارە کرد لە عەبدەکە و لە لای مانەوە هەتا شەیما مرد، هەروا شەیما داوای عەفوی «بجاد» ناوی کرد کە کابرایەکی کافر و خراپ بوو حەزرەت ئەویشی عەفو کرد.

وە ئەبوداود و ئەبویەعلا و غەیری ئەوانیش روایەتیان کردووە کە: حەزرەت ﷺ لە «جعرانة» لە نزیکی شاری مەککەدا لە کاتێکدا ماڵی بەش ئەکردەوە ژنێکی بەدەوییە هات بۆ لای حەزرەت کە دایکی شیری بوو، یانی «حەلیمەی سەعدییە» دایکی شەیما، وە حەزرەت رێزی لێ گرت، مەعنای وایە لەو کاتەدا حەلیمە ماوە و لە ژیاندا بووە.

خۆم ئەڵێم: من لە سەفەری حەجدا کاتێ کە زیارەتی حەزرەتمان کرد رۆیشتین بۆ زیارەتی «جنة البقیع» و قەبری حەلیمەیان نیشان دام لە خواری قەبری حەزرەتی عوسمانی کوڕی عەفانەوە رضي الله عنه.

وە ریوایەت کراوە هەر لەم واقیعەدا گەلێ لە ئەشرافی هەوازین هاتن موسوڵمان بوون و رجای گێڕانەوەی دیلەکان و تاڵانەکەیان کرد لە حەزرەت ﷺ ئەویش فەرمووی: یا دیلەکان، یا ماڵەکان، ئەوانیش وتیان: دیلەکانمان ئەوێ، جا حەزرەت خوتبەی خوێند بە ناو ئەسحابەکانا، ئەوانیش دیلەکانیان ئازاد کرد و دایاننەوە پێیان و گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ فَلَا يَقْرَبُواْ ٱلْمَسْجِدَ ٱلْحَرَامَ بَعْدَ عَامِهِمْ هَـٰذَا ۚ وَإِنْ خِفْتُمْ عَيْلَةً فَسَوْفَ يُغْنِيكُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦٓ إِن شَآءَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٢٨﴾ ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە خودا و پێغەمبەری خودا! بزانن کە ئەو کافرە موشریکانە، ئەوانە کە هاوڕێ بۆ خودا بڕیار ئەدەن لە عیبادەتکردنا، پیسن لە دڵا؛ چونکی بیر و باوەڕی ناڕەوا وا لە دڵیانا، پیسن لە لەشا؛ لەبەر ئەوە کە گۆشتی پیس ئەخۆن و خواردەمەنی ناڕەوا ئەخۆن، وە پیسن لە دەست و دەم و چاودا؛ چونکی مادام ئایینێکی رێك و دیارییان نییە کە پیس و پاکیان بۆ جیا بکاتەوە بە زۆری پیسن و تەماشای پاکی دەست و دەمیان ناکەن، مادام وەهایە نابێ لەم ساڵ بەدواوە نزیکی مزگەوتی حەرام بکەونەوە، واتە دوای ئەو ساڵە کە سوورەتی بەرائەت هاتە خوارەوە تیایا کە ساڵی نۆی کۆچییە، یاخود ئەم ساڵی داهاتووە کە ساڵی دەی کۆچییە و «حجة الوداع»ە .

وە ئەگەر بە هۆی مەنعی ئەوانەوە لە «مسجد الحرام» ـ کە ماڵی کەعبە و مزگەوتەکانی دەوری ئەوە ـ لەوە ئەترسن گەدا بکەون؛ چونکی ئەو پارە و ماڵە لەوانەوە دەستتان ئەکەوێ بە هۆی تیجارەت و دیاری و دەستاوێژەوە نامێنێ، بزانن کە خودا ـ ئەگەر بیەوێ ـ لەمەولا بێنیازتان ئەکا لەوان لە رێگەی رەوا و خاوەن نرخەوە لە غەنائیم و تالانی جەنگ و لە دەسکەوتی عالەمی ئیسلام و باقی تیجارەت و کەڵکی شەرعییەوە ئەگەر خواستی لەسەر بێ، بە راستی خودای تەعالا زانایە بە هەموو رێگایەکی بێنیاز کردنی ئادەمیزاد و خاوەن حیکمەتە لە ئامادەکردنیا بۆ ئەو کەسە مەیلی لەسەر بێ.

www.iqra.ahlamontada.com

**عالمەکان لە باسی نەجاسەتی موشریکدا چەن بیرێکیان هەیە:**

**یەکەم:** پیسن لەبەر جەنابەت؛ چونکی غوسڵی لەشپیسی دەرناکەن.

**دووهەم:** پیسن لەبەر پیسی بیر و باوەڕیان بۆیە زۆربەی ئیمامەکان فەرموویانە: هەر کافرێ موسوڵمان بوو واجبە لە پاش «تلفظ» بە دوو کەلیمەی شەهادەت بڕوا غوسڵ بکا بە نیەتی غوسڵی دەرچوون لە کوفر بۆ ئیسلام. بەڵێ ئیمامی شافیعی فەرموویەتی: ئەو غوسڵە واجب نییە بەڵکوو موستەحەببە.

**سێهەم:** پیسن لەبەر ئەوە پارێز ناکەن لە شتی پیس.

وە لەسەر مەزهەبی ئیمامی مالیك دروست نییە کافر بچێتە هیچ مزگەوتێکەوە نە مزگەوتی حەرام لە مەککەدا و نە باقی مزگەوتەکانی وڵاتی ئیسلام؛ چونکە عیلەت کە نەجاسەتی بیر و باوەڕە مەوجوودە و باقی مزگەوتەکانیش جێگەی خوداناسین و موناسبی ئینسانی کافر نین. بەڵکوو نابێ بچنە خاکی حەرەمی مەککە، وە واجبە کە لە خاریجی حەرەمدا بمێنێ، وە ئیمامی ئیسلام کەسێ بنێرێ بۆ لای قسەی لەگەڵا بکا.

وە ئیمامی ئەبووحەنیفە ئەفەرموێت: هەر موشریکین مەنع ئەکرێن لە چوونی مزگەوتی حەرام ئیتر باقی یەهوود و نەسارا مەنع ناکرێن نە لە «مسجدالحرام» نە لە باقی مزگەوتەکان.

وە ئیمامی شافیعی فەرموویە: هیچ کافرێ ناڕواتە «مسجدالحرام»؛ موشریك لەبەر نەسی ئایەتەکە و گاور و جوولەکەیش ـ ئەگەر غەیرە موشریك بن ـ بە قیاس لەسەر موشریکەکان، بەڵام دروستە هەموو کافرێ بڕواتە ناو باقی مزگەوتەکانی وڵاتی ئیسلام.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ قَـٰتِلُوا۟ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلْحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ حَتَّىٰ يُعْطُوا۟ ٱلْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَـٰغِرُونَ ﴿٢٩﴾ ﴾

واتە: جەنگ بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە ئیمانیان نییە بە خودا و بە ڕۆژی قیامەت و لەسەر ئەو یاسا کە خودا فەرموویەتی و ئەوەی کە خودا و پێغەمبەر حەرامی کردووە ئەوان بە حەرامی نازانن و ڕەفتار ناکەن بە ڕەفتارێ کە موافیقی نیزامی خودایی بێ، لەو تاقمانە کە کتێبی ئاسمانیان بۆ هاتووەتە خوار لە گاور و جوولەکە هەتا جیزیە (سەرانە)تان ئەدەنێ دەست بە دەست و حاڵیان وابێ کە گەردن کەچ و فەرمانبەرداری ئێوە بن.

مەزهەبی ئیمامی شافیعی ﷬ وەهایە کە سەرانە لە ئەهلی کیتاب وەرئەگیرێ، واتە گاور و جوولەکە ـ عەرەب یا عەجەم بن ـ هەوەها مەجووسیش سەرانەیان لێ وەرئەگیرێ لەسەر فەرموودەی حەزرەت کە فەرمووی: ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەن وەکوو ئەهلی کیتاب، وە لە حەدیسێ‌تردا فەرموویەتی: بەڵام ژنیان مارە مەکەن و ئەو حەیوانەی ئەوان سەری ئەبڕن گۆشتی مەخۆن.

کە وابێ ئەم سێ تاقمە ئەبێ یا: موسوڵمان ببن، وە یا جەنگ بکەن، وە یا سەرانە بدەن، بەڵام کافرە غەیرە کیتابییەکان یا ئیسلام یا جەنگ بۆ ئەوان هەیە و سەرانەیان لێ وەرناگیرێ. وە ئیمامی مالیك فەرموویەتی: جیزیە لە هەموو کافرێ وەرئەگیرێ: کیتابی یا غەیرە کیتابی ، عەرەب یا غەیری عەرەب.

﴿ وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ عُزَيْرٌ ٱبْنُ ٱللَّهِ وَقَالَتِ ٱلنَّصَـٰرَى ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ ٱللَّهِ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

بازێ لە جوولەکەکان ئەڵێن: عوزەیر کوڕی خودایە و، بازێ لە گاورەکانیش ئەڵێن: عیسای مولەقەب بە «مەسیح» ـ لەبەر ئەوە کە سەیاح و جیهان گەرد بووە ـ کوڕی خودا و پێغەمبەری ئەوە! بناغەی ئەم گومانەیشیان بۆ عوزەیر لەسەر ئەوە بووە پاش ئەوە کە سەد ساڵ مردووە خودا زیندووی کردووەتەوە و تەوراتی لەبەر بووە و خوێندوویەتیەوە بۆ خەڵکەکە. وە گومانەکە بۆ عیسای مەسیح لەسەر ئەمە بووە کە باوکی نەبووە.

﴿ذَٰلِكَ قَوْلُهُم بِأَفْوَٰهِهِمْ﴾

وە ئەو قسە کە لەوانەوە ئەیبیسن قسەیەکە لە ناو خۆیانا باوە و بە دەم و زمانیانا دێ و لەسەر بناغەی ماریفەت و زانیاری و بەڵگە نییە.

﴿يُضَٰهِـُٔونَ قَوْلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَبْلُ﴾

ئەم قسەی ئەمانە وێنەی قسەی گاور و جوولەکەکانی زەمانی پێشووە لەسەر ئەو گومانە کە باسمان کرد.

﴿قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٣٠﴾﴾

خودا بیانکوژێ! چلۆن ئەمانە دوور ئەخرێنەوە لە ڕێگەی ڕاست و ڕوو ئەکەنە ناحەق و حەق ون ئەکەن؟

﴿ٱتَّخَذُوٓا۟ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلْمَسِيحَ ٱبْنَ مَرْيَمَ﴾

ئەو جوولەکە و گاورانە زاناکانی خۆیان و عابیدە لە خودا ترسەکانیان و مەسیح ـ عیسای کوڕی مەریەمیان ـ کردووە بە ئەرباب و بە مەرجەع بۆ حەرامکردن و حەڵاڵکردن و دامەزراندنی ئەحکامی دین، وە هەرچی ئەوان بیکەن و هەرچی

www.iqra.ahlamontada.com

ئەوان تەشریعی بکەن و دای بمەزرێنن ئەوە بە شەریعەت دائەنێن و بە نیسبەت بۆ عیسای کوڕی مەریەم بە کوڕی خودای دائەنێن، کەچی ئەم نەوعە پەیوەندە لەگەڵ ئەوانا هەڵەیە و ناڕەوایە، وە حەق ئەوەیە کە ئینسان عیسای کوڕی مەریەم بە بەندەی خودا دابنێ و بڕیاری ئەوە بدا کە بە بێ‌باوك خودا دروستی کردووە وەکوو ئادەمی بە بێ‌باوك و دایك دروست‌کردووە، وە هەر شەرعێ ئەو هێنای لە لای خوداوە لە ئینجیلدا هەمووی راستە و غەیری ئەم پایە پایەی‌تری نییە. وە بە نیسبەتی زاناکانەوە ئەگەر عالمی گەورە نەبن حەق وایە موبالات بە قسە و باسیان نەکرێ و گوێ بە حەڵاڵکردن و حەرامکردنیان نەدرێ ئەوە نەبێ کە لە نەسی کەلامی ئینجیل و تەوراتا هەیە، وە ئەگەر عالمی گەورەیش بن ئەبێ بە شێوەیێ کە موافیقی تەورات و ئینجیل بێ قسە بکەن و لەو خەتە لانەدەن وە نەکرێن بە دەستووری تەواو بۆ هەموو شەرعێ، وە ئەبوو لەسەر موژدەی ئینجیل ئیمانیان بهێنایە بە حەزرەت ﷺ.

﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ٣١﴾

وەلحاڵ ئەمر نەکراوە و فەرمان نەدراوە بەو جوولەکە و گاورانە بەوە نەبێ کە [عیبادەت بکەن بۆ خودایەك کە تاق و تەنیایە و کەس شیاوی عیبادەت بۆ کردن نییە ئەو نەبێ،] دوورە لە هەموو عەیب و نوقسانێ و دوورە لە وەرگرتنی ئەو شەریکانە کە ئەوان بڕیار و ئیعتیباریان پێ داون وە ئیمان بێنن بە پێغەمبەری ئاخر زەمان حەزرەتی محمد ﷺ.

﴿يُرِيدُونَ أَن يُطۡفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفۡوَٰهِهِمۡ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەو کافرانە خواستیان وەهایە کە ریسالەتی موحەممەدی عەرەبی و چرای ئیرشادی ئەو بکوژێننەوە بە دەمی خۆیان، واتە بە ئینکاری زمانی و دەربڕینی بێباوەڕی، وە یا بە قسە و باسی بێبناغە و بەتاڵ.

﴿وَيَأْبَى اللَّهُ إِلَّا أَنْ يُتِمَّ نُورَهُ﴾

وە خودایش هیچی ناوێ ئەوە نەبێ کە ئەم نوورە رەسا بکا و بیگەیەنێ بە جیهانا و هەمووی روووناك بکاتەوە.

﴿وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ ﴿٣٢﴾﴾

هەرچەن کافرەکان حەز بەوە نەکەن وە بیانەوێ کە نەگا بە جیهانا.

﴿هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَىٰ وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ ﴿٣٣﴾﴾

خودا خودایەکی وەهایە کە پێغەمبەری خۆی ناردووە لەگەڵ هیدایەت و شارەزاکردنی هۆشیاران بۆ رێگەی راست و بۆ کردەوەی موافیق بۆ واقیع، بۆ ئەوە کە ئەو پێغەمبەرە (یا دینەکەی) دەربخا لە عالەم وە زاڵی بکا بەسەر هەموو دینێکدا هەرچەند موشریکەکان پێیان خۆش نەبێ.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ كَثِيرًا مِنَ الْأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە دینی ئیسلام! بزانن گەلێ لە زانایانی گاور و جوولەکە و لە عابیدە لە خواترسەکانیان بە گومانی خۆیان بە راستی دارایی خەڵك وەرئەگرن بە یاسایەکی ناڕەوا و بێسوود وە مەنعی خەڵك ئەکەن لەوە کە بکەونە سەر رێگەی راستی خوداداناو کە ئیسلامە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَٱلَّذِينَ يَكۡنِزُونَ ٱلذَّهَبَ وَٱلۡفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٖ ﴿٣٤﴾﴾

وە بزانن ئەو دارایی خەڵکەیش کە وەری‌ئەگرن لەوان دەستیان تێی‌ناچێ کە لەگەڵ خەڵکدا بیخۆن، وە سەرفی ناکەن لە ڕێگەی خزمەتی ڕاستیدا وە ئەوانەیش کە حاڵیان وایە وە ماڵی دەست کەوتوویان بە حەق سەرف ناکەن وە ئەو ئاڵتوون و زیوە کە لە لایانە گردی ئەکەنەوە وە ئەیکەن بە خەزێنە لە سندووق و گەنجینە و بانکدا دایئەنێن وە حەقی خودای لێ نادەن وە زەکاتەکەی دەرناکەن لە ڕێگەی ڕەزای خودادا ئەوە موژدەیان بدەرێ بە سزایەکی نابار و دشوار.

﴿يَوۡمَ يُحۡمَىٰ عَلَيۡهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكۡوَىٰ بِهَا جِبَاهُهُمۡ وَجُنُوبُهُمۡ وَظُهُورُهُمۡۖ هَٰذَا مَا كَنَزۡتُمۡ لِأَنفُسِكُمۡ فَذُوقُواْ مَا كُنتُمۡ تَكۡنِزُونَ ﴿٣٥﴾﴾

ئەو سزا نابارانە لە ڕۆژێکدایە کە ئەو ئاڵتوون و زیویانە سوور ئەکرێتەوە لە ئاگری دۆزەخا و ناوچاوان و تەنیشت و پشتیانی پێ‌داخ ئەکرێ وە فریشتەی عەزاب پێیان ئەڵێت: ئەم مادە سوورەوە کراوە کە ئێوەی پێ داخ ئەکرێ ئەو ماڵەیە کە ئێوە گردتان کردبووەوە بۆ خۆتان، دە بچەژن تۆڵەی ئەوەی کە گردتان کردبووەوە.

ئەم ئایەتە توندە کە هەڕەشەیە لە لایەنی خوداوە هەرچەند بۆ سەر زانا و عابیدە بەرچاوەکانی جوولەکە و گاورەکانە بەڵام لە مەعنادا بۆ هەموو دەوڵەمەندێکە کە ماڵێکی زۆر گردبکاتەوە و سەرفی نەکا لە ڕێگەی خودادا، بەڵام مەبەست لە سەرفی لە ڕێگەی خودادا، ئەمەیە کە زەکاتی شەرعی لێ دەربکا نەك هەمووی سەرف بکا لە ڕێگەی خودادا، بە دەلیلی ئەوە کاتێ کە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە موسوڵمانەکان

www.iqra.ahlamontada.com

زۆر دلگران بوون وە حەزرەتی عومەری کوڕی خەتاب ﷺ ئەم باسەی گێڕاوە بۆ حەزرەت ﷺ لەویا ئەویش فەرمووی: «إن الله لم يفرض الزكاة إلا ليطيب بها ما بقي من أموالكم» واتە بە راستی خودای تەعالا زەکاتی ماڵی لەبەر ئەوە واجب کردووە لەسەر ئێوە کە باقی ماڵەکەتانی پێ پاك بکاتەوە، وە هەم فەرموویەتی: «ما أدي زكاته فليس بكنز» هەر ماڵێ کە زەکاتی لێ دەربکرێ ئیتر ئەوە بەر ماڵی خەزێنەکراو ناکەوێ، وە زیاد لەمانە گەلێ دەوڵەمەندی پارەداری زۆر بووە لە ئەسحابەکان کە حەزرەت ﷺ غەیری زەکاتی شەرعی داوای هیچی لێ نەکردوون وە ئەگەر شتێکیان لەسەر واجب بوایە داوای لێ ئەکردن.

﴿إِنَّ عِدَّةَ ٱلشُّهُورِ عِندَ ٱللَّهِ ٱثْنَا عَشَرَ شَهْرًا فِى كِتَٰبِ ٱللَّهِ يَوْمَ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ مِنْهَآ أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ فَلَا تَظْلِمُوا۟ فِيهِنَّ أَنفُسَكُمْ وَقَٰتِلُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ كَآفَّةً كَمَا يُقَٰتِلُونَكُمْ كَآفَّةً وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٣٦﴾﴾

واتە بە راستی ژمارەی مانگەکان لە بڕیاری خودادا دوازدەن، لەو رۆژەوە کە خودا ئاسمان و زەوی دروستکردووە و رۆژ و مانگی کردووە بە هۆی جوانی جیهان و شەو و رۆژی پێ دروست کردوون، چوار مانگ لەو دوازدە، خاوەن قیمەت و خاوەن نرخن و جەنگ و ئاشووبی لەوانا زۆرتر حەرام کردووە و لە تاوانی مانگەکانی‌تری قورستر کردووە. وە ئەمە یاسای دینی راستە، کە وایە لەم مانگانەدا ستەم لە خۆتان مەکەن و تاوانبار مەبن، وە جەنگ بکەن لەگەڵ کافرەکانا هەموویان وەکوو چۆن ئەوان جەنگ ئەکەن لەگەڵ ئێوەدا بە شێوەی گشتی، وە بزانن کە خودا بە رەزامەندی و یارمەتی لەگەڵ ئەوانەدایە کە خۆیان لە تاوان و نافەرمانی خودا ئەپارێزن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿إِنَّمَا ٱلنَّسِىٓءُ زِيَادَةٌ فِى ٱلْكُفْرِ ۖ يُضَلُّ بِهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يُحِلُّونَهُۥ عَامًا وَيُحَرِّمُونَهُۥ عَامًا لِّيُوَاطِـُٔوا۟ عِدَّةَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ فَيُحِلُّوا۟ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ ۚ زُيِّنَ لَهُمْ سُوٓءُ أَعْمَـٰلِهِمْ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴿٣٧﴾﴾

واتە بە راستی پاشخستنی مانگیّ لەو مانگانە کە حەرامن ـ واتە جەنگ لەوانەدا حەرامە ـ بۆ وەختی مانگیتر؛ مەسەلا «ذي‌القعده» ببەیتە شوێنی «ذي‌الحجة» و «ذي‌الحجة» ببەیتە شوێنی «محرم» و «محرم» ببەیتە جێگەی «صَفَر» و «رجب» بخەیتە شوێنی مانگی «شعبان» ئەم کردەوە زیادە پایەیە لە کوفرا، بێجگە لەو کوفرە کە موشریکەکان هەیانە ئەم گۆڕینی یاسای خودایە و ئەم پاشخستنی مانگە حەرامانە زیادە کوفرێکیترە کافرە موشریکەکانی زیاتر لە پێشوو پیّ گۆمڕا ئەکریّ.

جا ئەوان چییان ئەکرد؟ بەڵیّ ئەوانەیان ئەکرد کە خودا فەرموویەتی ئەو مانگە حەرامە وەکوو موحەڕەم بیّ مەسەلا لە ساڵێکدا حەلاڵیان ئەکرد و جەنگ و داوایان تێدا دەکرد و مانگیتریان لە باتی ئەومانگە حەرام ئەکرد، وە لە ساڵێکدا ئەو مانگە کە زوو حەلاڵیان کردبوو حەرامیان ئەکرد بە گوێرەی موناسەبەی قازانجی ژیانی خۆیان بۆ ئەوە بە ناو لەسەر موافەقەی چوار مانگە حەرامەقەدیمەکە بڕۆن، واتە بە ناو پێیان ئەوتن مانگی حەرام وە لە راستیدا لەو چوارە نەبوون، وە بەم شێوە ئەو مانگانە کە خودا حەرامی کردبوون حەلاڵیان ئەکردن، وە بۆیان جوان کرابوو لە لایەنی شەیتانی ئیبلیسەوە ناشیرینی کردەوەی خۆیان وە گومڕا بووبوون وە لە واقیعا ئەوانە کافر بوون وە خودا هیدایەتی قەومی کافری وەها بیّ‌شوعوور نادا.

www.iqra.ahlamontada.com

**بزانن! لێرەدا چەن باسێ هەیە:**

**یەکەم:** ئەم ئایەتانە داخڵی ئەو ژمارە ئایەتانەن کە لە سوورەتی تەوبەدا نازڵ بوون، وە حەزرەتی عەلی لە ساڵی نۆی کۆچیدا بە فەرمانی حەزرەت ﷺ خوێندیەوە بە سەر ئەهلی حەجدا.

**دوهەم:** لە کاتێکەوە خودا ئاسمان و زەوی و رۆژ و مانگی دروست کردووە و شەو و رۆژی داناوە لە دەرکەوتن و ون بوونی رۆژەوە ساڵی مانگی وا داناوە دوازدە جار مانگ تازە بێتەوە و دەورەی خۆی تەواو بکا، وە ساڵی رۆژیشی وا داناوە کە لە هەر نوختەیەکەوە رۆژ هەڵ بێ بڕوا و بێتەوە بۆ ئەو نوختەیە، بەم یاسا ساڵی مانگ بریتییە لە سێسەد و پەنجا و پێنج رۆژ، وە ساڵی رۆژ بریتییە لە سێسەد و شەست و پێنج رۆژ و چواریەکە رۆژێ.

وە لەبەر ئەوە کە مانگ زووزوو تازە ئەبێتەوە وە گۆڕانی شێوەکەی وا لە پێش چاوا و هەموو کەس ئەیزانێ، حسێب بۆ موعامەلە و ئادابی دین و غەیری ئەمانە لەسەر ساڵی مانگ دانراوە و بەتایبەتی ئەم یاسا لە دینی حەزرەتی ئیبراهیمی خەلیل و حەزرەتی ئیسماعیلی کوڕیا زۆر بایەخی پێدراوە وە لە دینی ئەوانا لە هەر دوازدە مانگدا چوار مانگی حورمەتیان گیراوە و جەنگ و ئاشووبیان تێدا حەرام کراوە، وە ئەو چوار مانگە سیانیان بە شوێن یەکا دێن؛ «ذي‌القعدة» و «ذي‌الحجة» و «محرم» وە مانگێکیان تەنیایە کە مانگی «رجب‌اللّٰه»یە. وە ئادابی ئیحرام بەستن و حەجکردن دەستی پێ کردووە لە مانگی شەوالەوە و لە سیازدەهەمی مانگی «ذيالحجة»دا نیهایەتی هاتووە و تەواو کراوە.

جا لەبەر ئەوە کە مانگی «ذي‌الحجه» و رەفیقەکانی لەسەر حسێبی ساڵی دوازدە مانگە ئەگۆڕێن و جار بە جار ئەوانە ئەکەونە بەهار و جار بەجار ئەکەونە زستان یا

www.iqra.ahlamontada.com

پاییز یا هاوین، وە بەم یاسا کاتەکان ئەگۆڕان وە مەسڵەحەتی عەرەبەکان لە تیجارەت و باقی کاریترا و لە عیبادەتکردنا بە ئارەزووی ئەوان جێبەجێ نەدەبوو، هاتن دەستیان برد بۆ ئەم یاسایە و گۆڕییان و روسوماتی دین و مانگە بەحورمەتەکانیان خستە سەر حسێبی ساڵی رۆژی، وە لەبەر ئەوە کە ساڵی رۆژی دە رۆژ و چارەکێکی لە ساڵی مانگ زیاترە هەر لە چەن ساڵێکدا مانگێکیان زیاد ئەکرد و ساڵی مانگیان ئەکرد بە سیازدە مانگ وە ئەم جۆرە تەسەڕوفە خودا لە قورئانی پیرۆزدا ناوی برد بە «نسیء» چونکە ئەگەر «نسیء» بە مانای تەئخیر و پاشخستن بگرین مەوسیمی حەج و مانگە حەرامەکان لە کاتی خۆیان پاش ئەکەوتن، وە ئەگەر «نسیء» بە مانا زیادکردن بگرین ئەوە لەم تەسەڕوفاتەدا جار بەجار ساڵی مانگی ئەبوو بە سیازدە مانگ، وە ئەم لەفزە لە زمانی عەرەبا بە هەردوو ماناکە هاتووە.

بە هەرحاڵ کافرەکان خۆیان زاتەن کوفری بە مانا ئیشراکیان هەبوو وە بەم کردەوەیش کوفرەکەیان زیاد بوو یانی بازە شتێکی وا کە ئیمان قەبووڵی ناکا و کوفر هەڵی ئەگرێ بە جێیان هێنا، وە خودا لۆمەی کردن فەرمووی: ئەم کارە کارێکی ناهەموار و ناپەسەندە.

**سێهەم**: ئەمەیە لە ساڵی نۆی کۆچییدا کە حەزرەتی ئەبووبەکر «میرحەج» بوو، مانگی «ذي‌القعده» بووبوو بە کاتی حەجی عەرەب و لە ساڵی دەی کۆچییدا کە حەزرەت ﷺ حەجی کرد مەوسیمی حەج کەوتە مانگی «ذي‌الحجه» وە بە یاسای دینی حەزرەتی ئیبراهیم. وە خودای تەعالا ئەم وەزعەی نیشانی حەزرەت دا ﷺ بۆیە لە خوتبە گرنگەکەی ساڵی «حجة الوداع»دا فەرمووی: «إن الزمان استدار كهيئته يوم خلق اللّٰه السموات والأرض: السنة اثنا عشر شهراً منها أربعة حرم؛ ثلاث متواليات ذوالقعدة، و ذوالحجة و المحرم، و رجب مضر الذي بين جمادي و شعبان. رواه الثلاثة».

www.iqra.ahlamontada.com

واتە: حەزرەت ﷺ فەرمووی: زەمان هەڵسووڕایەوە وەکوو سابیق وە کەوتەوە سەر ئەو شێوە کە خودای تەعالا ئاسمان و زەوی دروست کردووە و شەو و ڕۆژی داناوە (واتە لەسەر حسێبی ئەوانە کە دەستیان دا لە مانگەکان وە مانگەکان ئەگۆڕان و لایان ئەدا لە شوێنی خۆیان و ئەهاتنەوە شوێنی خۆیان) ئیمساڵ ساڵێکە کە ئەو مانگانە کەوتوونەتەوە شوێنی خۆیان و مانگی «ذي‌الحجه» بووە بە مانگی ڕاستەقینەی بەجێهێنانی ئادابی حەج، وە لە ئەمڕۆ بەولاوە هەتا هەتایە ئێوە لەسەر حسێبی مانگ و ساڵی قەمەری (مانگی) ئادابی حەجی خۆتان بەجی بێنن. «والحمد للّٰه علی ذلك».

بێدار بن! لەبەر ئەوە کە قەبیلەی «مضر» زۆر حورمەتی مانگی ڕەجەبیان ئەگرت لەم حەدیسەدا حەزرەت ﷺ ئیزافەی ڕەجەبی کرد بۆ لای «مضر» فەرمووی «و رجب مضر» ئەگەرنا مانگی ڕەجەب یەکێکە لە مانگە بە حورمەتەکان بە نیسبەتی هەموو موسوڵمانانەوە بێ‌جیاوازی.

چوارەم: کۆمەڵی ئیمامانی دین لەسەر ئەو بیرەن کە ئەو چوار مانگە بە حورمەتە حورمەتەکەیان نەسخ کراوەتەوە لە جیهەتی جەنگکردن لەگەڵ کافرانا بە دەلیلی ئەوە لە ساڵی فەتحی مەککەدا پێغەمبەر ﷺ نەئەڕۆیشتە سەر شاری «تائیف» وە ماوەیەکی زۆر هەتا کەوتە مانگی «ذي‌القعده» لەو شوێنەدا مایەوە ئەوسا تەشریفی گەڕایەوە. وە کەمێ لە زاناکان فەرموویانە: نەخەیر ئەو حورمەتە نەسخ نەبووەتەوە وە ئەو جەنگە وە یا ئەو حەسارە کە حەزرەت کردی بە دەوری «تائیف»دا لە مەقامی مودافەعەدا بوو؛ چونکی قەبایلی عەرەب لەو کاتەدا بە دەوری تائیفدا و لە تائیف خۆیدا ئامادە بوون بۆ جەنگکردن لەگەڵ حەزرەتا ﷺ. ئەگەرنا لە خۆوە دروست نییە بۆ موسوڵمانان لەم چوار مانگەدا جەنگ لەگەڵ کافرانا.

www.iqra.ahlamontada.com

**فەرمموودەی خودا:** ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَا لَكُمْ﴾

ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لە کاتی غەزای «تەبووك»دا وە هۆی ئەم غەزا ـ وەکوو ئیبنوسەعد و غەیری ئەو ریوایەتیان کردووە ـ ئەمەیە: هەواڵ گەیشت بە حەزرەت ﷺ کە رۆم سوپایەکی زۆری گردکردووەتەوە و تیرەکانی «لخم» و «جذام» و غەیری ئەوانیشی بانگ کردووە و سوپایەکی گەورە پێکەوە نراوە کە نزیکی (٤٠) چل هەزار جەنگکەر حازرە و، پێشرەویان گەیشتووەتە خاکی «بلقاء» و ئەمە لە مانگی رەجەبدا بوو لە ساڵی نۆی کۆچییدا و وەرز وەرزی هاوین بوو هەوا زۆر گەرم بوو خەڵکیش لە کاتی قاتی و کەم نانیدا بوون و میوە و بەری مەدینەیش گەیشتبوو، لەبەر ئەوە حەزرەت ﷺ بە خیلافی جارانیتر ئەوەی روون کردەوە کە بۆ کوێ دەچێ بۆ جەنگ، تا ئەو کەسانە کە دێن خۆیان ئامادە بکەن و لە پاشا نەڵێن ئێمە نەمانزانی بۆ کوێ ئەڕۆین و خۆمان ئامادە نەکرد.

بە کورتی ئەم غەزایە زۆر گران بوو لەسەر نەفس و جێگەی ئیمتیحان و بەراوردی ئیمان بوو، وە لەم کاتەدا هەل بوو بۆ مونافقەکان کە پەرێشانی بهاونە ناو ئەسحابەکانەوە و ئەیانوت: «لا تنفروا في الحر»: لەم کاتە گەرمەدا مەڕۆنە دەر، وە بازێکیتر ئەیانوت بە حەزرەت ﷺ: ئیزنمان بدە و مەمانخەرە ناو فیتنەوە، وەڵڵا ئێمە بەرابەر بە ژنە رۆمییەوە خۆمان ناگرین! وە حەزرەت ئیزنی ئەو بازەی دا کە نەیەن بۆ ئەو سەفەرە.

وە لە لایەکیترەوە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوول لەگەڵ کۆمەڵێ لە هاوبیری خۆیدا لە قەراخی مەدینەدا سوپاکەی گرد کردبووەوە، وە کاتێ کە حەزرەت لە مەدینە دەرچوو، ئەو گەڕایەوە بۆ مەدینە وتیان: وەختمان موناسبی دەرچوون نییە.

بەڵام حەزرەت ﷺ عەزمی جەزم کردبوو وە موسوڵمانەکان لە هەموو لایەکەوە گردەوە بوون لە حەزرەت ﷺ وە ئەویش تەرغیبی دەوڵەمەندەکانی دا لەسەر

www.iqra.ahlamontada.com

سەرفی ماڵ بۆ ئەو جەنگە وە گەلێ لەوان ئەوەی بۆی رێکەوت هێنای، وە حەزرەتی عوسمان سێسەد وشتری بە جل و رەشمە و هەوسارەوە لەگەڵ هەزار دینارا پێشکەشی حەزرەتی کرد، وە حەزرەت ﷺ فەرمووی: «لا یضر عثمان ما فعل بعد هذا» وە لە ریوایەتێکدا: «ما علی عثمان بعد الیوم شيء». وە عومەری کوڕی خەتاب وتی: ئەمڕۆ من ئەکەومە پێش ئەبووبەکرەوە نیوەی هەموو دارایی خۆی هێنا بۆ خزمەتی پێغەمبەر ﷺ وە حەزرەت فەرمووی: ئەی عومەر چیت بۆ خۆت هێشتووەتەوە؟ عەرزی کرد: ئەوەندەی ئەمە کە هێناومە، ئەوەندەیشی پێ نەچوو حەزرەتی ئەبووبەکر هەرچی پارەی بوو هێنای بۆ خزمەتی پێغەمبەر ﷺ وە حەزرەت پرسیاری لێ کرد: چیت بەجێ‌هێشتووە بۆ خۆتان؟ عەرزی کرد: خودا و پێغەمبەری خودا. جا عومەر فەرمووی: من قەت پێش تۆ ناکەوم.

وە کۆمەڵێ لە پیاوانی سەحابە ـ کە مەشهوورن بە «بکائون» ـ هاتنە خزمەتی حەزرەت ﷺ داوای وڵاخی سوارییان لێ کرد کە بۆ ئەو غەزا سواری ببن، وە حەزرەت ﷺ فەرمووی: هیچ وڵاخی وام نییە سواری ببن، ئەوانیش گەڕانەوە و فرمێسك لە چاویان ئەباری چونکە وڵاخیان دەست نەکەوت و لەو جەنگە بێ‌بەش بوون.

دوای ئەمانە حەزرەت لەگەڵ نزیکی (٣٠) سی هەزار پیاوی بەکاری جەنگیدا رێ‌کەوت بەرەو تەبووك و لەوێدا چەن کەسێ لە ئەسحابەکان بە بێ‌ئەوە کە شتێ لە شوبهە و نیفاق لە دڵیانا ببێ دواکەوتن لەو سەفەرە لەوانە «کەعبی کوڕی مالیك» و «مەرارەی کوڕی رەبیع» و «هیلالی کوڕی ئومەییە» و «ئەبووخەیسەمە» ئەم پیاوانە موسوڵمانی راست بوون و هیچ جۆرە گومانێ لە ئیمانیانا نەبوو، ئەبووخەیسەمە لە دواییدا هەر رۆیشت و گەیشت بە حەزرەت.

www.iqra.ahlamontada.com

تەبەرانی ئەڵێ: ئەبووخەیسەمە چەن رۆژ پاش سەفەرەکەی حەزرەت ﷺ لە رۆژێکی گەرما لە دەرەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە تەماشای کرد ـ دوو ژنی هەبوو ـ هەردوو [ژنەکەی] وان لە ناو کەپرا لە ناو باخا و دەورو بەری خۆیان ئاوڕشێن کردووە و ئاوی سارد و خواردەمەنی جوانیان ئامادە کردووە بۆی، کە تەماشای ژنەکان و ئەو شوێنە خۆشە و ئەو ئاو و خواردەمەنییە جوانەی کرد و بیری ئەوەی کردەوە کە حەزرەت ﷺ وا لە رێگەی گەرما و لەبەر هەتاوا. وتی: بە خودا ئەمە ئینساف نییە من لەم خۆشییەدا و حەزرەت لەو زەحمەت و گەرمادا بێ، وەڵڵاهی من ناڕۆمە ماڵی خۆم هەتا ئەگەم بە حەزرەت ﷺ. وە هەستا سوار بوو کەوتە شوێنی حەزرەت ﷺ هەتا گەیشتە «تەبووك» کاتێ کە نزیك بووەوە لە ئەسحاب، ئەسحابەکان وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا وا سوارێ هات لە ئەبووخەیسەمە ئەچێ کە هاتەبەرەوە وشترەکەی یەخ دا و هات بۆ لای حەزرەت ﷺ حەزرەت فەرمووی: ئەم حاڵە باشترە بۆ تۆ لەوە لە جێگەی خۆتا بوویتایێ، خەیسەمەیش باسەکەی بۆ حەزرەت ﷺ گێڕاوە و حەزرەت دوعای خێری بۆ کرد.

موسوڵمانەکان لەم سەفەرەدا زۆر زەحمەتیان پێگەیشت و جاری وابوو ئەوەندە تینوویان بوو لە وشترەکانیان سەرئەبڕی بۆ ئەوە کە ئاوی ورگی وشترەکان بخۆنەوە! وە هەر لەو سەفەرەدا رۆژێ زۆر برسیان بوو عەرزی حەزرەتیان کرد: با وشترەکان سەربڕین و گۆشتەکەیان بخۆین حەزرەت فەرمووی: باشە، وە حەزرەتی عومەر عەرزی کرد: ئەگەر ئەمە ببێ بە یاسا وشترەکان کەم ئەبنەوە و ئەوانیش ناتوانن بە پیادە بگەڕێن. تەگبیر ئەمەیە ئەمر بفەرمووی هەرکەسێ هەرچی خواردەمەنی هەیە هەمووی حازر بکەن و گردی بکەنەوە لە شوێنێکدا و تۆیش دوعا بکەی بەرەکەتی تێبکەوێ، وە حەزرەت ﷺ فەرمانی دا کە هەرچی هەبوو هێنایان و کۆمەڵیان

www.iqra.ahlamontada.com

کرد وە حەزرەت ﷺ دوعای کرد بە بەرەکەت بۆ ئەو خواردەمەنییە، جا هەموویان لەوێدا نەخوارد و توێشەبەرەی خۆیان لێ پڕ کرد و هێشتا زیادەی مایەوە. لەوێدا حەزرەت ﷺ فەرمووی: «أشهد أن لا إله إلا اللّٰه و أشهد أني رسول اللّٰه».

ئەلحاسڵ کاتێ سوپای حەزرەت گەیشتە شوێنی جەنگ تەماشایان کرد کەس دیار نییە، تمەز هەموو ئەو کەسانە کە ئامادە بوون بۆ جەنگ بە بیستنی هاتنی سوپای ئیسلام بڵاوەیان کردووە لەو مەرز و بوومەدا نەماون.

وە لەو سەردەمەدا «یوحنە» حاکمی «ئەیلە» هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر ﷺ وە حەزرەت سوڵحی لەگەڵدا کرد لەسەر ئەوە «جیزیە» بدا بە پێغەمبەر. هەروا ئەهلی «جرباء» و «اذرح» هاتن ئەوانیش سەرانەیان دا بە حەزرەت و حەزرەت نامەی سوڵحی پێدان لەسەر سەرانە.

وە حەزرەت ﷺ لەم سەفەرەدا لەگەڵ ئەسحابەکانیا دایان بە لای «حِجر» دا کە ماوای قەومی «سەموود» بوو وە ئەمری پێ فەرموون کە مەڕۆن بۆ ناو ئەو شوێنە کە وەختی خۆی سەموودی تێدا بووە، نەکا لەو غەزەبە هاتووە بۆ سەر ئەوان بێت بۆ ئەمانیش ـ مەگەر بە حاڵی دڵ نەرمی و گریانەوە ـ وە حەزرەت ﷺ سەری خۆی داپۆشی و پەلەپەلی کرد لە دەرچوون لەو ماوادا.

پاش ئەمانە حەزرەت بە سەلامەتی لەگەڵ ئەسحابەکانیا گەڕایەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە، وە کاتێ کە مەدینەیان دی فەرمووی: «هذه طابة، وهذا جبل أحد يحبنا و نحبه» وە فەرمووی بە یارانی: «إن بالمدينة أقواماً ما سرتم مسيراً، ولا قطعتم وادياً إلا كانوا معكم، قالوا: يا رسول اللّٰه وهم بالمدينة؟ قال: وهم بالمدينة حبسهم العذر».

فەرمووی: لە مەدینەدا تاقمێ هەن ئێوە هەر شوێنێ گەڕابن ئەوان لەگەڵتانا بوون لە پاداشدا، ئەوانیش عەرزیان کرد: لەگەڵ ئەوەدا کە لە مەدینەدا بوون؟ فەرمووی: بەڵێ عوزر مەنعی کردبوون لە هاتنیان لە گەڵمانا، واتە: حەیوانی سوارییان نەبوو.

www.iqra.ahlamontada.com

حەزرەت ﷺ لە مانگی رەمەزانا گەیشتەوە مەدینە، واتە دوو مانگیان پێ چوو.

جا کاتێ حەزرەت ﷺ چووە ناو شاری مەدینە لە پێش هەموو شتێکدا رۆیشتە مزگەوت و دوو رکات نوێژی تێدا کرد، جا دانیشت بۆ چاوپێکەوتنی خەڵك و خەڵك هاتن سەلامیان لێ کرد، وە ئەوانەیش کە پاش کەوتن لەو سەفەرە و نەهاتبوون لەگەڵیا، هاتن عوزریان هێنایەوە و حەزرەت ﷺ عوزرەکانی قەبووڵ کردن، ئەمانە هەشتا و ئەوەندە کەس بوون، بەڵێ قەبووڵی تەوبەی کەعبی کوڕی مالیك و رەفیقەکانی پاش خست هەتا ئایەت هاتە خوارەوە بە قەبووڵکردنی تەوبەیان جا ئەوانیش تەوبەیان قەبووڵ کرا.

جا خودای تەعالا فەرمووی:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَا لَكُمۡ إِذَا قِيلَ لَكُمُ ٱنفِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱثَّاقَلۡتُمۡ إِلَى ٱلۡأَرۡضِۚ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە خودا و پێغەمبەری خودا! ئەوە چیتان دەست ئەکەوێ کاتێ لە لایەنی پێغەمبەری خوداوە پێتان بوترێ: دەرچن بۆ جیهاد لە رێگەی خودادا بۆ تەبووک خۆتان قورس و گران ئەگرن و خۆتان ئەلکێنین بە عەرزەوە و تەمەڵی نیشان ئەدەن؟

﴿أَرَضِيتُم بِٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا مِنَ ٱلۡأٓخِرَةِۚ﴾

ئایا ئێوە رازی بوون بە ژیانی ئەم دنیایە کە ئەبڕێتەوە لە باتی ژیانی قیامەت کە نابڕێتەوە؟

﴿فَمَا مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ ٣٨﴾

تام و لەزەتی ژیانی دنیا بە نیسبەتی ژیانی قیامەتەوە شتێکی کەم و لەزەتێکی بێ دەوامە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿إِلَّا تَنفِرُوا۟ يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا وَيَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلَا تَضُرُّوهُ شَيْـًٔا ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٣٩﴾﴾

ئەگەر ئێوە نەڕۆنە دەرەوە بۆ ئەو جیهادە کە حەزرەت ئەمری پێ فەرمووە لەسەر ئەمری خودای تەعالا، خودا سزاتان ئەدا بە سزایەکی دشوار، وەکوو ناساغی گشتی، یا قاتی و وشکەساڵی یا هێرشی دوژمنان بەسەرتانا. وە لە پاش فەوتاندنی ئێوە لە باتی ئێوە کۆمەڵێکی موسوڵمانی راساڵ دێنێتە پێشەوە، وەکوو ئەهلی یەمەن یا غەیری ئەوان، وە لە عەینی کاتا ئێوە بەو نافەرمانییە زیان لە خودا نادەن؛ چونکی خودا تەوانایی هەیە بەسەر کردنی هەموو شتێکدا وە ئەتوانێ ئێوە لەناوبەرێ لەگەڵ دوژمنانی دینا وە حەزرەت ﷺ دینی ئیسلام بەرز بکاتەوە.

﴿إِلَّا تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ ٱللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ثَانِىَ ٱثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِى ٱلْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَـٰحِبِهِۦ لَا تَحْزَنْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَا ۖ فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُۥ بِجُنُودٍ لَّمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلسُّفْلَىٰ ۗ وَكَلِمَةُ ٱللَّهِ هِىَ ٱلْعُلْيَا ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٤٠﴾﴾

ئەگەر ئێوە یارمەتی حەزرەتی موحەممەد ﷺ نەدەن و نەچن بۆ غەزای تەبووك و جیهاد نەکەن لە رێگەی خودادا، بزانن خودا یارمەتی ئەدا لەم غەزادا و لەوە بەدوایشەوە وەکوو چۆن لەمەوپێش یارمەتی دا لەو کاتەدا کە کافرەکانی قورەیش کاری وەهایان کرد بوون بە هۆی ئەوە کە دەریان کرد لە شاری مەککە، وە حاڵی وەها بوو یەکێ بوو لە دوو کەس نە سوپای موهاجیرین و نە ئەنساری لەگەڵدا نەبوو بەڵکوو تەنیا دوو کەس بوون لەو کاتەدا کە لە ناو ئەشکەوتەکەی کێوی

www.iqra.ahlamontada.com

«سەور»ا بوو لە لای راستی ـ یەکێ لە مەککەوە بڕوانێ بۆ شیمال ـ بە مەسافەی سەعاتە ڕێگەیێ. وە لەو کاتەدا کە ئەبووبەکری هاوڕێی چاوی کەوت بە کافرەکان کە هاتبوون بە شوێنیانا و نزیکی دەرگای ئەشکەوتەکە بوونەوە و بیمی پەیدا کرد لەوە کە بێن بیان گرن و بیان کوژن، وە حەزرەت بۆ دڵدانەوەی ئەبووبەکر فەرمووی: دڵگران مەبە بە راستی خودا وا لەگەڵمانا بە یارمەتی و پارێزان، جا خودای تەعالا ئارامی دڵی نارده خوارەوە بۆ سەر دڵی بە جۆرێ وەها واتەکانی دڵی ئەبووبەکریشیان ئەستوور کرد. وە کافرەکان پاش ئەوە نزیك بوونەوە لە دەرگای ئەشکەوتەکە تەماشایان کرد نیشانەی چۆڵی و بێئاوەدانییان هاتە بەرچاو و شوێنەکەیان بەجێ‌هێشت. وە خودا باڵی پێدا بە هۆی سوپایەکەوە کە ئێوە بە چاو نەتان بینیون، واتە بە فریشتەی پیرۆز کە لە دەوری ئەشکەوتەکەدا پاراستوویانن لە مار و هار و دڕندە و دوژمنی نابار، وە یا پاش دەرچوونی لە ئەشکەوتەکە و گەیشتنی بە مەدینەی مونەووەرە دەستی پێدا؛ چونکی هەرکەسێ لە ئەهلی مەککە شتێکی وای لابوایێ کە لێی بترسایێ ئەیبرد بۆ لای ئەو دای ئەنا لەبەر ئەو راستی و ئەمانەتە کە بووی.

وە ئەبووبەکر ئەمری کرد بە عەبدوڵڵای کوڕی کە ئەگەر باسێکی موهیم ببوایە ئاگاداریان بکات، وە ئەمری کرد بە عامیری کوڕی «فهیرة» کە بە ڕۆژا مەڕەکانی بلەوەڕێنێ و ئێواران بیان هێنێ بۆ لای ئەشکەوتی «سەور» بۆ ئەوە بازێ شیریان بۆ ببا، وە ئەمریشی کرد بە ئەسمای کچی هەموو ڕۆژێ بە پەنامەکی هەر خواردەمەنییەك هەبێ بۆیان بێنێ لە ئێوارەدا، هەتا لەویا بن.

ئیمامی ئەحمەد ئەڵێ: کاتێ ئەبووبەکر لەگەڵ حەزرەتا دەرچوو بۆ ئەشکەوتی سەور هەرچی نەختینەی هەبوو کە عیبارەت بوو لە پێنج هەزار یا شەش هەزار درەم هەڵی گرت و لەگەڵ خۆیا بردی.

www.iqra.ahlamontada.com

ئەسماء ئەڵێ: هەر لەو شەوەدا کە باوکم دەرچوو «ابو قحافة»ی باپیرم هات بۆ لامان کاتێ ئاگادار بوو لە دەرچوونی باوکم وتی: ئەترسم تووشی ئازاری کردبن و هەموو ماڵەکەی بردبێ. منیش عەرزم کرد: نە بابەگەورە خێری زۆری بۆ بەجێهێشتووین، بردم بۆ سەر شوێنی پارەکەمان و بازێ بەردم خستە ئەو شوێنە و دام پۆشی و دەستیم خستە سەر شوێنە پارەکە و وتم: ئەمە هەمووی پارەیە لێرەدا ماوەتەوە، ئەویش کوێر بوو باوەڕی بە قسەکەم کرد و هاتە دەرەوە و وتی: مادام وایە قەی ناکا با بڕوا ئێوە بۆ خۆتان ئەژین.

وە هەر لەو شەوەدا باوکم لەگەڵ حەزرەتا رۆیشتن بۆ ئەشکەوتی سەور کافرەکان هاتن بۆ دەرگای ماڵی حەزرەت چاوەڕوانی هەلیان ئەکرد بۆ ئەوە بیکوژن، بەڵام حەزرەت ﷺ لەو کاتەدا دەرچووبوو خودا بەرچاوی کافرەکانی تاریك کردبوو نەیاندیبوو وە کاتێ ئەڕۆنە ماڵەوە بۆ سەرجێگەی نوستنەکەی تەماشا ئەکەن هەر تەنیا عەلی لەوێیە.

وە ئەو شەوە کە حەزرەت دەرچوو بۆ ئەشکەوتە کە «علی الراجح» شەوی دووهەمی مانگی «ربیع الأول» بوو رێکەوتی (٢٠) بیستی ئەیلوول لە ساڵی شەشسەد و بیست و دووی میلادیدا، پاش ئەوە کە سیازدە ساڵ لە بەعسەتی پێغەمبەر ﷺ رابورد.

کاتێ گەیشتن بە نزیکی ئەشکەوتەکە ئەبووبەکر لە پێشدا رۆیشتە ژوورەوە گەڕا بە ناو ئەشکەوتەکەدا بزانێ دڕندەیێ مارێ ئازارێ شتێکی تێدایە پاکی بکاتەوە، وە حەزرەتیش رۆیشتە ماڵەوە و سێ شەو لەو ئەشکەوتەدا مانەوە، وە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبووبەکر هەموو شەوێ ئەڕۆیشت بۆ لایان و ئاگاداری ئەکردن لە ئەخباری مەککە و نزیکی بەیان دەرئەچوو ئەڕۆیشتەوە بۆ ماڵ، وە عامیری کوڕی «فهیرة» هەموو ئێوارەیێ رانەکەی ئەبرد بۆ نزیکی ئەشکەوتەکە و شیری بۆ ئەبردن و رانەکەی

www.iqra.ahlamontada.com

بەسەر شوێن‌پێی عەبدوڵڵادا ئەبرد و شوێنەکەی کوێر ئەکردەوە: وە لەم غارەدا بوو مار دای بە قاچی حەزرەتی ئەبوبەکرەوە لە کاتێکدا پێی دانابوو لەسەر کونێ لە ترسی ئەوە نەك شتێ بێتە دەرەوە و بدات بە حەزرەتەوە. وە کافرەکانیش پاش ئەوە ئاگادار بوون لە دەرچوونی حەزرەت دەستیان کرد بە گەڕان بە ڕێگەکانا لە ئەترافی مەککەدا لە هەر شوێنێ گومانی ئەوەیان ئەبرد کە بەو ڕێگەدا ڕۆیشتبن، هەتا گەیشتنە نزیکی ئەو ئەشکەوتە و دەنگی پێیان ئەهات، لەو دەمەدا ئەبوبەکر ترسا و بە پەنامەکی عەرزی حەزرەتی کرد: ئەگەر ئێستە یەکێ لەوان بڕوانێ بۆ ژێر پێی خۆی چاوی بە ئێمە ئەکەوێ، حەزرەت ﷺ لە وەڵاما فەرمووی: «یا أبا بكر ما ظنك باثنين الله ثالثهما؟».

وە خودای تەعالا چاوی ئەو کافرانەی تاریك کرد لە دەرکی ناوی ئەشکەوتەکە، وە بەوە کە هێلانە کۆترێکیان لە نزیکی دەرگای ئەشکەوتەکەدا بینی هێلکەی تێدا بوو وە لە دەرگای ئەشکەوتەکەدا پەردەی تەنراوی جۆڵاییکەرەیان بینی، ئەوانیش ئەم شتانەیان کرد بە دەلیل لەسەر ئەوە ئەو ئەشکەوتە چۆڵە و شوێنەکەیان بەجێ‌هێشت و خودای تەعالا ئەوانی پاراست.

کاتێ کە دنیا ئارام بوو گومانیان برد ئیتر ناگەڕێن بە شوێنیانا عەبدوڵڵای کوڕی ئەرقەت کە لە موشریکەکان بوو وە کاتی خۆی وادە لە بەینیانا بوو وە بە کرێیان گرتبوو بۆ ئەوە کە ببێ بە دەلیلیان لەو ڕێگەدا هات بۆ لایان و لە ئەشکەوتەکە دەرچوون وە بە ڕێگەی قەراخی دەریادا لە خوارەوە ڕێگەی مەدینەیان گرتە بەر بە ڕێنومایی عەبدوڵڵای کوڕی ئەرقەت.

وە لە ڕۆژێ لەو ڕۆژانەدا کۆمەڵێ لە بەنی «مدلج» لە مەجلیسدا بوون، وە سەراقەی کوڕی خەسعەم لە ناویانا بوو تەماشای کرد پیاوێ هات بۆ ناویان وتی: کۆمەڵێ

www.iqra.ahlamontada.com

خەڵکم دی لە ڕێگەی قەراخی دەریاوە ئەڕۆیشتن گومانم وایە کە موحەممەد و هاوڕێکانی بن، وە سەراقە تێگەیشت ئەوانن بەڵام ویستی سەرکوێریان بکا، وتی: بابە تۆ فلان و فلانت چاو پێکەوتووە کە لەبەر چاوی ئێمەوە ڕۆیشتن، ئەمە لە کوێ و موحەممەد و ڕەفیقانی لە کوێ؟ بەهەر حاڵ خەڵکەکەی لەو گومانە دوور خستەوە بەڵام خۆی ئەیزانی ئەوانن.

پاش ماوەیێ لەو مەجلیسە هەستا و ڕۆیشت سوار بوو وە کەوتە شوێنیان هەتا لێیان نزیك کەوتەوە لەوێدا چوارپەلی ئەسپەکەی داچوو بە عەرزا و لە ئەسپەکەی داکەوت و سوار بووەوە و ڕۆیشت هەتا دەنگی حەزرەتی ﷺ بیست کە قورئانی ئەخوێند و لای نەدەکردەوە بەڵام ئەبووبەکر زۆر لای ئەکردەوە دووبارە چوار پەلی ئەسپەکەی داچوو بە عەرزا هەتا ئەژنۆکان و سەراقە داکەوتەوە لە ئەسپەکەی، جا دەنگی دا و ئەسپەکەی هەستایەوە، بەڵام لە ژێرپێ و دەستی ئەو ئەسپەوە تۆزێکی وەکوو دووکەڵ دەرچوو و بەرزەوە بوو بۆ ئاسمان و سەراقە حاڵی بوو کە ناتوانێ دەسیان بۆ ببا، وە ترسێکی گەورە کەوتە دڵیەوە و، حەزرەت ﷺ ڕاوەستا هەتا سەراقە گەیشت پێیان و عوزری هێنایەوە و داوای کرد کە داوای لێ خۆشبوونی بۆ بکا لە خودای تەعالا و بازێ نان و خواردەمەنی پێشکەش کردن، حەزرەت ﷺ فەرمووی: پێویستیمان بە خواردەمەنی نییە، بەڵام باسمان مەکە ئەویش بڕیاری ئەوەی دا.

وە مەشهوورە لە سیرەتا کە حەزرەت ﷺ موژدەی دا بە سەراقە کە سوپای ئەو «مەدائین»ی کیسرا ئەگرن و بەرگی تایبەتی کیسرا بۆ تۆیە.

بە هەر حاڵ حەزرەت ﷺ وەکوو مەشهوورە بە چەن مەنزڵێ گەیشتە «قباء» و خەڵکی قوبا هەموو پێشوازییان کرد و حەزرەت لە ماڵی «کولسوم» کوڕی «هەدم»

www.iqra.ahlamontada.com

دابەزی و ماوەیێ لە قوبا مایەوە، وە لەو ماوەدا حەزرەتی عەلی لە مەککەوە هات بە شوێنیا پاش ئەوە کە ئەمانەتەکانی دایەوە بە خاوەنیان. وە حەزرەت ﷺ لە قوبادا مزگەوتێکی کردەوە و جومعەی تێدا کرد، وە ئەم مزگەوتە یەکەم مزگەوتێکە کراوەتەوە لە پاش «کعبة اللّه» لە حیجازا وە ئەو نوێژی جومعە یەکەم نوێژێکی جومعە بووە کە بەجێ‌هێنراوە لە حیجازا، وە لە شانی ئەم مزگەوتەدا نازڵ بووە: ﴿لمسجد أسس علی التقوی من أول یوم أحق أن تقوم فیه﴾.[١]

پاش ئەمانە تەشریفی رێکەوت بۆ مەدینەی مونەووەرە و داخڵی مەدینە بوو لە دوازدەی مانگی «ربیع الأول»دا، وەکوو مەسعوود لە «مروج‌الذهب»دا وتوویە.

وە ئەنساری ئەهلی مەدینە هاتن بە پێشوازییەوە و هەرکەس رەشۆی ولاخەکەی ئەگرت بۆ ئەوە لە ماڵی ئەوان دابەزێ، ئەویش ئەیفەرموو: وازی لێ بێنن خۆی مەئموورە لە کوێدا بنوێت، هەروا رۆیشت هەتا گەیشت بە جێگەی خەرمانی خورما (واتە شوێنێ خورمای تێدا وشك ئەکرێتەوە) لە نزیکی ماڵی ئەبووئەیووبی ئەنساریدا رضي الله عنه لەوێدا وشترەکە نوست و حەزرەت ﷺ فەرمووی: «هنا المنزل إن شاء اللّه».

جا ئەبووئەیووب هات شت و مەکەکانی هەڵگرت و بردی بۆ ماڵەوە و لەوێدا دامەزرا.

وە پێشوازی‌کەران بە نەشید ئەیان‌خوێندەوە:

«طلع البدر علینا من ثنیات الوداع     وجب الشکر علینا ما دعا للّه داع»

وە بازێ لە جارییەکانی «بەنی‌نەجار» بۆ خۆشی بەم جۆرە نەشیدیان ئەخوێندەوە:

«نحن جوار من بني النجار     یا حبذا محمد من جار»

---

١. التوبة؛ ١٠٨.

www.iqra.ahlamontada.com

ئەویش فەرمووی: حەز ئەکەن جوابتان بدەمەوە؟ وتیان: بەڵێ، فەرمووی: خودا ئەزانێ بە دڵ خۆشم ئەوێن.

﴿ٱنفِرُواْ خِفَافًا وَثِقَالًا﴾

ئەی موسوڵمانانی دڵ پاك دەرچن بە گشتی بۆ تەبووك بۆ جیهادی رۆمییەکان، خواه لەشتان سووك بێ یا قورس، خێزان و منداڵتان کەم بێ یا زۆر، عەلاقەی ژیواری دنیاتان کەم بێ یا زۆر.

﴿وَجَٰهِدُواْ بِأَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ﴾

وە کۆشش و جیهاد بکەن لە ڕێگەی خودادا بە بەختکردنی دارایی و گیانی خۆتان.

﴿ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٤١﴾﴾

ئەم جیهادە گەلێ چاکترە بۆ ئێوە بۆ دین و دنیاتان ئەگەر بزانن لە ئەنجامی کارەکانی خۆتان و خوداتان، بۆ دنیا سەربەرزی و بۆ قیامەت سەرفرازی گەلێ باشترە لە ملکەچی و خاوەن نیازی .

﴿لَوْ كَانَ عَرَضًا قَرِيبًا وَسَفَرًا قَاصِدًا لَّٱتَّبَعُوكَ وَلَٰكِنۢ بَعُدَتْ عَلَيْهِمُ ٱلشُّقَّةُۚ﴾

ئەگەر ئەمە کە تۆ ئەو خەڵکەی بۆ بانگ ئەکەی قازانج و ماڵێکی دنیایی وا بوایێ بە ئاسانی دەست بکەوتایێ بۆیان هەموویان شوێنت ئەکەوتن، بەڵام زۆر دوورە لەسەر ئەوان و گرانە لەسەر دڵیان بڕینی ئەو مەسافە کە بە ناڕەحەتی نەبێ نابڕرێ.

﴿وَسَيَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ لَوِ ٱسْتَطَعْنَا لَخَرَجْنَا مَعَكُمْ﴾

وە بە هەموو هێزێ سوێند ئەخۆن بە خودا بۆ ئێوە و ئەڵێن: ئەگەر بمان توانیایێ ئەو سەفەرە لەگەڵتانا دەرئەچووین بۆ غەزا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿يُهْلِكُونَ أَنفُسَهُمْ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿٤٢﴾﴾

نەفسی خۆیان ئەهاونە سزاوە بەو سوێندە درۆیانە کە ئەیخۆن، وە خودای تەعالا ئەزانێ بە راستی ئەوانە لەم سوێندەدا درۆ ئەکەن.

﴿عَفَا ٱللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟ وَتَعْلَمَ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٤٣﴾﴾

ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لە شانی ئەو مونافقانە کە هاتن عوزریان ئەهێناوە لە دەرچوونیان بۆ غەزای تەبووك و ئەیانوت بێ‌تفاقین و کار و کاسبیمان پەرێشانە ئیزنمان بدە با لەم سەفەرەدا نەیەین لەگەڵتانا، وە حەزرەتیش ئیزنی پێدان و مانەوە. جا خودا ئەفەرموێت: خودا عەفووت بکا، ئەگەر ئیزنیشت پێ نەدانایە هەر نەدەهاتن. دەی بۆچی ئیزنت پێدان تا ئەو ئیزنە ببێ بە بەهانەی مانەوەیان؟ وە ئیزنت پێ نەدانایە باش بوو با لەسەر ئارەزووی خۆیان لە ماڵەوە بمانایەنەوە وە ئەوسا دەرئەکەوت بۆ تۆ بە فامی گشتی ئەوانە کە راستن و راساڵ و خاوەن ئیخلاسن و جیائەبوونەوە لە درۆزنەکان و درۆزنەکانت ئەناسی بە شێوەیەکی وا کە کەس شوبهەی نەمێنێ لە درۆزنی ئەوانا.

﴿لَا يَسْتَـْٔذِنُكَ ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ أَن يُجَٰهِدُوا۟ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلْمُتَّقِينَ ﴿٤٤﴾﴾

لەو کاتەدا کە فەرمان ئەدەی بە دەرچوون بۆ جیهاد داوای ئیزن ناکا لە تۆ ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە خودا و بە رۆژی قیامەت لە بۆ جیهادکردن بە ماڵ و نەفسی خۆیان لە رێگەی خودا؛ چونکی ئەزانن ئەگەر جیهادەکە پێویست نەبێ خودا ئەمری پێ ناکا، وە ئەو کەسەیش کە خاوەن ئیمانە ئەزانێ ئەو جیهادکردنە هەلە بۆ ئەوە بگا بە پیرۆزی دنیا و قیامەت. وە خودا زانایە بەوانە کە لە خودا ئەترسن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿إِنَّمَا يَسْتَـْٔذِنُكَ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَٱرْتَابَتْ قُلُوبُهُمْ فَهُمْ فِى رَيْبِهِمْ يَتَرَدَّدُونَ ﴿٤٥﴾﴾

نەوەك داوای ئیزنت لێ دەکەن بۆ دەرنەچوون لە بۆ تەبووك ئیللا ئەو کەسانە کە ئیمانیان نییە بە خودا و بە رۆژی پاشەڕۆژ، وە دڵیان وا لە ناو شوبهە و دوودڵیدا جا ئەوانە هەمیشە لە ناو ئەو نەخۆشینەدا هاتوچۆ ئەکەن و لە داڵغە دەرناچن.

﴿وَلَوْ أَرَادُوا۟ ٱلْخُرُوجَ لَأَعَدُّوا۟ لَهُۥ عُدَّةً﴾

ئەمانە ئەگەر خواستیان لەسەر دەرچوون بوایە بۆ تەبووك ئەوەی پێویستی سەفەر بێ زوو ئامادەیان ئەکرد.

﴿وَلَـٰكِن كَرِهَ ٱللَّهُ ٱنۢبِعَاثَهُمْ فَثَبَّطَهُمْ وَقِيلَ ٱقْعُدُوا۟ مَعَ ٱلْقَـٰعِدِينَ ﴿٤٦﴾﴾

بەڵام خودا زانا بوو بە دڵیان و بە بیری تاریکیان وە بەوە کە دەرچوونیان زیان بوو بۆتان لەبەر ئەمانە حەزی نەکرد بە هەستانیان بۆ ئەو سەفەرە و دایکوتانەوە لە شوێنی خۆیانا و پێیان وترا: دانیشن لەگەڵ دانشتوانا.

﴿لَوْ خَرَجُوا۟ فِيكُم مَّا زَادُوكُمْ إِلَّا خَبَالًا وَلَأَوْضَعُوا۟ خِلَـٰلَكُمْ يَبْغُونَكُمُ ٱلْفِتْنَةَ وَفِيكُمْ سَمَّـٰعُونَ لَهُمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٤٧﴾﴾

سوپاسی خودا بکەن کە نەهاتن لەگەڵتانا ئەگەر دەرچوونایێ لە ناو ئێوەدا هیچیان بۆ زیاد نەدەکردن سستی و تەمەڵی و بێعەزمی نەبێ و پەرێشانییان ئەخستە ناوتان؛ چونکی هەمیشە ئەوانە ئەیانەوێ ئێوە بێپایە و مایە بن و حەز لە جیایی دڵتان

www.iqra.ahlamontada.com

ئەکەن بۆ ئێوە بە قسەی پڕ و پالآنتە و لە ناو ئێوەیشا چەن کەسێ وا بوون کە لەبەر سادەدڵی گوێیان بۆ ئەوان ئەگرت، وە خودایش زانایە بە ستەمکاران لە ئێوە و لەوان.

﴿لَقَدِ ٱبۡتَغَوُاْ ٱلۡفِتۡنَةَ مِن قَبۡلُ وَقَلَّبُواْ لَكَ ٱلۡأُمُورَ حَتَّىٰ جَآءَ ٱلۡحَقُّ وَظَهَرَ أَمۡرُ ٱللَّهِ وَهُمۡ كَٰرِهُونَ ﴿٤٨﴾﴾

ئەم مونافقانە هەر لەمەوپێش لە هەموو کاتێکدا، بە تایبەتی لە جەنگی ئوحودا، حەزیان لە فیتنەی پەرێشانی و پاشکەوتن هەبوو بۆ ئێوە، وە چەن ئیشیان هەڵگێڕایەوە. واتە چەن فرو فێڵیان بۆ دۆزینەوە، وە یا چەن راستییان گۆڕی و چەن درۆیان کرد بە راست و راستیان کرد بە درۆ و چەن دیعایەیان لەسەر کردن، هەتا ئەوەی خودا بڕیاری دابوو ئەبێ ـ وەکوو نەسرەتی ئێوە ـ هاتە جێ، وە مەبەستی خودا یا ئەوەی فەرمانی پێدا بوو ـ وەکوو بەرزەوەبوونی ئیسلام بێ ـ دەرکەوت وەلحاڵ ئەوان زۆریان پێ ناخۆش بوو.

﴿وَمِنۡهُم مَّن يَقُولُ ٱئۡذَن لِّي وَلَا تَفۡتِنِّيٓۚ أَلَا فِي ٱلۡفِتۡنَةِ سَقَطُواْۗ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةُۢ بِٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٤٩﴾﴾

وە بازێ لەو مونافقانە دێن بۆ لات و پێت ئەڵێن: ئیزنم بدە با لە ماڵی خۆما بمێنمەوە و مەمهاوەرە ناو فیتنە و پەرێشانی دڵ یا ئارەزووی نەفس لە هۆی ژنانەوە، یا پەرێشانی ماڵ بە هۆی زیانەوە، بەڵام ئاگاداربە ئەمانە کە ئەم وتارە ئەڵێن خۆیان کەوتوونەتە ناو پەرێشانییەکانەوە و ئەو پەرێشانی ئەوانە کە کوفر و نیفاقە لە هەموو پەرێشانییەکان بەدترە، وە بە راستی دۆزەخ داگرە بۆ کافرەکان. وە هەرگیز لە دائیرەی ئەو دەرناچن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿إِن تُصِبْكَ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ وَإِن تُصِبْكَ مُصِيبَةٌ يَقُولُوا قَدْ أَخَذْنَا أَمْرَنَا مِن قَبْلُ وَيَتَوَلَّوا وَّهُمْ فَرِحُونَ ۝٥٠﴾

ئەم مونافقانە دوژمنی تۆن و یاسای دوژمن هەیە لەوانا بەم شێوە ئەگەر چاکەیێ و رووداوێکی بە سوود روو بدا بۆ تۆ و بۆ ئوممەتەکەت دڵیان تاریک ئەکا و بێئاسایشیان ئەکا، وە ئەگەر مسیبەت و بەڵاو مەینەتێ پێت بگات ئەڵێن: بە راستی ئێمە تەدبیری خۆمان کرد لە پێشا و نەڕۆیشتین بۆ ئەو جەنگە و لەو بەڵا دوور بووین، وە یاخود ئەڵێن: ئێمە ئەو تەدبیرەی کە ئەوان کردیان بە هەڵەمان زانی و لە جێگەی کۆبوونەوە و وتووێژ کردنەکەیان هەڵئەستن و پشتی تێ ئەکەن و ئەڕۆنەوە بۆ ماڵی خۆیان و وەلحاڵ شادمانن.

﴿قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلَانَا ۚ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ ۝٥١﴾

تۆ ئەی رەهبەری خۆشەویست پێیان بڵێ: ئێمە بەم مسیبەتانە چاومان ناترسێ، چونکی ئێمە ئیمان و باوەڕمان هەیە بە قەراری قەتعی کە ناگا بە ئێمە ئیللا ئەو شتە کە خودا نووسیویەتی بۆمان، خودا گەورەی ئێمەیە و فەرمانڕەوایە لەسەر عالەم، وە خودا یاریدەدەر و دۆستمانە، هەر ئازارێکمان بدا سوودی تیایە بۆمان لە هەردوو جیهانا، وە ئەوانە کە خاوەن ئیمانن ئەبێ هەر پاڵ بە میهرەبانی خوداوە بدەن و هەموو سوود و زیانێ لەوەوە بزانن.

﴿قُلْ هَلْ تَرَبَّصُونَ بِنَا إِلَّا إِحْدَى الْحُسْنَيَيْنِ ۖ وَنَحْنُ نَتَرَبَّصُ بِكُمْ أَن يُصِيبَكُمُ اللَّهُ بِعَذَابٍ مِّنْ عِندِهِ أَوْ بِأَيْدِينَا ۖ فَتَرَبَّصُوا إِنَّا مَعَكُم مُّتَرَبِّصُونَ ۝٥٢﴾

www.iqra.ahlamontada.com

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ بەو مونافقانە: ئایا ئێوە چاوەڕێی غەیری ئەم دوو شتە ئەکەن بۆ ئێمە کە هەردووکیان زۆر باشن وە هەرکاممان پێ بگات یەکێکە لە دوو بەهرەی زۆر بەرزی زۆر جوان: یا مانەوە بە سەربەرزی و زاڵبوون بەسەر دارایی و مایەی دنیادا، وە یا مردن و کوژران بە شەهیدی و پایەی بەرزی پاشەڕۆژ؟ وە ئێمە بۆ ئێوە چاوەڕێی ئەوەین کە خودا بتانگرێ بە سزایەکی تایبەتی لای خۆیەوە بە مردنێکی نابار بە دەردێکی ناهەموار، یا بە سزایێ بە دەستی ئێمە بە تیر و بە شیر، جا چاوەڕێ بکەن ئێمەیش لەگەڵ ئێوەدا چاوەڕێی ئەکەین.

﴿ قُلۡ أَنفِقُواْ طَوۡعًا أَوۡ كَرۡهًا لَّن يُتَقَبَّلَ مِنكُمۡ إِنَّكُمۡ كُنتُمۡ قَوۡمًا فَٰسِقِينَ ٥٣ ﴾

ئەی ڕەهبەری سەربەرز تۆ بڵێ بەو مونافقانە: ئێمە چاومان لە ماڵی ئێوەوە نییە وە ماڵی خۆتان سەرف بکەن ـ بە ڕەزامەندی یا بە نارەزایی ـ هەر لێیان قەبووڵ ناکرێ؛ چونکی بە ڕاستی ئێوە کۆمەڵێ بوون خاریج لە ڕێگەی ڕاستی ئیسلامییەت و موسوڵمانان وە پێغەمبەری ئەوانتان خۆش نەویستووە.

﴿ وَمَا مَنَعَهُمۡ أَن تُقۡبَلَ مِنۡهُمۡ نَفَقَٰتُهُمۡ إِلَّآ أَنَّهُمۡ كَفَرُواْ بِٱللَّهِ وَبِرَسُولِهِۦ وَلَا يَأۡتُونَ ٱلصَّلَوٰةَ إِلَّا وَهُمۡ كُسَالَىٰ وَلَا يُنفِقُونَ إِلَّا وَهُمۡ كَٰرِهُونَ ٥٤ ﴾

وە هیچ شتێ مەنعی ئەوەی نەکردووە کە مەسرەف لەوان وەربگیرێ ئەوە نەبێ ئەمانە کافرن بە خودا و بە ڕەسوولی خودا و نایەن بۆ نوێژکردن ئیللا بە بێ نیشاتی و بە تەمەڵییەوە بە شێوەی بێگاری پێکردن، وە ماڵیشیان سەرف ناکەن لە ڕێگەی ئیسلامییەتا ئیللا لە حاڵەتێکدا کە ئەوان بە دڵ ناڕازین بەو مەسرەفە. جا قەومێ

www.iqra.ahlamontada.com

وەها بن بیر و باوەڕیان نابار بێ و کردەوە و عیبادەتی بەدەنییان بە زەوق نەبێ و سەرفی ماڵیشیان بە ناحەز بێ ئەبێ چۆن ئەوانە سایە و پایە و مەقامێکیان ببێ لە ئیسلاما؟

﴿فَلَا تُعْجِبْكَ أَمْوَالُهُمْ وَلَآ أَوْلَادُهُمْۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُم بِهَا فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَتَزْهَقَ أَنفُسُهُمْ وَهُمْ كَٰفِرُونَ ﴿٥٥﴾﴾

با تۆ نەخاتە تەعەجوب و قەدر گرتنەوە دارایی و نەتەوە و کۆمەڵەی ئەوان؛ چونکی ئەم دارایی و نەتەوەی زۆرە مایەی بەدبەختی ئەوانە خوای تەعالا ئەوەی ئەوێ کە لە دنیادا سزایان بدا بە هۆی پەیدا کردنی ئەو داراییە و خزمەتی و پاراستنی، چون نە ئەسڵەکەی پاکە و نە خزمەتکردنەکەی بە ڕێگەیەکی مەشرووعە و نە پاراستنەکەی بە هیوایەکی باشە، هەروەها ئەولادەکانیشیان نە بە شێوەیەکی شەرعی پەیدا بوون و نە تەمێ و تەربییەتێکی باشیان کراوە و نە ڕوویان لە خێر و پیرۆزییە. کە وابوو هەموو ئەمانە مایەی سزای دنیا و بەدبەختی قیامەتیشن و لە ئەنجاما کاتێ گیانیان دەرئەچێ گیانیان بە کافری دەرئەچێ.

﴿وَيَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ إِنَّهُمْ لَمِنكُمْ وَمَا هُم مِّنكُمْ وَلَٰكِنَّهُمْ قَوْمٌ يَفْرَقُونَ ﴿٥٦﴾﴾

وە ئەو موونافقانە بە خودا سوێند ئەخۆن: کە بە ڕاستی لە ئێوەن و لە موسوڵمانانن کەچی ئەوان لە ئێوە نین و، بەڵام ئەوانە کۆمەڵێکن لە موسوڵمانەکان ئەترسن بە نیفاق و پارێز لەگەڵیانا ڕائەبوێرن.

﴿لَوْ يَجِدُونَ مَلْجَـًٔا أَوْ مَغَٰرَٰتٍ أَوْ مُدَّخَلًا لَّوَلَّوْا۟ إِلَيْهِ وَهُمْ يَجْمَحُونَ ﴿٥٧﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەگەر ئەو موونافقانە پیاوێکی گەورەی سەربەخۆیانیان دەست بکەوتایێ ئەڕۆیشتن بۆ لای و جەنگیان لەگەڵدا ئەکرد، وە یا ئەگەر قەڵایەکی مەحکەمیان دەست بکەوتایە ئەڕۆیشتنە ناویەوە و ئەیانکرد بە پارێزگاری خۆیان، وە ئەگەر چەن ئەشکەوتێکیان بدۆزیایەتەوە لە کێوێکی سەختا کە دەستان پێیان نەگا ئەڕۆیشتن بۆ ناویان، وە ئەگەر جێگەیەکی پەناداری نەبینراوی وەکوو ژێرزەمینیان شك ببردایە ئەڕۆیشتنە ناوی و دەستیان دەدایە یاخیێتی و ملەجڕێ و سەرکێشی، کە مادام ئەمە تەبیعەتیانە ئیتر ئیعتیبار بە شێوەی فەرمانبەری ئەمانە نییە.

جا بزانن! ئەم ئایەتانە هەموویان لە ئایەتی چل و یەکەوە تا کۆتایی ئایەتی پەنجا و حەوت بە موناسەبەی غەزای تەبووکەوە هاتوونەتە خوارەوە، بەڵام لە سەر چەن هۆیەکی جیاواز؛ بۆ وێنە دوو تاقم لە غەزای تەبووك دواکەوتن؛ تاقمێ لە موسوڵمانان و، تاقمێ لە موونافقەکان، وە ئەم موونافقانە بازێکیان ئامۆژگاری بازێکیانی ئەکرد بەوە کە نەڕۆن بۆ ئەو غەزایە و پێیان ئەوتن: لەم کاتی گەرمادا دەرچوون بۆ ئەم سەفەرە دوور و درێژە مەعنای نییە، جا خودای تەعالا لە عیتابی موسوڵمانە دواکەتووەکانا ناردیە خوارەوە:

﴿یا أیها الذین آمنوا ما لکم إذا قیل لکم انفروا في سبیل الله اثاقلتم﴾ ـ هەتا ـ ... ﴿والله عزیز حکیم﴾.

وە بۆ ئەمر بە موسوڵمانان بۆ جیهاد لە ڕێگەی خودادا ناردیە خوارەوە: ﴿انفروا خفافاً و ثقالاً... الآیة﴾ جا بۆ سەرزەنشتی ئەو موونافقانە کە لەو غەزایە دواکەوتن و دانیشتن پاش ئەوە کە داوای ئیجازەیان کرد لە حەزرەت ﷺ و چەن بەهانەیەکیان نیشان دا و لە ڕاستیشدا وا نەبوو لە ئایەتی: ﴿لو کان عرضاً قریباً وسفراً قاصداً لاتبعوك﴾ هەتا ئایەتی: ﴿قل انفقوا طوعاً أو کرهاً﴾ هاتە خوارەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

بەڵێ ئایەتی ﴿عفا الله عنك﴾ نازڵ بوو لە خوسووسی ئیجازەی حەزرەتەوە ﷺ بۆ ئەو بازە کەسانە.

وە لەو مونافقانە بوو کەسێ کە بیانووی ئەهێناوە بەوە کە پیاوێکە زۆر ئارەزووی لە ژن هەیە و ناتوانێ مەنعی نەفسی خۆی بکا و ئەیوت: ئامادەم بۆ ئەوە کە بە ماڵ و درایی خزمەت بکەم، جا خودای تەعالا ﴿ومنهم من يقول ائذن لي ولا تفتني﴾ و ئایەتی ﴿قل انفقوا طوعاً أو كرهاً﴾ی نازڵ کرد.

وە بازێ لەوانە کە لە مەدینەدا دواکەوتن و نەچوون بو غەزاکە واتەی درۆ و دەلەسەیان هەڵئەبەست و بڵاویان ئەکردەوە و ئەیانوت: موحەممەد و ئەسحابەکانی لەم رێدا مەحو بوونەوە و ئاساریان نەما، وە خودا بەدرۆی خستنەوە و ئەم ئایەتەی نازڵ کرد: ﴿إن تصبك حسنة تسؤهم﴾.

﴿ وَمِنْهُم مَّن يَلْمِزُكَ فِي ٱلصَّدَقَٰتِ فَإِنْ أُعْطُواْ مِنْهَا رَضُواْ وَإِن لَّمْ يُعْطَوْاْ مِنْهَآ إِذَا هُمْ يَسْخَطُونَ ﴿٥٨﴾ ﴾

وە لەو ئینسانە ناساغانەیە کەسێکی وەها کە عەیبت لێ ئەگرێ لە بەشکردنەوەی حوقووقی واجیبەدا، جا ئەگەر بەشیان بدرێ لەو خێراتە رازی ئەبن و بێدەنگ ئەبن، وە ئەگەر بەشیان نەدرێ کوتوپڕ هەڵئەچن و تووڕە ئەبن و دەست ئەکەن بە قسەی پڕوپووچ.

﴿ وَلَوْ أَنَّهُمْ رَضُواْ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَقَالُواْ حَسْبُنَا ٱللَّهُ سَيُؤْتِينَا ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ وَرَسُولُهُۥٓ إِنَّآ إِلَى ٱللَّهِ رَٰغِبُونَ ﴿٥٩﴾ ۞ ﴾

وە ئەگەر ئەوانە رازی بوونایێ بەوەی کە خودا و پێغەمبەری خودا پێیداون وە لە مەقامی سوپاسکاریدا بیانوتایە: خودامان بەسەو لەمەولا لە دنیادا و لە قیامەتا

www.iqra.ahlamontada.com

خودا بە فەزڵی خۆی بەهرەمەندمان ئەکا و بەشمان پێ ئەدا، وە ئێمە بە راستی رەغبەتمان و دڵخوازمان لە بەشی خودایە، ئەوە زۆر باشتر ئەبوو لەو ناڕەزایی و رەخنەگیرییە کە لە تەقسیمی حەزرەتا ئەیکەن.

زاناکان فەرموویانە: ئەم دوو ئایەتە لە «ابوالجواظ»ی مونافقا نازڵ بوون کە ئەیوت: تەماشای ئەم پێغەمبەرە ناکەن کە سەدەقەکان بەش ئەکاتەوە بە ناو شوان و گاوان و وشترەوانا و گومانیشی وەهایە کە دادگەرە؟!.

وە بازێ وتوویانە: نازڵ بوون لە کوڕی «ذو الخويصرة» گەورەی «خوارج»دا کە کاتێ حەزرەت لە «حنين»دا یا لە «جعرانة»دا غەنائیمی هەوازینی بەش ئەکردەوە و بەشی زۆری ئەدا بە ئەهلی مەککە لە بەر ئەوە دڵیان خۆش بکا لەسەر ئیسلامییەت، ئەویش هات بۆ لای حەزرەت ﷺ وتی: «اعدل يا رسول الله! فقال: ويلك! إن لم أعدل فمن يعدل؟» وە لەو کاتەدا ئەو کابرا ئەو قسەی ئەکرد بەرماڵێ بەسەر شانی حەزرەتەوە بوو بەهێز رای کێشا وەها کە لاملی حەزرەتی رووشاند. حەزرەتی عومەر ئەمەی دی هات وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئیزنم بدە بدەم لە گەردنی، فەرمووی: نەکەی! من ئەسحابەی خۆم ناکوژم، وە کاتێ کابرا رۆیشت حەزرەت فەرمووی: لەمەولا لە پشتی ئەمە نەتەوەیێ دەرئەچن کە لە دین دەرئەچن وەکوو تیر چۆن لە شوێنی خۆی دەرئەچێ.

وە ریوایەت کراوە لە ئەبوسەعیدی خدرییەوە رضي الله عنه ئەڵێ: لە یەمەنەوە شتێ رەوانە کرا بۆ لای حەزرەت ﷺ ئەویش بەشی کردەوە لە بەینی چوار کەسا، جا پیاوێ لەوێدا بوو وتی: لەم بەشکردنەدا عەداڵەتت نەکرد! حەزرەت فەرمووی: لە نەتەوەی ئەمە کۆمەڵێ دەرئەچێ کە لە دین دەرئەچن. ئەمە بوخاری شەریف ریوایەتی کردووە.

وە ئەو شتە بریتی بووە لە میقدارێ ئاڵتوون حەزرەتی عەلی لە یەمەنەوە ناردیەوە بۆ لای حەزرەت ﷺ ئەویش دای بە چوار کەس لە «مؤلفة» (دڵنەوایی کراو) کە

www.iqra.ahlamontada.com

ئەمانە بوون: «ئەقرەعی کوڕی حابسی حەنزەلی» و «عویەینەی کوڕی بەدری فەزاری» و «زەیدی تائی نەبهانی» و «عەلقەمەی عامری کیلابی»، وە کابرا کە قسەکەی کرد «ذوالخویصرة»ی تەمیمی بوو ناوی «حرقوص» کوڕی «زهیر» بوو، وە لە واقیعا خەواریجەکان کە چوون بە گژ حەزرەتی عەلیدا لەو نەتەوە بوون.

جا خودای تەعالا ئایەتی نازڵ کرد بۆ بەیانی ئەو کەسانەی کە سەدەقاتیان ئەدرێتێ و فەرمووی: ﴿إنما الصدقات للفقراء ... الآية﴾

لە پێش بەیانی تەفسیری ئەم ئایەتەدا بزانن ئەو ماڵە کە واجبە سەرف بکرێ لە بەر حەقی خودا پێنج نەوعە: زەکات و، فەیئ و، غەنیمە و، کەفارەت و، فیدیە. فەیئ: ماڵێکە بە بێ جەنگ و داوا لە کافرانەوە بگا بە موسوڵمانان. وە غەنیمە ماڵێکە بە تاڵان بیگرین لە کافران. وە کەفارەت بە سوێندی درۆ و، زیهار و، قەتڵە. وە فیدیە ئەوەیە ئەدرێ لە تۆڵەی واجباتی حەج و عومرەدا کە بفەوتێن، وە هەر یەکێ لەمانە لە شوێنی خۆیا بەیان ئەکرێت.

زەکات لە شەرعا ئەو ماڵەیە کە واجبە دەوڵەمەند بیدا بە موستەحەقەکان لەسەر یاسای دین. وە زەکات واجبە لە پێنج ماڵدا: یەکەم نەخت، یانی ئاڵتوون و زیو. دووهەم: ماڵی تیجارەت. سێهەم: بەر و بوومی باخ. چوارەم: بەر و بوومی کشتوکاڵ. پێنجەم: حەیوانات لە وشتر و گاو مەڕ و بزن.

وە شەرتی واجب بوونی زەکات لە ماڵی نەختا ئیسلامییەتی خاوەن ماڵ و، ئازادییەتی، وە ئەبێ ئەو ماڵە لە موڵکی تەواو بێ، مەسەلا بەدەلی ئیجارە هەتا ماوەی ئیجارەکە تەواو نەبێ نابێ بە موڵکی تەواو. وە ئەبێ ساڵێکی بەسەرا بێتەوە، وە ئەبێ بگاتە «نیساب» واتە حەدی زەکات. وە حەدی زەکات لە ئاڵتوونا (٢٠) مسقاڵە و حەدی زەکات لە زیوا دووسەد درەمە، وە ئەمانە چل یەکیان واجبە، کە لە بیست مسقاڵ ئاڵتوونا نیو مسقاڵە و لە دووسەد درەما پێنج درەمە.

www.iqra.ahlamontada.com

ئێستە لەم زەمانەدا ئاڵتوون و زیو دیار نییە و حوکومەتەکان «باقەنەوت ـ رصید ـ»یان خستووەتە بازاڕەوە و هەر یەکێ موقابیل بەو باقەنەوتانە میقدارێ ئاڵتوون و زیوی لە بانگی عالەمییا داناوە وەختی خۆی لە بەرانبەری مسقاڵێ ئاڵتوونی عیراقییەوە دوو دینار دانراوە. وە لەسەر ئەوە کە بیستوومانە لە پیاوانی بانگ سێسەد و شەست درهەمی عیراقی میقداری دووسەد درهەم زیوی تێدایە. جا لەبەر ئەوە نرخی دیناری کاغەز کەم و زیاد ئەکا هەرکەسێ لە پاش تەواو بوونی ساڵ قیمەتی بیست مسقاڵ ئاڵتوون دیناری بوو کە ئەکاتە چل دینار واجبە دینارێکی بدا بە زەکاتا، وە ئەگەر لە ئاخری ساڵا مسقاڵی ئاڵتوون سێ دینار بژی پێویستە شەست دیناری ببێ ئەوسا لە بەرانبەری ئاڵتوونا زەکاتی لێ ئەکەوێ، بەڵام بۆ زیو مادام سێسەد و شەست درەمی بوو پێویستە، بە حسێبی چل‌یەك، نۆ درەم بدا لە زەکاتا، بەم یاسا هەرکەسێ مامەڵەی ببێ غاڵبەن زەکاتی لەسەرە.

وە بزانن ئەو میقدارە پارە نەختە کە بە دەسقەرز ئەدرێ بە کەسێ مادام بگا بە حەدی نیساب زەکاتی تیا واجب ئەبێ لەسەر خاوەنەکەی بەڵام واجب نییە زەکاتەکەی بدا هەتا ئەو قەرزە وەرئەگرێتەوە.

وە زەکاتێکی‌تری لەسەر کابرای قەرزار واجب نابێ هەرچەن کە بووە بەماڵی و تەسەڕوفی تێدا ئەکا، بە دوو دەلیل؛

یەکەم: تاقە ماڵێ لە یەك ساڵدا دوو جار زەکاتی تێدا نییە، وە مادام زەکاتی واجب بوو لەسەر خاوەنەکەی ئیتر لەسەر قەرزارەکە واجب نابێ.

دووهەم: کابرای قەرزار هەرچەن ببێ بە مالیکی ئەو پارەیە بەڵام موڵکی سابیتی نییە لەبەر ئەوە واجبە وێنەی ئەوە رەد بکاتەوە بۆ سەر خاوەن قەرزەکە کە ئەو ماڵەی لێ وەرگرتووە.

www.iqra.ahlamontada.com

وتمان شەرتی وجووبی زەکات لە ماڵی نەختا ئیسلامییەت و ئازادی خاوەنەکەیەتی، وە موڵکی سابیتە نەوەك بەدەلی ئیجار لە پێش تەواو بوونی مودەکەدا، وە گەیشتنە بە حەدی نیساب و گەڕانەوەی ساڵە بەسەریا.

وە حوکمی ماڵی تیجارەتیش وەکوو ماڵی نەخت وایە، بەڵام شەرت نییە ئەو ماڵە لە تەواوی ماوەی ساڵەکەدا حەدی نیساب بێ، واتە ئەگەر ماڵی تیجارەتەکەت لە ئەوەڵی ساڵەوە بایی بیست مسقاڵ ئاڵتوون بوو وە لە پاش چەن مانگێ نرخەکەی شکا و بوو بە دە مسقاڵ و لە ئاخری ساڵا گەیشتەوە بە بیست مسقاڵ ئەوە واجبە زەکاتەکەی بدرێ ، واتە نیو مسقاڵ بدا لە زەکاتا.

وە حەدی زەکات لە واریداتی کشتوکاڵدا لەوانەدا کە بۆ قووت دەست ئەدەن، هەروەها لە واریداتی ترێ و خورمادا چونکی بە قووت ئەژمێررێن پێنج ویسقە کە بە کێشانە ئەگاتە حەوسەد و بیست کیلۆ، وە شەرتی زەکات لەمانەدا ئەمەیە لەوانە بن کە ئادەمیزاد ئەیانچێنێ و ژیواری ئیختیاری بن و موڵکی تەواو بن، بەڵام رابوردنی ساڵ بەسەریانا ئیعتیبار ناکرێ، وە ئەگەر ئەمانە بە ئاوی رەسای خودایی ئاو بدرێن واجبیان دە یەکە، وە ئەگەر بە مەکینە و دۆڵاب و هەڵگۆزان بێ بیست یەکە.

بێدار بن! نیساب لەو دانەوێڵانەدا کە لە توێکڵدا هەڵئەگیرێن وەکوو پەرژە و چەڵتووك دە ویسقە یانی دوو قاتی گەنم و جۆ.

وە ئەمما حەیوانات: ئەووەڵ نیسابی وشتر پێنجە لەوەدا کاوڕێکی یەك ساڵە واجبە، وە لە دەدا دوو کاوڕ وە لە پازدەدا سێ کاوڕ، وە لە بیستا چوار کاوڕ، وە لە بیست و پێنجدا وشترێکی مێچکەی یەك ساڵە، وە لە سیوشەشا مێچکەیەکی دوو ساڵە، وە لە چل و شەش مێچکەیەکی سێ ساڵە، وە لە شەست و یەکا مێچکەیەکی چوار ساڵە، وە لە حەفتا و شەشا دوو مێچکەی دوو ساڵە، وە لە نەوەد و یەکدا دوو مێچکەی چوار ساڵە، وە لە سەد و بیست و یەکدا سێ وشتری مێچکەی دوو

www.iqra.ahlamontada.com

ساڵە، لەمە بەرەوژوور لە هەموو چل وشترێکدا مێچکەیەکی دوو ساڵە، وە یا لە هەر پەنجادا وشترێکی مێچکەی سێ ساڵە واجبە.

وە حەدی زەکاتی گا و مانگا سی سەرە کە گوێرەکەیەکی یەك ساڵەی تێدا واجبە، وە لە هەموو چل سەرێکدا گوێرەکەیەکی مێچکەی دوو ساڵە. وە لەسەر ئەم حسێبە هەتا زیاد ئەکا.

وە حەدی زەکاتی مەڕ و بزن چل سەرە، لەم ژمارەدا بەرخێکی یەك ساڵە یا بزنێکی دوو ساڵە واجبە، وە لە سەد و بیست و یەك سەرا دوو سەر واجبە، وە لە دووسەد و یەك سەرا سێ سەر واجبە، وە لە چوار سەد سەرا چوار سەر واجبە. پاش ئەمە لە هەر سەد سەرا سەرێ واجبە.

وە هەر دوو ماڵێ تێکەڵ بکرێن حوکمی یەك ماڵیان هەیە، بەم مەرجە لە یەك جیا نەکرێنەوە لە هۆی مانەوە و ئیستیفادە لێ وەرگرتنەوە، مەسەلا لە حەیواناتدا شوان و شیردۆش و شوێنی گرد کردنەوەی رۆژ و شەو و نێری‌و.. بێ فەرق بن.

وە هەرچی پەیدا ببێ لە ئەندازەی نیساب لە ناو ساڵا حوکمی ئەسڵەکەی هەیە، مەسەلا چل سەر مەڕت بوو وە بە هۆی زایینەوە گەیشتن بە سەد و بیست‌و یەك سەر دوو سەریان تێدا واجب ئەبێ، وە ئەگەر ئەو چل سەرە لە ناو ساڵەکەدا مردن بەچکەکانیان بۆ نیساب لە جێگەی ئەوانا ئەژمێررێن.

جا خودای تەعالا بۆ رەدکردنەوەی داوای ئەو کەسانە کە بە ناڕەوا داوای زەکاتیان کردووە فەرموویەتی:

﴿إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلْفُقَرَآءِ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱلْعَٰمِلِينَ عَلَيْهَا وَٱلْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِى ٱلرِّقَابِ وَٱلْغَٰرِمِينَ وَفِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ ۖ فَرِيضَةً مِّنَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٦٠﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

واتە ماڵی زەکات خودای تەعالا دایناوە بۆ هەشت کۆمەڵ لە موسوڵمانان؛

یەکەم: ئەوانە کە فەقیرن، یانی داراییان نییە و لاتن.

دووهەم: ئەوانە کە میسکینن وەها ماڵیان هەیە بەڵام رەسایی ناکا بە ژیواریانا، یانی مانگی سی دینار دەرامەتیەتی لە کەسب و کار و واریداتا وە موحتاجە بە چل دینار.

سێهەم: بۆ ئەو تاقمە کە ئەم ماڵی زەکاتە گرد ئەکەنەوە لە موسوڵمانان بە فەرمانی سەرۆکی ئیسلام.

چوارەم: بۆ ئەو کەسانە کە پێویستە دڵیان خۆش بکرێ بە پارە و ماڵ بۆ ئەوە کە ئیمانیان بە هێز ببێ وە یا بە هۆی ئەوانەوە عەشیرەتێ موسوڵمان ببن، وە یا خەڵك بە چاوی قەدرەوە تەماشای ئیسلام بکەن.

پێنجەم: بۆ ئەو بەندانە کە پێویستیان هەیە بە پارە بۆ ئازادبوونیان.

شەشەم: بۆ ئەو کەسانە کە قەرزار بوون بۆ میانە رێخستن لە نێوان دوو تاقمی موسوڵمانا کە دوژمنایەتی لە بەینیانا ببێ، یا لە رێگەی خزمەتکردنی موسوڵمانانا قەرزار بوون، یا لە هۆی مەسرەفکردنی حەڵاڵا بۆ خۆیان قەرزار بوون.

حەوتەم: بۆ ئەوانە کە بە بێ کرێ لە رێگەی خودادا غەزا ئەکەن، وە یا لە سنووری وڵاتی ئیسلامدا دائەنیشن.

هەشتەم: بۆ ئەو کەسانە کە وان لە سەفەری شەرعیدا و پارەیان پێ نەماوە. وە خودای تەعالا زانایە بە حاڵی موستەحەقەکان، پێویستە بە درۆ داوا نەکەن و زیاد لە ئەندازەی شەرعی وەرنەگرن. وە زانایە بە دەوڵەمەندەکان پێویستە ماڵەکەیان نەشارنەوە و حەقی موستەحەق مەنع نەکەن، وە خاوەن حیکمەتە لە دامەزراندنی زەکاتا. چەن حیکمەتی داناوە لە زەکاتدانا.

www.iqra.ahlamontada.com

**لێرەدا چەن باسێ هەیە:**

یەکەم: دەرخستنی ئیخلاس ساغییە لە دینا، ئەو کەسە کە داوای ئیسلامییەت ئەکا خوا بەراوردی ئەکا بە عیبادەتی بەدەنی وەکوو نوێژ و رۆژوو، وە بە عیبادەتی ماڵی وەکوو سەرفی زەکات، وە بە عیبادەتی ماڵ و بەدەن وەکوو حەج.

دووهەم: خودا بڕیاری داوە ئەم ئادەمیزادە لە ناو خۆیانا رەحم بکەن بە یەك بۆ ئەوە کە رشتەی یەکیەتی لە ناویاندا قایم ببێ، یەکێ فەقیرێکی چاو پێکەوت ماڵی دنیای پێدا ئەو کەسە ئەکا بە موخلیس و دۆستی خۆی، وە بەم هۆوە موسوڵمانان ئەبن بەیەك ماڵ و یەك حاڵ.

سێهەم: دامەزراندنی دەستەوام لە ناو موسوڵمانانا، هەر کۆمەڵێ لە پیاوەتی و چاکەکردنا یارمەتی یەکیان دا ئەوانە دەوامدار ئەبن و نافەوتێن؛ چونکی فەقیرەکەیش بە هۆی ماڵی دەوڵەمەندەکەوە ئەبێ بە دەوڵەمەند.

چوارەم لەو باسانە: ئەم زەکاتە رەوا نییە بۆ ئەو کەسانە کە نەفەقەیان لەسەر خاوەن ماڵەکەیە، کەوابوو دروست نییە باوك و باپیرە و دایك و نەنە زەکاتی ماڵی خۆیان بدەن بە نەتەوەی خۆیان، هەروا پێچەوانەی ئەمەیش؛ چونکە ئەمانە خۆیان واجبە لەسەریان گوزەرانی گەدای خۆیان بدەن. وە دروست نییە مێردی ژن زەکاتی خۆی بدا بە ژنەکەی بۆ ژیواری، بەڵێ ئەگەر ئەم ئەسڵ و فەرعە یا ئەم ژنە قەرزار بوو ئەوە دروستە زەکاتی پێ بدرێ بۆ دانەوەی ئەو قەرزە.

پێنجەم: فەقیر و میسکین ئەوەندەیان لە زەکات پێ ئەدرێ لەو حاڵەتە دەرچن، جا ئەگەر کەسابەتیان پێ بکرێ ئەوەندەیان پێ ئەدرێ بکەونە کاسبیەوە بە جۆرێ بتوانن ژیوار بکەن، وە ئەگەر کاسب نەبوون دروستە ژیواری ساڵێکیان پێ بدرێ بەڵکوو ئەگەر ماڵی زەکاتەکە زۆر بوو دروستە ژیواری عومری غاڵبیان پێ بدرێ.

www.iqra.ahlamontada.com

شەشەم: زەکات نادرێ بە نەتەوەی هاشم کە باپیرەی حەزرەتە ﷺ وە بە نەتەوەی «موتەلیب» کە برای باپیرەتی لەبەر ئەوە ئەم نەتەوەیە حەقیان وا لە «خمس»دا واتە «خمس الخمس»ی فەیء و غەنیمە، بەڵام لەم زەمانەدا کە خومس نادرێ پێیان زاناکان فتوایان داوە کە دروستە، بەڵکوو واجبە، زەکاتیان پێ بدرێ بۆ ئەوە کە داماو نەکەون و حورمەتیان رابگیرێت.

حەوتەم: زەکاتی هەر تاقمە دەوڵەمەندێ واجبە بدرێ بە فەقیر و هەژاری شوێنی ئەو دەوڵەمەندە، بەڵام لە فەرموودەیەکی ئیمامی شافیعیدا و لە فەرموودەی ئیمامی حەنەفی و بازێ زانایانی دیندا دروستە زەکاتی ماڵ نەقڵ بکرێ بۆ وڵاتێکیتر و بدرێ بە فەقیری ئەو وڵاتە، بە تایبەتی ئەگەر خزم بێ وە یا کەسێ بێ قازانجی بۆ دین ببێ.

﴿ وَمِنْهُمُ ٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱلنَّبِيَّ وَيَقُولُونَ هُوَ أُذُنٌ قُلْ أُذُنُ خَيْرٍ لَّكُمْ يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَيُؤْمِنُ لِلْمُؤْمِنِينَ وَرَحْمَةٌ لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ وَٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ رَسُولَ ٱللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦١﴾ ﴾

ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە شانی موناففقەکانا؛ دائەنیشتن لە ناو خۆیانا زەمی حەزرەتیان ئەکرد بە جۆرێ شتی بێئەساس، یەکێکیان وتی: باسی مەکەن ئەترسم خودای تەعالا خەبەرداری بکا، وە «جیلاسی کوڕی سوید» وتی: جا قەی ناکا ئێمە ئەڕۆین بۆ لای و سوێندی بۆ ئەخۆین کە قسەی خراپمان نەکردووە ئەویش باوەڕمان پێ ئەکا؛ چونکی هەر گوێیە هەر قسەیێ ببیسێ باوەڕی پێ ئەکا. وە بازێ ئەڵێن: هەر ئەسڵی زەمەکەی ئەوە بوو ئەیانوت: موحەممەد هەر گوێیە، هەرچی قسەی بۆ بکرێ باوەڕی پێ ئەکا ئیتر شت لێناداتەوە بە دڵ، بۆیە جارێ ناچێ بە گژی کەسێکدا بیخاتەوە بەدرۆ، جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نارد بۆ رەد و هێنانەوەی ئەوانە و ئەڵێت:

www.iqra.ahlamontada.com

وە لەو موونافقانەیە کەسانێ کە ئازاری دڵی حەزرەت ئەدەن بە بازێ قسەی پڕوپووچ، وە هەر کاتێ ئەو قسانە ئەبیسێ دڵی ئازاری پێ ئەگا «من جملە» ئەڵێن: موحەممەد هەر گوێیە و هەر قسە ئەبیسێ و هەرچی بیست ئیتر رەدی ناکاتەوە.

تۆ بڵێ ئەی پێغەمبەری نازار: راستە موحەممەد گوێیە واتە وتووێژی ئێوە ئەبیسێ، بەڵام بیسەرێکی خێرە و بیسەرێکی چاکە بۆ ئێوە، ئەگەر ئەو قسە کە ئێوە ئەیکەن باش بێ و یارمەتیدانێ بێ نایداتەوە بە رووتانا و بە درۆتان ناخاتەوە بۆ ئەوە ئاشووب پەیدا نەبێ و ئابڕووتان نەچێ. وە سیڕی ئەم خووە گەورە ئەمەیە کە موحەممەد ئینسانێکە ئیمانی تەواوی بە خودا هەیە، وە هەرکەسێ ئیمانی تەواوی بێ بە خودا ئەگەر قسەی باشی بیست وەری ئەگرێ و ئەگەر قسەی خراپی بیست چاوپۆشی ئەکات و نایداتەوە بە رووی کابرادا. یاخود ئیمانی تەواوی هەیە بە خودای خۆی کە یارمەتی دینەکەی ئەدا و قسەی خەڵك نابێ بە مانیعی، ئینسانی وەهایش ئەبێ وابێ خێر وەربگرێ و لە شەڕ چاوپۆشی بکا.

وە ئیمانیشی هەیە بە راستی و ئیخلاسی موسوڵمانەکان مادام باوەڕی ببێ بە ئیمان و ئیخلاسی ئەوان هەر قسەیێ بکەن وەریئەگرێ؛ ئەگەر قسەکە بە سوود بێ کاری پێ ئەکا، وە ئەگەر قسەیەکی بێ سوودیش بێ چونکی لە ئیخلاسەوە هاتووە کابرا عاجز ناکا و رەدی ناکاتەوە. وە هۆی رەحمەت و کەرەم و میهرەبانییە بۆ موسوڵمانەکانیش ئەمەیش ئەبێ بە هۆیەکی تایبەتی بۆ ئەوە کە قسەی ناباریشیان بە توندی و دژی رەد نەکاتەوە، مادام ئەم حاڵە بوو بە خوو بۆی ئەگەر موونافقێکیش قسەی خراپ بکا هەر ناچێ بە گژیا.

بەڵام ئەو کەسانە کە ئازاری دڵی پێغەمبەری خودا ئەدەن بۆ ئەوان هەیە سزایەکی نابار و موستەحەقی ئەوەن مەگەر خودا عەفویان بکا، ئیتر با پێغەمبەرﷺ ئازاریان نەدا و رەدیان نەکاتەوە، لە دەستی خودا دەرناچن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿يَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ لَكُمْ لِيُرْضُوكُمْ وَٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَحَقُّ أَن يُرْضُوهُ إِن كَانُوا۟ مُؤْمِنِينَ ﴿٦٢﴾﴾

وە ئەو موونافقانە سیفەتێکی زۆر ناپەسەندیان هەیە وەکوو ئەوەبێ لە هەر موناسەبەیەکدا نیسبەتی رەفتار و کرداری خراپیان لێ بدرێ لەسەر وەزعی ناشیرینیان دێن بە درۆ دەست ئەکەن بە سوێند خواردن بە خودا بۆ ئەوە کە تۆ و موسوڵمانەکان رازی بکەن وە لەم سوێندە درۆیانە سوود وەرناگرن؛ چونکە لە راستیدا خودا و پێغەمبەری خودا لە هەموو کەس شیاوترن کە رازییان بکەن ئەگەر ئەمانە موسوڵمان بن، وە خودا و پێغەمبەریش بە واقیعی راست رازی ئەبن نەك بە درۆ و دەلەسە.

﴿أَلَمْ يَعْلَمُوٓا۟ أَنَّهُۥ مَن يُحَادِدِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَأَنَّ لَهُۥ نَارَ جَهَنَّمَ خَـٰلِدًا فِيهَا ۚ ذَٰلِكَ ٱلْخِزْىُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٦٣﴾﴾

ئایا ئەم درۆزنە سوێندی درۆخۆرانە نازانن بە راستی هەرکەسێ بەرانبەرکێ و کینەبازی لەگەڵ خودا و پێغەمبەری خودادا بکا ئەوە بە راستی ئاگری دۆزەخ بۆ ئەوە کە تیایا ئەبێ هەتا هەتایە؟ وە ئەم حاڵەتە رسوایی بێ هەمتای گەورەیە.

﴿يَحْذَرُ ٱلْمُنَـٰفِقُونَ أَن تُنَزَّلَ عَلَيْهِمْ سُورَةٌ تُنَبِّئُهُم بِمَا فِى قُلُوبِهِمْ ۚ قُلِ ٱسْتَهْزِءُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ مُخْرِجٌ مَّا تَحْذَرُونَ ﴿٦٤﴾﴾

ئەم ئایەتە هاتووەتە خوارەوە لە شانی کۆمەڵێ لە موونافقەکانا لە کاتی غەزای تەبووکدا لە ناو خۆیانا ئەیانوت: بڕوانن بۆ ئەم کابرایە چەن بێ بیر و هۆشە ئەیەوێ فەتحی شام بکا و قەسرەکانی داگیر بکا و زاڵ ببێ بەسەر رۆمدا؟! وەئەم قسانەیان بە شێوەی گاڵتە و گەپ ئەکرد و لە عەینی کاتا بازێکیان لەسەر بەراوردی خۆیان ترسی ئەوەیان بوو کە خودای تەعالا پێغەمبەری خۆی خەبەردار بکا، وە

www.iqra.ahlamontada.com

ئەو کۆمەڵەیە رسوا بکا لەسەر ئەم وتووێژەیان، وە لە واقیعا خودای تەعالا پێغەمبەری خۆی خەبەردار کرد لەم باسە و حەزرەت بانگی کردن و فەرمووی: ئێوە واتان وت و فلانە قسەتان کرد، ئەوانیش وتیان: لە واقیعا بازێ لەم قسانەمان کردووە بەڵام بە راستیمان نەبووە و بەڵکوو بە عادەتی خەڵکی ئەڕۆین بەرێگەدا و گاڵتە ئەکەین و بازێ قسە دێ بە دەممانا. جا خودای تەعالا ئەفەرموێت: مونافقاکان قسەی بێ مەعنا و پڕوپووچ ئەکەن دەربارەی تۆ و موسوڵمانان و لە عەینی وەختیشدا بازێ لەوان ئەترسن ئەوەی هەیە کە ئایەتێ یا چەن ئایەتێ بە ئەندازەی سوورەتێ بێتە خوارەوە و ئاگاداریان بکا لەسەر ئەوەی وا لە دڵیانا. جا ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ پێیان لە مەقامی سەرزەنشدا: قەی ناکا گاڵتە بکەن پێمان بە راستی خودای تەعالا هەرچی کە ئێوە ئەیڵێن و ئەیکەن دەری‌ئەخا، وە ترستان بوو لەوە کە خودا دەری بخا هەمووی دەرئەخا.

﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ۚ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾

وە بە راستی ئەگەر تۆ پرسیاریان لێ بکەی لەو قسە و باسە: بۆ چیتان ئەکرد؟ ئەڵێن: ئێمە بە دڵ ئەو قسانمانە نەدەکرد وە هەر ئەوەندە بوو کە ئێمە تۆزێ کەیفی خۆمان جاخ ئەکرد و گاڵتەمان ئەکرد. جا ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ بەو کافرانە: ئایا ئێوە بە خودا و ئایاتی خودا و پێغەمبەری خودا گاڵتە ئەکەن؟

﴿ لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ ۚ إِن نَّعْفُ عَن طَائِفَةٍ مِّنكُمْ نُعَذِّبْ طَائِفَةً بِأَنَّهُمْ كَانُوا مُجْرِمِينَ ﴿٦٦﴾ ﴾

واتە ئیمرۆ مەشغووڵ مەبن بە عوزرهێنانەوە لە لای من! بە راستی ئێوە کافر بوون پاش ئەوە کە لای من ئیمانتان هێنا، جا ئیمرۆ ئەگەر تاقمێ لە ئێوە عەفو بکەین

www.iqra.ahlamontada.com

چونکی ئەوان ئەساس نەبوون بۆ گاڵتە و بێ شەرمی سزای تاقمێکتان ئەدەین لەبەر ئەوە کە تاوانبار بوون و هۆی ئیقدامکردنی باقی رەفیقەکانیان بوون لەسەر بێ شەرمی و گاڵتەکردن.

﴿ ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتُ بَعْضُهُم مِّنۢ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمُنكَرِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمَعْرُوفِ وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ ۚ نَسُوا۟ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمْ ۗ إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾

ئەم موونافقانە پیاو و ژنیان هاوزەوق و هاوخوون وەکوو ئەجزای شتێکی تەنیا وە خوویان لەسەر ئەوەیە ئەمر ئەکەن بە شتی خراپ و موخالیف بۆ دینی ئیسلام وە مەنعی کاری باش ئەکەن، بە پێچەوانەی خووی موسوڵمانی ساغ، وە دەستیان ئەقونجێنن لە کەرەم و سەرفی ماڵ، خودایان فەرامۆش کردووە، نە یادە بە دڵ و نە باسە بە زمان، خودایش ئەوانی پاش خستووە، بە راستی موونافقەکان ئەوانن لە ئایین خاریج و لە یاسا دەرچوو.

﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتِ وَٱلْكُفَّارَ نَارَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ هِىَ حَسْبُهُمْ ۚ وَلَعَنَهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴿٦٨﴾ ﴾

خودا بڕیاری داوە بە وێنەی وەعدەی حەق بۆ پیاوانی بە زمان موسوڵمانی بە دڵ کافر وە بۆ ژنانی وەها، ئاگری دۆزەخ کە حاڵیان وەها بێ دەوامدار بن لە ناویا وە ئەو ئاگرە کافییە و بەسە بۆ ئەوان وە خودا ئەوانەی دوورخستووەتەوە لە رەحمەتی خۆی وە بۆ ئەوان هەیە سزایەکی دامەزراوی نەبڕاوە.

﴿ كَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ كَانُوٓا۟ أَشَدَّ مِنكُمْ قُوَّةً وَأَكْثَرَ أَمْوَٰلًا وَأَوْلَٰدًا فَٱسْتَمْتَعُوا۟ بِخَلَٰقِهِمْ فَٱسْتَمْتَعْتُم بِخَلَٰقِكُمْ كَمَا ٱسْتَمْتَعَ

www.iqra.ahlamontada.com

ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ بِخَلَٰقِهِمۡ وَخُضۡتُمۡ كَٱلَّذِي خَاضُوٓاْۚ أُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ﴿٦٩﴾

واتە ئێوە ئەی ئەهلی کوفر و نیفاق و ئەهلی توغیان و لادان لە حەق وەکوو ئەو کافرانەن لە زەمانی پێشوودا کە ئەوان بەهێزتر بوون لە ئێوە لە دەستەلاّتا، لە زاڵبوون بەسەر ولاّتا، لە دارایی و ئیعتیبارا لە کاتی هات و نەهاتا وە لە نەتەوە و خزم و خوێش کە گردەوە ئەبوون لە کارەساتا وە ئەوانە بە ئارەزووی دڵی خۆیان خۆشییان وەرگرت بە بەشی خۆیان وە لەو کاتەیشا کە حسێبیان هاتە پێشەوە کەوتنە بەر چەپۆکی سەرئێشان و بەر بای ریشەکێشان بە شێوەیێ کەس فریای کەس نەکەوت هەتا شوێنەواریان لە جیهانا نەما.

ئێوەیش بە وێنەی ئەوان خۆشیتان وەرگرت بە دنیای خۆتان وەکوو ئەوانە لە پێش ئێوەدا بەشی خۆیان وەرگرت و رۆچوون بە هەموو دەریای نیعمەتێکدا وەکوو چۆن ئەوان رۆچوون لە جاه و شانا و لە چێشت و نانا وە لە دەست وەشانن لە داماوان و لە نافەرمانی پیاوە پیرۆزەکانا. جا ئەو دوو چینە کە باس کران لە کۆن و تازە ئەوانەیان هەر بە هەواوە مانەوە هەتا بای قاری خودا بردنی کردەوەکانیان پووچ و بێبایەخ مایەوە لە دنیا و قیامەتا و ئەوانە هەموو زیانبار و بێ ئەنجامن.

جا بۆ ئەوە کە ئەو ئایەتە بە هەیبەت نەبێ بە حەواڵە لەسەر شتی نادیاری، خودا بازێ لەو کۆمەڵە ناهەموارانەی هێنایە پێش چاویان و فەرمووی:

﴿ أَلَمۡ يَأۡتِهِمۡ نَبَأُ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ قَوۡمِ نُوحٖ وَعَادٖ وَثَمُودَ وَقَوۡمِ إِبۡرَٰهِيمَ وَأَصۡحَٰبِ مَدۡيَنَ وَٱلۡمُؤۡتَفِكَٰتِۚ أَتَتۡهُمۡ رُسُلُهُم

www.iqra.ahlamontada.com

بِٱلۡبَيِّنَٰتِۖ فَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظۡلِمَهُمۡ وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ ﴿٧٠﴾

واتە: ئایا نەهاتووەتە لای ئەم موونافقانی ناوی مەدینە هەواڵی کارەساتی ئەو کافرانە کە لە پێش زەمانی ئەوانا بوون؟ کە بریتین لە قەومی نووح و لە قەومی ساڵح کە قەبیلەی «سەموود»ە و لە قەومی هوود کە قەبیلەی عاد بوون و، لە قەومی ئیبراهیم کە دەستە و بەستەی نەمروود بوون لە عێراقا، وە لە قەومی «شوعەیب» کە ئەهلی مەدیەن بوون لە «ئەردەن»دا، وە لە کۆمەڵی «لوط» کە لە «مؤتفکات» بوون واتە لەو وڵاتەدا بوون کە ژێرەوژوور بوو بە سەریانا وە بەردەباران کران ئەمانە هەموویان پێغەمبەرەکانیان هاتن بۆ سەریان وە لە لایەنی خوداوە ئامۆژگارییان کردن و داوای ریسالەتی خۆیان ئیسباتکرد بە چەن موعجیزاتێکی خاریج لە یاسای رۆژ و زەمان کەچی هەر کەچرەوییان کرد و خودایش لە تۆڵەی ئەوەدا بەربادی کردن، جا بزانن خودا لەوانە نەبوو کە ستەم بکا لەوانە بەڵام ئەوان ستەمیان لە خۆیان کرد.

گەلی «نووح» فەوتان بە تۆفانی ئاو — ریشەکەن کران لە عەرزا تەواو
«عاد» وا بەرباد بوون بە بای قاری حەق — ئاساریان نەما لە عەرزا موتڵەق
«سەموود» بە هێزی بای بومەلەرزە — ئاساریان نەما لەو بووم و عەرزە
قەومی «ئیبراهیم» لەشکری نەمروود — بە فەنادا چوون وێنەی تۆز و دوود
کۆمەڵەی شوعەیب بە گڕەی گەرما — سووتان و فەوتان ئاساریان نەما
قەومی «لوط» وەها ژێر و ژوور کران — بوون بە حیکایەت بۆ ئەهلی جیهان
پێشتر لەمانەیش بە وێنەی ئەمان — فەوتان، کە دەرچوون لە یاسای یەزدان
ئەم رووی جیهانە دادگای خەڵقە — جەزای تاوانبار فەرموودەی حەقە
کەس زانا نییە بە سوپای خودا — لە ژێرەوە دێن یا لە لای سەردا

www.iqra.ahlamontada.com

لە نیوەڕۆدا یا بۆ نیوەشەو:     ئەو كاتەی مرۆڤ مەس بووە بەخەو

بە ئاو، یا ئاگر، یا بەردەباران     یا خۆ بە هەرەس لە رووی كۆساران

یا بە گرانی و دەردی قاتە ساڵ     یا بە ناساغی بێ وێنە و میساڵ

یابە هێرشی سوپای ستەمكار     یا بە گازی هار، یا بە ژاری مار

یا هەر خۆبەخۆ بەر ببن لە خۆ     ڕیشەی یەك دەركەن لە ساراو لە كۆ

هەموو ئامادەن بۆ پەڕەی فەرمان     قەت غافڵ مەبن ئامان سەد ئامان

مەڵێن كارەسات بە پێی ولاتە     هات و نەهاتی رووی سەرباتە

ئەو دەردە خودا ئەینێرێ بۆتان     ئێتە جێ بۆتان بە دەستی خۆتان

لەسەر بەراورد گەلی خودا ناس     ئەژین بە بێ ژان بە بێ دەنگوباس

كاتێ دەسیان كرد بە ناسوپاسی     بە ستەمكاری و بە حەق نەناسی

وا لێیان ئەدا شەپلاخەی قەزا     باسیان گوم ئەكا لەسەر رووی عەرزا

بە دەستی كەسێ ئەفەوتێن بە شەو     كە كەس نەیدیوە ئەو دەستە بە خەو

هەناسەی ساردی پیاوی لێ قەوماو     یا تاوی دڵی پیاوێكی داماو

ئەو ئەبێ بە بای ساردی زەمهەریر     ئەم بە سەبوونی گەرمی پڕ تەئسیر

ئەو وێنەی شەڵتە لە بۆ كشتوكاڵ     ئەم وەكوو شەرای مەرەزەی بەرماڵ

هۆی لێ قەومانی گەلانی جیهان     بازێ دیارە و بازێكی پەنهان

ئەوەی دیارە و تۆ پێی نازانی     بە گژ یەكا چوون بە نائینسانی

ئەوەی بەدترە لای زاتی ئەقدەس     ستەمكارییە لە پیاوی بێ دەس

پەنهانەكانی بۆ ناو ئەهلی دین     كوفری خودایە بیزانە یەقین

لە خوار كوفرەوە هەر بایی بوونە     بایی كوێرێكی بێ رەهنموونە

ئەمەی حاڵی بوو «نامی» لە ژینا     ون نابێ رێرەو بە رێگەی دینا

﴿ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ يَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ

www.iqra.ahlamontada.com

وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ أُوْلَـٰٓئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ ٱللَّهُ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٧١﴾

وە موسوڵمانە ساغەکان، لە پیاو و ژن، بازێکیان دۆستی بازێکیانن، واتە هەر بازێکیان دۆستی هەر بازێکە تەماشای بکەی بە بێ جیاوازی؛ چونکە رشتەی پەیوەندی ئەوانە لە ناو خۆیانا ئیمانە، وە حاڵی ئەمانە وەهایە ئەمر ئەکەن بە واجب و سوننەت و نەهی ئەکەن لە حەرام و مەکرووه بە نیسبەتی خەڵکەوە، وە بە یاسای شەرع نوێژەکان بەجێ دێنن و زەکاتی ماڵی خۆیان ئەدەن بە موستەحەقان و لە هەر کارێکدا روو بدا فەرمانی خودا و پێغەمبەری خودا بەجێ دێنن، جا ئەمانە بە راستی خودا میهرەبانییان لەگەڵدا ئەکا، بێگومان خودا زاڵە بەسەر خواستی خۆیدا و خاوەن حیکمەتە لە کردەوەدا.

﴿وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَـٰتِ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَا وَمَسَـٰكِنَ طَيِّبَةً فِى جَنَّـٰتِ عَدْنٍ وَرِضْوَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ أَكْبَرُ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٧٢﴾

خودای تەعالا بە میهرەبانی و ئیحسانی خۆی وادەی داوە بە موسوڵمانە ساغەکان، پیاو و ژنیان، کە چەن بەهەشتێکیان پێ ئەدا جۆباری جوانی گەوارا لە ژێر ئەو بەهەشتانەدا رەوان ئەبێ و حاڵیشیان وایە هەتا هەتایە ئەمێننەوە تیایانا، وە لەو بەهەشتانە زیاتریش وادەی داوە کە چەن نیشتمانی پاکی رووناکی چاکیشیان پێ ئەدا لە پایەی ئەو چینەدا کە ناوی «جنات العدن»ە، وە رەزای خودا لەوان کە بەشی ئەوانە لە هەموو پایەکان گەورەتر و بە نرختره، وە ئەم پایە زۆر گەورەیە لای خودا؛ چونکی مایەی هەموو پایەیەکە.

www.iqra.ahlamontada.com

لە فەرموودەی حەزرەتایە ﷺ خودا ئەفەرموێت بە ئەهلی بەهەشت: ئایا رازی بوون بەوەی کە پێتان دراوە؟ ئەڵێن، خودای ئێمە! چۆن رازی نەبین کە تۆ ئەوەندەت پێداوین کە بە کەست نەداوە، جا خودا ئەفەرموێت: من لەوانە زیاتر شتێکتان ئەدەمێ کە بریتییە لە رەزای خۆم لە ئێوە.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَٰهِدِ ٱلۡكُفَّارَ وَٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱغۡلُظۡ عَلَيۡهِمۡۚ وَمَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ٧٣﴾

ئەی پێغەمبەری پایەدار جیهاد بکە لەگەڵ کافرە ئاشکراکان بە تیر و شیر وە لەگەڵ مونافقەکانا بە ئامۆژگاری و ئیلزامی دەلیل وە لەمەولا زبری بەکار بێنە لەگەڵیانا؛ چونکی.

لەئیم بە نەرمی لێت ئەبێ بەمار، کەریم بە ئیکرام بۆت ئەبێ بە یار

وە ماوای پاشەڕۆژی ئەمانە دۆزەخە و زۆر جێگەیەکی خراپە.

**فەرمووده خودا:** ﴿ يَحۡلِفُونَ بِٱللَّهِ مَا قَالُواْ ﴾

لە هۆی نازڵبوونی ئەم ئایەتەوە تا جوملەی: ﴿وهموا بما لم ينالوا﴾ فەرموویانە: حەزرەت ﷺ مایەوە لە قەرارگای تەبووکدا نزیکەی دوو مانگ وە قورئان ئەهاتە خوارەوە بۆ سەری وە پاشکەوتووەکانی عەیبدار ئەکرد لەوێدا «جەلاسی کوڕی سوید» کە لە مونافقەکان بوو لەو کاتەدا وتی: ئەگەر ئەم قسانە کە موحەممەد دەربارەی برادەرەکانمان ئەیڵێت راست بن ئەبێ ئێمە لە حەیوان خراپتر بین! وە بازێ قسەی تری کرد، جا ئەمانە گەیشتن بە حەزرەت ﷺ ئەویش ناردی بە شوێنیا و سەرزەنشی کرد، ئەویش سوێندی خوارد کە ئەو قسانەی نەکردووە، وە ئەم ئایەتانە نازڵ بوون لە شانیا جا «جەلاس» تەوبەی کرد و لەسەر ئیسلامییەتی ساغ دەوامی کرد.

www.iqra.ahlamontada.com

وە لە بەیانی «وهموا بما لم ینالوا» دا ریوایەت کراوە کە پازدە کەس لە موناففەکان بڕیاریان دا کاتێ گەڕانەوە لە تەبووك پێغەمبەر لە وشترەکەی بخەنە خوارەوە لە شەواو بیکوژن، وە لە نزیکی مەدینەی مونەووەرەدا کە هاتنەوە شەو ئەو کۆمەڵە هاتن بۆ نزیکی حەزرەت بەو خەیاڵەوە کە وتمان، کاتێ دەنگیان هات حوزەیفە ئاگادار بوو دەنگی دان ئەوانیش رایان کرد و بە مەبەستی خۆیان نەگەیشتن.

هەروا جەلاس وەختی خۆی گەدا بوو لە دواییدا عەبدێکی بوو کوژرا و حەزرەت دیەی ئەو عەبدەی بۆ وەرگرت کە پازدە هەزار درەم بوو وە کابرا دەوڵەمەند بوو. جا خودای تەعالا بەرابەر بەم رووداوانە ئەفەرموێت:

﴿يَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ مَا قَالُوا۟﴾

ئەو موناففانە سوێند ئەخۆن بە خودا کە ئەو قسە ناشیرینانەیان نەکردووە.

﴿وَلَقَدْ قَالُوا۟ كَلِمَةَ ٱلْكُفْرِ وَكَفَرُوا۟ بَعْدَ إِسْلَـٰمِهِمْ﴾

وە بە راستی واتەی کوفریان بە دەمدا هات وە لە پاش ئەوە کە زوو ئیسلام بوون کافر بوون.

﴿وَهَمُّوا۟ بِمَا لَمْ يَنَالُوا۟ ۚ﴾

وە قەسدی کارێکی ناهەمواریان کرد وەکوو کوشتنی حەزرەت بێ بەڵام پێی نەگەیشتن.

﴿وَمَا نَقَمُوٓا۟ إِلَّآ أَنْ أَغْنَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ مِن فَضْلِهِۦ ۚ﴾

وە ئەمانە رەخنەیان نەبوو لەو کردەوە چاکە نەبێ کە بریتییە لەوە خودا [و پێغەمبەری] دەوڵەمەندی کردن لە کەرەمی خۆی لە پاش گەدایی و بێ دەستی .

﴿فَإِن يَتُوبُوا۟ يَكُ خَيْرًا لَّهُمْ ۖ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

جا ئەگەر ئەمانە تەوبە بکەن لەم نەوعە شتە ناپەسەندانە ئەوە زۆر باشتر ئەبێ بۆیان.

﴿وَإِن يَتَوَلَّوْا يُعَذِّبْهُمُ اللَّهُ عَذَابًا أَلِيمًا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ﴾

وە ئەگەر پشت هەڵبکەن لە تەوبەو لە ساغی، خودا سزایان ئەدا بە سزایەکی نابار لە دنیادا وە لە پاشەڕۆژا.

﴿وَمَا لَهُمْ فِي الْأَرْضِ مِن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴿٧٤﴾﴾

وە لەسەر عەرزا دۆستێکیان نابێ وە کەسێ نابێ کە یارمەتی ئەوان بدا وە رزگاریان بکا لە سزای خودای تەعالا.

﴿وَمِنْهُم مَّنْ عَاهَدَ اللَّهَ لَئِنْ آتَانَا مِن فَضْلِهِ لَنَصَّدَّقَنَّ وَلَنَكُونَنَّ مِنَ الصَّالِحِينَ ﴿٧٥﴾ فَلَمَّا آتَاهُم مِّن فَضْلِهِ بَخِلُوا بِهِ وَتَوَلَّوا وَّهُم مُّعْرِضُونَ ﴿٧٦﴾﴾

وە لەوانەیە کە دێن بۆ لای تۆ کەسێ کە عەهد و پەیمان ئەکا لەگەڵ خودا لەسەر دەستی تۆدا وە سوێند ئەخوا: ئەگەر خودا لە ماڵی دنیای پێ بدا بە تەواوی زەکاتی ماڵەکەی دەرئەکا، وە یەکێ ئەبێ لە پیاوە باشەکانی جیهان. کەچی کاتێ ماڵی پێدان لە کەرەمی خۆی، رژدییان کرد و زەکاتەکەیان نەدا و پشتیان هەڵکرد لە حەق و بە تەواوی لایان دا لە واجبات.

﴿فَأَعْقَبَهُمْ نِفَاقًا فِي قُلُوبِهِمْ إِلَىٰ يَوْمِ يَلْقَوْنَهُ بِمَا أَخْلَفُوا اللَّهَ مَا وَعَدُوهُ وَبِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ ﴿٧٧﴾﴾

جا خودای تەعالا بە هۆی ئەو پشتهەڵکردنیانەوە نیفاق و دوودڵی دامەزراند لە دڵیانا وە ئەمێنێتەوە هەتا ئەو کاتە ئەگەن بە خودا بە هۆی ئەوەوە کە خیلافی

www.iqra.ahlamontada.com

وەعدەیان کرد لەگەڵ خودادا وە بە هۆی ئەوەوە کە بە درۆزن دەرچوون لەو وەعدەدا دایان بە خودا.

﴿ أَلَمْ يَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَىٰهُمْ وَأَنَّ ٱللَّهَ عَلَّـٰمُ ٱلْغُيُوبِ ﴿٧٨﴾ ﴾

ئایا ئەوانە عالم نەبوون بەوە کە خودای تەعالا ئاگادارە لەوەی وا لە دڵیانا لە نیفاق و دوودڵی لە ئیسلامییەتا وە لەوەی کە بە وتوویژ ئەیکەن لە ناو خۆیانا لە تانەدان لە حەزرەت ﷺ و لە یارەکانی وە بەوە کە خودا بە راستی زانای هەموو سیرڕێکی پەنامەکییە؟

ئەم ئایەتانە نازڵ بوون لە «سەعلەبە»ی کوڕی حاتبدا کە کاتی خۆی گەدا بوو وە هات بۆ لای حەزرەت ﷺ عەرزی کرد: دوعام بۆ بکە کە خودا ماڵم پێ بدا منیش واجبی خۆم بەجێ دێنم، حەزرەت ﷺ فەرمووی: ماڵی کەمی وا ئینسان سوپاسی خودای لەسەر بکا چاکترە لە ماڵێکی زۆری وا کە ئینسان نەتوانێ حەقی بەجێ بێنێ. ئەویش هەر پاڕایەوە لە حەزرەت و عەهدی کرد لەگەڵیا: ئەگەر ماڵێکی زۆری دەست بکەوێ واجباتەکەی بەجێ دێنێ. جا حەزرەت ﷺ دوعای بۆ کرد وە پاش ئەوە خودا ئەوەندە ماڵیاتی پێدا لە وشتر و مەڕ و بزن کە دەرودەشتی پڕ کرد.

وە دوای ئەوە حەزرەت ﷺ دوو کەسی نارد بۆ لای ئەو و بۆ لای خەڵکی بۆ زەکات وە خەڵکەکە هەموویان ئیستیقباڵیان کرد و زەکاتیان دا بەڵام «سەعلەبە» دەستی کرد بە راوەڕێوی وتی: ئەمە کە ناوتان ناوە بە زەکات سەرانەیە، وە رەوا نییە ئینسانی ئازاد ئەم سەرانە بدا! ئەوانیش هاتنەوە و قسەکانی «سەعلەبە»یان بۆ حەزرەت گێڕایەوە و ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە، جا «سەعلەبە» هات بۆ لای حەزرەت ﷺ و زەکاتەکەی بۆ هێنا، بەڵام حەزرەت وەری نەگرت و فەرمووی: خودا مەنعی کردووم

www.iqra.ahlamontada.com

لەوە کە زەکاتت لێ وەربگرم، ئەویش بازێ گلّی کرد بەسەر خۆیا و وتی: ئەمە ئەنجامی کردەوەی خۆمە. وە پاش وەفاتی حەزرەت ﷺ زەکاتی هێنا بۆ ئەبووبەکر، ئەویش وەری نەگرت، وە پاش ئەو هێنای بۆ عومەر، ئەویش وەری نەگرت. تا لە زەمانی عوسمانا مرد و رۆیشت بە رێگەی خۆیا.

خــوداوەنــد لەســەر ئــەڕوانــێ بـۆ دڵ ـــ ئــەزانــێ خــارە یــا خــۆ پــەڕەی گــوڵ
کەمی دڵپاکان زۆرە و بێ خەوشە ـــ ئــەنوێنێ وێــنەی پــەڕەی وەنــەوشە

**فەرموودەی خودا:** ﴿ ٱلَّذِينَ يَلۡمِزُونَ ﴾

لە هۆی نوزوولی ئەم ئایەتەوە ریوایەت کراوە کە رۆژێ حەزرەت ﷺ زۆر تەرغیبی موسوڵمانەکانی دا لە سەر سەدەقە و خێرات لەوێدا «عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف» چوار هەزار درەمی هێنا و عەرزی کرد: کە هەشت هەزار درەمم بووە چوار هەزارم دا بە قەرز بە خودای تەعالا و چوار هەزاریشم راگرتووە بۆ ماڵ و خێزانی خۆم. جا حەزرەت فەرمووی: خودا بەرەکەت بخاتە ناو ئەوەی کە هێنات و لە ناو ئەوەیشدا کە راتگرتووە بۆ خۆت. وە پاش ئەوە خودای تەعالا دارایییەکی زۆری پێدا، وە کاتێ کە وەفاتی کرد دوو ژنی هەبوو، یەکێ لەو دوو ژنە سوڵحی کرد لەسەر نیوەی هەشتیەکی خۆی بە هەشتا هەزار درەم، وە لە ریوایەتێکدا چوار ژنی بوون وە یەکێ لەوانە «تماضر» ناو سوڵحی کرد بەو ئەندازە. وە «عاسمی کوڕی عەدی» سەد ویسق خورمای هێنا، (وە ویسق باری وشترێکە وەکوو لە حاشیەی «مهذب» دا لە کیتابی زەکاتا فەرموویەتی). وە ئەبووعەقیلی ئەنساری تاقە ساعێ خورمای هێنا، وە وتی: «یا رسول اللّٰه» ئیمشەو بە حەیوان ئاوم کێشاوە بە دوو ساع خورما وا ساعێکم هێناوە بۆ سەدەقە، وە حەزرەت ﷺ ئەمری کرد ئەو ساعەیشیان کرد بەسەر سەدەقەکەدا.

www.iqra.ahlamontada.com

وە عادەتی موونافقەکانیش وابوو هەرکەسێ لە کاتی خێراتا شتی زۆری بهێنایە ئەیانوت: ئەمە بۆ ریا و بەرچاوی وا ئەکا، وە هەرکەسێ کەمی بهێنایە ئەیانوت: خودا چ موحتاجی ئەم شتە بێ قیمەتەیە؟! وە گاڵتەیان پێ ئەکرد.

جا خودای تەعالا، بۆ رەدی قسەی ئەم بێ شوعوورانە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە فەرمووی:

﴿ٱلَّذِينَ يَلْمِزُونَ ٱلْمُطَّوِّعِينَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ فِى ٱلصَّدَقَٰتِ﴾

ئەو کەسانە کە عەیب ئەگرن لەو موسوڵمانانە کە سەدەقات ئەدەن لە رێگەی خودادا.

﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهْدَهُمْ﴾

وە ئەو موونافقانەیش کە رەخنە ئەگرن لەو موسوڵمانانە کە ماڵی دنیایان دەست ناکەوێ بیدەن لە رێگەی خودادا مەگەر ئەوەی کە بە رەنجی شان پەیدایان کردووە.

﴿فَيَسْخَرُونَ مِنْهُمْ﴾

وە گاڵتەیان پێ ئەکەن.

﴿سَخِرَ ٱللَّهُ مِنْهُمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ٧٩﴾

ئەوە خودای تەعالا گاڵتەیان پێ ئەکا و لە رۆژی قیامەتا سزایەکی سەختیان هەیە.

چونکی خودای تەعالا داوای شتی خاریج لە تەوانا و تاقەت ناکا، وە هەرکەسێ هەر شتێك بدا بە دڵساغی و دڵسافی لە رێگەی خودادا ئەوە خودا لێی قەبووڵ ئەکا. وە ئەو موونافقانە گاڵتە کردن و رەخنە گرتنەکەیان لەسەر ئەساسی ئەوەیە کە ئیمان و باوەڕیان بە قورئانی پیرۆز نییە، ئەگەرنا کەم و زۆر لەگەڵ ئیخلاسدا بە خێر ئەژمێررێ.

www.iqra.ahlamontada.com

**فەرمموودەی خودا:** ﴿ٱسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ أَوۡ لَا تَسۡتَغۡفِرۡ﴾

ریوایەت کراوە هۆی نازڵبوونی ئەم ئایەتە ئەوە بووە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول ـ سەرۆکی موونافقەکان ـ نەخۆش کەوت وە عەبدوڵڵا کوڕی (ئەم عەبدوڵڵا کە یەکێ بوو لە ئەسحابە راستەکان) هات بۆ لای حەزرەت کە دوعای عەفو و لێخۆش بوون بکا بۆ باوکی، وە حەزرەت دەستی کرد بە دوعاکردن بۆی، وە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە، جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: من لە حەفتا جار زیاتر ئیستیغفاری بۆ ئەکەم، جا ئەم ئایەتەیتر نازڵ بوو کە ئەفەرموێ: ﴿سواء علیهم أستغفرت لهم أم لم تستغفر لهم لن یغفر الله لهم﴾[1] خودا ئەفەرموێت:

﴿ٱسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ أَوۡ لَا تَسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ﴾

ئارەزووی خۆتە داوای لێخۆشبوون بکە بۆیان یا مەیکە، ئێمە مانیع نابین لەو داوایە، یاخود بێ سوودن.

﴿إِن تَسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ سَبۡعِينَ مَرَّةٗ فَلَن يَغۡفِرَ ٱللَّهُ لَهُمۡۚ﴾

ئەگەر حەفتا جار داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکەی خودا لێیان خۆش نابێ بە هیچ جۆرێ.

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ كَفَرُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ﴿٨٠﴾﴾

ئەمەیش کە خودا لێیان خۆش نابێ بە هۆی ئەوەوەیە کە ئەوانە کوفری خودا و پێغەمبەری خودایان کردووە، وە خودا هیدایەتی ئەو قەومە نادا کە لەسەر ئەساسی عەناد و سەرکێشی دەرچوون لە رێگەی راساڵی و ئیسلامییەتیان وەرنەگرت.

---

١. المنافقون؛ ٦.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ فَرِحَ ٱلْمُخَلَّفُونَ بِمَقْعَدِهِمْ خِلَٰفَ رَسُولِ ٱللَّهِ ﴾

کەیف خۆش بوون ئەو کەسانە کە نەڕۆیشتن بۆ غەزای تەبوك و لە مەدینەدا مانەوە لە پاش سەفەری حەزرەت و یارەکانی.

﴿وَكَرِهُوٓاْ أَن يُجَٰهِدُواْ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾

وە حەزیان نەکرد لەوە کە جیهاد بکەن لە ڕێگای خودادا بە ماڵ و نەفسی خۆیان بۆ ئەوە کە ڕەزای خودایان دەست بکەوێ.

﴿وَقَالُواْ لَا تَنفِرُواْ فِى ٱلْحَرِّ ﴾

وە بازێکیان ئەیانوت بە بازێکیان: لەم کاتی گەرمای ناهەموارەدا لە جێگەی خۆتان دەرمەچن.

﴿قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّا لَّوْ كَانُواْ يَفْقَهُونَ ﴿٨١﴾ ﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست پێیان بڵێ: کە ئاگری دۆزەخ گەرمترە لە گەرمای هاوین، ئەبوو ئێوە بۆ خۆپاراستن لەو گەرما بەتینەی دۆزەخ ئەم گەرما سووکەتان قەبووڵ بکردایە. وە یاخود مادام نەچوون بۆ غەزای تەبوك لە ترسی گەرمای بەتین، ئێوە ئەخرێنە ناو دۆزەخەوە کە زۆر لەم هاوینە گەرمە گەرمترە؛ ئەگەر ئەو مونافقانە بەم کارەیان بزانیایێ ئەم سەفەرەیان تەرك نەدەکرد.

﴿ فَلْيَضْحَكُواْ قَلِيلًا وَلْيَبْكُواْ كَثِيرًا جَزَآءًۢ بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾

دەی با کەم پێ بکەنن و زۆر بگرین لە قیامەتا لە جەزای ئەم وتار و کردەوەیاندا.

﴿ فَإِن رَّجَعَكَ ٱللَّهُ إِلَىٰ طَآئِفَةٍ مِّنْهُمْ فَٱسْتَـْٔذَنُوكَ لِلْخُرُوجِ فَقُل لَّن تَخْرُجُواْ مَعِىَ أَبَدًا وَلَن تُقَٰتِلُواْ مَعِىَ عَدُوًّا ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەگەر گەڕایتەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە بۆ لای تاقمێ لەو دواکەوتوانە کە لەبەر نیفاق دواکەوتن وە ڕێکەوت بۆ جەنگێکی‌تر بێن داوای ئیجازەت لێ بکەن بۆ دەرچوون بۆ جەنگ، تۆ پێیان بڵێ: بە قەتعی ئێوە لەگەڵ مندا دەرناچن بۆ جیهاد وە بە قەتعی جەنگ ناکەن لەگەڵ دوژمنەکانا.

﴿إِنَّكُمْ رَضِيتُم بِٱلْقُعُودِ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾

بە ڕاستی ئێوە ڕازی بوون بە دانیشتن لەماڵی خۆتانا یەکەمجار.

﴿فَٱقْعُدُوا۟ مَعَ ٱلْخَٰلِفِينَ ﴿٨٣﴾﴾

دەی دابنیشن لەگەڵ پاشکەوتووەکانا.

﴿وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا وَلَا تَقُمْ عَلَىٰ قَبْرِهِۦٓ﴾

وە بە قەتعی نوێژ مەکە لەسەر هەرکام لەو دواکەوتوانە کاتێ کە مرد وە لەسەر قەبرەکەی ڕامەوەستە بۆ دوعاکردن بۆی وە یا بۆ ئیحتیرام و تەشییعی، وە یا لە پاش ناشتنی.

﴿إِنَّهُمْ كَفَرُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ فَٰسِقُونَ ﴿٨٤﴾﴾

چونکی ئەمانە کوفریان کردووە بە خودا و پێغەمبەری خودا و ئەمانە مردوون لە حاڵێکدا لە دین دەرچوون.

ڕیوایەت کراوە: ئەم ئایەتە نازڵ بوو کاتێ کە حەزرەت ﷺ کراسی خۆی دا بە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول بۆ ئەوە بیکەن بە کفن بۆ باوکی، وە زیاد لەمە عەبدوڵڵا ڕجای کرد کە حەزرەت ﷺ نوێژی جەنازەی باوکی بکا، وە حەزرەت ویستی بڕوا بۆ نوێژکردن لە سەری جا ئەم ئایەتە مەنعی کرد لەوە نوێژ بکا لە سەری؛ چونکی نوێژی جەنازە دوعای عەفوکردنی تیایە بۆ مردووەکە وە

www.iqra.ahlamontada.com

کافر بۆ ئەوە ناشێ، بەڵام مەنع نەکرا لە ناردنی کراسەکەی؛ چونکی کراس‌ناردن لە بابەتی سەخاوەت و کەرەمە، وە زاتی وەکوو حەزرەت ﷺ مەنع ناکرێ لێی.

﴿ وَلَا تُعۡجِبۡكَ أَمۡوَٰلُهُمۡ وَأَوۡلَٰدُهُمۡۚ ﴾

تۆ نەخاتە سەرسوڕمانەوە دارایی و زۆری نەتەوەی ئەم جۆرە کافرانە.

﴿ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُعَذِّبَهُم بِهَا فِي ٱلدُّنۡيَا وَتَزۡهَقَ أَنفُسُهُمۡ وَهُمۡ كَٰفِرُونَ ٨٥ ﴾

چونکی خودای تەعالا هەر خواستی ئەوەیە کە ئەوانە بەو داراییيە سزا بدا لە دنیادا بۆ خزمەتکردنی داراییيەکە و ئەولادەکان و بۆ پاسیان تا ماون لە دنیادا وە گیانیشیان دەرچێ لە حاڵێکدا کە کافرن.

﴿ وَإِذَآ أُنزِلَتۡ سُورَةٌ أَنۡ ءَامِنُواْ بِٱللَّهِ وَجَٰهِدُواْ مَعَ رَسُولِهِ ٱسۡتَـٔۡذَنَكَ أُوْلُواْ ٱلطَّوۡلِ مِنۡهُمۡ وَقَالُواْ ذَرۡنَا نَكُن مَّعَ ٱلۡقَٰعِدِينَ ٨٦ ﴾

وە کاتێ چەن ئایەتێ بێتە خوارەوە کە ئەمر بکەن بە ئیمان بە خودا و ئەمر بکەن بە جیهاد لەگەڵ پێغەمبەری خودادا ﷺ ئەوانەیان کە خاوەن دارایی و دەستەڵاتن داوای ئیجازەت لێ ئەکەن و ئەڵێن: وازمان لێ بێنە با ئێمە لەگەڵ دانیشتووەکانا لە وڵاتا بمێنینەوە.

﴿ رَضُواْ بِأَن يَكُونُواْ مَعَ ٱلۡخَوَالِفِ ﴾

رازی بوون بەوە کە لەگەڵ ژنان و منداڵ و پاشکەوتوان بن.

﴿ وَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ فَهُمۡ لَا يَفۡقَهُونَ ٨٧ ﴾

وە مۆر نراوە بەسەر دڵیانا خێری بۆ ناچێ، وە ئەگەر بۆی بڕوا تێی ناچێ، جا ئەوان فامی قازانج و سوودی نەبراوەیان نییە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ لَٰكِنِ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ جَٰهَدُواْ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْخَيْرَٰتُۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٨٨﴾ ﴾

بەڵام پێغەمبەر و ئەو ئەسحابانە کە ئیمانیان هێناوە لەگەڵیا (واتە ئیمانیان هێناوە و وان لە خزمەتیا) ئەوانە جیهادیان کرد لە ڕێگەی خودادا بە ماڵ و حاڵ و نەفسی خۆیان، ئەمانەیان بەخت کرد لە بۆ بەرزکردنەوەی کەلیمەی تەوحید و ئەوانە خێر و پیرۆزییان هەیە و، ئەمانەن رزگار بوو لە دنیا و قیامەتا. بە ڕووناکی دڵ لە دنیادا سابیرن لەسەر زەحمەت و شاکیرن لەسەر نیعمەت، وە بە هۆی دەوام لەسەر تاعەت لە قیامەتا رزگار و سەربەرزن.

﴿ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٨٩﴾ ﴾

خودا ئامادەی کردووە بۆ ئەوانە چەن بەهەشتێ کە ئاوی ڕووباری جوان لە ژێریانا ڕەوان ئەبێ و ئەمانە نەمرن لەو بەهەشتانەدا هەتا هەتایە. ئەمەیە گەیشتن بە پایەی گەورە بۆ هەرکەسێ خودا پێی بدا.

جا کاتێ خودای تەعالا باسی ئەو مونافقانەی کرد کە لە مەدینەی مونەووەرەدا بوون هات باسی ئەو مونافقانە ئەکا کە لە دەرەوەی مەدینەدا بوون وەکوو قەبیلەی «اسد» و «غطفان». کاتێ حەزرەت ﷺ بانگی کردن بۆ غەزای تەبووك هاتن عوزریان هێنایەوە بە چەن جۆر؛ یەکێ لەوانە ئەوە بوو کە ئەگەر شوێنی خۆیان بەجێبێڵن دوژمنەکانیان دێن بەسەریانا، وە یەکێ لەوانە ئەوە بوو کە وڵاخی سوارییان نییە، وە زۆربەی ئەم خاوەن عوزرانە درۆیان ئەکرد و بازێکیان ڕاست بوون، وە خودای تەعالا زەمی خراپە درۆزنەکانیان ئەکا و فەرمووی:

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَجَآءَ ٱلْمُعَذِّرُونَ مِنَ ٱلْأَعْرَابِ لِيُؤْذَنَ لَهُمْ وَقَعَدَ ٱلَّذِينَ كَذَبُوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ﴾

ئەو کۆمەڵە کە عوزریان هێنایەوە لە خزمەت پێغەمبەرا هاتن بۆ لای لە بەر ئەوە ئیجازەیان پێ بدا بۆ دانیشتن لەماڵی خۆیانا و نەیەن بۆ غەزا، وە فیعلەن دانیشتن لە جێگەی خۆیانا، ئەو کەسانە کە درۆیان کرد لەگەڵ خودا و پێغەمبەری خودادا و بە درۆ عوزریان هێنایەوە.

﴿سَيُصِيبُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (٩٠)﴾

بە راستی ئەگا بەو کەسانە کە کافر بوون و عوزرەکەیان لەسەر ئەساسی بێ ئیمانی بوو سزایەکی نابار لە دنیادا بە کوشتن و بەڵای دنیایی و لە قیامەتا بە ئاگری دۆزەخ.

﴿لَّيْسَ عَلَى ٱلضُّعَفَآءِ وَلَا عَلَى ٱلْمَرْضَىٰ وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ مَا يُنفِقُونَ حَرَجٌ إِذَا نَصَحُوا۟ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾

نییە لەسەر ئەوانە لاوازن لە لەشا و لەسەر ئەوانە کە نەخۆشن و لەسەر ئەوانە کە دارای ماڵێ نین سەرفی بکەن لە رێگەدا لەسەر ئەمانە هەموو تاوان نییە بە مەرجێ کە ساغ بن و ئیخلاس بەجێ بێنن لەگەڵ خودا و پێغەمبەرا و لە کاتی خۆیا یارمەتی دینی ئیسلام بدەن.

﴿مَا عَلَى ٱلْمُحْسِنِينَ مِن سَبِيلٍ﴾

هیچ رێگایێ نییە لە بۆ عیتاب و ئازاردانی دڵ بۆ ئەو کەسانە کە خاوەن چاکەن بە قەی ئیمکان.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٩١﴾﴾

وە ئەگەر شتێکی جوزئیش ببێ لە عەیب بۆ ئەو کەسانە، خودا تاوانبەخش و میهرەبانە.

﴿وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ إِذَا مَآ أَتَوۡكَ لِتَحۡمِلَهُمۡ قُلۡتَ لَآ أَجِدُ مَآ أَحۡمِلُكُمۡ عَلَيۡهِ تَوَلَّواْ وَّأَعۡيُنُهُمۡ تَفِيضُ مِنَ ٱلدَّمۡعِ حَزَنًا أَلَّا يَجِدُواْ مَا يُنفِقُونَ ﴿٩٢﴾﴾

هەروا تاوان نییە لەسەر ئەوانە کاتێ هاتن بۆ لای تۆ بۆ ئەوە کە هەڵیان بگری لەسەر «نعال» و سۆلی سووك ـ واتە پێلاویان بدەیتێ بیکەنە پێیان ـ تا پێخاوس نەبن و بێن بۆ جیهاد وە تۆیش فەرمووت: هیچ شك نابەم لەو جۆرە شتانە کە ئێوەی لەسەر هەڵبگرم نە حەیوانی سواری و نە نەعل و کەوش، لەو کاتەدا لە دڵپڕیدا پشتیان هەڵکرد و چاوەکانیان فرمێسکی ئەڕشت لە دڵ گرانیدا لەبەر ئەوە کە شتی وایان دەس نەکەوت سەرفی بکەن و بە هۆی ئەوەوە بچن بۆ جیهاد.

ریوایەت کراوە کە: حەوت کەس لە ئەنسار هاتن بۆ لای حەزرەت ﷺ و داوای کەمتر یارمەتی و کەمتر ئەسبابیان کرد بۆ خۆیان و حەزرەت ﷺ مەجالی نەبوو و ئەوانیش لە دڵپڕیدا گریان! ئەمانە: «مەعقەلی کوڕی یەسار» و «سەخری کوڕی خەنساء» و «عەبدوڵلای کوڕی کەعب» و «سالمی کوڕی عومەیر» و «سەعلەبەی کوڕی غەنەمە» و «عەبدڵلای کوڕی مەغفەل» و «عەلبەی کوڕی زەید» بوون لە ئەنساری مەدینەی مونەووەرە.

وە بازێ وتوویانە: ئەوانە ئەولادەکانی «مقرن» بوون «مەعقەل و سوید و نوعمان».

وە بازێ وتوویانە: ئەبوومووسا و رەفیقەکانی بوون.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿إِنَّمَا ٱلسَّبِيلُ عَلَى ٱلَّذِينَ يَسْتَـْٔذِنُونَكَ وَهُمْ أَغْنِيَآءُ ۚ رَضُوا۟ بِأَن يَكُونُوا۟ مَعَ ٱلْخَوَالِفِ وَطَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٩٣﴾﴾

تاوانباری هەر لەسەر ئەوانەیە کە دێن داوای ئیجازەی پاشکەوتن ئەکەن لە تۆ و کەچی دەوڵەمەندن و رازی بوون بەوە کە لەگەڵ ژن و منداڵانا بن، وە خودا مۆری داناوە لەسەر دڵی ئەوان ئیتر ئەوانە زانا نابن بە رێگەی پیرۆزی و بەختیاری خۆیان.

﴿يَعْتَذِرُونَ إِلَيْكُمْ إِذَا رَجَعْتُمْ إِلَيْهِمْ ۚ﴾

عوزرتان بۆ دێننەوە کاتێ هاتنەوە بۆ لایان.

﴿قُل لَّا تَعْتَذِرُوا۟ لَن نُّؤْمِنَ لَكُمْ﴾

تۆ ئەی خۆشەویست بفەرموو: عوزرمان بۆ مەهێننەوە! ئێمە ئیتر باوەڕ بە ئێوە ناکەین.

﴿قَدْ نَبَّأَنَا ٱللَّهُ مِنْ أَخْبَارِكُمْ ۚ﴾

خودای تەعالا بە راستی ئەحواڵی ئێوەی بۆ گێڕاوینەتەوە، دیاری و پەنامەکی.

﴿وَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُۥ﴾

لەمەولا خودا و پێغەمبەری خودا کردەوەکانی ئێوە ئەبینن، مادام راست بکەن و رووتان لە راستی بێ دەرئەکەوێ ئیتر ئێستە پێویست بە عوزر نییە.

﴿ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٩٤﴾﴾

وە لە پاش ئەوە کە مردن ئەگەڕێنەوە بۆ لای ئەو خودا کە زانایە بە ئەسراری پەنامەکی و شتی دیاری و لە پاش حسێبی رەفتارەکان خەبەرتان پێ ئەدا بە جەزای ئەوەی کردووتانە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿سَيَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ لَكُمْ إِذَا ٱنقَلَبْتُمْ إِلَيْهِمْ لِتُعْرِضُوا۟ عَنْهُمْ﴾

بە هێز و قووەت سوێندتان بۆ ئەخۆن بە خوا، کاتێ گەڕانەوە بۆ لایان، ئەو سوێندەیش بۆیە ئەخۆن کە ئێوە وازیان لێ بێنن.

﴿فَأَعْرِضُوا۟ عَنْهُمْ إِنَّهُمْ رِجْسٌ﴾

ئێوە واز لەوانە بێنن و لۆمەیان مەکەن بە راستی ئەوانە ناپاکن لە دڵدا و لە بیر و باوەڕدا، نە سوێندیان راستە و نە بە لۆمە بیر ئەکەنەوە و هەر جۆرە وتارێ لەگەڵ ئەوانەدا بێ‌سوودە.

﴿وَمَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿٩٥﴾﴾

وە ماوا و مەڵبەندی پاشەڕۆژیان دۆزەخە لەبەر جەزادانەوەیان بەوەی کە ئەوان کردوویانە.

﴿يَحْلِفُونَ لَكُمْ لِتَرْضَوْا۟ عَنْهُمْ فَإِن تَرْضَوْا۟ عَنْهُمْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يَرْضَىٰ عَنِ ٱلْقَوْمِ ٱلْفَـٰسِقِينَ ﴿٩٦﴾﴾

ئەوانە سوێندتان بۆ ئەخۆن بۆ ئەوە کە ئێوە لێیان رازی بن، جا ئەگەر ئێوەیش لێیان رازی بن بە راستی خودا لێیان رازی نابێ، چونکی ئەوانە لە دینا نەماون و لە یاسای حەق بەدەرن و خودایش رازی نابێ لە کۆمەڵی لە یاسای حەق دەرچوو.

﴿ٱلْأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا وَأَجْدَرُ أَلَّا يَعْلَمُوا۟ حُدُودَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٩٧﴾﴾

عەرەبی دەشتەکی هاتو کافر بوون کوفری ئەوان بەهێزترە لە کوفری هەموو شارستانییەکان، وە ئەگەر مونافق و دوودڵ و ناساغ بن ئەوە ئەو نیفاقی ئەوانە لە نیفاقی خەڵکی ئاوەدانی شارستانی ناشیرینترە؛ چونکی ئەمانە دوورن لە شارستانی و

www.iqra.ahlamontada.com

قسەیان وشکە و زمانیان زبرە و بۆ ئەوە ناشێن ئینسان بیان‌کا بە «خصم» و جیدالیان لەگەڵدا بکا، وە دوورن لە فامی دەلیل، وە بەس بە زۆر یا خود بە ماڵی دنیا یاخود بەو تەقالیدە کە فێری بوون ئینسان ئەتوانێ لەگەڵیانا بژی، وە هەموو ئەوانە زۆر شیاون بە نەزانینی سنوور و یاسای ئەو دینە کە خودا نازڵی کردووەتە سەر پێغەمبەری خۆی، وە خودای تەعالا زانایە بە هەموو تاقمێ و بە هەموو حاڵێ و خاوەن حیکمەتە لە رەواداشتنی قسەکردن لەگەڵ خاوەن شعوورانا و پارێزکردن لە نەفامان و نەزانان.

دەستارِ بە دەستی خەستەی بریندار     چـاترە لە وتـار بـۆ پـیاوی نـابار

بزانن! کە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لە شانی هۆزی «اسد» و «غطفان» لە عەرەبی دەشتەکی. وە بازێکیش ئەڵێن لەوانە کە حازری مەدینەی مونەووەرە بوون.

﴿وَمِنَ ٱلۡأَعۡرَابِ مَن يَتَّخِذُ مَا يُنفِقُ مَغۡرَمًا﴾

وە لە عەرەبی دەشتەکییە کەسانێ کە هەرچی سەرف بکا بە ناوی زەکاتەوە بە خەسار و زیان و بارێ کە بەسەر شانا هاتبێ وای دائەنێ و بە قەتعی بە واجبی دینی و بە هۆی رەزامەندی خودا و رزگاری قیامەتی ناژمێرێ.

﴿وَيَتَرَبَّصُ بِكُمُ ٱلدَّوَآئِرَۚ﴾

وە ئەو جۆرە کەسانە چاوەڕێی ئەوە ئەکەن کە کارەساتێ بێت بەسەرتانا کە شوێنەوارتان نەهێڵێتەوە بەڵکوو لە ژێر ئەم باری ناهەمواری واجباتە دەرچن.

﴿عَلَيۡهِمۡ دَآئِرَةُ ٱلسَّوۡءِۗ﴾

خودا بکا بێتە سەریان کارەساتی نابار و خراپ کە ئەوان مەحو بکاتەوە.

﴿وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ٩٨﴾

وە خودای تەعالا قسەی ئەوانە ئەبیسێ و زانایە بە رازی دڵیان.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَمِنَ ٱلْأَعْرَابِ مَن يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْآخِرِ وَيَتَّخِذُ مَا يُنفِقُ قُرُبَٰتٍ عِندَ ٱللَّهِ وَصَلَوَٰتِ ٱلرَّسُولِ﴾

وە لە عەرەبی دەشتەکییە کەسانێکی وەها باوەڕیان هەیە بە خودا و ڕۆژی قیامەت و، ئەوەی سەرفی ئەکا لە زەکات و لە خێرات دای ئەنێ بە هۆی نزیك‌بوونەوە لە خودا و لە دوعای خێری پێغەمبەر ﷺ.

﴿أَلَآ إِنَّهَا قُرْبَةٌ لَّهُمْ﴾

بێداربنەوە ئەو زەکاتە و ئەو خێراتی ئەوانە خودا قەبووڵی ئەکا و ئەیکا بە هۆی نزیك‌بوونەوەیان لە خودا.

﴿سَيُدْخِلُهُمُ ٱللَّهُ فِى رَحْمَتِهِۦٓ﴾

وە بێ‌گومان خودای تەعالا ئەوانە ئەخاتە ناو پرتەوی میهرەبانی خۆیەوە و دڵیان ڕووناک ئەکاتەوە.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٩٩﴾﴾

بە ڕاستی خودا تاوان‌بەخش و میهرەبانە بۆ هەموو موسوڵمانێ و بە تایبەتی بۆ ئەوانە.

﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلْأَوَّلُونَ مِنَ ٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحْسَٰنٍ رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى تَحْتَهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١٠٠﴾﴾

ئەفەرموێت: ئەو کەسانە کە پێشکەوتن لە کۆچکردنا لە مەککەی موکەڕەمەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە و ئەو کەسانەی کە پێشکەوتن لە یارمەتیدانی پێغەمبەرا ﷺ و

www.iqra.ahlamontada.com

ئەو کەسانەی کە بە شوێنی ئەوانا هاتن بە بیر و باوەڕی باش و کردەوەی چاك و خوو رەوشتی بەرز، خودای تەعالا لەوان رازییە و ئەوانیش لە خودا رازین؛ چونکی موسوڵمانی ساغ رەخنەی نییە بەرابەر بە تەسەڕوفاتی خودای تەعالا، وە خودا ئامادەی کردووە بۆیان چەن بەهەشتێ کە لە ژێر ئەوانا جۆبار رەوان ئەبێ و ئەوان نەمرن لە ناویانا هەتا هەتایە، وە ئەمە گەیشتنێکی گەورەیە بە پایەی لای خودا.

بزانن! لە تەفسیری «سابقین»دا بازێ فەرموویانە: «سابقین» لە موهاجیرین ئەوانەن کە نوێژیان کردووە بەرەو رووی «قبلتین» واتە «بیت‌المقدس» و «کعبة اللّٰه» وە بازێ فەرموویانە: کە «ئەسحابی بەدر»ن، وە بازێ فەرموویانە: ئەسحابی «بیعة الرضوان»ن، وە بازێ فەرموویانە: ئەوانەن کە لە پێش هیجرەتا موسوڵمان بوون.

وە «سابقین» لە ئەنسار بازێ فەرموویانە: ئەهلی عەقەبەی یەکەمن، کە حەوت کەس بوون و لەساڵی یازدەهەمی ریسالەتا چوون بۆ مەککە بۆ حەج. وە بازێ فەرموویانە: ئەهلی عەقەبەی دووهەمن کە لە ساڵی دوازدەی ریسالەتدا چوون بۆ مەککە بۆ حەج، کە حەفتا و دوو پیاو و ژن بوون لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە ئیسلام بوون لەسەر دەستی موسعەبی کوڕی عومەیری کوڕی هیشامی کوڕی عەبدولمەنافدا کە حەزرەت ﷺ لەگەڵ ئەهلی عەقەبەی دووهەمدا ناردی بۆ مەدینە بۆ تەعلیمی قورئانی پیرۆز.

وە مەبەست لە «تابعین» لە جوملەی ﴿والذین اتبعوهم بإحسان﴾ دا باقی ئەسحابەکانی پێغەمبەرە ﷺ لەسەر هەموو مەعناکان کە بەیان کران.

بەڵام ئەوە کە بازێ لە موفەسیرەکان فەرموویانە کە: مەبەست لە «سابقین» ئەوانەن لە پێش باقی موسوڵمانانی غەیری موهاجیرین و ئەنسارا موسوڵمان بوون، وە مەبەست لە ﴿والذین اتبعوهم﴾ ئەوانەن کە دوای ئەوان موسوڵمان بوون لە زەمانی حەزرەتا ﷺ واتە ئەسحابەکان غەیری ئەو دوو فیرقە وە باقی موسوڵمانانی دنیا کە لە پاش زەمانی

www.iqra.ahlamontada.com

حەزرەت ﷺ هاتوونەتە دنیاوە تا ڕۆژی قیامەت بە شەرتی ئەوە کە تابیعی سابیقین بووبن لە بیر و باوەڕ و کردەوە و ئەخلاقا، وە ئەم شەرتە دێتەجێ لەوانەدا کە تابیعی ئیجماعی ئوممەت وە یا زۆری ئەوان بووبن لە ئیمامانی موجتەهیدین و لە ئومەرای عادیلین و عولەمای عامیلین و ئەولیا و پیاوچاکان هەتا ڕۆژێ کە دنیا دەوامی ببێ.

﴿وَمِمَّنْ حَوْلَكُم مِّنَ ٱلْأَعْرَابِ مُنَٰفِقُونَ﴾

وە لەوانەن کە وان لە دەوری ئێوەدا لە عارەبی دەشتەکی دەوری مەدینەی مونەووەرە کۆمەڵێ لە مونافقان بە زاهیر موسوڵمان و لە دڵدا کافرن کە بریتین لە قەبیلەی «جهینة» و «مزینة» و «اسلم» و «اسجع» و «غفار».

﴿وَمِنْ أَهْلِ ٱلْمَدِينَةِ مَرَدُوا۟ عَلَى ٱلنِّفَاقِ لَا تَعْلَمُهُمْ نَحْنُ نَعْلَمُهُمْ﴾

وەکوو چۆن لە دەور و بەری مەدینەدا مونافق هەیە لە ئەهلی شاری مەدینەیش هەروا هەن کۆمەڵێ ئەهلی نیفاق کە لەسەر نیفاق دامەزراون تۆ ئەو مونافقانی ئەهلی مەدینە ناناسی بەس ئێمە ئەیانناسین؛ چونکی زۆر بە حیلە و وردەکارین لە کاری خۆیانا.

﴿سَنُعَذِّبُهُم مَّرَّتَيْنِ﴾

ئێمە دوو جار سزای ئەو موناففقانی مەدینە ئەدەین: جارێ بە ئابڕووبردن، وەکوو ریوایەت کراوە کە حەزرەت لەسەر مینبەر یەکە یەکە ناوی بردن و دەری کردن بۆ دەرەوە. وە جارێ لە قەبرا لە عالەمی بەرزەخدا.

﴿ثُمَّ يُرَدُّونَ إِلَىٰ عَذَابٍ عَظِيمٍ ﴿١٠١﴾﴾

وە لە پاش هاتنی ڕۆژی قیامەت ئەگێڕرێنەوە بۆ سزایەکی گەورەی ناهەموار.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَءَاخَرُونَ ٱعۡتَرَفُواْ بِذُنُوبِهِمۡ خَلَطُواْ عَمَلٗا صَٰلِحٗا وَءَاخَرَ سَيِّئًا﴾

وە لە دواکەوتوان لە غەزای تەبووکە کۆمەڵێکی تر کە ئیقراریان کردووە بە تاوانباری خۆیان لە پاشکەوتنا و کردەوەیەکی چاکیان تێکەڵ کردووە لەگەڵ کردەوەیەکی خراپدا، واتە کردەوە پێشووەکانیان باش بوو وەکوو جیهاد و حازربوون بۆ واجباتی دین وە کردەوە دواییەکانیان خراپ بوو وەکوو پاشکەوتن لە غەزای تەبووك.

﴿عَسَى ٱللَّهُ أَن يَتُوبَ عَلَيۡهِمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ١٠٢﴾

هیوایە خودا تەوبەیان لێ قەبووڵ بکا؛ چونکە بە راستی خودا تاوانبەخش و میهرەبانە.

ئەم ئایەتە نازڵ بوو لە ئەبوولوبابە و رەفیقەکانیا کە دە کەس یا هەشت یا پێنج یا سێ کەس بوون کە نەڕۆیشتن بۆ غەزای تەبووك، کاتێ حەزرەت ﷺ لە تەبووك هاتەوە بۆ مەدینە رۆیشتنە خزمەتی و پێیان لە تاوانباری خۆیان نا. وە ئەبوولوبابە کە ناوی «رفاعة» و کوڕی «ابو المنذر» بوو لە ئەهلی «صفّة» بوو، خۆی بەستەوە بە کۆڵەکەیێ لە کۆڵەکەکانی مزگەوتی حەزرەتەوە و سوێندی خوارد ئەبێ حەزرەت رزگاری بکا لەو بەستنەوە، وە لە کاتی پێویست و نوێژکردنا کچەکەی ئەهات گوریسەکەی ئەکردەوە، پاش ئەوە ئەیبەستەوە، جا کاتێ ئایەتی قەبووڵی تەوبەیان هاتە خوارەوە، حەزرەت ﷺ رۆیشت خۆی گوریسەکەی کردەوە. وە لەم بەستنەوەدا دوازدە رۆژ مایەوە.

وە جارێکی تریش پێش ئەم رووداوە خۆی بەستەوە و حەوت رۆژ مایەوە تا تەوبەکەی قەبووڵ بوو حەزرەت ﷺ گوریسەکەی کردەوە.

﴿خُذۡ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡ صَدَقَةٗ تُطَهِّرُهُمۡ وَتُزَكِّيهِم بِهَا وَصَلِّ عَلَيۡهِمۡۖ إِنَّ صَلَوٰتَكَ سَكَنٞ لَّهُمۡۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ١٠٣﴾

www.iqra.ahlamontada.com

واتە: ئەی پێغەمبەری خۆشەویست وەربگرە لە دارایی ئەم لە جەنگ پاشکەوتوانە ـ ئەبوولوبابە و هاورێکانی ـ ماڵێ بە شێوەی سەدەقە و کەفارەت بۆ ئەم تاوانەیان کە ئەو سەدەقەیە تەسلیم کرا تۆ ئەو کۆمەڵەیە پاك ئەکەیتەوە بەو سەدەقە، واتە ئەو سەدەقەیە ئەبێ بە هۆی عەفوبوونیان لە تاوانەکەیان و بەرەکەت و زۆربوون بۆ ماڵەکەیان. وە دوعای خێریشیان بۆ بکە؛ چونکی دوعای خێری تۆ بۆ ئەوان ئەبێ بە مایەی ئارام و هێمنی دڵی ئەوان، وە خودای تەعالا بیسەرە بۆ واتەی خەڵك و زانایە بە راز و نیازی دڵیان.

ریوایەت کراوە حەزرەت ﷺ سێیەکی دارایی ئەوانەی وەرگرت بەخشییەوە بەسەر فەقیرانا.

﴿أَلَمْ يَعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ هُوَ يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ وَيَأْخُذُ ٱلصَّدَقَٰتِ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٠٤﴾﴾

ئایا نازانن ئەم خەڵکە کە خودای تەعالا تەوبە و پەشیمانی وەرئەگرێ لە بەندە تەوبەکارەکانی وە سەدەقە و خێرات و دەستاوێژ وەرئەگرێ لە خێرۆمەندان لە تۆڵەی تاوانباریدا یا هەر بۆ ئەجری رۆژی قیامەت وە خودای تەعالا بە راستی تەوبە وەرگرە بە شێوەیەکی رەسا و میهرەبانە بۆیان؟

﴿وَقُلِ ٱعْمَلُواْ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُۥ وَٱلْمُؤْمِنُونَ﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست پێیان بڵێ: چی ئەکەن بیکەن، یاخود کاری باش بکەن و لەمەولا بە راستی خودا و پێغەمبەری خودا و موسوڵمانەکان کردەوەی ئێوە ئەبینن.

﴿وَسَتُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٠٥﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە لە داهاتووی نزیکدا ئێوە ئەگێڕرێنەوە بۆ لای ئەو خودایە کە زانایە بە پەنامەکی و ئاشکرای کردەوەکان، جا خەبەردارتان ئەکا بە تۆڵەی ئەوەی کە ئێوە کردووتانە.

﴿وَءَاخَرُونَ مُرْجَوْنَ لِأَمْرِ ٱللَّهِ إِمَّا يُعَذِّبُهُمْ وَإِمَّا يَتُوبُ عَلَيْهِمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٠٦﴾﴾

وە چەن کەسانێکی‌تر هەن لەوانە کە دواکەوتن لە غەزای تەبوك ئەوانە ئیشیان ماتڵ کراوە بۆ حوکمی خودا لەسەر ئیقتیزای حاڵی خۆیان: یا سزایان ئەدا ئەگەر دەوام بکەن لەسەر موخالەفە، وە یا تەوبەیان لێ قەبووڵ ئەکا مادام تەوبە بکەن بە دڵ، وە خودای تەعالا زانایە بە حاڵیان و خاوەن حیکمەتە لە تۆڵەی کردەوەدا.

ئەم کۆمەڵە سێ کەس بوون مەرارەی کوڕی ڕەبیع و، کەعبی کوڕی مالیك و، هیلالی کوڕی ئومەییە، پاش کەوتن لە غەزای تەبوك نەك لەبەر نیفاق بەڵکوو لەسەر قەزا و قەدەر و تەمەڵی و بێ موبالاتی. کاتێ حەزرەت ﷺ هاتەوە لەو غەزایە ئەمری کرد بە ئەسحابەکان قسەیان لەگەڵدا نەکەن و سەلامیان لێ نەکەن، وە کاتێ ئەوانیش ئەو هەجر و تەرکەیان لەوانەوە بینی پەشیمان بوونەوە لە کاری خۆیان و نیەتی خۆیان ساغ کردەوە بۆ خودا، جا خودا ڕەحمی پێ کردن وە ئایەتی نازڵ کرد لە هۆی عەفوی ئەوانەوە و عەفو کران.

**فەرمووده‌ی خودا:** ﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مَسْجِدًا﴾

ریوایەت کراوە: کاتێ کە بەنی عەمری کوڕی عەوف مزگەوتی قوبایان کردەوە هاتن بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ و بردیان بۆ مزگەوتەکە و نوێژی کرد لە مزگەوتەکەدا وە ئەم ڕووداوە بوو بە هۆی ئەوە کە کۆمەڵی بەنی غەنم بەنی عەوف ئەوانیش

www.iqra.ahlamontada.com

لەسەر مونافەسەی خزمەکانیان مزگەوتێکیان کردەوە، بەڵام نیەتیان لەسەر ئیسلام و ئیخلاس نەبوو، بەڵکوو مەقەسەدیان زیانگەیاندن بوو بە دینی ئیسلام و هێزدان بە کوفر و چاوەڕێی ئەبووعامیری راهیبی ناپاکیشیان ئەکرد کە لە شام بێتەوە بیکەن بە پێشەوای خۆیان، وە ئەم ئەبووعامیرە وەختی خۆی مەسیحی و راهیب بوو وە مەشهوور بوو لە ناو خەڵکا، کاتێ حەزرەت ﷺ هات بۆ مەدینەی مونەووەرە دەستی کرد بە موعانەدە لەگەڵ حەزرەتا هەتا حەزرەت ﷺ لە جەنگی هەوازیندا سەرکەوت ئیتر ئەبووعامیری ناموبارەك جێگەی بە خۆی نەگرت و چوو بۆ شام پەنای برد بە رۆمییەکان بە ناوی یارمەتی خواستن بۆ ئایینی مەسیح عليه السلام.

وە رای سپاردبوو بۆ لای ئەم کۆمەڵی بەنی غەنمی بەنی عەوفە کە پاش ماوەیێ بە هێزەوە دێمەوە و بەرابەرکێ ئەکەین لەگەڵ موحەممەددا و جێگەی پێ لێژ ئەکەین، کەچی بە مورادی نەگەیشت و لە فیتنەی «قینەسرین»دا بە بێ کەس مرد.

جا ئەم کۆمەڵە ناپیاوە هاتن بە شوێن حەزرەتا بڕوا نوێژ بکا لە مزگەوتەکەیانا وەکوو رۆیشت لە مزگەوتی قوبادا نوێژی کرد، وە حەزرەت ویستی بڕوا بۆ لایان، جا ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە و مەنعیان کرد و، خودا فەرمووی:

﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مَسْجِدًا﴾

وە لە مونافقەکانە ئەو کەسانەیش کە مزگەوتێکیان کردووەتەوە بە دیمەن عیبادەتخانە و لە واقیعا کردوویانەتەوە:

﴿ضِرَارًا وَكُفْرًا وَتَفْرِيقًۢا بَيْنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَإِرْصَادًا لِّمَنْ حَارَبَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ مِن قَبْلُ﴾

بۆ زیاندان لە موسوڵمانانی مزگەوتی «قوبا» و بۆ هێزدان بە کوفر و بۆ چلوچۆیی و جیایی خستن لە ناو موسوڵمانانی ئەو شوێنەدا بەم جۆرە بازێکیان بکەن بە هاوبیری

www.iqra.ahlamontada.com

خۆیان و بڕۆن بە گژی باقیەکانا، وە لەبەر چاوەڕێکردنی ئەبووعامیری راهیب ئەو نامەردە کە چەن غەوغای کرد و چەن موعارەزە و موعانەدەی کرد و جەنگی کرد لەگەڵ خودا و پێغەمبەری خودادا لە پێش دروستکردنی ئەو مزگەوتەدا.

﴿وَلَيَحْلِفُنَّ إِنْ أَرَدْنَآ إِلَّا ٱلْحُسْنَىٰ ۖ وَٱللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَـٰذِبُونَ ﴿١٠٧﴾﴾

وە لەگەڵ ئەم هەموو نامەردی و بەدکارییەدا سوێندی موئەککەد ئەخۆن کە: خواستمان لە دروستکردنی ئەو مزگەوتەدا هەر ئەعمالی چاکە بووە، وەکوو نوێژکردن و قورئان خوێندن و زیکری خودا بووە تیایا و خودای تەعالایش شەهادەت ئەدا: بە راستی ئەوانە هەموو درۆزنن و مەبەست ئەوانە نییە کە داوای ئەکەن.

﴿لَا تَقُمْ فِيهِ أَبَدًا ۚ لَّمَسْجِدٌ أُسِّسَ عَلَى ٱلتَّقْوَىٰ مِنْ أَوَّلِ يَوْمٍ أَحَقُّ أَن تَقُومَ فِيهِ ۚ﴾

بە قەتعی ئەی پێغەمبەری خۆشەویست لەو مزگەوتی ئەوانەدا رامەوەستە بۆ نوێژ یا قورئان خوێندن یا دەرس و ئامۆژگاری موسوڵمانان، وە بە راستی ئەو مزگەوتەی کە بیناکراوە لەسەر تەقوا و لە خودا ترسان لە ئەوەڵی هاتنتان بۆ ئەو عەرزە کە مزگەوتی قوبایە، وە کاتێ حەزرەت لە سەفەری کۆچدا گەیشتە ئەوێ بناغەی کرد وە لە پاشا لەم نزیکانەدا بەنی عەمری بەنی عەوف تەواویان کرد، ئەوە شیاوە بۆ ئەوە کە تۆ تیایا راوەستی و نوێژی تێدا بکەی بۆ خودای تەعالا.

﴿فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُوا ۚ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُطَّهِّرِينَ ﴿١٠٨﴾﴾

لەو مزگەوتەدا هەیە چەن پیاوێکی موسوڵمانی ساغی وا کە حەز ئەکەن خۆیان پاك بکەنەوە لە گوناه و تاوانباری و لە رەزائیلی نەفس و لە بێدەسنوێژی و لەشپیسی، وە خودا پیاوانی وای زۆر خۆش ئەوێ، لێیان رازی ئەبێ و نزیکیان ئەخاتەوە لە خۆی بە تەوفیقدانیان بۆ تەزکیەی نەفس و تاعەتکردنی مەقبووڵ.

www.iqra.ahlamontada.com

ریوایەت کراوە: کاتێ ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە پێغەمبەرﷺ ڕۆیشت لەگەڵ کۆمەڵێ لە موهاجیرین و ئەنسار ـ خودایان لێ رازی بێ ـ هەتا راوەستا لە دەرگای مزگەوتی قوبادا تەماشای کرد گەلێ لە ئەنسار لەویا دانیشتوون، وە حەزرەتﷺ فەرمووی: ئایا ئێوە خاوەن ئیمانن؟ ئەوان بێدەنگ بوون، وە حەزرەت دووجارەی کردەوە، جا عومەر فەرمووی: بەڵێ خاوەن ئیمانن و منیش لەگەڵ ئەوانام. جا حەزرەت فەرمووی: ئایا رازین بە قەزای خودا؟ وتیان: بەڵێ، فەرمووی: سەبریش ئەکەن لەسەر بەڵا؟ وتیان: بەڵێ، فەرمووی: شوکری خودایش ئەکەن لەسەر نیعمەت و خۆشی؟ وتیان: بەڵێ، جا فەرمووی: قەسەم بە خودای کەعبە ئێوە خاوەن ئیمانن، دوای ئەوە دانیشت و فەرمووی: ئەی کۆمەڵەی ئەنسار خودا مەدح و سەنای ئێوەی کردووە، ئێوە چی ئەکەن لە کاتی تارەت گرتن و دەسنوێژا؟ عەرزیان کرد: ئێمە پاش دانیشتن لەسەر جێگە قەزای حاجەت بە سێ بەرد خۆمان پاك ئەکەینەوە جا بە شوێنی ئەو بەردانەدا بە ئاو خۆمان دائەشۆرین و خۆمان پاك ئەکەینەوە، جا حەزرەتﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿فيه رجال يحبون أن يتطهروا...﴾

لەم بەیانەوە دەرکەوت کە ئەو مزگەوتە مزگەوتی قوبا بووە، کاتێ حەزرەت لە سەفەری هیجرەتدا لەوێدا دابەزی بناغەی ئەو مزگەوتەی دانا و لەو ماوەدا کە لە قوبادا بوو نوێژی تیا کرد، لە رۆژی دووشەممەوە تا رۆژی جومعە و جومعەی تێدا کرد و لە پاشان بەنوو عەوف تەواویان کرد و حەزرەتﷺ ڕۆیشت نوێژی تێدا کرد، وە بازێ فەرموویانە: مەبەست لە: ﴿لمسجد أسس على التقوى﴾ مزگەوتی مەدینەی مونەووەرەیە بەڵام ئەم بیرە لەگەڵ ئەم رووداوەدا رێك ناکەوێ.

جا حەزرەتﷺ مالیکی کوڕی «دخشم» و مەعنی کوڕی عەدی و عامیری کوڕی «السکن» و وەحشی بانگ کرد و فەرمووی: بڕۆن بۆ لای ئەو مزگەوتە کە

www.iqra.ahlamontada.com

ئەهلەکەی ستەمکارە و نابارن بیڕووخێنن و بیسووتێنن ئەوانیش رۆیشتن وێرانیان کرد و سووتاندیان و شوێنەکەیان کرد بە شوێنی خەوش و خاڵ و پیسایی ناوچەکە.

﴿أَفَمَنْ أَسَّسَ بُنْيَـٰنَهُۥ عَلَىٰ تَقْوَىٰ مِنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنٍ خَيْرٌ أَم مَّنْ أَسَّسَ بُنْيَـٰنَهُۥ عَلَىٰ شَفَا جُرُفٍ هَارٍ فَٱنْهَارَ بِهِۦ فِى نَارِ جَهَنَّمَ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿١٠٩﴾﴾

ئایا کەسێ بناغەی دینی خۆی دامەزراندبێ لەسەر تەقوا و ترس لە خودای تەعالا وەکوو یەکێ وایە کە بینای خۆی دانابێ لەسەر قەراخی کەناوێکی وا ئاوی لافاو دڕیبێتی و نزیك بێ لەوەوە بڕووخێ و فیعلەن ئەو بینایە بڕووخێ و بەو کەسەوە بۆ ناو ئاگری دۆزەخ؟ وە وەڵامی ئەم پرسیارە ئیستینکارییە ئەمەیە ئەڵێین: حاشا ئەم دوو کەسە خاوەن بینایە وەکوو یەك نین.

ئـەویان بـیناکەی وا دامــەزراوە — هـەرگیز نـاڕووخێ تـا دنیا مـاوە
ئەمیان بە بایێ زوو بەرباد ئەبێ — شـوێنی نـامێنێ بـە رووی دنـیاوە

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خودای تەعالا بە شێوەی تەمسیل تەشبیهی هەیئەتی ئەهلی ئیمان و ئیخلاس و موجاهیدانی «في سبيل الله»ی کردووە بە هەیئەتی پیاوێ و بینایێ بە مادەی ئەستوور و یاسای میعماری هۆشیار دروست کرا بێ لەسەر شوێنێکی ساغی سەختی پایەدار. وە تەشبیهی هەیئەتی ئینسانی مونافقی دوودڵ و دووڕووی بێ ئیمان و خۆنەگرتوو لە کاتی نەهاتیدا و ناسوپاس و لە کاتی هاتیدا بە هەیئەتی کەسێ بینایێ بکاتەوە لەسەر قەراخی کەناوێکی رووخەکی ئاوداماڵیو کە خەریك بێ لە خۆیەوە هەرەس ببا و بڕووخێ بە رووی چەمەکەدا چ جای ئەوە کە بوومەلەرزەیێ لێی بدا.

www.iqra.ahlamontada.com

وە سیری راستی ئەم تەمسیلە ئەوەیە کە بەشی یەکەم بە دڵ دامەزراو و خاوەن ئیمان و جێگەی میهرەبانی خودان، وە بەشی دووەم ناپیاو و دانەمەزراو و ستەمکارن و خودایش هەرگیز ستەمکار شارەزا ناکا بۆ مەبەستی باش و ئەنجامی پیرۆز هەتا هەتایە، بۆیە خودای تەعالا ئەفەرموێت:

﴿ لَا يَزَالُ بُنْيَـٰنُهُمُ ٱلَّذِى بَنَوْا۟ رِيبَةً فِى قُلُوبِهِمْ إِلَّآ أَن تَقَطَّعَ قُلُوبُهُمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١١٠﴾ ﴾

واتە بە دەوام ئەو بینای مزگەوتەدرۆیینە کە ئەوان دروستیان کرد هەر گرێ و ژانە لە دڵیانا مەگەر دڵەکانیان پارچە پارچە بکرێ و خاوەنەکانیان بمرن، وە خودای تەعالا زانایە بە هەموو راز و نیازێ و خاوەن حیکمەتە لە هەموو کارێکدا.

**فەرموودەی خودا:** ﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱشْتَرَىٰ ...﴾ **الآیة.**

ریوایەت کراوە لە موحەممەدی کوڕی کەعبی قەرەزییەوە، ئەڵێ: کاتێ کە ئەنسارە مەدینەییەکان لە شەوی عەقەبەی دووهەما بەیعەتیان بە حەزرەت کرد کە ئەوانیش حەفتا پیاو بوون لەگەڵ دوو ژنا عەبدوڵڵای کوڕی رەواحە وتی: یا رەسوولەڵڵا چی بڕیار ئەدەی بۆ خودا لە سەرمان؟ فەرمووی: بڕیاری ئەوە ئەدەم عیبادەتی بۆ بکەن و هاوڕێی بۆ قەرار نەدەن. عەرزی کرد: ئەی چی بۆ خۆت بڕیار ئەدەی؟ فەرمووی: ئەوە بڕیار ئەدەم کە مەنعی ئەو زیانانەم لێ بکەن کە لە خۆتانی مەنع ئەکەن. وتی: ئەگەر ئەمانەمان کرد دەسکەوتمان چی ئەبێ؟ فەرمووی: دەسکەوتی ئێوە بەهەشتە. ئەوانیش وتیان: بە خودا مامەڵەیەکی بەسوود و پیرۆزە و قەت لێی پەشیمان نابینەوە. جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

بە گوێرەی ئەم ریوایەتە ئەبێ ئەم ئایەتە مەککەیی بێ. وە بازێ فەرموویانە: خودا کە باسی حاڵی موونافقەکان و زەعیفەکانی کرد باسی موسوڵمانە دین دامەزراوەکان ئەکا و جیهادەکەیان وەکوو موعامەلە وایە و قازانجەکەیان رەزای خودا و بەهەشتی نەبڕاوەیە. جا ئەفەرموێت:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱشْتَرَىٰ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلْجَنَّةَ ۚ يُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ ۖ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ وَٱلْقُرْءَانِ ۚ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِ ۚ فَٱسْتَبْشِرُوا۟ بِبَيْعِكُمُ ٱلَّذِى بَايَعْتُم بِهِۦ ۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١١١﴾﴾

واتە: خودای تەعالا کڕیویەتی لە خاوەن ئیمانەکان گیانیان و داراییان بە مامەڵەی سەلەم کە لە کاتی تایبەتی دیاریکراوا بەهەشتی بەرزی بەرێزیان پێ بدا. وە تەسلیمی «رأس المال»ی نەختی موسوڵمانەکان بە خودای تەعالا بەوەیە کە لە رێگەی خودادا جیهاد بکەن وە کافرەکان بکوژن و کافرەکان بیانکوژن، وە هەرکەسێ لەوان ئەو پەیمان و بڕیاری تەسلیمی «رأس المال»ە بەجێ بێنێ با خۆش موژدە بن بەو مامەڵەیە کە کردوویانە و ئەنجامی ئەم مامەڵە گەیشتنە بە بەهەشتی جاویدانی و رەزامەندی خودای سەمیع وعەلیم. وە ئەم مامەڵەیە بڕیاردراوە لە کتێبی عوهوودی قەدیمەدا وەکوو تەورات و ئینجیل و قورئانی پیرۆز. وە خاوەن کار خودایە کە فەرمانی لە هەموو شوێنێکدا رەوایە.

جا خودای تەعالا بۆ بەیانی نیشانەی ئەو موسوڵمانانە کە ئەو مامەڵەیان لەگەڵ خوادا کردووە فەرمووی:

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ٱلتَّـٰٓئِبُونَ﴾

ئەو کەسانە کە پەشیمان بوونەتەوە لە کوفر و تاوانباری.

﴿ٱلْعَـٰبِدُونَ﴾

ئەوانە کە عیبادەتی خودا ئەکەن بە ئیخلاس.

﴿ٱلْحَـٰمِدُونَ﴾

سوپاسی نیعمەتی خودا ئەکەن.

﴿ٱلسَّـٰٓئِحُونَ﴾

ئەوانە کە بەڕۆژوون، وە یا ئەوانەن کە ئەڕۆن بە بیابان و سارای دوورا بۆ غەزاکردن لەگەڵ کافرانا، وە یا بۆ وەرگرتنی دەرسی عولوومی دینییە.

﴿ٱلرَّٰكِعُونَ ٱلسَّـٰجِدُونَ﴾

ئەوانە کە بە دامەزرانی دڵ و لەشەوە لە نوێژەکانا روکووع و سەجدە ئەبەن.

﴿ٱلْأَمِرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَٱلنَّاهُونَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ﴾

ئەوانەن کە ئەمر ئەکەن بە هەر شتێ ناسراو و قەبووڵ کراو بێ لە دینا لە واجبات و موستەحەببات و نەهی ئەکەن لە هەرچی نەناسراو بێ لە دینا لە حەرام و مەکرووە.

﴿وَٱلْحَـٰفِظُونَ لِحُدُودِ ٱللَّهِ﴾

وە حودوودی خودا ئەپارێزن و یاسای دین رائەگرن بە نەفس و ماڵ وە بە هەموو وەسیلەیەکی شەرعی.

بزانن! هەڵئەگرێ مەبەست لە حودوود حەدی قەتڵ و زینا و دزی و بوهتان و شەرابخواردن بێ، واتە سەعی ئەکەن بۆ بەجێهێنانیان لەسەر موستەحەق. وە هەڵئەگرێ مەبەست لە حودوود هەموو ئەحکامی دین بێ.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَبَشِّرِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١١٢﴾﴾

وە موژدە بدە بەو موسوڵمانانە کە ئەم سیفەتە بەرزانەیان بێ بە بەهەشت.

**فەرموودەی خودا : ﴿مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ ...﴾ الآیة.**

ریوایەت کراوە لە سەعیدی کوڕی موسەییەبەوە ئەویش لە باوکیەوە ئەڵێ: کاتێ ئەبووتالیب لە مردن نزیك بووەوە حەزرەت ﷺ ڕۆیشتە لای فەرمووی: «قل لا إله إلا الله أحاج لك بها عند الله» وە لەو کاتەدا ئەبووجەهل و عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوئومەییە لە لای حازر بوون و پێیان وت: ئایا لائەدەی لە دینی باوك و باپیری خۆت؟ وە گەلێ قسەیان لەگەڵا کرد هەتا ئاخر قسەی ئەوە بوو وتی «أنا علی ملة عبدالمطلب». جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: «لأستغفرن لك ما لم أنهَ عنك». جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە، وە ئەم باسە دەلیلە لەسەر ئەوە کە ئەم ئایەتەیش مەککی بێ و خودا دەربارەی ئەبووتالیب نازڵی کرد: ﴿إنك لا تهدي من أحببت و لكن الله يهدي من يشاء﴾.[1]

وە ریوایەت کراوە لە عەلییەوە ﵁ ئەڵێ: ئیخباری حەزرەتم ﷺ کرد بە مردنی ئەبووتالیب، جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: بیشۆرە و کەفنی بکە و دای بپۆشە خودا لێی خۆش بێ. ئەویش ئەوانەی جێبەجێ کرد، وە حەزرەت ﷺ چەن ڕۆژێ ئیستیغفاری بۆ کرد و لە ماڵ دەرنەچوو هەتا ئەم ئایەتە نازڵ بوو فەرمووی:

﴿مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن يَسْتَغْفِرُواْ لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوٓاْ أُوْلِي قُرْبَىٰ مِنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَٰبُ ٱلْجَحِيمِ ﴿١١٣﴾﴾

١. القصص: ٥٦.

www.iqra.ahlamontada.com

ڕەوا نەبووە و نییە بۆ پێغەمبەر و بۆ ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە و لەسەر یاسای دین ئەڕۆن، ئەمە کە داوای لێخۆشبوون بکەن لە خودای تەعالا بۆ کافرە موشریکەکان هەرچەن لەوانە بن کە خاوەن پەیوەندی خزمایەتی و نزیکی ڕشتەن مادام دەرکەوت بۆیان ئەو کافرانە لە ئەهلی دۆزەخن.

کەوابێ دروست نییە ئینسان دوعا بکا بۆ کەسێ لەسەر کوفر مردبێ، وە بۆ زیندوویێ کە مەعلووم بێ لەسەر کوفر ئەبڕێتەوە، وەکوو ئیبلیس و ئەو کافرانە خودا ئیخباری کردووین کە بە کافری ئەمرن، وەکوو خودا فەرمووی بە حەزرەتی نووح: ﴿إنه لن يؤمن من قومك إلا من قد آمن﴾[1] وە فەرمووی بە حەزرەتی موحەممەد ﷺ: ﴿سواء عليهم أأنذرتهم أم لم تنذرهم لا يؤمنون﴾[2] بەڵام دروستە دوعا بکەی بە هیدایەت بۆ کافری زیندوو مادام مەعلووم نەبێ کە بە کافری ئەمرێ.

﴿وَمَا كَانَ ٱسْتِغْفَارُ إِبْرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ إِلَّا عَن مَّوْعِدَةٍ وَعَدَهَآ إِيَّاهُ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُۥٓ أَنَّهُۥ عَدُوٌّ لِّلَّهِ تَبَرَّأَ مِنْهُ ۚ إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ لَأَوَّٰهٌ حَلِيمٌ (١١٤)﴾

وە ئەو داوای عەفوو چاوپۆشی لە تاوانە کە حەزرەتی ئیبراهیم عليه السلام کردی بۆ «ئازەر»ی باوکی، نەبوو ئیللا لەسەر وەفا بە وەعدەیێ کە دابووی پێی وەکوو خودای تەعالا گێڕاویەتەوە بە جوملەی ﴿سأستغفر لك ربي﴾[3] وە لە پێش ئەوەیشا بووە کە بۆ ئیبراهیم دەربکەوێ کە ئازەری باوکی بە کافری ئەمرێ، کاتێك کە بۆی دەرکەوت ئازەر کافرێکی ئەنجام شەڕە، حەزرەتی ئیبراهیم یەخەی لێ هەڵتەکاند و ئیعلانی

١. هود؛ ٣٦.

٢. البقرة؛ ٦.

٣. مريم؛ ٤٧.

www.iqra.ahlamontada.com

دوورکەوتنەوەی لێ کرد؛ چونکی ئیبراهیم ئینسانێکی زۆر دڵ نەرم و میهرەبان و خاوەن حیلم و حەوسەڵەیە.

﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوْمًۢا بَعْدَ إِذْ هَدَىٰهُمْ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿١١٥﴾﴾

وە ئەو کەسانە لە پێش ئیعلانی ئەم ئایەتەدا دوعای خێریان کردووە بۆ باوك و دایك و خزمانیان لە کافران ئەوە بەو دوعا و داوای لێ خۆش‌بوونە گوناهبار نەبوون؛ چونکی نەیان‌زانیوە حەرامە، وە خودای تەعالا لەوانە نییە کە نیسبەتی گومڕاهی و خەتاباری بدا لە قەومێ پاش ئەوە کە هیدایەتی دان بۆ دینی ئیسلام و موسوڵمان بوون هەتا بەیان ئەکا بۆیان لە چی خۆیان بپارێزن، واتە چی حەرامە و چی حەڵاڵە، جا لە پاش بەیانەکە هەرکەسێ لە یاسای بەیانی خودا دەربچێ ئەوە بە گومڕا ئەناسرێ.

بە کورتی: ئەو موسوڵمانانە کە لە پێش ئەم بەیانەدا داوای لێ خۆش‌بوونیان بۆ مردووە کافراکانیان کردووە تاوانبار نەبوون و بە گومڕا ناناسرێن؛ چونکە [بە راستی خودا] بە هەموو شتێ ئەزانێ، بەڵام عیبادی خودا هەموو شتێ نازانن پێویستیان بە حاڵیکردن هەیە.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ يُحْىِۦ وَيُمِيتُ ۚ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴿١١٦﴾﴾

ئەی ئادەمیزاد بە راستی هەر بۆ خودای تەعالایە سەرداریی هەموو کائیناتی بەرز و نزم، ئەوە زیندوو ئەکاتەوە و ئەمرێنێ و ئێوە بێجگە لە خودا گەورە و یارمەتیدەرتان نییە. کە وابێ پێویستە بە دڵ و گیان ئامادە بن بۆ فەرمانی پەروەردگاری خۆتان و ئیتاعەی بکەن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿لَقَد تَّابَ ٱللَّهُ عَلَى ٱلنَّبِيِّ وَٱلْمُهَـٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ فِي سَاعَةِ ٱلْعُسْرَةِ مِنۢ بَعْدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٍ مِّنْهُمْ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ إِنَّهُۥ بِهِمْ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١١٧﴾﴾

**موفەسیرەکان لەم ئایەتەدا دوو شتیان فەرموەوە:**

یەکەم: ئەم ئایەتە هاتووەتە خوارەوە بۆ رەزامەندی و بەیانی لوتف و مەحەببەتی خودا دەربارەی حەزرەت ﷺ و کۆمەڵی موهاجیرین و ئەنسار لەبەر ئەو ئیهتیمامە نیشانیان دا بە جیهاد و سەفەری تەبوك لەو کاتەدا کە عالەم ماندوو بوو لە جەنگکردن. واتە: خودای تەعالا بە راستی گەڕایەوە بە رژاندنی بارانی ئیحسان و میهرەبانی بەسەر پێغەمبەرا ﷺ وە بەسەر ئەسحابە موهاجیرەکانا و بەسەر ئەسحابە ئەنسارەکانا ئەوانە کە تابیعی حەزرەت بوون و لەو کاتی بێ ئاسایشییەدا و لەو ساتی ناوەختییەدا پاش ئەوە کە نزیك بوو دڵی تاقمێ لەوان لا بدا لە رێگەی پەیڕەوی، وە پاش ئەوە هەم رژاندنی بارانی رەحمەتی خۆی دووبارە کردەوە بۆ سەریان لەسەر ئەو ئیقدامە کە سوپای بێ دەستی بێ نان و ئاوی بێ چەك و سوپای دەورەدراوە بە مونافق و نامەرد لە دوژمن نەترسان وە وێنەی فیدایی ئەو سارا و بیابانە گەرمە بێ ئاوەیان گرتە بەر بۆ ئیتاعەی فەرمانی خودا و بەرزکردنەوەی کەلیمەی تەوحید. ئیتر ئەم زاتانە عەلاقەیان نەما بە تاوانباری و عیتابی باری تەعالاوە ئەوەندە لە حوزووری خودادا خۆیان پێش‌خست.

دووهەم: بازێ فەرموویانە: ئەم ئایەتە لەسەر یاسای ئایەتی [(٢)ی] سوورەتی «فەتح»ە کە خودا فەرموویەتی: ﴿لیغفر لك اللّٰه ما تقدم من ذنبك و ما تأخر﴾ واتە لەسەر ئەم رووداوی تەبوکە لەو کاتە نەهاتەدا گەلێ لە ئەسحابەکان: موهاجیر و ئەنسار

www.iqra.ahlamontada.com

دڵیان کەوتە پەرێشانییەوە لەسەر یاسای ئادەمیزاد و نزیك بوو کە بازێکیان بە جارێ دڵیان لابدا لە بەجێهێنانی ئەو جیهادە گەورە لەو کاتەدا، بەڵام لەبەر ئەوە کە هێزی ئیمانی دامەزراو هێرشی هێنایە سەریان تەوەکول بە خودا دڵی پڕکردن لە رووناکی و روویان کردە فیداکاری و رۆیشتن بۆ ئەو جیهادە موقەدەسە. خودای تەعالا لە بارەی ئەو وردە خەیاڵاتەوە ئەوانی عەفو کرد و، ئەو دەرەجە بەرزە کە بڕیار دراوە بۆ پێغەمبەر ﷺ وە بۆ یارانی بە تەواوی هەمووی لە لایەنی خوداوە جێبەجێ کرا.

وە هەر وەکوو خودا تەوبەی قەبووڵ کرد و رەحمەتی رژاند بەسەر ئەوانا هەروا تەوبەی قەبووڵ کرد و رەحمەتی رژاند بەسەر ئەو سێ کەسە موسوڵمانە پاشکەوتووەدا وەکوو ئەفەرموێت:

﴿وَعَلَى ٱلثَّلَٰثَةِ ٱلَّذِينَ خُلِّفُواْ حَتَّىٰٓ إِذَا ضَاقَتۡ عَلَيۡهِمُ ٱلۡأَرۡضُ بِمَا رَحُبَتۡ وَضَاقَتۡ عَلَيۡهِمۡ أَنفُسُهُمۡ وَظَنُّوٓاْ أَن لَّا مَلۡجَأَ مِنَ ٱللَّهِ إِلَّآ إِلَيۡهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيۡهِمۡ لِيَتُوبُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ١١٨﴾

واتە تەوبەی داباراند بەسەر ئەو سێ کەسەدا کە پاشخران بە ئارەزووی نەفس هەتا وایان لێهات کە ئەم عەرزەیان لەسەر تەنگ بوو بەو هەموو گوشادییەوە کە هەیەتی وە نەفسی خۆیان لەسەر تەنگ بوو (واتە گیانیان لێ بوو بە بار)، وە باوەڕی راستیان هاتە سەر ئەوە کە پەنا نییە لە قاری خودای تەعالا بە راکردن نەبێ بۆ لای خودا خۆی؛ جا خودا لەسەر عینایەتی میهرەبانانەی خۆی ئیلهامی کردن کە دەرگای عەفو لەسەر پشتە بێنەوە تەوبە بکەن، وە ئەوانیش بەو فەیزە قودسییەوە روویان کردە قاپی کەرەمی خودا و تەوبەیان کرد لەو تاوانانە کە بە سەریانا هاتبوو، بە راستی خودای تەعالا تەوبە قەبووڵکەرە بۆ داوای عەفوکەران و میهرەبانە بۆ ئەوانە پەنای پێ ئەهێنن.

www.iqra.ahlamontada.com

ئیمامی بوخاری رحمه الله ریوایەتی کردووە لە کەعبی کوڕی مالیکەوە رضي الله عنه فەرموویە: پاش نەکەوتم لە هیچ غەزایەکدا لە حەزرەت ﷺ لە غەزای «بەدر»دا نەبێ، هەتا کاتی غەزای تەبووك کە ئاخر غەزایێ بوو حەزرەت بەجێی هێنا و بانگەوازی کرد بە ناو خەڵکدا بۆ بارکردن و سوار بوون بۆ تەبووك، وە حیکایەتەکەی بە تەواوی گێڕایەوە وە لە پاشان خودا تەوبەی ئێمەی نازڵ کرد بە ئایاتی: ﴿لقد تاب الله علی النبي...﴾ تا ئاخری دوو ئایەت هەتا: ﴿ان الله هو التواب الرحیم﴾ فەرمووی: ئایەتی.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ ١١٩﴾

هەر لە ئێمەدا نازڵ بوو واتە: ئەی کەسانێ ئیمانتان هێناوە بە دینی ئیسلام لە خودا بترسن بۆ ئەدای هەموو واجباتێ و تەرکی هەموو حەرامێ بکەن و لەگەڵ راستانا بن.

وە بەسەرهاتی کەعبی کوڕی مالیك، وەکوو بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە، ئەمەیە:

کەعب ئەڵێ: من قەت لەو کاتە بەهێزتر و بە دەستەڵاتتر نەبووم کە لە غەزای تەبووك دواکەوتم، وام بۆ رێ ئەکەوت هەرچەند خۆم ئەهاوردە سەر ئامادەبوون بۆ ئەو سەفەرە بۆم رێ نەئەکەوت، بەڵام لە دڵی خۆما ئەموت: قەی ناکا هەر سەعاتێ ئارەزووم کرد رێئەکەوم، هەتا حەزرەت ﷺ رێکەوت و لە مەدینە دوورکەوتەوە، ئەمجار قەسدم کرد سواربم و بڕۆم بە شوێنیا و بۆم رێنەکەوت، پاش ئەوە هەرچەن لە ماڵی خۆم ئەهاتمە دەرەوە لە مونافق و دووڕوو بەولاوە کەسم نەدەبینی، وە من بەم وەزعە زۆر پەرێشان ئەبووم کە بۆچی وام بە خۆم کرد. وەلحاسڵ بەو جۆرە مامەوە هەتا بیستم وا حەزرەت لەگەڵ سوپای خۆیا هاتەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

کە حەزرەت گەیشتە بەرەوە قەرارم دا کە بڕۆم بە راستی قسەی لەگەڵدا بکەم، وە فیعلەن رۆیشتم بۆ خزمەتی و دانیشتم و سەلامم لێ کرد، وەکوو ئینسانێکی عاجز زەردەخەنەیەکی کرد و فەرمووی: بۆچی پاش‌کەوتی لە سەفەرەکەت تۆ ئەسبابت ئامادە بوون؟ منیش عەرزم کرد: ئەگەر لە خزمەتی تۆدا نەبوومایە بە عوزر و بەهانە و بە درۆ خۆم رزگار ئەکرد، بەڵام بە خودا! لەگەڵتا درۆ ناکەم: من هەموو ئەسبابێکم ئامادە بوو، هیچ عوزرم نەبوو، بەڵام موقەدەر وا هات کە بەشم لەم سەفەرەدا نەبوو! حەزرەت ﷺ فەرمووی: ئەمە راست ئەکا، دەی هەستە برۆ هەتا بزانین خودا چی ئەفەرموێت؟

جا لە مەجلیسەکە هەستام و کۆمەڵێ لە «بني سلمة» کەوتنە شوێنم لۆمەیان ئەکردم کە بۆچی عوزرت نەهاوردەوە؟ منیش پێم وتن: ئایا کەسی‌تر هەیە وەکوو من بە راستی قسەیان کردبێ لە خزمەتی حەزرەتا؟ وتیان: بەڵێ «مەرارەی کوڕی رەبیع» و «هیلالی کوڕی ئومەییە» کە ئەوانیش موسوڵمانی ساغ و حازری غەزای بەدر بووبوون.

جا حەزرەت ئەسحابەکانی مەنع کرد لەوە قسە بکەن لەگەڵ ئەم سێ کەسەدا، وە خەڵکی هەموو تەرکیان کردین بە جۆرێ دنیامان لێ تاریك و تەنگ بوو، بەڵام من بۆ هەموو نوێژێ ئەڕۆیشتم لە مزگەوتا نوێژم ئەکرد و بە بازاڕا ئەگەڕام، بەڵام کەس قسەی لەگەڵدا نەدەکردم و ئەڕۆیشتم بۆ مەجلیسی حەزرەت ﷺ و سەلامم ئەکرد، بەڵام لە دڵی خۆما ئەموت: جوابی سەلامەکەمی داوەتەوە یا نە؟

وە جار بە جار لە نزیکی حەزرەتا نوێژم ئەکرد کاتێ رووم ئەکردە سوجدەگاکەم ئەو بە لاچاو بۆی ئەڕوانیم وە کاتێ من بە لاچاو بۆ ئەوم ئەڕوانی ئەو ئیتر ئیعرازی لێ ئەنام و لەسەر ئەم حاڵە بە دڵتەنگی و زویرییەوە دەوامم کرد.

www.iqra.ahlamontada.com

ڕۆژی لە ڕۆژان لە بازاڕا ئەسووڕامەوە تەماشا ئەکەم کابرایێ لە عەرەبی «انباط» نزیکی شام پرسیاری من ئەکا هەتا دۆزیمیەوە، هات نامەیەکی پێدام، بۆم هاتبوو لە لای پاشای غەسانەوە، کە تەماشام کرد تیایا نووسراوە: بیستوومانە موحەممەد لە تۆ عاجزە و تۆ پیاوێکی خاوەن قەدری لە لای ئێمە، هەتا زووترە بێ بۆ لامان ئێمە موساعەدەت ئەکەین.

منیش وتم موبارەك نەبێ! ئەمەیش بەلاّ و میحنەتێکی‌ترە. هاتمەوە ماڵەوە نامەکەم خستە ناو تەنوور و سووتانم.

ئەم وەزعە دەوامی کرد هەتا چل ڕۆژی بەسەرا چوو، جا تەماشام کرد یەکێ لە لایەنی حەزرەتەوە هات وتی پێم: پێغەمبەر ئەمرت پێ ئەکا کە لە ژنەکەت دوور کەویتەوە، وە منیش ژنەکەم ناردەوە بۆ ماڵی باوکی هەتا دە ڕۆژ بەسەر چل ڕۆژەکەدا چوو، لە پاش نوێژی سبەینێ لەسەر بانێ دانیشتبووم زیکری خودام ئەکرد بە دڵتەنگییەوە، دەنگی شەخسێکم بیست بانگی ئەکرد: ئەی کەعبی کوڕی مالیك موژدەت لێ بێ! جا سوجدەی سوپاسی خودام برد و حاڵی بووم کە خودا میهرەبانی کردووە، وە حەزرەتﷺ لەپاش نوێژی بەیانی ئەو ڕۆژە ئیعلانی ئەوەی کردووە کە خودا تەوبەی ئێمەی قەبووڵ کردووە (واتە هەر سێ کەسەکەمان).

جا خەڵکی ئەهاتن موژدەیان پێ ئەدایین، وە کاتێ ئەو کەسە کە موژدەی هێنا هات پێم‌گەیشت بەرگەکەی خۆم داکەند و لە موژدەدا پێم دا و بەرگێکم خواست کردمە بەرم و ڕۆیشتم بۆ خزمەتی حەزرەتﷺ و ڕەفیقان کۆمەڵ کۆمەڵ پێم ئەگەیشتن و موبارەکباییان لێ ئەکردم، وە چوومە مزگەوت و حەزرەت دانیشتبوو و خەڵك لە دەوریا بوون و تەلحەی کوڕی «عُبیداللّه» بە پەلە هات بۆ لام و تەوقەی لەگەڵ کردم، لەو زیاتر لە موهاجیرەکان کەس هەڵنەسا و ئەم مەحەبەتەی تەلحە فەرامۆش ناکەم.

www.iqra.ahlamontada.com

جا کاتێ سەلامم کرد لە حەزرەت ﷺ رووی موبارەکی لە جوانیدا بەرقی ئەدا و فەرمووی: موژدە بێ لە تۆ ئیمڕۆ باشتر رۆژێکە لە ژیانی تۆدا کە بەسەر تۆدا هاتووە! منیش عەرزم کرد: لە لایەنی تۆوە یا لە لایەنی خوداوە؟ فەرمووی: لە لایەنی خوداوە. جا عەزرم کرد: ئەی پێغەمبەری خودا لە تەواوکردنی تەوبەکەمە کە لە هەموو دارایی خۆم دەسبەردار بم بۆ موسوڵمانان! فەرمووی: نە، بازێ لە ماڵەکەت بێڵەرەوە بۆ خۆت باشترە. منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا راستی منی نەجات دا وە لە تەواوی تەوبەکەمە هەتا ماوم بە راستی قسە بکەم. جا ئەم ئایەتانە هاتبوونە خوارەوە. ﴿لقد تاب اللّٰه على النبي ... الآيات﴾ هەتا: ﴿وكونوا مع الصادقين﴾ مەعنای وایە ئینسان گیرۆدەی هەر شتێ ببێ هەر بە رووی راستی بدوێ خودا رزگاری ئەکات.

| | |
|---|---|
| نـاوچاوی راسـتان نـووری خـودایـە | بـۆ شـەوی تـاریك وێـنەی چـرایـە |
| راسـتی لە دڵدا داری بـە بـەرە | بـەرەکەی واتـەی راسـتی بـەشەرە |
| یـانی قـسەی راست لە دڵی راسـە | کـردەوەی چـاکیش بـۆ خـودانـاسە |
| راست گەیشت بە راست «نور على نور» | ئـەبن بـە مـایەی دڵشـادی و سـروور |
| هـەر لەبـەر راستی مـەردی رۆشـن دڵ | چـار ئـەکا هـەزار مـەینەت و موشکوڵ |
| ﴿فـنجيناه مـن الغـم﴾ بـبين | ﴿وكـذلك نـنجي المـؤمنين﴾ |
| جـا دەخـیلتان بـم هـەتاکوو مـاون | سـەرتان لە قـاپی راسـتان بـساون |
| ئـایاتی قـورئان بـخوێنن بـە حـەق | ئـەزانـن سـیدقە رزگـاری مـوتڵەق |
| راستی بـە حـەدیس رێـگەی بەهەشتە | تـۆشەی غـەریبی رێـی دەرو دەشـتە |
| مـایەی ئـیعتیبار بـانگی عـالەمە | تـاجی شـەرەفی سـەری ئـادەمە |
| دین: نـەسیحەتە و راستییە و ئیخلاس | بۆ خـودا و کـیتاب ئـەمجار لە بۆ نـاس |
| یـەکەم نـاس بـڵێ (رسـول اللّٰـه)یە | دووەم سـەرداری بـە پـایە و مـایە |
| سـێهەم بـۆ گـشتی، بـەلام بـزانـە | وردبـەرەوە لەو ئـینسانانە |

www.iqra.ahlamontada.com

ئــەوەی خــزمەتی خــزمەتی حــەقە | خــزمەتی ئــەوە فــەردی مــوتڵەقە
ئەمجار هـەرکەسێ بـە مـیزانـی خـۆی | خــزمەتی بــکە وا شــیاوە بــۆی
ژیـن بـۆ راستییەو راسـتی بـۆ خـزمەت | خـزمەت کـلیلە بـۆ قـاپی رەحـمەت
ئــەمەیە دەرســی تــەفسیری قــورئان | راسـتی ئـەساسە بـۆ بـەرزی ئـینسان

﴿ مَا كَانَ لِأَهْلِ ٱلْمَدِينَةِ وَمَنْ حَوْلَهُم مِّنَ ٱلْأَعْرَابِ أَن يَتَخَلَّفُوا۟ عَن رَّسُولِ ٱللَّهِ وَلَا يَرْغَبُوا۟ بِأَنفُسِهِمْ عَن نَّفْسِهِۦ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ لَا يُصِيبُهُمْ ظَمَأٌ وَلَا نَصَبٌ وَلَا مَخْمَصَةٌ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَطَـُٔونَ مَوْطِئًا يَغِيظُ ٱلْكُفَّارَ وَلَا يَنَالُونَ مِنْ عَدُوٍّ نَّيْلًا إِلَّا كُتِبَ لَهُم بِهِۦ عَمَلٌ صَٰلِحٌ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُحْسِنِينَ (١٢٠) ﴾

جا پاش باسی دواکەوتوان خودا عیتاب لە دواکەوتوان ئەگرێ و تەرغیبی موسوڵمانان ئەکا کە لەمەولا حازر و ئامادە بن بۆ ئەوە لەگەڵ حەزرەتا بن لە هەموو جەنگێکدا و لە هەموو سەفەر و هات و نەهاتێکدا، وە ئەفەرموێت: رەوا و شایستە نەبوو بۆ ئەهلی شاری مەدینە و بۆ ئەو کەسانە وان بە دەوری ئەوانا لە ئەعراب کە پاش بکەون لە هاوڕێیی حەزرەتی موحەممەد ﷺ وە رەوا نەبوو بۆیان کە ئیعراز بنێن و لابدەن لە هاوڕێیی پێغەمبەر ﷺ بە هۆی خۆشەویستی نەفسی خۆیانەوە وە لەو پایە گەورە و لەو ئەجرە زیادە و لەو شەرافەتە خۆیان نائومێد و بێبەش بکەن؛ چونکی هەرکەس لەگەڵ ئەوا بێ تووشی هیچ توونێتی یا برسێتی یا ماندوێتی نابن لە رێگەی خودادا و هەنگاو نانێن بەسەر جێگە هەنگاوێکی وادا کە کافرەکان بخاتە قارەوە، وە لە دوژمنەکانەوە گیرۆدەی کارەساتێکی نابار نابن وەکوو کوشتن یا بە دیل چوون یا ماڵ بە تالان رۆیشتن، ئیللا لە لایەنی خوداوە بۆیان ئەنووسرێ بە

www.iqra.ahlamontada.com

جەزای کردەوەیەکی باش لەبەر ئەوە کە بە راستی خودا پاداش و ئەجری خاوەن ئیحسانەکان زایە ناکا، جا زۆر جێگەی ئەسەفە کە ئادەمی ئەم هەموو پیرۆزی و بەختیارییە بە دەستی خۆی بەرباد بکا.

﴿وَلَا يُنفِقُونَ نَفَقَةً صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً وَلَا يَقْطَعُونَ وَادِيًا إِلَّا كُتِبَ لَهُمْ لِيَجْزِيَهُمُ ٱللَّهُ أَحْسَنَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٢١﴾﴾

وە ئەو کەسانە کە لەگەڵ حەزرەتا بوون قەتماڵێك خەرج ناکەن لە رێگەی خودادا، کەم بێ یا زۆر، وەکوو ئەوە کە عوسمانی کوڕی عەفان و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف سەرفیان کرد لە سوپای «جیش العسرة»دا وە هیچ شیو و دۆڵێ نابڕن بە پیادا رۆیشتن ئیللا نووسراوە بۆیان و لە نامەی کردەوەدا نووسراوە بۆ ئەوە کە خودا جەزایان بداتەوە بە یاسای جەزای باشترین کارێ ئەوان کردوویانە. واتە تەماشای کردەوەکانیان ئەکرێ کامیان زۆر زۆر جوان و بە نرخە خودای تەعالا لەسەر میزانی ئەوە جەزایان ئەداتەوە. وەلحاسڵ هەموو کردەوەکان ئەنووسین بە باش کردەوە.

﴿وَمَا كَانَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا۟ كَآفَّةً﴾

وە هەر وەکوو رەوا نەبوو بۆ موسوڵمانان کە پاش بکەون لە سەفەری غەزادا لە حەزرەت، وەها رەوا نییە کە هەموویشیان دەربچن.

﴿فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا۟ فِى ٱلدِّينِ﴾

ئەوە بۆ دەرناچێ لە هەموو فیرقەیێ لەوان تاقمێ تایبەتی بۆ ئەوە کە فێری ئەحکامی دین بین بە جیددی بە هەموو جۆرێ؟

﴿وَلِيُنذِرُوا۟ قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوٓا۟ إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ ﴿١٢٢﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە با بڕۆنەوە بۆ لای قەومە هاوزمانەکەی خۆیان وە ئینزاریان بکەن و بیان‌ترسێنن لە سزای خودا بۆ سەر جاهیلان و عالمانی عەمەل‌نەکەر بەڵکوو ئەوانیش بترسن لەو سزایە و دەسبەرداری خراپە ببن و روو بکەن لە بیر و باوەڕی باش و کردەوەی چاك.

ئیبنوئەبی‌حاتەم ریوایەت ئەکا لە عەبدوڵڵای کوڕی عوبەیدی کوڕی عومەیرەوە ئەڵێ: موسوڵمانەکان ئەوەندە حیرسیان پەیدا کرد لەسەر جیهاد کاتێ حەزرەت ﷺ سریەیەکی بناردایە بۆ شوێنێ بە جارێ هەموو ئەسحابەکان دەرئەچوون و حەزرەتیان بەجێ ئەهێشت، لە ناو کەمێ لە رەفیقانا، جا خودا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد بۆ ئەوە کە بازێکیش هەمیشە لەگەڵ حەزرەتا حازر بن بۆ ئەوە لە ئەحکامی دین ئاگادار ببن و حاڵی ببن پاش ئەوە بیگەیەنن بە قەومی خۆیان. لەم ئایەتە وەرئەگیرێ کە دەرس‌وەرگرتن بۆ دین واجبێکی موقەددەسی ئیسلامە وەکوو جیهاد شان بە شان ئەرۆن، بەڵکوو لە جیهاد گرنگترە؛ چونکی عیلم خزمەت ئەکا بە تەنویری دڵ بۆ وەرگرتنی ئەحکام، وە یەکێ لەو ئەحکامانە جیهادە.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ ٱلْكُفَّارِ وَلْيَجِدُواْ فِيكُمْ غِلْظَةً ۚ وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿١٢٣﴾﴾

واتە، ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە جەنگ بکەن لەگەڵ ئەوانەدا کە لە نیشتمانا نزیکن پێتان لە کافرەکان و با هەمیشە توندی و زبریتان تێدا ببینن هەتا هەیبەت و هێزتان تیشکی خۆی بخاتە ناو دڵیانەوە، وە بە یەقین بزانن کە بە راستی خودا وا لەگەڵ ئەوانەدا کە لە خودا ئەترسن و خۆیان ئەپارێزن لە بێ‌ئەمری خودا.

ئەم ئایەتە وارید بووە بۆ ئەوە کە موسوڵمانەکان دەوام بکەن لەسەر جەنگ لەگەڵ دوژمنەکانا، وە لە پێش هەموو شتێکا دەوور و بەری خۆیان پاك بکەنەوە لە جوولەکە و گاور و کافرە موشریکەکان لە «جزیرة العرب» دا ئەمجار بە قەی توانا جەنگ

www.iqra.ahlamontada.com

بکەن لەگەڵ دوژمنی خۆرهەڵاتی و دوژمنی خۆرنشینیدا کە لەو کاتەدا ئامادە بوون بۆ ئەوە زیان لە میللەتی ئیسلام بدەن، وە بە تایبەتی ئەوانە کە دەستەویەخەن لەگەڵتانا.

﴿وَإِذَا مَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ فَمِنْهُم مَّن يَقُولُ أَيُّكُمْ زَادَتْهُ هَٰذِهِۦٓ إِيمَٰنًا ۚ﴾

وە کاتێ کە سوورەتێ لە قورئان یا پارچەیێ لە ئایەتی قورئان نازڵ ئەکرێ بۆ خوارەوە بازێ لە موناففەکان ئەڵێ بە بازێکیان: کامتان ئەم سوورەتە بوو بەهۆی زیادی ئیمانی؟ وە تەبعەن ئەمەیش بە شێوەی گاڵتە ئەڵێن؛ چونکی مونافق ئیمانی نییە هەتا ئایاتی مونزەلە ئیمانەکەی زیاد بکا.

﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فَزَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَهُمْ يَسْتَبْشِرُونَ ﴿١٢٤﴾﴾

جا ئەو کەسانە کە ئیمانیان هەیە، بەو سوورەتە ئیمانیان زیاد ئەبێ؛ چونکی ئەو حوکمە یا ئەو باسە لەو ئایەتەدا نازڵ بووە لە پێشا نەیانزانیوە وە لە پاش نوزوول ئیمانیان پێ پەیدا کردووە، وە ئەگەر هەر لە مەوزووعاتی پێشووی موسوڵمانی باس بکا ئەبێ بە هۆی هێزی باوەڕەکەیان بەو مەوزووعە و ئیمانیان قەبووڵی زیادە ئەکا. بە هەر حاڵ ئیمانیان زیاد ئەبێ بە هۆی ئەوانەوە کە نازڵ ئەبن.

﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَتْهُمْ رِجْسًا إِلَىٰ رِجْسِهِمْ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ كَٰفِرُونَ ﴿١٢٥﴾﴾

وە ئەو مونافقانەیش کە نەخۆشی کوفر و نیفاق وا لە دڵیانا ئەوە هاتنەخوارەوەی ئەو سوورەتە نەخۆشین زیاد ئەکا و عەلاوەی نەخۆشینە پێشووەکەی ئەکا، وە بەو شێوە ئەمرن بە حاڵی کوفرەوە ـ پەنا بە خودا ـ.

﴿أَوَلَا يَرَوْنَ أَنَّهُمْ يُفْتَنُونَ فِى كُلِّ عَامٍ مَّرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ ثُمَّ لَا يَتُوبُونَ وَلَا هُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴿١٢٦﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

عەجەبا! بۆچی ئەمانە لە بەسەرهاتی خۆیان عیبرەت ناگرن و پەند پەزیر نابن. ئایا نابینن و تەماشا ناکەن ئەوەتە پێغەمبەری خوداﷺ هاتووەتە مەدینەی مونەووەرە و هەر ساڵێ جارێ بۆ بازێکیان و دوو جار بۆ بازێ‌تریان گیرۆدە ئەبن، وە ئەو فیتنە بریتییە لە رسوا بوون و ئابڕوو چوون بە دەرکەوتنی نیفاقیان، وە یا بە قاتی و گرانی وە یا بە ناساغی و مردن کەچی پاش ئەم هەموو مەینەتە نە تەوبە ئەکەن لە تاوانەکانیان بە ئیمان هێنانێکی ساغ ـ ئەگەر لەوانەبێ ئیمان بێنن ـ وە نە بیر ئەکەنەوە لە کارەساتی جیهانا وە لە مێژووی رابوردوانا کە خودا ویستی گەلێ بەرز بکاتەوە ئیتر فڕو فێڵ لەگەڵ ئەو گەلەدا بێ سوودە؟!

﴿وَإِذَا مَآ أُنزِلَتۡ سُورَةٌ نَّظَرَ بَعۡضُهُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٍ هَلۡ يَرَىٰكُم مِّنۡ أَحَدٖ ثُمَّ ٱنصَرَفُواْۚ صَرَفَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُم بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَفۡقَهُونَ ﴿١٢٧﴾﴾

وە کاتێ کە سوورەتێ نازڵ بکرێ لە لایەنی خوداوە وە ئەو کافرە مونافقانە لە مەجلیسی حەزرەتاﷺ حازربن بازێکیان ئەڕوانن بۆ بازێکیان بە شێوەی گاڵتە و غەمزەوە وە ئەڵێن: ئایا کەس هەیە لەم مەجلیسەدا و کەس ئێوە ئەبینێ ئەگەر لەم شوێنە هەستن؟ جا ئەگەر کەس بوو ئەوە لەو شوێنەدا ئەمێننەوە بۆ ئەوە نەڵێن ئەمانە کافرن و حەز لە هاتنەخوارەوەی ئایەت ناکەن، وە ئەگەر دەوری حەزرەت چۆڵ بێ ئەوە ئیتر دەرئەچن و ئەڕۆنە دەرەوە لەبەر ئەوە زۆر دڵیان تەنگ ئەبێ لە باسی قورئان و ئەحکامی ئیسلام. جا خودای تەعالا بە یاسای دوعای شەڕ ئەفەرموێ: خودا دڵیان هەڵچەرخێنێ لە دەرکی شتی بە سوود، وە هەر لە دەریای نەفامیدا پێ‌مەلە بکەن، وە ئەم وەزعەیشیان لەبەر ئەوەیە کە ئەو مونافقانە قەومێکن فامی حەقایق ناکەن و سوود و زیانی خۆیان جیاناکەنەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

جا خودای تەعالا بە شێوەی ئامۆژگاری روو ئەکاتە عەرەبەکان و بە ئوسلوبی حەکیم ئەفەرموێت:

﴿لَقَدْ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢٨﴾﴾

ئەی حازرانی رۆژ بە راستی هاتووە بۆ لای ئێوە لە لایەنی خوداوە پێغەمبەرێکی رەهبەری وا کە دارای چەن سیفەتی وایە یەکە یەکە ئەو سیفەتانە بۆ ئەوە ئەشێن ببن بە داعی بۆ ئیمان پێهێنانی چ جای ئەوە کە هەموو بکەونە یەك!

یەکەم: لە عونسوری خۆتانە و کاتێ رەهبەر لە عونسوری ئەو چینە بوو حەق وایە زۆر خۆشیان بوێ؛ چونکی وجوودی ئەوە نابێ بە هۆی فەزلی قەومێکی بێگانە لە سەریان.

دووەم: زۆر نابار و ناهەموارە لەسەر دڵی ئەو کە ئێوە بفەوتێن و بەم شێوە لە عالەمی نادانی و بێ سامانی و بێ ئیمانیدا بمێننەوە، وە پێغەمبەرێ ئەوەندە دڵسۆز بێ حەق وایە ئینسان بۆ ئەو پێغەمبەرە ببێ بە فیدایی.

سێهەم: زۆر خاوەن رەغبەت و جیددییەتە لەسەر هیدایەت و شارەزایی ئێوە، وە کەسێ نییە بە بێ موبالاتانە دەعوەت بکا بەڵکوو ئەوەندە خۆی ماندوو ئەکا پێتانەوە کە لەوانەیە خودا بەزەیی بێتەوە پیایا بۆیە پێی فەرموو: ﴿فلعلك باخع نفسك على آثارهم إن لم يؤمنوا بهذا الحديث أسفا﴾[1].

چوارەم: دارای میهرەبانی و فەیزبەخشی و نوور پەخشانییە بەسەر موسوڵمانانا و لە باوکیان میهرەبانترە.

---

١. الکهف؛ ٦.

www.iqra.ahlamontada.com

جا ئەمجار روو ئەکاتە حەزرەت ﷺ و ئەفەرمویّت پێی:

﴿فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُلْ حَسْبِيَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ ١٢٩﴾

جا ئەگەر ئەو کافرانە، مونافق و غەیرە مونافق، پشتیان لە ئیتاعەی تۆ هەڵکرد و موسوڵمان نەبوون وە یاخود پشتیان هەڵکرد لە ئارامی و داوای جەنگیان کرد ئەوە تۆ بەو وەزعە دڵت تێك‌نەچێ و لەسەر بانگ‌کردنی عالەم دەوام بکە و بڵێ: ئەو خودایە کە منی دروست کرد لە نەبوون و لە نەزانی ئەحکامەوە کردمی بە رەهنموون و لە بێ‌دەستی و بێ‌هێزیەوە کردمی بە خاوەن سوپای فیدایی لە موهاجیرین و ئەنسار و غەیری ئەوان، هەر ئەوە بەسە بۆ من بۆ یارمەتیدانم لە تەواوکردنی موهیممەی خۆمدا و لە چارەی دوژمنەکانما و لە چاودێریما بۆ خۆم و پەیڕەوانم و هەر لەسەر ئەو ئیعتیماد ئەکەم وە هەر پاڵ بە پەنای ئەوەوە ئەدەم، کەس شیاو نییە بۆ پەناداری و عیبادەت بۆ کردن و بۆ پەروەردگاری ئەو نەبێ، لەسەر ئەو تەوەکول ئەبەستم و ئەو پەروەردگاری عەرشی گەورەیە.

www.iqra.ahlamontada.com

## سووره‌تی یوونس، مه‌ککه‌ییه‌، "١٠٩" ئایه‌ته‌

ریوایه‌ت کراوه‌: ئه‌م سووره‌ته‌ مه‌ککییه‌، ئایاتی چل و، نه‌وه‌د و چوار و نه‌وه‌د و پێنج و نه‌وه‌د و شه‌شی نه‌بێ، ئه‌مانه‌ مه‌ده‌نین، وه‌ ئایه‌ته‌کانی، سه‌د و نۆ ئایه‌تن و پاش سووره‌تی ئیسراء نازڵ بوون.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿الٓر ۚ تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ٱلْحَكِيمِ ١﴾

مه‌عنای ﴿الر﴾ حه‌واڵه‌ی عیلمی زاتی خودایه‌، واته‌: ئه‌م ئایه‌تانه‌ که‌ دێنه‌ خواره‌وه‌ له‌م سووره‌ته‌دا ئایاتی کتێبێکی خاوه‌ن قیمه‌ت و دامه‌زراو و نه‌فه‌وتاون.

﴿أَكَانَ لِلنَّاسِ عَجَبًا أَنْ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰ رَجُلٍ مِّنْهُمْ أَنْ أَنذِرِ ٱلنَّاسَ وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَنَّ لَهُمْ قَدَمَ صِدْقٍ عِندَ رَبِّهِمْ ۗ قَالَ ٱلْكَٰفِرُونَ إِنَّ هَٰذَا لَسَٰحِرٌ مُّبِينٌ ٢﴾

ریوایه‌ت کراوه‌ له‌ ئیبنوعه‌باسه‌وه‌ رضي الله عنهما: کاتێ که‌ خودا حه‌زره‌تی موحه‌ممه‌دی ﷺ کرد به‌ پێغه‌مبه‌ر و ره‌وانه‌ی کرد، عه‌ره‌ب ئینکاری پێغه‌مبه‌رایه‌تی ئه‌ویان کرد و وتیان: خودا گه‌وره‌تره‌ له‌وه‌ فرستاده‌ی خۆی بکا به‌ ئاده‌میزاد، جا خودا ئه‌م ئایه‌ته‌ی نارد،

www.iqra.ahlamontada.com

هەروا ﴿وما أرسلنا من قبلك إلا رجالاً نوحي إليهم﴾ی ناردە خوارەوە لە [ئایەتی ٤٣] سوورەتی «نەحل»دا. وە کاتێ خودا زۆر دەلیلی نازڵ کرد لەسەر ئەوە ئادەمیزاد ئەبن بە رەهبەر ئەو جارە وتیان: دەی مادام پێغەمبەر لە ئادەمیزاد بێ ئەوە غەیری موحەممەد شیاوترە بۆ رەوانە کردن، وەکوو وەلیدی کوڕی موغەیرە لە مەککەدا و، مەسعوودی کوڕی عەمری سەقەفی لە تائیفدا، جا خودای تەعالا ئەو ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿لولا نزل هذا القرآن على رجل من القريتين عظيم (٣١) أهم يقسمون رحمة ربك؟..﴾[1] جا ئەفەرموێت: ئایا ئەوە کە ئێمە وەحی بکەین بۆ لای پیاوێ لە خۆیان کە ئادەمیزادان بترسێنە لە نافەرمانی ئێمە و لە پاداشی ناسازی پاشەڕۆژ بە شتێکی عەجیب و هۆی سەرسوڕمانی ئەزانن، ئەی نەیانبیستووە لە کاتێکەوە ئێمە کورەی عەرزمان ئاوەدان کردووەتەوە بە ئادەمیزاد هەر لە ئادەمیزاد رەهبەرمان ناردووە بۆ لایان، وە ئەی پێغەمبەر تۆ موبالات مەکە بەمانە کە سەریان سوڕئەمێنێ لە ناردنی رەهبەری ئادەمی بۆ لای ئادەمی وە موژدە بدە بەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە: کە دامەزراوییەکی ساغیان هەیە لە لای خودای خۆیان و پایە و شانێکی باشیان هەیە[2] وە بە قەتعی چاوی دڵتان نەڕوانێ بۆ ئەو کافرانە کە عەقڵ و هۆشیان وا لە لای چاو و گوێیان و تەوانایی خودایان فەرامۆش کردووە، وە هەر لەبەر ئەوە کە موحەممەد ﷺ خاوەن رەوشت و خووی بەرزە و کەلامێکیان بەسەردا ئەخوێنێتەوە کە ناتوانن وێنەی بڵێن و تا ئێستە وێنەیان نەبیستووە ئەڵێن بە راستی ئەم موحەممەدە جادووگەرێکی ئاشکرایە.

---

١. الزخرف؛ ٣٢ ـ ٣١.

٢. ئینسانێکی دامەزراو کاتێ لە جێگەی تەختا باش رائەوەستێ ئەڵێن «قدم الصدق»ی هەیە، جا ئەمە بووە بە کینایە لە پایە و شان.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ۖ يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ ۖ مَا مِن شَفِيعٍ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ إِذْنِهِۦ ۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُ ۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٣﴾﴾

به راستی پەروەردگاری ئێوە خودایەکە کە ناوی بەرزی ئەو ئەڵڵایە و ئەو خودایە ئاسمانەکان و عەرزی دروستکردووە لە ماوەی شەش ڕۆژا، وە پاش ئەوە بزانن کە خودا عەرشی داگیر کردووە و حاڵ و شێوەی خودا وایە کە ئوموورات و ئەوزاعی جیهان ئیدارە ئەکا و ڕێکیان ئەخا بە ئەمری ئیبداعی و ئیجادی خۆی بە بێ ئەوەی کە کەسێ پەیوەندی ببێ بە شێوەی تەئسیرکردن بەو تەسەڕوفاتەوە، وە هەرچی پێویست بێ لە خەلق و ئیجادی هەر شتێکدا هەمووی بە شێوەی ڕابوردنی عادەت و یاسای خودایە کە ئەسباب و موسەبەباتی داناوە. وە لە جەزادانەوەی هەموو کردەوەیەکدا بۆ هەرکەسێ هیچ کەس نییە تکا بکا بۆ لابردنی تۆڵەیێ یا سووککردنی یا زیاد کردنی پایەیێ ئیللا لە پاش ئیزن و ئیجازەی خودا، ئا ئەم زاتەیە ـ کە ئەم کردەوە و شوئووناتەی بەیان کرا ـ خودای ئێوە، دەی هەر عیبادەت و بەندەگی بۆ ئەو بکەن و لەم ڕێگە لامەدەن، ئایا پاش ئەم هەمووە بەیاناتە بیر ناکەنەوە بە کەم بیرکردنەوەیێ هەتا بزانن هەر ئەو «واجب الوجود»ە و هەر ئەو پەروەردگارە و هەر ئەو شیاوە بۆ ئەوە عیبادەتی بۆ بکرێ.

**لەم ئایەتە گەورەدا چەن باس هەیە:**

یەکەم: ئەم ئایەتە دەلیلە لەسەر ئەوەی لە ئایەتی پێشوودا دەرکەوت کە وەحی ناردنی خودایە بۆ ئینسانێ لە ناو ئینسانانا، واتە خودایێ کە بتوانێ ئەم ئاسمان و عەرزە دروست بکا و خۆی تەوانا بێ بەسەر هەموو شتێکدا و کەس مەجالی

www.iqra.ahlamontada.com

تکای نەبێ بۆ کەس هەتا ئیزنی خۆی نەبێ ئەو خودایە ئەم جیهانەی بە بێ سوود دروست نەکردووە و نیزامی دین و پرسیاری پاشەڕۆژی قەرار داوە و ئەو یاسایە پێویستیە بە رەهبەر، وە ئەو رەهبەرەیش ئەگەر هەر لە ئینسانەکان نەبێ تەمێ و تەربییە بە ئاسانی جێبەجێ نابێ کە وابێ شتێکی زۆر شیرینە هەر لە نەفسی ئەم ئادەمیزادانە خودا یەکێ رەوانە بکا بۆ تەعلیماتی ئەحکامی خۆی وە ئەگەر ئەو کەسە لە نەفسی نەژادی ئەوانیش بێ جوانترە.

دووهەم: ئەمەیە لە پێش دروستکردنی ئاسمان و عەرزا مانگ و رۆژ نەبووە، دەی ئەبێ ئەو شەش رۆژە کە خودا بڕیاری داوە بۆ خەلقی ئاسمانەکان و عەرز ئەبێ یا مەبەست ئەندازەی ئەو شەش رۆژە بێ، کە خۆی زانایە پێی، وە یا ئەبێ ئەو رۆژانە رۆژی ئەم جیهانی ئێمە نەبێ بەڵکوو لەو رۆژانە بێ کە خۆی فەرموویەتی: ﴿وإن يوماً عند ربك كألف سنة مما تعدون﴾[1] بەم پێیە ئەبێ چلۆنیەتی ئەو دروستکردنی ئاسمان و عەرزە لەو ماوەدا حەواڵەی عیلمی زاتی خودای تەعالا بکرێ ئەگەرنا کەس بە تەفسیلی ئەوە نازانێ.

سێهەم: خودای تەعالا هەرچەن کە تەوانایە هەر شتێ خواستی لەسەر بوونی ببێ بە فەوری دروستی بکا بەلاّم یاسای تەدریج و تەرتیبی کردووە بە عادەتی خۆی ئەگەرنا خەلق و ئیجادی هەر شتێ بۆ خودا ئاسانە و رابوردنی ماوەی زەمانی پێ ناوێ.

چوارەم: جوملەی ﴿ثم استوى على العرش﴾ و هاو وێنەی ئەو لە لای بازێ لە زانا گەورەکان لە ئایەتی «مُتشابه»ەیە و نابێ زاهیرەکەی موراد بێ ئەگەرنا ئەگەر دامەزرانی لەسەر عەرش لەبەر ئەوە بێ کە پێویستی بە مەکان ببێ ئەوە ئەبێ بە هۆی چەن رەخنە:

---

١. الحج؛ ٤٧.

www.iqra.ahlamontada.com

١. ئیسباتی ئیحتیاجە بۆ خودا بە مەکان.

٢. ئەمەیە ئەبێ خالیق ئەجزای مەحدوودە بێ بە قەی جێگەکەی یا کەمتر لەو جێگە.

٣. یا ئەبێ عەرش قەدیم بێ لەگەڵ زاتی خودادا، وە یا ئەبێ لە پێش خەلقی عەرشا خودا بێ‌جێگە بووبێ، وە ئەمانە هەموویان ئیعتیباریان بۆ زاتی باری مەحاڵە.

جا مادام زاهیرەکەی موراد نەبوو یا ئەبێ وەکوو «سەلەف» ـ پێشینانی زانایانی دین ـ ئیمانیان پێ بێنین و مەعناکەیان حەواڵەی عیلمی خودا بکەین، وە یا ئەبێ وەکوو «خەلەف» تەئویلیان بکەین بە تەئویلی موناسب، مەسەلا بڵێین: مەبەست لە «ئیستیوا لەسەر عەرش» دەربڕینی تەوانایی و زاڵبوونە بەسەر هەموو کائیناتا: چونکی چوونە سەر تەخت مانای سەڵتەنەتی «فوق العادە»یە.

وە لە لای بازێ لە زاناکان وەکوو ئیمامی غەزالی‌ﷺ ئەمانە لە ئایاتی موتەشابیهە نین؛ چونکی ئەم نەوعە کەلامانە لە عورفدا ئیستیعمال ئەکرێن بۆ ئەو مەعنا مەجازییانە کە فام ئەکرێن لێیان بە قەرینەی حاڵ و مەقام، ئیتر ناوترێ ئەمانە لە موتەشابیهاتن بەڵکوو موتەشابیهات عیبارەتن لە «فواتح السور» وەکوو «الم، المر، الر»و وێنەی ئەوانە. وە وەکوو ئەو ئایەتانەی دەلالەت لەسەر ئەو مەعنایانە ئەکەن کە هەر خودا خۆی ئەیانزانێ، وەکوو عومری دنیا و، هاتنی رۆژی قیامەت و، سەرەتای خەلقی عالەم و، ژمارەی مەوجوودات و، ئەستێرەکانی جیهان.

**پێنجەم:** تەدبیری خودا بۆ ئومموورات مەعنای حەسری تەئسیرە لە زاتی خۆیا وە حەسری عیلم و تەوانایی رەسایە لە زاتی خۆیا، وە مانیع نییە لەوە کە ئومموورات دابمەزرێنێ لەسەر یاسای ئەسباب و موسەبەبات وەکوو فەرموویەتی: ﴿و آتیناه من کل شيء سبباً ﴿٨٤﴾ فأتبع سبباً ﴿٨٥﴾﴾[1]، وە هەر وەکوو فریشتەکانی کردووە بە مەئموور

---

١. الکهف: ٨٥ ـ ٨٤

www.iqra.ahlamontada.com

لەسەر پاراستنی ئەشیا، وەکوو لە قورئانا بە تایبەتی لە سوورەتی «مورسەلات» و «نازیعات»دا بەیانی کردووە وە وەکوو یاسای تەربییەتکردنی کشتوکاڵ و پەیدابوونی دارایی و ئیدارەی فەرمانڕەوایی و سوپا ڕێخستن و غەیری ئەمانە لە جیهانا.

﴿إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا وَعْدَ اللَّهِ حَقًّا إِنَّهُ يَبْدَؤُا الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ لِيَجْزِيَ الَّذِينَ ءَامَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ بِالْقِسْطِ وَالَّذِينَ كَفَرُوا لَهُمْ شَرَابٌ مِّنْ حَمِيمٍ وَعَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْفُرُونَ ﴿٤﴾﴾

هەر بۆ لای ئەو خودایە ئەبێ گەڕانەوەتان لە ڕۆژی قیامەتا بە شێوەی گشتی، [وادە و بەڵێنی خودا حەقە و ڕاستە]؛ چونکی ئەو خودایە دەستی کردووە بە دروستکردنی ئێوە و پێشینانی ئێوە و دەست ئەکا بە دروستکردنی نەتەوەی ئێوە لەو مادە کە خۆی ئامادەی کردووە وە لە پاش ئەوە کە قەوارە و هەیکەڵی فەوتاندن دووبارە دروستتان ئەکاتەوە بۆ ئەوە کە ئەو کەسانە ئیمانیان هێناوە بە خودا و پێغەمبەری خودا و، کردەوەی باشیان کردووە جەزایان بداتەوە بە سوورەتی عەداڵەت و ڕاستکاری، وە ئەو کەسانەیش کافر بوون بە خودا و پێغەمبەری خودا، هەیە بۆیان خواردنەوەیێ لە ئاوێکی گەرم و سزایەکی ئێشگەیێن بە هۆی ئەوەوە کە کوفری خودایان کردووە و دەیکەن.

﴿هُوَ الَّذِي جَعَلَ الشَّمْسَ ضِيَاءً وَالْقَمَرَ نُورًا وَقَدَّرَهُ مَنَازِلَ لِتَعْلَمُوا عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ مَا خَلَقَ اللَّهُ ذَٰلِكَ إِلَّا بِالْحَقِّ يُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٥﴾﴾

خودا ئەو خاوەن قودرەتەیە کە ڕۆژی کردووە بە خاوەنی ڕووناکی زاتی (خۆبەخۆ)، وە مانگی کردووە بە خاوەن ڕووناکی لە ڕۆژەوە، وە هەر کام لەم ڕۆژ و مانگەی

www.iqra.ahlamontada.com

کردووە بە خاوەنی چەن جێگە و شوێنی تایبەتی بۆ دەرکەوتنیان لە هەموو شەو و ڕۆژێکدا بۆ ئەوە کە بە هۆی ئەمانەوە شەو و ڕۆژ و حەفتە و مانگ و ساڵ و بەهار و هاوین و پایز و زستان و حیساباتی کات و مەوسیم بێتە جێگە، هەتا ئێوە رایان بگرن وە ژمارەی ساڵانی خۆتان و میزانی کار و کاسبی و حسێبی خۆتان بزانن، وە هۆی ژیانتان بە یاسایەکی رێك بۆ رێ بکەوێ، خودای تەعالا ئەمانەی دروست نەکردووە لەگەڵ حیکمەت و راساڵیدا نەبێ، وە خودا ئایاتی خۆی بە تەفسیل نازڵ ئەکا بۆ ئێوە لە هەموو بابەتێکەوە بۆ ئەو قەومە کە ئاگادارن و زانان و سوود وەرئەگرن لە ئایاتی خودا.

﴿ إِنَّ فِي ٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَمَا خَلَقَ ٱللَّهُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَّقُونَ ﴿٦﴾ ﴾

بە راستی هەیە لە بەدوای‌یەکهاتنی شەو و رۆژا و لە گۆڕانیان و جیاوازییان لەیەك لە کورتی و درێژیدا، وە لەوەدا کە خودا دروستی کردوون لە ئاسمانەکانا و لە عەرزا لە ئەستێرەی هەزاران جۆر و هەزاران شێوە وە لە فریشتە و لە مەوجاتی ئاوی دەریا و لە کشانەوەیدا و لە کان و گیا و گیانلەبەران و لەو دەرمان و خەواسەدا کە لەم شتانەدا هەیە، چەن نیشانەیەکی گەورە و دیاری بۆ قەومێ کە لە خودا ئەترسن و لە رووی ئیعتیبارەوە بیر لەم شتانە ئەکەنەوە.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يَرۡجُونَ لِقَآءَنَا وَرَضُواْ بِٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَٱطۡمَأَنُّواْ بِهَا وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَنۡ ءَايَٰتِنَا غَٰفِلُونَ ﴿٧﴾ أُوْلَٰٓئِكَ مَأۡوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴿٨﴾ ﴾

بە راستی ئەو کەسانە کە چاوەڕێیی گەیشتن بە ئێمە ناکەن، واتە باوەڕیان بە خودا و بە یاسای دین و پاشەڕۆژ و زیندووبوونەوەی موکەللەفەکان و پرسیار لێ

www.iqra.ahlamontada.com

کردنیان نییە، وە ئەو کەسانە کە رازی بوون بەم ژیانی دنیایە و دڵیان دامەزراوە لەسەری و بە رۆح و گیان خزمەتی ئەکەن و ئەو کەسانە کە لە ئایاتی وەعد و وەعیدی ئێمە بێ ئاگان لەبەر ئەوە رۆچوون بە ئارەزووی خۆیانا ئەمانە هەموو لە ئەنجاما ماوایان ئاگرە بە هۆی ئەوەوە کە ئەیکەن و دەوامی لەسەر ئەکەن لە کردەوەی نابارو نارەوا.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ يَهْدِيهِمْ رَبُّهُم بِإِيمَٰنِهِمْ تَجْرِى مِن تَحْتِهِمُ ٱلْأَنْهَٰرُ فِى جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٩﴾ ﴾

بە راستی ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە خودا و پێغەمبەری خودا و کردەوەی باشیان کردووە ئەوە خودای تەعالا بە پیرۆزی ئەو ئیمان و بیر و باوەڕەیانەوە وە بە نووری ئەو کردەوە باشانەیانەوە شارەزایان ئەکا بۆ رێگەی بەختەوەری هەمیشەیی کە بریتییە لە دەرکی حەقایق و بیرکردنەوە لە شتی بە سوود و دوورکەوتنەوە لە تاوان و هاوڕێتی پیاوی باش و ئیتیساف بە فەزایلی ئەخلاق وەکوو خودا فەرموویەتی: ﴿واتقوا اللّٰه و یعلمکم اللّٰه﴾[1] وە وەکوو حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «من عمل بما علم أورثه اللّٰه علم ما لم یعلم» واتە: هەرکەسێ رەفتار بکا بەوە کە ئەیزانێ لە ئادابی ئیسلام ئەوە خودا پێی ئەدا زانستی ئەو شتانە کە وەختی خۆی نەیزانیوە، وە ئەوانە ئەڕۆنە بەهەشتەوە ئەو بەهەشتە کە تاریف کراوە لە لایەنی خوداوە و لە ژێر قەسرەکانیانەوە جۆبار رەوان ئەبێ لە بەهەشتی خاوەن نیعمەتا.

﴿ دَعْوَىٰهُمْ فِيهَا سُبْحَٰنَكَ ٱللَّهُمَّ وَتَحِيَّتُهُمْ فِيهَا سَلَٰمٌ ۚ وَءَاخِرُ دَعْوَىٰهُمْ أَنِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٠﴾ ﴾ ۞

١. البقرة؛ ٢٨٢.

www.iqra.ahlamontada.com

دوعا و پاڕانەوەی ئەو بەهەشتیانە بەم عیبارەتەیە ئەڵێن: ﴿سبحانك اللّٰهم﴾ وە سەلامکردنیان لە ناو خۆیانا بە عیبارەتی ئیسلامانەیە، واتە بە جوملەی «السلام علیکم» وە یا سەلامی فریشتەکان لەوان بە جوملەی: ﴿سلام علیکم طبتم فادخلوها خالدین﴾[1] ئەبێ، وە ئاخر کەلامیان کە تەقدیمی ئەکەن. ئەمەیە ئەڵێن: ﴿الحمد للّٰه الذي صدقنا وعده و أورثنا الأرض نتبوأ من الجنة حیث نشاء﴾.[2]

لە کەرەمی خودای میهرەبان داوا ئەکەین کە ئێمەیش لە ریزی ئەم موسوڵمانانەدا قەرار بدا بە خاتری خۆشەویستی خۆی کە حەزرەتی «محمد المصطفی و شفیع المذنبین»ە.

﴿وَلَوْ يُعَجِّلُ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ ٱلشَّرَّ ٱسْتِعْجَالَهُم بِٱلْخَيْرِ لَقُضِىَ إِلَيْهِمْ أَجَلُهُمْ ۖ فَنَذَرُ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا فِى طُغْيَـٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿١١﴾﴾

ئەگەر خودای تەعالا بە پەلە بەڵا و مەینەت و موسیبەتی بناردایە بۆ سەر ئەوانە کە موستەحەقن بۆی، وەکوو ئەوە خێر و ناز و نیعمەتیان بۆ ئەنێرێ، لەو کاتەدا داوای ئەکەن بە پەلە و تاڵووکە، ئەوە زووبەزوو وادەی ئاکامیان ئەهات بۆیان و حوکم ئەدرا بە سەریانا بە مردن و فەورەن پاش مردنەکەیشیان سزا ئەدران، بەڵام پەلە ناکەین لە ناردنی بەڵا و مەینەتا بۆیان وە ئەو کەسانە ئەهێڵینەوە کە رجای لیقای ئێمەیان نییە لە ناو ئەو توغیان و گومڕاهییەدا با هەر سەرگەردان بمێننەوە.

---

١. الزمر: ٧٣.

٢. الزمر: ٧٤.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ وَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَٰنَ ٱلضُّرُّ دَعَانَا لِجَنۢبِهِۦٓ أَوْ قَاعِدًا أَوْ قَآئِمًا فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُ ضُرَّهُۥ مَرَّ كَأَن لَّمْ يَدْعُنَآ إِلَىٰ ضُرٍّ مَّسَّهُۥ كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلْمُسْرِفِينَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٢﴾ ﴾

واته: ته‌بیعه‌تی ئینسانی کافر وایه کاتێ که به‌ڵا و مه‌ینه‌تێکی پێ بگا له نه‌فسیا یا له ئه‌ولادیا یا له پایه و مایه‌یا ده‌ست ئه‌کا به پاڕانه‌وه لێیان له‌سه‌ر ته‌نیشت وه به دانیشتنه‌وه وه به راوه‌ستانه‌وه. واته له هیچ کاتێکدا ده‌سبه‌ردار نابێ له لاڵه و پاڵه که‌چی کاتێ ئه‌و به‌ڵامانه هه‌ڵگرت له‌سه‌ری رائه‌بووری به ناو خه‌ڵکدا وه له بازاڕ و ده‌را به ده‌ماره‌وه له‌گه‌ڵ فه‌رامۆشکردنی ناوی ئێمه‌دا وه‌کوو هه‌رگیز ئێمه‌ی بانگ نه‌کردبێ بۆ ده‌فعی به‌ڵا و مه‌ینه‌تێ که پێی گه‌یشتبوو، وه به‌م شێوه جوان‌کراوه له کرده‌وه به‌رچاوی ئه‌وانه‌دا که زیاده‌ڕه‌وی ئه‌که‌ن له کار و کرده‌وه و خوو ره‌وشتی خۆیانا.

﴿ وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا ٱلْقُرُونَ مِن قَبْلِكُمْ لَمَّا ظَلَمُوا۟ ۙ وَجَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَمَا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوا۟ ۚ كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْقَوْمَ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿١٣﴾ ﴾

به راستی ئه‌هلی ئه‌و چه‌رخه پێشووه‌کانی پێش ئێوه‌م به فه‌نادا دان له کاتێکدا سته‌میان کرد و له رێگه‌ی راست لایان دا و پێغه‌مبه‌ره‌کانیان هاتن بۆ لایان له‌گه‌ڵ ئایاتی دامه‌زراو و ده‌لیلی به‌هێز و موعجیزاتی دیاریدا، که‌چی له‌گه‌ڵ ئه‌م هه‌مووه هۆی ئیمان‌هێنانیانه‌دا هه‌ر خۆیان ئاماده نه‌کرد بۆ ئیمان وه له‌وانه نه‌بوون که ئیمان بێنن، «کأنه» ئیستیعدادی ئیمانیان نه‌ماوه. جا هه‌ر قه‌ومێ تاوانبار و له رێگه‌لاده‌ر وه ئیستیعدادی زاتی کز کردووبن ئێمه وه‌ها ئه‌یان‌فه‌وتێنین شوێنه‌واریان نه‌مێنێ.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ ثُمَّ جَعَلْنَاكُمْ خَلَائِفَ فِي الْأَرْضِ مِنْ بَعْدِهِمْ لِنَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ ﴿١٤﴾ ﴾

لە پاشان ئێوەمان کرد بە جێگە نشینی ئەوان لە عەرزا لە پاش ئەوان بۆ ئەوە کە تەماشاتان بکەین چی ئەکەن و کردەوەتان چۆن ئەبێ.

**فەرموودەی خودا:** ﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا ...﴾

موجاهید فەرموویەتی: ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە موشریکەکانی مەککەدا، وە موقاتیل ئەڵێ: ئەوانە پێنج کەسن: عەبدوڵڵای کوڕی ئەبووئومەییەی مەخزوومی و، وەلیدی کوڕی موغیرە و «مکرز»ی کوڕی «حفص» و، عەمری کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ئەبووقوبەیسی عامیری و، عاسی کوڕی عامیر. ئەمانە بە حەزرەتیان ﷺ وت: قورئانێکی‌ترمان بۆ بێنە باسی تەرکی عیبادەتی بتەکانی تیا نەبێ، وە یاخود ئەوئایەتانە کە باسی ئەوان بە خراپی ئەکەن بیانگۆڕە. جا خودا ئەفەرموێت:

﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ ۙ قَالَ الَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَاءَنَا ائْتِ بِقُرْآنٍ غَيْرِ هَٰذَا أَوْ بَدِّلْهُ ۚ﴾

کاتێ کە ئایاتی رووناکی ئێمە ئەخوێنرێنەوە بەسەریانا ئەو کەسانە کە رجای ئەوەیان نییە بگەن بە ئێمە (واتە باوەڕیان بە خودا و بە زیندووبوونەوە نیە) ئەڵێن: ئەی موحەممەد قورئانێکی‌ترمان بۆ بێنە، غەیری ئەم قورئانە، کە نەهی نەکا لە عیبادەتی «لات» و «عوزا»، وە یا ئەو ئایەتانە کە دژی بتەکانن بیانگۆڕە بە ئایاتێ کە رێك بکەون لەگەڵیانا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قُلْ مَا يَكُونُ لِيٓ أَنْ أُبَدِّلَهُۥ مِن تِلْقَآيِٕ نَفْسِيٓۖ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّۖ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ بڵێ: بە قەتعی بۆ من نابێ و ناکرێ کە ئایەتێ لەم قورئانە لە خۆمەوە بگۆڕم هەتا خودا ئەمرم پێ نەکا، جا مادام ئایەتێکم پێ نەگۆڕرێ چلۆن مومکین ئەبێ ئەم قورئانە بگۆڕم بە قورئانێکیتر؟ وە من تابیع نابم بەوە نەبێ کە بە وەحی دێ بۆ لام.

﴿إِنِّيٓ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ١٥﴾

من بە راستی ئەترسم ـ ئەگەر نافەرمانی خودای خۆم بکەم ـ لە سزایەکی گەورە لە رۆژێکی گەورەی خاوەن ترس و هەیبەتا.

﴿قُل لَّوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا تَلَوْتُهُۥ عَلَيْكُمْ وَلَآ أَدْرَىٰكُم بِهِۦۖ﴾

تۆ بڵێ ئەی پێغەمبەری نازار: ئەگەر خودا خواستی ببوایە کە من ئەم قورئانەم بۆ نازڵ نەبێ وە یا من نەیخوێنمەوە بەسەرتانا ئەوە من نەمەخوێندەوە بەسەرتانا وە خودایش ئێوەی ئاگادار و زانا نەدەکرد بەم قورئانە.

﴿فَقَدْ لَبِثْتُ فِيكُمْ عُمُرًا مِّن قَبْلِهِۦٓۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ١٦﴾

ئێوە ئەزانن کە من چەن ساڵ لە ژیانی خۆما ـ پێش هاتنی ئەم قورئانە ـ لە ناو ئێوەدا مامەوە و قورئانم نەخوێندەوە بەسەر ئێوەدا؛ چونکی خۆم دارای ئەو وەحیە نەبووم، ئایا ئێوە بیر لەم مەعلووماتە ناکەنەوە؟

﴿فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْمُجْرِمُونَ ١٧﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەوە کێیە ستەمکارتر بێ لەو کەسە کە درۆ هەڵبەستێ لەسەر خودا، واتە بە درۆ بڵێ: خودا وای فەرمووە. یا باوەڕ نەکا بە ئایاتی خودا وە بەرابەر بەوانە عەناد دەربڕێ؟ تەبعەن کەس لەوانە ستەمکارتر نییە؛ چونکی ئەو کەسانە کافرن و لە ژووری کافرەوە کەس نییە. وە ئەوانە بە راستی تاوانبارن و تاوانبارەکان رزگار نابن بە تایبەتی ئەوانە کە عەقڵ بەکار نایەنن و تەنانەت عەناد لەگەڵ حەواسا ئەکەن؛ چونکی ئەو کافرانە ئەیانزانی کە موحەممەدﷺ لە عومری چل ساڵەدا ئیعلانی ریسالەتی خۆی کرد، وە لە پێش ئەو ماوەدا بە قەتعی مەدرەسە و خوێندنگای نەدیوە لە مەککەدا و نەرۆیشتووەتە دەرەوە بۆ خوێندن و شیعری دانەناوە و پەیوەندی لەگەڵ خاوەن زانستەکانا نەبووە، وە پایەی ئەهلی مەککە دیارە و لەو خوتبە و شیعرە مەشهوورانە زیاتر نەبووە. جا لە کوتوپڕا یەکێکی مەشهوور بە ئەمانەت و راستی بێت داوای پێغەمبەرایەتی بکا و لەسەر پێویست کەلامێکی وەها بەرزی بە مەعنای بێتەسەر کە عاقڵان بێنێتە لەرزەوە دیارە ئەوە لە لایەنی خوداوەیە و پێویستە هۆشیاران تابیع ببن بەو کەسە.

﴿وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ﴾

وە لەگەڵ وجوودی ئەم دەعوەتە راستە و ئەم کەلامە راستەدا کە ئێتە خوارەوە بۆ سەریان لەو حەقیقەتە لا ئەدەن وە عیبادەت ئەکەن لە غەیری خودای تەعالا بۆ دار و بەردێ کە بە قەتعی ناتوانن زیانیان پێ بگەیەنن و ناتوانن سوودیان پێ بگەیەنن؛ چونکی ئەو شتانە دار و بەردێکی بە دەست دانراو و دامەزراون و، بە خواستی خۆیان ئەتوانن بیانشکێنن و بیانسووتێنن و، بە مەحزی هەوا ئەم کافرانە ئەڵێن: ئەو بتانە تکاکاری ئیمەن لە لای خودای عالەما.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قُلۡ أَتُنَبِّـُٔونَ ٱللَّهَ بِمَا لَا يَعۡلَمُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ١٨﴾

تۆ ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خودا بفه‌رمووو به‌و کافرانه: ئایا ئێوه قسه‌یێ ئه‌که‌ن بۆ خودای ته‌عالا و ئیخباری خودا ئه‌که‌ن به شتێ که عیلمی ئه‌و ته‌عه‌لوقی نه‌به‌ستووه پێیه‌وه له ئاسمان و زه‌ویدا؟ واته راست نییه و واقیعی نییه، خودا دووره و پاکه له قه‌بووڵ‌کردنی شه‌ریك و هاوڕێ و تکاکار له لای ئه‌وا و پاکه له‌م باسه که ئه‌مانه ده‌ری ئه‌بڕن و باوه‌ڕی پێ ئه‌که‌ن.

﴿وَمَا كَانَ ٱلنَّاسُ إِلَّآ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ فَٱخۡتَلَفُواْۚ وَلَوۡلَا كَلِمَةٞ سَبَقَتۡ مِن رَّبِّكَ لَقُضِيَ بَيۡنَهُمۡ فِيمَا فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ ١٩﴾

واته: ئه‌م ئاده‌میزاده هه‌مووی هیچ نه‌بوو ئیللا یه‌ك ئوممه‌ت و یه‌ك چین بووه له‌سه‌ر فیتره‌ت و غه‌ریزه‌ی پاکی ئینسانی هه‌مووی هاودڵ بوون له‌سه‌ر باوه‌ڕ به خودای تاق‌و ته‌نیا، وه له پاش ئه‌وه که زه‌مانێ رابورد به‌سه‌ریانا و هه‌واو هه‌وه‌س و ئاره‌زووبازی په‌یدا بوو له ناو خۆیانا تێك‌چوون و بازێکیان له‌سه‌ر بیر و باوه‌ڕی راست مانه‌وه و بازێکیان له‌وه لایان دا، وه ئه‌مانه بازێکیان باوه‌ڕیان به هیچ نه‌ما، واته بوون به «معطلة» و، بازێکیان شه‌ریکیان بۆ خودا دانا «مع أنه» هیچ مه‌وجوودێ رایه‌ی به هاوڕێی ئه‌و ناکه‌وێ وه ئه‌گه‌ر وتارێ له لایه‌نی خوداوه رانه‌بوردبوایه بۆ دواخستنی سزا و تۆڵه له‌م گه‌له فاسیده حوکم ئه‌درا به‌سه‌ریانا له مه‌حوکردنه‌وه‌یان له‌سه‌ر ئه‌رزا، وه ئه‌م‌جار حوکم ئه‌درا به‌سه‌ریانا له جه‌زای ئه‌و شته‌دا که ئه‌وان ئیختیلافیان هه‌یه تیایا.

﴿وَيَقُولُونَ لَوۡلَآ أُنزِلَ عَلَيۡهِ ءَايَةٞ مِّن رَّبِّهِۦۖ فَقُلۡ إِنَّمَا ٱلۡغَيۡبُ لِلَّهِ فَٱنتَظِرُوٓاْ إِنِّي مَعَكُم مِّنَ ٱلۡمُنتَظِرِينَ ٢٠﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەو کافرانە ئەڵێن: ئەوە بۆچی نازڵ نەکرا بۆ سەر موحەممەد ئایەتێ لەوانە کە ئێمە داوامان کرد، وەکوو خەزێنەیی لە جەواهیرات یا غەیری ئەوە؟ جا ئەی پێغەمبەری خۆشەویست [پێیان بڵێ:] سیڕی ناردنی بازێ ئایات و نەناردنی بازێ، لەو شتانەیە کە غەیبن و پەنهانن لە ئێمە و ئەم غەیبە خودا ئەیزانێ و بەس.

هەڵئەگرێ سیڕی ئەوە بێ: مادام هەر شتێ ئەوان داوای ئەکەن ئێمە قەبووڵی بکەین ئەوە باوەڕکردنەکەی ئەوان قیمەتی نەمێنێ و ریسالەت وەکوو شتێکی مادی و مەلمووسی لێ بێ. وە یا هەڵئەگرێ ئەگەر ئەم دەرگا بکرێتەوە ئەوەندە داوا زۆر ئەبێ لە لایەنی خەڵکەوە شەو و ڕۆژ بەشی ئەوە ناکا. وە یا ئەوە بێ ئەگەر داوای هەرچی بکرێ خودا بیدا بەو ڕەسوولە و ئەوان تەماشای بکەن ئەوان بکەونە فیتنەی پێغەمبەر پەرستنەوە و لە خودا لادەن. وە یا ئەوە بێ کە خودا وەختی خۆی بڕیاری داوە کە بازێ کەس بۆ بەهەشت و بازێ بۆ دۆزەخ بن، وە ئەگەر ئەم دڵخوازانە هەموو بێنە جێ هەموو ئیمان بێنن وە ئەمەیش موخالەفەی بڕیاری خودایە. وە ئیحتیمالی هەیە ئەگەر ئەو دڵخوازانەی ئەوان بێتە جێ و دڵخوازی کەسی‌تر نەیەتە جێ فیتنە پەیدا ببێ لە ناو خەڵکدا.

جا ئێوە چاوەڕێ بکەن بزانین لە جوابی ئەم داواکراوانەدا چیمان بۆ دێت؟ ئایا ڕەحمەتە وە یاخود موسیبەت و زەحمەت! [منیش لەگەڵ ئێوەدا لە چاوەڕێیان دەبم].

﴿وَإِذَآ أَذَقۡنَا ٱلنَّاسَ رَحۡمَةٗ مِّنۢ بَعۡدِ ضَرَّآءَ مَسَّتۡهُمۡ إِذَا لَهُم مَّكۡرٞ فِيٓ ءَايَاتِنَاۚ﴾

کاتێ کە ئێمە بچەژێنین بە ئینسانێ نیعمەت و لەزەتێ لە لایەنی خۆمانەوە لە پاش گەلێ موسیبەت و، نەخۆشی و، نەبوونی و، کزی و، داماویدا، ئەوە لە باتی ئەوە کە زۆر سوپاسی خودا بکەن لەسەر ئەو نیعمەتانە کەچی خەریکی فڕو فێڵ

www.iqra.ahlamontada.com

و پشتهەڵکردن ئەبن لە ئایاتی ئێمە و خاوەن ئایەتەکان. واتە بەرابەر بە پێغەمبەر و بەرابەر بەو نیعمەتانە بێشەرمی و بێئەدەبی ئەکەن و ئەیانەوێ ئایەتەکانی ئێمە رەد بکەنەوە.

﴿قُلِ اللَّهُ أَسْرَعُ مَكْرًا إِنَّ رُسُلَنَا يَكْتُبُونَ مَا تَمْكُرُونَ ﴿٢١﴾﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ بەوانە: کە خودای تەعالا گەلێ ئامادەترە لە ئێوە بۆ زیانپێگەیاندنتان، وە بە راستی فریشتە مەئموورەکانی ئێمە کە وان بەلاتانەوە ئەنووسن ئەوەی ئێوە ئەیکەن لە مەکر و فرو فێڵ بۆ موعارەزە و موقابەلەی پێغەمبەری من.

﴿هُوَ الَّذِي يُسَيِّرُكُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ﴾

خودای تەعالا هەر ئەوە کە هێزی داوە بە ئێوە و ئەتانخاتە هاتوچۆوە لە وشکاندا و لە دەریادا، خواه هێزی لەشی خۆتان بێ یاخود هێزی ئەو شتە بێ کە ئێوە ئەبا بە رێگەدا.

﴿حَتَّىٰ إِذَا كُنتُمْ فِي الْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِم بِرِيحٍ طَيِّبَةٍ وَفَرِحُوا بِهَا جَاءَتْهَا رِيحٌ عَاصِفٌ وَجَاءَهُمُ الْمَوْجُ مِن كُلِّ مَكَانٍ وَظَنُّوا أَنَّهُمْ أُحِيطَ بِهِمْ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ لَئِنْ أَنجَيْتَنَا مِنْ هَٰذِهِ لَنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ ﴿٢٢﴾﴾

تا کاتێ کە لە ناو کەشتییەکەدا بوون، یا کاتێ هاتنە ناو کەشتییەوە و ئەو کەشتییە رایبواردن بەسەر رووی دەریاکەدا بە نەرمی و ئارامی بە هێزی بایەکی خۆش‌وەز وە شادمان بوون بەو بایە لەبەر ئارامی و یارمەتی تەکانی کەشتییەکەیان، کوتوپڕ هات دای لەو کەشتییە بایەکی موخالیفی ناهەموار (کەشتیکۆ) وە لەشکوت وە بە

www.iqra.ahlamontada.com

هۆی ئەو با بەهێزەوە شەپۆلی ئاویان بۆ هات لە هەموو شوێنێکەوە، گومانیان برد بە مەینەت دەورە دراون و رزگاربوونیان نایابە، لەو کاتەدا دەستیان کرد بە سکاڵا و لاڵە و پاڵە لە بارەگای بەرزی خودادا بە نیازمەندی و راساڵییەوە و عەرزی بارەگایان کرد: ئەگەر ئەم جارە رزگارت کردین لەم مەرگ و مەینەتە ئیتر بە گیان و دڵ و زمان سوپاس گوزاری ئەکەین.

﴿ فَلَمَّآ أَنجَىٰهُمۡ إِذَا هُمۡ يَبۡغُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّۗ ﴾

کەچی کاتێ خودا بە میهرەبانی خۆی رزگاری کردن لەو شەپۆلی مەینەتە و دەرچوون لە دەریا لە باتی ئەوە ئاگادار ببنەوە بۆ وەفا بە وادە و بۆ عیبادەت و سوپاس گوزاری خوداوەند، دەستیان کرد بە ستەمکاری لە عەرزا بە ناحەق و نارەوایی.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّمَا بَغۡيُكُمۡ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمۖ مَّتَٰعَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ ثُمَّ إِلَيۡنَا مَرۡجِعُكُمۡ فَنُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾

جا ئاوازی زەجر لە لایەنی خوداوە لەسەر زوبانی هاتیفی پەنامەکی و لە لایەنی پێغەمبەرانی ئاشکراوە هات بۆ ئەو ستەمکارانە و گەیاندی: ئەی ئادەمیزادەکان ئەم ستەمکاری و ناهەمواریتانە لەسەر داماوان ستەمکارییە لەسەر نەفسی خۆتان لەبەر داوای ئارەزووی لەزەتی ژینی دنیایی، وە بزانن هەرچەن ئەم شەهوەترانی و ئارەزووبازیتانە مەیدانی ببێ بەڵام ئەبڕێتەوە و ئەمرن و لە گۆڕا بە داماوی دائەمێنن، جا زیندوو ئەکرێنەوە بە زیندەگی راستی عادەتی وە ئەگەڕێنەوە بۆ لای خۆمان، جا خەبەردارتان ئەکەین لەسەر جەزای ئەوەیش کە کردتان و لەسەر تۆڵەی ئەو لادانەتان لە رێگەی عەداڵەت و شارێگەی راست.

﴿ إِنَّمَا مَثَلُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا كَمَآءٍ أَنزَلۡنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخۡتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلۡأَرۡضِ مِمَّا يَأۡكُلُ ٱلنَّاسُ وَٱلۡأَنۡعَٰمُ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَخَذَتِ ٱلۡأَرۡضُ زُخۡرُفَهَا

www.iqra.ahlamontada.com

وَٱزَّيَّنَتۡ وَظَنَّ أَهۡلُهَآ أَنَّهُمۡ قَٰدِرُونَ عَلَيۡهَآ أَتَىٰهَآ أَمۡرُنَا لَيۡلًا أَوۡ نَهَارٗا فَجَعَلۡنَٰهَا حَصِيدٗا كَأَن لَّمۡ تَغۡنَ بِٱلۡأَمۡسِۚ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢٤﴾

جا خودای تەعالا بە شێوەیەکی گشتی و بە یاسای تەشبیهی تەمسیلی دیاری بە دیاری ئەفەرموێت: وێنەی ئەم ژیانی دنیایە و ئەو شێوە کە دەرئەچێ لە جوانی و گەنجی و دەستەڵات و دارایی و پێکهاتنی هۆی رابواردن و شادمانی کردن لە هەموو بابەتێکەوە: لە نەفسەوە، لە داراییەوە، لە رووناکی رۆژ و تاریکی شەوانا، لەگەڵ بێباکی و بێنیازیدا بە کەس، نەترسان لە کەس، پەیدا بوونی بانگی بێداری بە ئازاری لەش و، کەمی بەش و، هێرشی دوژمنی دڵڕەش و، نەهێشتنی شوێنەواری ئەو پایە و مایە و، بارەگا و قەرەباڵغە و، سەرنەنانەوە بە لای بەردی ساردی گۆڕی تەنگی وێنەی شەوەزەنگا، وێنەی ئەو شێوەتانێ کە پەیدا ئەبێ لە ئاوی ئارامی بارانی بەهاران کە دای ئەپەڕێننە خوارەوە لە ئاسمانی بەرزی بەخشندەیی خۆمانەوە جا بە هۆی ئەو ئاوەوە گیای رەنگامە ئەڕوێن لە عەرز و تێکەڵ دەبن لە سەوز و سوور و زەرد و شین و ئاڵ لە هەموو جۆرێ لەو جۆرانە کە ئادەمی و گیانلەبەرانیتر ئەیخۆن و سوودی لێ وەرئەگرن هەتا کاتێ کە عەرز بە هۆی ئەم رێژەنەوە بە پیت و پیرۆزییەوە بەشی خۆی وەرئەگرێ لە ئارایش و زینەت و زێبایی وە بازێ دار هەڵئەچێ و، بازێ گوڵ دائەچێ و، میوە دێتەبەر و، دانە ئەکەونەدەر و، هەموو کشتوکاڵ نزیکی ئەوە ئەبنەوە بهێنرێنەوە بۆ ماڵ، وە خاوەنەکانیان دێنە سەر ئەو بیر و باوەڕە کە کاتی حاسڵاتە و هەموو شتێ گەیشتووەتە کاتی سوود لێ وەرگرتن وە ئەوان تەواناییان هەیە بەسەر سوود گرتن لەوانا بە هەموو بارێ لە لادێ و لە شارێ، کوتوپڕ فەرمانی قاری ئێمە رووی کردە ئەو باخ و بێستانە و ئەو کشتوکاڵە

www.iqra.ahlamontada.com

بێسامانە کە وا لە بەردەستانا و لێمان دا بە ئاگری قار یا بە شەڵتەی وەیشوومەی نابار، وە یا بە شەرای شوومی ناهەموار، وە ئەو گیا و کشتوکاڵە حەڵاڵەمان دا بە عەرزا وە لە کەڵکی خواردن و سوود لێ وەرگرتن کەوت «کأنە» ئەمە لە دوێنێدا هەر نەبووە و نەبینراوە وە یەکێ شارەزای شوێنەکە نەبێ نازانێ ئەو شوێنە شوێنی کشتوکاڵ بووە. ئاوا ئێمە بەیانی نیشانەی دەستەڵاتی خۆمان ئەکەین بۆ کۆمەڵێ کە بیر بکەنەوە لە بەیاناتی خودادا.

بازێ وا ئەڵێن ئەم شێوە جوانە  خوا بەیانی کرد بەم ئایەتانە
عەینەن نیشانەی چەرخی جیهانە  یانی نیشانەی ئاخر زەمانە
واتە ئەم دنیا گۆڕرا سەراسەر  بوو بە هێلکەی پاك بێلەکە و کەدەر
کەژ و کۆساران گشت بوون بە جادە  هەموو بۆ سەیر و سەیران ئامادە
سەیارەی ئارام بە دەشت و دەردا  خوار و ژوور ئەکا بە رێگوزەردا
دنیا سەراسەر لەبەر کارەبا  بووە بە چراخان بە بێ ئیشتیبا
رادوێ و تەلفزیۆن بۆ سەیر و سەیران  وێنەی سینەما وا لە ناو ماڵان
یانی ئارەزووی نەفسی ئەممارە  هەموو ئامادەن لەم سەر و خوارە
دەی ئەونەت زانی بورکانێ قەوی  رووی کردە کورەی سەما و سەرزەوی
وا دای بە یەکا شوێنی نەمێنێ  مەگەر خوداوەند عەرزێتر بێنێ
جا هەرچۆن بێ ئەم رووی دنیایە  ئەنجامی لەسەر مەحو و فەنایە
بۆ ئەوە ئەشێ بە کردەوەی چاك  بە ئیخلاسی دڵ بۆ خودای بێ باك
خۆت حازر بکەی بۆ «دارالبقا»  واتە رەوزەی فەوز بە نووری لیقا
ئەم پایە پایەی ئەهلی سەفایە  بۆ تۆ ئەمێنێ هەتا هەتایە
ئەوەی «نامی»یە لە ماوەی ژینا  ژینی وا لەگەڵ «روح الأمین»ا

﴿وَٱللَّهُ يَدۡعُوٓاْ إِلَىٰ دَارِ ٱلسَّلَٰمِ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٢٥﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە زاتی باری تەعالا عیبادی خۆی ـ لە جینن و ئینس ـ بانگ ئەکا بۆ رابواردن لە خانوویەکدا کە ناسراوە بە «دارالسلام» ماوای هێمنی و رەزا و میهرەبانی، وە هەر کەسێك خواستی لەسەر بێ شارەزای ئەکا بۆ رۆیشتن بە رێگەی راستا کە رێگەی یاسای بێ هاوتای ئایینی ئیسلامە.

﴿لِّلَّذِينَ أَحْسَنُواْ ٱلْحُسْنَىٰ وَزِيَادَةٌۖ﴾

وە هەیە بۆ ئەو کەسانە کە بە بیر و باوەڕی ئیسلام دڵی خۆیان رازاندووەتەوە و بە کردەوەی باش و موافیقی حەق جیهانیان جوان کردووە و بە خوو و رەوشتی بەرز سەر زەوییان خۆش کردووە، هەیە بۆ ئەمانە جەزای باش لە بەهەشتی نەبڕاوەدا و لەگەڵ ئەوەدا زیادە بارە و پایەیەکیشیان هەیە کە لە هەموو بەشێ فەزڵی زیاترە کە بریتییە لە شادبوون بە لیقای زاتی خودای تەعالا، وەکوو چۆن یەکێ لە ئێوە مانگی چواردە ئەبینێ کاتی دەرکەوتن.

﴿وَلَا يَرْهَقُ وُجُوهَهُمْ قَتَرٌ وَلَا ذِلَّةٌۚ﴾

وە رووی ئەوان داگیر ناکا تۆزی بێ حورمەتی و زیللەتی داماوی، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بە ئەنواعی شادمانی حەشر ئەکرێن و ئەگەن بە حوزووری زاتی حەق.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٢٦﴾

ئەمانە کە باسمان کردن خاوەنی بەهەشتی رەحمەتی خودان بە فەزڵ و بە ئیحسان وە ئەوان لەو بەهەشتەدا ئەمێننەوە هەتا هەتایە.

﴿وَٱلَّذِينَ كَسَبُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ جَزَآءُ سَيِّئَةِۭ بِمِثْلِهَا﴾

وە هەیە بۆ ئەوانەیش کە کەسبی بیر و باوەڕی ناپەسەند و کردەوەی ناشیرین و خوو و رەوشتی زشتیان کردووە تۆڵەی ئەو دەسکەوتە ناهەموارانە بە قەی وەزنی تاوانەکانیان.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَتَرۡهَقُهُمۡ ذِلَّةٞۖ﴾

وە لە کاتی زیندووبوونەوەدا بۆ حەشر داماوی و رسوایی داگیریان ئەکات.

﴿مَّا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِنۡ عَاصِمٖۖ﴾

وە لە لایەنی خوداوە هیچ پەناهیان نییە.

﴿كَأَنَّمَآ أُغۡشِيَتۡ وُجُوهُهُمۡ قِطَعٗا مِّنَ ٱلَّيۡلِ مُظۡلِمًاۚ﴾

«كأنه» روویان بە چەن پەردەیەکی رەش و تاریکی شەو داگیر کراوە و داپۆشراوە.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٢٧﴾

ئەمانە ئەهلی ئاگرن و تیایا ئەبن هەتا هەتایە.

﴿وَيَوۡمَ نَحۡشُرُهُمۡ جَمِيعٗا﴾

ئەی پێغەمەری خۆشەویست باسی ئەو رۆژە بکە کە ئەم کافرانەی تێدا گرد ئەکەینەوە لەگەڵ بتەکانیانا هەموویان.

﴿ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشۡرَكُواْ مَكَانَكُمۡ أَنتُمۡ وَشُرَكَآؤُكُمۡۚ﴾

جا ئەڵێین بەو کافرانە کە هاورێیان بۆ خودای بێوێنە برِیار داوە: ئێوە و ئەوانەی کە کردووتانن بە شەریك بۆ خودا لە شوێنی خۆتانا مەجووڵێن.

﴿فَزَيَّلۡنَا بَيۡنَهُمۡۖ﴾

وە لەو کاتەدا کە راستیمان دەرخست بۆیان ئەو پەیوەندە کە لە دنیادا لە ناوبەینیانا بوو برِیمان و ئەو مەحەببەتە لە ناویانا نەما و هەردوو لایان بوون بە دوژمنی یەکتر.

﴿وَقَالَ شُرَكَآؤُهُم مَّا كُنتُمۡ إِيَّانَا تَعۡبُدُونَ ٢٨﴾

وە ئەو بتانە کە لە دنیادا ئەیانپەرستن و کردبوونیان بە شەریك بۆ خودا، خودا ئەیانهێنێتە وتار و ئەڵێن بە کافرەکان: قەت ئێوە لە دنیادا عیبادەتی ئێمەتان نەکردووە

www.iqra.ahlamontada.com

بەڵکوو هەمووتان بە دەوری ناز و نیازی خۆتان و هەواو هەوەسی نەفسی خۆتاندا ئەگەڕان و عیبادەتی ئێمەتان کردبوو بە بەهانە بۆ گەیشتن بە دڵخوازی خۆتان!

﴿ فَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًۢا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ ﴾

بەسە خودای زانا و ئاگادار بۆ شەهادەت لەسەر واقیع و حەقیقەت لە بەینی ئێمە و ئێوەدا.

﴿إِن كُنَّا عَنْ عِبَادَتِكُمْ لَغَـٰفِلِينَ ۝٢٩﴾

بە راستی ئێمە لە عیبادەتکردنی ئێوە بێئاگا بووین، وە لە واقیعا ئەم بتانە بەردی تاشراو بوون، بەرد بەردە، بێزانست و شوعوورە، وە هەرکەس هەرچی بە بەردا بخوێنێ بە هەوادا ئەیخوێنێ.

﴿هُنَالِكَ تَبْلُوا۟ كُلُّ نَفْسٍ مَّآ أَسْلَفَتْ ۚ﴾

جا لەو رۆژە رەشەدا هەرکەسێ تێئەگا لە جەزای ئەو کردەوانە کە رای بواردووە لە کاتی دنیادا.

﴿وَرُدُّوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ مَوْلَىٰهُمُ ٱلْحَقِّ ۖ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ۝٣٠﴾

وە لەو رۆژەدا حەواڵە ئەکرێنەوە بۆ لای خودا کە سەردار و گەورەی راستی ئەوانە و لەو رۆژەدا ون ئەبێ و زایە ئەبێ لە دەستی ئەوان ئەو شەریکانە کە وەختی خۆی بە درۆ هەڵیان ئەبەستن و دایان ئەنان بە شەریك و هاوڕێی خودای تەعالا.

﴿ قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَـٰرَ وَمَن يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَىِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ ۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُ ۚ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ۝٣١﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ ئەو کافرانە بدوێنە و پێیان بڵێ: ئەی مەخلووقەکان ئێوە هەموو پێویستتان بە رۆزی هەیە ژیواری پێ بکەن، جا ئەوە کێیە لە ئاسمانەوە باران ئەبارێنێ و با لە رووی سەرعەرزا هەڵئەکا و هەتاو ئەرژێنێ بەسەر هەموو گیا و لەوەرێکی لازمدا بۆ ئێوە و بۆ گیانلەبەران؟ یاخود ئێوە بە هۆی چاوەکانتانەوە بەرز و نزم و سوودار و بێسوود و دۆست و دوژمن فەرق ئەکەن و بە هۆی گوێچکەکانتانەوە دەرسی تەمێ و تەربییە وەرئەگرن و دەنگی دۆست و دوژمن ئەبیسن وە ئەرۆن بۆ لای دۆست و لە دوژمن هەڵدێن، دەی بڵێن کێیە ئەو چاو و گوێچکەیە داوە بە ئێوە؟ وە نەژادی ئێوە سوودی لێ وەرئەگرن وەکوو بزن و مەڕو وشتر و گاو ئەسپ و مایین و ئەو حەیوانانە گۆشتیان ئەخورێ و راویان ئەکەن، وە یا ئەو حەیوانانە کە ئێوە باریان پێ ئەکێشن و سواریان ئەبن وەکوو کەر و هێسر و فیل... ئەمانە هەموو کە زیندوو ئەبن و بە کاری ئێوە دێن هەموو لە ئاوێکی رەوانی بێگیان پەیدا ئەبن، بە مانای ئەوە زیندوو لە مردوو پەیدا ئەبێ و، هەروا یەکە یەکە لەمانەیشەوە نەتەوەی ئاوی دەرئەچێ بە مانا مردوو لە زیندوو پەیدا ئەبێ، پێم بڵێن: کێیە ئەم کارانە لە جیهاندا ئەکا؟ وە ئەم رشتەی ژین و ژیوارە ئەبا بە رێوە؟ وە پاش ئەمە هەموو ئەمانە باسمانکردن ئیدارەیان ئەوێ و پاراستن و ژیواریان ئەوێ و جێگەی ئەمانە کە ئاسمان و زەوییە، بە وشکان و دەریایەوە، هەموو تەدبیر و چاودێری ئەوێ، ئەمە هەمووی کێ ئەیکا؟ وە ئەگەر تۆ یەکێ یا چەن کەسێکی هۆشیاریان بانگ بکەی و پرسیاری خاوەنی ئەم تەسەڕوفاتانەیان لێ بکەن وەڵامیان هەر ئەمەیە کە بە دڵ ئەڕۆنە ژێر و ئەڵێن: ساحێبی ئەمانە و «مدبر»ی هەموویان خودایە و تەسەڕوفات بە دەستی ئەوە، دە پێیان بڵێ: هێشتا لە خودا ناترسن و دان نانێن بەوەدا کە خودا شەریکی نییە و ساحێبی جیهان هەر ئەو یەزدانە تاکە بێ باکەیە؟

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمُ ٱلْحَقُّ﴾

دەی بزانن ئەو خاوەن هێز و تەوانایە «اللّٰە»یە کە خودای پەروەردگارتانە بە رووی راستی و حەقیقەت.

﴿فَمَاذَا بَعْدَ ٱلْحَقِّ إِلَّا ٱلضَّلَٰلُ﴾

جا لە غەیری حەق چی هەیە غەیری گومڕاهی و غەیری پەرستیاری هەوا و هەوەسێکی بێئەسڵ و بێئەساس کە کەوتنە شوێنیان هەر هۆی گۆمڕاهییە.

﴿فَأَنَّىٰ تُصْرَفُونَ ﴿٣٢﴾﴾

دەی چۆن ئێوە کە هۆشیارن لە حەق لائەدرێن بۆ لای بەتاڵ و لەسەر حەق دانامەزرێن؟

﴿كَذَٰلِكَ حَقَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى ٱلَّذِينَ فَسَقُوٓا۟ أَنَّهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٣﴾﴾

دەی هەر وەکوو سابتە رۆزیدەر لە عەرز و ئاسمانا هەر خودایە و هێزدەر بە چاو و گوێچکە هەر خودایە، وە لە مردوو زیندوو دروستکەر و لە زیندوو مردوو دروستکەر هەر خودایە، وەهایش فەرمانی خودا و ئیرادە و خواستی خودا لەسەر یاسای عیلم و زانستی، وە زانستی لەسەر کەشفی تەسەڕوفاتی فاسیدەی ئادەمیزاد و باقی موکەللەفانی کائینات وە لەسەر تەوجیهی عەزمیان بۆ رێگەی لابار سابت بووە لەسەر ئەو کافرە لە حەق دەرچوانە کە بە قەراری قەتعی ئیتر ئیمان نایەنن، ئیتر خۆت لەگەڵ ئەوانا ماندوو مەکە و خۆت زویر مەکە.

﴿قُلْ هَلْ مِن شُرَكَآئِكُم مَّن يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ ۚ قُلِ ٱللَّهُ يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴿٣٤﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

پاش ئەوە خودای تەعالا دەلیلی هێنایەوە لەسەر وجوودی خۆی بەوە کە رۆزیدەرە لە ئاسمان و عەرزەوە و هێزی دیتن و بیستن ئەدا و لە مردوو زیندوو لە زیندوو مردوو دەر ئەکا، ئەمجاری دووهەمە ئیستیدلال ئەکا لەسەر وجوودی خۆی بەوە ئەفەرموێ بە خۆشەویستی تۆ پێیان بڵێ: ئایا لەوانەی کە ئێوە دایان ئەنێن بە شەریك و هاوڕێ بۆ خودا کەسێ وەها هەیە دەست بکا بە ئیجاد و دروستکردنی مەخلووقات لە نەبوونەوە و بە هێزی خۆی لە کائیناتا شت دروست بکا و لە پاش تەواوکردنی ماوەی دانراو بیانفەوتێنێ و لە پاشا وەکوو ئەوەڵ جار دروستیان بکاتەوە؟ تەبعەن ئەڵێن: کەسی وا نییە غەیری زاتی باری تەعالا، دەی ئیتر چۆن لا ئەدرێن لە راستەڕێگە؟

﴿قُلْ هَلْ مِن شُرَكَآئِكُم مَّن يَهْدِىٓ إِلَى ٱلْحَقِّ ۚ قُلِ ٱللَّهُ يَهْدِى لِلْحَقِّ ۗ﴾

جا خودای تەعالا بۆ جاری سێهەم ئیستیدلال ئەکا لەسەر وجوودی خۆی و گەورەیی و تەوانایی رەسای بەمە کە وەکوو مەخلووقات و ئادەمیزاد دروست ئەکا هەموو نەوعێ لە گیانلەبەرانیش هیدایەت ئەدا و شارەزایان ئەکا بۆ رێگەی پیرۆزی سەعادەت، واتە مەوجووداتی خاوەن شوعوور دوو ناحیەیان هەیە، ناحیەی لەش و تێکەڵکردن و دامەزراندنی ریزی ئێسقان و رەگ و گۆشت و شوێنی هاتوچۆی خوێن کە ئەمانە هەموو خودای تەعالا بەجێی هاوردوون بە نەوعێ ژیرەکان لە دنیادا حەیران ماون لەو دەستکارە، وە ناحیەی رۆح و گیان کە هێزی خاوەن دەرك و شوعوورە و سوڵتانی تەختی وجوودە وە ئەم رۆحە بەم مەرجە ئەگا بە پیرۆزی کە مونەوەر بێ بە نووری مەعریفەت وە خودا شارەزای بکا بۆ عیلم بە زات و سیفات و واجبات و موحەڕەمات و ئەخلاق و رەوشت وە لە قورئانا لە گەلێ شوێندا باسی ئەمە کراوە وەکوو لە باسی ئیبراهیمی خەلیلدا ئەفەرموێت: «الذي خلقني فهو

www.iqra.ahlamontada.com

یهدین﴾،[١] وە لە باسی مووسادا ئەفەرموێت: ﴿ربنا الذي أعطى كل شيء خلقه ثم هدى﴾،[٢] وە ئەمر ئەکا بە حەزرەتی موحەممەدﷺ و ئەفەرموێت: ﴿سبح اسم ربك الأعلى (١) الذي خلق فسوى (٢) والذي قدر فهدى (٣)﴾[٣]

بە کورتی وەکوو ئیجاد و خەلق و دروستکردنی مادەی لەش دەلیلە لەسەر وجوودی خودا، هیدایەتدانی ئەرواحیش هەر بە خودا ئەکرێ و دەلیلە لەسەر وجوودی خودای تاقی تەنیای زانای تەوانا. جا ئەفەرموێت: ئەی خۆشەویست بڵێ بەو موشریکانە: ئایا لە ناو ئەوانەدا ئێوە قەرارتان داون بۆ خودا بە شەریك و هاوڕێ کەسیان هەیە کە هیدایەتی ئادەمیزاد بدا بۆ حەق؟ تەبعەن کەسی وا نییە و ئەمەیش لە هەموو ژیرێك روونە جا هەر خۆت جوابی پرسیارەکەی خۆت بدەرەوە و بڵێ: خودای عالەم هیدایەتی هەموو هۆشیارێ ئەدا بۆ رێگەی حەق وە بۆ عیلم و زانستی راست، هەروا هیدایەتی گیانلەبەری‌تر ئەدا بۆ رێگەی ژیان و سوود و زیانی خۆی، وە ئەمە دەلیلێکی گەورەیە لەسەر وجوودی خودای تاق و تەنیای تەوانای ئاگادار بەسەر هەموو شتێکدا وە غەیری ئەو کەس نییە ئەم تەسەڕوفاتەی لێوە مومکین بێ.

جا پاش دامەزراندنی ئەوە کە هیدایەتدان هەر لە لای خوداوەیە ئەفەرموێت:

﴿أَفَمَن يَهْدِيٓ إِلَى ٱلْحَقِّ أَحَقُّ أَن يُتَّبَعَ أَمَّن لَّا يَهِدِّيٓ إِلَّآ أَن يُهْدَىٰ فَمَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ (٣٥)﴾

---

١. الشعراء؛ ٧٨.

٢. طه؛ ٥٠.

٣. الأعلى؛ ٣ ـ ١.

www.iqra.ahlamontada.com

خودا ئەفەرموێت: پاش ئەوە کە زانیتان هەر خودایە ئەتوانێ هیدایەتی گیانداران بدا، ئایا کەسێ کە هیدایەتی هۆشیاران بدا بۆ ڕێگەی ڕاست ئەوە شیاوە بەوە پەیڕەوی بکرێ؟ یا ئەحبار و روهبانی بە دیمەن زانا و هۆشیار وە لە حەقیقەتا قابیلیەتی ئەوانەیان نییە ڕێگەی ڕاست وەربگرن مەگەر بەزۆر و هێزی خودا شارەزا بکرێن؟

وە یا خود ئەم بتانە کە ئێوە ئەیانپەرستن و ئەیانکەن بە شەریك بۆ خودای بێشەریك دار و بەردێکی وشك و بێگیانن وە ئەگەر گیانیان بکرێ بەبەرا هەر موحتاجی خودان و شارەزا نابن بۆ ڕێگەی حەق بە ئیرشادی خودا نەبێ، جا ئیتر خیلافی عەقڵی هۆشیارانە ئینسان ئەوەنە خۆی نەفام بکا و نەڕوانێ بۆ حەقیقەت و لە بەر ئارەزووی نەفسی خۆی بکەوێتە [دوای] ئەم شتە بێنرخانە، دەی چیتان بۆ ئەبێ لەم یاسا ناشیرینە وە چلۆن بیر و باوەڕ وەرئەگرن و حوکم ئەدەن بە شتێ کە عەقڵ وەری نەگرێ؟

جا ئەمجار خودا بە ئاشکرا بەیانی ئەوە ئەکا ئەم بتپەرستانە یا ئەم گاور و جوولەکانە کە کەوتوونەتە شوێن ئەم ئەحبار و زانا نەزانانە وە یا کەوتوونەتە پەرستنی ئەم بتە بێگیانانە هەر شوێنی گومان کەوتوون و ئەفەرموێ:

﴿وَمَا يَتَّبِعُ أَكۡثَرُهُمۡ إِلَّا ظَنًّاۚ﴾

وە زۆربەی ئەمانە پەیڕەوی هیچیان نەکردووە ئیللا گومان نەبێ، واتە ئیعتیقادی غەیرە جازیم و ئەمەیش بێسوودە.

﴿إِنَّ ٱلظَّنَّ لَا يُغۡنِي مِنَ ٱلۡحَقِّ شَيۡـًٔاۚ﴾

وە گومان موفیدی هیچ شتێ نییە لە حەق و حەقیقەت.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِمَا يَفۡعَلُونَ ٣٦﴾

خودا زانایە بەوەی ئەمانە ئەیکەن.

www.iqra.ahlamontada.com

مـوقەددیماتێ ئـەکرێن بـە دەلیـل — لە بـۆ ئـینسانی هـۆشیاری جـەلیل
هـۆنرابـنەوە بـە رشـتەی یـەقین — پاك بن لە شوبهەی گومان و تەخمین
ئەو جار بۆت ئەبن بە ئوستادی دین — ئـەبن بـە مـایەی ئـەنواری یـەقین
ئـەنا چـۆن ئـەبێ ئـیشتیبا و گـومان — بـکرێن بە دەلیـل بـۆ دیـن و ئـیمان
ئیمان و ئەحکام دوو شوعبەی بەرزن — هەرکام مەربووتی یەك تەور و تەزرن
ئـیمان لە یـەقین بـۆت پـەیدا ئـەبێ — دڵ بـەو ئـیمانە پـڕ سـەودا ئـەبێ
کـە کـوژایـەوە چـرا بـە بـایێ — ئـەکەویتە نـاو چـای ئـیشتیباهێ
ئـەحکامی دیـنیش یـانی فـەرعیات — بـاش دائـەمەزرێن لە سـەر زەنـنیات
چونکە هـەر فـەرعێ یەقینی بۆ ئەو — قەت مومکین نابێ بە سەد تەك و دەو
عـیلم بـۆ ئـیمان زەن لە بـۆ ئـەحکام — ئـیعتیبار ئـەکرێن بـە یـاسای ئـیسلام
بـاوەڕ عـەقیدەی ئـەهلی تـەقلیدە — تـەقلید بۆ ئەحکام شێوەی سـەعیدە
هـاتو سـەرکەوتی لە پـلەی تـەقلید — ئـەبی بـە پـیاوی سـەربەرزی رەشـید

جا پاش ئەوە کە بەو چەن ئایەتە پێشووە خودا ئیستیدلالی کرد لەسەر وجوودی زاتی خۆی و سیفاتی «عیلم» و «قودرەت»ی، لێرەدا بەم ئایەتانەیش ئیستیدلال ئەکا لەسەر ریسالەت و پایەی بڵندی حەزرەتی «محمد المصطفی» ﷺ کە ئەو زاتە خاوەنی موعجیزەی قورئانە و قورئان کەلامی خودایە و هاتووەتە خوار بۆ تەئیید و تەسدیقی پێغەمبەری خودا بە هۆی ئەوەوە کە ئەم کەلامە بێشوبهە کەلامی خودایە و دوورە لە درۆ و دەلەسە و بوختان و فەرمووی:

﴿ وَمَا كَانَ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ أَن يُفْتَرَىٰ مِن دُونِ ٱللَّهِ ﴾

واتە قەت ئەم قورئانە لەوانە نەبووە و لەوانە نییە کە هەڵبەسرێ لە لایەنی غەیری خوداوە خواهـ کەلامی موحەممەد بێ یاخود کەلامی کەسێکی‌تر بێ غەیری موحەممەد ﷺ.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَلَٰكِن تَصْدِيقَ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ﴾

بەڵام کەلامێکە قودسی و غەیبی و دارای ئیخبار بە غەیبی رابوردوو و غەیبی داهاتووە؛ چونکی تەسدیقی ریسالەتی پێغەمبەرە پێشووەکان و کتێبەکانیان ئەکا و هەواڵەکانیان بە راستی ئەگێڕێتەوە وەکوو چۆن کارەساتی داهاتوو دەرئەخا لە بەرزەوە بوونی دینی موحەممەد و، فەوزی ئوممەتەکەی و بڵاوە بوونی دینەکەی لە جیهانا.

﴿وَتَفْصِيلَ ٱلْكِتَٰبِ﴾

وە هۆی بەیان و رووناككردنەوەی ئەو بیر و باوەڕ و ئەحکامانەیە کە لە مەجموعی کتێبە پێشووەکانا هاتوون و نازڵ بوون بۆ سەر پێغەمبەرەکان.

﴿لَا رَيْبَ فِيهِ مِن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٣٧﴾﴾

وە لەبەر فەساحەتی ئەلفازەکان و بەلاغەتی مەعنای جوملەکانی و دەربڕینی کارەسات و هەڵکەوتە غەیبەکان و لەبەر دووری لە موبالەغەی موخالیف بۆ واقیع و لەبەر جیاوازی ئوسلووبی رشتەی ئەلفاز و مەعانی و تەئسیراتی رۆحییە بۆ ئەو کەسانە کە دڵیان خاڵییە لە عەناد و داگرتنی بۆ یاسای خودا پەرستی و دنیاداری و چاودێری خزمایەتی و ئیحتیرامی کۆمەڵایەتی وە تەوجیهکردنی عالەم بۆ خوو و رەوشتی بەرز... لەبەر ئەمانە و غەیری ئەمانە لە فەزائیل، قورئان بۆ ئەوە ناشێ کە ئینسانی هۆشیار شك و گومانی تێبهاوێ و بە مەترسییەوە بۆی بڕوانێ، وە عیلم و باوەڕی قەتعی پەیدا ئەکا بەوە کە لە لایەنی پەروەردگاری جیهانەوە هاتووەتە خوارەوە.

﴿أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ﴾

یا خەیر ئەو کافرانە هەر ئەڵێن: موحەممەد خۆی ئەم کتێبەی هەڵبەستووە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قُلۡ فَأۡتُواْ بِسُورَةٖ مِّثۡلِهِۦ﴾

ئەی خۆشەویست تۆ بڵێ بەوانە کە وا ئەڵێن: ئەگەر راست ئەکەن بیسمیللا ئێوە لەگەڵ ئەوەدا خۆتان بە خاوەن زمان و فەساحەت و بەلاغەت ئەزانن تاقە سوورەتێکی وەکوو قورئان بێنن لە لایەنی خۆتانەوە و بە جوملە و ئایات قورئان موقایەسە بکەن لە بەینی ئەوەی کە خۆتان ئەیهێنن و لەگەڵ ئەو سوورەتەدا کە لە قورئانە.

﴿وَٱدۡعُواْ مَنِ ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾

وە نەك تەنیا خۆتان بەڵکوو هەرکەس کە ئەتوانن بانگی بکەن لە غەیری خودا بڕۆن بانگی بکەن با بێن بۆ موعارەزەی قورئان.

﴿إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ٣٨﴾

ئەگەر راست ئەکەن لە داوای ئەوەدا کە قورئان دەستهەڵبەستە لە لایەنی موحەممەدەوە.

﴿بَلۡ كَذَّبُواْ بِمَا لَمۡ يُحِيطُواْ بِعِلۡمِهِۦ﴾

نەخەیر ئینکاری ئەوانە بۆ قورئان لەبەر نوقسانی نییە لە قورئان و لەبەر ئەوەیش نییە کە بزانن لە لای غەیری خوداوە هاتووە بەڵکوو ئەوانە بێباوەڕی دەرئەبڕن بەرابەر بە ئایاتێ کە ئەوەی لە موحکەماتە ئیحاتەیان نەداوە بە زانستی مەعناکەیا.

﴿وَلَمَّا يَأۡتِهِمۡ تَأۡوِيلُهُۥۚ﴾

وە ئەوەیش کە لە موتەشابیهاتە هێشتا تەئویلیان نەهاتووە بۆ لایان و نەگەیشتووەتە لایان.

﴿كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۖ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

هەر بەم شێوە ئینکارە و لەسەر ئەم نەوعە ئیعتیبارە ئەو کافرانەیش کە لە زەمانی پێش زەمانی ئەمانەدا بوون تەکزیبی کەلامەکانی خودایان کردووە کە نازڵ بوون بۆ سەر پێغەمبەرەکانی، واتە ئەوانە موحکەمات بوون ئیحاتەیان نەداوە بە زانستی ئایەتەکانیا وە ئەوانەیش لە موتەشابیهات بوون تەئویلەکەیان نەزانیوە وە حەقیان وابوو هەر بە بیستنی ئەو کەلامانە یا هەر بە بیستنی ئەم قورئانە بە بێ ماتڵ بوون ئیمانیان بهێنایە پێیان.

﴿فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الظَّالِمِينَ ﴿٣٩﴾﴾

جا بیر بکەرەوە یا بڕوانە بزانی ئەنجامی کردەوە و بیر و باوەڕی ئەو ستەمکارانە چۆن و چلۆن ئەبێ!

﴿وَمِنْهُم مَّن يُؤْمِنُ بِهِ وَمِنْهُم مَّن لَّا يُؤْمِنُ بِهِ﴾

وە ئەم کافرانە کە بە ئاشکرا ئینکاری قورئان ئەکەن و ئەڵێن کەلامی خودا نییە بازێکیان لە دڵدا باوەڕیان هەیە و ئیمانیان هەیە بەوە کەلامی خودایە بەڵام لەبەر عەناد و ستەمکاری و بەدبەختی ئینکاری ئەکەن و بازێکیشیان هەر باوەڕیان نییە و لەسەر ئەو بیرەن کە ئەم قورئانە هەڵبەستراوە.

﴿وَرَبُّكَ أَعْلَمُ بِالْمُفْسِدِينَ ﴿٤٠﴾﴾

وە خودای تەعالا زاناترە لەوان بەو کەسانە کە ئیفساد ئەکەن لە جیهانا ئایا موحەممەد ئیفسادی دڵی ئادەمیزاد ئەکا بە هەڵبەستنی قورئانێ لە لایەنی خۆیەوە و نیسبەتی ئەدا بۆ لای خودا، یاخود ئەو کافرانە موفسید بوون بۆ دڵی عالەم کە ئەزانن ئەم قورئانە کەلامی خودایە و عەناد ئەکەن و بێباوەڕی دەرئەبڕن، وە یاخود موفسیدن بۆ حاڵ و ئیستیعدادی خۆیان کە وردنابنەوە لە جیهان هەتا بزانن ئینسانێکی وەکوو موحەممەد لە وڵاتی عەرەبستانی بێ مەدرەسە و دانشگا و بێمامۆستادا

www.iqra.ahlamontada.com

چۆن ئەتوانێ کەلامێکی وەها فەسیح و بەلیغ و جامیع بۆ فەوائید و عیلم و عەمەل و ئاگادار لە بەسەرهاتی ئوممەتە پێشووەکان و تەفسیلدەری حیکایەتیان و قسەکردوو لە ئەوزاعی ساڵ و مانگ و حەفتە و رۆژ و تەماشاکردن لە نیزامی ئەستێرەکانی ئاسمان و ئومووری نیزامی و ئیداری و ئیجتیماعی و قانوونی پەیمانداری و یاسای عائیلە و رێکەوتن و جیابوونەوەیان لە یەکتر بکا وە ئەمانە لە خۆیەوە دەربڕێ، حاشا ئەم عیلمە هەر بۆ خودایە نەك لە سیفاتی ئەهلی دنیایە.

﴿وَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل لِّي عَمَلِي وَلَكُمْ عَمَلُكُمْ أَنتُم بَرِيٓـُٔونَ مِمَّآ أَعْمَلُ وَأَنَا۠ بَرِىٓءٌ مِّمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٤١﴾﴾

وە ئەگەر ئەو کافرانە هەر دەوامیان کرد لەسەر باوەڕ نەکردن بە خودا و باوەڕ نەکردن بە ریسالەتی تۆ لە لایەنی خوداوە و بەوە کە قورئان کەلامی خودایە تۆیش بفەرموو لە مەقامی یەخەهەڵتەکاندن لەوانا: من کردەوەی خۆم بۆ خۆم و ئێوەیش کردەوەی خۆتان بۆ خۆتان ئێوە بێعوهدەن لەوەی من ئەیکەم وە منیش بێعوهدەم لەوەی کە ئێوە ئەیکەن، واتە وازیان لێ بێنە هەتا ئەگەن بە رۆژی رەشی خۆیان لە دنیادا و بە کاتی نەهاتی لە پاشەڕۆژا کە هەموو حیسابێکی تێدا ئەبڕێتەوە.

**لێرەدا چەن باسێ هەیە:**

[باسی]یەکەم: ئایەتی: ﴿وماكان هذا القرآن أن يفترى﴾[١] وارید بووە لە رەدی ئەو کافرانەدا کە گومانیان وابوو قورئان کەلامی حەزرەتە ﷺ و خۆی دای ئەنێ و نیسبەتی ئەدا لە خودای تەعالا و، خودای تەعالا چەن دەلیلێ باس ئەکا لەسەر ئەوە کە قورئان کەلامی خودایە:

---

١. یونس؛ ٣٧.

www.iqra.ahlamontada.com

١. پێغەمبەر ﷺ ئینسانێکی نەخوێندەوار بووە و تێکەڵی خوێندەوارانی نەکردووە و نەڕۆیشتووە بۆ ئەو شارانە کە دەرسی عیلم و ئەدەبیان تێدا بڵاو کردووەتەوە و لەگەڵ ئەمەدا قورئان باسی سەرگوزەشتەی قەومە پێشووەکانی و پێغەمبەرەکانیانی تێدایە بە شێوەیەکی رووناك وە ئەگەر ئەم باسانە راست نەبوایە ئەهلی کیتاب رەدیان ئەکردەوە کەچی کەس نەیتوانی رەدیان بکاتەوە، دەی وا دەرکەوت ئەم قورئانە کەلامی خودایە کە «عالم الغیب»ە نەك کەلامی موحەممەد؛ چونکە ئەو غەیب نازانێ و غەیبی نەزانیوە.

٢. ئەو کتێبە قەدیمانە کە ئەهلی کیتاب ئیعتیرافیان پێ ئەکەن و ئیمانیان هەیە پێیان هەموویان شەهادەت ئەدەن بەو بەشاراتە کە لە پێش هاتنی حەزرەتا دراوە بە هاتنی وە ئەو کتێبانە راستن، کە وابێ هاتنی پێغەمبەرێکی ساحێب کیتاب لە لایەنی خوداوە راستە و گومانی تێدا نییە خۆی پێغەمبەرە و کتێبەکەی کەلامی خودایە.

٣. ئەم قورئانە گەلێ ئەخباری تێدایە بە ئومووری پاشەڕۆژ، وەکوو مەسەلەی غەڵبەی رۆم بەسەر فارسدا، وە وەکوو ئیستیخلافی یارانی پێغەمبەر ﷺ لە وڵاتا و تەواو بوونی دەعوەتی ئیسلام بە رەسایی... وە هەموویان هاتنە جێگە، کە وابێ ئەو قورئانە کەلامی خودایە. ئەمانە هەموو دەرئەکەون لە عیبارەتی: ﴿تصدیق الذي بین یدیه﴾[١] وە.

٤. ئەمەیە کە ئەم قورئانە لەسەر زمانی ئەم ئینسانە نەخوێندەوارە گەیشتووە بە عالەم وەکوو دەریای «موحیت» وەها ئیحاتەی داوە بەو عیلمانەدا کە لە دینا پێویستن، وە هەر کتێبێ وەها بێ ئیمکانی نییە عادەتەن لە ئادەمیزادیکەوە بێ و پێویستە لە خوداوە بێ، ئەمما ئەوەی کە ئەم قورئانە هەموو عولوومی دینییەی تێدایە، چونکی

[١] یوسف؛ ١١١.

www.iqra.ahlamontada.com

عیلمی دینی ئەگەر ئیعتیقادە بە خودا و فریشتە و پێغەمبەران وە بەو کتێبانە هاتوون بۆ ئەوان وە ئیمان بە رۆژی قیامەت و بە قەزا و قەدەر و ئیمان بە سیفاتی خودا و بە کردەوەی ئەوە، ئەوە بە تەفسیل هەیە لە قورئانا. وە ئەگەر عولوومی دینییە عیلمی تەکلیفاتە واتە عیلمی واجبات و موحەڕەمات و غەیری ئەمانەیە ئەوە هەمووی لە ئایاتی قورئان وەرگیراون، وە ئەگەر عیلمی پاككردنەوەی نەفسە لە سیفاتی ناپەسەند و رازانەوەی بە سیفاتی بەرز ئەوە لە قورئانا بە درێژی باسی ئەمانە هەیە وەکوو: ﴿إن النفس لأمارة بالسوء﴾[١] ﴿قد أفلح من زكىٰها ﴿٩﴾ وقد خاب من دسىٰها ﴿١٠﴾﴾،[٢] ﴿ولا تطع من أغفلنا قلبه عن ذكرنا واتبع هواه﴾،[٣] وە وەکوو: ﴿ويل للقاسية قلوبهم من ذكر اللّٰه﴾[٤] و وەکوو: ﴿خذ العفو وأمر بالعرف وأعرض عن الجاهلين﴾[٥] وە وەکوو ﴿إن اللّٰه يأمر بالعدل والإحسان و إيتاء ذي القربى وينهى عن الفحشاء والمنكر﴾[٦] وە وەکوو: ﴿وأما من خاف مقام ربه ونهى النفس عن الهوى ﴿٤٠﴾ فإن الجنة هي المأوى ﴿٤١﴾﴾.[٧]

وە ئەگەر عیلمی دین عیبارەت بێ لە عیلم بە ئادابی ژن و پیاو بە یەکەوە وە ئیدارەی عائیلە و ئەولاد و چاودێرییان و سیلەی رەحم و تەماشاکردنی سیاسەی شار و ئاوەدانی و ژیواری پیرۆز لەگەڵیانا... ئەوە هەموو لە قورئانا هەن.

هەروا ئەگەر عیلمی دین عیبارەت بێ لە عیلمی ئیدارەی ئوممەتی ئیسلام بە دانانی ئیمام و راوێژ لە کارانی خاوەن نرخا و ئامادەکردنی چەك بۆ جەنگ و موعاهەدە و پەیمان راگرتن ئەمەیش بە نەوعێ لە قورئانا بەیانکراون کە لە هیچ کتێبێکدا نییە، کە وابێ ئەم قورئانە تەفسیلی هەموو شتێکی تێدایە بە جۆرێ بە عادەت

---

١. يوسف؛ ٥٣. ٢. الشمس؛ ١٠ ـ ٩. ٣. الكهف؛ ٢٨.
٤. الزمر؛ ٢٢. ٥. الأعراف؛ ١٩٩. ٦. النحل؛ ٩٠.
٧. النازعات؛ ٤١ ـ ٤٠.

www.iqra.ahlamontada.com

قابیل نییە کە ئینسانێکی نەخوێندەوار لە ناو ئوممەتێکی نەخوێندەوارا لە ولاتێکی پاناوەری دوور و درێژ و دوور لە ئاوەدانی شارەوانی دا لە لایەنی خۆیەوە کتێبی وەها دابنێ، وا دەرکەوت قورئان کەلامی خودایە.

باسی دووهەم: ئەمەیە کە خودای تەعالا موعاریزەکانی بانگ کردووە بۆ ئەوە کە وێنەی قورئان دابنێن بە هەشت جۆر:

١. داوای موعارەزەی هەموو قورئانی کردووە و فەرموویەتی:

﴿قل: لئن اجتمعت الإنـس والجن على أن يأتوا بمثل هذا القرآن لا يأتون بمثله ولوكان بعضـهم لبعض ظهيراً﴾[1].

٢. داوای موعارەزەی دە سوورەتی کردووە و فەرموویەتی: ﴿فأتوا بعشر سور مثله مفتريات﴾[2] واتە: دە سوورەتی هەڵبەسراوی وەکوو قورئان بێنن.

٣. داوای موعارەزەی یەك سوورەتی کردووە و فەرموویەتی: ﴿فأتوا بسورة من مثله﴾[3] واتە یەك سوورەتی وێنەی سوورەتی قورئان بێنن.

٤. داوای موعارەزەی کردووە بە حەدیسێ و وتارێ وەکوو قورئان و فەرموویەتی: ﴿فليأتوا بحديث مثله﴾[4] واتە با وتارێکی وەکوو قورئان بێنن. وە لەسەر ئەم ئەنواعی موعارەزەیە جارێ خودا داوای ئەوە ئەکا کە موعارەزەی حەزرەت ﷺ بکا پیاوێکی وێنەی حەزرەت ﷺ نەخوێندەوار و دوور لە مەداریس و مەعاهید، وە جارێ داوای ئەوە ئەکا کە هەموو ئینسان گردببنەوە موعارەزەی قورئان بکەن.

---

١. الإسراء؛ ٨٨

٢. هود؛ ١٣.

٣. يونس؛ ٣٨.

٤. الطور؛ ٣٤.

www.iqra.ahlamontada.com

وە بەم دەلیلانە بەیانکران دەرکەوت قورئان کەلامی خودایە و گەورە موعجیزەی حەزرەتە ﷺ و بە دەوامی کات وەکوو خۆی ئەمێنێتەوە هەتا هەتایە، وە گەورە دەلیل لەسەر ئەم مەبەستە ئەمەیە کە خودای تەعالا وادەی داوە بە پاراستنی وە فیعلەن لە رۆژی نوزوولەوە هەتا ئیمرۆ لەگەڵ زۆری دوژمنا هەروا بە پارێزراوی ماوەتەوە، وە ئەگەر ئەو ئایەتە کەلامی خودا نەبوایە وەها بە ساغی و راستی پارێزەکەی نەدەهاتەجێ.

ئەم جار خودای تەعالا بە ئایەتی: ﴿بل کذبوا بما لم یحیطوا بعلمه.. الآیة﴾[1] بەیانی هۆی ئینکاری ئەو کافرانە ئەکا بۆ قورئانی کەریم، وە ئەم ئایەتە چەن شتێ هەڵئەگرێ:

١. هەر کاتێ ئەوان ئایەتێکیان ئەبیست کە باسی سەرگوزەشتی قەومە قەدیمەکان بکا ئەیانوت: ئەمە هەمووی ئوستوورە و حیکایەتی کۆنە بیستوویەتی و ئەیگێڕێتەوە، وە فامی ئەوەیان نەبوو مەبەست لەو گێڕانەوە بەس گێڕانەوەی واقیعاتەکە نەبوو، بەڵکوو مەبەست تەوجیهی ئادەمیزاد بوو بۆ بەیانی قودرەت و تەوانایی خودا لەسەر تەسەڕوف لە جیهانا کە پاشایان کز ئەکا و داماوان بەرز ئەکاتەوە و کۆمەڵێ لائەبا و کۆمەڵێکی‌تر دێنێتە پێشەوە، وە هەروا مەبەست پەندوەرگرتنی ئادەمیزاد بوو کە دنیا بۆ کەس دەوامی نابێ لەسەر یەك حاڵ و پێویستە هەموو خاوەن دەستەڵاتێ کەوتنێکی ببێ بۆ ئەوە کە ئەوەندە بە خۆیان بایی نەبن.

٢. هۆی ئینکاریان ئەوە بوو هەر کاتێ حورووفی هیجایان ئەبیست وەکوو «الم» و وێنەی ئەوە و مەعناکەی حاڵی نەدەبوون گومانیان بە قورئان کز ئەبوو، وە خودا جوابی ئەمەی دایەوە بەوە کە قورئان «محکم» و «متشابە»ی هەیە و مانیع نییە

---

[1] یونس: ٣٩.

www.iqra.ahlamontada.com

ئەمانە کەس تەئویلیان نەزانێ خودا نەبێ، وە یاخود زانا بەرزەکان تەئویلی بزانن کە حەزرەت ﷺ سەرداری زانا بەرزەکانە.

٣. لەبەر ئەوە کە قورئان بە تەدریج و جوملە جوملە ئەهاتە خوارەوە ئەوانیش لەوە نیگەران ئەبوون و ئەیانوت: ئەمە چییە و بۆچی بە جارێ نەهاتە خوارەوە؟ خودایش وەڵامی ئەمەیشی دایەوە بەوە کە هۆی ئەمە ئەوەیە دڵی تۆ دابمەزرێنێ لەسەر حەق و ئیمانت رۆژ بە رۆژ بە مەعنەویاتی دینەکەت و ناجیحی خۆت زیاد ببێ و ئەسحابەکانیشت وردە وردە پلە پلە قورئانەکەت فێر ببن و لەبەری کەن و رەفتاری پێ بکەن.

٤. لەبەر ئەوە کە قورئان باسی حەشر و نەشری زۆر تیا بووە وە ئەوانیش ئولفەتیان بە شتی مەحسووسەوە بوو نەك بە مەعاد و ئوموری غەیبی [بۆیە] باوەڕیان نەدەکرد، وە خودایش حەشری بۆ ئیسبات ئەکردن بە دەلیلی ئیجادی ئەووەڵ جاریان لە نەبوونەوە.

٥. لە قورئاندا زۆر ئەمر هەبوو بە نوێژ و رۆژوو و عیبادەت، ئەوانیش ئەیانوت: خودا موحتاج نییە بە عیبادەتی ئێمە ئەم عیبادەتانەی بۆ چییە؟ ئەمانە درۆن! وە خودای تەعالا بە میهرەبانی جوابی ئەدانەوە، بە بەیانی ئەو ئاسارە کە لەو عیبادەتە بەدەنی و ماڵییە پەیدا ئەبن و تەوجیهی ئەکردن بۆ ئەوە کە ئادەمیزاد بە عەبەس دروست نەکراوە و پێویستە کە ئەنجامی پیرۆزی ببێ و ئەیفەرموو مەسەلا: ﴿أفحسبتم أنما خلقناكم عبثاً وأنكم إلينا لا ترجعون؟﴾[1].

واتە: خودای تەعالا لەگەڵ ناردنی ئایاتی بیر و باوەڕ و تاعەتا بە موناسبی شوێن ئیشارەی ئەکرد بە حیکمەت بۆ ئەو عەقیدە و ئەحکامانە کە دای ئەمەزراندن و

١. المؤمنون: ١١٥.

www.iqra.ahlamontada.com

ته‌وجیهی ئینسانی ئه‌کرد بۆ ته‌ماشای جیهان و ته‌ماشای نه‌فسی ئینسانی و ئه‌یفه‌رموو: «سنريهم آياتنا في الآفاق وفي أنفسهم»[١] وه ئیرشادی ئه‌کردن بۆ باوه‌ڕکردن به زات و سیفاتی خودا و ئینسانی ئاماده ئه‌کرد بۆ وردبوونه‌وه له خۆیا و حاڵی ئه‌کرد که تۆ وێنه‌ی بچووکی عاله‌می گه‌وره‌ی و ته‌ماشای خۆت بکه هه‌تا ئیحتیاجی و نیازمه‌ندیت به زاتی خودای بێ نیاز ده‌رکه‌وێ بۆت.

وه ئیرشادی ئه‌کردن بۆ رۆژی قیامه‌ت و کاتی «معاد» به هۆی «مبدأ»ه‌وه واته: چۆنم دروستکردوون له نه‌بوون وه‌ها له پاش مردن و رزاندنێ زیندووتان ئه‌که‌مه‌وه وه ئه‌م دووکاره به‌رابه‌ر به خودا یه‌کسانن.

وه ئیرشادی ئه‌کردن بۆ ئه‌وه قورئان که‌لامێکی غه‌یبییه و له لایه‌نی خوداوه هاتووه‌ته خوار. وه فه‌ساحه‌ت و به‌لاغه‌ت و ره‌سایی باسه‌کانی و جوانی مه‌عناکانی ده‌لیله له‌سه‌ر ئه‌وه که‌لامی خودایه.

وه له عه‌ینی حاڵدا به‌رزی قورئانی ئه‌کرد به ده‌لیل له‌سه‌ر ئه‌وه که موحه‌ممه‌د ﷺ پێغه‌مبه‌ری خودایه ئه‌گه‌رنا ئینسانی نه‌خوێنده‌وار بێ‌خه‌به‌ر له دینا و له ئه‌وزاعی ئیداره و بێ‌ئاگاداری له نیزام، ناتوانێ که‌لامی وه‌ها له لایه‌نی خۆیه‌وه دابنێ.

وه نیشانی ئه‌دان که فڕو فێڵ له‌گه‌ڵ خودای زانای ته‌واناد‌ا مایه‌ی زیانه بۆ ئینسان وه ئیخلاس و راستی مایه‌ی پیرۆزی و به‌ختیارییه له جیهانا و له رۆژی حسێبی کرده‌وه‌دا.

وه حاڵی ئه‌کردن که نوێژکردن دڵ و رۆح نوورانی ئه‌کا و دووری ئه‌خاته‌وه له کار و کرده‌وه‌ی فاحیشه و ناپه‌سه‌ند و له سته‌مکاری و نزیکی ئه‌کاته‌وه له خودا؛ چونکه ئه‌نجامی عیباده‌ت پاکی نه‌فسه و ئه‌نجامی پاکی نه‌فس نزیك بوونه‌وه‌یه له

---

١. فصلت؛ ٥٣.

www.iqra.ahlamontada.com

عالەمی قودسی و بە رۆژوو گرتن نەفس ئەشکێ و پاك ئەبێتەوە و لە زەکات و سەرفی ماڵ لە رێگەی خودا یاسای یارمەتی لە ناو ئادەمیزادا دائەنرێ وە بە حەج کردن یادی رەهبەران و دینداران تازە ئەبێتەوە.

هەروەها خودای تەعالا لەگەڵ ناردنی ئایاتا بە قەی موناسبی وەزع حیکمەتی دینی بۆ باس کردوون بۆ دامەزراندنی دڵیان.

خۆزگەم بەو کەسە بە بیرێکی ورد — بە هۆی ئیستیدلال یا بە بەراورد
بە نەفس و ئافاق بە وەزعی ئاسار — باوەڕی ئەکرد بە پەروەردگار
بزانێ عالەم پڕە لە ئەسرار — ئەسراری وەها پێی ناگا ئەفکار
ئاسمان و زەوی، وشکان و دەریا — پڕتەوی هەتاو ئەڕژێ بە سەریا
کان و گیای سەوز حەیوان و ئینسان — لە رووی جیهانا ریزدران یەکسان
ئادەمی وێنەی تەلیسمێکی بەرز — بوو بە هۆی تەعمیر لە بۆ تەختی عەرز
خەلیفەی خودا لە رووی جیهانا — گەورە مەخلووقە لە رووی ئیمکانا
وێنەی فریشتەی ئاسمانەکان — جیهان بەوانە دێتە سەر تەکان
ئەگەر بەدخوو بێ هارە یا مارە — یا دووپشکێکی خاوەن ئازارە
ئەگەر خۆش خوو بێ بە پەیکەر ئینسە — بە سیرەت هاوڕێی فریشتەی قودسە
نابێ ئەم دەورە سەما و سەرزەوی — بێ خالیقێکی تەوانای قەوی
نابێ ئادەمی بە نەزم و یاسا — بژێت و بمرێ و نەیەتۆ ئەوسا
حسێبێ نەبێ بۆ کردەوە و کار — جەزایێ نەبێ بۆ رۆژی قەرار
مەردان بە هێزی سەعادەتکاری — ئەگەن بە پایەی رێی بەختیاری
نامەردان بە حەق ئەگەن بە جەزا — حوکمیان ئەدرێ لە «دار القضا»
خیلافی عەقڵە ئینسانی عاقڵ — وێنەی دێوانەی بێکار و ماتڵ
خیلافی عەقڵە ئینسانی ئارام — بێتە سەر وەزنی ئینسانی بەدکام

www.iqra.ahlamontada.com

خیلافی عەقڵە مەردی بە ویژدان     هاوکێش بێ لەگەڵ شەقاوەی مەیدان
جا زۆر مەعقووڵە ئینسانی عاقڵ     هەرگیز لە تاعەت خۆی نەکا غافڵ
لەسەر تەوفیق و یارمەتی خودا     بە ئیخلاسی دڵ عیبادەت بکا
بە دڵ بجۆشێ لە بۆ ڕەزای ئەو     بە ڕۆح بنۆشێ دەوای قەزای ئەو
پاك بکاتەوە بە میزانی حاڵ     نەفسی ئەممارەی بۆ فەوزی کەماڵ
هەروا پاش ئەدای هەموو واجبات     پاش دووری و پارێز لە موحەڕەمات
خزمەتێ بکا بە پیرۆزی غەیر     بیکا بە پایەی ئایە و مایەی خەیر
تا مومکین ئەبێ ڕێگەیێ بگرێ     لە پاش مردنیا ناوەکەی نەمرێ
ئەمەیە ڕێگەی مەردی بەختیار     سامی و «نامی» بێ تا «یوم القرار»

﴿وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُونَ إِلَيْكَ﴾

لەو کافرانەیە کەسانێ کە دێن گوێ لە تۆ ئەگرن لە کاتی خوێندنەوەی قورئانا یا لە کاتی ئامۆژگاری ئەسحابەکانتا بەڵام بە نەوعێ کە سوود وەرنەگرن، واتە وتارەکەت بۆ ئەوە نابیسن کە ئیمانی پێ بێنن بەڵکوو بۆ ئەوە کە ڕەخنەی لێ بگرن و ڕەدی بکەنەوە، بە کورتی بیستنێکی زاهیری دوور لە حاڵی بوون لە مەعنای وتارەکە وەها «کأنه» نەیانبیستووە وە فامی مەعناکەیان نەکردووە.

﴿أَفَأَنتَ تُسْمِعُ الصُّمَّ وَلَوْ كَانُوا لَا يَعْقِلُونَ ﴿٤٢﴾﴾

جا ئایا ئەی خۆشەویست تۆ ئەتوانی قسەی بەسوود ببەیتە گوێچکەی ئینسانی کەڕەوە هەرچەن ئەوان عەقڵی ئەوەیان نەبێ لە مەعناکەی حاڵی بین؟ تەبعەن ناتوانی.

﴿وَمِنْهُم مَّن يَنظُرُ إِلَيْكَ﴾

وە لەو کافرانەیە کەسێ ئەڕوانێ بۆ لای تۆ بەڵام نەك بە تەماشایەکی بە سوود وەکوو بڕوانێ بۆ ڕەهبەرێ کە سوودی لێ وەربگرێ، بەڵکوو بە تەماشایێ وەکوو

www.iqra.ahlamontada.com

منداڵێ تەماشای عەرزێ بکا کانی زێڕ بێ وە هیچ نەفامێ ئەو عەرزە چی تیایە. یا وەکوو دوژمنێ بڕوانێ بۆ مامۆستایەکی بەرز بە شێوەی قارو کینە. وە «كأنه» تۆی نەدیوە و بەرابەر بە زاتی تۆ کوێرو بێ‌چاوە.

﴿أَفَأَنتَ تَهْدِي ٱلْعُمْيَ وَلَوْ كَانُوا۟ لَا يُبْصِرُونَ ﴿٤٣﴾﴾

جا ئایا تۆ ئەتوانی ئەوانە کە کوێرن شارەزایان بکەی بۆ ڕێگەی مەقسوود هەرچەن ئەوان کوێر بن و بەردەمی خۆیان نەبینن؟! تەبعەن نە.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظْلِمُ ٱلنَّاسَ شَيْـًٔا وَلَـٰكِنَّ ٱلنَّاسَ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٤٤﴾﴾

بە ڕاستی خودای تەعالا ستەم ناکا لە ئادەمیزاد بە هیچ نەوعە ستەمێ بەڵام ئادەمیزاد ستەم لە خۆیان ئەکەن وە ئەو ئەسباب و ئەعزایە کە پێمان داون وەکوو چاو و گوێچکە و هۆش کە وەکوو ئاوێنەی سافن و سوورەتی حەقایق وەرئەگرن، بە تۆزی عەناد و پشت هەڵکردن لە ڕاستی بێ سوودیان ئەکەن و خۆیان ئەکەن بە کەڕ و کوێر و نەفام و بێ‌هۆش و بێ‌ئیختیار.

ئیبنوقوتەیبەی دینەوەری لە ئایەتی: ﴿ومنهم من يستمع إليك﴾ وە ئیستینباتی کردووە کە گوێچکە بە سوودترە لە چاو بۆ ئینسان، بە دەلیلی ئەوە کە گوێی لەگەڵ عەقڵدا کردووە بە هاومیزان و نەمانی گوێچکەی کردووە بە هۆی نەمانی عەقڵ. وە لە ئایەتی دواییدا نەمانی چاوی کردووە بە هۆی نەمانی دیتن و بەس.

وە چەن دەلیلی‌تریشی هێناوەتەوە بۆ داواکەی وەکوو ئەوە کە بیستن دێتە جێ لە هەموو جانیبێکەوە بەڵام دیتن هەر لە بەرانبەرەوەیە، وە شاگردەکان سوود وەرئەگرن لە مامۆستا بە بیستنی وتارەکانیان و، پێگەیشتن لە کەمالاتی عیلمیەدا بەسراوە بە بیستنەوە نەك بە دیتنەوە، وە ئادەمیزاد لە بیستنی وتاری پێغەمبەرانەوە.

﴿وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ كَأَن لَّمْ يَلْبَثُوٓا۟ إِلَّا سَاعَةً مِّنَ ٱلنَّهَارِ يَتَعَارَفُونَ بَيْنَهُمْ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە لەو ڕۆژەدا کە خودای تەعالا ئەو کافرانە زیندوو ئەکاتەوە و لە نوستنی بەرزەخ هەڵیان ئەستێنێ و گردیان ئەکاتەوە لە کۆمەڵگادا ئەوە ماوەی ژیانی دنیایان یا ماوەی مانەوەیان لە گۆڕا لە عالەمی بەرزەخ‌دا وە یا ماوەی مانەوەیان لە هەردوولایانا وا دێتە بەر چاویان «کأنە» نەماونەتەوە ماوەیەکی کەم نەبێ لە ڕۆژێکی درێژا وە لە ناو خۆیانا لەو کاتە کەمەدا یەکتریان ناسیوە و ڕایان بواردووە.

﴿قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِلِقَآءِ ٱللَّهِ وَمَا كَانُوا۟ مُهْتَدِينَ ﴿٤٥﴾﴾

جا بە ڕاستی حاڵی ئەبن کە خەسارەت مەند بوون ئەو کەسانە باوەڕیان بە گەیشتن بە حوزووری خودا لە قیامەتا نییە و بە قەتعی شارەزا نەبوون بۆ ڕێگەی مەقسوود.

﴿وَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ ٱلَّذِى نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ ثُمَّ ٱللَّهُ شَهِيدٌ عَلَىٰ مَا يَفْعَلُونَ ﴿٤٦﴾﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست لە حاڵی ئەو کافرانە خۆت ماندوو مەکە و بزانە هەرچیم بەیان کردووە بۆ ئەنجامی ئەوان هەمووی دێتە جێ، جا یا بازێ لەو شتانە کە وادەم داوە بیهێنم بەسەریانا نیشانت ئەدەم کە بە چاوی خۆت ببینی وەکوو شکانی بەدر و، فەتحی مەککە و ، گرتنی هەوازین و غەیری ئەوانەیش. وە یا خود تۆ ئەهێنینەوە بۆ لای خۆمان، واتە ئەتمرێنین و گیانت وەرئەگرین و بەهەر حاڵ گەڕانەوەی هەموو ئەوان بۆ لای ئێمەیە و لە پاشا خودا حسێبیان ئەکێشێ و خۆی ئاگادارە لەسەر ئەو شتانە کە ئێستە ئەیکەن و لە خودا ون نابێ.

﴿وَلِكُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولٌ ۖ فَإِذَا جَآءَ رَسُولُهُمْ قُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْقِسْطِ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٤٧﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

بۆ هەر ئوممەتێ لە ئوممەتەکانی پێش تۆ وەکوو ئوممەتی بەنی‌ئیسرائیل و ئوممەتی قیبتی و، ئوممەتی هیندی و، ئوممەتی عەرەب و غەیری ئەمانە پێغەمبەرێ رەوانە کراوە و لە ماوەی ژیانا ئەحکامی خودای گەیاندووە پێیان، جا کاتێ پێغەمبەرەکەیان هاتووە بۆ لایان لە دنیادا و ئامۆژگاری کردوون و موعجیزاتی نیشان داون ئیشی تەبلیغاتی ئەوان تەواو کراوە بە عەدالەت، وە یاخود هەر ئوممەتێ رەسوول و رەهبەرێکی بووە لە دینا جا لە رۆژی قیامەتا لە کاتی حیسابا پێغەمبەرەکەیان حازر ئەکرێ، جا کاتێ پێغەمبەرەکەیان هات و شەهادەتی دا لەسەر رەفتار و بیر و باوەڕیان خودا بەو جۆرە و لەسەر ئەو شەهادەتی پێغەمبەرانە ئەڕوا، چونکی عیلمی هەیە بەوە راست ئەڵێن، وە حوکم ئەدرێ لە بەینی ئەوانا لەسەر شێوەی دادپەرستی و ئەوانە بە قەتعی ستەمیان لێ ناکرێ و جەزای بیر و باوەڕیان و کردەوەی باشیان زایە نابێ و، تاوانی کەس ناخرێتە سەرشانی کەس و هەرکەس بە میزانی خۆی پاداش یا تۆڵەی بۆ بڕیار ئەدرێ و، کەس نامێنێتەوە لە دۆزەخا لەوانە کە خاوەن دین بوون و ئیمانیان بووە بە خودا و پێغەمبەری خودا.

**لێرەدا چەن باسێ هەیە:**

[**باسی**] یەکەم: ئەمەیە ئەمە کە خودا فەرموویەتی هەموو ئوممەتێ پێغەمبەرێکیان بووە، رێك ناکەوێ لەگەڵ ئەوەدا کە مەشهوورە زەمانی «فترة» = بێ پێغەمبەری، بووە لە ناو عەرەبا لە بەینی زەمانی ئیسماعیل و زەمانی «محمد المصطفى»دا ﷺ.

وەڵامی ئەم شوبهە ئەمەیە: هەموو ئوممەتێ پێغەمبەری بۆ هاتووە، یەك، یا دوو، یا زیاتر لەوە لە زەمانێکدا یا بەرودوا وە لەسەر یاسای خودا کە قەت زیاد لە تاقەت تەکلیف لە کەس ناکا، ئەگەر زەمانێکی زۆری وەها رابوردبێ لە بەینی دوو پێغەمبەرا کە ئادابی دینی پێشوو کوێر بووبێتەوە و ئەحکامی لە بەرچاوی خەڵکا لە بیر

www.iqra.ahlamontada.com

چووبێتەوە ئەوە خودا عیقاب لەو قەومە ناکا، وەکوو ئوممەتی عەرەب لە بەینی زەمانی حەزرەتی ئیسماعیل و «محمد المصطفی»دا بە تایبەتی لە بەشی دواییدا لە بەرزکردنەوەی حەزرەتی عیساوە تا هاتنی پێغەمبەر ﷺ.

بۆیە زانایانی تەفسیر ماوەی بەینی ئیسماعیل و حەزرەت کە دەوری دوو هەزار ساڵە کردوویانە بە سێ بەشەوە، لە بەشی یەکەمدا تەکیلفات سابت بووە و هەرکەس موخالەفەی دینی ئیسماعیلی کردبێ کافر بووە، هەروا لە ئەوەڵی بەشی دووهەمیشەوە کە عەمری کوڕی «لُحَي» ڕۆیشت بۆ شام و بتی هێنا بۆ مەککە و دایمەزراند، بۆیە حەزرەت فەرموویەتی: عەمری کوڕی لوحەیم دی لە ئاگری دۆزەخا ڕێخۆڵەی خۆی ڕائەکێشا! وە بەشی سێهەمی لە موافیقی زەمانی عیساوە تا زەمانی حەزرەت ئادابی دین نەماوە ئەگەر شتێ لە ئوسووڵی دین دائیر بووبێ بە هۆی بت هێنان و قیل و قالەوە لە بیری خەڵك دەرچووە، بۆیە بڕیار دراوە کە ئادەمیزادی عەرەب لەو ماوەدا لە ئەهلی «فترة» واتە سستی و بچڕانی وەحی ئەناسرێن و موکەللەف نین بە ئیمان و بە کافر ناناسرێن و سزایان نییە، وەکوو خودا فەرموویەتی:

﴿وما کنا معذبین حتی نبعث رسولاً﴾[1] وە فەرموویە: ﴿رسلاً مبشرین و منذرین لئلا یکون للناس علی اللّٰه حجة بعد الرسل﴾[2] وە فەرموویەتی: ﴿ولو أنا أهلکناهم بعذاب من قبله لقالوا ربنا لولا أرسلت إلینا رسولاً﴾.[3]

بە کورتی ڕەوانەکردنی پێغەمبەر بۆ سەر ئوممەتێ مونافی نییە بۆ پەیدا بوونی عەهدی فەترەت، چونکی مادام ماوە زۆر بوو زانایانی دین کەم بوون و تەبلیغات ڕەسا نەبوو ئەوە لەو چەرخەدا دین ون ئەبێ و ئادەمیزاد ئیستیفادە ناکەن.

---

١. الإسراء؛ ١٥.

٢. النساء؛ ٦٥.

٣. طه؛ ١٣٤.

www.iqra.ahlamontada.com

هەروا ئەو ئوممەتانە کە لە پێش ئەم زەمانی ئێمەدا لە جەزیرە دوورەکانی ناو دەریادا بوون و لە کێوە بەرزەکانا بوون و ئادابی دینیان پێ نەگەیشتووە... ئەوانەیش موکەللەف نەبوون بەڵام لە زەمانی ئێمەدا تەبلیغات بە هۆی قورئانی ئێزگەکان و رۆژنامەوە ئەهلی فەترە کەم بوونەتەوە یا هەر نەماون.

باسی دووەم: خودای تەعالا فەرموویە: ﴿یا أهل الکتاب قد جاءکم رسولنا یبین لکم علی فترة من الرسل أن تقولوا ما جاءنا من بشیر ولا نذیر، فقد جاءکم بشیر و نذیر والله علی کل شيء قدیر﴾ (ئایەتی نۆزدەی سوورەتی مائیدە) واتە: ئەی ئەهلی کیتاب! ئەی ئەهلی تەورات و ئینجیل وا بە راستی پێغەمبەری ئێمە موحەممەد هات بۆ لاتان لە کاتی سستی و بڕانەوەی تەبلیغاتی دین لە لایەنی پێغەمبەرانەوە و ئەو پێغەمبەرەیش بۆ ئەوە هات نەبادا عوزر بێننەوە لە وەختی حسێبا بڵێن: ئێمە مەعزوورین و موکەللەف نین؛ چونکی رەهبەری موژدەدەر بە فەرمانبەر و ترسێنەر هات بۆ لاتان ئیتر عوزرتان نەما لە لای خودا.

ئەم ئایەتە نەسە لەوەدا کە پێغەمبەری ئێمە ﷺ لە زەمانی فەترەتدا رەوانە کراوە و زەمانی فەترەت عیبارەتە لەو زەمانە کە یاسای عەقیدە و ئەحکام بە رێکی نەمابێ و بە هۆی دەست بۆ بردن و هەوابازییەوە تێك‌چووبێ، ئەگەرنا دیارە کە ئوسووڵی دینی مووسا ﵇ وە یاسای دینی عیسا لە ناو کیتابییەکانا ماوەتەوە بەڵام بە دەست بۆ براوی. جا لە شکی ئەوە ئەو چەرخە زەمانی فەترەت بووبێ بۆ ئەوان کە دووری لە ئوممەتەکەیەوە دەوری شەسەد ساڵ و کوسوور بووە بە «طریق‌الأولی» نیسبەت بە عەرەب کە دینی ئیسماعیل ﵇ بە رووناکی نەمابووەوە دەوری فەترەتیان موحەقەق بووە و مەسئوولییەتی دینی نەماوە بۆ ئەوان. وە بە نەسی: ﴿أن تقولوا ما جاءنا من بشیر ولا نذیر﴾ دەرئەکەوێ لەو چەرخەدا کە چەرخی بچڕانی وەحی بووە مەجالی

www.iqra.ahlamontada.com

تەکلیف نەماوە. جا لەم موقەدیماتە قەتعییەوە دەرکەوت کە عەرەبی جاهیلییەت لە ماوەی شەشسەد ساڵ پێش رەوانەکردنی پێغەمبەرﷺ لە عەهدی فترەتدا بوون و بە کافر ناناسرێن بە مەعنای مونکیری دەعوەتی پێغەمبەر، وە لە پاش مردن جێگەیان بەهەشتە هەرچەند پایەیان کەمتر بێ لە پایەی موسوڵمانەکان بە چەند پایە.

وە ئاشکرایە باوك و باپیرەی حەزرەتﷺ لەو ماوەدا لە ئەهلی فەترەت بوون، وە عەبدوڵڵای باوکی چل ساڵ وە ئامینەی دایکی سی‌وچوار ساڵ لە پێش بوونی موحەممەدا بە پێغەمبەر مردوون و بە قەتعی ئەمانە بە موشریك و بە کافر ناناسرێن و، ئیستیغفار کە دروست نییە بۆ موشریکین بۆ ئەو موشریکانەیە کە کوفر و ئیشراکیان مەعلووم بێ، وەکوو خودا فەرموویەتی: ﴿من بعد ما تبين له أنهم أصحاب الجحيم﴾ (ئایەتی ١١٣ی تەوبە). وە هەر حوکمێ موخالیفی ئەمەبێ مەردوود و بێ‌بایەخە چونکی موخالیفی نوسووسە، وە هەر ریوایەتێ کرابێ لەم هۆوە لەسەر سزای ئەهلی فەترەت یا ئیسنادەکەی زەعیفە وە یا ئیسنادەکەیشی هێزی ببێ رەفتاری پێ ناکرێ لە بیر و باوەڕا؛ چونکی دەلیلی ئیعتیقادیات ئەبێ قەتعی بێ و ئەخباری ئاحاد مووجیبن بۆ «زەن» وە خودا فەرموویەتی: ﴿إن الظن لا يغني من الحق شيئاً﴾[١] وە ئەمە دیارە ئیعتیقاد لەسەر عیلم و بورهانە وە ئەحکامی عەمەلی لەسەر تەقیلد و ئیجتیهاد و «زەنە».

وە عەلامە ئەحمەدی کوڕی ئەبووبەکری خەتیبی قەستەلانی لە کتێبی «المواهب اللدنية» جوزئی یەکەم لاپەڕە (٣٥)دا بەیانی ئەوەی کردووە کە فەرموودەی ئیمامی نەوەویؒ لە باسی سزای ئەهلی فەترەتدا مەقبووڵ نییە.

---

١. یونس؛ ٣٦.

www.iqra.ahlamontada.com

وە تەرجومەی مەواهیب ئەمەیە ئەفەرمویت: بە راستی زانای زۆر بەرز ئەبووعەبدوڵڵای مالیکی لە حاشیەی سەحیحی موسلیمدا تەعقیبی فەرموودەی ئیمامی نەوەوی کردووە لەوەدا کە یەکێ لە ئەهلی فەترەت لەسەر بتپەرستی مردبێ وا لە ناو ئاگری دۆزەخا. ئەڵێ: بڕوانە بۆ ئەو تەنافییە وا لە کەلامی نەوەویدا! خەڵکی قسەیان لە ئەهلی فەترەت لەو بەشەدایە کە دەعوەتیان پێ نەگەیشتبێ بە رەوانی و راستی، وە ئەوانە کە دەعوەتیان پێگەیشتووە بە راستی لە ئەهلی فەترەت ناژمێررێن؛ چونکی فەترەت ئەو ئوممەتانەن کە وان لە بەینی زەمانی بڕانەوەی تەبلیغاتی پێغەمبەرە پێشووەکان و پێش زەمانی هاتنی پێغەمبەری تازەدا، وەکوو ئەو ئەعرابانە کە عیسا رەوانە نەکراوە بۆ لایان و نەیشگەیشتوون بە زەمانی ریسالەتی «محمد المصطفى»دا.

وە فەترەت بەم مەعنا شامیلە بۆ مابەینی هەموو دوو پێغەمبەرێ کە تەبلیغات لە بەینیانا بڕابێتەوە وەکوو مابەینی نووح و هود ﴿عليهما السلام﴾ بەڵام فوقەها کە باسی فەترەت ئەکەن ئەوە مەبەستیان مابەینی زەمانی حەزرەتی عیسا و حەزرەتی موحەممەدە ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ وە بوخاری ﴿رحمه الله﴾ نەقڵ ئەکا لە سەلمانەوە ﴿رضي الله عنه﴾ کە ئەو بەینە شەشسەد ساڵ بووە وە ئەدیللەی قاتیعە دەلالەت ئەکەن لەسەر ئەوە سزا نییە هەتا حوجەت دێتە سەر قەومەکە بە تەبلیغاتی پێغەمبەران.

جا ئەگەر تۆ ئەڵێی چەن حەدیسی سەحیح هەیە لەسەر سزای ئەهلی فەترەت، وەکوو حەدیسی: «رأيت عمرو بن لحي يجر قصبه في النار»، «ورأيت صاحب المحجن في النار، وهو الذي يسرق الحاج بمحجنه فإذا بصر به قال: إنما تعلق بمحجني» ... ئەڵێم: جوابدراونەتەوە بە چەن جواب:

یەکەم: ئەمانە ئەخباری ئاحادن و هێزی موعارەزەی دەلیلی قەتعییان نییە.

دووهەم: ئەوەیە کە سزا بەس بۆ ئەو چەن کەسە بووە لەبەر دەلیلی تایبەتی.

www.iqra.ahlamontada.com

سێهەم: ئەو حەدیسانە بۆ سزادانی ئەو کەسانەیە کە چاکیان هەڵکرد بۆ درۆ و دەلەسە و گۆڕانی دینە راستە پێشووەکە بە جۆرێ کە مەغدوور نەبێ تیایا وەکوو «بت» دامەزراندن بۆ پەرستیاری و گۆڕینی قەواعیدی دین؛ چونکی ئەهلی فەترەت بە مەعنای عام سێ بەشن:

[بەشی] یەکەم: ئەوانە کە دەرکی تەوحیدیان کردووە بە نووری دڵ و رووناکی بەسیرەتی خۆیان جا ئەمانە بازێکیان داخڵی دینی هیچ پێغەمبەرێ نەبوون و خۆیان بە «موحد»ی ماون، وەکوو «قیس بن ساعده» و، «زید بن عمرو بن نفیل» وە بازێکیان داخڵ بوون لە دینی پێغەمبەرێکدا، وەکوو «تبع» و قەومەکەی لە «حمیر» و، ئەهلی نەجران و، وەرەقەی کوڕی نەوفەل و، عوسمانی کوڕی حوەیریس، کە مامی نەوفەل بووە و داخڵی دینی عیسا بوون.

بەشی دووهەم: ئەوانەن کە دینەکەیان گۆڕیوە و خەڵکیان بەرەو گومڕاهی بردووە و دەستیان کردووە بە تەشریعات و تەحلیل و تەحریم، ئەم بەشە زۆربەکەیانن، وەکوو عەمری کوڕی لوحەیی کە یەکەم کەسێ بووە کە عیبادەتی بتی دامەزراند و «بحیرة» و «سائیبة»ی بڕیاردا و «وصیلة»ی قەرار دا وە عەرەب کەوتنە شوێنیان، کە ئەمانە زۆر نامەرد و بەدبیرن.

بەشی سێهەم: لە ئەهلی فەترەت ئەوانەن کە تەوحیدیان نەکردووە و ئیشراکیشیان نەکردووە و داخڵی شەرعی کەس نەبوون و دینێکی تازەیان بۆ خۆیان بڕیار نەداوە بەڵکوو لە ماوەی ژیانی خۆیانا بە غافڵی و سادەیی ماونەتەوە، وە لە جاهیلییەتا زۆر زۆر کەس لەم جۆرە بوون.

جا مادام ئەهلی فەترەتی بە مەعنا عام ئەم سێ بەشە بن هەرکەسێ لەوان کە تەعزیبی لە حەدیسی سەحیحدا سابت ببێ حەمل ئەکرێ لەسەر ئەهلی بەشی

www.iqra.ahlamontada.com

دووەم لە خاوەن تەبدیل و تەزلیل و دین دروستکەری گومڕاھ، وە ئەم بەشە هەموو بە موشریك و کوفار ناوبراون لە قورئانا، تەماشا ئەکەین ئەو کەسانە کە بەحیرە و، وەسیلە و سائیبە و حامیان کردووە خودا بە کافری ناو بردوون، وەکوو فەرموویە: ﴿ما جعل اللّٰه من بحيرة ولا سائبة﴾[1] لە پاشا ئەڵێت: ﴿ولكن الذين كفروا يفترون على اللّٰه الكذب وأكثرهم لا يعقلون﴾.[2]

وە بەشی سێهەم: بە راستی ئەوانە ئەهلی فەترەت بوون و بە هیچ شێوەیێ سزایان نەبووە.

بەڵام بەشی یەکەم وەکوو «قەیسی کوڕی ساعیدە» و «زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نوفەیل» ئەوە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی دەرحەق بە هەرکامیان «إنه يبعث أمة واحدة»، بەڵام عوسمانی کوڕی حوەیریس و وەرەقەی کوڕی نەوفەل ئەوانە داخڵی دینی حەق بوون کە دینی خودایی بوو، وە نەگەیشتوون بە دینی ئیسلامی عەهدی حەزرەت و، ئەوانە شوبهە نییە کە وەکوو باقی ئەهلی دینن لە موسوڵمانان هەتا ئەگەن بە دینی ناسیخ بۆ ئەو دینە. (لێرەدا تەرجەمەی عیبارەتی «المواهب اللدنية» بڕایەوە).

وەلحاسڵ گەلێ دەلیلی رووناکی بێشوبهە لە ئایەتی قورئانی پیرۆزا هەیە کە حەزرەت ﷺ لە عەهدی فەترەتدا رەوانە کراوە و ئەو ئوممەتە کە لە پێش هاتنی ئەودا لە وڵاتا بوون ئەهلی فەترەت بوون:

یەکەم: ئایەتی: ﴿يا أهل الكتاب قد جاءكم رسولنا يبين لكم على فترة من الرسل...﴾ ئایەتی (١٩) سوورەتی مائیدە.

---

١. المائدة؛ ١٠٣.

٢. المائدة؛ ١٠٣.

www.iqra.ahlamontada.com

دووهەم: ئايەتي: ﴿لتنذر قوماً ما أتٰهم من نذير من قبلك لعلهم يهتدون﴾ ئايەتي (٣) سوورەتي سەجدە.

سێهەم: ئايەتي: ﴿لتنذر قوماً ما أنذر آباؤهم فهم غافلون﴾ ئايەتي (٦) سوورەتي ياسين.

وە چەن ئايەت هەن دەليلن لەسەر ئەوە كە ئەهلي فەترەت سزا نادرێن وەكوو ئايەتي: ﴿وما كنا معذبين حتى نبعث رسولاً﴾ ئايەتي (١٥) سوورەتي ئيسراء.

وە وەكوو ئايەتي: ﴿لئلا يكون للناس على اللّٰه حجة بعد الرسل﴾ ئايەتي (١٦٥)ی سوورەتي مائيدە.

جا لەم مەقامەدا دەليلێكي قەتعي لە شكڵي ئەوەڵ دروست ئەبێ لەسەر ئەوە كە باوك و دايكي حەزرەت و غەيري ئەوانيش لەوانە كە لە عەهدي فەترەتدا بوون سزايان نەبووە و نييە، تەقريري ئەو دەليلە بەم شێوەتانێ: باوك و دايكي حەزرەت ﷺ و وێنەی ئەوان ئەهلي فەترەت بوون وە هەركەس لە عەهدي فەترەتدا بووبێ سزای نييە، نەتيجە ئەدا كە باوك و دايكي حەزرەت ﷺ سزايان نييە. دەليلي موقەددیمەی يەكەم سێ ئايەتە پێشووەكەيە و دەليلي موقەددیمەی دووهەميش دوو ئايەتە دوايیەكەيە.

وە ئەو حەديسانە كە ريوايەت كراون لە عائيشەوە ﵂ كە لە ساڵي «حجةالوداع»دا پێغەمبەر ﷺ لە رێگەدا رۆيشتە «حەجون» بە زويری و گەڕايەوە بە خۆشي و شادي و گێڕايەوە بۆ عائيشە كە خوداي تەعالا ئامينەی دايكي بۆ زيندوو كردەوە و ئيماني پێ هێنا. «رواه الطبراني بسنده».

وە ئەو حەديسەيش كە سوهەيلي و خەتيب ريوايەتيان كردووە لە عائيشەوە كە خوداي تەعالا باوك و دايكي حەزرەتي زيندوو كردووەتەوە بۆی و ئيمانيان پێ

www.iqra.ahlamontada.com

هێناوە ئەوە ئەو زیندووکردنەوە و ئیمانهێنانە لەبەر دەفعی عەزاب نەبووە لەوان و بەڵکوو لە بەر تەشریف و رێزیان بووە لەبەر پایەی حەزرەت کە بگەن بە شەرفی ئیسلام و ببن بە دوان لە ئەفرادی ئوممەتی حەزرەت ﷺ چونکی ئیسباتمان کرد کە بەشی سێهەم لە ئەهلی فەترەت موکەللەف نەبوون.

وە ئەو قسانە کە وتراوە: بە زیندووکردنەوە لە پاش مردن ئەحکام ناگۆڕرێ ئەوە پووچە؛ چونکی ئێمە ئیعتیباری ئیحیا ناکەین بە وەسیلە بۆ دەفعی عەزاب و حوکمی عەزاب لەسەر ئەوان نەبووە، بەڵکوو ئەم زیندووکردنەوە لەبەر رێز و تەشریف بووە بە شێوەی «خرق‌العادە» وەکوو زیندووکردنەوەی مردوو بۆ عیسا ؑ.

وە هەر شتێ موخالیفی ئەمانە ریوایەت کرابێ جێگەی ئیعتیبار نین لەبەر ئەوە کە نەسی قاتیع هەیە لەسەر ئەوە عەهدی بەشی ئاخر لە عەرەبی جاهیلییە بەشی فەترەتە و ئەو بەشە موکەللەف نەبوون، وە حەدیسی ئاحاد موعارەزەی قاتیع ناکا. وە بە تایبەتی ئەو ریوایەتە کە لە عائیشەوە کراوە بۆ زیندووکردنەوەیان لە ساڵی «حجةالوداع» بووە کە کەوتووتە زەمانی دامەزرانی فوتوحات بۆ حەزرەت ﷺ و زەمانی باراندنی بارانی رەحمەت بووە بە زۆری لەسەر حەزرەتا ﷺ وە لەسەر ئەتباع و پەیوەندەکانی رضی‌الله‌عنهم.

ئەمەی باسم کرد ئەی برای جەلیل / لە ریـوایـات و ئـایاتی جـەلیل
مـەبەستم تـەنیا تـەحقیقی حـاڵە / تـەحقیق بۆ ئینسان مایەی کەماڵە
ریـوایـەت هـەرچەند بـە عـینایەتە / کەی هێزی بە قەی نەسی ئایەتە؟
ئەو مەتنی زەننی و مەعنای زەننییە / ئـەم یـەکەم لەفزی نـەسی قـەتعییە
مەعنایشی کاتێ نەس بوو یا زاهیر / لەسـەر خـوسووما ئـەبێ بـە قـاهیر
ئیتر پێت نـاوێ بـە تۆزی گـومان / بــکەویتە نــاو زەعــیفی ئـیمان
ئاگات لە خۆت بێ ئەم باسە گوڵە / گـوڵ کـاتێ درا بـەستەی موشکوڵە

www.iqra.ahlamontada.com

عـــاتیفە نـــییە رووی حـــەقیقەتە پـەیڕەوی نـوسووس لە شـەریعەتە
دیـــن وا دامـــەزرا لە بـــۆ ئـــیعتیقاد هەر قـاتیع ئەبێ بە مـایەی رەشاد
مـــەوزووعی ئـــێمە گـــەلێ نـــازارە لادان لە رێـــگەی مـــایەی ئـازارە

﴿وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٤٨﴾﴾

وە کافرەکان بە شێوەی گاڵتە پێکردن ئەڵێن: لە چ کاتێکدا ئەو سزایە کە ئێمەی پێ ئەترسێنن دێتە جێ؟ دە ئەگەر راست ئەکەن پێمان بڵێن!

﴿قُل لَّآ أَمْلِكُ لِنَفْسِى ضَرًّا وَلَا نَفْعًا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ﴾

ئەی خۆشەویست لە وەڵاما پێیان بڵێ: من خاوەنی هیچ زیان و سوودێ نیم بۆ خۆم چ جایێ بۆ ئێوە؟ دەی وەکوو ناتوانم لە خۆمەوە نەخۆشینێ یا رزگاری لە ئازارێ بۆ خۆم دەردەست بکەم بۆ ئێوەیش هیچم لە دەستا نییە مەگەر خودا خواستی لەسەر شتێ ببێ لە سوود یا لە زیان وە بە ئەمری ئەو بێت بەسەرما بەڵام ئەوەندە بزانن کە:

﴿لِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ إِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ فَلَا يَسْتَـْٔخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ﴿٤٩﴾﴾

لە بۆ نەمانی هەموو ئوممەتێ وادەیێ بڕیار دراوە لە عیلمی خودادا، کاتێ ئەو وادە و ئەو کاتە هات ئیتر مەیدانی بەر و دوای نییە و ناتوانن بیخەنە کاتی دواوە وەکوو ناتوانن بیخەنە پێشەوە. واتە ئەو ئەجەلە قابیلی گۆڕان نییە.

﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُهُۥ بَيَٰتًا أَوْ نَهَارًا مَّاذَا يَسْتَعْجِلُ مِنْهُ ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿٥٠﴾﴾

تۆ بڵێ، ئەی خۆشەویست، بەو کافرانە: پێم بڵێن: ئەگەر ئەو سزا دیاریکراوە بێت بۆتان لە شەوا یا لە رۆژا کامیان بە لاتانەوە جوانە و موناسبی حاڵە و ئەو موجریمانە

www.iqra.ahlamontada.com

کە ئێوەن خواستتان لەسەر زوو هاتنی کامیانە؟ دیارە ئینسان هیچ سزایەکی ناوێ. واتە ئەو پەلە پەلە کە لە ئێمەی ئەکەن لەبەر ئەوەیە گاڵتەمان پێ ئەکەن و وا ئەزانن کە درۆ ئەکەین، ئەگەر بتانزانیایە راست ئەکەین پەلەپەلتان نەدەکرد؛ چونکی ئینسان لە حاڵی خۆیا حەز لە هیچ ئازار و بێزارێ ناکا.

﴿ أَثُمَّ إِذَا مَا وَقَعَ ءَامَنتُم بِهِۦٓۚ ءَآلۡـَٰٔنَ وَقَدۡ كُنتُم بِهِۦ تَسۡتَعۡجِلُونَ ﴿٥١﴾ ﴾

ئایا لەبەر ئەوە پەلە ئەکەن کاتێ کە عەزابەکە بێتە سەرتان ئیمان و باوەڕتان ئەهێنا بەوە کە ئەوە عەزابە مەوعوودەکەیە و وەعدەکەی خودا راست بووە و ئیمانتان پێ ئەهێنا ئەوە سوودی نابێ بۆ ئێوە؛ چونکی خودا لەو کاتەدا ئەفەرموێت، بە ئیستینکارەوە: ئا ئێستە باوەڕی پێ ئەکەن وەلحاڵ لە پێشدا پەلەپەلتان ئەکرد لە رووی گاڵتەپێکردنەوە و لە رووی بێباوەڕییەوە؟!

واتە ئەگەر باوەڕتان بە عەزابەکە باوەڕی خۆشەویستییە ئەوە مەحاڵە؛ چونکی کەس خواستی لەسەر ئازاری خۆی نییە، وە ئەگەر بۆ ئەوەیە لەو کاتەدا دێت باوەڕی پێ بکەن ئەوە ئەو باوەڕە بێسوودە.

﴿ ثُمَّ قِيلَ لِلَّذِينَ ظَلَمُواْ ذُوقُواْ عَذَابَ ٱلۡخُلۡدِ ﴾

لە پاش ئەوە کە قیامەتیان بۆ هات ئەوترێ بەو کەسانە کە ستەمیان لە خۆیان کرد بە هۆی ئینکاری خودا و پێغەمبەرەوە: بچەژن سزای نەبڕاوەو هەمیشەیی.

﴿ هَلۡ تُجۡزَوۡنَ إِلَّا بِمَا كُنتُمۡ تَكۡسِبُونَ ﴿٥٢﴾ ۞ ﴾

ئایا ئێوە جەزا ئەدرێنەوە مەگەر بەو کردەوانە و بەو بیر و باوەڕانە کە وەرتان ئەگرت و ئەتان کرد و بە باوەڕی راست و کردەوەی باشتان ئەزانین؟

﴿ وَيَسۡتَنۢبِـُٔونَكَ أَحَقٌّ هُوَۖ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە لە پاش ئەوە کە ئیسباتمان کرد وجوودی خودای پەروەردگار حەقە و ریسالەتی پێغەمبەر راستە، پرسیارت لێ ئەکەن: ئایا ئەوەی بڕیارتان دا راستە؟

﴿قُلْ إِي وَرَبِّيٓ إِنَّهُۥ لَحَقٌّ وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ ﴿٥٣﴾﴾

تۆ لە وەڵامی ئەم پرسیارەی ئەوانا دڵگران مەبە و مەڵێ لە پاش ئەوە بۆمان ئیسبات کردن ئیتر بۆچی پرسیار ئەکەن و، بە شێوەی خۆیان کە بۆ هێزدان بە وتاری خۆیان سوێندی لەگەڵا ئەخۆن تۆیش سوێند بخۆ و بڵێ: بەڵێ ئەوەی بەیانمان کرد بۆتان قەسەم بە پەروەردگاری خۆم! راستە و لەسەر عەناد و ئینکارەکەیشتان خودا ئازارتان ئەدا و ئێوە لەوانە نین کە خودا ماندوو بکەن لە بەجێهێنانی ئەوەی بڕیاری داوە.

﴿وَلَوْ أَنَّ لِكُلِّ نَفْسٍ ظَلَمَتْ مَا فِى ٱلْأَرْضِ لَٱفْتَدَتْ بِهِۦ﴾

جا بزانە ئەی خۆشەویست ئەگەر بۆ هەر نەفسێ لە نفووسی ئەو کافرانە کە ستەمیان لە خۆیان کردووە بە عەناد لەگەڵ خودا و پێغەمبەری خودادا هەموو خەزێنە و دارایی عەرز ببێ ئەیدا بە فیدیەی رزگاری خۆی لە عەزاب.

﴿وَأَسَرُّوا۟ ٱلنَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ﴾

وە پڕ بە دڵی خۆیان پەشیمانی ئەخۆنەوە و پەشیمان ئەبنەوە لەو بیر و باوەڕە نابارە و لەو کردەوە ناهەموارانە کە لە دنیادا کردوویانە لە کاتێکدا سزای خۆیان و هاووێنەی خۆیانیان چاو پێکەوت.

﴿وَقُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْقِسْطِ﴾

بەڵام ئەو پەشیمانییە لەو رۆژەدا سوودیان پێ نادا و حوکم ئەدرێ لە ناویانا بە عەداڵەت.

﴿وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٥٤﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە بە هیچ شێوەیێ ستەمیان لێ ناکرێ؛ چونکە خودا عادڵ و دادگەری راستە و تۆڵەی کردەوەیش لە جینسی کردەوەیە و ئەو بیر و باوەڕە ناشیرینی ئەوانە و ئەو کردەوە ناپەسەندانە ئەبێ جەزای وابێ کە ئەوان ئەیبینن.

﴿أَلَآ إِنَّ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾

ئاگادار بن بە راستی هەرچی وا لە ئاسمانەکانا و هەرچی وا لە عەرزا موڵکی خودایە.

﴿أَلَآ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ﴾

وە ئاگادار بن کە وەعدەی خودا بە جەزای ئەوانە کە تەبلیغات کراون بە یاسای دین حەقە و راستە.

﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٥٥﴾﴾

بەڵام زۆربەی ئەوانە ئەمە نازانن.

﴿هُوَ يُحْىِۦ وَيُمِيتُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٥٦﴾﴾

خودا ئەوەندە خاوەن دەستەڵاتە مردوو زیندوو ئەکا و زیندوو ئەمرێنێ و ئێوە بۆ لای ئەو ئەگێڕرێنەوە.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَتْكُم مَّوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَشِفَآءٌ لِّمَا فِى ٱلصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴿٥٧﴾﴾

ئەی ئادەمیزاد وا بە راستی لە لایەنی خودای میهرەبانەوە کتێبێکتان بۆ هات کە ئامۆژگارییە بۆ ئێوە و زەجرتان ئەکا لەوە کە دڵ بدەن بە لەزەتی نەفسانی بێدەوام، وە بیبەستن بە تێکەڵی ئەو کردەوە ناشرینانە کە تووشی رسوایی جیهان و ئازاری قیامەتتان ئەکا، وە بە هۆی تەئسیری دەرمانی ئامۆژگارییەوە ئەبێ بە شیفا و رزگاری

www.iqra.ahlamontada.com

لەو نەخۆشینە نەفسیانە کە لە عەلاقاتی فاسیدە پەیدا ئەبن و جێگەگیر بوون لە ناو دڵ و دەروون و سینەتانا، وە پاش ئەوە کە شیفاتان بۆ بوو و هاتنەوە سەر خۆتان هەر ئەو کتیابە ئەبێ بە هۆی هیدایەت و شارەزاکردن بۆ ئەو کەسانە کە ئامادەن بۆ ئەوە بڕۆنە ناو ریزی خاوەن ئیمانانەوە.

کەسێ نەخۆش بێ سەرزەنش ئەکرێ — لە هـۆی نـەخۆشی پـارێزێ بـگرێ
جـامی دەرمـانی وەهـای پـێ ئـەدرێ — تـا لەو ئـازارە رزگـاری بـکرێ
کـە شـیفای بـۆ هـات هـاتەوە سـەرخۆ — دێـتە قـازانـجدان بـە مـن و بـە تـۆ
چونکا نەخۆش بوو چاکتر لە دوکتوور — بـوو بـە دەوانـاس لە رەش و لە سـوور
قـوڵ هـەڵئەماڵێ بـۆ دەرمـانکردن — بـۆ چـاری نـاساغ لە دەردی مـردن

﴿قُلْ بِفَضْلِ ٱللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُوا۟﴾

تۆ ئەی خۆشەویست بڵێ پێیان با هەر بە فەزڵ و رەحمەتی خودا و بە دەوای ئایاتی قودسی و چاری نەخۆشینی نەفسی دڵیان شاد بێ و کەیفیان خۆش بێ.

﴿هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ﴿٥٨﴾﴾

ئەو فەزڵی خودایە و ئەو دەوایە کە هۆی شیفایە زۆر چاترە لەو داراییە کە گردی ئەکەنەوە کە لە دنیادا ئەبێ بە عار و لە پاشەڕۆژا ئەبێ بە عەزاب. لێرەدا عەزاب و لەوێدا عەزاب.

﴿قُلْ أَرَءَيْتُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلَٰلًا قُلْ ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ أَمْ عَلَى ٱللَّهِ تَفْتَرُونَ ﴿٥٩﴾﴾

ئەی خۆشەویست تۆ پێیان بڵێ: ئەوان کە رێگەی ئێمە بە باش نازانن هەرچەن عالەم بانگ ئەکا بۆ رۆیشتن بە رێگەی ئیتاعەی خودادا ئەی بۆ تەماشای حاڵی

www.iqra.ahlamontada.com

خۆتان ناکەن و بۆ خەبەرمان نادەنێ لە تەقسیمی ئەو رۆزییەدا کە خودا بۆی ناردوونەتە خوارەوە؟ واتە ئاوی باراندووەتە خوارەوە، گیای رواندووە بۆ گیانلەبەران، وە باخی پێگەیاندووە بە میوە و بەری رەنگامەی جوان و کشتوکاڵی هێناوەتە حاسڵات بۆ ژیوار و ژیان وە ماڵیاتی پێ بەخێو ئەکا بۆتان بۆ ئەوە بە شیر و ماست و دۆ و رۆن و پەنیر و کەشکەکەیان قنیات بکەن وە لە خوری و موو مەرەز و کورك و بەرگنەکەیان بەرگ و پۆشاك و نوێن و رایەخ و سەرین دروست بکەن، کەچی ئێوە لە باتی ئیستیفادەکردن و سوپاس گوزاری خودا هاتن بازێکتان حەرام کرد و بازێکتان حەلاڵ کرد ئایا ئێوە خودا ئیجازەی پێدان وا بکەن یا هەر درۆ هەڵئەبەستن بە ناوی خوداوە؟

﴿ وَمَا ظَنُّ ٱلَّذِينَ يَفۡتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ ﴾

ئەوە گومانی ئەو کەسانە بە حاڵی خۆیان لە رۆژی قیامەتا چۆنە کە درۆ هەڵئەبەستن لەسەر خودا؟ ئایا وا ئەزانن مەسئول نابن؟

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضۡلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَشۡكُرُونَ ﴿٦٠﴾ ﴾

بە راستی خودای تەعالا فەزڵ و نیعمەتی زۆرە لەسەر ئادەمیزاد بەڵام زۆربەیان سوپاسی ئەو نیعمەتانەی خودا ناکەن. وە لەو نیعمەتانەیە کە زوو حەقیان لێ ناسێنێ بەڵکوو تەوبە بکەن.

جا ئەمجار خودای تەعالا دڵخۆشی حەزرەت ئەداتەوە بەوە کە هەموو کار و بارێکی کەم و زۆر هەموو خودا ئاگادارە لەسەریان و ئەیانکا بە هۆی پایە و مایەی دنیا و قیامەت و ئەیانکا بە هۆی مەحەببەت و چاودێری و نوورانی کردنی دڵی و پاککردنەوەی لە ئەحواڵی ناباری ئادەمیزاد و فەرمووی:

﴿ وَمَا تَكُونُ فِي شَأۡنٖ وَمَا تَتۡلُواْ مِنۡهُ مِن قُرۡءَانٖ وَلَا تَعۡمَلُونَ مِنۡ عَمَلٍ إِلَّا كُنَّا عَلَيۡكُمۡ شُهُودًا إِذۡ تُفِيضُونَ فِيهِۚ ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

واتە قەت تۆ مەشغوولّی کاریّ نابی و ناخوێنیتەوە لەو قورئانە کەم یا زۆر، وە هیچ کردەوەیێ ناکەن لە رێگەی بەرزکردنەوەی کەلیمەی تەوحیدا ئیللا ئێمە حازر و ئاگادارین لەسەری لەو کاتەدا مەشغوولّی ئەبین.

﴿وَمَا يَعۡزُبُ عَن رَّبِّكَ مِن مِّثۡقَالِ ذَرَّةٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِي ٱلسَّمَآءِ﴾

وە قەت ون نابێ لە خودای تەعالا ئەندازەی مسقاڵە زەڕەیێ لە ئاسمانەکانا و لە عەرزا.

﴿وَلَآ أَصۡغَرَ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكۡبَرَ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٍ ٦١﴾

وە کەمتر لە مسقاڵە زەڕە نییە وە زیاتر و گەورەتر لەوە نییە ئیللا وا لە ناو کتێبێکی رووناکی رۆشن خەتا کە بە رەوانی دیارە و ئەخوێنرێتەوە بۆ خاوەن چاو، وە ئەو کتێبە «لوح المحفوظ»ە یا عیلمی خودایە، وە ناوی بە کیتاب لەبەر تەماشاکردنی ئەوەیە کە قابیلە بنووسرێ. یا خۆی بە یاسای زمانی عەرەب «کیتابە» وە ئەو کەسانە وەها مەشغوولّی فەرمانبردنی خودان ئەگەر لە پێغەمبەرانیش بن بێجگە لە پایەی ریسالەت و رەهبەری، هەم ئەولیا و دۆستی خودان و پایەیان وا لەم ئایەتەدا کە ئەفەرموێت:

﴿أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٦٢﴾

ئاگادار بن! ئەوانە کە دۆستی خودان لەبەر ئەوە کە وان لە فەرمانبەرداری ئەوا حاڵیان وای لێدێ کە نەترس و بیمیان لە هیچ شتێ دێ بەسەرا و نە لەسەر نەمانی شتێ زویر ئەبن؛ چونکی خۆیان و هەموو عەلاقەیان تەسلیم کردووە بە خودا. یاخود لە رۆژی قیامەتا نە ترسیان دێ بەسەرا لە سزا و نە عاجز و زویرن لە فەوتانی شتێ؛ چونکی هەرچی ئارەزوو بکەن ئامادەیە و هەرچی لێی بترسن نییە و هەرچی کائینات هەیە لە لای ئەوانا قیمەتی نییە. وە ئەم زاتە گەورانە ئەوانەن کە خودا ئەفەرموێت:

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَكَانُوا۟ يَتَّقُونَ ﴿٦٣﴾ ﴾

ئەوانەن کە ئیمانیان هەیە بە خودا و پێغەمبەری خودا بە ئیمانێکی دامەزراو و حاڵیان وایە لە خودا ئەترسن و خۆیان ئەپارێزن لە کوفر و لە تاوان و لە ئیشی پەستی جیهان.

﴿ لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ ۚ ﴾

بۆ ئەو دۆستانی خودایە کە خاوەن ئیمان و خاوەن تەقوا و پارێزن موژدە لە ماوەی ژیانی دنیادا بە هۆی موکاشەفاتی رۆحییە و ئیلهاماتی ئیلاهییە و خەوبینین بە شێوەی ئیلقای خۆشی و شادمانی و بەیانی ئەوە کە رزگار ئەبن لە دەرد و مەینەت وە بە تایبەتی لە کاتی تەنگوچەڵەمەی بەسەرهاتا و لە کاتی سەرەمەرگا وەکوو دەرکەوتووە بۆمان گەلێ ئینسانی موسوڵمان لە وەختی سەرەمەرگا بانگ ئەکەن لە عەلاقەدارانی: ئەوا فڵان کەس و فڵانکەس کە هاتن بۆ لام یانی ئەرواحی ئەسفیا دێن بۆ لایان و موژدەی خۆشیان پێ ئەدەن.

وە لە رۆژی قیامەتیشا فریشتەی رەحمەت دێن خەبەریان پێ ئەدەن کە ئێوە ئیتر ئازار نابینن و بە هەموو جۆرێ رزگار بوون.

﴿ لَا تَبْدِيلَ لِكَلِمَـٰتِ ٱللَّهِ ۚ ﴾

جا خودا ئەفەرموێت: ئەوەی کە بڕیارمان دا بۆ ئەهلی ویلایەت واتە ئەهلی تەقوا و ئیمان، راستە و دێتە جێ و گۆڕین نییە بۆ فەرموودەی خودا و بۆ ئەو شتانە کە قەراری داون.

﴿ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٦٤﴾ ﴾

وە گەیشتن بە پایەی موژدەوەرگرتن گەیشتنە بە مەقامێکی گەورە لە لای خودادا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَلَا يَحۡزُنكَ قَوۡلُهُمۡۘ﴾

دەخیل با قسەی ئەو کافرانە کە ئەڵێن خودا نییە، یا شەریکی هەیە، یا موحەممەد پێغەمبەر نییە، یا قورئان کەلامی خودا نییە، تۆ زویر و دڵگران نەکا؛ چونکی تۆ موژدەی خۆتت لە خودا وەرگرتووە و بە قسەی ئەوان کز و داماو ناکەوی.

﴿إِنَّ ٱلۡعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًاۚ﴾

سەربەرزی هەموو موڵکی خودایە بە هەرکەسی بدا ئەیدا و بەشی هەرکەس بدا کەس ناتوانێ بیگۆڕێ.

﴿هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ٦٥﴾

خودا بیسەرە بۆ قسەی ئەوان و زانایە بە رازی دڵیان.

﴿أَلَآ إِنَّ لِلَّهِ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِۗ﴾

بێدار ببنەوە! چ جای ئەوە کە عیزەت و سیفاتی بەرز بە دەستی خودایە، هەموو زاتێکی عاقڵ و هۆشیار کە لە ئاسمانەکانا هەیە لە فریشتەکان و لە پێغەمبەرەکان، ـ وەکوو عیسای مەسیح و ئیدریس، بینا لەسەر ئەوە کە ئەویش وا لە ئاسمانا ـ وە هەرچی لە عەرزا هەیە وەکوو پێغەمبەران و ئەولیا و دۆستان و غەیری ئەوان لە باقی مەخلووقاتی خاوەن شوعوورو فام، هەموو موڵکی خودان؛ چونکە هەمووی مەخلووقی ئەون و زات و سیفاتیان لە خوداوەیە.

﴿وَمَا يَتَّبِعُ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُرَكَآءَۚ﴾

وە ئەو کەسانە کە غەیری خودا بانگ ئەکەن و عیبادەتی بۆ ئەکەن تابیع نابن بۆ کەسانێ کە قیمەت و نرخێکیان ببێ لە واقیعا.

﴿إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنۡ هُمۡ إِلَّا يَخۡرُصُونَ ٦٦﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەوان هەر تابیع ئەبن بە بازێ شتی وەهمی و تەخمینی و ئەوان هیچ نین ئیللا ئینسانێکی وەها لەسەر تەخمین ئەڕۆن.

﴿هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ لِتَسْكُنُوا۟ فِيهِ وَٱلنَّهَارَ مُبْصِرًا﴾

خودا خودایەکە کە کاتی ئێوەی کردووە بە دوو بەشەوە: بەشێکی تاریکە هەتاوی تێدا ونە بۆ ئەوە کە لەو بەشەدا لە هاتوچۆ بکەون و ئاسایشێ بگرن و هێزێ وەربگرن بۆ هەوڵی رزق و رۆزی، وە بەشێکی بۆ رووناك کردوون بە هەتاو بۆ ئەوە هەموو شوێنێك دەرکەوێ بۆتان و پێویستی خۆتانی تێدا ببینن.

﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَسْمَعُونَ ٦٧﴾

بە راستی هەیە لەم تەسەڕوفاتەدا گەلێ نیشانە بۆ گەورەیی خودا لە لای ئەوانە کە ئەفامن و ئەبیێن و گوێ رائەگرن بۆ ئامۆژگاری.

﴿قَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ وَلَدًا ۗ سُبْحَٰنَهُۥ ۖ هُوَ ٱلْغَنِىُّ ۖ لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾

ئەو کافرانە وتیان ـ بە تەقلیدی باوك و باپیرە بێ بیرەکانیان ـ: خودای تەعالا رۆڵەی بۆ خۆی وەرگرتووە؛ گاورەکان وتیان: عیسای کرد بە کوڕی خۆی، وە جوولەکەکان وتیان: عوزەیری کرد بە کوڕی خۆی، وە موشریکەکان وتیان: فریشتەکانی کردووە بە کچی خۆی! خودا دوورە لەم ئیعتیباراتە؛ چونکی ئەو بە راستی بێنیازە لە نەتەوە و نەتەوە بۆ جێگەداری باوکی فەوتاوە و بۆ دەوامدانە بە ئامانجی بەرز، خودا هەر بووە و هەر ئەبێ، بە هێز و تەوانایە، بێنیازە لە عالەم لە ئەزەلەوە تا ئەبەد و هەموو ئاسمانان و عەرز و هەرچی لەوانایە بۆ خودایە.

﴿إِنْ عِندَكُم مِّن سُلْطَٰنٍۭ بِهَٰذَآ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

دەعوایە کە دوور بێ لە بەداهەتەوە بە بێ دەلیل ناکرێ و ئێوە هیچ دەلیلێکی بە هێزتان لا نییە بەم کارە و لەسەر ئەم دەعوایە.

﴿أَتَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ۝٦٨﴾

ئایا ئێوە جەسارەت ئەکەن هەتا بڵێن لەسەر خودای بێ‌نیاز شتێکی وا کە خۆتان ناتوانن فامی بکەن و نایزانن؟

﴿قُلْ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ ۝٦٩﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ بڵێ: بە راستی ئەوانەی ئیفتیرا ئەکەن لەسەر خودا و درۆی لەسەر هەڵئەبەستن رزگار نابن لە دنیادا؛ چونکی داواکەیان بۆ دانامەزرێ و درۆکەیان لێ وەرناگیرێ، وە لە قیامەتیشا؛ چونکی مادام بە کافری مردن ئەوە جەزایان ئەبێ بدرێتەوە.

﴿مَتَٰعٌ فِي ٱلدُّنْيَا ثُمَّ إِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ ثُمَّ نُذِيقُهُمُ ٱلْعَذَابَ ٱلشَّدِيدَ بِمَا كَانُوا۟ يَكْفُرُونَ ۝٧٠﴾ ۞

خۆشی و رابواردنی کەمیان هەیە لە دنیادا وە لە پاشان هەموو دێنەوە بۆ لای من، وە بۆ لای ئێمەیە هاتنەوەی ئەوان و لە دواییدا ئازاری ناباریان پێ ئەچێژین بە هۆی ئەو کوفرەوە ئەیانکرد.

﴿وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ نُوحٍ إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ إِن كَانَ كَبُرَ عَلَيْكُم مَّقَامِى وَتَذْكِيرِى بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَعَلَى ٱللَّهِ تَوَكَّلْتُ فَأَجْمِعُوٓا۟ أَمْرَكُمْ وَشُرَكَآءَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُنْ أَمْرُكُمْ عَلَيْكُمْ غُمَّةً ثُمَّ ٱقْضُوٓا۟ إِلَىَّ وَلَا تُنظِرُونِ ۝٧١﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ بخوێنەرەوە بەسەر ئەو کافرانەدا باسی پێغەمبەری خاوەن هیممەت و خاوەن عەزم (نووح) کە یەکە پێغەمبەرێکی ناودار بوو لە پاش

www.iqra.ahlamontada.com

ئیدریس لە «جزیرة العرب»ا و ساکین بوو لە لای باکووریەوە لەو کاتەدا کە رەوانەمان کرد بۆ سەر ئادەمیزادی ئەو وڵاتە و فەرمووی بە گەلەکەی: بێن خودا بپەرستن و لە بتپەرستی دووربکەونەوە. ئەوانیش ئیتاعەیان نەکرد و نووح پێی فەرموون: مادام ئەم دەعوەت و ئیرشادی منە لەسەر شانی ئێوە قورسە و لەسەر دڵتان گرانە مانەوەم لە ناوتانا و ئامۆژگاری‌کردنتان بە خوێندنەوەی ئایاتی خودا بەسەرتانا و ئەتانەوێ دوژمنایەتیم بکەن و برۆن بە گژما، ئەوە بزانن من هەر لەسەر خودا ئیعتیماد و تەوەکول ئەکەم و بێن ئیشی خۆتان گردبکەنەوە لەگەڵ ئەو بتانەدا کە بە شەریکی خودایان دائەنێن وە لە پاشان با ئیشەکەتان بە شێوەی پەنامەکی نەبێ لەسەرتان وە هەموو خەبەر بدەن بە یەکتر کە چی ئەکەن، لە پاشان هەموو بە جارێ بێن بۆ سەر من بۆ کوشتن و لە ناوبردنم و مۆڵەتم مەدەن.

﴿فَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَمَا سَأَلْتُكُم مِّنْ أَجْرٍ ۖ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ ۖ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿٧٢﴾﴾

جا پاش ئەوە کە هەر شتێکتان لە دەست هات بەجێتان هێنا ئەگەر زاڵ بوون بەسەر من و دەستەکەما و ئێمەتان فەوتاند ئەوا خۆتان رزگار کرد، وە ئەگەر موسوڵمان بوون ئەوە ئەنجام پیرۆزییە بۆ خۆتان، وە ئەگەر لەگەڵ ئەوەدا کە نەتانتوانی ئێمە بفەوتێنن و موسوڵمانیش نەبوون هەر پشتتان هەڵکرد و دوور کەوتنەوە لە من ئەوە من هیچ زیانێ ناکەم؛ چونکی من داوای هیچ دەست و دەهەندەیێ یا مزد و تۆڵەیەکم لە ئێوە نەکردووە و تۆڵەی من لەسەر خودایە و روو ئەکەمەوە لای ئەو، وە مەشغووڵی فەرمانبەری خودای خۆم ئەبم و ئەمرم پێ کراوە کە لەوانە بم ملیان راکێشاوە بۆ خودا و موسوڵمان بوون.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَكَذَّبُوهُ فَنَجَّيْنَٰهُ وَمَن مَّعَهُۥ فِي ٱلْفُلْكِ وَجَعَلْنَٰهُمْ خَلَٰٓئِفَ وَأَغْرَقْنَا ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا ۖ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُنذَرِينَ ﴿٧٣﴾﴾

جا ئەو قەومە هیچ زیانێکیان پێ نەدرا لە نووح و موسوڵمانیش نەبوون و دەوامیان کرد لەسەر ئینکار و تەکزیب جا فەرمانمان دا بە نووح کەشتییەکی دروست کرد بۆ خۆی و ئەتباعەکەی و فەرمانمان دا بە ئاسمان بارانی بە خوڕزمی ڕژاند بەسەر وڵاتا و وتمان بە عەرز هەتا ئاوی ناوخۆی بخاتە سەرەوە تا بە جارێ ئاو لە هەموو دەشت و دەر و کەژ و کێو و هەردەیێکەوە سەری کرد و عەرز ون بوو لە ئاوا و ئەمرمان دا بە نووح تا خۆی و دەستە و دایەرە و گیانلەبەران لە هەر نەوعێ جووتێ هەڵبگرێ و هەموو لەسەر فەرمانی من ڕەفتاریان کرد جا نووح و دەستە و بەستەکەیمان ڕزگار کرد لە تۆفان و دوژمنەکانمان لە ئاوا خنکاند و دەستەی نووحمان کرد بە پاشماوە و جێنشینی وەجاخی ئادەمیزاد و جیهانی تازەمان پێکەوە نا، وە ئەوانە کە ئایاتی ئێمەیان بە درۆدا ئەخستەوە غەرقمان کرد، بڕوانە چۆن بوو ئەنجامی ئەوانە کە ترسێنران لە سزای خودا و موبالاتیان نەکرد هەتا خودا وادەی خۆی بەجێهێنا بە ڕزگاری دۆستان و فەوتاندنی دوژمنان.

﴿ثُمَّ بَعَثْنَا مِنۢ بَعْدِهِۦ رُسُلًا إِلَىٰ قَوْمِهِمْ فَجَآءُوهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَمَا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوا۟ بِمَا كَذَّبُوا۟ بِهِۦ مِن قَبْلُ ۚ كَذَٰلِكَ نَطْبَعُ عَلَىٰ قُلُوبِ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٧٤﴾﴾

لە پاش ئەو کارەساتە هات بەسەر قەومی نووحدا و لە پاش ئەوە کە نووح ماوەیێ لەگەڵ دەستەکەیا دەوامی کرد و پاش وەفاتی ئەو و دوورکەوتنەوەی عەهدی ڕیسالەت و ئیحتیاجی ئادەمیزاد بە ناردنی ڕەهبەران، چەن پێغەمبەرێکمان بەر و دوا ناردن بۆ لای قەومەکانیان، واتە: هوودمان نارد بۆ لای قەومی عاد لە وڵاتی یەمەندا

www.iqra.ahlamontada.com

لەو خاکە نەرمە حاسڵ خێزەدا، وە سالْحمان پاش ئەو نارد بۆ سەر قەومی سەموود لە بەینی حیجاز و شاما، واتە لە ئەردەن و ئەترافی ئەردەندا، وە ئیبراهیم و لووتی برازای بۆ لای ئەهلی فەلەستین و ئەترافی ئەو وڵاتە ئەوانیش هەرکام لە کاتی خۆیا هاتن بۆ لای گەلەکانیان بە موعجیزات و ئایاتی خوداوە و ئەو گەلانەیش ئەوەندە دوور کەوتبوونەوە لە خودا و دینپەرستی هەر لەوانە نەبوون ئیمان بێنن بەو خودا تەنهایە کە لە پێشا پێشینانەکەیان باوەڕیان پێ نەکردبوون ئەوەندە دڵیان ڕەش بووبووەوە، وە ئێمەیش ئاوەها مۆر دائەنێین بەسەر دەرگای دڵی ئەو کافرانەدا کە زۆر لە ڕێگە لائەدەن و تەجاوز ئەکەن لەسەر حودوودی خودای پەروەردگار.

وە لە پاش ئیبراهیم و لووت، ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقووب و یووسف و ئەیووب و شوعەیبمان ڕەوانە کرد هەرکام بۆ قەومێ؛ ئیسماعیلمان نارد بۆ سەر عەرەب لە وڵاتی حیجازا و ئیسحاق و یەعقووبمان نارد بۆ سەر ئەو قەومە کە ئیبراهیم لە ناویانا بوو، وە یووسفمان نارد بۆ گەلی «ئەقبات» و بەنیئیسرائیل و، ئەیووبمان نارد بۆ سەر بەنیئیسرائیل و، شوعەیب بۆ ئەهلی مەدیەن.

﴿ثُمَّ بَعَثۡنَا مِنۢ بَعۡدِهِم مُّوسَىٰ وَهَٰرُونَ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِيْهِۦ بِـَٔايَٰتِنَا﴾

پاش زەمانی ئەوان مووسا و هاروونمان ڕەوانە کرد بۆ سەر فیرعەون و کۆمەڵەکەی بە نۆ نیشانە گەورەکانمانەوە و بانگیان کرد بۆ ئیمان هێنان بە خودای تاکی بێنیازی بێباك.

﴿فَٱسۡتَكۡبَرُواْ وَكَانُواْ قَوۡمٗا مُّجۡرِمِينَ ٧٥﴾

ئەوانیش ئیمانیان نەهێنا لەبەر ئەوە خۆیان بە گەورەتر لەوە دانا کە فەرمانی خودا و پێغەمبەرانی وەربگرن وە کۆمەڵەیەکی تاوانبار بوون.

﴿فَلَمَّا جَآءَهُمُ ٱلۡحَقُّ مِنۡ عِندِنَا قَالُوٓاْ إِنَّ هَٰذَا لَسِحۡرٞ مُّبِينٞ ٧٦﴾

www.iqra.ahlamontada.com

جا کاتێ موعجیزەی من بە شێوەی واقیعی گەیشت بەوان و تێگەیشتن، دانیان نەنا بەوەدا کە ئەوە موعجیزەیە لە لای منەوە ئیزهار کراوە بۆ ئیسباتی ریسالەتی مووسا و هاروون بەڵکوو وتیان: بە راستی ئەم موعجیزەیە ـ وەکوو بوونی داری دەستی بە مارو، پڕتەودانەوەی دەستی مووسا وەکوو چرای پڕتەودار ـ جادووە و شتێکە بە دیمەن وایە، ئەنا حەقیقەتی نییە، واتە لەبەر سووکی زانستیان حەقیان لێ گۆڕا بە ناحەق.

﴿قَالَ مُوسَىٰٓ أَتَقُولُونَ لِلْحَقِّ لَمَّا جَآءَكُمْۖ أَسِحْرٌ هَٰذَا وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّٰحِرُونَ ﴿٧٧﴾﴾

جا حەزرەتی مووسا بە ئیستیفهامی ئینکاری و لۆمەی دیاری فەرمووی پێیان: ئایا ئێوە ئەونە سەر لێشێواون بەو حەقەی کە لە لایەنی خوداوە دێت بۆتان باوەڕ ناکەن بە پرسیار ئەڵێن: ئایا ئەمە جادووە؟! لەگەڵ ئەوەدا جادووگەران قەت رزگار نابن و پێغەمبەرانی خودا رەهبەری راستن و رزگارن.

﴿قَالُوٓاْ أَجِئْتَنَا لِتَلْفِتَنَا عَمَّا وَجَدْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَا وَتَكُونَ لَكُمَا ٱلْكِبْرِيَآءُ فِى ٱلْأَرْضِ﴾

وتیان: ئەی مووسا ئایا تۆ لەگەڵ براکەتا هاتووی بۆ لامان بۆ ئەوە هەڵمان سووڕێنی لەو بیر و باوەڕە کە ئێمە لەسەری دامەزراوین و باوك و باپیرەی خۆمانمان دەستکەوتووە لەسەری و ئێمە کز بکەی وە لە ئایینی خۆمان لامان بدەی و بمانکەی بە پەیڕەوانی خۆتان و قیادە و زەمام و رشتەی سەرۆکی و پایەداری هەر بۆ خۆتان بێت.

﴿وَمَا نَحْنُ لَكُمَا بِمُؤْمِنِينَ ﴿٧٨﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وەلحالْ ئێمە قەت بۆ تۆ ئیمان ناهێنین، واتە نابین بە بچووك و پەیڕەوی تۆ، وە یا لەبەر قسەی تۆ ئیمان بە خودای تەنیا ناهێنین.

﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ ٱئْتُونِي بِكُلِّ سَـٰحِرٍ عَلِيمٍ ۝٧٩﴾

وە فیرعەون فەرمانی دا بە وەزیری کار و دەست و دائیرەی دەربار: بڕۆن هەر جادووگەرێکی فەننان و زانا هەیە لە وڵاتی میسردا بیانهێنن بۆ لام.

﴿فَلَمَّا جَآءَ ٱلسَّحَرَةُ قَالَ لَهُم مُّوسَىٰٓ أَلْقُوا۟ مَآ أَنتُم مُّلْقُونَ ۝٨٠﴾

کاتێ جادووگەرەکان هاتن و لە لایا حازر بوون مووسا فەرمووی: دەی ئەوەی فڕەی ئەدەن فڕەی بدەن! واتا هەرچیتان لە دەست دێ بیکەن.

﴿فَلَمَّآ أَلْقَوْا۟ قَالَ مُوسَىٰ مَا جِئْتُم بِهِ ٱلسِّحْرُ﴾

جا کاتێ کە جادووگەرەکان جادووی خۆیان دەرکرد و نیشانی میللەتیان دا، مووسا عليه السلام زانی بەوە کە ئەم کارانە بازێ شتی رووکەش و بێبایەخ و بێنرخن، وە فەرمووی: ئەوەی کە ئێوە کردتان ئەوەیە جادوو نەك ئەوەی کە فیرعەون بە جادووی دانا وەك موعجیزەی خودای تەعالا کە دای بە ئێمە.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ سَيُبْطِلُهُۥٓ﴾

وە بە راستی خودای تەعالا تێکی ئەدا و لەبەر موعجیزەی خۆیدا کزیان ئەکا.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُصْلِحُ عَمَلَ ٱلْمُفْسِدِينَ ۝٨١﴾

بە راستی خودای تەعالا کاری نابای ساختەکاران تەئیید ناکا و یارمەتییان نادا.

﴿وَيُحِقُّ ٱللَّهُ ٱلْحَقَّ بِكَلِمَـٰتِهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُجْرِمُونَ ۝٨٢﴾

وە ئەوەی کە حەق بێ و واقیعی بێ خودا هێزی پێ ئەدا و تەئییدی ئەکا بە موعجیزاتی خۆی، وە یا ئەو کارە کە موعیجزە بێ لە لایەنی خوداوە تەئییدی ئەکا

www.iqra.ahlamontada.com

و لە لای خەڵکی جیهان بە تەئسیری خۆی دایئەمەزرێنێ هەرچەن تاوانبارەکان پێیان ناخۆش بێ.

﴿ فَمَآ ءَامَنَ لِمُوسَىٰٓ إِلَّا ذُرِّيَّةٌ مِّن قَوۡمِهِۦ عَلَىٰ خَوۡفٖ مِّن فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِيْهِمۡ أَن يَفۡتِنَهُمۡۚ ﴾

جا لەگەڵ ئەوەدا کە موعجیزەی مووسا سەرکەوت و عاساکەی مووسا عليه السلام بوو بە مارێکی ئەژدەهای گەورە و هەرچی جادووی جادووگەرەکان بوو قووتی دا، کەس ئیمانی نەهێنا بە مووسا و نەکەوتە شوێنی کۆمەڵێ نەبێ لە جوانانی بەنیئیسرائیل لە ترسی فیرعەون و کۆمەڵە زەبانیەکەی، مەبادا گیرۆدەی سزا و ئازاری ناهەمواریان بکەن.

﴿ وَإِنَّ فِرۡعَوۡنَ لَعَالٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ﴿٨٣﴾ ﴾

وە حەقیان بوو بترسن؛ چونکە بە راستی فیرعەون زۆر دەست رۆیشتوو بوو لە وڵاتا و بە راستی لەوانە بوو کە لە حەدی عادەت لای دا لە بیر و باوەڕدا لەبەر ئەوە کە داوای خودایی ئەکرد، لە سیاسەتا؛ چونکی چوارمێخەی خەڵکی ئەکێشایەوە، وە لە ئیدارەدا؛ چونکی ئیستیبدادی کردبوو بە یاسای خۆی.

﴿ وَقَالَ مُوسَىٰ يَٰقَوۡمِ إِن كُنتُمۡ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ فَعَلَيۡهِ تَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّسۡلِمِينَ ﴿٨٤﴾ ﴾

وە کاتێ کە مووسا تەماشای کرد موسوڵمانەکانی گەلەکەی کەوتنە ئازار و ترس لە دەستەی فیرعەون، فەرمووی پێیان: ئەی کۆمەڵی من ئەگەر ئیمانتان هێناوە بە خودای پەروەردگار و بە تەوانایی ئەو، دەی هەر لە سەر ئەو ئیعتیماد بدەن و پاڵ بە یارمەتی ئەوەوە بدەن ئەگەر بە راستی ملتان بۆ خودای تەعالا راکێشاوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَقَالُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ تَوَكَّلْنَا رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٥﴾﴾

ئەوانیش وتیان: هەر لەسەر خودا ئیعتیماد و تەوەکولمان هەیە و پاڕانەوە و وتیان: ئەی خودای پەروەردگاری ئێمە، مەمانکە بە جێگەی فیتنە و دڵ تێکچوون لە ئیمان لەبەردەستی ئەو کۆمەڵە ستەمکارانەدا.

﴿وَنَجِّنَا بِرَحْمَتِكَ مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٨٦﴾﴾

وە رزگارمان بکە بە میهرەبانی خۆت لەو کۆمەڵە کافرە خودا نەناسە.

﴿وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰ وَأَخِيهِ أَن تَبَوَّءَا لِقَوْمِكُمَا بِمِصْرَ بُيُوتًا وَٱجْعَلُوا۟ بُيُوتَكُمْ قِبْلَةً وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ ۗ وَبَشِّرِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٨٧﴾﴾

جا پاش ئەوە کە حەزرەتی مووسا و هاروون ریسالەتی خۆیان دەربڕی و موعجیزەیان نیشان دا و زاڵ بوون بەسەر جادووگەرەکانا، فیرعەون کەوتە بەکار هێنانی قەساوەت و ستەمکاری بەرابەر بە بەنیئیسرائیل و هەڕەشەی لێکردن: نابێ گردببنەوە لە شوێنێکدا بۆ عیبادەتکردن نەکا بە ناوی عیبادەتکردنەوە گردببنەوە و لە ناوخۆتانا باسی خۆبوونتان بکەن و بەنیئیسرائیلیەکان لەو رووەوە کەوتنە تەنگییەوە، لێرەدا حەزرەتی مووسا و هاروون خودا وەحی بۆ کردن و فەرمووی پێیان: کە قەومەکەی خۆتان دابمەزرێنن لە چەن خانوویەکدا و نەفسی ئەو خانووانە وا دروست بکەن کە بەرەو قیبلە بن جا نوێژەکانتان بکەن بەرەو «قودس» کە شوێنی ئیسحاق و یەعقووب بووە و، موژدە بدە بە خاوەن ئیمانەکان کە بە هۆی دەوام لەسەر عیبادەتی خوداوە رزگار ئەبن لە ستەمی فیرعەون.

بزانن! لەم ئایەتەدا گەلێ مەعنا و تەفسیر بەیان کراوە، وە ئەم مەعنایە کە من نووسیم موافیقی فەرموودەی عالمە بەرزەکانە؛ چونکی بەنیئیسرائیلیەکان لەو چەرخەدا

www.iqra.ahlamontada.com

هەموویان خاوەن ماڵ بوون و مەعبەدیشیان بووە کە بە جەماعەت گردببنەوە تیایا. بەس ئەوەندە هەیە لەو چەرخەدا لە ترسی دەستەی فیرعەون نەیانئەتوانی لە مەعبەدی مەشهوورا گردببنەوە، جا خودا وەحی کرد بۆ مووسا و هاروون کە هەرکەسێ لەو خاوەن ماڵانە هۆدەیێ بە دەم ماڵەکەیەوە بکاتەوە وە یا هۆدەیێ لە ماڵەکەی جیابکاتەوە بۆ عیبادەت و وایان دروست بکەن کە روویان لە قیبلە بێ، لەبەر بەجێهێنانی عیبادەت لەگەڵ ئادابی قودسییەتیا، ئەوانیش ئەمەیان کرد و تەرکی هاتوچۆی عیبادەتخانەی گەورەیان کرد.

﴿وَقَالَ مُوسَىٰ رَبَّنَآ إِنَّكَ ءَاتَيْتَ فِرْعَوْنَ وَمَلَأَهُۥ زِينَةً وَأَمْوَٰلًا فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا رَبَّنَا لِيُضِلُّوا۟ عَن سَبِيلِكَ ۖ رَبَّنَا ٱطْمِسْ عَلَىٰٓ أَمْوَٰلِهِمْ وَٱشْدُدْ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُوا۟ حَتَّىٰ يَرَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ ﴿٨٨﴾﴾

کاتێ کە مووسا و هاروون ئاگادار بوون لەسەر ستەمکاری و دەماری فیرعەون و دەستەکەی، زۆر دڵیان داگیرساو قاری کرد و بە دڵ پاڕانەوە و مووسا فەرمووی: ئەی پەروەردگار تۆ دیمەن و ئارایشێکی زۆرت داوە بە فیرعەون و دەستەکەی لە: بەرگی نایاب و لە کەمەربەندی بە نرخ و، ئەسپی چالاك و، داراییەکی زۆریشت پێداون لە: پارەی نەخت و، کشتوکاڵ و، باخ و بێستان و، تیجارەت و، باخچەو تەخت... بۆ رابواردنی ژیانی دنیایان تۆ ئەمەت بۆ ئەوە پێداون کە رێگەی موافیقی عەقڵ و هۆشی سالم و ئەخلاق و خوو و رەوشتی بەرز بگرن، کەچی ئەونە بەدبەخت و سیاچارەن کە رێگەی بیر و باوەڕی تاریك و کردەوەی ناشیرینیان وەرگرتووە «کأنه» تۆ ئەم ماڵە و ئەو مەقامەت لەبەر ئەوە پێداون کە خۆیان گومڕاه ببن و خەڵکیش گومڕاه بکەن و لە رێگەی دامەزراوی راستی تۆ لایان بدەن. جا مادام ئەوان وەها ناسوپاس بوون پەروەردگارا تۆیش دارایی و ماڵەکەیان «طمس» بکە و

www.iqra.ahlamontada.com

مەحوی بکەرەوە و بیفەوتێنە و، دڵیان ببەستە با هەناسەی ئاسایش و گوشایش نەڕواتە ناوی هەتا وەها دڵیان ڕەش ببێتەوە بە بێ هێزی بەرچاوکەوتنی سزایەکی نابار ئیمان نەیەنن، هەرچەن لەو کاتەدا ئیمان سوودی نییە، وە لەو کاتەدا کە حەزرەتی مووسا ئەم دوعایانەی ئەکرد حەزرەتی هاروونی برای ئامینی لەسەر دوعاکان ئەکرد.

﴿قَالَ قَدْ أُجِيبَت دَّعْوَتُكُمَا فَٱسْتَقِيمَا وَلَا تَتَّبِعَآنِّ سَبِيلَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٨٩﴾﴾

جا خودا وەحی بۆ کردن و فەرمووی: وا بە راستی دوعاکەتان قەبووڵ کرا، دەی ئێوە هەروا وەکوو دەوامتان کردووە دەوام بکەن لەسەر کاری خۆتان و بەنیئیسرائیل بانگ بکەن بۆ لای خودا و هەرگیز مەکەونە شوێن ئەوانە کە ئیمان ناهێنن بە خودای خۆیان.

﴿وَجَٰوَزْنَا بِبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْبَحْرَ فَأَتْبَعَهُمْ فِرْعَوْنُ وَجُنُودُهُۥ بَغْيًا وَعَدْوًا﴾

جا ئەمرمان کرد بە مووسا کە خۆی و هاروونی برای لەگەڵ بەنیئیسرائیلدا لەو شارە دەرچن وە فیعلەن هەموو دەرچوون رامان بواردن لە دەریای نیل و ئاوی نیل بۆیان بوو بە دەشتی سارا و، کاتێ کە فیرعەون و دەستەکەی بەم پەڕینەوەیان زانی خۆی و سوپاکەی کەوتنە شوێن مووسا و هاروون و بەنیئیسرائیلیەکان بۆ ئەوە کە پێیان بگەن و ستەمیان لێ بکەن و تەجاوز بکەن لەسەریان بە کوشتنیان یا بیانگێڕنەوە بۆ میسر بۆ ئەوە خزمەتی خۆیانیان پێ بکەن وەکوو بەندە، جا لەبەر ئەوە خودا ئەم کارەی بۆ ئەوە رێکخست کە فیرعەون لە ناو بەرێ بە خۆی و دەستە و بەستەکەیەوە لە ئاوی نیلدا خنکاندنی.

﴿حَتَّىٰٓ إِذَآ أَدْرَكَهُ ٱلْغَرَقُ قَالَ ءَامَنتُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱلَّذِىٓ ءَامَنَتْ بِهِۦ بَنُوٓاْ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

لەو کاتە تەنگەدا کە ئاوەکە ئەو و دەستەکەی داگیر کرد و خەریك بوون بخنکێن و گیانیان دەرچێ، فیرعەون وتی: ئیمانم هێنا بەو کەسە و بەو خودایە کە بەنی‌ئیسرائیلیەکان ئیمانیان پێ هێناوە و هیچ خودایێ نییە ئەو نەبێ.

﴿وَأَنَا۠ مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ۝٩٠﴾

وە من لەو کەسانەم کە فەرمانبەردارن و ملیان راکێشاوە بۆ ئیتاعەی خودای بەنی‌ئیسرائیل.

﴿ءَآلْـَٰٔنَ وَقَدْ عَصَيْتَ قَبْلُ وَكُنتَ مِنَ ٱلْمُفْسِدِينَ ۝٩١﴾

جا خودا فەرمووی بە مووسا و هاروون: من ئەو تەسلیمە قەبووڵ ناکەم لە حاڵی ناچاریدا، ئایا ئێستە ئیمان دێنێ لەم ناعیلاجیەدا؟! [کەچی لەمەوپێش ملت بادا و نافەرمانیت کرد وە تۆ لە موفسیدان و خراپ‌کاران بووی].

﴿فَٱلْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ ءَايَةً﴾

واتە جا ئیمڕۆ هەرچەن ئەم دەریا وە یا ئەم رووبارە گەورە لەوانەیە گەلێ شتی گەورەی تێدا ون ببێ بەڵام ئێمە تۆ رزگار ئەکەین لە ون بوون و ئەتخەینە سەر «نەجوە»یێ واتە «ناوڕەوان» یا «کورگە» هەتا لەشەکەت بناسرێ و ئەم کارەساتە کە هات بەسەر تۆدا ببێ بە نیشانە لەسەر گەورەیی و تەوانایی من بۆ ئەوانە کە لە پاش زەمانی ئێوەدا ئەبن.

وە یاخود ناسراوی لەشەکەت و راگرتنی بە هۆی دەرمانەوە ئەبێ بە دەلیل بۆ پاشکەوتوان لەسەر وجوودی تۆ و ستەمکاریت و فەوتان و نەمانتان لەسەر تەختی پایەداری خۆتان.

﴿وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ عَنْ ءَايَٰتِنَا لَغَٰفِلُونَ ۝٩٢﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە بەراستی گەلێ لە ئادەمیزاد لە تەماشاکردن و عیبرەت و پەندوەرگرتن لە کارەکانی من غافڵ و بێهۆشن و فەرامۆشکارن.

﴿وَلَقَدْ بَوَّأْنَا بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ مُبَوَّأَ صِدْقٖ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ فَمَا ٱخْتَلَفُواْ حَتَّىٰ جَآءَهُمُ ٱلْعِلْمُۚ﴾

بە راستی ئێمە بەنیئیسرائیلمان دانا لە قەرارگایەکی بەرزی بەرێزا کە هەرکەس تاریفی بکردایە راستی ئەکرد و رۆزیمان پێدان لە خواردەمەنی دڵخوازی پەسەند کەچی ئەوان لە بیر و باوەڕا و لە کردەوە باشەکانا نەهاتن بەیەکا و تێك نەچوون هەتا کاتێ کە عیلم و زانستی راستیان دەستکەوت واتە لەو کاتەدا کە بوون بە زانیار ئەبوو هۆشیار بن و سوپاسگوزاری خودای گەورە بن کەچی لەو کاتەدا دایانە دواوە و تێکچوون و لە دین لایان دا.

﴿إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِي بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿٩٣﴾﴾

بە راستی خودای تۆ حوکم ئەدا لە بەینیانا و تاوانبار و بێتاوان جیا ئەکاتەوە و هەر یەکێ لەوانە ئەگەیەنێ بە جەزای خۆی بەرامبەر بەو بیر و باوەڕانە و ئەو کردەوانە کە ئیختیلافیان بووە تیایانا.

ئەم ئایەتە پیرۆزە بە کورتی ئەحواڵی بەنیئیسرائیل نیشان ئەدا؛ چونکی گەلێ کاتی وایان بەسەرا هاتووە زۆر داماو بوون و نەزان بوون پاش ئەوە خودا رزگاری کردن لە نەزانی بۆ زانست و لە داماوی بۆ بەرزی ئەوسا لە حوکمی خودا لایان داوە وەکوو لادانیان لە تەوحید و خوا پەرستی بۆ گوێرەکە پەرستی پاش رزگاربوونیان لە فیرعەون و وەکوو دەرچوونیان لە حوکمی پێغەمبەرەکانی خۆیان لە زەمانی مووسادا لە تەیهدا و وەکوو لادانیان لە زەمانی پێش جەنگی بەختەنەسردا و لادانیان لە زەمانی حەزرەتا عیسى ﷺ.

www.iqra.ahlamontada.com

جا خودای تەعالا بە شێوەی خیتاب لەگەڵ حەزرەتا ﷺ وە مەبەست ئەو کەسانە بێ کە دڵیان دانەمەزراوە لەسەر باوەڕ بە قورئان فەرمووی:

﴿فَإِن كُنتَ فِي شَكٍّ مِّمَّآ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ فَسۡـَٔلِ ٱلَّذِينَ يَقۡرَءُونَ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكَۚ﴾

ئەگەر تۆ وای لە شکدا لە راستی ئەوەی کە ناردوومانەتە خوارەوە بۆ لای تۆ، دەی پرسیار بکە لەو پیاوە راستانەی وا کە کتێبی ئاسمانییان بۆ هاتووە و خوێندوویانەتەوە و ئەیخوێننەوە هەتا باش حاڵی ببی کە ئەم قورئانە راستە و حەقە و لەگەڵ کتێبە پێشووەکانا هاوقەوڵن لە ئیمان بە خودا و پێغەمبەران و رۆژی قیامەت و جەزای کردەوەدا.

﴿لَقَدۡ جَآءَكَ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكَ﴾

قەسەم ئەخۆم کە حەق و ئەحکامی واقیعی هاتووە بۆ لای تۆ لە لای خودای خۆتەوە.

﴿فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡمُمۡتَرِينَ ٩٤﴾

ئیتر قەت لەوانە مەبە کە لەم بابەتەدا وانِ لە شکدا. هەروا لەسەر ئەم شێوەیە خیتاب لە ئایەتی:

﴿وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَتَكُونَ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٩٥﴾

وە تۆ لەوانە مەبە کە باوەڕیان نەکردووە بە ئایاتی خودا هەتا ببی بەوانە کە لە ژیانی خۆیانا زیانیان کردووە.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ حَقَّتۡ عَلَيۡهِمۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ ٩٦﴾

www.iqra.ahlamontada.com

بە راستی ئەو کەسانە کە کەلیمەی عەزاب دامەزراوە لەسەریان، واتە بڕیار دراوە کە سزا درێن لەبەر بەدکاری خۆیان. ئەوانە ئیمان ناهێنن.

﴿وَلَوْ جَآءَتْهُمْ كُلُّ ءَايَةٍ حَتَّىٰ يَرَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ ﴿٩٧﴾﴾

هەرچەن کە هەر ئایەتێ هەیە موناسبی حاڵی ئەوان بێتە خوارەوە بۆ ئامۆژگاری ئەوان هەر ئیمان نایەنن هەتا بە چاوی خۆیان سزای ناباری ناهەموار ئەبینن.

﴿فَلَوْلَا كَانَتْ قَرْيَةٌ ءَامَنَتْ فَنَفَعَهَآ إِيمَٰنُهَآ إِلَّا قَوْمَ يُونُسَ لَمَّآ ءَامَنُوا۟ كَشَفْنَا عَنْهُمْ عَذَابَ ٱلْخِزْىِ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَمَتَّعْنَٰهُمْ إِلَىٰ حِينٍ ﴿٩٨﴾﴾

ئەوە بۆچی هیچ ئەهلی دینێ نەبوو کە ئیمان بێنێ و ئیمانەکەی سوودی پێ بدا ئیللا کۆمەڵەکەی حەزرەتی یوونس نەبێ ئەوان کاتێ ئیمانیان هێنا ئەو عەزابەی کە هۆی رسوایی دنیا بوو لامان برد لەسەریان و پاش ئەوەیش خاوەن بەش و بارەم کردن بە خۆشی تا ماوەیێ؟

واتە: هیچ قەومێ لە ئەهلی وڵاتە تاوانبارەکان لە کاتی ئیستیحقاقی عەزابا ئیمانیان نەهێنا بە نەوعێ ببێ بە هۆی دەفعی ئەو عەزابە، قەومی یوونس نەبێ. ئەوان لەو کاتەدا کە نزیك بوو سزا داباری بەسەریانا لە تاوانباری پەشیمان بوونەوە و تەوبەیان کرد و خودای تەعالا بە میهرەبانی خۆی تەوبەکەی لێ قەبووڵ کردن و سزاکەی نەنارد بۆیان و بە ئاسایش ژیان تا ماوەی خۆی.

ریوایەت کراوە: کە حەزرەتی یوونس عليه السلام مەشهوورە بە یوونسی کوڕی «مەتی» کە مەتی ناوی دایکی بووە لە پێغەمبەرانی بەنیئیسرائیل بووە و لە کاتی «طوائف الملوك»دا لە پاش وەفاتی ئەسکەندەری رۆمی کە سێسەد و سی ساڵ پێش لە دایکبوونی عیسا دنیای داگرتووە و لە پێش لە دایکبوونی عیسادا عليه السلام خودای تەعالا رەوانەی کردووە بۆلای ئەهلی نەینەوا کە ئێستە بۆتە .... ی شاری موسڵی

www.iqra.ahlamontada.com

ئیمڕۆیه، ئەوانیش باوەڕیان پێ نەکرد و حەزرەتی یوونس لە لایەنی خوداوە وادەی دا بە سزا و ترساندنی لە رۆژێکی تایبەتیدا، وە لەو رۆژەدا کە لە ئاسمانەوە نیشانەی قاری خودا پەیدا بوو تەم و هەور و تۆز دنیای داگرت حەزرەتی یوونس عەقیدەی هاتەسەر ئەوە کە سزا دێتەخوارەوە بۆ سەر ئەو قەومە، بە حاڵەتێکی عاجزی و قار لەو قەومە کە ئیمانیان نەهێنا، وە عەزاب هات بۆیان، لەو شوێنە دەرچوو رووی کردە رووباری گەورەی «دجلە» و سواری کەشتی بوو، وە لە کاتی تایبەتیدا کەشتییەکە وەستا و کەشتیوانەکەیش لەسەر بەراوردی خۆیان بڕیاری دا کە ئینسانێکی تاوانبار ـ واتە بەندەیەکی لە سەید راکردوو ـ وا لەو کەشتییەدا پێویستە بخرێتە ناو ئەو دەریاوە، کاتێ قورعەیان خست بە ناوی «یوونس»ەوە دەرچوو وە یوونسیان خستە ناو دەریاکەوە، بە ئەمری خودا «حووت»ێ لە دەریادا بوو قووتی دا و حەزرەتی یوونس لە پەرێشانی خۆیدا هێشتا بە گەرمایی ناوسکی ماسییەکە نەسووتابوو هاواری کرد لە خودا و پاڕایەوە و فەرمووی: ﴿لا إله إلا أنت سبحانك إني كنت من الظالمين﴾.[1]

بە ئەمری خودا حووتەکە لووتی بردە نزیکی قەراخی دەجلە و یوونسی فڕەدایە دەرەوە، ئەویش بە نیوەگیانێکەوە خۆی راکێشا بۆ وشکان و راکشا و خودای تەعالا داری کوولەکەی لەسەر رواند و لە سێبەری ئەو دارەدا مایەوە هەتا لەشی هاتەوە سەر خۆی.

لەولایشەوە قەومەکەی کاتێ چاویان کەوت بەو هەور و تەم و تۆز و پەرێشانییە هەموو حاڵی بوون ئەمە سزایە و لەسەر وەعدەکەی یوونس دێتە خوارەوە و گەڕان بە شوێنیا نەیاندۆزییەوە و خۆیان هەموو پیر و جوان و منداڵ گردبوونەوە هاواریان کرد لە خودا و تەوبەیان کرد و خودا سزاکەی لەسەر لابردن.

---

١. الأنبياء؛ ٨٧

www.iqra.ahlamontada.com

یا پاش ئەوە کە یوونس علیه‌السلام هاتەوە سەرخۆ هاتەوە بۆ نەینەوا و بە ئەمری خودا دەستی کردەوە بە ئامۆژگاری ئەو قەومە و ئیمانیان پێ هێنا و باوەڕیان کرد کە پێغەمبەری خودایە و، بینا لەسەر ئایەت ئەو قەومە ژمارەیان لە سەدهەزار کەس زیاتر بووە. هەروا مانەوە تا کاتێ خودا بڕیاری دابوو بۆیان و لەسەر دینداری دەوامیان کرد.

وە لە ریوایەتێ‌ترا یوونس رۆیشت بۆ شاری «یافا» لە وڵاتی فەلەستیندا و لەوێ رۆیشتە دەریا و سواری کەشتی بوو کەشتییەکە لە دەریادا وەستا و یوونس بە قورعە خرایە دەریاکەوە.

جا خودای تەعالا دڵخۆشی حەزرەتی موحەممەد صلی الله علیه وسلم ئەکا بەوە کە خودا خۆی یاسایەکی داناوە عەقڵ و هۆشێکی داوە بە ئادەمیزاد و، پێغەمبەران رەوانە ئەکا بۆ سەریان، جا هەرکەسێ ئیمانی هێنا ئەوە بە بەختیاری ئەمرێ ئەوانەیش ئیمانیان نەهێنا بە خواست و خواهیشی خۆیان ئەوە بە بەدبەختی ئەمرن، ئیتر پێغەمبەران نابێ خۆیان زویر بکەن لە ئینکار و سەرپێچی ئەو ئادەمییانە؛ چونکی خۆیان ئیختیاری خۆیان وەها سەرف ئەکەن هەرچەن کە خودا ئەگەر بیەوێ ئەتوانێ وا بکا هەموو ئیمان بێنن، بەڵام ئەوە ئەبێ بە ئیمانی ناچاری بۆ ئەوان و سوودێ نادا بەوان، وە ئەوەی بە سوود بێ ئیمان هێنانە بە ئارەزوو و دڵخوازی خۆیان، جا بۆ گەیاندنی ئەم مەبەستە خودای تەعالا ئەفەرموێت:

﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَأٓمَنَ مَن فِى ٱلْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا﴾

ئەگەر خودای تۆ خواستی ببوایە هەرچی ئادەمیزادێ وا لەسەر عەرزا هەموو ئیمانیان ئەهێنا.

﴿أَفَأَنتَ تُكْرِهُ ٱلنَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُوا۟ مُؤْمِنِينَ ﴿٩٩﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

مادام ئەو خواستەی نییە و ئەو خەڵکەی حەواڵەی ئیختیاری خۆیان کردووە و ئەوان ئیمان نایەنن، ئایا ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ زۆر ئەکەی لە خەڵك هەتا ئەوان ئیمان بێنن بە زۆر لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو زۆرکارییە هیچ سوودی نییە بۆیان؟! نەخەیر زۆرکاری بێسوودە و تۆیش ئەم کارە بدەرە دەستی خۆیان؛ هەرکەسێ ئیمانی هێنا ئەوە زۆر موبارەکە و پیرۆزی خۆی وەرئەگرێ، وە هەرکەسێکیش ئیمان نایەنێ ئەوە ئەڕوا بۆ خۆی چی ئەکا ئەیکا هەتا ئەمرێ ئەوسا هەرکام لەم دوو نەوعە ئادەمیزادە جەزای خۆی وەرئەگرێ.

﴿وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تُؤْمِنَ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ﴾

قەت رێك ناکەوێ بۆ هیچ نەفسێ کە ئیمان بێنێ بە خواستی خودا نەبێ، وە خواستی خودایش لەسەر ئیعلاناتی خۆی بۆ ئەو کەسانە ئەبێ کە بە ئەدەب و شوعوور وردببنەوە و بیرێ بکەنەوە لە حاڵی خۆیان کە نەبوون و خودا دروستی کردوون، وە ئەم لەش و هۆش و شێوە و قەوارە بە خۆڕایی دروست نەکراوە و پێویستە ئینسان پەروەردگاری خۆی بناسێ و بیپەرستێ و ئیمانی پێ بهێنێ، جا مادام ئەوان وایان کرد خودایش لە ئاسمانی میهرەبانی خۆیەوە بارانی پیرۆزی و ئیمان ئەبارێنێ بەسەر دڵیانا.

﴿وَيَجْعَلُ ٱلرِّجْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٠٠﴾﴾

وە خودای تەعالا بە قاری خۆی بەرابەر ئەوانەیش کە بە دەمارن و بیرناکەنەوە لە حاڵی خۆیانا هەتا خودا بناسن و لا ئەدەن لە پەیامی پێغەمبەران بارانی ژاراوی پیسی بێئیمانی ئەڕژێنێ بەسەر ئەوانەدا کە نەفامن.

﴿قُلِ ٱنظُرُوا۟ مَاذَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەی خۆشەویست تۆ بفەرموو پێیان: ئەی ئادەمیزاد بڕوانن و وردببنەوە چی هەیە لە ئاسمانەکانا لە ئەستێرە و لە عەجائیبی ئەشکال و دائیرە و جازیبە و چی هەیە لە عەرزا بە وشك و تەڕیەوە بە سارا و دەریاوە، بە کەژ و کۆساریەوە لە ئەنواعی کان و دار و گیا و گوڵ و گوڵزاری رەنگامە. ئەمانە یەکە یەکە و بە شێوەی تێکڕایی ئەبن بە دەلیلی رووناکی بێ‌گومان لەسەر وجوودی خودایەکی تەنیای زیندووی زانای تەوانا. هەتا لە نەفامی و نەزانین دەرچن و تێ‌بگەن ئەم جیهانە بە خۆڕایی دروست نەکراوە و یاسای شەرعی خودا راستە.

﴿وَمَا تُغۡنِي ٱلۡأٓيَٰتُ وَٱلنُّذُرُ عَن قَوۡمٖ لَّا يُؤۡمِنُونَ ١٠١﴾

وە بەیانی ئەوەیش بکە کە موعجیزات و ئامۆژگاری و موژدەدان بە ئەهلی فەرمان و ترساندنی ئینسانە بێ‌باوەڕەکان هیچ سوودێ نادا و کەڵکی نییە بۆ دەفعی عەزاب لە کۆمەڵێکی وەها کە لە عیلمی خودادا رابوردووە ئەوانە خۆیان ماندوو ناکەن لە دۆزینەوەی رێگەی راستا و ئیمان ناهێنن.

﴿فَهَلۡ يَنتَظِرُونَ إِلَّا مِثۡلَ أَيَّامِ ٱلَّذِينَ خَلَوۡاْ مِن قَبۡلِهِمۡۚ﴾

ئایا ئەوانە کە وەها دڵ‌رەق و دڵ‌ڕەشن و موبالات ناکەن بە ئایاتی خودا چاوەڕێ ئەکەن مەگەر بۆ وێنەی ئەو کارەساتانە کە روویان دا لە زەمانی ئەو کەسانەدا کە رابوردوون لە پێش ئەمانا؟ ئەڵبەتە هەر چاوەڕێی ئەوە ئەکەن.

﴿قُلۡ فَٱنتَظِرُوٓاْ إِنِّي مَعَكُم مِّنَ ٱلۡمُنتَظِرِينَ ١٠٢﴾

جا تۆ پێیان بفەرموو: مادام وایە دەی ئێوە چاوەڕێ بکەن منیش لەگەڵ ئێوەدا لەوانەم کە چاوەڕێی ئەمری خودای تەوانا ئەکەم تا بزانین چی ئەکا.

﴿ثُمَّ نُنَجِّي رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْۚ كَذَٰلِكَ حَقًّا عَلَيۡنَا نُنجِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ١٠٣﴾

www.iqra.ahlamontada.com

پاش ئەوە کە سزاکەمان نارد بۆ فەوتاندنی ئەو کافرانە پێغەمبەرەکانمان رزگار ئەکەین و موسوڵمانەکانیش هەروا رزگار ئەکەین لەو سزایە؛ چونکە بڕیارمان داوە لەسەر یاسای خۆمان کە موسوڵمانەکان رزگار ئەکەین.

﴿قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمْ فِى شَكٍّ مِّن دِينِى فَلَآ أَعْبُدُ ٱلَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾

تۆ ئەی خۆشەویست بفەرموو: ئەی ئادەمیزادەکان ئەگەر ئێوە وان لە گومانا و دوودڵن لە قەبووڵی دینەکەی مندا ئێوە بێ‌گومان بزانن کە من لە دینی خۆما دوودڵ نیم و عیبادەتی ئەو بتانە ناکەم کە ئێوە عیبادەتیان بۆ ئەکەن و لە خودا لائەدەن.

﴿وَلَـٰكِنْ أَعْبُدُ ٱللَّهَ ٱلَّذِى يَتَوَفَّىٰكُمْ﴾

بەڵام عیبادەت ئەکەم بۆ ئەو خودایە کە رۆحی ئێوە وەرئەگرێ و گیانتان ئەکێشێ.

﴿وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٠٤﴾﴾

وە ئەمرم پێ‌کراوە کە من لە موسوڵمانە دامەزراوەکان بم.

﴿وَأَنْ أَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٥﴾﴾

وە من ئەمرم پێکراوە لە لایەنی خودای خۆمەوە: کە رووی خۆت راست هەڵسوورێنە بۆ لای خودای خۆت و، شەخسییەتی خۆت راگرە بۆ بەجێهێنانی ئادابی دین بە حاڵێکەوە دەرکەوێ کە تۆ لات داوە لە هەموو ئایینی پڕوپووچ و رووت کردووە لە خودای گەورە کە پەروەردگاری جیهانە، وە پێم وتراوە: کە بە قەتعی لە کافرە موشریکەکان مەبە کە هاورێ بۆ خودا بڕیار ئەدەن.

﴿وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە پێم وتراوە: کە بانگی کەس مەکە لە غەیری خودا کە بانگ‌کراوەکە شتێکی وایە نە ئەتوانێ سوودت پێ بدا و نە ئەتوانێ زیانت پێ‌بگەیەنێ.

﴿فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿١٠٦﴾﴾

ئەگەر تۆ بانگ بکەی لە کەسێ کە نە سوود و نە زیانی لێ پەیدا نابێ لەم کاتەدا بزانە کە بە راستی تۆ لەوانەی کە ستەمیان لە خۆیان کردووە.

﴿وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ﴾

خودای تۆ خودایەکی وەهایە ئەگەر تۆ بگرێ بە زیانێ لە نەفسدا یا لە ماڵ وە یا لە ئەولادا ئەوە کەس ناتوانێ ئەو زیانە لاببا خۆی نەبێ.

﴿وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَآدَّ لِفَضْلِهِۦ ۚ يُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٠٧﴾﴾

وە ئەگەر خواستی خێر و پیرۆزی و ئاسایشت بۆ بکا دیسان کەس ناتوانێ بەرابەری بکا لەگەڵیا و مەنعی ئەو خێرە بکا، ئەیدا بە هەرکەسێ مەیلی لێی هەیە، بە راستی خودا تاوانبەخش و میهرەبانە.

﴿قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَكُمُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ ۖ فَمَنِ ٱهْتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهْتَدِى لِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا ۖ وَمَآ أَنَا۠ عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ ﴿١٠٨﴾﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ بفەرموو: ئەی ئادەمیزادێ کە گردبوونەتەوە لەم سەر عەرزەدا لەم کات و زەمانەدا، بە راستی کتێبی راست و دینی راست و پێغەمبەری راست لە لایەنی خوداوە هات بۆ لاتان، جا هەرکەس لەسەر خەتی ئەو

www.iqra.ahlamontada.com

کتێبە و ئەو پێغەمبەرە رێگە ئەگرێ و ئەڕوا بە رێگەدا ئەوە شارەزای خێر بووە بۆ خۆی و سوودەکەی بۆ خۆیەتی وە هەر کەسێکیش لەسەر رووناکی ئەو کتێبە و فەرموودەی ئەو پێغەمبەرە نارِوا گومرِا ئەبێ ئەوە ئەو گومرِاهییەی هەر زیانی بۆ خۆیەتی و من نیگابان و موراقیب نیم لەسەر ئێوە.

﴿وَاتَّبِعْ مَا يُوحَىٰ إِلَيْكَ وَاصْبِرْ حَتَّىٰ يَحْكُمَ اللَّهُ ۚ وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ ﴿١٠٩﴾﴾

وە بکەوەرە شوێنی ئەوەی کە وەحی کراوە بۆ لات و خۆت بگرە بەرابەر بە ئازاری دوژمنایەتی کافرەکان هەتا خودا خۆی فەرمان ئەدا بە ئەنجامی هەردوولاکەتان، وە بزانە خودا باشتر و عادڵتر فەرمانبەرێکە لە عالەما.

www.iqra.ahlamontada.com

**سوورەتی هوود، مەککەیییە، ئایەتەکانی "١٢" و "١٧" و "١١٤" نەبێ، ئەمانە مەدینەیین، لە پاش سوورەتی یوونس هاتووەتە خوارەوە و "١٢٣" ئایەتە**

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿الٓرۚ﴾

ئەم سوورەتە کە بەم حەرفانە ناوبراوە.

﴿كِتَٰبٌ أُحۡكِمَتۡ ءَايَٰتُهُۥ﴾

کتێبێکە ئایەتەکانی بە نەوعێ دامەزراون کە عەیبیان تیا نییە.

﴿ثُمَّ فُصِّلَتۡ مِن لَّدُنۡ حَكِيمٍ خَبِيرٍ ١﴾

حەرفی «ثم» بۆ ماوەیە لە قەدر و میزانا، واتە ئەم سوورەتە ئایەتەکانی بە بێ عەیبی نازڵ کراون بۆ عەرز بۆ لای پێغەمبەر و دارژاون لە مەوزووعاتی خاوەن نرخی ئیعتیقادیات و عەمەلیاتدا لە لایەنی خودایەکەوە کە خاوەن حیکمەتە و ئاگادارە لەسەر هەموو شتێ.

﴿أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَۚ إِنَّنِي لَكُم مِّنۡهُ نَذِيرٞ وَبَشِيرٞ ٢﴾

کە ئەمە ئەگەیەنن عیبادەت و بەندەیی و پەرستیاری مەکەن مەگەر بۆ ئەو زاتە «واجب الوجود»ە کە ناوی «اللّٰه»یە و بە راستی بزانن کە من بۆ ئێوە مژدەدەر و ترسێنەرم لە لایەنی ئەوەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَأَنِ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِ يُمَتِّعۡكُم مَّتَٰعًا حَسَنًا إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى﴾

وە ئەمەیش ئەگەیەنێ کە ئێوە ئەی هۆشیاران داوای عەفوی تاوانەکانتان لە پەروەردگاری خۆتان بکەن و هەمووتان دەسبەرداری گوناح ببن و بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو جا ئەگەر ئاوا بکەن لەزەت و خۆشیتان پێ ئەدا بە شێوەیەکی عەدڵ و رێك هەتا وادە و کاتێکی دیاریکراو.

﴿وَيُؤۡتِ كُلَّ ذِي فَضۡلٖ فَضۡلَهُۥۖ﴾

وە خودا ئەدا بە هەموو خاوەن زیادە عیبادەتێ زیادە ئەجرێکی خۆی.

﴿وَإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٖ كَبِيرٍ ۝٣﴾

وە ئەگەر ئەو گەلە کە ئەم کتێبەیان بەسەرا ئەخوێنیتەوە پشت هەڵبکەن لە حەق ئەوە بە راستی بزانن خودا لێیان عاجز ئەبێ و من ئەترسم کە ئازاری رۆژێکی گەورەیان بەسەردا بێ کە رۆژی قیامەتە، وە یا رۆژی قار گرتنی خودایە لەسەریان لە دنیادا.

﴿إِلَى ٱللَّهِ مَرۡجِعُكُمۡۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ۝٤﴾

ئەی هۆشیاران بایی مەبن بە خۆتان، لە ئەنجاما گەڕانەوەتان هەر بۆ لای خودایە و ئەو خودایە تەوانایە بە سەر هەموو شتێکدا کە لە دائیرەی ئیمکاندا بێ.

﴿أَلَآ إِنَّهُمۡ يَثۡنُونَ صُدُورَهُمۡ لِيَسۡتَخۡفُواْ مِنۡهُۚ أَلَا حِينَ يَسۡتَغۡشُونَ ثِيَابَهُمۡ يَعۡلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعۡلِنُونَۚ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ۝٥﴾ ۞

جا ئەڵێ: ئاگادار بە ئەی پێغەمبەری خۆم، بە راستی ئەو کافرانە سینەی خۆیان هەڵئەسووڕێنن بۆ ئەوە کە خۆ بشارنەوە لە موحەممەد ﷺ وە یا لە خودای موحەممەد، بەڵام بێسوودە.

www.iqra.ahlamontada.com

بێدار بن! لەو کاتەدا کە خۆیان دائەپۆشن بە بەرگەکەیان، واتە بە نوێنی کاتی نوستنیان خودای تەعالا عالمە و زانایە لەسەر ئەو خەیاڵاتە دایئەپۆشن لە دڵیانا و لەسەر ئەو وتار و کردەوە دەری ئەخەن؛ چونکی بە راستی خودا ئاگادارە بەو خەیاڵاتە هاتوچۆ ئەکا بە سینەدا.

﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزْقُهَا﴾

وە هیچ گیانلەبەرێ نییە بڕوا بەسەر عەرزا و دامەزراو بێ لە عەرزا ئیللا خودا ئاگادارە لەسەری و ژیواری لەسەر خودایە.

﴿وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا﴾

وە ئەزانێ بە شوێنی مانەوەی دەوامداری وەکوو نیشتمانی هەموو کاتی، وە ئاگادارە لە شوێنی ئەمانەتی واتە شوێنی وەختی وەکوو مەنزڵی لە کاتی هاتوچۆ بە وڵاتا و هاتوچۆی بۆ بەجێهێنانی پێویستی خۆی.

﴿كُلٌّ فِي كِتَٰبٍ مُّبِينٍ ﴿٦﴾﴾

هەموو ئەمانە وان لە کتێبێکی رووناکا کە «لوح المحفوظ»ە، یا وان لە دەفتەری تایبەتی لای فریشتەدا.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُۥ عَلَى ٱلْمَآءِ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۗ وَلَئِن قُلْتَ إِنَّكُم مَّبْعُوثُونَ مِنۢ بَعْدِ ٱلْمَوْتِ لَيَقُولَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٧﴾﴾

بێدار بەرەوە! ئیبنوعەباس رضي الله عنهما ئەفەرموێت: ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە شانی کەسانێکدا کە شەرمیان ئەکرد بڕۆن بۆ قەزای حاجەت و خۆیان دەربخەن وە یا بڕۆن لەگەڵ

www.iqra.ahlamontada.com

ژنەکانیانا بنوون و گیانیان دەرکەویّ. جا نازڵ بوو بۆ ئەوە کە خودا لەم کارانەدا عیتاب ناکا و زیانیان نییە.

وە ریوایەت کراوە لە عەبدوڵلای کوڕی شەدادەوە: کە نازڵ بووە لە شانی بازیّ لە مونافقەکانا کە رائەبورد بە لای حەزرەتا خۆی پێچ ئەدا بۆ ئەوە حەزرەت ﷺ نەیبینیّ. وە ئەمە موعارەزەی کراوە بەوە کە ئەم سوورەتە مەککییە و مونافقەکان لە مەدینەدا بوون.

وە ریوایەت کراوە کە ئەمە لە شانی بازیّ لە موشریکەکانا نازڵ بووە، ئەیانوت: ئێمە کە خۆمان وا داپۆشین خەڵك پێمان نەزانیّ موحەممەد چۆن لە ئەحواڵی ئێمە حاڵی ئەبیّ؟

بە هەر حاڵ ئەم ئایەتە دەلیلە لەسەر ئەوە کە خودا ئاگادارە لە هەموو عالەم و کەس لە خودا ون نابیّ جا ئەو موسوڵمانانە هەرچۆن بژین خودا ئاگادارە لێیان بەڵام ئیجازەی داوە کە بە عادەتی شەرعی لەگەڵ ژن و عائیلەی خۆیاندا رابوێرن. (ئەمە ئەگەر ئەم ئایەتە دەرحەق موسوڵمانان نازڵ بووبیّ).

وە ئەگەر لە شانی کافرەکانا نازڵ بووبیّ مەعنای وایە: ئەو کافرانە خۆیان لە پێغەمبەر بشارنەوە، وە یا بیانەویّ لە خودا خۆیان ون بکەن خودا ئاگادارە لە سەریان و چاك و خراپ لە ئەسراری دڵ و وتاری دیاری و کردەوەیان لە لای خودا ئاشکرایە.

ئەو خودایە خودایەکە کە ئاسمانەکان و عەرز (واتە ئەوەی بە نیسبەتی ئێمەوە لە ژوورە و ئەوەی لە خوارە) دروستی کردوون لە نەبوون لە ماوەی شەش رۆژا لە رۆژە عادەتییەکەی خۆمان، وە یا لە پێش دروستکردنی ئەمانا «عەرشی خودا لەسەر ئاو بوو» واتە غەیری عەرش و مادەی ئاو هیچیتر نەبوو وەکوو لە پێش دروستکردنی ئەوانیشدا هەر تەنیا خودای تەعالا بووە، وەکوو ریوایەت کراوە لە حەزرەتەوە ﷺ «کان اللّٰه و ما کان معه شيء، ثم کان عرشه علی الماء»

www.iqra.ahlamontada.com

وە کاکڵەی بەیانی دروستکردنی عەرش لەسەر ئاو ئەوەیە کە ئەم هۆشیارانە حاڵی بکا لەوە کە وجوودی مومکینات گەورە و بچووك (ذاتاً و صفة) بەسراوە بە خواستی خودا و بە تەوانایی ئەوەوە و هیچ شتێ مەرج نییە بۆ دروستکردنی هیچ شتێ بە پێی یاسای عادەتی نەبێ، ئەگەرنا ئەتوانێ هەرچی خواستی بێ بە تەنیا دروستی بکا وە خودای تەعالا ئەم ئاسمان و عەرزە و ئەم عەرشە بەرزەی بۆ ئەوە دروستکردووە کە عالەمێکی کامڵ و رەسا دروست بکا و ئادەمیزادی تێدا دروست بکا و پێغەمبەران رەوانە بکا بۆ لایان و تەکلیفیان لێ بکا کە لەسەر دەستووری ئەو پێغەمبەرە رەفتار بکەن بۆ ئەوە کە لە عالەمی شەهادەتی بیسراو و بینراوە[وە] بەراوردتان بکا کە کام کەس لە ئێوە باشترە لە کەسێکی‌تر لە هۆی رەفتارەوە، وە ئەوسا جەزای ئەو رەفتارانە بداتەوە وەکوو فەرموویەتی: ﴿وما خلقت الجن والإنس إلا ليعبدون﴾[1] وە لەگەڵ دەرخستنی ئەم هەموو ئاسارە گەورەدا کە دەلیلن لەسەر تەوانایی خودا و لەسەر ئەوە «مەعاد» ئاسانە وەکوو «مەبدەء» بە راستی ئەی خۆشەویست ئەگەر تۆ بڵێی بەو کافرانە بە راستی ئێوە زیندوو ئەکرێنەوە لە پاش مردن بۆ ئەوە جەزای رەفتارتان دەست بکەوێ ئەو کافرانە زۆر بە ئیهتیمام رەدی ئەو قسە ئەکەنەوە و وەڵام ئەدەنەوە، ئەو کافرانە ئەڵێن: ئەم باسی زیندووبوونەوەی پاش مردنە بەتاڵ و پڕوپووچە و وەك جادووی جادووگەران وایە کە جادووەکەیان روون و دیار بێ.

﴿وَلَئِنْ أَخَّرْنَا عَنْهُمُ ٱلْعَذَابَ إِلَىٰٓ أُمَّةٍ مَّعْدُودَةٍ لَّيَقُولُنَّ مَا يَحْبِسُهُۥٓ﴾

وە بە راستی ئەگەر عەزابدان و ئازاری ئەو کافرانە دوا بخەین هەتا ماوەیەکی ژمێرراو ئەو کافرانە بە تانەدانەوە ئەڵێن: ئەوە چی ئەبێ بە هۆی دواخستنی ئەو عەزابە؟

١. الذاريات؛ ٥٦.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿أَلَا يَوْمَ يَأْتِيهِمْ لَيْسَ مَصْرُوفًا عَنْهُمْ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٨﴾﴾

ئاگادار بن! ئەو رۆژە و ئەو کاتە کە ئەو عەزابی ئێمە حەواڵە ئەکرێ و دێتە سەریان بە هیچ جۆر لا نادا لێیان و ئەو عەزابە گاڵتەی پێ ئەکەن دەورەیان ئەدا.

﴿وَلَئِنْ أَذَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِنَّا رَحْمَةً ثُمَّ نَزَعْنَٰهَا مِنْهُ إِنَّهُۥ لَيَـُٔوسٌ كَفُورٌ ﴿٩﴾﴾

وە لەگەڵ ئەوەدا کە ئینسان بەرانبەر بە ئیتاعەی خودای خۆی سست و دڵڕەق و سەرکێشە لە حاڵی زاتی خۆیشیا بێ‌تەمکین و دانەمەزراوە، بۆ وێنە ئەگەر لە کەرەمی خۆمان رەحمەتێکی پێ‌بدەین و تامی کام و خۆشییەکی پێ بچێژین و ماوەیێ بە شادی بژی و لە پاشا ئەو رەحمەتەی لێ وەربگرینەوە بە راستی لەو کاتەدا نائومێد و بێ‌هیوا و دڵگیراو و بەرچاو تەنگ و بێ‌باوەڕە بە خودا «کأنە» ئەو خودایە کە زوو ئەو هەموو نیعمەتەی پێ داوە بەو حاڵە نەماوە!

﴿وَلَئِنْ أَذَقْنَٰهُ نَعْمَآءَ بَعْدَ ضَرَّآءَ مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ ذَهَبَ ٱلسَّيِّـَٔاتُ عَنِّىٓ ۚ إِنَّهُۥ لَفَرِحٌ فَخُورٌ ﴿١٠﴾﴾

وە ئەگەر لە پاش پەرێشانی و نەخۆشی، تەندروستی و لەش ساغییەکی پێ بدەین ئەمجار بەدەمار و فیزێکەوە ئەڵێ: ئەوە وەزعە ناهەموارەکان رابوردن لەسەرم و ئیتر نایەنەوە، جا بە راستی ئادەمیزاد نەوعێکی بایی بە خۆشی و دەمارکەر بە شادییە، وە ئەم بێ‌ئیستیقامەتی و گۆڕانی حاڵە وەکوو خێوەت هەڵدراوە بەسەر هەموو کەسێکدا لە ئادەمی.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٞ كَبِيرٞ ﴿١١﴾﴾

ئەو موسوڵمانانە نەبێ کە خۆگرن لەبەر باری نابارا و کردەوەی باش ئەکەن لە هەموو کات و حاڵێکدا، وە لە کاتی ناخۆشیدا هیوای میهرەبانی و کەرەمی خودایان زۆرە و، لە کاتی خۆشی و بەرزیدا بیمی لاچوونی ئەو حاڵەیان هەیە و هەمیشە چاویان وا لە خوداوە ئەوە ئەم جۆرە کەسانە ئەگەر لەسەر تەبیعەتی ئادەمیزاد گوناحێ بکەن ئەوە خودا عەفویان ئەکا، وە ئەگەر کارێکی باش بکەن پاداشێکی گەورەیان هەیە.

﴿فَلَعَلَّكَ تَارِكُۢ بَعۡضَ مَا يُوحَىٰٓ إِلَيۡكَ وَضَآئِقُۢ بِهِۦ صَدۡرُكَ أَن يَقُولُواْ لَوۡلَآ أُنزِلَ عَلَيۡهِ كَنزٌ أَوۡ جَآءَ مَعَهُۥ مَلَكٌۚ﴾

ئێمە کە تەماشای دڵزویری تۆ ئەکەین لە کاتێکدا ئایاتێ رەوانە ئەکەین کە موافیقی زەوقی کافرەکان نییە و حاڵت وای لێ دێ کە بازێ لەو ئایەتانە وەحی کراون بۆ تۆ بە خیلافی زەوقی کافرەکان تەرکیان بکەی و دڵت بەوانە تەنگ ئەبێ لە ترسی ئەوە ئەوان بڵێن ئەوە بۆچی خەزێنەیەك ئاڵتوون و زیوی بۆ رەوانە نەکراوە بۆ سەر عەرز؟ یاخود بۆ فریشتەیەکی لەگەڵدا نەهاتووە کە ببێ بە دەلیل لەسەر ئەوە کەوا پێغەمبەری خودایە؟ نەکەی دەخیلە! دڵت زویر مەکە و، هەرگیز موبالات بە زەوقی کافرەکان مەکە تۆ حەقت بەسەر هیچەوە نییە بەس ئەوەندە هەیە لە لایەنی خوداوە رەوانەکراوی بە ترسێنەرێ لە سزا.

﴿إِنَّمَآ أَنتَ نَذِيرٞۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٌ ﴿١٢﴾﴾

تۆ هەر نەزیری و بەس و خودا نیگابانە لەسەر هەموو شتێك، ئەگەر ئەو کافرانە هەزار شت داوا بکەن و خودا بۆیان نەکا تۆ خۆت دڵتەنگ مەکە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ﴾

یاخود ئەو کافرانە ئەڵێن: موحەممەد ئەم قورئانەی داناوە و بە درۆ ئەڵێ کەلامی خودایە.

﴿قُلْ فَأْتُوا بِعَشْرِ سُوَرٍ مِّثْلِهِ مُفْتَرَيَاتٍ﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ بەو کافرە بوختانکەرانە: دەی ئێوە ئەگەر راست ئەکەن لەم داوادا کە قورئان کەلامی ئادەمیزادە فەرموون! بێن دە سوورەتی وەکوو سوورەتەکانی قورئان هەڵبەستن و بیانخوێننەوە.

﴿وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (١٣)﴾

وە هەرکەسیش دەستان پێی ئەگا و ئەتوانن بانگیان بکەن بۆ بەجێهێنانی ئەم مەبەستە، بیانهێنن ئەگەر راست ئەکەن و ئەگەر ئێوە لە پیاوە راستەکانن.

﴿فَإِلَّمْ يَسْتَجِيبُوا لَكُمْ فَاعْلَمُوا أَنَّمَا أُنزِلَ بِعِلْمِ اللَّهِ وَأَن لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَهَلْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ (١٤)﴾

جا ئەگەر ئەو کافرانە بە گوێیان نەکردن و ئەو سوورەتەیان نەهێنا، وە یاخود ئەگەر ئەو کەسانە کە بانگیان ئەکەن بۆ یارمەتی لەسەر ئینشاکردنی دە سوورەت وەکوو سوورەتەکانی قورئان نەهاتن و کەس نەهات بۆ یارمەتیدانیان، بزانن هەمووتان کە ئەم قورئانە نازڵ کراوە بە زانیاری خودا و تەوانایی ئەوەوە و پەیوەندی بە ئادەمیزادەوە نییە و، بیشزانن کە خودا نییە لە جیهانا ئەو خودا نەبێ کە ئەو قورئانەی ناردووەتە خوارەوە. جا ئیتر ئایا ئێوە پاش ئەوە دەلیلتان دەس کەوت لەسەر ئەو خودایە موسوڵمان ئەبن و لەم شەقاوەتە دەسبەردار ئەبن؟

جا خودای تەعالا لائەکاتەوە بە لای پێغەمبەرا ﷺ و ئامۆژگاری ئەکات و ئەفەرموێت:

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَٰلَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ ﴿١٥﴾ ﴾

هەرکەسێ هەر ئەم ژیانی دنیایە ئەوێ و بە شوێنی ئەم جوانی ژیوارەدا ئەگەڕێ ئەوە ئێمە لەسەر خواستی خۆمان بەقەی کردەوەی کابرا جەزای ئەو کردەوانەی ئەدەینەوە، تیجارەت و ئاڵوێر ئەکا قازانجی پێ ئەدەین، وە باخ و بێستان ئەنێژێ یا کشتوکاڵ ئەکا، وە یا چۆداری ئەکا لە سەر یاسای خۆمان لە جیهانا ئەڕۆین لەگەڵیا لەم دنیادا، وە ئەوانە لە دنیادا غاڵبەن زیان ناکەن، واتە لەسەر عادەتی ئادەمیزاد ئەژین.

﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِي ٱلْأٓخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُ وَحَبِطَ مَا صَنَعُواْ فِيهَا وَبَٰطِلٌ مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿١٦﴾ ﴾

بەڵام ئەو جۆرە کەسانە کە هەر دنیایان ئەوێ و موبالات بە فەرمانی خودای تەعالا ناکەن ئەوانە لە قیامەتا لە ئاگری دۆزەخ بەولاوە بەشێکیان نییە، وە هەر کردەوەیێ لە دنیادا کردوویانە بێسوود و بێبایەخە؛ چونکی بە هیوای ئەجر و جەزای رۆژی قیامەت نەیانکردووە و لە زاتی خۆیشیا ئەو کردەوە شتێکی پووچ و بێقیمەتی دینی بووە؛ چونکی هەر کردەوەیە لەگەڵ نییەتی رەزای خودا و لەبەر فەرمانبەرداری خودا نەبێ وەکوو کردەوەی باقی گیانلەبەرە بێعەقڵەکان وایە.

﴿ أَفَمَن كَانَ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِۦ وَيَتْلُوهُ شَاهِدٌ مِّنْهُ وَمِن قَبْلِهِۦ كِتَٰبُ مُوسَىٰٓ إِمَامًا وَرَحْمَةً ﴾

ئەم ئایەتە موقابیلی ئایەتی پێشووە، واتە: ئایا کەسێ کە لەسەر دەلیل و بورهانێ بێ لە لایەنی خودای خۆیەوە (واتە پێغەمبەرێ وەکوو موحەممەد ﷺ کە خودا دڵی رووناك کردووەتەوە لەسەر دینی ئیسلام) یاخود کۆمەڵە ئوممەتێ کە خودای تەعالا

www.iqra.ahlamontada.com

دڵی رووناك كردوونەتەوە لەسەر دینی ئیسلام و بە شوێنی ئەو دڵڕووناكییەیشدا شاهیدێ و پاڵپشتێ لە لایەنی خوداوە بێت بۆیان وەكوو قورئانی پیرۆز كە ئەخباری پێشینان و ئەحواڵی جیهانی تێدابێ و لە پێش ئەو شاهیدەیشدا تەوراتی مووسا عليه السلام هاتبێ بۆ سەر عەرز كە پێشەوا بووبێ بۆ پێغەمبەرانی بەنیئیسرائیل و رەحمەت و نوور بێ لە لایەنی خوداوە وە باسی ئەم پێغەمبەرە خاوەن شاهیدەی كردبێ بە رووناكی، ئایا ئەم پێغەمبەرە و ئەم ئوممەتە كە ئیمانیان بەو هێناوە چۆن ئەبن بەوانە كە لەم دنیادا هەر ژیانی دنیا و زینەتی دنیایان ئەویست و بەس؟ هەرگیز وەكوو یەك نابن. ئەوان كافر بوون و دوور بوون لە رەحمەت و ئەمان موئمین و موسوڵمانن و سەرچاوەی رەحمەتی خودای تەعالان.

﴿أُوْلَـٰٓئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِۦ ۚ﴾

ئەم كۆمەڵە بە حورمەتە خاوەن پایە، دەوامیان هەیە لەسەر ئیمان بە خودا و بڵاوكردنەوەی دین و ئەخلاق و رەوشتی پێغەمبەر ﷺ

﴿وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ مِنَ ٱلْأَحْزَابِ فَٱلنَّارُ مَوْعِدُهُۥ ۚ﴾

وە هەركەسێ كوفر بكا بە خودا یا بەو قورئانە كە شاهیدی پێغەمبەری خودایە لەو كۆمەڵانە كە قەرەباڵغی ئەكەن لەسەر دوژمنایەتی ـ لە ئەهلی مەككە و ئەترافی مەككە ـ ئەوە ئاگری دۆزەخ دانراوە بە كاتی وادە بەجێهێنانی سزادانی ئەوانە.

﴿فَلَا تَكُ فِى مِرْيَةٍ مِّنْهُ ۚ﴾

ئەوە تۆ هیچ شوبهە و گومانی خیلافت نەبێ لە گەیشتنی ئەو كافرانە بەو وەعدەیە.

﴿إِنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ﴾

بە راستی ئەو وەعدەیە حەقە و سابتە و دێتەجێ لە لایەنی خودای تۆوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٧﴾﴾

بەڵام زۆربەی ئەو کۆمەڵەی ئەهلی مەککە و ئەترافی مەککە وە یا زۆربەی ئادەمیزاد لە عالەما ئیمان نایەنن بە خودا یا بە قورئانی پیرۆز، یا بەو هاتنی ئاگری دۆزەخە، لەبەر ئەوە کە ئارەزووی دنیا زاڵ بووە بەسەریانا، مەیدانی بیرکردنەوەیان نییە لە قورئانا یا لە دەلیلی راستی دینا و هاتنی قیامەتا و سزادانی کافرانا بە ئاگری دۆزەخ.

﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا ۚ أُولَٰٓئِكَ يُعْرَضُونَ عَلَىٰ رَبِّهِمْ﴾

ئەوە کێیە کە ستەمکارتر بێ لەو کەسە کە درۆ لەسەر خودای تەعالا هەڵبەسێ و ئەوەی خودا نەیفەرمووە بیکا بە فەرموودەی ئەو و ئەوەی کە ئەو فەرموویەتی بڵێ فەرموودەی ئەو نییە؟! ئەو ستەمکارانە لە رۆژی قیامەتا رائەنوێررێن لە حوزووری خودای خۆیانا.

﴿وَيَقُولُ ٱلْأَشْهَٰدُ هَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ كَذَبُوا۟ عَلَىٰ رَبِّهِمْ ۚ أَلَا لَعْنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٨﴾﴾

وە شاهیدەکانی کردەوەی لە رۆژی قیامەتا لە پێغەمبەران و لە فریشتەکانی نووسەری ئەعمال و ساڵحانی ئوممەتی، وە یا ئەعزای لەشی خۆیان ئەڵێن: ئا ئەو کۆمەڵە بوون کە درۆیان لەسەر خودای خۆیان هەڵبەست. بزانن! کە لەعنەت و نەفرینی خودا لەسەر ستەمکارانە و لەسەر درۆزنانە و لەسەر بێ‌ئیمانانە.

﴿ٱلَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا وَهُم بِٱلْءَاخِرَةِ هُمْ كَٰفِرُونَ ﴿١٩﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەو کەسانە کە خەڵکی دوورئەخەنەوە و مەنعیان ئەکەن لە ڕۆیشتن بە ڕێگای خودادا کە دینی ئیسلام و مەنهەجی قورئانە و ئەم ڕێگەیە بە لار و ناڕێك نیشان ئەدەن و ئەم کۆمەڵەیە کافرن بە هاتنی ڕۆژی قیامەت.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ لَمۡ يَكُونُواْ مُعۡجِزِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا كَانَ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِنۡ أَوۡلِيَآءَ﴾

ئەو کۆمەڵە کە ئەو سیفەتانەیان هەیە کۆمەڵەیەکی وەها نین کە بەرانبەری خودا بکەن و نەیەڵن خودا ئیشی خۆی بکا و حەق لەوانە بسێنێ، بەڵکوو ئەوانە ڕۆژێ دێتە پێشەوە بۆ تۆڵە لێ سەندنەوەیان و غەیری خودایش دۆست و یارمەتیدەریان نییە، وە تەبعەن خودایش یارمەتی ئەوانە نادا؛ چونکی دوژمنی دینی ئەون.

﴿يُضَٰعَفُ لَهُمُ ٱلۡعَذَابُۚ﴾

وە لە ڕۆژی قیامەتا سزایان لەسەر دووقات ئەکرێتەوە؛ قاتێکی لەسەر کوفری خۆیان و قاتێکی لەسەر ئەوە کە مەنعی خەڵکیان کردووە لە ڕۆیشتن بە ڕێگەی خودادا.

﴿مَا كَانُواْ يَسۡتَطِيعُونَ ٱلسَّمۡعَ وَمَا كَانُواْ يُبۡصِرُونَ ٢٠﴾

وە ئەوانە نامەرد بوون و لە دنیادا ئەوەندە دوژمنی دینی خودا بوون تاقەت و تەوانای بیستنی ئایەتی خودایان نەبوو وە تاقەت و تەوانای تەماشاکردنی ڕووداو و موعجیزاتی پێغەمبەریان نەبوو.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ وَضَلَّ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ ٢١﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەو کۆمەڵە ئەوانەن کە نەفسی خۆیان لە دەست دەرچوو وە ئەو درۆ و دەلەسە کە ئەیانکرد ون بوو لێیان و سوودی پێ نەدان.

﴿لَا جَرَمَ أَنَّهُمْ فِي الْآخِرَةِ هُمُ الْأَخْسَرُونَ ﴿٢٢﴾﴾

جا گومان لەوەدا نییە کە ئەوانە لە ڕۆژی قیامەتا لە هەموو کەس لە کافرەکان زیانکارتر و خەسارەتبارترن؛ چونکی باقی کافرەکان هەر تاوانی خۆیانیان لەسەرە بەڵام ئەمان تاوانی خۆیان و خەڵکیان لەسەرە.

﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَأَخْبَتُوا إِلَىٰ رَبِّهِمْ أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ ۖ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴿٢٣﴾ ۞﴾

بە ڕاستی ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە خودا و پێغەمبەری خودا و کردەوەی موناسبی دین ئەکەن و ملیان ڕاکێشاوە بۆ خودای خۆیان ئەوانە خەڵکی بەهەشتن، ئەوانە لەو بەهەشتەدا ئەمێننەوە هەتا هەتایە.

﴿مَثَلُ الْفَرِيقَيْنِ كَالْأَعْمَىٰ وَالْأَصَمِّ وَالْبَصِيرِ وَالسَّمِيعِ ۚ﴾

وێنەی ئەم دوو تاقمی موسوڵمان و کافرانە وەکوو تاقمێکی خاوەن [چاو و] گوێیە لە موقابیلی تاقمێکی کوێر و کەڕەوە.

﴿هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلًا ۚ﴾

ئەم دوو تاقمە قەت ئەبن بە وێنە بۆ یەك لە سیفەت و حاڵدا؟ حاشا وە کەللا!

﴿أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٢٤﴾﴾

ئایا بیر ناکەنەوە لە حاڵی ئەم دوو تاقمەدا هەتا حاڵی ببن کە ئینسانی چاودار و گوێدار ژینێکی پیرۆزی هەیە و ئەوانی موخالیف ژینێکی پڕ لە ژان و، ئەوان وێنەی موسوڵمانن و ئەمان وێنەی کافران؟

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوۡمِهِۦٓ إِنِّي لَكُمۡ نَذِيرٞ مُّبِينٌ ﴿٢٥﴾ ﴾

خودای تەعالا دڵخۆشی حەزرەت ئەداتەوە بەوە کە لە زەمانی پێشوودا گەلێ لە پێغەمبەرانی ناردووە بۆ لای ئادەمیزاد و گەلێ حەولیان داوە بێ‌سوود دەرچووە و گەلێ سزای خاوەن دەهشەت و ئازاری رەوانە کردووە بۆ سەریان و مەحوی کردوونەتەوە، تۆیش ئەگەر بازێ زەحمەت و ناڕەحەتی ببینی پێویستە خۆت بگری و ئەنجامی خێر بۆ تۆیە، ئەفەرموێت: (من جملە) لە زەمانی پێشوودا پێغەمبەرێکی خاوەن پایە بە ناوی نووح کە لە نەتەوەی حەزرەتی ئیدریس بوو رەوانەمان کرد بۆ سەر قەومەکەی کە بتپەرست بوون و نیشتەجێگەی جەزیرە و، سەنجار و، موسڵ و، وڵاتی بابل بوون و، فەرمووی بە قەومەکەی: من بۆ ئێوە رەوانە کراوم لە لایەنی خوداوە و ئەتان‌ترسێنم لە سزای خودا، مادام لە سەر ئەم بتپەرستییە دەوام بکەن خودا قارتان لێ ئەگرێ. وە من لە لایەنی خوداوە رەوانە کراوم:

﴿ أَن لَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَۖ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٍ أَلِيمٖ ﴿٢٦﴾ ﴾

وە ئینزارتان ئەکەم ئیتر لەمەولا عیبادەت مەکەن بۆ غەیری خودا، بە راستی من ترسم هەیە کە سزا و ئازارێکی زۆر نابارتان بێتەسەر لە رۆژێکی ناهەموارا.

﴿ فَقَالَ ٱلۡمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوۡمِهِۦ مَا نَرَىٰكَ إِلَّا بَشَرٗا مِّثۡلَنَا وَمَا نَرَىٰكَ ٱتَّبَعَكَ إِلَّا ٱلَّذِينَ هُمۡ أَرَاذِلُنَا بَادِيَ ٱلرَّأۡيِ وَمَا نَرَىٰ لَكُمۡ عَلَيۡنَا مِن فَضۡلِۭ بَلۡ نَظُنُّكُمۡ كَٰذِبِينَ ﴿٢٧﴾ ﴾

ئەو کۆمەڵە ئوممەتە کە سەرکردە و دەمڕاستی ئەو ئوممەتە بوون لەو چەرخەدا هاتن وەڵامی حەزرەتی نووحیان دایەوە و بەرانبەری ریسالەتی ئەویان کرد بە چوار شوبهە:

www.iqra.ahlamontada.com

یەکەم: ئەمە کە نووح ئادەمیزادێکە وەکوو ئەوان لە بیئە و عائیلە و رشتەی نەتەوایەتیدا وە ئینسانی وا ناگاتە پایەی سەرداری مەعنەوی و ریسالەت بۆ سەر ئەو قەومە.

دووهەم: ئەوانەی کەوتوونەتە شوێن ئەو کۆمەڵێکی لات و بێحاڵ و بێدەستەڵاتن و ئەمانە زۆرتر لە کۆمەڵێ ئەچن کە لە برسا موشاغەبەیێ دروست بکەن و ئێمە تاقەتی هاوڕێیی ئەوانەمان نییە.

سێهەم: ئەمە کە پایە و شانێ نابینن بۆ نووح و پەیڕەوەکانی لەسەر خۆیان هەتا ببێ بە هۆی ئەوە کە ئەمان بتوانن و دڵیان بێتە سەر ئەوە خۆیان بکەن بە ئوممەتی نووح و لەگەڵ ئەودا بژین.

چوارەم: ئەمەیە ئێمە وا ئەزانین کە تۆ لەم داوای رەهبەری و پێغەمبەرایەتییەدا درۆ ئەکەی و ئێمە ناکەوینە شوێن پیاوی درۆزن.

﴿قَالَ يَٰقَوۡمِ أَرَءَيۡتُمۡ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّي وَءَاتَىٰنِي رَحۡمَةٗ مِّنۡ عِندِهِۦ فَعُمِّيَتۡ عَلَيۡكُمۡ أَنُلۡزِمُكُمُوهَا وَأَنتُمۡ لَهَا كَٰرِهُونَ ﴿٢٨﴾﴾

جا حەزرەتی نووح عليه السلام دەستی کرد بە وەڵامدانەوەی شوبهەکانیان بە تەرتیب، وە بۆ رەدی شوبهەی یەکەم فەرمووی: ئەی قەومی خۆم پێم بڵێن: (سَلَّمْنا) من ئادەمیزادێکم وەکوو ئێوە لە شێوە و قەوارە و خواردن و نوستندا بەڵام ئایا ئەگەر لەم موساواتەدا خودا منی جیا کردبێتەوە بە چەن پایەیێ، وەکوو ئەوە کە من لەسەر دڵڕووناکی و سینە گوشادی بم لە لایەنی خوداوە نەك وەکوو ئێوە دڵتاریك و سینە تەنگ، وە خودای تەعالا بە کەرەم رەحمەتێکی دابێ بە من بە هۆی سیفەتی ریسالەت و رەهبەرییەوە و عیلمێکی هاویتبێتە دڵمەوە کە لە کاری خۆما دڵ ئەستوور بم، بەڵام ئەو سیفەتە لە لای ئێوە زۆر نادیار و بێوجوود و جێگەی شوبهە بێ، من

www.iqra.ahlamontada.com

چی بکەم لەگەڵ ئێوەدا؟ ئایا من ئیقرار بەو سیفەتە بە زۆر ئەدەم بەسەر ئێوەدا لە حاڵێکدا ئێوە توانای وەرگرتنی ئەوتانە نەبێ بەڵکوو رقتان لێی بێ؟

بە کورتی راستە وەکوو ئێوەم لەم سوورەتەدا بەڵام وەکوو ئێوە نیم لە سیرەتا و من رەهبەرم، بەڵام ئێوە مادام تەنازول نەکەن لەو دەمارە پووچە کە هەتانە سوود وەرناگرن لە من وە لەم خوسووسەوە ئێوە خۆتان زیان ئەدەن لە خۆتان.

﴿وَيَٰقَوۡمِ لَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مَالًاۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِۚ وَمَآ أَنَا۠ بِطَارِدِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْۚ إِنَّهُم مُّلَٰقُواْ رَبِّهِمۡ وَلَٰكِنِّيٓ أَرَىٰكُمۡ قَوۡمٗا تَجۡهَلُونَ ﴿٢٩﴾﴾

وە بۆ رەدی شوبهەی دووهەمیان فەرمووی: من لەم مەبەستەمدا کە دەعوەتی ئێوەیە بۆ دینی خودا و تەوحیدی ئەو وەنەبێ داوای ماڵ و دارایی لە ئێوە بکەم هەتا بۆ خاتری ئەو ماڵ و داراییە کە لە ئێوەوە دەستم بکەوێ ئەو پەیڕەوە فەقیرانەی خۆم لە خۆم دوور بخەمەوە و دڵی ئێوە بەجێبێنم، بەڵکوو ئەجری من بەرابەر بەم مەبەستەم لەسەر خودایە و دەوڵەت و سامان لە لای من قیمەتی نییە، بەڵکوو مەبەستم بڵاوکردنەوەی تەوحیدە و، ئەو موسوڵمانانە مادام ئەهلی تەوحیدن من قەت ئەوانە دەرناکەم؛ چونکی غایەی من بەوان بەجێ هاتووە و ئەوان گەیشتوون بە ناسینی خودای خۆیان و ئیمانیان هێناوە بەو خودایە کە تاق و تەنیایە و زانا و تەوانایە، بەڵام من باوەڕم وایە کە ئێوە قەومێکن جاهیل و نەزانن و نازانن ئادەمیزاد بە قەوارە و دارایی لە لای خودادا بەرز نابێتەوە بەڵکوو بە دین و ئەخلاق و تەوازوعی نەفس ئەبێ بە ئینسانێکی بە حورمەت و ئەو فەقیرانە لەسەر ئەو حاڵەن نەك ئێوە.

﴿وَيَٰقَوۡمِ مَن يَنصُرُنِي مِنَ ٱللَّهِ إِن طَرَدتُّهُمۡۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٣٠﴾﴾

وە بۆ تەئکیدی دەفعی شوبهەی دووهەمیان فەرمووی: ئەی قەومی من دەلیلی دینی زۆرە لەسەر ئەوە واجبە ئینسان رێز لەو کەسانە بگرێ ئەخلاقیان باشە و بەرابەر

www.iqra.ahlamontada.com

بە فەرمانی خودا فەرمانبەردارن، «بناء علیه» واجبە من بە دڵ و زاهیر حورمەتی ئەو پەیڕەوە فەقیرانە بگرم، وە ئەگەر دەریان بکەم خودا قارم لێ ئەگرێ، جا کێ ئەتوانێ یارمەتیم بدا و لە قاری خودا رزگارم بکا ئەگەر من ئەوانە دەرکەم و ئازاری دڵیان بدەم؟ عەجەبا ئێوە بۆچی بیرناکەنەوە هەتا حاڵی ببن کە دەمار و فیزی ئێوە بەسەر ئەوانا بێ‌جێگەیە و لەسەر باوەڕێکی بەتاڵە؟!

﴿وَلَآ أَقُولُ لَكُمۡ عِندِي خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ وَلَآ أَقُولُ إِنِّي مَلَكٞ وَلَآ أَقُولُ لِلَّذِينَ تَزۡدَرِيٓ أَعۡيُنُكُمۡ لَن يُؤۡتِيَهُمُ ٱللَّهُ خَيۡرًاۖ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا فِيٓ أَنفُسِهِمۡۖ إِنِّيٓ إِذٗا لَّمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٣١﴾

وە بۆ وەڵامی شوبهەی سێهەم و چوارەم پێتان ئەڵێم: ئێوە لە لاتان وایە کە شەرافەت و پایە و شان ئەوەیە ئینسان ماڵی دنیا و زێڕ و زیو و حەیوانات و دارایی ببێ، وە یا ئەوەیە کە ئینسان غەیبزان بێ و سیرڕی پەنامەکی دەربخا، وە یا بەوە ئەبێ کە زاتەن لە عالەمێکی لەتیف و ناسك بێ و لەبەر چاوا نەبێ وەکوو فریشتەی خودا، بەڵام ئەم شتانە بۆ ئەوە ناشێن ببن بە پایەی بەرزی لە عالەمدا، ئەمما فریشتە ئەوە قەومێکن خودا بە بێ قابیلیەت بۆ تاوان دروستی کردوون و ناتوانن گوناح بکەن لەبەر ئەوە پایەیان ئەوەندە بەرز نییە کە لەسەر پێغەمبەران و رەهبەرانی گیرۆدەی نەفس و زەحمەتی خۆیان و غەیری خۆیان تەشریف بکرێن، وە ماڵی دنیایش ئەوە نەبێ کە نەزان ئیعتیمادی بداتە سەر ئیتر قیمەتێکی نییە و کەشفی ئومووری غەیبی (بالذات) هەر لە شانی خودادایە، کە وابێ من ئیعلان ئەکەم و پێتان ئەڵێم: من خەزێنەی داراییم لەلا نییە و بەوانەیش نانازم و غەیب و ئەسرار و پەنامەکی نازانم مەگەر ئەوەی خودا پێم نیشان بدا لەسەر حیکمەتی خۆی و لە جینسی فریشتەیش نیم، وە وا حاڵی مەبن کە ریسالەت و رەهبەری لەسەر ئەمانە دامەزراوە، بەڵکوو رەهبەری

www.iqra.ahlamontada.com

ئەمەیە خودا ئادەمیزادێ ئیختیار بکا و دڵی نوورانی بکا و شەرع و دینی نیشان بدا و ڕەوانەی بکا بۆ لای قەومێکی نەزانی دوور لە ئەخلاق و ئاداب ئیرشادیان بکا و بە هۆی تەمێ و تەربییەتەوە بیان بکا بە قەومێ کە لە ژیانی دنیادا سوود وەربگرن بۆ خۆیان و ببن بە چرای ڕووناکی دڵی ئەوانەیش لە پاش ئەوان دێن.

کە وابێ ئەو شتانە ئێوە بە هۆی پایەی شەرافەتیان ئەزانن وەها نین و شەرافەت ئەوەیە ئینسان دڵی نوورانی بێ بە ئیمان و نەفسی ڕازابێتەوە بە خوو و ڕەوشتی باش.

بە گوێرەی ئەمەی بۆم بەیانکردن قەت ناڵێم بەو فەقیرانە کە چاوی ئێوە بە سووکی بۆیان ئەڕوانێ کە خودا خێریان ناداتێ، بەڵکوو خودا فیعلەن خێری پێداون بەوە کە هیدایەتی داون بۆ دینی تەوحید، وە خودا خۆیشی زاناترە لە ئێمە بەو نوورە وا لە دڵیانا، مومکینە هەرکام لەوان پایەیەکی زۆر بەرزی هەبێ.

وە ئەگەر من بڵێم ئەو فەقیرانە خاوەن پایە نین و پایەی ئیمان و تەوحیدەکەیان تەقدیر ئەکەم، من بە ڕاستی ئەبێ لە تاوانباران بم، چونکە ڕەهبەر ئەشێ ڕاستی نیشان بدا نەك حەق ون بکا، وە مادام حەقی ونکرد ئەوە تاوانبارە و ستەمی لە خەڵك کردووە کە حەقی لێ ون کردوون، وە ستەمیشی لە خۆی کردووە کە وەزیفەی خۆی جێبەجێ نەکردووە.

﴿ قَالُواْ يَـٰنُوحُ قَدْ جَـٰدَلْتَنَا فَأَكْثَرْتَ جِدَٰلَنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّـٰدِقِينَ ﴿٣٢﴾ ﴾

جا قەومەکەی حەزرەتی نووح لە مەقامی دڵگرانی و دوور کەوتنەوە لێی وتیان: ئەی نووح تۆ موجادەلەت لەگەڵ ئێمەدا کرد و جیدالێکی زۆریشت کرد، جیدالت کرد بۆ خۆت و بۆ قەومەکەت، وە هەر شوبهەیێ کە هەرکەسێ لە ئێمە دەریبڕیبوو تۆ قسەت لەسەر کرد ئیتر ئێمە تاقەتی جیدالمان نییە ئەگەر ڕاستئەکەی تۆ لەلای

www.iqra.ahlamontada.com

خوداوە هاتووی و ئەتوانی شتێ بنوێنی بە ئێمە فەرموو ئەگەر تۆ لە راستە راساڵەکانی هەتا پایەت دەرکەوێ.

﴿قَالَ إِنَّمَا يَأْتِيكُم بِهِ ٱللَّهُ إِن شَآءَ وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ ﴿٣٣﴾﴾

حەزرەتی نووح فەرمووی: ئەی قەومی من ئێوە غەشیمن، من کەی وتوومە من سزاتان بۆ دێنم؟! حا شا ! ئەوە هەر خودایە ئەتوانێ سزاتان بۆ رەوانە بکا ئەگەر خواستی لەسەر بێ وە کاتێکیش کە سزای نارد بۆ سەرتان ئێوە ناتوانن بەرەڕەستی بوەستن و دەفعی ئەو سزا بکەن.

﴿وَلَا يَنفَعُكُمْ نُصْحِيٓ إِنْ أَرَدتُّ أَنْ أَنصَحَ لَكُمْ إِن كَانَ ٱللَّهُ يُرِيدُ أَن يُغْوِيَكُمْ﴾

وە بە هیچ شێوەیێ ئامۆژگاری من سوود نادا بە ئێوە ئەگەر خواستم بێتە ئامۆژگاری کردنتان بە تایبەتی ئەگەر خودا خواستی لەسەر ئەوە بێ بەرابەر بەم هەموو بێئەدەبی و ناسزاییە کە کردتان بیەوێ گومڕاتان بکا.

﴿هُوَ رَبُّكُمْ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٣٤﴾﴾

خودا پەروەردگاری ئێوەیە وە بۆ لای ئەو ئەگەڕێنەوە و خۆی ئەزانێ چیتان لێ بکا و چیتان بەسەرا بێنێ.

﴿أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ قُلْ إِنِ ٱفْتَرَيْتُهُۥ فَعَلَىَّ إِجْرَامِى وَأَنَا۠ بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُجْرِمُونَ ﴿٣٥﴾﴾

یا خەیر کافرەکانی قەومی نووح ئەڵێن: نووح خۆی ئەم ئامۆژگارییەی هەڵبەستووە بە زمانی خوداوە! تۆ بڵێ: ئەگەر من ئەو وتارانەم هەڵبەستبێ ئەوە تاوانی خۆم لەسەر خۆمە و لەسەر ئێوە نییە، ئێوە دوورن لە تاوانی من و منیش دوورم لە تاوانی ئێوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَأُوحِيَ إِلَىٰ نُوحٍ أَنَّهُۥ لَن يُؤْمِنَ مِن قَوْمِكَ إِلَّا مَن قَدْ ءَامَنَ فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴿٣٦﴾﴾

جا وەحی کرا بۆ لای نووح عليه السلام: بە راستی کەس ئیمان نایەنێ لەم قەومی تۆیە ئەوانە نەبێ کە لەمەوپێش ئیمانیان هێناوە ئیتر دلگران مەبە لە هەر شتێ ئەیکەن.

﴿وَٱصْنَعِ ٱلْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا وَوَحْيِنَا وَلَا تُخَـٰطِبْنِى فِى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ ۚ إِنَّهُم مُّغْرَقُونَ ﴿٣٧﴾﴾

پاش ئەوە کە حەزرەتی نووح عليه السلام ماوەیەکی زۆر لە ناو قەومەکەیا مایەوە و بانگی کردن بۆ تەوحید و ئەوان موبالاتیان نەکرد و بە ئەنواعی رێگەدا تەحقیری ئەتباعیان ئەکرد، نووح دوعای شەڕی کرد لەو قەومە و پاڕایەوە لە خودا کە گیانداریان لەسەر عەرزا ببڕێ، وە خودا وەحی بۆ کرد کەوا من بڕیارم دا ئەو قەومە غەرق بکەم و پێویستە تۆ کەشتییەك دروست بکەیت بۆ خۆت و منداڵ و ژن و پەیوەندت لەگەڵ ئەوانەدا کە ئیمانیان هێناوە، جا خودای تەعالا بە ئیشارەت بۆ لای ئەو کەشتییە کە بڕیاری داوە دروست بکرێ بۆ خۆی و پەیوەندی فەرمووی بە حەزرەتی نووح: تۆ دروست بکە ئەو کەشتییە کە بڕیارمان دا بە چاودێری من کە نەیەڵم دوژمنەکان بیشکێنن و لەسەر وەحی و تەعلیماتی من کە چۆنی دروست بکەی کە بە کاری ژیواری ئەوانە بێ کە ئەڕۆنە ناوی، کە وابێ مەبەست لە کەلیمەی «أعين» چاودێری و پاسکردنە لە لایەنی خوداوە بەو شێوە کە خۆی فەرمانی داوە و مەبەست لە «وحی» تەعلیمکردنی حەزرەتی نووحە بۆ بەستنی تەختەکان و داری رایەڵەی ئەم لا و لا و سەر و ژێری کەشتییەکە کە رێکخستنی ئەوانە پێویستی بە ئیرشادێکی رەسایە.

www.iqra.ahlamontada.com

وە فەرمووی: قسە و تکا و رجام لەگەڵدا مەکە بۆ رزگارکردنی ئەوانە کە ستەمیان لە خۆیان کرد بە کوفر و لە غەیری خۆیان بە رێگە گرتن لێیان بۆ موسوڵمان بوون، بە راستی ئەوانە حوکم دراوە بەسەریانا کە لەوانەن غەرق بکرێن.

﴿وَيَصْنَعُ ٱلْفُلْكَ﴾

وە حەزرەتی نووح مەشغووڵی بوو، پاش ئەو ئەمرە بە قەی تەوانا ئەو کەشتییەی دروست ئەکرد.

﴿وَكُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ مَلَأٌ مِّن قَوْمِهِۦ سَخِرُواْ مِنْهُ﴾

وە هەر کاتێ بە دەوام کە کۆمەڵێ لە قەومەکەی رائەبوردن بەلایا گاڵتەیان پێ ئەکرد، بە ئیعتیباری ئەوە کە نووح نازانێ کەشتی دروست بکا یا ناتوانێ دروستی بکات وە یا دروستکردنەکەی بێ‌سوودە، یاخود بە گاڵتەوە پێیان ئەوت: تۆ پێغەمبەر بووی وا بووی بە دارتاش!

﴿قَالَ إِن تَسْخَرُواْ مِنَّا فَإِنَّا نَسْخَرُ مِنكُمْ كَمَا تَسْخَرُونَ ﴿٣٨﴾﴾

ئەویش لە وەڵامیانا ئەیفەرموو: ئەگەر ئێوە گاڵتە ئەکەن بە ئێمە ئێمەیش لەمەولا کاتێ کە نزیك بوونەوە لە خنکان گاڵتەتان پێ ئەکەین وەکوو ئێستە ئێوە گاڵتە بە ئێمە ئەکەن.

﴿فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴿٣٩﴾﴾

کافرەکان باوەڕیان نەبوو بەوە کە نووح پێغەمبەرە و قسەکەی راستە و رۆژێ دێ کە ئەوان بە کەشتی رزگار ئەبن و ئەمان گیرۆدەی سزای دنیا ئەبن بە غەرق و تووشی سزای قیامەت ئەبن.

www.iqra.ahlamontada.com

بە کورتی لایان وا نەبوو کە کەس هەیە گیرۆدە ببێ، جا نووحیش فەرمووی: لە پاشەکاتی نزیکدا حاڵی ئەبن و ئەزانن کێ سزایەکی تووش ئەبێ رسوای بکا لە دنیادا و دێتە سەری سزایەکی بە دەوام لە قیامەتا.

﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَمۡرُنَا وَفَارَ ٱلتَّنُّورُ قُلۡنَا ٱحۡمِلۡ فِيهَا مِن كُلّٖ زَوۡجَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِ وَأَهۡلَكَ إِلَّا مَن سَبَقَ عَلَيۡهِ ٱلۡقَوۡلُ وَمَنۡ ءَامَنَۚ وَمَآ ءَامَنَ مَعَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلٞ ﴿٤٠﴾ ﴾

خودای تەعالا وەحی کرد بۆ حەزرەتی نووح: نیشانەی کاتی تۆفان و بەرزبوونەوەی ئاو بەسەر دنیادا ئەوەیە کە ئاو لە تەنووری نان کردنەکەتانەوە دەرئەچێ بە هێز. وە پاش ئەوە کە حەزرەتی نووح کەشتییەکەی تەواو کرد و چاوەڕێی نیشانەکەی کرد لە ماڵەوە هاتن خەبەریان پێدا کە: ئاو لە تەنوورەکەمانەوە دەرئەچێ ئەویش فەرمانی دا پەیڕەوەکانی حازر ببن وە خودا ئەو حەیوانانە کە لە هێلکە پەیدا ئەبن، وە یا بە زایین ئەزێن جووت جووت حازری کردن. وەکوو ئەفەرموێت: تا کاتێ ئەمرمان دا بە تۆفان و، بارانی خورزم لە ئاسمانەوە رژایە سەر عەرز و زەوی کەوتە تەکان و ئاوی فرەئەدایە سەرەوە و تەنوورەکەی ماڵی نووح ئاوی لێ هەڵقوڵا، وتمان بە نووح: هەڵبگرە لە کەشتییەکەدا لە هەموو هاولفێك دوان، واتە نێر و مێیەك، وە ئەهل و منداڵ و ژن و پەیوەندی خۆت هەڵبگرە ـ ئەوانە نەبێ کە واتەی من رابوردووە بۆ خنکاندنیان کە بریتییە لە کەنعانی کوڕی و دایکی کەنعان کە لەبیر و رادا لەگەڵ کافرەکانا بوون و نووحیان بە شێت دائەنا ـ وە هەڵبگرە لە کەشتییەکەدا هەرکەس کە ئیمانی هێناوە بە تۆ، وەلحاڵ ژمارەیەکی کەم ئیمانیان پێ هێنا بوو!

جا ئەمانە چوونە ناو کەشتییەکەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَقَالَ ٱرْكَبُوا۟ فِيهَا بِسْمِ ٱللَّهِ مَجْرٜىٰهَا وَمُرْسَىٰهَآ ۚ إِنَّ رَبِّى لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٤١﴾﴾

وە حەزرەتی نووح فەرمووی: پیرۆزی ناوی خودا هۆی جوولان و هاتوچۆی کەشتییەکە بێ تا کاتی جوولانی، وە هۆی راوەستانی بێ کاتی راوەستانی، بە راستی خودای من تاوانبەخش و میهرەبانە.

﴿وَهِىَ تَجْرِى بِهِمْ فِى مَوْجٍ كَٱلْجِبَالِ وَنَادَىٰ نُوحٌ ٱبْنَهُۥ وَكَانَ فِى مَعْزِلٍ يَٰبُنَىَّ ٱرْكَب مَّعَنَا وَلَا تَكُن مَّعَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٤٢﴾﴾

واتە ئەو کەشتییەیش ئەوەنە قایم و باش دروست کرابوو کە قەومەکە هەرچی تێدا بوو ئەیبردن بەسەر ئاوەکەدا لە ناو شەپۆلی ئاوی وادا وەکوو کێو بەرز بوون و بە قەد کێو ئەبوون، واتە کەشتییەکە لە بەرزبوونەوە و داپەڕیندا خراپ نەدەبوو، وە یا لەو کاتەدا سواری بوون کەشتییەکە ئەو عالەمەی وا لەناویا رای ئەپەڕاندن لە ناو شەپۆلی بەرزی بە قەی کێو گەورەدا. وە نووح ﷺ لە کاتی سوار بوونی کەشتییەکەدا بانگی کرد لە کەنعانی کوڕی ـ و ئەویش لە کەنارێکدا راوەستابوو ـ: ئەی کوڕی خۆشەویستم سواری کەشتی ببە لەگەڵ ئێمەدا وە لەگەڵ کافرەکانا مەبە هەتا لەگەڵیانا نەفەوتێ.

وە ئەم بانگکردنەی لە پاش نەهی خودا کە فەرمووی: ﴿إلا من سبق علیه القول﴾ لەسەر ئەو ئەساسە بوو کە حەزرەتی نووح وای ئەزانی کەنعان بەر ئەو جیاکردنەوە نەکەوتووە، یا لەو کاتەدا سواری کەشتییەکە بوون و ئادەمیزاد کەوتنە بیم و لەرز و پەرێشانی و ترسی گیانەوە، نووح وەها حاڵی بوو کەنعان لە حاڵی خۆی پەشیمان بووەتەوە، وە یا لەبەر عاتیفە و مەحەبەتی باوکێتی خستیە ئەو خەیاڵەوە بەڵکوو لای خودای تەعالا لەبەر کەرەمی زۆری مەجالی عەفوی ببێ.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قَالَ سَـَٔاوِىٓ إِلَىٰ جَبَلٖ يَعۡصِمُنِى مِنَ ٱلۡمَآءِۚ﴾

کەنعان بە بێباکییەوە وتی: وا لەم کاتەوە ئەڕۆم بۆ سەر کێوێکی بەرزی وا لە تۆفان بمپارێزێ.

﴿قَالَ لَا عَاصِمَ ٱلۡيَوۡمَ مِنۡ أَمۡرِ ٱللَّهِ إِلَّا مَن رَّحِمَۚ﴾

حەزرەتی نووح فەرمووی: خاوەن عیسمەت و پارێزراو نییە ئیمڕۆ لەم قاری خودا و لەم تۆفانە کەسێ نەبێ کە خودا رەحمی پێ کردبێ و لەم کەشتییەدا دایناببێ.

﴿وَحَالَ بَيۡنَهُمَا ٱلۡمَوۡجُ فَكَانَ مِنَ ٱلۡمُغۡرَقِينَ ٤٣﴾

وە لەو کاتەدا شەپۆلێکی ئاوی زۆر هات و کەوتە بەینی نووح و کەنعانەوە و لە ئاوەکەدا خنکا.

﴿وَقِيلَ يَـٰٓأَرۡضُ ٱبۡلَعِى مَآءَكِ وَيَـٰسَمَآءُ أَقۡلِعِى وَغِيضَ ٱلۡمَآءُ وَقُضِىَ ٱلۡأَمۡرُ وَٱسۡتَوَتۡ عَلَى ٱلۡجُودِىِّۖ وَقِيلَ بُعۡدٗا لِّلۡقَوۡمِ ٱلظَّـٰلِمِينَ ٤٤﴾

وە لە پاش ئەوە کە خودای تەعالا بەو تۆفانە کافرەکانی کوشت و قارەکەی بڕایەوە، لە لایەنی پەروەردگارەوە بە بانگی تەئسیر و تەسخیر وترا: ئەی خاك ئاوی خۆت بخۆرەوە و قووتی بدەرەوە زووبەزوو، وە ئەی ئاسمان دەسبەردار ببە لە ئاو رژاندن! وە فەرمانی خودا جێبەجێ بوو: زەوی دەستی کرد بە قووتدانی ئاوەکەی و، ئاسمان ئاوی وێسایەوە و، کەشتییەکە لەسەر کێوی «جوودی» ـ لە نزیکی شاری «موسڵ»دا ـ راوەستا و لە لایەنی خودا و مەلائیکەی مەئموورەوە وترا: با هەر دوور بکەونەوە ئەو قەومە کافرە ستەمکارانە.

﴿وَنَادَىٰ نُوحٞ رَّبَّهُۥ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ٱبۡنِى مِنۡ أَهۡلِى وَإِنَّ وَعۡدَكَ ٱلۡحَقُّ وَأَنتَ أَحۡكَمُ ٱلۡحَـٰكِمِينَ ٤٥﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە حەزرەتی نووح پاش ئەوە کە لە وەحی خوداوە ئەمری ئەوەی پێگەیشت کە هەموو ئەهلی خۆی بهاوێتە ناو کەشتییەکەوە ﴿إلا من سبق عليه القول﴾ وە بە بیری خۆی وای‌زانی کە ئەو جیاکردنەوە هەر دایکی کەنعانی بەرئەکەوێ، بانگی کرد و پاڕایەوە لە خودای تەعالا: ئەی خودا! کەنعانی کوڕم لە ئەهلی منە و تۆیش وەعدەت داوە بە رزگارکردنی ئەهلی من و تۆ خاوەن حیکمەتی لە هەموو کارێکدا.

﴿قَالَ يَـٰنُوحُ إِنَّهُۥ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ ۖ إِنَّهُۥ عَمَلٌ غَيْرُ صَـٰلِحٍ ۖ فَلَا تَسْـَٔلْنِ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ ۖ إِنِّىٓ أَعِظُكَ أَن تَكُونَ مِنَ ٱلْجَـٰهِلِينَ ﴿٤٦﴾﴾

خودا وەڵامی نووحی داوە و فەرمووی: ئەی نووح بە راستی کەنعانی کوڕت لە ئەهلی تۆ نییە؛ چونکی کوفر رشتەی مەحەبەت ئەبڕێ و، بە راستی کەنعان ئەوەندە خراپە «کأنە» هەر کردەوەی ناشرینە، ئیتر پرسیار مەکە و داوای شتێکی وا مەکە کە نەزانی بوونەکەی حیکمەت و سەوابە. وە من ئامۆژگاریت ئەکەم لەبەر ئەوە حەز ناکەم بکەویتە زومرەی ئەوانەی کە نەزانکارن.

﴿قَالَ رَبِّ إِنِّىٓ أَعُوذُ بِكَ أَنْ أَسْـَٔلَكَ مَا لَيْسَ لِى بِهِۦ عِلْمٌ ۖ﴾

جا حەزرەتی نووح بێدار بووەوە و خەبەردار بوو لە واقیعی حاڵ و عیلمی پەیدا کرد کە کەنعانی کوڕی لەگەڵ «واعلە»ی دایکیا لە ئەهلی ئەو جیا بوونەتەوە و حوکم دراوە بە خنکاندنیان، وە زانی کە کەنعان لە کاتی سواربوونی گیانلەبەرەکانا بۆ ناو کەشتییەکە هیچ بیر و باوەڕی نەگۆڕاوە و لەسەر حاڵی کوفری پێشووی ماوە، جا پاڕایەوە لە خودا و سکاڵای کرد کە سەرفی نەزەری لێ بکا و فەرمووی: ئیتر پەنا ئەگرم بە تۆ لەوە کە لەمەولا داوای شتێکت لێ بکەم کە نەزانم بوونەکەی حیکمەتە، وە ئەگەر داوای شتێ بکەم ئەڵێم: خودایە ئەگەر ئەو شتە خاریج نییە لە دائیرەی خواستی خۆت بۆمان جێ‌بەجێ بکە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَإِلَّا تَغْفِرْ لِي وَتَرْحَمْنِيٓ أَكُن مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٤٧﴾﴾

وە ئەگەر چاوپۆشیم لیّ نەکەی و میهرەبانی بەکار نەیەنی لەگەڵما بۆ چاوپۆشی لەم داواکردنەدا بە راستی داخڵی کۆمەڵی زیانکاران ئەبم.

﴿قِيلَ يَٰنُوحُ ٱهْبِطْ بِسَلَٰمٍ مِّنَّا وَبَرَكَٰتٍ عَلَيْكَ وَعَلَىٰٓ أُمَمٍ مِّمَّن مَّعَكَ﴾

جا لە لایەنی خوداوە دەرگای میهرەبانی تایبەتی کرایەوە و خودا سەرفی نەزەری کرد لە نووح لە بابەتی ئەو داوایانەوە کردبووی و وەحی هات بۆ لای نووح و فەرمانی پیّ درا کە: لە کەشتییەکەت بێرەخوارەوە لەگەڵ هێمنی و پیرۆزی و بەختیاری لە لایەنی ئێمەوە بۆتان و لەگەڵ فەڕ و بەرەکاتیّ لەسەر خۆت و لەسەر ئەو ئوممەتانە وان لەگەڵتا لە سەفینەکەدا.

﴿وَأُمَمٌ سَنُمَتِّعُهُمْ ثُمَّ يَمَسُّهُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٤٨﴾﴾

وە لە نەتەوەی ئێوەدا چەن ئوممەتیّ هەن کە لەمەولا ژیواری خۆشیان پیّ ئەدەین تا دەوام ئەکەن لەسەر تاعەت و فەرمانبەرداری و لە پاشا دەست ئەکەن بە سەرکێشی و یاخی بوون جا لەسەر یاسا و سوننەتی خۆم بەرابەر بە سەرکێشەکان سزایەکی سەخت و ناگەواریان بۆ حەواڵە ئەکریّ و لێیان ئەدا.

ریوایەت کراوە: کە شوێنی ئەو کەشتی دروستکردنەی حەزرەتی نووح «کووفە» بووە. وە بازیّ ئەڵێن: لە وڵاتی «جەزیرە» بووە لە شیمالی موسڵەوە، وە ئەم ریوایەتە نزیکترە لە واقیعەی دابەزینی کەشتییەکەی لەسەر کێوی «جوودی» لە نزیکی موسڵدا. وە ریوایەت کراوە ماوەی شەش مانگ یانی لە دەی رەجەبەوە تا دەی موحەڕەم ئەو کەشتییە بەسەر ئاوی تۆفانەوە بووە ئەوسا لەسەر کێوی جوودی دامەزراوە.

﴿تِلْكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ نُوحِيهَآ إِلَيْكَ ۖ مَا كُنتَ تَعْلَمُهَآ أَنتَ وَلَا قَوْمُكَ مِن قَبْلِ هَٰذَا ۖ فَٱصْبِرْ ۖ إِنَّ ٱلْعَٰقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ ﴿٤٩﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئائەو باسی حەزرەتی نووحە و قەومەکەی و باسی تۆفان و کەشتی و هێشتنەوەی بازێك و کوشتنی بازێ لەوان، بازێ بوو لە هەواڵی پەنامەکی بە وەحی بە تۆمان راگەیاند، تۆ لەمەوپێش ئەو باسانەت نەئەزانی و قەومەکەیشت نەیانئەزانی لە پێش ئەم بەیانی ئێمەدا. جا مادام خودا تۆی کرد بە جێگەی زانستی هەواڵی پەنامەکی و تۆی کرد بە رەهبەر خۆت بگرە لەسەر ئازاری قەومەکەت و بزانە ئەنجامی خێر و گەیشتن بە مەرام بۆ ئەو کەسانەیە کە لە خودا ئەترسن و لەسەر فەرمانی ئەو ئەڕۆن.

﴿وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا ۚ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ ۖ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا مُفْتَرُونَ ﴿٥٠﴾﴾

رەوانەمان کرد بۆ لای قەومی «عاد» برای خۆیان «هوود»، ئەویش مەنعی کردن لە بتپەرستی و پێی فەرموون: بەندەیی بکەن بۆ زاتی پاکی خودا و ئێوە غەیری ئەو خوداتان نییە و ئێوە لەم کاری ناباری بتپەرستییەدا کۆمەڵێکی درۆزن و درۆهەڵبەسن و بە درۆ ئەڵێن خودا شەریکی هەیە.

ئەڵێن: هوود کوڕی عەبدوڵڵای، کوڕی رەباحی، کوڕی خولوودی، کوڕی عادی، کوڕی عەوسی، کوڕی ئیرەمی، کوڕی سامی کوڕی نووح علیه السلام بووە، وە قەومی هوود بتپەرست بوون و بتەکەیان ناوی «هتار» بوو، وە وڵاتەکەیان خاکی «ئەحقاف» بوو لە شیمالی«حەزرەمووت»دا، وە زەوی «ڕوبعی خاڵی» بێئاوەدانی وا لە شیمالی ئەحقافەوە و عومان کەوتووەتە خۆرهەڵاتیانەوە، وە وڵاتەکەیان هەروا بە چۆڵی ماوەتەوە، وە تا ئێستە دەست نەبراوە بۆ کەشف کردنی.

﴿يَٰقَوْمِ لَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا ۖ إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَى ٱلَّذِى فَطَرَنِىٓ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٥١﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە هوود فەرمووی: ئەی قەومی خۆم من لەسەر ئەم بانگ‌کردنی ئێوە بۆ تەوحید داوای پاداش و هەقی هاتوچۆ لە ئێوە ناکەم، من پاداشم نییە لەسەر ئەو خودایە نەبێ کە منی لە نەبوون دروستکردووە، ئایا ئێوە ناتوانن عەقڵ و هۆشی خۆتان بە کار بێنن بۆ ئەوە بزانن کە ئێمە بە دڵێکی پاك ئێوە بانگ ئەکەین بۆ رێگەی رووناك و لەو رێگەوە ئێوە ئەتوانن بگەن بە مەقسوودی حەق.

﴿وَيَٰقَوۡمِ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِ يُرۡسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيۡكُم مِّدۡرَارٗا وَيَزِدۡكُمۡ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمۡ وَلَا تَتَوَلَّوۡاْ مُجۡرِمِينَ ۝٥٢﴾

وە فەرمووی: ئەی گەلی خۆم داوای تاوانبەخشی لە خودا بکەن با لەم کردەوە خراپانەدا و لەم بیر و باوەڕە ناشیرینانە عەفوتان بکا، پاش ئەوە بە باشی و ساغی بگەڕێنەوە بۆ لای خودا ئەویش لەسەر وەعدی خۆی ئاسمانتان بۆ رەوانە ئەکا بە بارانرێژی، وە هێزی‌ترتان بۆ زیاد ئەکا لەسەر ئەو هێزە کە ئێستە هەتانە وە پشت لە خودا و لە دەرسی رەهبەری راست هەڵ مەکەن و بە تاوانباری مەمێننەوە.

﴿قَالُواْ يَٰهُودُ مَا جِئۡتَنَا بِبَيِّنَةٖ وَمَا نَحۡنُ بِتَارِكِيٓ ءَالِهَتِنَا عَن قَوۡلِكَ وَمَا نَحۡنُ لَكَ بِمُؤۡمِنِينَ ۝٥٣﴾

ئەوانیش لە وەڵامی هوودا وتیان: ئەی هوود تۆ هیچ دەلیل و شاهیدێکی راساڵت نەهێناوە بۆ ئێمە ببێ بە دەلیل لەسەر ئەوە کە تۆ رەهبەری و ئێمە تەرکی پەرستیاری ئەم بتانی خۆمانە ناکەین لەسەر وتاری تۆ و ئێمە باوەڕمان نییە پێت.

﴿إِن نَّقُولُ إِلَّا ٱعۡتَرَىٰكَ بَعۡضُ ءَالِهَتِنَا بِسُوٓءٖۗ﴾

بەڵکوو زیاد لەوە کە قسەکانت وەرناگرین هەر ئەمە بە تۆ ئەڵێین کە تۆ لەگەڵ بتەکانی ئێمەدا میانەت نییە و بە سووکی باسیان ئەکەی و بازێ لەوانیش دەستیان لێ وەشاندووی و شێتیان کردووی.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قَالَ إِنِّيٓ أُشۡهِدُ ٱللَّهَ وَٱشۡهَدُوٓاْ أَنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ ﴿٥٤﴾ مِن دُونِهِۦۖ فَكِيدُونِي جَمِيعٗا ثُمَّ لَا تُنظِرُونِ ﴿٥٥﴾﴾

حەزرەتی هوود فەرمووی بە قەومەکەی: بە راستی من خودای عالەم ئەکەم بە شایەت و ئێوەیش شایەتی بدەن کە: من بەریم و دوورم لەو بتانەی ئێوە کە ئەیانکەن بە هاوڕێی خودا و ئەیانپەرستن و لە خودا لائەدەن، دوورم لەوان لەوەدا نرخیان بۆ دابنێم، وە دوورم لەوە بیان پەرستم، وە دوورم لەوەیش بە شتێکی وایان بزانم باسیان بکەم؛ چونکی ئەوانە بەرد و دارێکی بێئاسار و بێئازارن و دوورن لە هەموو نرخ و قیمەتێ، جا فەرموون! ئێوە زۆر و من کەم و ئێوە خاوەن هێز و من بێهێز و من بێدەستەڵات، بێن بە هەموو نەوعە حیلە و فێڵێ بۆ ئازاردانی من، وە هیچ مۆڵەتم مەدەن بزانم ئەتوانن زیانێکم لێ بدەن!

﴿إِنِّي تَوَكَّلۡتُ عَلَى ٱللَّهِ رَبِّي وَرَبِّكُمۚ﴾

بە راستی من ئیعتیمادم داوە لەسەر زاتی خودا کە پەروەردگاری من و پەروەردگاری ئێوەیە.

﴿مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذُۢ بِنَاصِيَتِهَآۚ إِنَّ رَبِّي عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿٥٦﴾﴾

ئێوە نافامن و نازانن! هیچ گیاندارێ نییە بڕوا بەسەر زەویدا ئیللا خودای تەعالا پێشی سەری ئەو گیانلەبەرەی گرتووە (واتە هەر خودا ئاگاداری ئەکا و ئەیپارێزێ).
بە راستی خودای من کە پەروەردگاری عالەمە لەسەر ڕێگەیەکی راست و لەسەر یاسایەکە شیاو بێ بە تەوانایی و زانایی خۆی، کەس ناتوانێ ئەو یاسا بگۆڕێ و بەرانبەری خودا بکا.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقَدْ أَبْلَغْتُكُم مَّآ أُرْسِلْتُ بِهِۦٓ إِلَيْكُمْ ۚ وَيَسْتَخْلِفُ رَبِّى قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلَا تَضُرُّونَهُۥ شَيْـًٔا ۚ إِنَّ رَبِّى عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ حَفِيظٌ ۝٥٧﴾

جا ئەگەر ئێوە پشت هەڵ بکەن لە حەق و دەرسی رەهبەر وەرنەگرن من مەقسەدم نییە؛ چونکی من وەزیفەی خۆم کە ئامۆژگاری و گەیاندنی پەیامە بەجێم هێنا و گەیاندم پێتان ئەوەی کە رەوانە کراوم پێی، وە بزانن مادام پشت هەڵبکەن لە پەیامی خودای تەعالا خودا ئێوە ئەفەوتێنێ و قەومێ‌تر لە پاش ئێوە دێنێ، [وە ئێوە (بەم پشت هەڵکردنە) کەمترین زیانێك بە خودا ناگەیەنن]؛ چونکی بە راستی خودای من لەسەر هەموو شتێك ئاگادار و نیگابانە ئەزانێ بە کردەوەتان، وە ئەتوانێ تۆڵەتان لێ وەربگرێ.

﴿وَلَمَّا جَآءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا هُودًا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَنَجَّيْنَٰهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ ۝٥٨﴾

وە کاتێ کە فەرمانمان دەرکرد بۆ لە ناوبردنی قەومی عاد بە سزا، هوود و ئەوانە ئیمانیان هێنابوو لەگەڵیا رزگارم کردن بە میهرەبانی خۆمان وە رزگارم کردن لەو سزا زۆر زبرە نابارە، وە سەموومی گەرمی ژاراویم نارد بۆیان ئەچوو بە لووت و دەماخیانا و ناوسکیانی ئەکوڵاند و ئەمردن، وە قەومی عاد ـ ئەوانە نەبێ کە ئیمانیان هێنا بوو بە هوود ـ هەمووم بەم دەردە خراپە لە ناوبرد.

﴿وَتِلْكَ عَادٌ ۖ جَحَدُواْ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمْ وَعَصَوْاْ رُسُلَهُۥ وَٱتَّبَعُوٓاْ أَمْرَ كُلِّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ ۝٥٩﴾

ئا ئەوە باسمان کردن قەومی عاد بوون ئینکاری ئایاتی خودایان کرد و نافەرمانی رەهبەرەکانیان کرد (واتە هوود و موسوڵمانەکان وە یا ئەوەی کە نافەرمانی پێغەمبەرێ

www.iqra.ahlamontada.com

بکا نافەرمانی هەموو پێغەمبەرانی کردووە) وە کەوتنە شوێن فەرمانی ناڕەوای هەموو ستەمکارێکی سەرکێشی بێهۆشی بایی و ناسزا و دژی دادگەری و یاسای خودایی.

﴿وَأُتْبِعُوا۟ فِى هَـٰذِهِ ٱلدُّنْيَا لَعْنَةً وَيَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۗ﴾

وە لەم دنیادا لەعنەت و دژوێن و نەفرین کەوتە شوێنیان (واتە نەفرین بە شوێنیانا حەواڵە کرا) وە لە ڕۆژی قیامەتیشا هەر لە لایەنی فریشتەکانەوە نەفرین حەواڵە ئەکرێ بە دوایانا.

﴿أَلَآ إِنَّ عَادًا كَفَرُوا۟ رَبَّهُمْ ۗ أَلَا بُعْدًا لِّعَادٍ قَوْمِ هُودٍ ﴿٦٠﴾﴾

بێدار بنەوە کە قەومی عاد کوفری خودای خۆیانیان کرد، بێدار بن یاخوا دووری لە فەڕ و پیرۆزی بۆ عادی قەومی هوود بێ.

﴿وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَـٰلِحًا ۚ﴾

وە ڕەوانەمان کرد بۆ لای قەومی سەموود برای خۆیان ساڵحی کوڕی عوبەیدی، کوڕی ئەسەفی، کوڕی ماشخی، کوڕی عوبەیدی، کوڕی حازری، کوڕی سەموودی، کوڕی عادی، کوڕی عوسی، کوڕی ئیرەم.

ئەم قەومی سەموودە ئەڕۆنەوە سەر عاد و لە پاش فەوتانی قەومی عاد لە ئەحقافدا هاتن لە وڵاتی «حیجر» لە بەینی حیجاز و شامدا لە جەنووبی شەرقی عەرزی «مەدیەن» کە هاوسنووری خەلیجی عەقەبەیە، جێگەیان گرت و لە کێوەکانا هۆدەیان لە بەرد ئەتاشی و دەسکاری بەردتاشی باو بوو لە ناویانا، وە «مەدائینی ساڵح» ئیمڕۆیش شوێنەوار و نیشانەی بە زۆری دیارە و ماوەتەوە، وە جێگە شارەکەیان ئێستە مەشهوورە بە «فج الناقة» و گەلێ شوێنەواری تێدا ماوەتەوە و تەئریخی ئەمانە لە پێش زەمانی حەزرەتی ئیبراهیمدا عليه السلام بووە و ئایینیان بتپەرستی بووە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿قَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥۖ﴾

فەرمووی: ئەی قەومی خۆم عیبادەتی پەروەردگاری تاق و تەنیا بکەن کە ناوی «اللّٰه»یە و بێجگە لەو خواتان نییە.

﴿هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ وَٱسۡتَعۡمَرَكُمۡ فِيهَا﴾

هەر ئەو ئێوەی لە عەرزا دروست کردووە و کردوونی بە خاوەن عومر و ژیان وە یا کردوونی بە خاوەن ئاوەدانی و مەعموورە لە عەرزا، واتە هێز و دەستەڵاتی پێداون کە وڵاتەکەتان ئاوەدان کردووەتەوە بە جۆرێ کە لە هۆی ژیان و بەرگری دوژمندا پێویستتان بە خەڵك نییە بۆیە وا توغیانتان کردووە و بایی بوون بە خۆتان و دەسدرێژی ئەکەن بەسەر دراوسێکانتانا.

﴿فَٱسۡتَغۡفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِۚ﴾

جارێ بەر لە هەموو شتێك داوای بەخشینی تاوانەکانتانی لێ بکەن، وە پاش ئەوە بە ساغی بگەڕێنەوە بۆ لای و عیبادەتی ئەو بکەن بە تەنیا و بکەونە شوێن یاسای دامەزراوی خودایی.

﴿إِنَّ رَبِّي قَرِيبٞ مُّجِيبٞ ٦١﴾

بە راستی خودای من نزیکە لە هەموو کەسێکەوە و لاڵەوپاڵەی هەموو کەس ئەبیێ و دوعای ئەوان قەبووڵ ئەکا.

﴿قَالُواْ يَٰصَٰلِحُ قَدۡ كُنتَ فِينَا مَرۡجُوّٗا قَبۡلَ هَٰذَآۖ﴾

ئەوانیش لە وەڵامی ئەوا وتیان: ئەی ساڵح بە راستی تۆ لەمەوپێش لە ناو ئێمەدا ئینسانێکی باش بووی وەها کە ئومێدی پیرۆزیمان بوو بە تۆ و ئەمانوت: لە رۆژێکدا بە کارمان دێ و سوودی ئەبێ بۆمان.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿أَتَنْهَىٰنَآ أَن نَّعْبُدَ مَا يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَا﴾

ئێستە لە باتی ئەوە یارمەتیمان بدەی مەنعمان ئەکەی لەوە کە دینی خۆمان بەجێ بێنین و عیبادەتی ئەو بتانە بکەین کە باوك و باپیرەمان عیبادەتیان بۆ کردوون؟

﴿وَإِنَّنَا لَفِى شَكٍّ مِّمَّا تَدْعُونَآ إِلَيْهِ مُرِيبٍ ﴿٦٢﴾﴾

وە جگە لەوە کە ئێمە تۆ لەسەر حەق نازانین تۆیش بەڵگەیەکت نییە لەسەر راستی ئەو دینە کە ئێمەی بۆ بانگ ئەکەی و ئێمە واین لە گومان و دوودڵیدا لەم دینە، دوودڵییەکی زۆر ناباری ناهەموار.

﴿قَالَ يَـٰقَوْمِ أَرَءَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّى وَءَاتَىٰنِى مِنْهُ رَحْمَةً فَمَن يَنصُرُنِى مِنَ ٱللَّهِ إِنْ عَصَيْتُهُۥ ۖ فَمَا تَزِيدُونَنِى غَيْرَ تَخْسِيرٍ ﴿٦٣﴾﴾

جا حەزرەتی ساڵح فەرمووی: ئەی قەومی خۆم پێم بڵێن ئەگەر من کە داوای ریسالەت ئەکەم لەسەر بورهان و دەلیلی خۆم بووم و خودا لە لایەنی خۆیەوە رەحمەت و رەهبەرییەکی دابێ بە من؟ لەم سوورەتەدا من چۆن ئەتوانم بێدەنگ بم لە مەنعی بتپەرستی و دەعوەتی ئێوە بۆ دینی تەوحید؟ وە ئەگەر من بکەومە شوێن ئێوە زیان زیاتر هیچم بۆ زیاد ناکەن. جا من قەت ناتوانم بێدەنگ بم لە تەبلیغ، چونکی ئەگەر بێئەمری خودا بکەم کەس نییە من رزگار بکا لە سزای خودا.

هەروا ساڵح بانگی ئەکردن بۆ خوداپەرستی هەتا لە رۆژێکی جەژنی گشتیدا قەومەکەی هەموو حازر بووبوون ئەویش رۆیشت بۆ ناویان و بە شێوەی گشتی دەعوەتی کردن بۆ تەوحید، لەوێدا گەورەیەکیان بوو ناوی «جندع» بوو وتی: ئەگەر تۆ راستە پێغەمبەری خودای موعجیزەیەکمان بۆ دەربخە! ساڵح فەرمووی: چیتان ئەوێ؟ «جندع» ئیشارەتی کرد بۆ بەردێکی گەورە لەو شوێنەدا، وتی: لەو بەردە

www.iqra.ahlamontada.com

گەورە وشترێکمان بۆ دەر بکە کە ئاوس بێ و دە مانگ لەسەر سکەکەی رابوردبێ، جا حەزرەتی ساڵح دەستی کرد بە پاڕانەوە لە خودا و خودا دوعاکەی قەبووڵ کرد و بەوشێوە ئەوان ویستیان خوا وشترێکی لەو بەردە دەرکرد، لەسەر ئەم موعجیزە «جندع» و بازێ لە قەومەکەی موسوڵمان بوو و بازێکیان هەر لەسەر کوفری خودا مانەوە.

﴿ وَيَٰقَوۡمِ هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمۡ ءَايَةٗ فَذَرُوهَا تَأۡكُلۡ فِيٓ أَرۡضِ ٱللَّهِ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٖ فَيَأۡخُذَكُمۡ عَذَابٞ قَرِيبٞ ﴾ ٦٤

جا حەزرەتی ساڵح لەسەر تەعلیماتی خودا رووی کردە قەومەکەی و فەرمووی: ئەی قەومی من ئا ئەوە بە چاو ئەیبینن ئەو وشترەیە کە داواتان کرد و خودا بۆی دروستکردن، وازی لێ بێنن بلەوەڕێ لەم زەوی خودادا و دەستی بۆ مەبەن بە ستەم و ئازاردان، ئەنا زوو بە زوو خودا سزاتان ئەداتەوە لەسەر ئەوە کە لە ئایاتیتردا باس کراوە، ساڵح فەرمووی: ئەبێ ئاوی حەیواناتی ئێوە بەش بکرێ رۆژێ بۆ ئەم وشترە بێ و رۆژێ بۆ هەموو حەیوانەکانی ئێوە بێ و تا چەن رۆژێ لەسەر ئەم وەزعە دەوامیان کرد.

﴿ فَعَقَرُوهَا ﴾

جا چەن کەس لەو قەومە بڕیاریان دا کە ئەو وشترە بکوژن، وە «قدار»ی کوڕی «سالف»یان نارد چوارپەلی وشترەکەی بڕی لەسەر ئەمری ئەوان، بۆیە خودا نیسبەتی کارەکەی داوە لە هەموویان، وە گۆشتەکەیان بەش کردەوە و خواردیان، وە ساڵح لەو کاتەدا حازر نەبوو، پاش ئەوە کە بە رووداوەکەی زانی هات بۆ ناویان و هەڕەشەی لێ کردن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿فَقَالَ تَمَتَّعُوا فِي دَارِكُمْ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ﴾

فەرمووی: رابوێرن بە ئارەزووی خۆتان لە ماڵی خۆتانا تا ماوەی سێ رۆژ، چوارشەممە و، پێنجشەممە و، جومعە، وە لە پاش ئەو رۆژانە بەهیلاك ئەچن.

﴿ذَٰلِكَ وَعْدٌ غَيْرُ مَكْذُوبٍ ﴿٦٥﴾﴾

ئەو وەعدەی سێ رۆژە کە بۆمان دانان و فەوتانیان دوای ئەو وەعدە، وەعدەیەکی راستە و درۆی تێدا نییە.

﴿فَلَمَّا جَاءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا صَالِحًا وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَمِنْ خِزْيِ يَوْمِئِذٍ ۗ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ الْقَوِيُّ الْعَزِيزُ ﴿٦٦﴾﴾

جا کاتێ فەرمانمان دەرکرد بە لە ناو بردنی قەومی ساڵح، ساڵح و ئەوانە ئیمانیان هێنا بوو لەگەڵیا رزگارمان کرد بە هۆی میهرەبانی خۆمانەوە لە سزای رۆژی قیامەت و لە رسوایی ئەو رۆژە، بە راستی خودای تۆ خاوەن تەوانایە و زاڵە بەسەر خواستی خۆیدا.

﴿وَأَخَذَ الَّذِينَ ظَلَمُوا الصَّيْحَةُ﴾

وە ئەو کۆمەڵە ستەمکارانەی گرت دەنگی بە هەیبەتی فریشتە و بە بوومەلەرزەی عەرز ولاتەکەیان ژێرەوژوور بوو.

﴿فَأَصْبَحُوا فِي دِيَارِهِمْ جَاثِمِينَ ﴿٦٧﴾﴾

وە لە ولاتەکانیانا مانەوە بە لەشی بێگیانی کەوتوو؛ بازێ لەسەر عەرز و، بەشێ لە ژێر عەرزا.

﴿كَأَن لَّمْ يَغْنَوْا فِيهَا ۗ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وایان بەسەرا هات «کأنە» ئەو قەومە هەر لە ولاّتا نەبوون و سوودێکیان نەبووە تیایا.

﴿أَلَآ إِنَّ ثَمُودَاْ كَفَرُواْ رَبَّهُمْۗ أَلَا بُعۡدٗا لِّثَمُودَ ٦٨﴾

بێدار بنەوە کە ئەم کارەساتە بێ‌هۆ نەبوو، بەڵکوو لەسەر ئەوە بوو کە قەومی سەموود کوفری خودای خۆیانیان کرد، بێدار ببنەوە! یاخودا دووری لە ژین و ژیوار بۆ قەومی سەموود بێ.

﴿وَلَقَدۡ جَآءَتۡ رُسُلُنَآ إِبۡرَٰهِيمَ بِٱلۡبُشۡرَىٰ قَالُواْ سَلَٰمٗاۖ قَالَ سَلَٰمٞۖ فَمَا لَبِثَ أَن جَآءَ بِعِجۡلٍ حَنِيذٖ ٦٩﴾

وە بە راستی فریشتە مەئموورەکانم هاتن بۆ لای ئیبراهیمی خەلیل لەگەڵ موژدەی پەیدا بوونی منداڵ بۆ سارە خاتوون حەرەمی ئیبراهیم، وە کاتێ گەیشتنە مەنزڵ سەلامیان کرد لە حەزرەتی ئیبراهیم ئەویش زۆر بە ئیهتیمام و گەرمی دڵ جوابی دانەوە و رۆیشت ئەوەندەی پێ نەچوو هاتەوە بۆ لایان گوێرەکەیەکی لەسەر بەرد برژاوی وای بۆ هێنان کە بە رۆنی چەوریی خۆی عەرەقی کردبوو، لە بەردەمیانا داینابوو فەرمووی: بیسمیللا بخۆن!

﴿فَلَمَّا رَءَآ أَيۡدِيَهُمۡ لَا تَصِلُ إِلَيۡهِ نَكِرَهُمۡ وَأَوۡجَسَ مِنۡهُمۡ خِيفَةٗۚ قَالُواْ لَا تَخَفۡ إِنَّآ أُرۡسِلۡنَآ إِلَىٰ قَوۡمِ لُوطٖ ٧٠﴾

کاتێ کە تەماشای کرد دەسیان نابەن بۆ گۆشتەکە و نایخۆن بە پیاوی باشی نەزانین و لە دڵی خۆیا لێیان ترسا و وا هاتە بەرچاوی کە دوژمنن و خەیاڵیان خراپە، ئەوانیش لەو حاڵەدا عەرزیان کرد: مەترسە! ئێمە خەیاڵی خراپەمان نییە و ئێمە مەئمووری خوداین رەوانە کراوین بۆ سەر قەومی لووتی برازات.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَامْرَأَتُهُ قَآئِمَةٌ فَضَحِكَتْ فَبَشَّرْنَاهَا بِإِسْحَاقَ وَمِن وَرَآءِ إِسْحَاقَ يَعْقُوبَ ﴿٧١﴾﴾

وە لەو کاتەدا ژنەکەی حەزرەتی ئیبراهیم راوەستا بوو لە پشتی پەردەیەکەوە پێکەنی لە بیستنی وتاری فریشتەکان لەبەر ئەوە کە ترسیان لە دڵدا نەما، یا لەبەر ئەوە کە ئاگادار بوو لەسەر مەحو کردنەوەی قەومی لووت کە قەومێکی بێ حەیا و بێ ئەدەب بوون و بە شوێنی ئەو شادمانییەدا لەسەر زمانی فریشتەکانمان مژدەمان پێدا بەوە کوڕێکی ئەبێ ناوی ئەنێن ئیسحاق و لە ئیسحاقیش کوڕێك ئەبێ ناوی ئەنێن یەعقووب.

﴿قَالَتْ يَا وَيْلَتَى ءَأَلِدُ وَأَنَا عَجُوزٌ وَهَـٰذَا بَعْلِي شَيْخًا إِنَّ هَـٰذَا لَشَيْءٌ عَجِيبٌ ﴿٧٢﴾﴾

سارە خاتوون کە ئەو مژدەیە بیست لە فریشتەکان فەرمووی: ئەی هاوارم چۆن من منداڵم ئەبێ وەلحاڵ من پیرەژنێکم لە سکوزا کەوتووم و ئەمەیش مێردەکەمە بەم پیرییە؟! بە راستی ئەمە شتێکی عەجیبە!

﴿قَالُوٓا أَتَعْجَبِينَ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ رَحْمَتُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ عَلَيْكُمْ أَهْلَ الْبَيْتِ إِنَّهُ حَمِيدٌ مَّجِيدٌ ﴿٧٣﴾﴾

ئەوانیش وتیان: ئایا تۆ سەرت سوڕئەمێنێ لە کاری خودای تەوانا؟ ڕەحمەت و پیتی بەختیاریتان بەسەرا برژێ ئەی ئەهلی خانەوادەی ڕەهبەری. نە، نە، تەعەجوب مەکەن بە راستی خودا خاوەنی هەموو نیعمەتێکە کە شیاوی سەنایە لە هەموو هۆشیارێکەوە و خێر و بەرەکەتی زۆرە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿ فَلَمَّا ذَهَبَ عَنْ إِبْرَٰهِيمَ ٱلرَّوْعُ وَجَآءَتْهُ ٱلْبُشْرَىٰ يُجَـٰدِلُنَا فِى قَوْمِ لُوطٍ ﴿٧٤﴾ ﴾

کاتێ کە ترس و بیم لایدا لە دڵی ئیبراهیم و موژدەیشی بۆ هات بە پەیدا بوونی منداڵ لەو تەمەنەدا وە لە خۆی هێمن بووەوە دەستی کرد بە رەد و بەدەڵکردن لەگەڵ ئەو فریشتانەدا کە چۆن ئەبێ ئەو قەومە مەحو بکەنەوە؟ لەگەڵ ئەوەدا لووت وا لە ناویانا و چەن منداڵی بێتاوانیان هەیە و چەن ژن و فەقیری بێتاوانیان لە ناوایە!

﴿ إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ لَحَلِيمٌ أَوَّٰهٌ مُّنِيبٌ ﴿٧٥﴾ ﴾

بە راستی ئیبراهیم ئینسانێکی بە حەوسەڵە و ئەسەفخۆرە لەسەر تاوان وە زۆر گەڕاوەیە بۆ لای خودا؛ چونکی لە عەینی کاتا کە داوای مۆڵەتی ئەکرد بۆ قەومی لووت بەڵکوو بیر بکەنەوە و تۆبە بکەن، دڵگرانیشە لێیان لەسەر تاوانەکانیان.

﴿ يَـٰٓإِبْرَٰهِيمُ أَعْرِضْ عَنْ هَـٰذَآ ﴾

وەحی بۆ هات لە بارەگای خوداوە یا عەرزی کرا لە لایەنی فریشتەکانەوە وتیان: ئەی ئیبراهیم واز بێنە لەم تکا و لاڵە و پاڵە؛ چونکی کاتی نەماوە.

﴿ إِنَّهُۥ قَدْ جَآءَ أَمْرُ رَبِّكَ ﴾

بە راستی کە فەرمانی خودا سادر بووە لەسەر سزای ئەو قەومە.

﴿ وَإِنَّهُمْ ءَاتِيهِمْ عَذَابٌ غَيْرُ مَرْدُودٍ ﴿٧٦﴾ ﴾

وە بە راستی هات بۆ ئەو قەومی لووتە سزایەکی نەگەڕاوە و ئیشەکە تەواو بووە.

﴿ وَلَمَّا جَآءَتْ رُسُلُنَا لُوطًا سِىٓءَ بِهِمْ وَضَاقَ بِهِمْ ذَرْعًا ﴾

جا کاتێ ئەو فریشتە رەوانەکراوانە هاتن بۆ ماڵی حەزرەتی لووت بە هۆی هاتنی ئەوانەوە دڵی زویر بوو بە هاتنیان؛ چونکی ئەوان هاتنە پێشەوە لە شێوەی ئادەمیزادی

www.iqra.ahlamontada.com

جوانی سەر و سیمادارا، وە بیمی بوو کە قەومەکەی لەسەر یاسای ناشیرینی خۆیان بێن بۆ ئەو میوانانە.

﴿وَقَالَ هَٰذَا يَوْمٌ عَصِيبٌ ﴿٧٧﴾﴾

وە فەرمووی: ئیمڕۆ ڕۆژێکی نابار و ناهەموارە.

﴿وَجَاءَهُ قَوْمُهُ يُهْرَعُونَ إِلَيْهِ﴾

وە پاش دانیشتنی میوانەکان قەومە نامەردەکانی وا بە پەلە هاتن بۆ لای ماڵی حەزرەتی لووت «کأنە» دەستیان پێوە ئەنرێ.

﴿وَمِن قَبْلُ كَانُوا يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ﴾

وە پێش ئەمەیش هەر بە دەوام کردەوەی خراپەیان ئەکرد.

﴿قَالَ يَا قَوْمِ هَٰؤُلَاءِ بَنَاتِي هُنَّ أَطْهَرُ لَكُمْ فَاتَّقُوا اللَّهَ﴾

حەزرەتی لووت عليه السلام لەبەر ڕیعایەتی شەرەفی خۆی کە ئەو کەسانە هاتوونەتە ماڵی ئەو، فەرمووی بەو قەومە فاسیدە: ئا ئەوانە کە ئەیانبینن کچی منن و مارەیان ئەکەم لێتان و ئەوان کە مارەکران لەسەر یاسای دین پاکترن و موناسبترن بۆ ئێوە نەك ئەو کردەوە ناپەسەندە کە ئێوە ئەیکەن. وە یاخود مەبەست لە کچەکانی ژنەکانی ئەو قەومەیە، واتە ئێوە خۆتان ژنتان هەیە و ژنەکانتان کە وەکوو کچی ئێمە وەهانە باشترن بۆ ئێوە و تەمەتوع بەوان موناسبترە لە تەمەتوع بەو پیاوە میوانانە، دە لە خودا بترسن و خۆتان بپارێزن لە نافەرمانی خودا.

﴿وَلَا تُخْزُونِ فِي ضَيْفِي﴾

گیرۆدەی ڕسواییم مەکەن و ڕسوام مەکەن لە بێحورمەتکردنی میوانەکانما.

﴿أَلَيْسَ مِنكُمْ رَجُلٌ رَّشِيدٌ ﴿٧٨﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئایا لە ناو ئێوەدا پیاوێکی مەردی خاوەن کەرامەت و خاوەن نامووس نییە کە مەسڵەحەتی خۆی و دراوسێ و میوان رابگرێ و کاری شەرمئاوەر نەکا؟

﴿قَالُوا۟ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا لَنَا فِى بَنَاتِكَ مِنْ حَقٍّ وَإِنَّكَ لَتَعْلَمُ مَا نُرِيدُ ﴿٧٩﴾﴾

ئەوانیش وتیان: تۆ خۆت زانیوتە و ئەزانی کە ئێمە هیچ حەقێ و دڵخوازێکمان دەربارەی کچەکانت نییە و بە راستی ئەزانی ئێمە چیمان ئەوێ و ئیتر سوود لەم وتارانەدا نییە!

﴿قَالَ لَوْ أَنَّ لِى بِكُمْ قُوَّةً أَوْ ءَاوِىٓ إِلَىٰ رُكْنٍ شَدِيدٍ ﴿٨٠﴾﴾

حەزرەتی لووت پاش نائومێد بوون لەو بێکەرامەتانە فەرمووی: کاشکی من خۆم هێزێکم ببوایە هەتا چارەی ئەم بێشەرمی و زیادەڕەوی ئێوەمە پێ بکردایە، وە یاخود گەورە و سەرۆکێکی بە نامووس و خاوەن دەستەڵات ئەبوو لەم وڵاتەدا کە بڕۆشتمایە بۆ لای و پەنام پێ ببردایە! وەکوو ئەڵێن: (یا خۆت مەرد بە، یا لە پەنای مەردا بە).

﴿قَالُوا۟ يَـٰلُوطُ إِنَّا رُسُلُ رَبِّكَ لَن يَصِلُوٓا۟ إِلَيْكَ﴾

جا فریشتەکان وتیان بە لووت: ئەی لووت ئێمە ئادەمیزاد نین، بەڵکوو ئێمە فریشتەین و رەوانە کراوانی خودای تۆین، وە بۆ بەجێهێنانی فەرمان هاتووین، وە دڵنیابە ئەم کافرانە ناگەن بە ماڵی تۆ و ناتوانن دەس درێژ بکەن بۆ ئێمە بە بێحەیایی.

﴿فَأَسْرِ بِأَهْلِكَ بِقِطْعٍ مِّنَ ٱلَّيْلِ﴾

دە تۆ هەموو ئەهلی خۆت بە شەوا دەربکە و بیان بەرە دووری ئەم وڵاتەوە لە بازێ کاتی ئەم شەوەدا.

﴿وَلَا يَلْتَفِتْ مِنكُمْ أَحَدٌ إِلَّا ٱمْرَأَتَكَ إِنَّهُۥ مُصِيبُهَا مَآ أَصَابَهُمْ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە کەس لە ئێوە کاتی دەرچوون لە مەنزڵی خۆتان لامەکەنەوە بە لای وڵاتەکەتانا نەکا بە هۆی ئەوەوە کە چاوتان ئەکەوێ بە وەزعێ کە بە سەریا بێت ئێوە ترس و بیم بڕواتە دڵتانەوە و بەم جۆرە ئەهلی تۆ هەموو رزگار ئەبن ژنەکەت نەبێ، ئەو لەگەڵ خۆتانا مەبە؛ چونکی بە راستی ئەو لەگەڵ قەومەکەدایە و هاودەردیانە و چی بەوان بگات بەویش ئەگات.

﴿إِنَّ مَوْعِدَهُمُ ٱلصُّبْحُ ۚ أَلَيْسَ ٱلصُّبْحُ بِقَرِيبٍ ﴿٨١﴾﴾

کاتی فەوتاندنی ئەوان کاتی بەیانە، ئایا ئەو کاتە نزیك نییە؟ بەڵێ نزیکە و وەعدەی خودایش گومانی تێدا نییە کە دێتەجێ.

﴿فَلَمَّا جَآءَ أَمْرُنَا جَعَلْنَا عَـٰلِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهَا حِجَارَةً مِّن سِجِّيلٍ مَّنضُودٍ ﴿٨٢﴾ مُّسَوَّمَةً عِندَ رَبِّكَ ۖ وَمَا هِىَ مِنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ بِبَعِيدٍ ﴿٨٣﴾﴾

جا کاتێ وادەی سزاکەمان هات بۆ قەومی لووت وڵاتەکەیانمان سەرەوژێر کرد و باراندمان بەسەر ئەو وڵاتەدا چەند بەردێ کە لە جۆری بەرد و گڵی جۆشخواردوو بوون، وە بازێ ئەجزا و مادەی ئەو بەردانە لکابوون بە بازێکیانەوە، وە ئەو بەردانە دیاری کرا بوون لە عیلم و زانستی خودای تۆدا بۆ ئەو شوێنە، وە باراندنی ئەو جۆرە بەردانە دوور نییە لە ستەمکارەکانەوە، خوا بەردی عادەتی بن وەکوو ئەوە کە لە زەمانی پێشوودا بووە، یاخود مادەی ئاسن و وەرشەو بێ وەکوو گوللە بارانی ئەمڕۆ بەسەر هەر قەومێکدا بکەونە ژێر بارانی گوللەی تفەنگ یا گوللەی تۆپ یا بۆمبای ژاراوی، وەکوو ئەیبینین و ئەیبیسین.

وەلحاسڵ لە سبەینێی ئەو رۆژەدا کە بڕیار درابوو بۆ لە ناو بردنی قەومی لووت فریشتەی مەئمووری بەهێز ئەرزی ئەو وڵاتەی بەرزەوە کرد و کوتایەوە بە عەرزا

www.iqra.ahlamontada.com

بە بێ مولاحەزەی تەرتیبی پێشوو بەو جۆرە کە خواستی خودا بوو لە وێرانکردنیا. وە بێ گومان ئەم ڕووداوانە هێزێکی غەیبییان لەگەڵدایە، وە هیچ کارەساتێ لە جیهانا بێ هێزی خودایی نایێتە جێ، وە زیاد لەو ژێرەوژوورە بەردەبارانمان کردن بەو وردە بەردانەوە کە لە هێزی تەکانەکەوە بەرزەوە بوون یاخود بە نەوعە بەردێکی تر کە خودا باراندوویەتی بەسەر ئەو شوێنەدا، وە غەیری لووت و ئەهلی لووت کەس لەو وڵاتە دەرنەچوون، وە ئەمە یاسای پەروەردگارە لە ڕۆزگارا.

﴿وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا﴾

وە ڕەوانەمان کرد بۆ لای ئەهلی شاری مەدیەن، کە شارێ بووە لە سنووری وڵاتی حیجازا و هاوسنووری شامات، وەختی خۆی مەدیەن کوڕی حەزرەتی ئیبراهیم[١] دروستی کردووە (یانی کردوویەتی بە نیشتمانی خۆی و دارو دەستەکەی).وە ئەم قەومە لە ماوەیەکدا زۆر تیجارەت و ئاڵوێرێکی باشیان بوو لە بەینی شامات و وڵاتی حیجاز و یەمەندا، وە داراییەکی زۆریان گرد کردەوە بەڵام لە دینی تەوحید، کە دینی حەزرەتی ئیبراهیم و ئەولادەکانی بوو، لایاندا و دەستیان کرد بە بتپەرستی و لە تیجارەتیشا دەستیان کرد بە غەش و خیانەت، هەرماڵێکیان پێوانە یا کێشانە ئەکرد بۆ فرۆشتن بە خەڵك بە کەم و کووڕی تەسلیمیان ئەکردن، وە ئەگەر بۆ کڕین بوایە بە زیادەوە وەریان ئەگرت، وە ئەم نەوعە موعامەلە ناپەسەندە پەرەی گرت لە ناو ئەهلی ئەو وڵاتەدا، جا خودای تەعالا شوعەیب ـ کە یەکێ بوو لە

[١. مەدیەن کوڕی حەزرەتی ئیبراهیمە لە ژنی سێهەمی کە ناوی «قطورا» بووە و زاوای حەزرەتی لووت بووە. کە لە وڵاتی شامات (سورییە و ئەردەنی ئەمڕۆ) تا کەناری دەریای سوور نیشتەجێ بووە و کەوتووەتە نێوان هەردوو براکەی، واتە: حەزرەتی ئیسحاق و حەزرەتی ئیسماعیل. بڕوانە تەفسیری «التحریر و التنویر»، سوورەتی هوود، ئایەتی ٨٣ . ـ بڵاوکردنەوەی کوردستان].

www.iqra.ahlamontada.com

رشتەی نەسەبی خۆیان و ئینسانێکی خاوەن قابیلیەت و کارامە بوو ـ رەوانەی کرد بۆ سەریان و کردی بە پێغەمبەر بۆ تەعلیمی دین و گەڕانەوەیان بۆ سەر تەوحید و نیزامی عەداڵەت و دادگەری ، وەکوو خودا ئەفەرموێت:

﴿قَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥۖ وَلَا تَنقُصُواْ ٱلۡمِكۡيَالَ وَٱلۡمِيزَانَۚ إِنِّيٓ أَرَىٰكُم بِخَيۡرٖ وَإِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٖ مُّحِيطٖ ٨٤﴾

حەزرەتی شوعەیب علیه السلام لەسەر فەرمانی خودای تەعالا فەرمووی: ئەی قەومی من بەر لە هەموو شتێ عیبادەت و بەندەیی بکەن بۆ ئەو زاتە تاك و تەنیایە کە ناوی «اللّٰه»یە وە غەیری ئەو هیچ مەعبوودێکتان نییە، وە پاش تەوحیدی خودا لە موعامەلاتا کێشانە و پێوانەتان کەم و کووڕی مەکەن لە خەڵك، ئینسانی هۆشیار پێویستە ویژدانی بێ و زیان بۆ کەس رەوا نەبینێ، من بە راستی وام چاوپێئەکەوێ ئێوە خاوەنی دارایی و ماڵن و حەز ئەکەم شت بدەن بە داماو نەك شت بە ناحەق وەربگرن، وە بە راستی لەسەر یاسای خودا لە رۆزگارا ئەترسم لەوە کە لە رۆژێکدا سزایەکی گشتی بێت بەسەرتانا کە هەمووتان داگیر بکا و تەڕ و وشك بەیەکەوە بسووتێنێ.

﴿وَيَٰقَوۡمِ أَوۡفُواْ ٱلۡمِكۡيَالَ وَٱلۡمِيزَانَ بِٱلۡقِسۡطِۖ وَلَا تَبۡخَسُواْ ٱلنَّاسَ أَشۡيَآءَهُمۡ وَلَا تَعۡثَوۡاْ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُفۡسِدِينَ ٨٥﴾

ئەی قەومی خۆم بە تایبەتی پێتان ئەڵێم کە پێوانە و کێشانەتان تەواو بکەن بە شێوەی عەداڵەت بە بێ فەرق لە بەینی گەدا و دارا و پیاوی خاوەن شان و داماوا، وە نەك هەر کێشانە و پێوانە بەڵکوو بە هیچ شێوەیێ هەر شتێ پەیوەندی بە هەر

www.iqra.ahlamontada.com

کەسێکەوە ببێ چ لە پێوانە و کێشانەدا و چ لە ئوجرەی کار و کردەوەدا، چ لە قیمەت و نرخی ماڵ و مەتاعا و چ لە پایە و شانی خەڵکدا و چ لە حوقووقی عامەدا، ئەمانە باش تەماشا بکەن و زیان مەدەن لە خەڵك لەوانەدا. وە بێجگە لەمانە لە عەرزا فەساد و ناڕەوایی مەکەن و دەست درێژ مەکەن بۆ شان و نان و نامووس و حوقووق و وەزیفەی کەس و خوێنی ناحەق مەڕێژن، وە مەبن بە کۆمەك بۆ خیانەتکاران و بۆ تاوانباران، ئەنا رۆژتان لێ تاریك ئەبێ و شەوتان لێ ئەبێ بە گلاراو و ئاسایش ناکەن؛ چونکی جیهان بێ‌نیزام دانامەرزێ و نیزام ئەبێ لەسەر عەداڵەت و دادگەری بێ، ئەگەرنا خودا ئەم جیهانە جوانەتان لێ ئەکا بە دادگای تاریك و رێگەی پانتان لێ باریك ئەکا.

﴿بَقِيَّتُ ٱللَّهِ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾

ئەگەر بەهانەتان ئەوەیە ئەتانەوێ دارایی زۆر بنێن بەیەکەوە بۆ پاشەڕۆژتان تا بژین، بزانن ئەو ماڵە پاکە کە خودای خۆتان بۆتان ئەهێڵێتەوە بە ئارامی و خۆشحاڵی و تەندروستی زۆر باشترە بۆ ئێوە لەو ماڵ و حاڵە کە بە ستەم دەستان بکەوێ؛ چونکی ئەمنیەتی دنیا و قیامەتی لەسەرە مادام ئێوە باوەڕتان هەیە بەوە کە رۆژێ ئەبێ جەزای کردەوەی تێدا بدرێتەوە.

﴿وَمَآ أَنَا۠ عَلَيْكُم بِحَفِيظٍ ۝٨٦﴾

وە بزانن من هەر ئامۆژگاریم بە دەستە وەکوو پێم گەیاندن، ئیتر من نەکراوم بە نیگابان بە سەر ئێوەوە کە مەنعتان بکەم لە بیر و باوەڕی خراپ و کردەوەی ناشیرین، وەزیفەی رەهبەر هەر دەرسی راستکارییە و بەسە.

﴿قَالُواْ يَٰشُعَيْبُ أَصَلَوٰتُكَ تَأْمُرُكَ أَن نَّتْرُكَ مَا يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَآ أَوْ أَن نَّفْعَلَ فِىٓ أَمْوَٰلِنَا مَا نَشَٰٓؤُاْ إِنَّكَ لَأَنتَ ٱلْحَلِيمُ ٱلرَّشِيدُ ۝٨٧﴾

www.iqra.ahlamontada.com

جا ئەو قەومە بەدبەختە نامەردانە لە باتی ئەوە کە بە دڵ بیر بکەنەوە لە ئامۆژگارییەکانی حەزرەتی شوعەیب و بە راستی وەریان بگرن، لایان دا لە رێگەی بیرکردنەوە و فامی حەقیقەت و لە رووی گاڵتەوە وتیان: ئەی شوعەیب ئایا نوێژەکانت وەها تۆی بایی کردووە و ئەمرت پێ ئەکەن کە تۆ بە ئێمە بڵێیت هەتا تەرکی عیبادەتی ئەو بتانە بکەین کە باوك و باپیرەکانمان پەرستوویانن یا تەرکی تەسەڕوف لە دارایی خۆمانا بە ئارەزووی خۆمان؟ ماشەڵڵا! ماشەڵڵا! هەر تۆ لەم وڵاتەدا ئینسانی خاوەن هۆش و خاوەن روشد و ماریفەتی لە ئاشکرا و پەنهاندا وەها ئەتەوێ کە ئیسلاحی مەعنەویات و مادیاتی ئێمە بکەی؟ هەڵسە لاچۆ لە لامانا، جارێکیتر ئەم قسانە نەکەی!

﴿ قَالَ يَٰقَوۡمِ أَرَءَيۡتُمۡ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّي وَرَزَقَنِي مِنۡهُ رِزۡقًا حَسَنٗاۚ وَمَآ أُرِيدُ أَنۡ أُخَالِفَكُمۡ إِلَىٰ مَآ أَنۡهَىٰكُمۡ عَنۡهُۚ إِنۡ أُرِيدُ إِلَّا ٱلۡإِصۡلَٰحَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُۚ وَمَا تَوۡفِيقِيٓ إِلَّا بِٱللَّهِۚ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ أُنِيبُ ﴿٨٨﴾ ﴾

جا حەزرەتی شوعەیب کەوتە وتارەوە لەگەڵیانا بە نەرمی و فەرمووی: قسەی کەسێ وەرناگیرێ کە دەلیلی راستی نەبێ وە یا دەربکەوێ لە وتارەکەی کە نییەتی خراپ بێ، من وەها نیم، پێم بڵێن: ئەگەر من لەسەر دەلیلێکی راست و رێگەیەکی مەعقوول بم لە لایەنی خودای خۆمەوە و رزقێکی جوانی رۆحیی دابێ پێم و منی کردبێ بە پێغەمبەری خۆی و رزقێکی ژیواری دنیایشی پێ دابم کە داوای دارایی لە کەس نەکەم؟ وە لەم لایشەوە نامەوێ کە من خۆم دابنێم لە شوێنی ئێوەدا بۆ بەجێهێنانی ئەو شتانە کە مەنعی ئێوەی لێ ئەکەم، واتە نامەوێ بتپەرستی بکەم یا کلیلەوانی بارەگای بتەکان بم تا ئێوە بڵێن کە شوعەیب خۆی ئەیەوێ گەورەی

www.iqra.ahlamontada.com

ڕۆحانی بێ، ئایا هێشتا ئێوە هەر قسەکانی من وەرناگرن؟ بزانن من هیچ دڵخوازێکم نییە چاككردن و ڕێکخستنی ڕێگەی بیر و باوەڕ و کردەوەی ئێوە نەبێ، ئەوەندە کە بتوانم، وە من یارمەتی و کۆمەکیم نییە لە خوداوە نەبێ، هەر بەو پشت ئەبەستم و هەر بۆ لای ئەو ئەگەڕێمەوە.

﴿وَيَٰقَوۡمِ لَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شِقَاقِيٓ أَن يُصِيبَكُم مِّثۡلُ مَآ أَصَابَ قَوۡمَ نُوحٍ أَوۡ قَوۡمَ هُودٍ أَوۡ قَوۡمَ صَٰلِحٖۚ وَمَا قَوۡمُ لُوطٖ مِّنكُم بِبَعِيدٖ ﴿٨٩﴾﴾

ئەی قەومی خۆم ڕجاتان لێ ئەکەم با عاجزیتان لە من و ناحەزیتان لەگەڵ مندا هەڵتان نەنێ بۆ ئەوە کە دەست بکەن بە نافەرمانی خودا و بە بێشەرمی و سەرکێشی هەتا ببێ بە هۆی ئەوە کە بێت بە سەر ئێوەیشا ئەو بەڵایە کە هات بەسەر قەومی نووحدا، یا وێنەی ئەوەی هات بە سەر قەومی هوودا، یا وێنەی ئەوەی هات بەسەر قەومی سالحدا و لە ناو بچن، خۆ قەومی لووت دوور نین لە ئێوەوە نە لە شوێنەوارا و نە لە زەمانا، حەق وەهایە کە بە کارەساتی ئەم قەومە عیبرەت بگرن.

﴿وَٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِۚ إِنَّ رَبِّي رَحِيمٞ وَدُودٞ ﴿٩٠﴾﴾

وە داوای لێخۆشبوون بکەن لە خودای خۆتان ئەمجار باش بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو بە ڕاستی خودای من میهرەبان و خاوەن مەحەبەتە و لێتان خۆش ئەبێ.

﴿قَالُواْ يَٰشُعَيۡبُ مَا نَفۡقَهُ كَثِيرٗا مِّمَّا تَقُولُ وَإِنَّا لَنَرَىٰكَ فِينَا ضَعِيفٗاۖ وَلَوۡلَا رَهۡطُكَ لَرَجَمۡنَٰكَۖ وَمَآ أَنتَ عَلَيۡنَا بِعَزِيزٖ ﴿٩١﴾﴾

جا ئەو قەومە نامەردە لەبەر ئەوە کە عادەتیان گرتبوو بە بیر و باوەڕی ناپەسەند و کردەوەی ناڕەواوە وە ماوەیەکیش لە وڵاتەکەدا بە ئارەزووی خۆیان دەوامیان کردبوو، زیهنیان دوور کەوتبووەوە لەوە کە مەزموونێکی موخالیف بۆ عادەتی خۆیان بە

www.iqra.ahlamontada.com

حەقیقەت وەربگرن و لە قسەی شوعەیب تێ بگەن. لەبەر ئەوە وتیان: ئەی شوعەیب ئێمە لە گەڵێ واتەی تۆ حاڵی نابین و مەزموونی تەوحید و تەرکی مەعبوودی خۆمان ناچێتە دڵمانەوە، هەروا فامی ئەوە ناکەین کە واجبە پایەی ئێمە لەگەڵ پایەی خەڵکی بێگانەدا یەك نەوع بێ، وە هەرچی بۆ ئێمە رەوا بێ بۆ ئەوانیش رەوا بێ، بەڵکوو ئێمە خۆمان بە «شەعبی موختار» ئەزانین و هەرچی پێویستی خۆمان بێ ئەبێ رەوا بێ. وە ئێمە کە تەماشای تۆ ئەکەین تۆ لە پایەی خۆمانا نابینین هەتا بە ئارەزووی تۆ رەفتار بکەین، وە ئەگەر لەبەر دڵڕاگرتنی قەومەکەت نەبوایە کە خزمەتمان ئەکەن و لەسەر دینی ئێمەن و نامانەوێ دڵیان ئازار بدەین تۆمان بەردەباران ئەکرد و، تۆ لەسەر دڵی ئێمەدا ئینسانێکی خاوەن عیززەت و مەقام نیت هەتا ئەم جۆرە وتارانەت وەربگرێن.

﴿قَالَ يَٰقَوْمِ أَرَهْطِيٓ أَعَزُّ عَلَيْكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَٱتَّخَذْتُمُوهُ وَرَآءَكُمْ ظِهْرِيًّا ۖ إِنَّ رَبِّى بِمَا تَعْمَلُونَ مُحِيطٌ ﴿٩٢﴾﴾

جا حەزرەتی شوعەیب عليه السلام فەرمووی: وا دەرئەکەوێ کە ئێوە ئیعتیباری دنیاییتان لەلاوە مەقبووڵ و جوانە! ئەگەرنا چۆن قسەی وەها ئەکەن؟ ئایا لای ئێوە ئەم چەن کەسە لە خزم و خوێشی من بە قیمەتترە لە خودای عالەم؟ و ریعایەتی ئەوانە ئەکەن و فەرمانی خودا ئەخەنە پشتی خۆتانەوە و موبالاتی پێ ناکەن؟ بە راستی خودا ئاگای لە هەموو کردەوەیەکتانە.

﴿وَيَٰقَوْمِ ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّى عَٰمِلٌ ۖ سَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَمَنْ هُوَ كَٰذِبٌ ۖ وَٱرْتَقِبُوٓا۟ إِنِّى مَعَكُمْ رَقِيبٌ ﴿٩٣﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە ئەی قەومی خۆم من ئاگاداربووم لە نەفسیەتی ئێوە کە بایی بوون و موبالات ناکەن بە دەرسی ڕەهبەران، جا فەرموون! چی ئەکەن بیکەن و منیش ئیشی خۆم ئەکەم کە ڕاگەیاندنی فەرمانی خودایە وە لە کاتی ئایندەی نزیکدا ئەزانن کام تاقم وە یا کام کەس سزایەکی وەهای بۆ دێ کە لە جیهانا ڕسوای بکا و، حاڵی ئەبن کێ درۆزنە و قسەی ناحەق ئەکا، چاودێری بکەن، منیش لەگەڵ ئێوەدا چاوەڕوانم.

﴿وَلَمَّا جَآءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا شُعَيْبًا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَأَخَذَتِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ٱلصَّيْحَةُ فَأَصْبَحُوا۟ فِى دِيَـٰرِهِمْ جَـٰثِمِينَ ﴿٩٤﴾﴾

وە لە کاتێکدا فەرمانی ئێمە دەرچوو بە لەناوبردنی قەومی شوعەیب بەس شوعەیب و ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە لەگەڵیا ڕزگارمان کردن بە میهرەبانی خۆمان، وە دەنگێکی ناهەمواری خودایی و خودانارددوو ئەو ستەمکارانەی گرت و هەموو لە ناو خانووەکانی خۆیانا بە مردوویی کەوتن.

﴿كَأَن لَّمْ يَغْنَوْا۟ فِيهَآ ۗ أَلَا بُعْدًا لِّمَدْيَنَ كَمَا بَعِدَتْ ثَمُودُ ﴿٩٥﴾﴾

وە ئاسار و هێز و گازیان بەرباد بوو وایان لێهات وەك ئەوە کە ئەو قەومە لە وڵاتا نیشتەجێ نەبوون، بێداربنەوە! دووری لە پایەی وجوود و لە مەقامی عیززەت بۆ ئەهلی مەدیەن بێ، وەکوو چۆن قەومی سەموودیش دوور کەوتنەوە لە مەیدانی ڕێز و پایەداری.

موفەسیرەکان فەرموویانە: موناسەبەی قەومی مەدیەن، کە قەومی شوعەیب بوون، لەگەڵ قەومی سەموودا کە قەومی ساڵح بوون، ئەوەیە کە لە وڵاتا نزیکی یەك بوون؛ چونکی جێگەی قەومی شوعەیب هەم لە نزیکی خەلیجی عەقەبەدا بووە لەسەر دەریای سوور کە مەشهوورە بە «قولزم» و هەشت مەنزڵ مەسافە بووە لە بەینی ئەوان

www.iqra.ahlamontada.com

و سنووری میسرا، وە هەم هەردوو لایان بە دەنگ و گرمە فەوتان، بەڵام سەیحەی قەومی سەموود لە ژێر عەرزەوە هات وەکوو سەیحەی بورکان و سەیحەی قەومی شوعەیب لە ئاسمانەوە هات وەکوو هەورە تریشقەی گشتی.

وە بە موناسەبەی ئەوەوە کە حەزرەتی مووسا عليه السلام زاوای حەزرەتی شوعەیب بوو باسی مووسا و فیرعەونیشی لە پاڵ ئەودا کرد و فەرمووی:

﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَا وَسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ ﴿٩٦﴾ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِيْهِۦ فَٱتَّبَعُوٓاْ أَمْرَ فِرْعَوْنَ ۖ وَمَآ أَمْرُ فِرْعَوْنَ بِرَشِيدٍ ﴿٩٧﴾﴾

واتە بە راستی مووسای کوڕی عیمرانمان رەوانە کرد بۆ سەر فیرعەون و کۆمەڵەکەی لەگەڵ فەرمان و چەن موعجیزەیەکی قاهیرەدا بە تایبەتی ئەو عەسایە کە هێزی ئاشکرا بوو وە هەموو جادووگەرەکانی ترساند، کەچی لەگەڵ ئەو هەموو حوجەتانەدا دەستەی فیرعەون کەوتنە شوێنی فەرمانی فیرعەون و عیسیانیان کرد لە مووسا بەڵام کاری فیرعەون و یاخی بوونی لە ئەمری مووسا کارێکی سوودمەند و پیرۆز نەبوو.

﴿يَقْدُمُ قَوْمَهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ فَأَوْرَدَهُمُ ٱلنَّارَ ۖ وَبِئْسَ ٱلْوِرْدُ ٱلْمَوْرُودُ ﴿٩٨﴾﴾

فیرعەون لە رۆژی قیامەتا ئەکەوێتە پێش کۆمەڵەکەیەوە و دایان ئەپەرێنێ بەسەر ئاگری دۆزەخدا، وە گەلێ نابار و ناهەموارە ئەو شوێنە و ئەو جێگەی ئاسایشە کە بوو بە ماوای فیرعەون و قەومەکەی.

سەرقەتارێ لە سارای گەرمی گەرمایانا دەستە و دایەرەی خۆی ئەبا بۆ سەر ئاو و چەشمەی حەیاتێ کە بیانژێنێتەوە، وە فیرعەون قەومەکەی برد بۆ سەر کوورەی ئاگرێ کە هەموو بیانسووتێنێ و بیانکولێنێتەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَأُتْبِعُواْ فِي هَٰذِهِۦ لَعْنَةً وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ بِئْسَ ٱلرِّفْدُ ٱلْمَرْفُودُ ﴿٩٩﴾﴾

وە حەواڵە کرا بە دوای فیرعەون و دەستەکەیا لەم دنیادا لەعنەت و نەفرین وە لە ڕۆژی قیامەتیشا گەلێ ناپەسەند بوو ئەو بەش و بارەیە کە درا بە فیرعەون و دەستە و دایەرەکەی.

﴿ذَٰلِكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْقُرَىٰ نَقُصُّهُۥ عَلَيْكَ ۖ مِنْهَا قَآئِمٌ وَحَصِيدٌ ﴿١٠٠﴾﴾

ئەم باسە درێژە کە ناردم بۆت لە هەواڵ و ڕووداوی دێهاتی پێغەمبەران بۆم گێڕایەتەوە ئێستە بازێ لەو دێهاتە خانووەکانیان ڕاوەستاوە بە پێوە، وەکوو خانووی ماوای سەموود؛ چونکی خانووەکانیان گەلێکیان لە بەرد تاشراون و بە درێژی زەمان ئەمێننەوە، وە بازێکشیان کەوتووە و کوتراوەتەوە وەکوو خانووەکانی قەومی شوعەیب.

﴿وَمَا ظَلَمْنَٰهُمْ وَلَٰكِن ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمْ ۖ﴾

وە ئێمە بە لە ناوبردنی ئەوان ستەم و بێدادیمان لێ نەکردن، بەڵام ئەوان ستەمیان لە خۆیان کرد بە هۆی بیر و باوەڕی بێفەڕ و بە هۆی کردەوەی ناپەسەند و لە خۆبایی‌بوونیان.

﴿فَمَآ أَغْنَتْ عَنْهُمْ ءَالِهَتُهُمُ ٱلَّتِي يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مِن شَيْءٍ لَّمَّا جَآءَ أَمْرُ رَبِّكَ ۖ وَمَا زَادُوهُمْ غَيْرَ تَتْبِيبٍ ﴿١٠١﴾﴾

وە هیچ نەوعە سوودێکی نەدا بەوان و بێنیازی نەکردن ئەو بتانە کە ئەیانپەرستن و بانگیان لێ ئەکردن و لە خودا دوورئەکەوتنەوە هیچ ئیشێکیان بۆ نەکردن کاتێ کە فەرمانی خودا دەرچوو لەسەر مەحوکردنەوەی ئەوان، وە ئەو بتانەیان هیچیان زیاد نەکرد بۆ ئەوان ئیللا کوتاندن بە زەویدا [نەبی].

www.iqra.ahlamontada.com

وە نیسبەتی ئەم زیاد کردنە بۆ بتەکان ئیسنادی مەجازییە، واتە لەبەر ئەوە باوەڕی کافرەکان بەو بتانە بایی کردن و لایان دا لە حەق و خودایش ئەوانی فەوتاند، وەك بتەکان ئەوانیان فەوتاندبێ وایە.

﴿وَكَذَٰلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَآ أَخَذَ ٱلْقُرَىٰ وَهِىَ ظَٰلِمَةٌ﴾

هەروەها پاش مۆڵەت و زەمانێکە هاتنی سزا و بە کەمتر کاتێکە قارگرتنی خودا لە کاتێکا قار بگرێ لە ئەهلی دێهاتێ کە ستەمکار بن.

﴿إِنَّ أَخْذَهُۥٓ أَلِيمٌ شَدِيدٌ ١٠٢﴾

بە راستی گرتنی خودا بۆ ستەمکاران زۆر ئێشگەیێن و بە شیددەتە.

﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّمَنْ خَافَ عَذَابَ ٱلْءَاخِرَةِ ۚ ذَٰلِكَ يَوْمٌ مَّجْمُوعٌ لَّهُ ٱلنَّاسُ وَذَٰلِكَ يَوْمٌ مَّشْهُودٌ ١٠٣﴾

بە راستی هەیە لەو بەڵا و سزانەدا کە ناردمانن بۆ سەر ئەو قەومە ستەمکارە نیشانەیەکی گەورەی وەها کە ببێ بە هۆی پەند وەرگرتن بۆ ئەوکەسانە کە لە سزای رۆژی قیامەت ئەترسن، وە ئەو رۆژی قیامەتە رۆژێکە هەموو جینن و ئینس و پەری تێدا گرد ئەکرێنەوە و رۆژێکە گەلێ عالەمی تیا حازر ئەکرێ و پێغەمبەرەکان و پیاوە خاوەن ئیعتیبارەکان و ئەهلی ئاسمانەکان و عەرزی تیا حازر ئەبن.

﴿وَمَا نُؤَخِّرُهُۥٓ إِلَّا لِأَجَلٍ مَّعْدُودٍ ١٠٤﴾

وە ئەو رۆژی قیامەتە دوا ناخەین بۆ وادەیەکی ژمێرراوی کەم نەبێ، بێگومان دێتەجێ و دێتەروو.

﴿يَوْمَ يَأْتِ لَا تَكَلَّمُ نَفْسٌ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ۚ فَمِنْهُمْ شَقِىٌّ وَسَعِيدٌ ١٠٥﴾

www.iqra.ahlamontada.com

کاتێ ئەو رۆژە دێت بە نەوعێ هەیبەت عالەم دائەگرێ کەس ناتوانێ قسە بکا مەگەر بە ئیجازە و ئیزنی تایبەتی؛ جا ئەو خەڵکەیش دوو بەشن:

بەشی یەکەم خاوەن شەقاوەتن و موستەحەقی سزای دۆزەخن، ئەمانە کافرن و موسوڵمانی تاوانبار. وە بەشی دووهەم خاوەن سەعادەتن و موستەحەقی بەهەشتن، ئەمانە موسوڵمانە بێ‌تاوانەکانن.

﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ شَقُواْ فَفِي ٱلنَّارِ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَشَهِيقٌ ﴿١٠٦﴾﴾

جا ئەو بەشە و ئەو کەسانە خاوەنی شەقاوەتن و کافرن ئەوە وان لە ناو ئاگری دۆزەخا وە ئەوانە هەناسە بە مەینەت ئەدەن و بە زەحمەت هەناسە ئەکێشنەوە بۆ ناوەوە.

﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ﴾

ئەوانە حاڵیان وایە ئەمێننەوە لە ئاگردا هەتا ئاسمان و عەرزی دۆزەخ دەوام بکەن.

﴿إِلَّا مَا شَآءَ رَبُّكَ﴾

ئیللا ماوەیێ نەبێ کە خودای تەعالا خواستی ببێ وەکوو ماوەی دەرکردنی موسوڵمانە تاوانبارەکان لە ئاگری دۆزەخ بە هۆی تەواو بوونی ماوەی سزاکەیانەوە، وە یا بە هۆی شەفاعەت و تکاوە.

﴿إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ ﴿١٠٧﴾﴾ ۞

بە راستی خودای تۆ ئەوەی خواستی لێ ببێ بە تەواوی ئەیکا.

﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ سُعِدُواْ فَفِي ٱلْجَنَّةِ خَٰلِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ إِلَّا مَا شَآءَ رَبُّكَ عَطَآءً غَيْرَ مَجْذُوذٍ ﴿١٠٨﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە ئەو کەسانەیش کە خاوەن سەعادەت و بەختیارن ئەوە وان لە بەهەشتا دەوام ئەکەن مادام ئاسمان و عەرزی بەهەشت دەوام بکا ئیللا ئەو ماوە نەبێ کە مەشغوولن بە حەشر و مانەوە بۆ حسێب و پرسیار و رابوردن بەسەر پردی سیراتا، وە ئەم جۆرە کارە بەخششێکە لە لایەنی خوداوە بڕانەوەی نییە.

**بزانن! لەم ئایەتەدا دوو شت هەیە.**

یەکەم: تەفسیری «سماوات و أرض» بە ئاسمان و زەویی بەهەشت و دۆزەخ، وە ئەم تەفسیرە موافیقی تەفسیری گەلێ لە زاناکانە، لەبەر ئەوە کە هەرچەن لە رۆژی قیامەتا ئەم زەوی و ئاسمانە نەمێنن بەڵام عالەمی بەهەشت و دۆزەخ خۆیان عالەمی عەرزیان هەیە کە خەڵکەکەی بەسەرەوەیە و عالەمی ئاسمانیشیان هەیە کەوا بە راسەریانەوە. وە بازێ فەرموویانە: مەبەست لە: ﴿ما دامت السماوات والأرض﴾ هەر تەعبیرێکی کینایەیە لە خولوود و مانەوە هەتا هەتایە، ئیتر مەبەست نەفسی ئاسمان و زەوی نییە و ئەم جۆرە کینایە زۆر جار بەکار ئەبرێن.

دووهەم: کە لەفزی «شقي» کافر و موسوڵمان بگرێتەوە ئەو کاتە: ﴿إلا ما شاء ربك﴾ هەر بۆ ئەو موسوڵمانانەیە کە تاوانبار بوون و ماوەی سزاکەیان تەواو بووە، یا خود بەر تکای تکاکار کەوتوون و لە دۆزەخ دەرچوون. وە مادام لەفزی «سعيد» هەر بۆ موسوڵمانی بێتاوان بێ ئەوە ئیستیسنا کە جێگەی نامێنێ مەگەر بە ئیعتیباری زەمانی پێش چوونە بەهەشت کە لە زیندووبوونەوەوەیە هەتا کاتێ ئەڕۆنە ناو بەهەشت، وە ئیستیسنا لە زەمان دروستە بە ئیعتیباری ئەووەڵ و بە ئیعتیباری ئاخر بێفەرق و تەفاوت.

﴿فَلَا تَكُ فِي مِرْيَةٍ مِّمَّا يَعْبُدُ هَٰؤُلَاءِ ۚ﴾

www.iqra.ahlamontada.com

ئەی خۆشەویست شکت نەبێ لە بەتاڵی و بێسوودی عیبادەتی ئەو گەلە بۆ بتەکان.

﴿مَا يَعْبُدُونَ إِلَّا كَمَا يَعْبُدُ ءَابَآؤُهُم مِّن قَبْلُ﴾

ئەمانە عیبادەت ناکەن بۆ بتەکان ئیللا وەکوو عیبادەتی باوك و باپیرەکانیان بە شێوەی شیرك و گومڕایی لە زەمانە پێشووەکانا، واتە رچەیەکە بۆیان کێشراوە لەسەر ئارەزووی نەفس و هەوابازی وە ئەسڵ و ئەساسی نییە؛ چونکی هەر کارێ ئینسان بیکات ئەبێ لەسەر عەقڵ بێ، وە کاری بێسامان دوورە لە ئینسانەوە.

﴿وَإِنَّا لَمُوَفُّوهُمْ نَصِيبَهُمْ غَيْرَ مَنقُوصٍ ﴿١٠٩﴾﴾

وە بە راستی ئێمە بەشی خۆیان لە ئازاری دۆزەخ پێ ئەدەین بە رەسایی بە بێ نوقسان. وە ئەمە هەڕەشەیەکی زۆر بە هەیبەتە ـ پەنا بە خودا! ـ .

﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ فَٱخْتُلِفَ فِيهِ﴾

وە بە راستی تەوراتمان دا بە مووسای کوڕی عیمران، کەچی جیاوازی پەیدا بوو لە ئیمان و باوەڕکردن بەو کیتابەدا لە قەومی فیرعەون، واتە لە قیبتییەکان کەمێ ئیمانیان هێنا و باقی هەموو ئینکاریان کرد، وە لە قەومی بەنیئیسرائیل وەختی خۆی زۆر کەسیان ئیمانی پێ هێناو کەمێ لەوان باوەڕی پێ نەکرد یاخود وەرگەڕایەوە لە دین وەکوو سامیری و پەیڕەوەکانی، وە لە پاش زەمانی مووسا بازێ لە بەنیئیسرائیل باوەڕیان بوو بەو کتێبە و بازێکیان ئیمانیان پێ نەبوو.

﴿وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ﴾

وە ئەگەر ئەمری مۆڵەتدانیان سادر نەبوایە لە لایەنی خودای تۆوە هەر وەختی خۆی حوکم ئەدرا بەسەریانا بە ناردنی سزا بۆ سەر کافرەکان.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَإِنَّهُمْ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ ﴿١١٠﴾﴾

وە بە راستی ئەو کافرانە کە باوەڕیان نییە بەم کیتابە پیرۆزە کە نازڵ بووە بۆ سەر تۆ وان لە ناو شك و خەیاڵاتێکی زۆر تاریکی ناباری وادا دڵی پڕ کردووە لە ئازار.

﴿وَإِنَّ كُلًّا لَّمَّا لَيُوَفِّيَنَّهُمْ رَبُّكَ أَعْمَـٰلَهُمْ ۚ إِنَّهُۥ بِمَا يَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿١١١﴾﴾

وە بە راستی هەموو ئەوانەی کە جیاوازییان بووە لە کتێبی مووسای کوڕی عیمرانا وە یا باوەڕیان بە کتێبی تۆ نییە بە بێ‌گومان خودای تەعالا جەزای ئەعمالیان بە تەواوی پێ ئەداتەوە و بە راستی خودا ئاگاداری ئەوەیە ئەوان ئەیکەن.

﴿فَٱسْتَقِمْ كَمَآ أُمِرْتَ وَمَن تَابَ مَعَكَ﴾

دەی دەوام بکە لەسەر بیر و باوەڕی خۆت و لەسەر کردەوەکانی خۆت و لەسەر خوو و رەوشتی خۆت لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە گەڕاونەتەوە بۆ لای خودا لەگەڵ تۆدا وەکوو خودا فەرمانی پێداوی و ئەمری پێ کردووی.

﴿وَلَا تَطْغَوْا۟ ۚ﴾

وە زیادەڕەوی مەکەن و لامەدەن لەو ئەندازە خودا بۆی داناون.

﴿إِنَّهُۥ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿١١٢﴾﴾

بە راستی خودای تەعالا بینایە بە کردەوەی ئێوە.

﴿وَلَا تَرْكَنُوٓا۟ إِلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ فَتَمَسَّكُمُ ٱلنَّارُ﴾

وە بە قەتعی بە دڵ رەغبەت و مەیل مەکەن بۆ لای ئەو کەسانە کە ستەم ئەکەن لە خۆیان بە بیر و باوەڕی کوفر و بە کردەوەی ناپەسەند، وە یارمەتی ستەمکار مەدەن و خۆشتان نەوێن ئەنا بە قەی ئەو مەیلە ئاگری دۆزەخ لێتان ئەدا.

﴿وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِنْ أَوْلِيَآءَ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴿١١٣﴾﴾

www.iqra.ahlamontada.com

وە بۆ ئێوە جگە لە خودا هیچ دۆست و یارمەتیدەرێکتان نییە، وە پاش ئەوە کە توغیانتان کرد هەرچەند بتانەوێ کەسێ بێت بۆ کۆمەکتان ئەوە بێسوودە و یارمەتیتان نادرێ؛ چونکی کەس نییە مەجالی یارمەتیدانی بێ.

﴿ وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ طَرَفَيِ ٱلنَّهَارِ وَزُلَفًا مِّنَ ٱلَّيْلِ ۚ إِنَّ ٱلْحَسَنَٰتِ يُذْهِبْنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ۚ ذَٰلِكَ ذِكْرَىٰ لِلذَّٰكِرِينَ ﴿١١٤﴾ ﴾

واتە ئەی پێغەمبەری خۆشەویست لە دوو جانیبی رۆژا و لە چەن کاتێکی نزیك بە رۆژ لە کاتی شەوا نوێژ بکە ـ کە لە کردەوە باشەکانە ـ وە کردەوە باشەکان تاوانی کردەوە خراپەکان لائەبەن، وە ئەم نوێژکردنە لەو کاتانەدا هۆی بیرکردنەوەیە لە خودا و یاسای دین بۆ ئەوانە کە ئامادەن بۆ بیرکردنەوە.

خاوەن تەفسیرەکان دوو تەرەفی رۆژیان تەفسیر کردووەتەوە بە بەیانی و ئێوارە بە کەمی رۆژ و نیوەی دووهەمی رۆژ لەسەر ئەم شێوە کە لە ئەووەڵی نیوەی یەکەمدا نوێژی بەیانی و لە نیوەی دووهەمیشدا نوێژی نیوەڕۆ و نوێژی عەسر بکرێ، وە لە بەر ئەوە ئەم دوو نوێژە کەوتوونەتە یەك؛ چونکی لە کاتی «جەمع»دا یا نیوەڕۆ ئەبرێ بۆ لای نوێژی عەسر وە یا نوێژی عەسر ئەهێنرێ بۆ لا نوێژی نیوەڕۆ، وە لە غەیری جەمعیشدا وەکوو دروستە نوێژی نیوەڕۆ لە پاش زەوال بکرێ هەروا دروستە لە ئاخری وەختا بکرێ و نزیك بخرێتەوە لە نوێژی عەسر، بەهەر حاڵ پاش کاتی زەوال کاتی نوێژی نیوەڕۆ و نوێژی عەسرە، وە بە ئیعتیباری ئەوە کە پاش زەوال ئێوارەیە ئەم دوو نوێژە ئەکەونە لا یەکەوە.

وە ئەو کاتانەیش کە نزیکی رۆژن لە شەودا عیبارەتن لە کاتی پاش رۆژ ئاوابوون کە وەختی مەغریبە و کاتی ون بوونی رووناکی کەناری ئاسمانە کە وەختی نوێژی عیشایە، وە بەم شێوە هەموو فەرزەکان لەم ئایەتە وەرئەگیرێن.

www.iqra.ahlamontada.com

﴿وَٱصۡبِرۡ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ١١٥﴾

وە خۆت بگرە لەسەر ئازاری بەجێهێنانی ئەم نوێژانە و بەجێهێنانی شەرت و ئادابیان لە دەسنوێژ گرتن و غوسڵ‌کردن لە کاتی گەرما و سەرمادا و لە کاتی ساغی و نەخۆشیدا و لە کاتی مەجالداری و بێ مەجالیدا؛ چونکی بە بەجێهێنانی ئەمانە ئینسان ئەبێ بە «محسن» و خودای تەعالا جەزای خاوەن ئیحسانان زایە ناکا.

﴿فَلَوۡلَا كَانَ مِنَ ٱلۡقُرُونِ مِن قَبۡلِكُمۡ أُوْلُواْ بَقِيَّةٖ يَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡفَسَادِ فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا قَلِيلٗا مِّمَّنۡ أَنجَيۡنَا مِنۡهُمۡۗ﴾

ئەوە بۆچی نەبوو لە ئەهلی قەرنەکان لە پێش زەمانی ئێوەدا کۆمەڵێ خاوەن بیر و هۆش وە یا خاوەن قەدر و قیمەت کە مەنعی خەڵك بکەن لە فەسادی بیر و باوەڕ و لە فەسادی کردەوە و لە فەسادی رەوشت لە رووی عەرزا مەگەر کەمێ نەبێ لەوانە کە رزگارمان کردوون لە سزا و لە قاری خۆمان؟

﴿وَٱتَّبَعَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مَآ أُتۡرِفُواْ فِيهِ وَكَانُواْ مُجۡرِمِينَ ١١٦﴾

وە غەیری ئەم تاقمە کەمە باقی ئینسانەکان کە ستەمیان لە خۆیان کرد کەوتنە دوای ئارەزووی نەفس لەو ماڵ و داراییەدا و لەو پایە و شانەدا کە بۆیان رێك خراوە و لەزەتیان تێدا دەست کەوتووە، وە هەموو بە تاوانبار و خەتاکار دەرچوون، وە خودای تەعالا لەسەر ئەو تاوانانە ئەوانی فەوتان.

﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهۡلِكَ ٱلۡقُرَىٰ بِظُلۡمٖ وَأَهۡلُهَا مُصۡلِحُونَ ١١٧﴾

ئەگەرنا خودای تۆ بە قەتعی لەوانە نییە کە ئەهلی ئەو دێهاتە و ئەو ئاوەدانییە کۆمەڵایەتییە بفەوتێنێ بە بێدادی وەلحاڵ ئەهلەکەی میانەی خۆیان لەگەڵ خودا

www.iqra.ahlamontada.com

رێك بخه‌ن و نه‌فسی خۆیان چاك بكه‌ن و له ناو عاله‌ما باش بجوولێنه‌وه و چاری كاری خه‌ڵكی بكه‌ن.

﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةً وَٰحِدَةً ۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ ﴿١١٨﴾
إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ ۚ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمْ ۗ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ
مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴿١١٩﴾﴾

پاش گێڕانه‌وه‌ی به‌سه‌رهاتی ئه‌و پێغه‌مبه‌ره خاوه‌ن قه‌درانه له‌گه‌ڵ ئوممه‌ته سه‌ركێشه‌كانا و فه‌وتاندنیان چین له پاش چین و هیچ چینێ له‌وانه عیبره‌تیان نه‌گرت به سزای چینی پێشوویان، خودای ته‌عالا به پێغه‌مبه‌ری خۆشه‌ویست ئه‌فه‌رموێ: ئه‌گه‌ر خودای ته‌عالا خواستی ببوایه هه‌رچی ئاده‌میزاده هه‌مووی ئه‌كردن به یه‌ك ئوممه‌ت له‌سه‌ر رێگه‌ی ئیسلام و هه‌موو موسوڵمانه‌كانیشی ئه‌كرد به هاوڕه‌فتار و هاوبیر و باوه‌ڕ، به‌ڵام ئه‌مه‌ی نه‌كرد؛ چونكی خودا ویستی جینن‌و ئینس دروست بكا بۆ به‌نده‌گی زاتی ئه‌و، وه به‌نده‌ییش له كاتێكدا نرخی هه‌یه كه به ئیختیاری به‌نده‌كه بێ نه‌ك به زۆر و به شێوه‌یێ كه كابرا چاری لادانی نه‌بێ، له‌به‌ر ئه‌مه هات هێز و ئیستیعدادی چاكه و خراپه‌ی له هه‌موویانا دروست كرد و عه‌قڵ و خواست و ئاره‌زووی پێدان بۆ ئه‌وه كه به ئاره‌زووی خۆیان هه‌رچی ئه‌كه‌ن بیكه‌ن، وه له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا رێگه‌ی چاك و خراپیشی بۆ به‌یان كردن له‌سه‌ر زمانی پێغه‌مبه‌ره دڵسۆزه‌كان وه ئه‌وانیش له‌سه‌ر ئاره‌زووی خۆیان هه‌ركه‌س رێگه‌یێ هه‌ڵئه‌بژێرێ، (بناء علیه) هه‌میشه ئاده‌میزاد بیر و باوه‌ڕیان له یه‌ك جیا ئه‌بێ مه‌گه‌ر ئه‌و كه‌سانه كه به میهره‌بانی خۆی هیدایه‌تی دابن بۆ هه‌ڵبژاردنی ڕێگه‌ی به‌ختیاری، وه بزانن كه خودا له‌سه‌ر ئه‌ساسی عیلمی موحیتی به كائیناتا و به ئه‌حواڵی عیبادی خۆیا كه ته‌سه‌ڕوفاتیان

www.iqra.ahlamontada.com

چۆنە بۆ ئەوەی دروست کردوون بازێکیان ڕێگەی چاکە و بازێکیان ڕێگەی خراپە هەڵبژێرن. وە پاداشی یەکەم بەهەشت و تۆڵەی دووهەم دۆزەخ بێ و سوێندی خودا تەواو بوو کە سوێندی خوارد و فەرمووی: بێگومان دۆزەخ پڕ ئەکەم لە پەری و ئادەمیزاد هەموویان، هەروا بەهەشتیش بەوانە کە بە ئارەزووی خۆیان ڕێگەی بەختیارییان هەڵبژاردووە؛ چونکی ئەو دوو چینە هەردوویان خاوەن ئیستیعدادن بۆ چاکە و خراپە و هەردوو لایان ئاگادار کراون لە چاك و خراپ، کە وابێ ئەگەر ئیعتیبار بە باوەڕ و کردەوەیان نەبێ ئەبێ هەرچی یاسای خودایە لە ناردنی ڕەهبەران و مامۆسایان و خاوەن بیران و ئامۆژگەری‌کەران بێ‌سوود بێ، وە ئەمەیش خیلافی یاسای راستە، وە کەوتنە شوێن نیزامی ڕەهبەران ئەبێ واجب بێ.

﴿وَكُلًّا نَّقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِۦ فُؤَادَكَ ۚ﴾

وە ئێمە ئەگێڕینەوە بۆ تۆ بازێکی خاوەن قیمەت لە هەواڵی پێغەمبەرەکان و ئوممەتەکانیان؛ دڵسۆزی ئەمان و، بێ‌موبالاتی ئەوان و، عیلم و حەوسەڵەی ئەمان و، سەرکێشی و نەفامی ئەوان و، هەڕەشە و ئینزار لە لایەنی ڕەهبەرانەوە و، گاڵتەکردن و بایی‌بوون لە لایەنی ئوممەتەکانەوە و، لە ئەنجامدا سەرکەوتنی پێغەمبەرەکان و مەحوبوونەوەی ئوممەتە بێ‌ئیتاعەکان ئەوەندەت بۆ ئەگێڕینەوە کە دڵی تۆی پێ دامەزراو بکەین لەسەر تەبلیغاتی ئوممەت و تێکۆشین لە بڵاوکردنەوەی دیندا وە موبالات نەکردن بە سەرکێشی ئوممەتەکەت؛ چونکی ئەنجامی خێر بۆ تۆیە و بۆ پەیڕەوانی تۆ بە ئیخلاس و ئیستیقامەت و دەوام.

﴿وَجَآءَكَ فِى هَـٰذِهِ ٱلْحَقُّ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٢٠﴾﴾

وە هات بۆ لای تۆ لە باسی ئەخباری پێغەمبەرەکان ئەو حوکمەی کە ڕاستە و موافیقی واقیعە لە باوەڕ بە خودا و پێغەمبەران و دەرسی ئەوان، وە شتێ کە ئامۆژگاری

www.iqra.ahlamontada.com

بێ بۆ ئوممەتەکەت و ببێ بە هۆی دەسبەردار بوونی کوفر و گومڕاهی و بەدکرداریيان، وە کارەساتێکیش کە هۆی بیرکردنەوەی موسوڵمانانە لە ئەنجامی هەردوولادا بە تایبەتی ئەو موسوڵمانانە کە هۆشی بیرکردنەوەیان هەیە.

﴿وَقُل لِّلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنَّا عَـٰمِلُونَ ﴿١٢١﴾ وَٱنتَظِرُوٓا۟ إِنَّا مُنتَظِرُونَ ﴿١٢٢﴾﴾

وە بڵێ بەو کەسانە کە ئیمان ناهێنن: ئیش بکەن بە قەی دەستەڵاتی خۆتان ئێمەیش بە راستی ئیش ئەکەین، وە چاوەڕێی ئەنجام بکەن ئێمەیش چاوەڕێ ئەکەین.

﴿وَلِلَّهِ غَيْبُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَإِلَيْهِ يُرْجَعُ ٱلْأَمْرُ كُلُّهُۥ﴾

هەر بۆ خودایە ئاگاداری بەسەر ئەوەدا کە شاراوەتەوە لە ئاسمانەکان و لە زەویدا و هەرچی کار و کردارە ئەگەر بۆ موسوڵمانە و ئەگەر بۆ کافرە هەر بۆ لای ئەو ئەگەڕێتەوە. وە ئەو جەزای هەردوو لا ئەداتەوە، واتە هەر خودایە زانایە بە هەموو بیر و باوەڕێ و کار و کردەوەیێ و هەر خودایە تەوانایە لەسەر هەموو شتێ، وە ئەم دوو سیفەتە بۆ زاتی خودا ئەبن بە هۆی بەندەیی‌کردن بۆی و تەوەکول لە سەری بۆیە فەرمووی:

﴿فَٱعْبُدْهُ وَتَوَكَّلْ عَلَيْهِ﴾

بەندەیی بە راستی و ئیخلاس بۆ خودا بکەو پاڵ و پشت و هێزی دڵت لەسەر ئەو بێ.

﴿وَمَا رَبُّكَ بِغَـٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿١٢٣﴾﴾

وە خودای تۆ بێ‌ئاگا نییە لەوە کە ئێوە ئەیکەن لە موسوڵمان و کافران و جەزایشیان هەر ئەو ئەیداتەوە بە دۆزەخ و بەهەشت.

www.iqra.ahlamontada.com

لە خودام ئەوێ کە بە میهرەبانی خۆی تەوفیقمان بدا لەسەر عیلم و زانستی بە سوود و، لەسەر کردەوەی بەرەو مەقسوود و، بمانخاتە بەر تکای خاوەنی مەقامی مەحموود.

www.iqra.ahlamontada.com

له نووسراوه‌كانی دیكه‌ی مامۆستا مه‌لا

عه‌بدولكه‌ریمی موده‌ڕڕیس

كه بڵاوكردنه‌وه‌ی كوردستان له چاپی داوه:

# شه‌ریعه‌تی ئیسلام

به پێی مه‌زهه‌بی ئیمامی شافیعی رحمه الله

انتشارات كردستان

سنه

www.iqra.ahlamontada.com

له نووسراوەکانی دیکەی مامۆستا مەلا

عەبدولکەریمی مودەڕڕیس

کە بڵاوکردنەوەی کوردستان لە چاپی داوە:

# سەرچاوەی ئایین

انتشارات کردستان

سنه

www.iqra.ahlamontada.com